
KURDISTAN



ڕووخانی نیزامێکی دەسەڵاتدار پڕۆژەیە سیاسییە و ئاڵتێرناتیڤی پێویستە

# کۆمەڵێک وتووێژو چاوپێکەوتن؛

## هاوڕێ خالید عەزیزی

### بەشی دوویەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- ستراتیژی ئێمە گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمانە، ئەگەر بگونجێ تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتەشدا......
........................................................................................................ هیدایەت جان ..... ٥
٢- دیموکراتەکان سەرەڕای لەتبوون و جیابوونەوەیان، یەک رابردوو، یەک پێناسەیان هەیە، لە شەهیدەکانیان هاوبەشن.
........................................................................................................ هێمن عەبدوڵلا ..... ١٠
٣- وتووێژی سێ ڕۆژنامەی عەرەبیی "بیروت ئوبزروەر،" میدیڵ ئیست ترانسپارەنت"و " الجریده"........................... ١٥
٤- لەسەر پرسی دێموکراتەکان و داهاتووی حیزبی دێموکرات ........................................... کوردکاناڵ ..... ٢٠
٥- ستراتێژی ئێران خوڵقاندنی قەیرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"........................... فەخرەدین ئیبراهیم ..... ٣٣
٦- من هیچکات لایەنگری توندوتیژی نیم بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان........................... ئومید بەرین ..... ٣٧
٧- تێ بکۆشین پردێک لە نێوان جیاوازییەکاندا دروست بکەین........................................... کوردکاناڵ ..... ٤٥
٨- ئەوروپا و ئەمەریکا دۆسیەیەکیان بە ناوی کوردی ئێران نەکردووەتەوە.............................. کاوە جەم ..... ٥٢
٩- نابێت بە هەڕەشەی وڵاتان بۆ سەر ئێران دڵخۆش بین........................................... هیوا جەمال ..... ٥٩
١٠- هەموو لایەک چاوەڕێی کاک مسعود بارزانی دەکات بۆ ئەوەی بڕیارێکی نەتەوەیی بدات....... ڕۆژنامەی گوڵان ..... ٦٧
١١- ئێمە لەڕوی مەجبووری و بێ دەرەتانی دەیان ساڵە لە باشووری کوردستانین................ ڕۆژنامەی ئاوێنە ..... ٧٦
١٢- ئەم ڕاپەڕینە کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و ڕەفتارەکەی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوە........ و: هەمزە ئاگووشی ..... ٨٠
١٣- لە نەزمی نوێی جیهانیدا کۆماری ئیسلامی ناتوانێ داهاتووی هەبێ........................... و: هەمزە ئاگووشی ..... ٨٦
١٤- هیچ لایەنێک ناتوانێ فاکتۆری کورد لە داهاتووی ئێراندا نادیدە بگرێ.................... پرێس کۆنفڕانس ..... ٩١
١٥- سیاسەت و خەباتی ئێمە تابعێک نییە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا................. مەنسوور مروەتی ..... ١٠٣
١٦- کێشەی گەورەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە هەتا ئێستا کێشەی ئێرانی لە "بەرجام" دا پێناسە کردوە...............
........................................................................................................ ڕۆژنامەی کوردستان ..... ١١٣
١٧- ڕووخانی نیزامێکی دەسەڵاتدار پرۆژەیە سیاسییە و ئاڵتێرناتیڤی پێویستە ........................ کوردکاناڵ ..... ١٢٢
١٨- ئەوە مافی گەلی کوردە کە پەنا بۆ ڕێفڕاندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆی خۆی ببات.........................
........................................................................................................ عەلی لەیلاخ .... ١٣١

١٩- ئەگەر پرسی سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی جووڵانەوەی کورد بێت، مێژوو پێمان دەڵێ ئەوە حیزبی دێموکراتە خاوەندارەتیی دەکا ........................................................................................ مەنسوور مرووەتی ..... ١٣٩

٢٠- ئێرانی داهاتوو بەبێ دانان بە مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دروست نابێتەوە...................... ........................................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٤٧

٢١- ئەگەر دنیا دەیهەوێ کێشەی ئەتۆمی ئێرانی لەکۆڵ بێتەوە، دەبێ هەوڵی بنبڕکردنی ئەو ڕێژیمە بدات.............. ........................................................................................ دی پرێسێ ..... ١٥٢

٢٢- نامانەوێ و نەمانویستووە هەرێمی کوردستان بکەینە مەیدانی شەڕ و پشتی جەبهەی خۆمان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران....... ........................................................................................ ڕووداو ..... ١٥٦

٢٣- کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش، دانی بە دنیابینیی جیاوازیی کوردستان نەناوە.................. کوردکاناڵ ..... ١٦٢

٢٤- کۆماری ئیسلامی بۆ بازدان بەسەر قەیرانە کەڵەکەبووەکانی دەیەوێ شەڕ بە حیزبی دێموکرات، عێراق و ئەمریکا بفرۆشێ................................................................ تەلەڤزیۆنی "ایران انترناشنال" و "رادیو فردا" ..... ١٦٩

٢٥- ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا عێراق بکاتە سووریە و لوبنانێکی دی............ ........................................................................................ دەنگی ئەمریکا ..... ١٧٣

٢٦- خەباتی ئێمە بۆ ئەوەیە نەهێڵین کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی خۆیدا کە دوورخستنەوەی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی لە نێوخۆی ئێرانە سەرکەوتوو بێت................................................................ کوردکاناڵ ..... ١٧٨

٢٧- دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دەبێ بە پرسەکانی نێوخۆی وڵاتەوە گرێ بدرێتەوە..................... کوردستان ..... ١٨٢

٢٨- نایەکگرتوویی و گوتاری جیاوازی هێزە سیاسییەکان لە شۆڕشی ژینادا زەبری گەورەی لە بزووتنەوەکە دا.............. ........................................................................................ دەنگی کوردیی ئەمریکا ..... ١٨٧

٢٩- ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هاوخەباتیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و ئیرادەی گشتیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەی دەوێ.............................................................................. کوردکاناڵ ..... ١٩٢

٣٠- ئێران" نەتەوە نییە، بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێک نەتەوە کە لەو جوغرافیایەدا پێکەوە دەژین......................... ........................................................................................ کوردکاناڵ ..... ١٩٩

٣١- ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، دەرەفەت و پرسیارەکان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کورد لەو ڕێکخراوەیەدا.......................... ........................................................................................ کوردکاناڵ ..... ٢٠٥

٣٢- فەلسەفەی خەباتی چەکداریی ئێمە بۆ بەرگری لە خۆمان بووە.................................... دۆیچەوڵە ..... ٢١٠

٣٣- بۆ هەموو شتێک دەمانەوێ بە شوناسی کوردی و کوردستانیبوونی خۆمان بەرەورووی پرسەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران ببینەوە.................................................................. نوردەدین سۆفیزادە ..... ٢١٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

٣٤- خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتێکی چریکیی دە پازدە کەسی نییە، خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەک بۆ مافەکانیەتی.
........................................................................ کوردکاناڵ ..... ٢٢٠
٣٥- نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی ئیلهام و گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتی ئێمەیە... کاناڵی ئێن ئار تی .... ٢٤٠
٣٦- خالید عەزیزی: حیزبی دێموکرات دەزانێ خەباتی خۆی لەکوێ بکات و لەکوێ بە دوای ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیدا بڕوات.................................................................... کوردکاناڵ ..... ٢٤٣
٣٧- خالید عەزیزی: خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات دەرەنجامی بێباوەڕیی کۆماری ئیسلامی بە چارەسەری سیاسیی پرسی کورد...................................................................... بی بی سیی فارسی ..... ٢٥٣
٣٨- خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی زەرفییەت و ئیستعدادی کراوەیی سیاسی و چارەسەری پرسی کوردی تێدا نابیندرێ....
........................................................................ تەلەڤیزیۆنی "ایران انترناشناڵ" ..... ٢٥٧
٣٩- خالید عەزیزی: دەبێ ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای تەوافوقی نێوان حیزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکان دروست بێت...
........................................................................ وتووێژ: شەماڵ تەرغیبی ..... ٢٦١
٤٠- خالید عەزیزی: داهاتووی ئێران لە گرەوی سیستمێکی ناناوەندی و بەشداریی گشت پێکهاتەکاندایە..................
........................................................................ دیمانە: ڕادیۆ فەردا ..... ٢٦٩
٤١- خالید عەزیزی: هیچ کەس و لایەن و ڕەوتێک ناتوانێ بەتەنیا تەعبیر لە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران بکات و نوێنگەی ویست و داخوازەکانیان بێت...................................................................... ٢٧٤



## **خالید عەزیزی: ستراتیژی ئێمە گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمانە، ئەگەر بگونجێ تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتەشدا.**


وشە

خالید عەزیزی: تا ئێستەش سیاسەتی ئەمەریکا گۆڕینی ڕەفتاری ئێرانە نەک ڕژێمەکە

**ئا: هیدایەت جان**

**خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ "وشە" تیشک دەخاتە سەر دوایین دانیشتنی دەفتەری سیاسیی هەردوو حزبی دیموکرات لەسەر یەکگرتنەوەیان و رای دەگەیەنێت، لەو دانیشتنەدا نەگەیشتوون بە رێککەوتنێکی نووسراو، هاوکات روونیشی دەکاتەوە کە بەهۆی بوونی چەندین سیناریۆی ناڕوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاساییە لە هەموو شێوازەکانی خەبات کەڵک وەربگرن و دووپاتی دەکاتەوە: "بە مافی خۆمانی دەزانین لە هەموو بژاردەکانی وەک کاری دیپلۆماسی، خەباتی مەدەنی، شەڕی یاسایی و ئەگەر بە دروستمان زانی تەنانەت چالاکیی چەکداری و پێشمەرگانە کەڵک وەربگرین. زۆر ئاساییە لە گەرمەی شەڕ و چالاکیی پێشمەرگانە تەنانەت وتووێژیش لەگەڵ تاران بکەین".**

**پرسیار: لە دوو مانگی رابردوودا لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانەوە بۆ پرسی یەکگرتنەوە، فشارێکی زۆر خرایە سەر هەردوو حزبی دیموکرات و کەمپینێک بۆ ئەو مەبەستە دروست کرا کە لە ئەنجامدا وای کرد، هەردووولا لەسەر ئاستی باڵا پێکەوە کۆ ببنەوە. ئاکامی کۆبوونەوەی ئەو جارەتان بوو بەچی؟**

**وەڵام: ئێمە لەو دانیشتنەدا نەگەیشتین بە رێککەوتنێکی نووسراو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ جاران، لەو دانیشتنەدا زۆر بە وردی چووینە نێو تاوتوێکردنی رێگەچارەکان و لەو پێوەندەدا هەردوو لا نیگەرانییەکان و دڵەڕاوکێیەکانی ئەو پرۆسەیەمان باس کرد. هەروەها وێڕای ئاماژە بەلایەنی باش و خراپی یەکگرتنەوەکەی پێشوو، هەوڵ درا بەرچاوڕوونیی پتر دروست بکرێت تا ئاستەنگەکانی یەکگرتنەوەی ئەوجارەمان بە جۆرێک بێت ئەندامانی حزبی دیموکرات بە هەردوو بەش، لەو یەکگرتنەوەیەدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن، "ئێمە" و "ئەوان" نەمێنێ، کەس خانەخوێ و کەسیش میوان نەبێ، هەموو**

لایەکمان هەست بە ئاسایشی حزبی بکەین و میکانیزمی پراکتیزەکردنی ئەو بنەمایانە دارێژین کە رێبەری و ئیدارەی حزب بە جۆرێک بێت کەس پەنا بۆ دەستەبەندی و ناوچەگەری و شتی لەو بابەتە نەبات.

لەبەر ئەوەی حیزبی دیموکرات جیاواز لەو لێکدابڕانە، لە ڕابردووشدا لێکدابڕان و کێشەی نێوخۆییمان زۆر بووە، ئێستە زۆر پێویست و گرینگە کە هەموو لایەکمان بە یەکەوە قۆڵی لێ هەڵماڵین و حزبی دیموکرات وا ئیدارە بدەین کە بۆ کاری گەورە و سیاسەتی گەورە بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ئەندامانی هەردوولا لەو کێشە چەقبەستووانە دەرباز بین و گەورە بیر بکەینەوە.

**پرسیار**: ناوەڕۆکی دانیشتنەکانی هەردوولا باس لە شێوازی ئیدارەکردنی ناوخۆیی حزب دەکات، پێت وانییە لەپاڵ ئەوەدا گفتوگۆ لەسەر بنەمای دارشتنی پلان و ستراتیجێکی نوێ بۆ کارکردن لە ئەمڕۆی رۆژهەڵاتدا بکرێت تا ئەوەی کە بە تەنیا لەسەر چۆنیەتیی ئیدارەدانی حزبی بێت؟

**وەڵام**: ئەگەر لەتبوونی حزبی دیموکرات لەسەر ئیدارەی حزب بوو، با یەکگرتنەوە بکەین بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی حزبی دیموکراتی یەکگرتووی داهاتوو، بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیی داهاتووی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکە، ئەوەندەی پێوەندی بە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، دەورێکی گەورە ببینێت. بۆیە ئەندامانی حزبی دیموکرات دەبێ بەو تێگەیشتن و عەقڵییەتەوە پێداویستی یەکگرتنەوەیان بەلاوە گرینگ بێت. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە رێبەری داهاتوو بۆ کار و پرۆژەی گەورەی سیاسی ئەرکدار دەکات. لە دانیشتنەکانی داهاتوودا ئەو باسانەش دێنە گۆڕێ.

**پرسیار**: کاتێک ئێوە بوون بە سکرتێری حزبی دیموکرات، تا ئەوکات بەڕوونی قسەکردن لە شێوازی خەباتی مەدەنی لەناو زۆرینەی حزبەکانی رۆژهەڵاتدا تا رادەیەک بڤە بوو، ئێوە بە ئاشکرا باستان لەوە کرد کە باوەڕی تەواوتان بەو شێوازە خەباتە هەیە و لەلایەکی تریشەوە گرووپێکتان پێک هێناوە کە خەباتی چەکداری دەکات، هاوکات باس لە وتوێژ دەکەن، بەڕای ئێوە ئەوانە لەگەڵ یەک لە پارادۆکسدا نین، چۆن دەتوانن هاوسەنگییەک لە نێوانیاندا دروست بکەن؟

**وەڵام**: سروشتی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کۆماری ئیسلامی و رێکخستنی هێزەکان لەناو کۆماری ئیسلامی و هەروەها کێشەکانی ناوچەکە و ژیانی سیاسیی حزبی دیموکرات، بە هەموویانەوە راستییەک بە ئێمە دەڵێن کە ئێمە لە ناوچەیەکدا سیاسەت دەکەین کە رووبەڕووی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون بووەتەوە، ئێمە لە شوێنێکدا سیاسەت دەکەین کە هەموو لایەک چەکدارن. لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی هیچ دەرفەتێک بە کوردی ئێران و حزبی دیموکرات نادات، ئێمە بە مافی خۆمانی

بەشی دوویەم

دەزانین لە هەموو بژاردەکانی وەک کاری دیپلۆماسی، خەباتی مەدەنی، شەڕی یاسا و ئەگەر بە دروستمان زانی تەنانەت چالاکیی چەکداری و پێشمەرگانە کەڵک وەرگرین. زۆر ئاساییە لە گەرمەی شەڕ و چالاکیی پێشمەرگانە تەنانەت وتوێژیش لەگەڵ تاران بکەین. مەبەستم ئەوەیە هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە ئێمە زەمینە و بەستێن پێک بێنین بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران.

**پرسیار**: لە دوای ساڵی ١٩٩١ حزبەکانی رۆژهەڵات بەناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم دەستبەرداری چالاکی چەکداری بوون، ئێستەش وای کردووە رۆژهەڵات ببێت بە بێدەنگترین پارچەی کوردستان. مەبەست لە رۆژهەڵات تەوەری چییە؟ دەتانەوێ لەو ریگەیەوە خۆ لەو تەنگژەیە دەرباز بکەن؟، پێت وانییە حزبەکانی رۆژهەڵات لە ئێستەدا پێویستیان بە سەرکردەیەکی رادیکاڵ هەبێت کە بتوانێ لەناو خەڵکەکەی خۆی چالاکییەکانی دەست پێ بکاتەوە؟

**وەڵام**: باسی رۆژهەڵات تەوەری لە پێوەندی لەگەڵ ئەو راستییەدا بوو کە لە روانگەی ئێمەوە هەر پارچەیەکی کوردستان، بەگوێرەی تایبەتییەکانی خۆی ئەرک و بەرپرسیارێتی دیاریکراویش دەخاتە سەر خەڵک و حزبی ئەو بەشە. حزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بووە و گۆڕەپان و شوێنی چالاکیشی هەر رۆژهەڵاتە. لەبەر دوو هۆ ئێمە دەمانەوێ بەو باسە سەرنج بە رۆژهەڵات بدەین. یەکەم، ئێستە کە پرسی کورد لە ناوچەکەدا کەوتووەتە بەرباس، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە دۆستایەتی لەگەڵ هەندێ لە حزبەکانی پارچەکانی تری کوردستان خۆی بە خەمخۆر و دۆستی ئەو بەشانە نیشان بدات و بەو جۆرە کوردستانی ئێران و کێشەکەی بێ دەنگ بکات و پەراوێزی بخات. دووەم، دەمانەوێ بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵێین باشترین پشتیوانی لە پارچەکانی تر، ئەوەیە ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان چالاک و بەهێز بین. من لەو باوەڕەدام ئێمە وەک حزبی دیموکرات دەبێ بە ڕاشکاوی ئاوڕێک بە ڕابردووی کار و تێکۆشان و شێوەی سیاسەت و حزبایەتیی خۆمان بدەینەوە، کێشەکانی ئێمە بە ڕادیکالیزم و حەز و ئارەزوو چارەسەر نابن. بەڵکو بە ڕیالیزم و واقیعبینی دەتوانین چارەسەر بدۆزینەوە. گرفتی ئێمە ئەوەیە دەیان ساڵە زۆر لە وڵاتەکەی خۆمان دوور کەوتووینەتەوە، ڕادەی نیزیکبوونەوەی ئێمە لە واقیعەکانی ئێران و کوردستانی ئێران، دەستەبەری سیاسەتگوزاری دروست لای ئێمە دەکات.

**پرسیار**: ئێوە بەرژەوەندییەکانی هەرێم دەپارێزن و دەستبەرداری کۆمەڵێک چالاکیی سیاسی بوون لە ناوخۆی رۆژهەڵات، لەو پێناوەدا چیتان لە هەرێمی کوردستان وەرگرت، ئایا جارێک لە جاران پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردووە لەگەڵ حزبەکانی رۆژهەڵات دابنیشن، ئەوە لە کاتێکدایە ساڵانە ئەو حزبانە لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانیشتن ئەنجام دەدەن؟

بەشی دوویەم

**وەڵام**: ئێمە پێوەندی خۆمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دانووستان دانەناوە. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە لە رادەی توانایی خۆمان بەرژەوەندییەکانی ئێرە بپارێزین و ئێمە نەبین بە بیانوو بۆ ئێران لە دژی باشووری کوردستان. حکوومەتی هەرێم هەرگیز بە ئێمەیان نەگوتووە لە ناوخۆی کوردستانی ئێران خەبات و چالاکی نەکەین. ئێمە دەبێ خەڵک لە ناوخۆی وڵات فێری ئەوە بکەین خۆیان لەوێ چالاکیی خۆیان بکەن، نەک چاوەڕوانی ئەوەبن کە پێشمەرگە لێرەوە رەوانەی نێوخۆ بکرێتەوە. ئێمە دەبێ چاوەڕوانییەکانی خۆمان لە هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکانەوە بخەینە نێو بازنەی هەڵسەنگاندنی پێگە و توانایی و گیروگرفتەکانی باشووری کوردستان لە سیناریۆی ئاسایشی ناوچەکەدا، هەروەها دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە چۆنیەتیی پێوەندییەکان لەگەڵ تاران وەک واقیعێک ببینین. زۆر بە باشی دەزانین ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆی بکرێ و بگونجێ هاندەر و رێکخەری وتوێژی نێوان ئێمە و ئێران دەبێت.

**پرسیار**: ستراتیژی حزبی دیموکرات رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، هەمیشە هیوایەک هەبووە کە لە ئێراندا گۆڕانکارییەک روو دەدات و کۆماری ئیسلامیی ئێران نامێنێت، بەڵام ئێستە دەبینین لە دانیشتنەکانی ٥+١ خەریکە هاوکێشەکە دەگۆڕێت، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئێوەیش بەو ستراتیژییەی خۆتاندا بچنەوە و رووخانی کۆماری ئیسلامی مەرجی سەرەکی نەبێت، واتا میکانیزمێک دابنێن بۆ ئەوەی ویستەکانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێ بەرجەستە بکەن؟

**وەڵام**: پێشەکی، ستراتیژی ئێمە رووخانی کۆماری ئیسلامی یان دەوڵەتی ناوەندی نییە، ڕووخانی حکوومەتی ناوەندی زۆرتر وەک دروشم باسی لێ کراوە، ستراتیژی ئێمە ئەوەیە بە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆمان بگەین، تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتەشدا ئەگەر بگونجێ. ئێران نە کورد دروستی کردووە و نە بە کوردیش دەڕووخێ. بەڵام ئەگەر جووڵانەوەی خەڵکی ئێران و کێشەکانی نێوخۆیی بەرەو ڕووخانی ئەو ڕێژیمە چوو، بە دڵنیاییەوە ئێمە لێی وەدووا ناکەوین و کاریشی بۆ دەکەین. ئێمە بەرنامەی سیاسیی خۆمان هەرگیز لەسەر ئەگەری رێککەوتنی ئێران و ئەمەریکا دانەناوە، کێشەی ئەمەریکا و ئێران لەسەر بەرژەوەندیی خۆیانە و تا ئێستەش سیاسەتی ئەمەریکا وەک خۆیان دەڵێن گۆڕینی ڕەفتاری ئێرانە نەک گۆڕینی ڕژێمەکە. ئەگەر بڕیار بێ بە ستراتیژی خۆماندا بچینەوە، دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی تێروتەسەل بەشێوەی سیاسەت و حزبایەتی خۆماندا بدەینەوە و لە ژێر ڕووناکایی ئەو هەڵسەنگاندنە، خوێندنەوەیەکی ترمان بۆ داهاتووی ئێران و کار و تێکۆشانمان هەبێت.

**پرسیار**: لە ناوخۆی رۆژهەڵاتدا کەسانێک هەن خۆیان بۆ پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێییەکان دەپاڵێون، پێشتر ئەو کەسانە لەلایەن حزبەکانی رۆژهەڵاتەوە بە چاوی گومانەوە سەیر دەکران و بەدناو دەکران، ئێستە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان هەندێکیان لە دەوری بەرەی یەکگرتووی کورد کۆ بوونەتەوە، بەڵام سەرباری ئەمەیش یەکگرتوو نین و

بەشی دوویەم

**پەرتەوازەبوونیان پێوە دیارە، هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ئەوەی دنیابینی سیاسیی ئەو نوێنەرانە لە دەوری ویستەکانی کورد کۆ ببێتەوە، بۆ ئەوەی لانیکەم لە بەرێوەبردنە خۆجێییەکاندا داوای ماف و بودجەی زیاتر بکەن بۆ ئاوەدانکردنەوە و بردنەسەری ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەیان؟**

**وەڵام**: بە باوەڕی من هیچ حزبێک نابێ لە خۆڕا و بێ بەڵگە و بە چاوی گومانەوە بڕوانێتە تێکۆشانی خەڵکی نێوخۆی وڵات. چاوەڕوانییەکانی ئێمە دەبێ بەگوێرەی ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات بێت و بە پێی ئەوە قەزاوەت لەسەر ئەوان بکەین. لەسەریەک ڕەنگە چۆنیەتیی بۆچوونی حزبەکان لەبارەی تێکۆشەرانی ناوخۆ جیاوازی هەبێ و هەر لایەنەی بەگوێرەی سیاسەتی خۆی هەڵوێستە بکات. بەشێک لە سیاسەتی ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە کە پاڵپشت و هاندەری چالاکی و کار و تێکۆشانی مەدەنی و تەنانەت حزب و کۆڕ و کۆمەڵ دروستکردن لە ناوخۆی وڵاتدا بین. ئێمە پێمان وایە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیشدا ئەگەر دەرفەتێک هەبێت، دەبێ خەڵک کەڵکی لێ وەربگرێت. مادام حزبی دیموکرات حزبێکی یاسایی نییە و ناتوانێ بە ناوی خۆی بەدوای ئەو جۆرە پرۆژانەدا بڕوات، دەکرێ خەڵکی تر لە نێوخۆی وڵات ئەو کارانە بکەن. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە لە هەنگاوی یەکەمدا چالاکوانانی مەدەنی لە کۆڕ و کۆمەڵ جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، سیاسی، لاوان، خوێنکاران و ژناندا کار دەکەن، زۆر یەکگرتوو بن و بە دوای خاڵە هاوبەشەکاندا بڕۆن و لەسەر داواکانیان خاوەنی یەک قسە و هەڵوێست بن. زۆر گرینگە کە یەکگرتووی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن و پرش و بڵاو نەبن. هۆیەکەشی ئەوەیە لەلایەک ئەزموونی کاری هاوبەش لە ئێراندا زۆر لاوازە و جێ نەکەوتووە و لێک هەڵبەزینەوە و کارنەکردن لەگەڵ یەکتر زۆر باوە. لەلایەکی تریشەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن بە کەڵک وەرگرتن لە جیاوازییەکانی ئاینی و ناوچەیی و شتی لەو بابەتە و بە بیانوو و شێوازی جۆراوجۆر بە گژ یەکیاندا بکەن و ناکۆکییان لە نێوانیاندا دروست بکەن. جیاواز لەوانە، هەموو هەوڵێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بودجە و پرۆژەی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی مەجلیس و ئوستانداری و شووڕای شار و گوندەکان و هەر ئۆرگانیکی تر بە باش دەزانین. لەسەریەک مەبەست ئەوەیە کە خەڵک نابێ بێ تەفاوەت بن و چاوەڕوانی ئەوە بن و پاڵ بدەنەوە و پێیان وابێت تا ئەو ڕێژیمە نەڕووخێ، هیچ ناکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریویری ٢٠١٥

## خالید عەزیزی: دیموکراتەکان سەرەڕای لەتبوون و جیابوونەوەیان، یەک رابردوو، یەک پێناسەیان هەیە، لە شەهیدەکانیان هاوبەشن.



**هەڤپەیڤین هێمن عەبدوڵڵا**

**حیزبی دیموکرات بەرەو کوێ؟**

**هەشت ساڵ لەمەوبەر، هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، لە کۆنگرەی ١٣ەوە دوولەت بوون، هەردووکیان لەو ماوەیەدا دوو کۆنگرەیان بەستووە، ئێستا هەردوولا بەو ئومێدە دانوستاندن و گفتوگۆ دەکەن کە بەر لە کۆنگرەی ١٦ یەک بگرنەوە و بە یەک ناو بچنە کۆنگرەوە. مستەفا هیجری سکرتێری حدکا دەڵێت دەبێ لە ژێر ناوی (حدکا) لەگەڵ "هاوڕێیانی پێشوو" بچنە کۆنگرە، بەڵام لایەنی بەرامبەر ئەوەیان قبوڵ نییە. خالید عەزیزی سکرتێری حدک دەڵێت "ئەگەر قبوڵیان نییە بە ناوی حدک بچینە کۆنگرە، ئەوا دەبێت بەناوی هەردوو حیزبی دیموکرات، یان دوو باڵەکەی دیموکرات، یانیش دیموکراتەکان دانوستاندن بکەین و خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە".**

**رووداو: لەو رۆژەی دیموکراتەکان لە یەکدی جیابوونەتەوە، زۆر پێداگیری دەکرێ یەک بگرنەوە، بۆچی؟**

**خالید عەزیزی**: دیموکراتەکان سەرەڕای لەتبوون و جیابوونەوەیان، یەک رابردوو، یەک پێناسەیان هەیە، لە شەهیدەکانیان هاوبەشن. زۆر لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان قوربانییان لە نێو ئەو حیزبە داوە، بۆیە چاوەڕوانییان لەو حیزبە هەیە کە زەمانێک رێبەری دەکردن لەنێوخۆی وڵاتدا، ببێتە یەک.

**رووداو: مادام هێندە گرنگە یەک بگرنەوە، بۆچی یەک ناگرنەوە؟**

بەشی دوویەم

**خالید عەزیزی**: لێکدابڕان و جیابوونەوە زۆر ئاسانە، بەڵام یەکگرتنەوە زۆر زەحمەتترە، ئەوە پرسیاری خەڵکی نێوخۆی وڵاتیشە.

بەخۆشیشەوە فشاری ئەندامانی هەردوولامان لەسەرە، ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت چۆن یەک بگرینەوە، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ٨ ساڵی پێشوو زۆر چووینەتە پێشەوە، لەگەڵ یەکدی دادەنیشین، پەیوەندیمان ئاسایی بووەتەوە.

**ڕووداو**: لە چ قۆناغێکی گفتوگۆدان؟

**خالید عەزیزی**: لەدوایین دانیشتی هەردوو دەفتەری سیاسی، زۆر بە راشکاوی باسی کێشەکانمان کرد، باسی ئەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەمان کرد کە ئەگەر یەکمانگرتەوە.

**ڕووداو**: مستەفا هیجری، سکرتێری حدکا، بە ئێوە دەڵێت هاوڕێیانی پێشوو، وەکو جۆرێک لە دانپێدانەنان بە حدک، ئایا ئەمە ڕێگر نابێت لەبەردەم یەکگرتنەوە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوان پێویستیان بەوە نییە ئێمە ئیعتیراف بەناویان بکەین، ئێمە بەڕێزەوە ناوی ئەوانمان هێناوە. ئێمە بۆ خۆمان ئەو ناوەمان هەڵبژاردووە و بەشێک لە مێژووی ئەوانیشە. ئێستا دوو دانە حیزبی دیموکرات لە ئەمری واقیعدا هەن، بەڵام بۆ ئەوەی لە داهاتوودا یەکگرتنەوەیەکی سەرکەوتوو بێت، هەموو لایەک خۆی تێدا ببینێتەوە، میوان و خانەخوێ نەبێت. دەبێ ئەوەمان لا روون بێت وەکو کێ مزاکەرە لەگەڵ یەکدی دەکەین و بەرەو کۆنگرەیەکی هاوبەش دەچین. لە روانگەی ئێمەوە بەکارهێنانی دەستەواژەی هاوڕێیانی پێشوو دروست نییە.

**ڕووداو**: لە کۆبوونەوەکانتان حەتمەن ڕەشنووسێکتان نووسیوە، لەوێ ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان نووسیوە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە تاوەکو ئێستا هیچ ڕێکەوتنێکمان نەکردووە کە واژۆی هەردوولای لەسەر بێت. هەر کاتێک گەیشتینە ڕێکەوتن قسە لەسەر ئەو بابەتەش دەکەین.

**ڕووداو**: ئەگەر لایەنی بەرامبەر سوور بوو لەسەر ناونەهێنانتان لەکاتی گفتوگۆکاندا، ئێوەش ئەوەتان قبوڵ نەکرد، هەست بەوە ناکەن کە لەمپەر دروست دەکەن بۆئەوەی دانوستاندنەکان سەرنەگرن؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە لە دوایین دانیشتندا بە راشکاوی پێمانگوتن میکانیزمی ئێمە بۆ یەکگرتنەوە ئەوەیە وەکو دوو حیزبی دیموکرات دانوستاندن دەکەین، بەڵام ئەوان ئەمەیان رەتکردەوە. گوتیان میکانیزمی ئێمە بۆ گفتوگۆ لەسەر بنەمای کۆنگرەی ١٣ یە. ئێمە گوتمان لاریمان لەوە نییە، بەلام با چارەسەرێک بدۆزینەوە کە ئەگەر گەڵاڵەنامەی ئێمەتان قبوڵ نییە، با لە هەندێک خاڵی هاوبەش بگەڕێین. ئێمە پێشنیازمان کرد ئەگەر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشی لەسەرنەبێت، با بڵێین دیموکراتەکان، با بڵێین هەردوو باڵی دیموکرات، واتە میکانیزمێک ببینینەوە هەردوولا خۆی تێدا ببیننەوە.

**رووداو**: هۆکاری دوولەتبوونی دیموکرات لە کۆنگرەی ١٣ دا فیکری بوو، یان کورسی و دەسەڵات بوو؟

**خالید عەزیزی**: زۆر بە راشکاوی هۆکارەکە لەسەر ئیدارەی حیزب بوو، هیچ کێشەیەکی فیکری و سیاسی و ستراتیژی و بەرنامەییمان نەبوو.

**رووداو**: میکانیزمی جددی چییە کە حیزبی دیموکرات دوای یەکگرتنەوەی جارێکی دیکە دوولەت نەبێتەوە؟

**خالید عەزیزی**: باشترین شێوەکار ئەوەیە کە ئێمە کۆبوونەوەی هاوبەشمان بە یەکەوە زۆر بێت، لێکیبدەینەوە کە ئێمە لەو لەتبوونە زەرەرێکی زۆرمان کردووە. دەبێت هەردوولا رعایەتی یەکدی بکەن، مێژووی هاوبەشی ئەو هەشت ساڵەی لە یەکدی جیابوونەتەوە، تەوافوقمان لەسەری هەبێت.

**رووداو**: لێکچوونێکی زۆر لە نێوان هەردوو حیزبدا هەیە، بەڵام ئێمە لە رابردوودا شایەتی دوو تێڕوانینی جیاواز بووین لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوە لەگەڵ بایکۆتی هەڵبژاردن نەبوون، حدکا لەگەڵی بوو، لە مەسەلەی دانوستاندنیش ئێوە لەگەڵی بوون، بەڵام لایەنی بەرامبەرتان لەگەڵی نەبوو؟ هەست ناکەن ئەوانە خاڵی جەوهەرین کە زۆر بەئاسانی ناتوانن لەسەری پێکبێن؟

**خالید عەزیزی**: من ئەوانە بە ڕێگر نابینم، تەنانەت هەردوولاشمان کە دانیشتووین و لەسەر ئەمانە قسەمان دەکرد، بۆچوونی سیاسی لەسەر هەڵبژاردن لەسەر وتوویژ لەگەڵ ئێران، ڕێگر نییە. لە کۆنگرەکانی حیزب لە کۆنفرانسەکان و پلینیۆمەکانی ئێمە ئەو باسانە قەت بڤە نەبوون.

**رووداو**: چ هێڵێکی سوورتان هەیە بۆ لایەنی بەرامبەر لەکاتی گفتوگۆکان؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە هێڵی سوورمان نییە، تەنیا هێڵێک کە هەمانە ئەوەیە لەو پرۆسەیە هیچ کەسێک مەحروم نەبێت.

**رووداو**: لە نێو حدکا دوو ئاراستە هەیە، یەکێکیان لەگەڵ یەکگرتنەوەیە، یەکێکیشیان دژە، لە نێو ئێوەشدا ئەو دوو ئاراستەیە هەیە؟

**خالید عەزیزی**: بەڵێ هەیە، ئاراستەیەک لەگەڵیدا نییە، نیگەرانە و پێیانوایە لایەنی بەرامبەرمان نەگۆڕاون، پێیوایە لەو یەکگرتنەوەیە لایەک براوە دەبێت و لایەک دۆڕاو، بەڵام ئەم شێوە بیرکردنەوەیە دروست نییە. لە هەردوولا خەڵکانێک هەن لەگەڵ ئەوە نین یەکبگرینەوە.

**رووداو**: قەت دەتوانیت بیهێنیتە پێش چاوی خۆت لە حیزبێکدا ئیش بکەی مستەفا هیجری سکرتێری ئەو حیزبە بێت؟

**خالید عەزیزی**: بەلامەوە زۆر ئاساییە. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکدا جا لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، یەک بگرنەوە.

**رووداو**: برادەرانی حدکا دەڵێن کاک خالید عەزیزی رەنگە بیەوێت یەکگرتنەوە رووبدات، بەڵام لە راستیدا سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێشتا عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە، نەک خالید عەزیزی؟

**خالید عەزیزی**: هیچ سەیر نییە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ، بەڵام ئێمە لە رەسمیات کار دەکەین. من وەکو سکرتێری ئەو حیزبە هەڵبژێردراوم، بەڵام من لەو باوەڕەدام بۆ کەسانی وەکو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کاک جەلیل گادانی، کاک حەسەن شەرەفی، کاک حەسەن رەستگار و حوسێنی مەدەنی و کاک مستەفا هیجری کە هەموو ئەوانە بە یەکەوە تەمەنێکیان لە نێو ئەو حیزبەدا بەسەربردووە، دەبێت رێزیان بۆ دابنێم. جا بۆیە ئەو خوێندنەوە لە جێگەی خۆیدا نییە. نەخێر بڕیارەکانی حیزب کۆمیتەی مەرکەزی و دەفتەری سیاسی دەیدات.

**رووداو**: کەواتە کە دەڵێن عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سکرتێری سێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانە، ئێوە رەتیدەکەنەوە؟

**خالید عەزیزی**: بە تەواوی نادروستە و لە جێی خۆیدا نییە.

**ڕووداو**: کێ نێوانگیریتان دەکات؟

**خالید عەزیزی**: ئێستا پەیوەندیمان خۆشە و کەس نێوانگیریمان ناکات، بەڵام دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دانیشتنی هەردوولامان لەسەرەتا بە هەوڵی کونسولی فەرەنسا بوو.

**ڕووداو**: دەڵێن پارتی و یەکێتی ڕۆڵیان هەبووە لەو دوولەتبوونە، ئێستا ڕۆڵیان هەیە لەو یەکگرتنەوەیە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوان نە ڕۆڵیان هەبووە لە دوولەتبوونی ئێمە، نە ئێمەش چاوەڕێ دەکەین ئەوان بێنە نێوانمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبریویری ٢٠١٥

بەشی دوویەم

## وتووێژی سێ ڕۆژنامەی عەرەبیی "بیروت ئوبزروەر"،" میدیڵ ئیست ترانسپارەنت"و " الجریدە" لەگەڵ سکرتێری گشتیی ح د ک




کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ سێ ڕۆژنامەی عەرەبیی "بیروت ئوبزروەر" چاپی لوبنان، "الجریدە" چاپی کۆوەیتو میدیڵ ئیست ترانسپارەنت کە لە وڵاتانی عەرەبیدا بڵاو دەبێتەوە، تاوتوێی دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردوە.

لەو وتووێژانەدا کە هاوکات لەو سێ ڕۆژنامەیەدا بڵاو بوونەتەوە، پرسی خەباتی کورد لە ئێران، نەخۆشیی خامنەیی‌و جێگرتنەوەی ناوبراو، ئێرانو داعش، هۆکارەکانی پشتیوانیی ئێران لە بەشار ئەسەدو مەبەستی ئێران لە دەستێوەردانی لە وڵاتانی یەمەن، بەحرەین، لوبنانو فەلەستین لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتۆتە بەرباس.

**پرسیار**: حەشیمەتی کورد لە ئێران چەندە؟

**خالید عەزیزی**: لەبەر ئەوەی ئامارە ڕەسمییەکان لە ئێران بە گوێرەی پێناسەی قەومی نین و زۆرتر بە پێی تەقسیماتی ئوستانی و شارستانی دەکرێن، زۆر زەحمەتە ڕەقەمێکی دەقیق بڵێم، بەڵام بەپێی لێکدانەوەی شارەزایان حەشیمەتی کورد لە ئێران ١٠ تا ١٢ میلیۆن دەبێ.

**پرسیار**: د.قاسملۆو چۆن تێرۆر کرا و کێ لە پشتی تێرۆری ئەو دابوو؟

**خالید عەزیزی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران د. قاسملووی ڕێبەری پێشووتری حیزبی دێموکراتی لە ١٣ی ژووئیەی ساڵی ١٩٨٩ لە وییەن پێتەختی ئۆتریش لە کاتی وتوێژدا تیرۆر کرد.

بەشی دوویەم

**پرسیار**: کێ د.شەرەفکەندی تیرۆر کرد؟ ئایا حیزبوولاّی لوبنان بەشداری ئەو تیرۆرەبوو؟

**خالید عەزیزی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران د. شەرەفکەندیی کە دوای د. قاسملوو ببوو بە رێبەری حیزبی دێموکرات لە١٧ی سێپتامری ساڵی ١٩٩٢دا لە بێرلین پایتەختی ئەڵمان لە رێستووڕانی میکۆنووس تیرۆر کرد. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی دادگای میکۆنووس چەند عەرەبی لوبنانییش لەو کردەوە تیرۆریستییەدا بەشدار بوون.

**پرسیار**: کوردی ئێران بۆچی خەبات دەکەن؟ ئایا بۆ ئازادی خۆیان خەبات دەکەن یان بۆ فیدرالیزم؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە ئێران بە دوای مافە نەتەوایەتییەکانی خۆماندا دەگەڕێین و هەوڵو خەباتیشمان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەیە. ئێمە پێمان وایە بۆ ئێران کە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە فێدرالیزم باشترین ڕێگاچارەی مەسەلەی نەتەوایەتییە. بە گوێرەی پرۆژەی ئێمە دەسەڵات هەمووی لە تاران کۆ نابێتەوە و ئێران دیسانترالیزە دەکرێ و بەشێک لە دەسەڵات بۆ گەلانی پێکهێنەر حەشیمەتی ئێران لە ناوچەکانی خۆیاندا دەبێ. بەو جۆرە تەنەووعاتی قەومی و مەزهەبی لە ئێران بە یەکەوە لە دەسەڵاتدا بەشدار دەبن و لەگەڵ یەکتر ئێران ئیدارە دەکەن.

**پرسیار**: ئایا ئێران بەرو ئەوە دەڕوا کە ببێت بە بەشێک لە وولاّتانی خاوەن ئەتۆم؟

**خالید عەزیزی**: مەبەستی ئێران ئەوەیە وەک دەسەڵاتی سەرەکیی رۆژهەڵاتی نێوەراست تەعامول لەگەڵ وڵاتانی ئەو ناوچەیە و جیهان بکات. ستراتیژیی ئێران ئەوەیە کەئەو مەبەستە بکا بە ئەمری واقیع. ئێران دەیەوێ لە هەموو ئاستێکی ئەمنیەتی، سیاسی، سەربازیو تەنانەت ئەتومییشدا جێگەو پێگەو باڵادەستیی خۆی لە ناوچەکەدا سەقامگیر بکا.

**پرسیار**: پێت وایە کێ جێگەی خامنەیی دەگرێتەوە؟

**خالید عەزیزی**: بۆ من زۆر زەحمەتە ئێستا قەزاوەت بکەم کە کێ لە داهاتوودا جێگەی خامەنەیی دەگرێتەوە. بەڵام بێگومان کۆمەڵگای ئێران ئەوەندە لە ئاڵوگۆڕدایە کە جێگرەوەی خامەنەیی نە تەنیا مەوقعییەتی خومەینی و خامەنەیی نابێ، بەڵکوو لەگەڵ گیروگرفت و موشکلاتی زۆرتریش بەرەوڕوو دەبێ.

**پرسیار**: جوڵانەوەی سەوز چی بەسەر هات؟ ئایا کورد بەشێک لەو ڕەوتە بوون؟ پێت وایە لە داهاتودا چی دیکە ڕوو دەدا؟

**خالید عەزیزی**: بزووتنەوەی سەوز بەرهەمی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و دەسکاریی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری پێشوو بوو. هەرچەند ئەو بزووتنەوەیە زۆر زوو سەرکوت کرا، بەڵام نەتەنیا لە نارەزایەتیی خەڵکی کەم نەکردەوە بەڵکوو زیاتریشی کردوە، کێشەی نێوخۆیی باڵەکانی نێو دەسەڵاتی ئێران نیشانەیەکە لەو ڕاستییە. بۆیە نارەزایەتی و بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بەردەوام دەچێتە پێش و ڕەنگە بە دەرسوەرگرتن لە ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو شێوە و شکڵی دیکە بە خۆوە بگرێ. کورد لە ئێران لە ریزی پێشەوەی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامیو بۆ دابینکردنی ئازادیو دێموکراسی بووە، بۆیە هەمیشە بەشێک بووە لە هەوڵی ئاڵوگۆرخوازی و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ئێرانو حکوومەتێک مەسئوول لە ناوچەکەدا.

**پرسیار**: ئایا ئێران لەگەڵ داعیش دایە، یان لە دژی داعیشە؟

**خالید عەزیزی**: مادام ستراتیژیی ئێران شێواندن و نائەمنکردنی ناوچەکەیە، بێگومان ئێران لە کێشەکانی نێوان پەیرەوانی دوو مەزهەبی سوننە و شیعە کەڵک وەردەگرێ و لەو پێوەندییەدا سەرهەڵدانی داعش دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێ بۆ ئێران و تەنانەت کەڵکیشی لێوەرگرێ و بە پێی بەرژەوەندیی خۆی تەنزیمی عیلاقات لەگەڵ داعش دەکات، ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران دەتوانێ هەم لە دژی بێت و هەمیش لەگەڵی بێت.

**پرسیار**: بۆچی ئێران پشتیوانی لە ئەسەد دەکات؟ ئایا لە وتوێژەکانی کێشەی ناوەکی مامەڵە بە سوریە دەکات؟

**خالید عەزیزی**: رێژیمی ئەسەد رێک لە چوارچێوەی ستراتیژیی ئەمنییەتی و بەرژەوەندیی ئێران لە ناوچەکەدا کار دەکات. چارەسەربوونی کێشەی ئەتۆمیی ئێران بەو مانایە نیە کە ئێران واز لە ستراتیژیی ئەمنییەتیی خۆی و هەوڵی دەستتێوەردانی کاروباری وڵاتانی ناوچەکە دێنێ. بۆیە بە باوەڕی من پرۆژەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دوای ڕێککەوتن لە سەر کێشەی ئەتۆمییش بەردەوام دەبن و تەنیا بە گۆڕانی ئەو رێژیمە دەتوانین هیوادار بین کە سیاسەتی ئێران لە ناوچەکەدا گۆڕانی بەسەردا بێ.

**پرسیار**: ئێران لە عێراق، یەمەن، لوبنان و فەلەستین بە دوای چیدا دەگەڕێ؟

**خالید عەزیزی**:: ئێران بە نائەمنکردنی عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن، فەلەستین و لە سەریەک وڵاتانی ناوچەکەو بە دروستکردنی کێشەو گیروگرفت و شەڕی نێوخۆیی دەیەوێ ئەو وڵاتانە ئەوەندە مەشغووڵ بکا کە هەم کێشەکانی وڵاتەکەی

خۆی داپۆشێ و هەمیش خۆی بکات بە فاکتۆری بڕیاردەر لە سەر داهاتووی ئەو ناوچەیە.

**پرسیار**: پێت وایە سروشتی پێوەندێکانی تورکیە و ئێران چۆنە؟

**خالید عەزیزی**: عیلاقاتی تورکیە و ئێران تا ڕادەیەک دەبێ بەوە لێک بدەینەوە کە ئێران دەیەوێ وەک ئیمپراتۆرییی شیعە بەرقەرار بکاو تورکیە دەیەوێ مودیرییەتی خوێندنەوەیەکی تازە لە ئیسلامی سوننە بکات. هەرچەند ئەمانە وەک دوو وڵات عیلاقاتی دیپلۆماسییان لەگەڵ یەکتر نۆرماڵە بەڵام لە خانەی ئەمنیەتی و کێشەکانی ناوچەکەدا دوو سیاسەتی لێکجیا و تەنانەت دژبەیەکیان هەیە.

**پرسیار**: ئایا ئێوە ئێستاش پێشمەرگەتان هەیە؟ لە بەرنامەتان هەیە کە دیسان شەڕی چەکداری دەست پێ بکەنەوە؟

**خالید عەزیزی**: تا ئەوکاتە کورد لە ئێران بە مافەکانی نەگەیشتوە پێشمەرگە هەر دەمێنێو هەر دەبێ بشمێنێ. حیزبی دێموکرات ئێستاش هێزی پێشمەرگەی هەیە و هەر کاتێک هەست بەوە بکەین کە پێویستەو گونجاوە هێزی پێشمەرگە لە بواری نیزامیدا چالاک بێتەوە ئێمە ئەو هێزە وەکار دەخەین. بەڵام ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێک فاکتۆری نێوخۆیی و ناوچەیی پێوەندیدار بە کێشەی کورد بەگشتی خەباتی چەکداریمان ڕاگرتوە.

**پرسیار**: چاوەڕوانی تۆ لە دونیای عەرەب چییە؟

**خالید عەزیزی**: کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخوازەو لە ئێرانیش کورد لەلایەک بە سوننە و شیعەوە مافە نەتەوایەتییەکانی پێشێل دەکرێن و لەلای دیکەش ئەو بەشەی کورد کە سوننین لە لایەن ڕێژیمی شیعەی تارانەوە سەرکوت و تەحقیری مەزهەبی دەکرێن. وڵاتانی عەرەبی پێویستە کورد وەک فاکتۆرێکی کاریگەری گۆڕەپانی سیاسیی ئێران چاو لێبکەن و پشتیوانی لە وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی کوردی ئێران و بەگشتی لە خەبات بۆ سەرکەوتنی دێموکراسی و دامەزراندنی حکومەتێکی وەڵامدەرەوە بۆ نێوخۆی ئێران و مەسئوول بەرامبەر بە ئاشتیو ئاسایشی ناوچەکە بکەن. بەهێزبوونی کورد یارمەتیدەری سەقامگیر بوونی ئەمنییەت و ئاسایش لە ناوچەکەدا دەبێت.

**پرسیار**: پەیامت بۆ کوردەکانی ئێران چییە؟

**خالید عەزیزی**: پەیامی ئێمە بۆ کوردو بۆ هەموو ئێرانییەکان ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا مافە

نەتەوایەتییەکانی ئێمەی کورد پێشێل دەکا، بەڵکوو ڕێز بۆ مافی نەتەوایەتیی گەلانی دیکەی ئێران وەک عەرەب و بەلووچ و ئازەری و تورکەمەنو هەروەها مافی مەزهەبیی سوننیمەزهەبەکانیش دانانێ. بۆیە هەمووی ئەو لایەنە بێماف و بەشخوراوانە دەبێ بە یەکەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانمان خەبات بکەین و بۆ ئەمەبەستەش یەکیەتیو هاوخەباتییەکی پتەو لەنێو خۆیاندا پێک بێنن. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە بۆ دروستکردنی بەستەر و زەمینەی هاوکاریی هەموو ئەو لایەنانە دەستپێشخەر بووە و لەمەودواش لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام دەبێ.

ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی تایبەتی «کورد کاناڵ» لەسەر پرسی دێموکراتەکان و داهاتووی حیزبی دێموکرات.




**پرسیار**: لە پەیامە نەورۆزییەکەی دا، جەنابت زۆر گرینگیت بەو بەشە لە پەیامەکەت دا کە تایبەت بوو بە داهاتووی حیزبی دێموکرات و ئاماژەت بەوە کرد کە لە ساڵی ١٣٩٤دا حیزبی دێموکرات جێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ و، ڕوو بە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کۆمەڵە چاوەڕوانییەکت باس کرد. گرنگیی ئەم پەیامەی جەنابت و هۆکاری ئەوەی جەنابت لە دەسپێکی ساڵی نوێدا ئەم باسەت ورووژاند، چیە؟

**وەڵام**: گرینگییەکەی لەوەدایە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم حیزب بووە کە بە شێوەی مۆدێرن لەنێو جوڵانەوەی کورددا دامەزراوە. یەکەم حیزب بوو کە ئیفتیخاری ئەوەی پێبڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. یەکەم حیزب بوو کە لەودا سەرۆک کۆماری کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆمار سەرۆکی حیزبی دێموکراتیش بوو. ئەوەندەی ئاوڕ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدیەوە، لە هێما نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، لە کۆمارەوە بگرە هەتا ئاڵا، هەتا ناوی پێشمەرگە، هەتا دروستکردنی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی، بەشێکی زۆری حیزبی دێموکرات کاری بۆ کردووە و پێیەوە ماندوو بووە و هێناوییەتە مەیدانی خەباتی سیاسی و تێکۆشان، و ئەو حیزبە ئیفتخاری خەڵکێکی زۆر بووە کە تێیدا لە خەبات و تێکۆشان، بەشدار بوون. بەشێک زیندانییان لەسەر چێشتووە، بنەماڵەیەکی زۆر شەهیدیان بۆ داوە و خەڵکێکی زۆر لێی فێر بوون، هەر بۆیە ئێعتبارێکی جەماوەری بەهێزی هەیە لەنێو کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. بە خۆشییەوە واشی سیاسەت کردووە بە بەراوەرد لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە، ڕاستییەکەی گلەیی کەممان لەسەرە. بەڵام ئەو حیزبە بە هەموو ئیفتخاراتی خۆی، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و قوربانییەکانی ئەگەر تۆ ئاوڕ دەدەیەوە بەتایبەت بە مێژووی پەنجا ساڵی ئەخیردا، لەنێو خۆماندا حیزبێکی پڕموشکیلە بووین، حیزبێکی پڕ کێشە بووین، حیزبێک بووین ئینشیعاب و

لێکدابڕان و لەگەڵ یەک نەحاوانەوە و لەتبوون و کێشەیەکی زۆری نێوخۆییمان بووە و، جاروبار بەداخەوە چەندوچۆنی ئەو کێشانە، لە زمانی کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتیش وای باس کراوە ڕەنگە زۆر کەس کە تەمەنێکی زۆری لە حیزبی دێموکراتیش تێپەڕ کردووە، ئەو جێگایەی پێویستە لە حیزبایەتی پێی بدەن، پێی نەدراوە. بەلام ئەوەی بەلای منەوە گرینگە کە لە پەیامە نەورۆزییەکەشدا ئاماژەم پێدا، ئەوەیە؛ بۆ ئێمە وەک حیزبی دێمۆکرات، هەر دوو لای دێموکرات و ئەندامانی دێموکرات لە هەر دوو بەشەوە، کە بەرەو یادی حەفتا ساڵەی خۆمان دەچین، ئەگەر خەڵکیش پرسیارمان لێنەکا ئەدی لەو حەفتا ساڵەدا چتان کردووە، چۆنتان سیاسەت کردووە، چۆن کێشەکانتان چارەسەر کردووە، چۆن لە سەردەمی ئێستادا کە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست نازانین چی لێدێتەوە، سیناریۆی ناڕوون زۆر ڕوودەدا، هەر ڕۆژێ شتێک دێتە پێشێ، ئەی چۆن وەلامی ئەوانە دەدەنەوە لە داهاتوودا، حەق وایە ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هەر دوو بەش بڵێین ئەرێ ئێمە ئەو حیزبە چۆن تەیار دەکەین، چۆنی ئامادە دەکەین کە وەلامدەری ڕوداوەکان لە ناوچەکە و ئینتزاراتی کۆمەلانی خەڵک لەنێو خۆی وەلات بێ. بەو دەلیلە لەڕوانگەی منەوە زۆر گرینگە، زۆر موهیمە لە یادی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا ئێمە چۆن لە خەبات و تێکۆشان شەهامەتمان بووە، ئێمە تەنانەت ڕێبەرانی خۆمان لەو مەیدانەدا لەدەست داوە، لە پێداچوونەوە بە خۆمان، لە ئاماژەدان بە هەڵە و ئیشتیباکانمان، لە دەستنیشان کردنی کەموکوڕییەکانمان، لە ئاماژەدان بەو شوێنانەی کە ئێمە بە کارو کردەوەی خۆمان هۆیەک بووینە بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەحدەتی تێدا نەبێ یان نەمانتوانیوە بەیەکەوە کار بکەین، بە ئاماژە بەوانە وردەوردە دوای حەفتا ساڵ، حیزبی دێموکرات بەرەو ئەوە ئامادە بکەین کە وەلامدەری ئەو ئینتزاراتە بێ و لەو پەیوەندییەدا ئەوەی بەلای منو بەلای ڕێبەریی ئێمەوە گرنگ بوو، دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بوو بۆ چارەسەریی کێشەی دێموکراتەکان.

**پرسیار: لە حالێکدا جەنابت ئەو چاوەڕوانییانە لەلای ئەندامانی هەر دوو لای دێموکرات ساز دەکەی و باس لە چاوەڕوانیی خەڵک دەکەی، ئێستا نزیک بە هەشت ساڵە حیزبی دێموکرات لێکدابڕانی تێدا ڕووی داوە و ئێستا دوو دێموکرات هەیە و ئێوە زیاتر لە سێ ساڵە لە دیالۆگ و وتوویژ دان بۆ چاردسەری ئەم گرفتە. تا ئێستا چتان کردووە و بە چ ئاکامێک گەیشتوون؟**

**وەلام**: وەلامی یەکەمی پرسیارەکەی جەنابت ئەوەیە کە تا ئەو لەحزەیەی لێرە لەگەڵیەک دانیشتووین، دەکرێ بڵێم بەداخەوە ئێستا بە بونبەست گەیشتووین. لە ڕوانگەی منەوە لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو بەشەی کە کاک مستەفا هیجری سکرتێرییەتی، ئەوان بە بونبەستیان گەیاندووە. جا ئەمن تێدەکۆشم بچمە نێو تەفاسیل و جوزئیاتی ئەوەی بۆ ئاوای لێهات. ئێمە چمان کردووە، ئەوان چۆنیان وەلام داوەتەوە، ئێمە چۆنمان هەوڵ داوە، چ جوابێکمان لەوان وەرگرتۆتەوە، ئێمە چ گەلاڵەیەکمان هێناوە، ئەوان چیان کردووە و بۆچی ئاوای لێهات.

پێشەکی لەتبوون و ئینشیعاب، لێک جیابوونەوە، هەرچییەکی بێ، لە مەرحەلەیەکدا کە پێکەوە کار ناکرێ، وای لێدێ، لێک جودا دەبنەوە. قەتعەن وەسەریەک کەوتنەوە زەحمەتترە. لێکدابڕان ئاسانترە، ئەو لایەنەی هەوڵ دەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە، دەبێ ئەو ئیستیعداد و ئامادەگییە لەخۆیدا پێک بێنێ کە گوزەشتی زۆر بێ. کە کاتێک بیر لە ڕێگەچارە دەکاتەوە، زۆر خۆی چەقبەستوو نەبینێ لە کێشە مێژووییەکاندا. زۆرتر ئەو یەکگرتنەوەیە وا چاو لێ بکا، زەرورەتێکە بۆ داهاتوو و جیددیش بۆی بچێ. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەژێر ڕووناکایی ئەو خوێندنەوەدا کارمان کردووە کە ڕێگەچارەیەک ببینینەوە. پاش ئەوەی کە ڕەوابیتی هەردوولا عاددی بۆوە، ئیدی وردەوردە زەمینەی ئەوە دروست دەبوو کە ئێمە بتوانین لەگەڵ یەک دابنیشین و موزاکرە بکەین. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا من لێرە ئاماژەیان پێدەکەم، زۆربەی زۆری ئیبتیکارەکان لەلایەنی ئێمەوە بووە. سێ جار من بۆ خۆم هەوڵم داوە، لە دەرگای ئەم و ئەوم داوە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە کاک مستەفای هیجری بێنم بەیەکەوە دابنیشین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک. جاری یەکەم داوام لە دۆستێک کرد هەردوولامان میوانی بووین. لەوێدا باسێکی زۆرمان کرد، ئەو کێشانە لە ڕابردوودا هەرچییەکی بووە، سیاسەت کێشەی تێدا هەیە، لێکدابڕان هەیە، بەڵام ئێستا با ئامادە بین حەللێک ببینینەوە. پاش ماوەیەکی دیکە کونسوڵی فەڕەنسا سەردانی ئێمەی کرد، میوانی ئێمە بوو، بە حوکمی ئەوەی دۆستی دێموکراتە، لە قەدیمەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە هەبووە. ئەوەش بەشێکی بەرهەمی کار و تێکۆشانی دیپلۆماسیی دوکتۆر قاسملووی نەمرە لە پاریس، ئەو داوای کرد کە چۆنە ئەمن دەعوەتتان بکەم بەیەکەوە دابنیشن. گوتم جا دۆستێکی وەک ئێوە داوا لە دێموکرات بکا، قەت ناڵێین نا. لەگەڵ کاک مستەفا هیجریش پێوەندی گیرا، لە کونسوڵی فەڕەنسا دانیشتین. لەوێدا کە ئەو بەعسانەمان کردەوە، هەر دوو لامان هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە بەڵێ بەدوای ئەوەدا دەڕۆین کاری لەسەر دەکەین وتووێژ و گفتوگۆ بکەین و چارەسەری بکەین. تەنانەت کونسوڵی فەڕەنسا گوتی ئەگەر ناشتوانن یەک بگرنەوە، وەک دوو حیزب کار بکەن. گوتمان نا، ستراتیژی ئێمە یەکگرتنەوەیە. بۆ یەکگرتنەوە کار دەکەین. گوتی زۆر باشە. بەدوای ئەوەدا کۆمەڵێک دانیشتن و موزاکرات هاتەگۆڕێ. ئێمە گەڵاڵەیەکمان ئامادە کرد. گەڵاڵەی ئێمەدا باس لەهەر دوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا، ئێمە گەڵاڵەکەی خۆمان کە نەتیجەی گفتوگۆ و موزاکرە لە کۆمیتەی مەرکەزی و ڕیزەکانی خۆمان و مەشوەرەت لەگەڵ ئەندامانی خۆمان و چەندین جار پێداچوونەوە و قسە لەسەرکردن بوو، هێنامانە پلێنۆم، لە پلێنۆمدا پەسەند کرا، پلێنۆم دایەوە بە دەفتەری سیاسی، دەفتەری سیاسیش پێشکەش بەو هاوڕێیانەی کرد. ئینتزارمان دەکرد ئەوان ئەو گەڵاڵەی ئێمە وڵام بدەنەوە. سەرەنجام کە داوامان لێ کردن، ئەوان بەشێوەی شەفایی گوتیان ئێمە موافقی ئەو گەڵاڵەیە نین. گوتمان باشە بە کەتبی وڵاممان بدەنەوە، موافقی چن بینووسن، بڵێن ئەو بەشە لە گەڵاڵەکەمان قبووڵە، ئەو بەشەمان قبووڵ نیە. لێرە خاڵی هاوبەشە، لێرە ناکرێ سازشی لەسەر بکەین، لێرە دەکرێ سازشی لەسەر بکەین، بەسوڕەتی کەتبی هیچ وڵامێکی ئێمەیان نەدایەوە. دیسانەکە ئێمە خەبەرمان لێ ناردنەوە، ئێوە گەلاڵەی خۆتان بنووسنەوە بۆمان بێنن. جارێک هەروا شەفایی کە هاتبوون، گەڵاڵەیەک کە توافقی تێکەڵبوونەوەکەی

پێشوو بوو، ئەویان هێنابوو. لەحاڵێکدا ئێمە هەردوو لامان پێمانوابوو کە تێکەڵبوونەوەکەی پێشوو نەقسی هەبووە، کامیل نەبووە، هەردوولا باش موتەعەهید نەبوون، بەباشی ڕووحی یەکگرتنەوە بەسەر دروستکردنەوەی ئەو وەختی حیزبی دێموکراتدا زاڵ نەبووە، دوایە ئەو کێشانە هەر ئیدامەی پەیدا کردووە، لە حەددی خۆیدا بە شێوەیەک زەمینەی بۆ کێشەکانی کۆنگرەی سێزدەش دروست کردووە، دەی باشە گەلاڵەیەک کە مووەفەق نەبووە، چۆن دەتوانێ ببێ بە ڕێگاچارە. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەکی دیکە ئەوان هەر وڵامیان نەبوو. ئێمە بۆخۆمان لە دەفتەری سیاسی باسمان کرد لەو دواییاندا کە حەللێک ببینینەوە. داوایان لێ بکەین بە شەفاییش بێ قسەی خۆیان بکەن. دەنا لەڕاستیدا ئەوان لەلایەن خۆیانەوە شتەکەیان کۆتایی پێهێنابوو. نە خەبەریان لێ دەناردینەوە، نە داوایان دەکرد، نە دەیانەویست لەسەر گەڵاڵەیەک قسە بکەن. وابوو دەفتەری سیاسی داوای لە من کرد کە بۆ جاری سێهەم ئەوجار، چونکە جارەکانی پێشووش هەردووک جارەکان ئەمن ئیبتیکاری تەماس گرتن لەگەڵ کاک مستەفای هیجریم کردبوو کە بەیەکەوە دابنیشین حەللێک ببینینەوە. ئەمجارەش داوام لە کاک مستەفا کرد کەبەیەکەوە دابنیشین، با ئەو شتە بە بونبەست نەگا، لە مەرحەلەیەکی دیکە دەست پێبکەینەوە، ئەمن گوێت دەدەمێ، دووبەدوو قسەی لەسەر دەکەین، چۆن دەتوانین مودیرییەتی دەفتەری سیاسی هەردوولا بکەین بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک. ئێمە کە دانیشتین دەوری سێ چوار مانگ پێش ئێستا بوو. گلەییم لێکرد گوتم ئێوە ئەو گەڵاڵەیەتان قبووڵ نەکرد، دەبا وڵامێکتان دابایەوە، دەی باشە ئەو گەلاڵەی ئێستاش لای کومیتە مەرکەزی ئێمە ماوەتەوە، ئەو گەڵاڵەیە وەلا دەنێین، بزانم حەللەکەی ئێوە چیە. من چەند پێشنەهادم پێکرد. لە سیاسەت و لە کێشەی حیزبەکاندا زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە شەڕ لەسەر دەسەڵاتە، تەبیعیشە لە دەسەڵاتدا شەڕی دەسەڵات هەیە، من هەر لەو پێوەندییەدا بۆوەی من کۆمەکم کردبێ بەوەی کە حیزبی دێموکرات وەسەریەک کەوتبێتەوە، قەتعەن کاتێک باسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەکرێ، دەڵێن ئەدی خالیدی عەزیزی سکرتێر دەبێ یان مستەفای هیجری، کێهەیان سکرتێر دەبێ، لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا کە هەردوولامان دەمانەوێ هەردوولای حیزبی دێموکرات وەسەریەک خەینەوە بچینە کۆنگرەی حیزبێکی واحید، هەتا کۆنگرە جەنابت سکرتێری هاوبەشمانی، ئەمنیش لە خزمەت ئەو حیزبەدا دەبم لە هەر شوێنێک کارم پێبسپێرێ. ئەوە بە نیسبەت خۆمەوە، ئەووەڵ کەس من لەخۆمەوە دەست پێدەکەم. دوایەش ئێوە حەساسییەتێکی بێجێ و نادروستتان لەسەر ناو هێناوەتە گۆڕێ، ناوی ئێمە و ناوی ئێوە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتە، ئینکار ناکرێ. بەڵام بۆوەیکە دیسان ئێمە ئیمتیازێکی دیکەش بدەین، شانسێکی دیکەش بدەین بە ئێوە، چۆن من بۆ خۆم شانسێک دەدەم بە تۆ، لەو پەیوەندییدا لە دەورانی سکرتێریی جەنابت حیزبی دێموکرات لەت بوو، ئەوە من موددەعی پۆستی سکرتێری نیم ئەوە جەنابت دەبی بە سکرتێر، لێرە شانسێکی دیکەش دەدەین بە یەکگرتنەوەی ئەو حیزبە، ئێمە ئامادەین لەژێر نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ ئێمە هێڵی سوور نیە، لە کۆنگرەی سێزدە کە ئێمە و ئێوە دەنگمان پێداوە، ئەو دەکەین بە مەبنا، بەڵام مەجموعەیەک ژێرمەجموعەی دەبێ، مەجموعەیەک میکانیزمی دەبێ، قەیناکا با ئەوەش ئاوا بێ. گوتی دەی زۆر باشە هەردووک لامان دەیبەینە دەفتەری سیاسی. لەو دانیشتنەدا لای خۆم من

وام تەسەوور دەکرد ئێمە هەنگاوێکی زۆر ڕۆیشتووینە، هەر ماوەتەوە لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی لێ بکەین و وردەوردە بەدوای وردەکارییەکانی ئەوەدا بڕۆین تا چووین لەگەڵ ئەواندا کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسیمان کرد.

**پرسیار**: کاک خالید، دوای ئەو هەیئەتانەی پێکەوە موزاکرەیان دەکرد، دواتر گەشبینیەک دروست بوو کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەردوولا پیکەوە دادەنیشتن و تەنانەت بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە مساحیبەیەکدا باسی ئەوەی کرد چاوەڕوانی هاتنەوەی جەنابتن کە ئەوکات بە سەفەرێک لە ئورووپا بووی، ئەوە کە دێیەوە و تەنانەت ئەو گەشبینیەی بە خەڵک دا کە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر بووە و چاوەڕوانی ئەوەین کە بەڕێز کاک خالید بێتەوە . دوای ئەوەی ئێوە دانیشتن لە دەفتەری سیاسی، بەڵام تا ئێستاش هیچ ئاکامێک دیار نیە، ئەو دانیشتنە بەکوێ گەیشت؟

**وەڵام**: بەڵێ من و کاک مستەفا کە لەگەڵ یەک دانیشتین، هەردووک لامان، لانیکەم ئەمن بۆخۆم خوێندنەوەکەم وابوو کە بەو ڕوحیاتەوە دەچینە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی هەدرولا و لەوێدا دەفتەری سیاسی هەردوولا و هەیئەتەکانمان ئەرکدار دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەوە. لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی کە ئەو مەوزووعە باس کرا، گوتمان کۆمەڵێک میکانیزم دەتوانێ کۆمەک بەوە بکا. ئێمە کە گوتمان ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێڵی سوور نیە، نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بۆ ئێوە هێڵی سوور نیە، بەڵام هیچ ئیشکالی نیە دەڵێین نێوەکە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، با بزانین ئێستا ئێمە کێ تێکەڵ دەکەینەوە، ئەو خەڵکە کێیە. چۆن بەرەو ئەوە بڕۆین لە ئیشتباهاتی پێشوو دەرس وەربگرین. بنەمای یەکگرتنەوەیەک دابنێین کە نیگەرانیەکانی هەردووک لامان بەرتەرەف بێ و دوایە بە درۆنگی لەگەڵ یەک کار نەکەین. ئێمە پێشنەهادمان پێکردن، دەی باشە هەردوو باڵی دێموکرات یەک دەگرینەوە، هەردوولای دێموکرات یەک دەگرینەوە، دێموکراتەکان یەک دەگرینەوە، هەمووی ئەوانە لەڕوانگەی ئێمەوە هیچ ئیشکالی نیە، چون هەردوولا دەگرێتەوە. هەروەها لەوانە گرنگتر ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەشت ساڵە مێژووی خۆتان هەیە، لە ئیدامەی مێژووی پێشووتان، ئێمەش مێژوویەکی جیاوازمان هەیە لە ئیدامەی مێژووی پێشوومان. چۆن وابکەین هەردووک لا بەقەناعەتێک بگەین مێژووی هەردووک لامان مێژووی هەموو لایەکمانە و هەردوولا لە کاتی پێویست موراجیعەی پێدەکەین، بۆوەی ئەو خەڵکە خۆی لە حیزبی دێموکراتی واحید و یەکگرتوو لە داهاتوودا ببینێتەوە. ئیحساس نەکا موعامەلەکە یان یەکگرتنەوەکە جۆرێک بووە لایەک لە پەراوێز کەوتووە، لایەک وەلانراوە، لایەک خودییە و لایەک غەیرە خودییە. ئێمە ئەوانەش پێشنەهاد دەکەین. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر بۆخۆشتان لە پلێنۆمەکەی پێشوودا باستان کردووە، کۆنگرەی هاوبەش، ئەو دوو بەشە کێن؟!، دەی ئەو دوو بەشە دوو لایە. بۆ ئەوەی ئێمە واریدی ئەو خانەیە بین، شتی ڕەوانی بڕەوێتەوە، لەو شتانە کە زۆرتر ئی سەردەمی لێک تووڕە بوونە، چەقبەستوو نەبین ئەوەیە کە «هاوڕێیانی پێشوو» و شتی وا وەلا دەنێین، هەردووک لامان دەڵێین دێموکراتەکان، هەردووک باڵی دێموکرات یان

دێموکراتەکان بەیەکەوە. کاتێک باسی ئەوانەمان کرد، گوتیان ئێمە لە دەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە قسە بکەین، ناتوانین لێرە بڕیار بدەین دەبێ بیبەینەوە پلێنۆم، لەحاڵێکدا ئێمە لە دەفتەری سیاسی خۆمان بڕیارمان دابوو و ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی و ئەندامی خۆشمان هەبووە گلەیی لە ئێمە کردووە، گلەییان لە خۆم کردووە ئەدی تۆ بۆ وات بە کاک مستەفا گوتووە کە ئەمن نابم بە سکرتێر جەنابت ببێیە، ئەوە کۆنگرەی هاوبەش لە داهاتوودا تەسمیم دەگرێ، گوتومە هیچ ئیشکالی نیە. تەنانەت گلەییان لێ کردووین بۆ گوتوتە نێوی حیزبی دێموکرات هێڵی سوور نیە، ئیمە گوتومانە ئەگەر دڵسۆزانە و مەسئولانە بەرەو چارەسەر بڕۆین، لە موزاکراتدا ئەو شتانە هەیە و بۆ ئێمە موهیمە هەردوولامان وەسەرێک کەوینەوە و دوایە کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەوان گوتیان ئێمە لەدەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە بڕیار بدەین، دەبێ ئەوە بەرینە پلێنۆم. ئێمەش گوتمان هیچ ئیشکالی نیە. قەراریش درا هەرکات ئەوان پلێنۆمیان گرت، بە چاک و بە خراپ، کە ئێمە ئینتزاری باشمان دەکرد، وڵامەکە لە ئێمە دەنێرنەوە، بیلافاسیلە ئێمە لە دەفتەری سیاسییەکان دادەنیشینەوە و هەیئەتەکان دادەنێین و حەتتا هەردوو لامان، لانیکەم من خۆشبین بووم، بەڵکە لە ڕۆژی نەورۆزدا پەیامێکی باشمان هەبێ یان ئەوەکە لە حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا بەیەکەوە ئەو خەون و ئارەزوانەی کە هەموو لایەکمان هەمانە، حیزبی دێموکراتێکی بەقووەتمان بەبێ، لەوێرا دەستی پێبکەین و دروستی بکەینەوە. بەڵام بەداخەوە کاتێک ئەوان ماوەیەک پێش ئێستا پلێنۆمیان گرت، ئێمە هەر چاوەڕوان بووین و چاوەڕوانیمان دەکرد وڵامێکی باش بێتەدەرێ، یەکەم هەر قسەی جاران بوو، «هاوڕێیانی پێشوو»، دەتگوت لەو کۆبوونەوەیەدا نە من لەگەڵ کاک مستەفا دانیشتووم و نە هیچم گوتووە و نە هیچ تەوافقێکمان هەبووە و نە دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتووین. بۆیە ئێمە بەوە ناڕەحەت بووین و پێمان وابوو ئەوان لەژێر پێی ئەو بەحسانە چوونەتەدەرێ. نەدەبا ئەوەیان کردبایە، بەڵکو لە پلێنۆمدا دەبوو ئەوەیان پەسند کردبایە و زەمینەیان ساز کردبایە بۆ دانیشتنەکانی دیکە. دوای ئەوەش لەباری تکنیکی موزاکرات و گفتوگۆ، ئاخر دوو لایەن دادەنیشێ، لایەک دەڵێ مونتەزیر دەبم لایەکەی دیکەش دەڵێ وەڵامت لێ دەنێرمەوە. تا ئێستاش بە چاک و بە خراپ وڵامیان لە ئێمە نەناردۆتەوە. ئەدێ ئێمە دوو دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتین، کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئەوەش نەتیجەکەی بوو هاوڕێیان، ئەوەی ئێوە دەڵێن ئێمە موافقی نین. لانیکەم وڵامیان دەدایەنەوە، تا ئێستاش نە بە نووسراوە نە بە قسە، نەیانگوتوە ئەدی ئێمە بڕیارەکەمان ئەوە بووە؛ بەڵام نەتیجەی پلێنۆمەکەی ئەوان نەتیجەیەکی باش نەبوو و لەگەڵ ڕوحییاتی ئەو قسانەی من و کاک مستەفا کردمان و شۆڕمان کردبۆوە خوارێ، لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی کرابوو، بە هیچ جور لەگەڵ ئەوە نەدەهاتەوە. بۆیە لەڕاستیدا ئەوان بەو هەڵوێستە دەکرێ بڵێم پرۆسەکەیان بە بونبەست گەیاند، دەنا بەو ئیبتکاراتەی ئێمە هەمانبوو و ئەوانیش ئیستعدادێکیان نیشان دابوو، یا مەرحەلەیەک ئێمە چووبووینە پێشێ.

**پرسیار**: لەدوای دانیشتنەکەی هەر دوو دەفتەری سیاسییەوە تا ئێستا ئێوە هیچ پێوەندییەکتان پێوە نەبووە، نامەیەک

بەشی دوویەم

**لەلای ئێوەوە بچێ بۆ ئەوان یان هی ئەوان هاتبێ، یان جەنابت لەگەڵ کاک مستەفا کۆ ببیتەوە، هیچ شتێک نەبووە؟**

**وەڵام**: دوای پلێنۆمی ئەوان کە هیچ خەبەریکیان لە ئێمە نەناردەوە و ئێمەچاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد، نا، ئێمە پێوەندیمان نەکردۆتەوە. بەڵام هەموو جارێ ئێمە کردوومانە؛ من دوو نموونەت بۆ دێنمەوە: لە ساڵانی پێشووشدا لە تەنیشتی ئەوەی موزاکراتمان دەکرد و لەگەڵ یەک دادەنیشتین، هەوڵمان دەدا بەعزە حەللێک بێنینە گۆڕێ، بە موازاتی ئەو موزاکراتانە ڕیزەکانی خوارەوەش کاری هاوبەوش بکەن، ئێمە لە ئوروو‌پا و ئەمریکا و لێرە بە هەموو ئۆرگانەکان و موئەسساتی حیزبی و کومیتەکانی خۆمانمان گوتبوو پێشنەهادیان پێ بکەن بۆ هاوکاری بە موناسیبەتە جۆراوجۆرەکان، خەڵکەکە کۆ بێتەوە لە دەوری یەک بێ و لەوێڕا وردەوردە زەمینەی ئەو شتانە دروست بێ. هەر لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە، ساڵی ڕابردوو، دوو ئەندامی کومیتە ناوەندی خۆمان ناردۆتە لای سکرتاریای ئەوان، داوامان لێکردوون بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان، با بەیەکەوە لەسەر گۆڕستانی هاوبەشی دێموکراتەکان کۆ بینەوە و ڕێزیان لێ بگرین، ئەوە سەرەتایەک بێ، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لە وڵاتانی دەرەوە زۆر زۆر بووە، ڕەدیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لێرە زۆرزۆر بووە، ڕەتیان کردۆتەوە. گوتومانە بە موناسیبەتی یادی دوکتۆر قاسملوو، یادی دوکتۆر شەرەفکەندی، یادی پێشەوا، لەو کارانەدا وردەوردە دەست پێبکەین، لە دەوری یەک کۆ بینەوە، بەڵکە جەوهەری ئەو یادانە هاندەرێک بێ بە لەحازی ڕووحی و ڕەوانی، ئێمە خۆمان لەگەڵ یەک ببینین، هەمووی ئەوانەیان ڕەت کردۆتەوە. هەر لەماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا کە تەلەویزیۆنەکەیان بەداخەوە داخرا، ئێمە لە دەفتەری سیاسی نامەیەکمان بۆ ئەوان ناردووە، لە نامەکەدا گوتوومانە ئێستا کە تەلەویزیۆنەکەی ئێوە داخراوە، ئێوە دەتوانن لە تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ ئیستیفادە بکەن. بۆیە لەو پێوەندییەدا ئێمە ئامادەین لەگەڵتان دابنیشین، تا تەلەویزیۆنەکەی خۆتان دەست بەکار دەکاتەوە، بەرنامەکانتان ئەوەی پێویستتانە لە کوردکاناڵ بڵاوی بکەنەوە، لانیکەم تا ئێستا خەبەریکیان نەناردۆتەوە  کە نامەکەتان گەیشت، نامانەوێ و زۆر سپاس، دەمانەوێ بەڵام چۆنی بکەین.

لە عورفی ڕەوابیتدا کاتێک نامەیەک بۆ شوێنێک دەنێردرێ، هەرچەند تۆ ئەو شوێنەت خۆشیش نەوێ، لانیکەم دەڵێی کاکە نامەکەت گەیشت زۆر سپاس، بەڵام نامانەوێ. تا ئێستا نە بە قسە و نە بە نووسین جوابێکیان نەداوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەوان لە تەعامولی ئەو کێشە لە یەک خانەدا گیریان کردووە، خانەکە هەمووی بەداخەوە ئەوەیە ئینکاری تۆ بکەن، تۆ بە ڕەسمییەت نەناسن. لەحاڵێکدا ئێمە هەرگیز لە هیچ شوێنێک داوامان لەو هاوڕێیانە نەکردووە کە ئێوە ئێمە بە ڕەسمییەت بناسن. پێویست نیە ئێمەش ئێوە بە ڕەسمی بناسین. ئەو دوو دێموکراتە چاک یان خراپ ئەوە هەن و دەڕوا، هەر کەسە خەڵکی خۆی هەیە و سیاسەتی خۆشی دەکا و پێویست ناکا بێن لەیەکتر سەنەد وەربگرن و ئیمزا وەربگرن. ئەوان یەک لەوەدا گیریان کردووە بەداخەوە. جا بۆیە ئێمە لەو مەواریدانەدا هەرچەند ئیبتکارمان بە خەرج داوە، زۆر

نەچووینەتە پێشێ، هەوڵەکان ئەغڵەب یەکلایەنە بووە، ئەمن پێم خۆشە ئەوەش بڵێم زۆرجار هاوڕێیانی خۆمان ڕەخنەیان لە خۆم بووە یان ڕەخنەیان لە دەفتەری سیاسی بووە، ئەدی ئێوە بۆ هێندە نەرمونیانی نیشان دەدەن، هەر ئێوە ئیعتاف نیشان دەدەن، هەر ئێوە هەوڵ دەدەن و خۆ ماندوو دەکەن بە پرۆسەی یەکگرتنەوە، ئەوان کەمتر پێیەوە ماندوون، کەمتر وەک ئێوە خەمخۆرن، ئەوە بۆ ئاوا دەکەن، ئێمە ئەو گلەیی و گازندانەشمان لەنێو ڕیزەکانی خۆمان قبووڵ کردووە، هەر لەسەر ئیحساسی مەسئولییەت بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە و دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک.

**پرسیار**: کاک خالید هەرچەند لە لەوانەیە کەمێک لە باسەکە دوور کەوینەوە، دوای ئەوەی چاوەڕوانییەکی باش لەنێو خەڵکدا دروست بوو، یانی گەشبینییەک هەبوو، هیوایەک هەبوو، ئێستا بەداخەوە جەنابت دەڵێی بە بونبەست گەیشتووە، بەڵام لەو سەروبەندەدا کە هیوایەک هەبوو، کتێبێک لە نووسینی کاک مستەفا هیجری بڵاو بۆوە بەنێوی «نسکۆ و دابڕان»، لەو کتێبەدا کۆمەڵێک هێرش کراوەتەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسایەتییەکانی، ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاتان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبە و ئەوە کە لە ئێستادا بەو ئەدەبیاتە و لە ئاستی سکرتێردا ئەو کتێبە بڵاو بۆتەوە، چیە؟!

**وەڵام**: بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لەو قۆناخەدا، لانیکەم لە سەردەمێکدا کە ئەمن و کاک مستەفا پێکەوە دانیشتووین و قسەمان لە زۆر شت کردووە و دەفتەری سیاسی هەردوولامان دانیشتووین و بەرەو ئەوە دەچووین بەعزە حەللێک ببینینەوە، لانیکەم ئەمن وام فکر دەکردەوە، گەشبینیم دروست دەکرد، بەدبینیم دەرەواندەوە، هەوڵم دەدا گرژی و ئاڵۆزی نەمینێ، بەڵام دەرچوونی ئەو کتێبەم زۆر پێ ناخۆش بوو. پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی ئەو کتێبە بۆ ئێستا دەرکرا و شوێنەواری ئەو کتێبە، ئاماژە بە شتێکی هاوشێوەی ئەو دەکەم. دوو ساڵ سێ ساڵ پێش ئێستا، کاتێک ئێمە لە عاددی کردنەوەی ڕەوابیتدا باش دەچووینە پێشێ، دادەنیشتین، پەیامان بۆ یەکتر دەنارد، هەوڵمان دەدا، خەڵکمان ئومێدەوار دەکرد، لە گەرمەی ئەوەدا بووین، لایەنی کاک مستەفا هیجری لە جیاتی ئەوەی بێن لەگەڵ ئێمە لەسەر چارەسەری کێشەکان قسە بکەین، لەژێرەوە چەند کەسێکیان لەنێو ئێمە هان دابوو، دوایە ئەو چەند کەسە چوونە نێو خۆیان. ئەمن گلەییشم لێ کردن گوتم ئەوە موعامەلەیەکی خراپە، دەڵێن لە بازی شەترەنجدا شەترەنجبازی خراپ ئەوەیە کە ئەسپێک بە پیادەیەک دەدۆڕێنێ. ئەو حیزبە لەت بووە، لەتێک بەو هەموو کادر و پێشمەرگانە سەرمایەی هاوبەشمانە، نایەی کار لەسەر ئەوە بکەی بێین ئەو حیزبەی پێ گەورە بکەینەوە، لە ژێربەژێر لەسەر دوو سێ کەس کار دەکەن، فریویان دەدەن لەدژی ئێمە هەراوهوریای پێ دەنێنەوە، شتی وا دێ و دەڕوا و نابێ بە هیچ، ئینسان دەبێ گەورە فکر بکاتەوە، مەوریدی وەک ئەوە زۆر بوون، خەڵک بە پوڵ لەولاڕا هاتبوونە لای ئێمە، یەکجاریش لەتەلەویزیۆن باسمان نەکردن. مەبەستم ئیحساسی مەسئولییەتە، ئەو وەختیش ئەوە بۆیە کرا، بۆوەی کە ئەو ڕەوابیتە کە بەرەو عادیبوون دەچوو، تێک بدرێ و تا

ڕادەیەکیش تەئسیری دانا بۆ ماوەیەک ڕەوابیت گرژ و ئاڵۆز بوەوە و خەڵکی جۆراوجۆر بە مەبەستی جۆراوجۆر شتی لەسەر دەگوت و دەنووسی. بەڵام ئەمەی ئەوجار و ئەو کتێبە، لەڕاستیدا ئەمن زۆرم پێ ناخۆش بوو، ئێمە لە گەرمەی موزاکرە و گفتوگو و ڕێگەچارە دیتنەوەدا بووین، بەرەو ئەوە دەچووین کە ئەو کێشانە کە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بووە، وردەوردە لە شوێنێک وەک فایل دایانبنێین و ئارشیویان بکەین، مەگەر پێویست بێ موراجیعەی پێ بکەین، ئەگەر موراجیعەشت بە شتی مێژوویی کرد، ئارشیوەکان، تەبەقەبەندی دەکرێ، هێندێک شتی نێوخۆیییە، ئی نێو بنەماڵەکەتە، هەرگیز ناچێتەدەر. بنەماڵەیەکیش شتی نێوخۆیی هەیە، دەوڵەتێکیش شتی نێوخۆیی هەیە، حیزبێکیش شتی نێوخۆیی هەیە. بەڵام بەداخەوە نووسینی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجرییەوە، لانیکەم ئەوەی بۆ من دروست کرد لە گەرمەی ئەوەی من ماندووم بەوە، دەفتەری سیاسی ئێمە ماندووە و بۆ وەحدەتی ئەو حیزبە دەڵێم کاک مستەفا جەنابت سکرتێر بەو ئەمنیش لە خزمەتت دام، لە گەرمەی ئەوەدا خەریکن دەچن کتێبێک دەنووسن، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیی زۆرتر دروست کەن. کێشەی زۆرتر دروست کەن. وەک ئەوەی ئەو دەمەی لەگەڵ من دانیشتووە یان هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییان لەگەڵ دەفتەری سیاسی ئێمە دانیشتوون و قسە دەکەن چۆنی حەل بکەین، بیریان لەوە کردۆتەوە ئەدێ چۆن کتێبێک بنووسین باسی ڕابردوو بکەین، ئەو کێشانە بێنینە گۆڕێ، جارێکی دیکەش جەوەکە تێک بەدەین و ئاڵۆزی بکەینەوە. کتێبێک کە بێحورمەتی بەولایەی تێدا هەیە کە بەشیک لە مێژووی ئەویشە، بێحورمەتی بە کەسایەتییەکانیش تێدا هەیە کە هێندێکیان بەقەد تەمەنی ئەو لەو حیزبەدا خزمەتیان کردووە. بۆیە دەبێ بڵێم دەرکردنی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجری ئیقدامێکی مەسئولانە نەبوو، لانیکەم ئەمن ماندوو بووم و لەگەڵ خۆشی باسم کردبوو، دەفتەری سیاسی ئێمەش ماندوو بوون کە چۆن چارەسەرێک بیبینینەوە. ڕاوەستابان لە داهاتوودا، خۆ نەچوە بچێ. بەدبەختییەکی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لە کتێب نووسین بەپەلەن، هەر کەس بەدوای بیرەوەرییەکاندا دەڕوا و کتێبیک دەنووسێ و ئاوڕ دەداتەوە و کێشەش بۆ نەسڵەکانی دیکە دروست دەکا. بۆیە ئەمن گلەییم لە خودی کاک مستەفا هەیە، نەدەبا ئەوەی کردبایە، لانیکەم دەبا ئەو ئیجازەی نەدابا و گوتبای ئەو کتێبە ئەگەر واش بێ ئێستا نابێ دەربچێ. ئێمە خەریکی هێندێک موزاکراتی جیددی لەگەڵ ئەو برادەرانەین، ماوەیەک ڕادەوەستین.

ئەمن بێئەوەی بچمە نێو نێوەڕۆکی ئەو کتێبە، چاکە یان خراپە، بەڵام ئەو کتێبە کە ئێستا بڵاو بۆوە، وای دەخوێنمەوە، عەمدەن ئەوەیان کرد بۆ تێکدانی ئەو پرۆسەیە، بۆ لەبارڕبردنی ئەو زەمینەیە بووە کە بە هیممەتی ئەندامانی هەردووک لا، دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە، خەڵکانێکی زۆر لە ئەندامانی هەردوولا بەنێوی کەمپەین و کاری هاوبەش بەیەکەوە ئومێدەوارییان بڵاو دەکردەوە و موژدەی ئەوە دەدرا کە بەرەو چارەسەرێک دەڕۆین، بەڵام دروست لە گەرمەی ئەوەدا کتێبێکی ئاوا بڵاو دەکەنەوە. ئەو کتێبە لەڕوانگەی من عەمدی بڵاو بۆوە، بۆوەیکە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و گەورەکردنەوەی حیزبی دێموکرات لەبار بچێ. لە هەمووی ئەوانەش گرنگتر زۆر لەوە بەداخم کە جاروبار بیر لە مێژووی

حیزبی دێموکرات دەکەمەوە، لە پەنجا ساڵی ئەخیر ئەو هەموو کێشەمان هەبووە، لەوە بەداخم کە نەسڵی ئێستاش هێندە بەو کێشانەوە بژین، لەجیاتی ئەوەی دابنیشین فکر لە شتی گەورە بکەینەوە، ئەدی ئێران چی لێ دێ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی لێ دێ، ئێمە چمان لێ بەسەر دێ، ئەو حیزبە هاوبەشەی ئێمە پەنجا ساڵە ژیانی هەر لە کوردستانی عێراق و دەربەدەری دایە، چی لێ بکەین، کتێبێک دەنووسرێ لەو کتێبەدا ئێنرژییەکە لەسەر ئەوە سەرف دەکرێ، فڵان شەخسییەتە چۆن بشکێنن، فڵان شەخسییەتە چۆن تەحقیر بکەین، ڕابردووی جەمعێکی کە لەخۆیان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەبێئیحترامییەوە بەرخوردی پێبکەن. بۆیە بە باوەڕی من بۆ جارێکی دیکە دەڵێم مەسئولییەتی بە بونبەست گەیاندنی ئەو پرۆسەیە ئێمە ئەوجارە باشمان هێنابوو و سەر نەکەوتین، دەکەوێتە سەر لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سکرتێری کاک مستەفا هیجری. بۆیە ئەوە دەڵێم بەڕاستی لایەنی ئێمە بە ئیعتماد بە نەفسەوە بە جیددییەت و بە عەلاقەوە چۆبووە نێو ئەو پرۆسەیەوە.

**پرسیار**: کاک خالید بگەڕێینەوە سەر پەیامەکەی جەنابت لە پەیامەکەدا دەڵێی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون، ئاڵۆز لە ناوچەکەدا هەیە و ئێستا دەبینین سیناریۆکان ناڕوونترن، ئاڵۆزترن، زیاترن، جەنابت دەفەرمووی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لانیکەم جارێ لە بونبەست دایە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسانە و داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی چۆن دەبینی و پێت وایە دەبێ چ بکرێ بۆوەی کە لانیکەم حیزبی دێموکرات بتوانێ وەک خەڵک چاوەڕوان دەکا، پێگەی خۆی وەدەست بێنێ و لەنێو ئەم سیناریۆ ناڕوونانەدا ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟

**وەڵام**: ڕەنگە حەللی جۆراوجۆر هەبێ، خەڵکی جۆراوجۆر حەللی موختەلیف بێننە پێشێ، بەڵام ئەوەی لای ئێمە ئەولەوییەتی هەبوو وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵی ئێستادا کارکردن بۆ ئەوە بوو چۆن دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک. پێمان وابوو بەشێک لەو ئینتزاراتە بە حیزبی دیموکراتێکی بەقووەت جێبەجێ دەبێ، بۆوەی ئێمە پێیەوە ماندوو بووین. بەڵام ئێستا کە بەداخەوە لایەنی بەرامبەری ئێمە ئەو پرۆسەیەی بە بونبەست گەیاند و لەوەدا مەسئولە کە نەیهێشت بە سەرەنجام بگا و ئەو ئاواتەی کۆمەڵانی خەڵک جێبەجێ بێ، ئێمە دەست لەسەر دەست دانانێین. ئێمە نائومێد نەبووین، دیسانەکە ئەمن پێم خۆشە لێرەدا ئەو پەیامە بدەم: سەرەڕای ئەوەی ئەوان بە جیددی هەرگیز بۆ ئەم مەسەلەیە نەهاتنە پێشێ، سەرنجیان بە ڕێگە حەللەکانی ئێمە نەکرد، بە جیددی لەنێو خۆیاندا نەیانکرد بە باس، چونکە نەتیجەکان وا نیشان دەدا، بەڵام دیسانەکە ئێمە هەر ئومێدەوارین. بۆ جارێکی دیکەش ئێمە هەر ئومێدەوارین لەسەر یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کار دەکەین و هیوادارم ئەوان پاش خوێندنەوەیەکی ڕابردووی ئەو کێشانە و تەجرووبەی موزاکراتی ئەخیر و چۆن تەعامولیان کردووە و مەوزووعەکان چۆن هاتوونەگۆڕێ، بۆ جاریکی دیکەش فکر لەوە بکەنەوە و هەر وەختێک فکریان لەوە کردەوە، بۆ جارێکی دیکەش ئێمە ئامادەین هەر وەختێک داوایان کرد ئێمە ئامادەین لە سەر

پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان قسە بکەین. یەعنی هەرگیز ئەوە وەلا نانێین وەلەو ئەرکی بە بونبەست گەیشتنەکە و سەرنەکەوتنەکەی لەسەرشانی ئەوانە. ئێمە لەو پێوەنییەدا ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک، ئەندامانی ئەوان، ئەندامانی خۆمان دەڵێم بەڕاستی ئەوەی لە توانای ئێمەدا بووە، بە ئیحساسی مەسئولیەت و خەمخۆرییەوە هەمووڤمان موستەنەد کردوومانە تا ئێستا هێناومانە، شتێک نەماوە کە ئێمە نەیکەین.

بەڵام لەو سێناریۆ ناڕوونانەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا، لەڕاستیدا هەر ئەوەیە کە یەک: ئێمە هەوڵ بۆ ئەوە بدەین، دوو: ئەرکی ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لە دەرەوەی وڵات، لە نێوخۆی وڵات، لێرە، ئەرکی میدیایی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی ئێمە، لەمەوبەدوا قورستریش دەبێ. بۆ؟ ئێمە هیوادار بووین لە ئیدامەی خۆیدا ئەگەر ئەو یەکگرتنەوە بە نەتیجەیەک بگا، بەیەکەوە ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین، بەڵام ئێمە لێرە بەدوا خۆمان پتر ئەرکدار دەکەین، بە کاری جیددیتر و بەردەوامتر، لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی بۆخۆمان باوەڕمان پێیە و دەبێ حیزبی دێموکرات بکەینە ئەو حیزبی دێموکراتەی کە لە پەیامەکەی خۆمدا هاتبۆە گۆڕێ، ئێمە لانیکەم بۆخۆمان کاری پێدەکەین. هیوادارم کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆی وڵات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی، زۆرتر لەمەوبەدوا لەو مەیداندا کار بکەن، یەعنی قورساییەکی زۆری ئەوە دەکەوێتە سەرشانی ئێمە. تەنیا دەمەوێ لێرە شتێکی دیکە ئاماژە پێبکەم ئەویش ئەوەیە کاتێک باسی ئەو سێناریۆ ناڕوونانە دەکەم دەقیقەن دەمەوێ جارێکی دیکە تەئکید بکەمەوە، لایەنی ئێمە بۆچوونی لەسەر چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان هەمیشە ئەوە بووە لە پەنجەرەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێداویستیی سیاسی ئێمە بەرەو ئەوە بچین حیزبی دێموکرات بکەینەوە یەک و حیزبی دێموکرات بکەوێتەوە سەرێک بۆ ئەوەی ئەو ئێنێرژییەمان بۆ ئازاد بکا و هەمیشەش دەمانگوت ئەو حەللەی ئەو برادەرانە دەیانهێنا گۆڕێ، ئەو لایە بێتەوە نێو ئەو لایە و ئەو لایە حیزبی مادەرە و ئەو لایە حیزبی پدەرە، یان ئەولا بێتەوە ئەو لایە، من موخالیفی ئەو حەللەم. چ ئەوان بێنەوە لای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بێنەوە قەڵای دێموکرات کە کاتێک هەموومان لێرە کارمان کردووە، چ لایەنی ئێمە بچێتەوە لای ئەوان. ئەوە بە مانای ئەوەیە هەر ئەو حەللە لە ڕۆژی یەکەمدا کیشە خوڵقێنەرە. ئەوە هیچ موشکیلەیەک چارەسەر ناکا. باشترین حەل ئەوەیە یەکتر بەو جۆرەی هەن قبووڵ بکەین و ئینسانەکان بەو جۆرەی هەیە قبووڵ بکەین، هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن، هەموو لایەک خۆی تێدا ببیننەوە، هەموو لایەک ئیحساسی ئەمنییەتی سیاسی تەشکیلاتی بکەن، هەموو لایەک لە حیزبی واحیددا ئاسوودە بن، ئەوەیە تەزمینی ئەوە دەکا حیزبی دێموکرات لە داهاتوودا ئەگەر تووشی کێشەی ئاوا بۆوە، زەرەر و زیانی زۆرتر نەبێ.

**پرسیار**: کاک خالید وەک دوایین پرسیار بە سەرنجدان بەو قسانەی جەنابت باست کرد، کە بەرەو حەفتاساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەچین، ئەگەر ئەم دوو دێموکراتە لێک نزیک نەبوونەوە، نەیانتوانی لە پرۆسەیەکی سالمدا یەک

**بگرنەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێ و جەنابت وەک سکرتێری ئەو حیزبە پەیامت ڕوو بە ئەندامانی ئەو حیزبە چیە؟**

**وەڵام**: بە باوەڕی من ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دوو مەیداندا ئەرکمان لەسەرە؛ یەکیکیان نێوخۆییە. لە دانیشتنی نێوخۆیی خۆماندا ئەگەر بە مێژووی پەنجا ساڵەی ئەخیری خۆماندا بڕۆینەوە، شەهامەتمان هەبێ، کێشەکانی نێو حیزبی دێموکرات، مێژووەکەی هەیە، زۆرێک لەوانەی لە کێشەکاندا بوون، بەخۆشییەوە لە حاڵی حەیات دان، یان لە کتێبەکاندا موستەنەد کراوە، لە دەورانی ڕێزدار کاک ئەحمەد تۆفیقەوە تا دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوو بگرە کە دەورانێک کێشەکانی ئەو سەردەم هەبوون و شاراوەش نیە و دوایەش هەر درێژەی هەبووە تا دەورانی کاک دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە دەورانی ڕێبەرانی زیندووی هەر دوو بەشی دێموکرات، چ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و چ ئەوی دیکە، ئی دەورانی ئێستاش کە هەر دوو لامان لە حاڵی حەیات داین، بتوانین بەشێوەی نێوخۆیی شەهامەتمان هەبێ لەوێ ئاماژەی پێبدەین. بڵێین ڕێبەرانی شەهید و زیندوو لەو مەواریدانەدا هەڵە و ئیشتیباهاتمان بووە لە تەعامول لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی خۆمان. ئەوە بۆیە بڵێین ئەو نەسڵەی فێرە حیزبایەتیە دەکەین لە داهاتوودا، دەرسی لێ وەربگرێ و ئەو هەڵانەی ئەمن کردوومە، ئەو نەیکاتەوە.

ئەرکی دووەم ئەوەیە ڕوو بە دەرەوە، ڕوو بە ئێران، خوێندنەوەیەکی دیکە بکەینەوە لە ئێران، ئیمپراتۆرییەتی ئێران چ بووە، مەزهەب کەنگێ هاتۆتە نێو سەحنەی سیاسیی ئێران، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چۆن بووە، چۆنمان پێناسە کردووە، چۆن شەڕمان لەگەڵ ئەو حکوومەتە کردووە، هەڵە و ئیشتیباهاتی ئێمە چ بووە، کارم بە هی ئەوان نیە ئەوە لە جێگای خۆی دایە، ئەمە لەگەڵ وان موبارزە دەکەین و لەو سی و شەش ساڵەدا چۆنمان تەعامول کردووە، ئەو میتۆدانەی ئێمە هەموو باش بووە، لەکوێ دەستی تێوەردەین، لەکوێ شتی تازە بێنینە گۆڕێ، پێداچوونەوەیەکیش بەوانەدا بکەین. مادام پێداچوونەوەمان بەوانەدا کرد، هەمووی ئەوانە دوو سێ شت دێنێتە گۆڕێ: یەکێکیان بەرنامە بۆ داهاتوویە ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک و داهاتووی ئێران، ئەوی دیکەش دیتنەوەی میکانیزم و فەرهەنگ سازییە لەنێوخۆی حیزبی دێموکراتدا کەهێندێک لەو کێشانە دەیان ساڵە بەرۆکی حیزبی دێموکراتی گرتووە و بۆ خۆمان حەللی بکەین. من لەو باوەڕە دام حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیحتیاجی بەو پێداچوونەوە هەیە. دەبێ ئێمە شەهامەتمان هەبێ دوای حەفتا ساڵ چی؟ چمان کردووە؟ لە کوێ کەمیمان هێناوە؟ لەمەوبەدوا دەبێ چ بکەین؟ دڵنیام ئەگەر ئەو ڕووحە هەبێ، ڕووحی سازندەگی هەبێ هەموو لایەک تێیدا بەشداری بکەن، دڵنیام دەتوانین بەیەکەوە هیوایەکی باش دروست بکەین بۆ داهاتووی حیزبی دێموکرات و بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەشی دوویەم

ـ زۆر سپاس کاک خالید

**وەڵام**: زۆر سپاس بۆ جەنابیشت

له ژماره ٦٥٣ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

# خالید عەزیزی: بۆ ئاژانسی "ئانادۆڵ": "ستراتێژی ئێران خولقاندنی قەیرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"



**فەخرەدین ئیبراهیم**

**سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، خالید عەزیزی باسی رەوشی ناوچەکە و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران دژی ئەو وڵاتە و هەروەها مافی خەباتی چەکداری و نموونەبوونی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەکات.**

**پرسیار: خوێندنەوەیەکی گشتیتان بۆ رووداوەکانی ئەم دوایییەی کوردستانی ئێران بەدوای رووداوی فەرینازی خوسرەوانی چییە؟**

**خالید عەزیزی**: ئەوەی لە کوردستانی ئێران رووی دا کۆمەڵێ فاکتۆر بەشدارن. فاکتۆری سەرەکی لێرەدا کۆمەڵانی خەڵکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەدوای ٣٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان بەدژی کۆماری ئیسلامی ئێستاش ئەو حکوومەتە دان بە مافەکانیان نانێت و مافی نەتەوەییان لەبەرچاو ناگرێت. لایەکی دیکەی دۆسیەکە خودی ئێرانە کە هەتا ئێستە تەواوی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بە سەرکوت و بەمیلیتاریزەکردنی کوردستان وەڵام داوەتەوە. لە نەتیجەدا لە کوردستان رقێکی پیرۆز هەیە خەڵک بەگشتیی ناڕازین هەر دەرفەتێک کە دێتە پێشێ کەڵکی لێوەردەگرن. رووداوی مهاباد ئەو دەرفەتەی هێنایەگۆڕێ کە لە راستیدا خەڵک بەئیعترازکردن، ویست و داخوازییەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ. بەبڕوای ئێمە بۆ جارێکی تر دۆسیەی کوردستانی ئێران لە میدیاکان و گۆڕەپانی سیاسی جیهاندا بووە رۆژەڤ".

**پرسیار**: بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە کە لە کوردستانی ئێران ڕووی داوە ئەمڕۆ پێنجشەممە چالاکی مەدەنی نێوخۆ، وەکو ڕۆژی مانگرتنی گشتی دیارییان کردووە، چ پەیامێکتان بۆ ئەو مانگرتنە هەیە؟

**خالید عەزیزی**: یەکەم ئێمە پێمانوایە مانگرتن، خۆپێشاندانی خەڵک لە کوردستانی ئێران مافی تەواوی ئەو خەڵکەیە. هەر کردەوەیەکی هێمنانە کە خەڵک مافەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ ئەوە هەقێکی سرووشتی خۆیانە و نابێ ئەو هەقەیان لێ بسێنێتەوە تەنانەت ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ دەستووری ئێرانیش هەرچەند ۆارادۆکسی زۆرە بۆ نموونە لە شوێنێک مافێکت دەداتێ و لە شوێنێکیتر لێت دەستێنێتەوە، لەوێشدا دەرفەتی خۆپێشاندان و مانگرتن هەیە. ئێمە هیواداریین ئەو مانگرتنانە لە پەرەسەندندا بێت بەتایبەت ئێستە کە کەسانێک گیراون و دەبێ بە فشاری هەمووولایەکمان دەوڵەتی ئێران ناچار بێت تەعامولێکی مەعقولانە و مەسئولانەیان لەگەڵدا بکات و هەمووولایەک هەوڵ بدەین لە پێناوی ئازادکردنیاندا".

**پرسیار**: لەپاڵ ئەوەی کە بەردەوام باسی پاڵپشتی لە خەباتی مەدەنی دەکەن بەڵام باسی ئەوەش دەکرێت کە ئەگەری دەسپێکردنی شەڕی چەکداری لەلایەن ئێوەوە دژی ئێران لەئارادایە، ئەم ئەگەرە هەتا چەند بەهێزە؟

**خالید عەزیزی**: پێشەکی پێمخۆشە بڵێم لەو ڕۆژەی کە دانوستانی خەڵکی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران '١٩٧٩' لەئارادا بوو، بەتایبەت حزبی دیموکرات کە لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتیانە بوو بەڵام ئێران قبووڵی نەکرد و شەڕی بەسەر کورد داسەپاند، لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستە هیچ ئاگربەستێکی فەرمی لە نێوانماندا نەبووە و نییە. ئەوەی کە ئێمە شەڕی چەکداریمان ڕاگرتبوو بەڕەچاوکردنی کۆمەڵێک تێبینی بوو. ئێمە لە هەمانکاتدا کە ڕێز بۆ چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆیی وڵاتەکەمان دادەنێین بەڵام هەرگیز پێمان وانییە کە خەباتی مەدەنی دەبێ وەکو ئەڵتەرناتیڤ لە بەرامبەر خەباتی چەکداری چاوی لێ بکرێت هەروەها بەپێچەوانەیشییەوە. ئێمەی کورد پێویستیمان بە خەباتی مەدەنی، خەباتی چەکداری و خەباتی دیپلۆماسیش هەیە. خەباتی چەکداری لە ڕوانگەی ئێمەوە لە ڕوانگەی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەقی مەشرووعی خۆمانە دیفاع لە خۆمان بکەین. هەرگیز ئێمە شەڕمان لەگەڵ ئێران دەسپێ نەکردووە بەتایبەت لە ناوچەیەکدا کە هەمووکەس چەکدارە. ئەمریکا، تورکیا، عێراق هەموویان چەکدارن. ئێران دەیان هێزی چەکداری هەیە بۆچی بۆ ئێران ڕەوایە کە هێزی سوپای پاسدارانی هەیە و لە هێزی دیکەش لە کوردستان بۆ بەرگریی لە خۆی کەڵکوەردەگرێت ئەی بۆچی ئەم ماف و هەقە بۆ ئێمەی کورد و پێشمەرگەی کوردستان ڕەوا نییە کە بەرگریی مەشرووعی چەکداریی لە خۆمان بکەین؟ بۆیە بەباوەڕی من لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت لە کوردستانی ئێران دەبێ ئەو مافە بۆ خۆمان مەحفووز بکەین کە هەرکاتێک بەدرووستمان زانی، بەپێویستمان زانی، خەباتی چەکدارانە وەک مافی بەرگریی مەشرووع لە خۆمان کەڵکی لێوەر بگرین".

بەشی دوویەم

**پرسیار**: لەم خۆپێشاندانەی دواییدا لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە ئێوە تۆمەتبار کراون بەدەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتە و هەروەها چەند چالاکێکی نێوخۆییش هەمان خوێندنەوەیان بۆ رووداوەکان هەیە. چۆن وەڵامی ئەم پێکدادانە دەدەنەوە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە لە خەباتێکی بەرین و بەربڵاو دژی ئێرانین و ئێستە کە ئەم دۆخە لە گۆڕەپانێکی گەورەی میدیایی بەدژی ئەو دەسەڵاتە هاتووەتەگۆڕێ، هیوادارم ئەوانەی لە نێوخۆ لە دەرەوە و ئێمەش وەکو حزبەکانی سیاسی بەجۆرێک رەفتار نەکەین کە یەکتر بێشێنین. بێگومان چالاکی نێوخۆی وڵات بەپێی دۆخی ئەوێ هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوانەی دەرەوەی وڵات و ئێمەش هەروتر. کەوایە ئێمەی کوردی ئێران هەموومان لە یەک کەشتی داین و هەموومان بەیەکەوە دەبێ بیگەیەنینە شوێنی مەبەست. من رێزم بۆ هەوڵ و تێکۆشانی هەموولایەک هەیە و دەیشبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە هەمانگیمان بەیەکەوە هەبێت چونکە ستراتیژی سەرەکی ئێران ئەوەیە بەشێوازی جۆراوجۆر لە نێوانمان ناکۆکی دروست بکات".

**پرسیار**: چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ دانوستان لەگەڵ ئێران؟

**خالید عەزیزی**: پێمخۆشە لەو بارەوە قسەیەکی دکتۆر قاسملوو وەبیر بێنمەوە کە 'ئەگەر شەڕ لە کوردستان یەک رۆژ وەدوا بکەوێت کورد یەک رۆژ زیاتر قازانجی کردووە'، ئەوە بەردی بناغەی سیاسەتی ئێمەیە. حزبی دیموکراتی کوردستان کاتی خۆی کە پێشەوا قازی محەمەد دایمەزراندووە بۆ ئیدارەی وڵات دانراوە بۆ قانوونمەندی دانراوە، کابینەی هەبووە. ئەو حکوومەتەی کە پێکهات لە نەتیجەی شەڕدا پێک نەهاتووە. فەلسەفەی وجوودی حزبی دیموکرات چارەسەریی کێشە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە رێگەی دانوستانەوەیە بەڵام ئێران هەتا ئێستا هیچ ئیستعدادێکی نیشان نەداوە و بەناوی دانوستانەوە لەگەڵ رێبەرانی ئێمە دانیشتووە و تیرۆری کردوون. بۆیە مەجبوور بە دیفاع لە خۆمان بووین. ئێستاش هیوادارم ئەگەر کەسانێک لە نێو کۆماری ئیسلامی ئێراندا مەعقووڵانە و واقعبینانە بیر دەکەنەوە ئەوەیان لەبەر چاو بێت دۆسیەی کورد لە کوردستانی عێراق، لە کوردستانی سووریا، لە کوردستانی تورکیا بووەتە ئەمری واقیع و لە کوردستانی ئێرانیش چیتر ناتوانن لەبەر چاوی نەگرن و تەنها رێگەی دانوستانە. نە ئێمە لە ماوەی ٣٦ساڵی رابردوودا توانیومانە ئێران بڕووخێنین نە ئەوانیش توانیویانە ئێمە لەناو بەرن. کەوایە هەروولامان ئەمری واقعین و لە وەها دۆخێکدا گەڕانەوە بۆ دانوستان دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات. هیوادارم دژکردەوەی کۆمەڵانی خەڵک پاش رووداوی مهاباد بۆ جارێکیتر ئەو پەیامە بۆ هەموولایەک بنێرێت کە ناتوانن چیتر دۆسیەی کورد لەبەر چاو نەگرن".

**پرسیار**: پێتان وایە تورکیا دەتوانێ نموونەیەکی باش بێت بۆ چارەسەری کێشەکە واتە پرسی کورد ببێتە رۆژەڤ و

هەوڵبدرێت بۆ چارەسەرکردنی؟

**خالید عەزیزی**: بەباوەڕی من تورکیا لەم پێنج، شەش ساڵەی دواییدا زۆر چووەتە پێشێ و ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان زۆر تەشویق و تەقدیری ئەوە دەکەین و ئەوەی کە دیموکراسی تورکیا دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ لێکحاڵیبوونێکی بەرپرسیارانە لە نێوان کورد و تورک، دەتوانێ لە داهاتوودا نموونەیەک بێت. هیوادارین ئەوەی لە تورکیا بەڕێوەیە پەیڤێک بێت بۆ کاربەدەستان و کۆمەڵگەی ئێرانی کە پاش دەیان ساڵ کێشەی تورکیا لەگەڵ ئوپۆزسیۆنی کورد، ئەو وڵاتەی بەو نەتیجەیە گەیاند کە لەگەڵیان دانوستان بکات. بەباوەڕی من ئەوە دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە نموونەیەک. خۆ ئێران ناتوانێت ئەم نموونانە لەبەرچاو نەگرێت. رەفتاری ئێران لەگەڵ کورد رەفتارێکی شارستانیانە نییە و هیوادارم لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و هەروەها وڵاتانی دەوروبەر وانەیەک بێت بۆ ئەوان کە چارەسەری کێشەی کورد وەکو دەستووری کار بۆ خۆیانی دابنێن".

**پرسیار**: لەم دۆخەی ئێستەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رۆڵی ئێران چۆن دەبینیت؟

**خالید عەزیزی**: ستراتیژی ئێران خوڵقاندنی قەیرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە یەمەنەوە بگرە هەتا سووریا و لوبنان و عێراق و لەمدواییانەشدا بە ئیحتمالی زۆر دروستکردنی کێشە و کەڵکوەرگرتن لە شیعەکان لە وڵاتانی کەنداو، وردە وردە شەڕی شیعە و سوننە بکات بە ئەمری واقیع. ئێران تێدەکۆشێت هەستی شیعەکان لەو وڵاتانە بۆ لای خۆی رابکێشێت و بۆچوونێکی وەها لە نێویاندا بێنێتەئاراوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران نەبێت سوننەکان لە ناوچەکەدا شیعەکان لەناو دەبەن. ئێمە پێمانوایە ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەبێت هەردوولای شیعە و سوننە بەشێوەیەکی شارستانیانە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. لە روانگەی ئێمەوە ئێران بۆ داپۆشینی کێشەکانی نێوخۆیی بەتایبەت ئەم رووداوانەی کە لە کوردستانی ئێران لەم دواییەدا هاتوونەتەئاراوە، پێشبینی ئەوە دەکەین ئێران لە داهاتوودا کێشەی زۆرتر بنێتەوە زۆرتر نائەمنی و زۆرتر قەیران بنێتەوە و لە راستیدا بەشێکی زۆری ستراتیژییەکە لەبەر ئەوەیە کە بە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و دەوروبەر بڵێت ئێران دورگەیەکی ئارامە و ئەوە وڵاتانی ئێوەیە کە شێواوە. ئەگەر وڵاتانی دیموکرات و ناوچەیە دەیانەوێ بەرپرچی ئەم سیاسەتەی ئێران بدەنەوە تاکەڕێگە ئەوەیە پشتیوانی داوای رەوای کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتایبەت نەتەوەی کورد بدەنەوە کە داوایەکی رەوا و مەشرووع بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤیان هەیە".

ڕێکەوتی : ١٤ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: من هیچکات لایەنگری توندوتیژی نیم بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان



**وتووێژی هەفتەنامەی "ڕووداو"**

**هەڤپەیڤین: ئومید بەرین**

**ڕووداو: نارەزایەتییەکەی مەهاباد، پرسێکی سیاسی بوو یا کۆمەڵایەتی؟**

**خالید عەزیزی**: لەئێراندا پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵن، تەنانەت جاری وایە لە ولاتانی دێمۆکراتیکیش پرسی کۆمەڵایەتی دەبێتە پرسێکی سیاسی و هەندێک لایەنیش لەو ناوە هەوڵ دەدەن داواکارییەکانی خۆیان زەق بکەنەوە، هەرچەندە پرسەکەی مەهاباد کۆمەڵایەتی بوو بەڵام لە درێژەیدا بوو بە سیاسی، هۆکاری ئەوەش زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی و پشتکردن لە داخوازییەکانی خەڵکە کە بەستێنی ئەوە دەرەخسێنێت.

**ڕووداو: ئایا توندوتیژی لە پرسی کۆمەڵایەتیدا پاساو هەڵگرە؟**

**خالید عەزیزی**: من هیچکات لایەنگری توندوتیژی نیم بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان، بەڵام هۆکاری ئەو توندوتیژییە ئەوە کە حکومەت وەڵامدار نییە و گوێ لە داواکاری خەڵک ناگرێت، خەڵک لەناچارییەوە پەنای بۆ دەبەن. لە وڵاتانی دیموکراتیکیش توندوتیژی ڕوودەدات، بەڵام بەو جیاوازییە کە بەرهەمی کاردانەوەیەکی کورت ماوەیە، بەڵام لە ئێران بەهۆیی کەڵەکەبوونی داخوازییەکانی خەڵک ئەو بەستێنە لەمێژە ڕەخساوە.

**رووداو**: پێت وانیە کە توندوتیژی لە پرسی کۆمەڵایەتیدا نەزۆکە و شۆڕشی لێناکەوێتەوە؟

**خالید عەزیزی**: لە روانگەی من ئاگردانی هۆتێلەکە کارێکی باش نەبوو، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیتوانی کارێک بکەن کە ئەوە روونەدات، ئەوان زۆر بە ئەزموونن لە جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەر، من پێموایە ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە بەکردەوەکانی خەڵکی هاندا، هێزە ئەمنییەکان دەیانویست وێنایەکی توندیژ لە خەڵکی کوردستان نیشان بدەن و روو بەدەرەوە بڵێن کە ئەوە هۆتێل ئاگر دەدەن ، واتە کۆماری ئیسلامی ئێران مودیرییەتی قەیرانی کرد، بۆ ئەوەی نارەزایەتییەکە بە رێرەوێکی ئارامدا نەڕوات و نەگوازرێتەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان.

**رووداو**: دووای سوتانی هۆتێل تارا هێزە ئەمنییەکان پاشەکشەیان پێکرا! بۆچی؟

**خالید عەزیزی**: کاتێک کە زانیان نارەزایەتییەکان گەورە دەبێتەوە پاشەکشەیان بە هێزە ئەمنییەکان کرد، بۆ ئەوەی خەتا لەسەر شانی خۆیان لاببەن و پرۆپاگەندەی پێوە بکەن، واتە لە قۆناخی یەکەمدا خەڵکیان وروژاند بۆ ئەوەی توند و تیژی رووبدات و لە قۆناخی دووهەمدا پاشەکشەیان بەهێزە ئەمنییەکان کرد. بە پێی ماددەی ٢٧ی دەستووری ئێران، خۆپیشاندانەکەی مەهاباد رەوا بوو، نە کەس چەکی پێبوو و نە لە دژی ئیسلام بوو، بەڵام ئەوان یاسای خۆشیان پێشێل دەکەن و ئەو مافە لە خەڵک دەستێننەوە، هۆکارەکەشی نیگەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە پرسی کورد، دەسکەوتی کورد لە پارچەکانی دیکە هیوا و ئومێدی بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتیش دروست کردووە و حکومەت لەوە دەترسێت.

**رووداو**: نارەزایەتییەکە چۆن دەیتوانی رواڵەتێکی مەدەنییانەتر و بەردەوامی تری هەبا؟

**خالید عەزیزی**: با خۆپیشاندان واسەیر نەکەین کە تەنیا دەبێ کاردانەوە بێ بەرامبەر کردەوەیەکی حکومەت، با بژاردە و رۆشەنبیرانی ئێمەش کە لەناو خۆدا کار دەکەن بەشداری نارەزایەتییەکان بن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەوێ لەلایەنی مەزهەبییەوە، کەڵکی خراپ لە هەستی مەزهەبی وەرگرێت و لە دژی هەستی نەتەوەیی ئێمە بەکاری دێنێت، با مامۆستایانی ئایینیش بەشداری خۆپیشاندانەکان بن، ئەوە یارمەتی دەرە کە نارەزایەتییەکان درێژەی هەبێت و دەستی حکومەت دەبەستێت بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەو بە ئاسانی ئەو جۆرەیکە پێی خۆشە لێکدانەوە بکات. ئەگەرچی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە هەر حاڵەتێکیدا رەوایە و مافی خەڵکە با بیکەن بە عادەت و لەوەبەدواوە بەشیوەیە نارەزایەتی دەرببرین.

**رووداو**: بەشێک لە میدیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ ئەوەی بەڵگەیان لەبەردەست بێت،ئەو تۆمەتانەی دەخوانە پاڵ خاوەن هۆتێلەکە پشتراستیان دەکردەوە، چەندین هەواڵیشیان بڵاو کردەوە کە دواى دەرکەوت دورن لە راستی! ئەوە زەبر لە پرستیژی ئێوە نادات؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە دەسپێراگەیشتووی میدیاییمان سنووردارە و جار واهەیە زانیاری راست ناگاتە میدیای ئێمە و ئەوە قبوڵ دەکەم.

**رووداو**: لەلایەن هەندێک ئەندام و پێشمەرگەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتەوە، لەناویاندا حیزبی ئێوە، هێرش کرایە سەر چالاکڤانانی سیاسی نێوخۆی رۆژهەڵات، بەوە تۆمەتباریان کردن کە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی دەپارێزن! لێکدانەوەت بۆ ئەوە چییە؟

**خالید عەزیزی**: پێوستە هەموو لایەکمان کاتێک باسی کوردستانی ئێران دەکەین، هەرکەسە بەپێی گرێدراوی پێگەی جوگرافیایی، حیزبی و تاکە کەسی خۆی دادوەری نەکات، ئەوە تووشی هەڵەمان دەکات، هەڵوێستی چالاکڤانانی ناوخۆ و دەرەوە کە زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەوڵوێست دەگرن، یا هەڵوێستی حیزبەکان سەبارەت بە رووداوەکەی مەهاباد، زۆر شتی تێدابوو کە دەبێ لەیی فێر بین، کوردستانی ئێران موڵکی هەموو لایەکمانە، نابێ هیچ لایەک حوکم لەسەر لایەنەکەی دیکە بدات، کاری چالاکڤانانی ناوخۆ بەرز دەنرخێنم ،دەبێ لەیەک حاڵی بوونێک هەبێ و خۆ بپارێزین لە بەکارهێنانی وشەی خائین و جاش و خۆفرۆش، کە ئەو رەفتارە لەدژی زمانی بەیەکەوەبوون و یەکگرتووییە.

**رووداو**: لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس لە دەسپێکی شەڕی چەکداری و تێکهەڵچوون دەکرا، بەڵام هیچکات بەشێوەی فەرمی پشتراست نەکرانەوە!

**خالید عەزیزی**: کۆنترۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دەستی ئێمە بەدەرە، هەندێک کەس بە پێی حەز و خولیای خۆیان بیر دەکەنەوە و دەیانهەوێ وەها وێنایەک لە رووداوەکە پیشانی رای گشتی بدەن کە خۆیان حەزیان لێیە وابێ، ئەو کێشەیە بەهۆی دابڕان و نەبوونی گوتاری هاوبەش لەنێو لایەنەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دروست بووە، لە نەبونی گوتار و حەرەکەتێکی هاوبەشدا بوشای سەرچاوە دروست دەبێت.

**رووداو**: چالاکڤانان و رۆژنامەنوس ناوخۆی رۆژهەڵات لە دوو لاوە لەژێر گوشاردان، ئێران مۆرکی سیاسی بوون و

**جیاخوازیان لێدەدات و هەندێک لە پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش مۆرکی "جاش" بوونیان لێدەدەن! ئەوە هەمان رەفتاری کۆماری ئیسلامی نییە؟**

**خالید عەزیزی**: لە هەمانکاتدا کە کار بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک دەکەین، بەش بەحاڵی خۆم لە ئەگەری شێوانی داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان نیگەرانم، کە لە ئاکامی نەبوونی سەرچاوەیەکی هاوبەشدا، کەش و هەوایەک دروست بێت کە ئێمە تەیدا زەرەرمەند بین، رەوایە کە لەوەها کەش و هەوایەکدا رەخنەگران و راگەیەندنکارەکان نیگەرانیان هەبێت. بەڵام گەشبینم چوونکە رووداوی هاوشێوەی ئەوەی لە مەهاباد روویدا فێرمان دەکات، ئێمە ئێستا لە دەستەڵات و کۆمەڵگای خۆمان دورین، بە شیوەیەی ئاشکرا تەنیا هەوڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەندامانی خۆمان هەیە. حیزبێک لەلایەنی سیاسیەوە قەت ناتوانێت باش بیر بکاتەوە کە ئەگەر تەنیا بە گوێرەی ئەقڵییەتی ئەندامانی خۆی بیر بکاتەوە و ئەو شتەی دەیلێت رۆژانە لەناو کۆمەڵگای خۆیدا فیت بەگی بۆ نەیەتەوە، ئێمە دورین لە کۆمەڵگای خۆمان و زۆربەی ئەو کەسانەی لەسەر کارەکانی ئێمە رایان دەردەبرن خەڵک نینە، زۆربە خەڵکانێکن کە لەدەرەوە دانیشتوون یا ئەندامی خۆمان یا خەڵکی دەگمەن لە نێوخۆی کوردستانی ئێرانن،ئەوەش گەورەترین کەمایەسی ئێمەیە.

**رووداو: وابزانین ئێوە لە رۆژهەڵات بوونەتە دەستەڵات، من بابەتێکی رەخنەگرانە لەسەر ئێوە بڵاو دەکەمەوە، دڵنیاییم پێدەدەن کە هەرەشە و مەترسیم بۆ دروست نەبێت؟**

**خالید عەزیزی**: ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە دڵنیات دەکەمەوە کە شتی وا روونەدات، بەڵام لە نیگەرانییەکان تێدەگەم، بەو هۆکارە کە کەش و هەوای دیالۆگ لەنێو ئێمەدا پۆلاریزە بووە، ئێمەش وەک حیزبە سیاسییەکان لە خانەی لەیەکدانی یەکدی، بچووک کردنەوە و دابران داین، جا مادام فەرهەنگی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر ئاوابێ، بێگومان ئەندامانی ئەو حیزبانەش لە رێبەرانی خۆیان شت فێر دەبن و هەوڵ دەدەن لە دژی دژبەرانی خۆیان و کۆمەڵگاشدا بەکاری بێنن. بە نیگەرانییەوە سەیری دەکەم، بەڵام تا ئەو جێگای پەیوەندی بە من و حیزبی منەوە هەیە، هەوڵ دەدەم فەرهەنگ سازی بۆ بکەم. ئێمە لە بەفەرهەنگ کردنی ئەساس نامەی خۆشماندا سەرکەوتوو نەبووینە، فەرهەنگ لەو شوێنانە دروست نابێ کە حیزبەکان لە کوردستانی عێراق تەیدان، بەڵکوو لەناو کۆمەڵگادا دروست دەبێت.

**رووداو: کاردانەوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە رووداوەکانی مەهاباد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**خالید عەزیزی**: ئێمە هەوڵماندا لە چەند بواردا کاری بۆ بکەن، یەکەم، بە خەڵک بڵەیین کە خۆپیشاندان و نارەزایەتی

مافی ئێوەیە و دەبێ شارەكانی دیكەش پشتیوانی لێبكەن، دووهەم راكێشانی پیشتیوانی لە پارچەكانی دیكە بوو، سێهەم بە میدیایی كردنی ئەو پرسە لەئاستی جیهانیدا بوو، كە بە خۆشییەوە، بە هاوكاری لایەنەكانی دیكە ئەوە مسۆگەر بوو.

**رووداو**: پێشتریش گتوتە كە ئێرانمان پێناروخێ؟ ئەوە بەرهەمی چ عەقڵییەتێكە؟ پێتوانییە ورە روخێنەرە؟

**خالید عەزیزی**: دووای تێپەڕینی ٧٠ ساڵ لە مێژووی حزبی دیموكرات و ٣٦ ساڵ بەربەرەكانی لەگەڵ كۆماری ئیسلامی، دەبێ پێداچوونەوە بەخۆماندا بكەین، رووخێنەر نییە، من ئێستاش بە راشكاوی بە خەڵك دەڵێم خەبات و تێكۆشانی كورد لە هیچ پارچەیەك بۆ روخاندنی حكومەتی ناوەندیی نییە، كورد حكومەتی ناوەندیی پێ ناروخێ، پێشی وانەبێت ئەگەر بی روخێنێ لە ناوەند دەبێتە دەستەلات، ٣٦ ساڵ بڵەین دەروخێ و دووای بۆمان نەروخێ! ئەوە روخێنەرە. كاری ئێمە مسۆگەركردنی مافە نەتەوایەتییەكانی خۆمانە، لەسەر ئەو ئەساسە دەزانین كە چۆن هەڵسوكەوت لەگەڵ ناوەند بكەین. سەردەمێك حیزبە ئێرانییەكان چەپلەیان بۆ ئێمە لێدەدا كە كوردستان سەنگری ئازادییە، بۆخۆشم لە رابردوود گتوومە، ئێمە نابێ لە ژێر كاریگەری ئەو دروشمانە خۆمان بخەینە پانتای شەڕێك كە بۆمان ناكرێ، با شتێك بڵەین كە بۆمان جێبەجێ دەبێ.

**رووداو**: ئەگەر ناتوانن حكومەتی ناوەندی بڕۆخێنن، ناتوانن كوردستانیش ئازاد بكەن؟

**خالید عەزیزی**: نا، ئێمە تا ئیستا نەمانتوانیوە كۆماری ئیسلامی ئێران لە كوردستان وەدەرنێین، تا ئێستا نەمانتوانیوە یەك گوندیشی لێبستێنینەوە و حكومەتی تێدا رابگەیەنین، ئێمە دەبێ پێداچوونەوە بەسەر ئەو فكرەدا بكەین، تا كەنگێ! مێتودێكە كە ٣٦ ساڵە لەگەڵی بەرەورووین، لایەنێكی سیاسی وەك حیزب و خەڵك وەك گەل دەبێ پێداچوونەوە بەسەر خۆیاندا بكەن، بڵێن ئەوەمان بۆ جێبەجێ نابێت، خۆ ئەوە نە گوناهە و نە كوفرە، بەڵكوو تۆ لە حەلێكی دیكە دەگەڕێی كە لەدەستت دێت.

**رووداو**: كاتی ئەوە نەهاتووە كە پێداچوونەوە بە فۆرمی كلاسیكی حیزبی دیموكرات واتە سانتریالیزمی دیموكراتیك بكەن؟

**خالید عەزیزی**: دەتوانین پێداچوونەوە بە زۆر شتدا بكەین، بەلام لەت بوونی حیزبی دیموكرات و دروستبوونی ركابەرییەكی ناسالم لە نێوان هەر دووباڵی حیزبی دیموكرات ،گۆڕانكاری بە دیل گرتووە، نەهامەتییەكە لەوەدایە كاتێك باسێك دێتەگۆر و هەست بە پێویستی گۆرانكارییەك دەكرێت، كە سەبارەت بە پرسی كورد لە كوردستانی ئێران، لایەنەكەی دیكە

تەنیا لەبەر رکابەری حیزبی خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو پرسە دەکات، ئەوە تایبەت نییە بە لایەنێک. بەڵام سەرەرای ئەوە پێموایە کە مەجالێک هەیە بۆ پێداچوونەوە لە ساڵرۆژی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیموکرات.

**رووداو**: چ فۆرمێکی جێگرەوە پێشنیاز دەکەیی؟

**خالید عەزیزی**: رەنگە لە داهاتوودا باسی ئەوە بکرێت، بەڵام با ئەندامانی هەردوولای حیزبی دیموکرات یەکەم وەک تاک بیر لەوە بکەنەوە. دەبێ بیر لە تاکتیک و ستراتژی و شیوەی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بکەنەوە. دووهەم دەبێ بە راشکاوی ئەوە بڵەین ٣٦ ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە شەڕداین، جیاواز لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی کە ئێمە بەخراپی دەزانین، بەڵام ئێمەش بێ هەڵە نەبووین دەبێ بە بوێرییەوە لانیکەم لە ژوورە داخراوەکانی خۆماندا باسی لێبکەین، لانیکەم ٥٠ ساڵی رابردووی حیزبی دیموکرات، سەرەرای قوربانی و تێکۆشانێکی زۆر، بە ناکۆکی و لەیەکدابران تێپەڕبووە.

**رووداو**: یانی عەقڵییەتی دێموکراسی خوازی کە هەفتا ساڵە خەباتی بۆ دەکەن لەناو حیزبدا پراکتیزە نەبووە!

**خالید عەزیزی**: عەقڵییەتی دێموکراسی خوازی باس هەڵگرە،ئێمە ١٥ کۆنگرەمان گرتووە، لە کۆنگرەی چووارەوەتا ئێستا هەمووی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران دابووە، بەردەوام رامانگەیاندووە کە کۆنگرە بە سەرکەوتووی کۆتایی پێهات، بەڵام لەسەردەمی شۆڕشەوە تا ئێستا حیزبی دیموکرات پرکێشەترین حیزبی کوردستانی ئێران بووە، مێژوویەک پڕ لە دەستە بەندی، لەیەکدابران، جناح بازی، رکابەری نابەجێ و ناوچەگەرایی، پێداچوونەوە نەترسی دەوێت، ئەوەش یارمەتی دەردەبێت بۆ عەقڵییەتی وەسەر دروستکردنەوەی دووبارە و خستنەوەسەر یەکی هەر دووباڵی حیزبی دیموکرات.

**رووداو**: باسی یەکگرتنەوەت کرد، لەو ماوەی رابردوودا چەند کتێب و وتارێک سەبارەت بە پرسی لەیەک دابرانەکانی دیموکراتەکان بە قەڵەمی رێبەرایەتی دوولایەن بڵاو بوونەوە، چ کاریکەرێکیان لەسەر پرسی یەکگرتنەوە داناوە؟

**خالید عەزیزی**: رێز و حورمەتم هەیە بۆ نوسەرانی ئەو کتێب و بابەتانە، بەڵام کاریگەری نەرێنیان هەبووە و ئێمەیان لە رابردوودا هێشتووەتەوە و بەس برینەکانیان کولاندووەتەوە.

**رووداو**: پرسی یەکگرتنەوە بەکوێ گەیشتووە؟

**خالید عەزیزی**: بەداخەوە هیچ دانیشتنێکمان لەسەر ئەو پرسە نییە، هیچیشمان بەدەستەوە نییە، تەنیا پەیوەندی دۆستانە و ئەمنییەتی مان بەیەکەوە ماوە.

**ڕووداو**: یانی هیوایەک بە یەکگرتنەوە نەماوە؟

**خالید عەزیزی**: لە کورت ماوەدا هیچ هیوایەک نییە، بەڵام لە درێژماوەدا من هیوادارم.

**ڕووداو**: پێتوانییە کە نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزماتیک خەساری گەیاندووە بە بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان؟

**خالید عەزیزی**: ئەگەر تۆ قسە لە بزوتنەوە و خەبات و تێکۆشان دەکەی! ئەوە ڕێبەری دەوێ، تەواو! خەبات و تێکۆشان بە قسە ناکرێ، ناتوانی کۆمەڵێک کەس بیو خەریکی شەڕ و دمەچەقە و دمەقاڵە بی، خەبات حیزبی بەهێز بەرە و پێشی دەبات، خەبات و شۆڕش بە پەرلەمان ناکرێت، بە دەستەلات دەکرێت.

**ڕووداو**: ڕۆژهەلاتی ناوێن بە قۆناخێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت، دو بەرە پێکهاتووە، ئێوە چیو کردووە بۆ قۆزینەوەی هاوکێشەکان لە بەرژەوەندی ڕۆژهەلات؟

**خالید عەزیزی**: نابێ سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانە بێ تەفاوت بین، بەڵام ناشمانهەوێ ببین بە بەشێک لە کێشەی سوننە و شیعە، بەڵام هەوڵ دەدەین لە بەرژەوەندی خۆماندا سوودی لێوەرگرین.

**ڕووداو**: بەرژەوەندی ئێوە لەوەدا نییە بچنە بەرەی سوننە؟

**خالید عەزیزی**: بەهیچ شێوەیەک، ئێمە ناچینە بەرەی شیعە یا سووننە، ئێمە لە بەرەی دژی ئێران دەبین. بەرەی شیعە یەکگرتوویە و ئێران ڕێبەری دەکات، بەڵام بەرەی سوننە چەند دەنگن و هەر ولاتێک خولیایەکی هەیە. ئێمە نە وەک بەرە بەڵکوو بە هەڵسوکەت لەگەڵ وڵاتەکان بە نیازین تەعامول لەگەڵ ئەو پرسە بکەین، بەڵام تا ئێستا بە ئاکامێکی تایبەت نەگەیشتووین.

**ڕووداو**: سەرکۆنسوڵی ئەمریکا لە هەولێر سەردانی بنکەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد ؟ بۆچی؟

**خالید عەزیزی**: ڕووداوەکانی مەهاباد دەنگدانەوەی زۆری لە میدیاکانی جیهانیدا هەبوو، پرسیاریان لەسەر خوێندنەوەی ئێمە لەو ڕووداوە و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەهاباد، لەسەر داواکاری خۆیان هاتن و میوانداریمان کردن، لە ڕوانگەی خۆمەوە کارێکی باشیان کردووە ،ئەمریکا زلهێزە و دەبێ لە دەلاقەی ڕاستییەکانەوە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببینێت، ئێمەش بەرچاو ڕوونییەکمان لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدان.

**ڕووداو**: باسی شەڕی چەکداری یا وەرگرتنی یارمەتیتان نەکرد؟

**خالید عەزیزی**: دڵنیاتان دەکەمەوە کە شتی وا نەبووە.

**ڕووداو**: وەکوو دوایین پرسیار میدیای سێبەری ئێوە، باس لەوە دەکات کە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هێزێکی چەکدارییە و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بوونی هەیە، ئەمساڵ بڕیارە جوڵەیان پێبکرێ؟

**خالید عەزیزی**: پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دامەزراون و بۆخۆیان بڕیار دەدەن بۆ هەر جوڵەیەک و بەرپرسیارەتی هەر کردەوەیەکیان دەکەوێتە سەر شانی خۆیان و پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠١٥


سەرچاوە Serchawe

## **خالید عەزیزی: تێ بکۆشین پردێک لە نێوان جیاوازییەکان‌دا دروست بکەین**




**کوردکاناڵ:**

**لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکەی مەهاباد (گیان لە دەستدانی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی) بەهۆی ئەوەوە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەم رووداوە و کاردانەوەو دەنگدانەوەکان لە ئاستی کوردستان و جیهان‌دا بەرانبەر بەو رووداوانە و کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار، تلویزیۆنی کوردکاناڵ رۆژی چوارشەمە ٢٣ی بانەمەڕ وتووێژێکی لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی پێک هێناوە کە بەشێک لە پیادەکراوی ئەو وتووێژە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی «کوردستان».**

**کوردکاناڵ: کاک خالید زیاتر لە یەک حەفتەیە لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوزەرێ، پێمان باشە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زمانی جەنابتەوە ببیسین؟**

**خالید عەزیزی:** پێشەکی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو خانمە دەکەم کە بە هۆی ئەو ڕووداوە ناخۆشە گیانی لەدەستدا هەروەها ئارەزووی زوو چاکبوونەوە دەکەم بۆ بریندارانی ئەو ڕووداوە، هیوادارم ئەوانەی کە لە زیندان دانو زیندانیان کردوون بە زوویی ئازادبنو بگەڕێنەوە ناو بنەماڵەکانی خۆیان.

لە ڕاستی‌دا ماموستا هێمن شێعرێکی جوانی هەیە عینوانی ئەو شێعرە «ڕقی پیرۆز»ە. دەبێ بڵێم ئەوە ڕقێکی پیرۆزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵانی خەڵک کە لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرن لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکاری دێنن. جەوهەری ئەو کێشەیە دوو لایەن تێیدا بەشدارە؛ لایەنێک کۆماری ئیسلامییە کە بە سیاسەتی سەرکوتی خۆی، بە سیاسەتی بە



سەرچاوە
Serchawe

ئەمنییەتی کردنی کوردستان، تەحقیر کردنی کورد وەک نەتەوەیەک، بەو سیاسەتانەی کە تەوەجو بە کوردستان ناکا، تەبعیز لە کوردستان هەیە، بێکاری لە کوردستان زۆرە، فەقری ئیقتسادی لە کوردستان زۆرە، مەجالو دەرفەتی کار لە کوردستان کەمە، کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی لە کورستان هەیە کە پێی بێ تەوەجۆن، لەسەر یەک لە کوردستان جیاواز لە هەمووی ئەوانە بە لەحازی نەتەوەیی، کۆماری ئیسلامی لە ڕاستیدا مەوریدی ئیعترازو ڕقو کینی کۆمەڵانی خەڵکە. لایەکی دیکەی ئەو قەزیە کۆمەڵانی خەڵکن کە لە کۆماری ئیسلامیدا مافەکانیان وەبەر چاو ناگیرێ، ئیحترام بۆ حەقو حقوقەکانیان داناندرێ، بە تایبەت کە لە هەڵبژاردنی ئەخیری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک باس لە پێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادی حیزبو هەروەها ئەقەلیتهای میللی مەزهەبی ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن، هاتنە گۆڕێ، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێک نەهاتە پێشێ تەنانەت لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆریش ئێعدام کراوە، زیندانەکان هەروا خەڵکیان تێدایە، هەمووی ئەوانە بوون بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران وەزاڵە هاتوون، ڕقێکی پیرۆزیان هەیە، لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرنو لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێنن. لەو بەینەدا کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی تەوەجۆ بە خواستەکانی ئەو خەڵکەی خۆپێشاندانیان دەکرد، بکا هێزی ئەمنییەتی هێنا لە موقابیلیاندا ڕاوەستا و خەڵکی تەحریک کرد کە بەداخەوە ئەو ڕقە بوو بەهۆی ئەوە ئەو هۆتێلەش بسووتێ کە ئەو ڕووداوەی لێ ڕوودا.

**کوردکاناڵ**: لە پێوەندی لەگەڵ تەعامووڵو بەرخوردی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد بە گشتی و ئەحزابی سیاسی چ لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چ لە دەرەوە، جەنابت چۆنت بینی؟ کاک خالید عەزیزی بەم شێوەیە ڕوانینی خۆی دەربڕی:

ئەوەندەی پێوەندی بە چالاکانی سیاسییەوە هەیە هەر کەسە بە جۆرەی تواناو ئیمکانی خۆیی لە نێوخۆیی وڵات هەوڵی داوە، لە دەرەوەی وڵاتیش لە ڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر فعالینی سیاسی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر بە خۆپێشاندانو تەزاهۆڕات ئەو هەوڵیان داوە پێوەندی بگرن بە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەو لایەنانە کە بە جۆرێک دەکرێ دەنگی نارەزایەتی ئەو خەڵکە [لە دژی] جمهوری ئیسلامی بە دنیا بگەیەنن ئەوانیش هەوڵو تێکۆشانێکی زۆریان داوە.

بەنیسبەتی بەرخوردی ئەحزاب دەکرێ بڵێم ئەحزابی کوردستانی بە گشتی بەرخوردێکی مەسئولانەیان بووە. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە لە ڕاستیدا لە تەواوی ئەو چەند ڕۆژە هەوڵمان داوە بە لەبەرچاو گرتنی هێندێک حەقیقەت جۆرێک کۆمەک بە مەسئەلەکە بکەینو تێکۆشاوین مەهاباد تەنیا نەمێنێتەوەو کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانی لەو حەرەکەتەی مەهاباد بکەن.

... ئێمە لە حیزبی دێموکرات حەولمان داوە بە پێوەندی گرتن لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ هەمووی ئەو

بەشی دوویەم

لایەنانە بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە پێوەندییان بە بڵاو کردنەوەی ئەو خەبەرانە هەیە بە زمانەکانی جۆراوجۆر ئەو خەبەرانە بڵاو بکەنەوە ئەو شوێنانەی کە لە ئاستی «سازمان ملل» یا لە ئاستی «ئەمنستی ئێنترناشناڵ»یا لە ئاستی ئەو شوێنانەی کە لە لەحازی ئینسانی دیفاع لە حقوقی بەشەر دەکەن، دەنگی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شوێنانە بگەیەنین.

...ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حەدی خۆماندا لە هەموو بوارەکاندا هەوڵمان داوە کارمان بۆ کردووە کە ئاکارەکان و کردەوەکانی جمهوری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەی دونیادا ڕوون بکەینەوەو تێبکۆشین پشتیوانو یارمەتیدەر بۆ مافە ئینسانیو دێموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد بکەین.

**کوردکاناڵ**: ئەم ڕووداوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەی مەهاباد ڕوویدا شتێک بوو چاوەڕوان نەکراو بوو لە پڕا ڕووی‌دا بەرخوردەکان جیاواز بوون جۆراوجۆر بوون بەڕای جەنابت ئەو ئەزموونانە چیە کە چالاکی سیاسی کورد ئەحزاب چالاکی مەدنی کورد چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە بەتایبەتی ئەحزاب دەبێ لە ڕووداوێکی ئاوادا بۆ داهاتوو کەڵکی لێ وەربگرن؟

**خالید عەزیزی**: لە ڕاستی‌دا ئەو ڕووداوانە کۆمەڵێک ئەزموونو تەجروبەی بۆ ئێمە تێدا هەیە، یەکەم چەندین لایەن ئێمە لە ڕووداوانە هەر لایەنێک بە پێی بۆچوونی خۆی حەولی داوە خوێندنەوەی خۆی بۆ بکا و بەرچاوڕوونی دروست بکا کە ئێمە لە ئێدامەی ئەوەدا چۆن ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببینەوەو چۆن لەو پەیوەندیەدا خۆمان ڕێک بخەین. لێرەدا سەیر نیە ئەگەر بۆچوونی جیاواز هەبێ من بە شتێکی تەبیعی دادەنێمو ئەو بۆچوونە جیاوازانە ئێمە دەتوانین کەڵکیان لێ وەربگرین. یەکەم پێش هەموو شتێک لە نێوخۆی وڵاتدا دەمێکە جموجۆڵ و چالاکیو فەعالیەتی سیاسی لە گۆڕێ‌دا هەیە، لانیکەم حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی ئەو جموجۆڵ و فەعالیەتە سیاسیانە لە نێوخۆی وڵات بووە هەمیشە بە هەموو فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات گوتوە لە هەموو فورسەتەکان کەڵک وەربگرن، فورسەتی قانوونی، سیاسی، حیزبی، ئەدەبی، فەرهەنگی، مافی ژنان، ژینگەپارێزی، مەسائلی کۆمەڵایەتی بێ، خۆتان ڕێک بخەن مەوزوعاتو داواکانی خۆتان بێننە گۆڕێو خەڵکی بۆ سازمان بدەن. لەو پەیوەندیەدا پێمخۆشە ئاماژە بە شتێک بکەم، ئەویش ئەوەیە زۆرجار دێنە سەر پێناسە کردنی ئەو فەعالیەتە واتە فەعالییەتی مەدەنی کە ئێستا ئەو نێوەی بەخۆیەوە گرتوە، ڕاستیەکەی بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ماوەی سی‌وپێنج ساڵی ڕابردوودا نەسلێک کە لە شۆڕشو فەعالیەتو تێکۆشانو کاری حیزبی‌دا هەبووە ئەو نەسلە ئێستا یا لە دەرەوەی کوردستانە، تا ڕادەیەک پەرتەوازە بووە، نەسلێکیش لە نێوخۆی وڵاتە ئێستا پێگەیشتووە و بە تەبیعەتی وەزعیەتی ئەوێو واقعیاتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چۆنیەتی تەعامول لە گەڵ جمهوری ئیسلامی سەیری ئەو مەسئەلانە دەکا. بۆیە دروست کردنی پردێک بەینی ئەو دوو بۆچوونە دەتوانێ کۆمەک بە ئێمە بکا، ڕەنگە نەسلێک لە دەرەوەی وڵات بە جۆرێک تەعامول بکەن لە چەندوچۆنی

## بەشی دوویەم

فەعالیەتی فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات باش تێنەگەیشتبن یا باش مەوقعیەتی ئەوان لە بەرچاو نەگرن، جاری وایە بە سازشکاریان دابنێن یا نێوو ناتۆرەیان لە سەردابنێن، بەجۆرێک ڕخنەیان لێ بگرن بڵێن ئەو شێوەکارەو ئەو شێوە بەرخوردەی ئێوە جۆرێک سازان لە گەڵ جمهوری ئیسلامی یا جۆرێک دانی چرای سەوزە بە جمهوری ئیسلامی. ئەمن پێموایە ئەو بۆچوونە ناتوانێ بۆچوونێکی واقعبینانەو مەعقولو موتاعادل بێ. ئەگەر ئێمە ئەوە قبووڵ بکەین حیزبە سیاسییەکان بە تەبیعەتی مەوقعیەتی خۆمانو پرۆژەی سیاسی خۆمانو بەرنامەی سیاسی خۆمان بەوجۆرەی کە بۆمان عەمەلیە تەعامول لە گەڵ وەزعی نێوخۆ دەکەین ئەگەر وایە ئێمە فاکتۆرێکین لەو سیناریۆیە، ئەگەر چالاکانی سیاسی بە جۆرەی وەزعیەتی خۆیانو تەبیعەتی مەوقعیەتی ئەوەیو چەندوچۆنی مەوقعیەتی ئەوەیو تەعامول لە گەڵ وەزعیەتەکە دەکەن تەعامول لە گەڵ جمهوری ئیسلامی دەکەن ئەوانیش فاکتۆرێکن. ئەگەر ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتیش بە جۆرێک ڕەنگە دووربن ڕاستەوخۆ لە نێوخۆی وڵات نەژین، بەڵام دڵیان بۆ وڵاتو ڕزگاری وڵاتەکەیان لێدەدا، دەبێ لەو سێ بۆچوونە پردێک دروست بکەین. جاری وایە کە باسی خەباتی مەدەنیو خەباتی چەکداری دەکرێ، بەعزێک پێیان وایە خەباتی مەدەنی ئەڵترناتیویەکە لە موقابیل خەباتی چەکداریو ئەوانەی دیفاع لە خەباتی چەکداری دەکەن جاری وایە پێیانوایە خەباتی مەدەنی بە مەعنای ئەوەیە مافی دیفاعی مەشروع لە خۆت تەنانەت بە شێوەی چەکداری لە لایەکەی دیکە دەستێننەوە. ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین ئەو ناوچەیە نێوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بە تەبیعەتی کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناکۆکیەکان جۆرێکە هەمووکەس موسەلەحە، بۆ موسەلەحن؟ هەمووی ئەوانە کە لێیان دەپرسی بۆ موسەلەحن دەڵێن بۆ دیفاع لە خۆمان.

لە ڕونگەی ئێمەوە لانیکەم وەک میلەتێک بۆ مافەکانی خۆمان تێدەکۆشین دیفاعێکێ مەشروعە. خەباتی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتو چالاکیی سیاسی لە نێوخۆی وڵات کاری جەمعێکەو دەتوانن بیبەنە پێشێ، بەڵام ئەو حەقە با لە خەڵکی دیکە نەستێننەوە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە مەجبوور بوین بە شێوەی چەکداری دیفاع لە خۆمان بکەین ئەوەیش حەقی مەشروعی ئێمەیە.

جمهوری ئیسلامی هیچ مەجالێکی بۆ ئێمە نەهێشتوەتەوە ئەگەر جمهوری ئیسلامی مەجال بدا بە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی هێمنانە تەزاهوراتو خۆپێشاندانەکانی خۆیان بکەن، داواکانی خۆیان بێننە گۆڕێ، خەڵک لەوێ ئیحساسی ئەوە بکا کە بە شێوەیەکی ئازادانە دەتوانێ شتەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ ڕەنگە لەو حاڵەتەدا تۆ دیفاعی مەشروع بە شێوەی موسەلەحانە کەمڕەنگ بکەیەوە، بەڵام لە حاڵی ئێستادا لە ڕوانگەی ئێمەوە هەمووی ئەوانە حەقی میلەتی کوردە لە کوردستانی ئێران لە کوێ چی پێویست بوو لەویان کەڵک وەربگرێ بۆ خەباتەکەی خۆی.

**کوردکاناڵ**: کاک خالید ئەمانەی کە باسی دەکەی لە حاڵێکدایە کە زۆرجار لە زمانی جەنابتەوە دەبیستری کە فەلسەفەی



سەرچاوە
Serchawe

**دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ئیدارەی وڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتە، یانی پێتوایە خەباتی مەدەنی و دیفاعی چەکدارانە هاوتەریبی یەک دەبێ ببن؟**

**خالید عەزیزی**: کاتی خۆی کە حیزبی دێموکراتی دامەزراوە بە شەڕی چەکداری دانەمزرا نەتیجەی فەعالیەتی جەمعێک پێشمەرگە نەبوو بچن شارەکان بگرنەوە. لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دامەزرا هەر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش قانوونی ئیدارەی وڵاتی دانا، هەر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش دوور لە شەڕوو دوور لە چەکو دوور لە ژیانی پێشمەرگایەتی سەرکۆمارو کابینەی وەزیرانو ئیدارەی خۆی دامەزراند. فەلسەفەی حیزبی دێموکرات ئەو وەختی چ بوو ئێستاش هەر ئەوەیە ئێمە ئارەزوی ئەوەمان دەکرد لە ئێرانو لە کوردستانی ئێران مەجبوور نەبین پەنا بۆ چەک بەرین، ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو مەجالی نەدا هیچ موزاکرەیەک لە گەڵ میلەتی کورد سەربگرێ، ئێستاش مەجالی نەداوەو شەڕی بە سەر ئێمەدا تەحمیل کرد بۆیە تەبیعەتی شەڕی ئێمە لە ڕابردووداو تەبیعەتی دیفاع لە خۆمان ئەگەر لە داهاتوودا بێتە پێش تەبیعەتێکی دیفاعیەو تەواو مەشروعەو لە جێگای خۆیدایە یانی ئەوە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە پرۆژەو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەقیقەن ئەوەیە کە جەنابت لە سەرەتادا ئاماژەت پێ کردو ئێمەش ئێستاش هەر بە دوای ئەوەدا دەڕۆینو ئێستاش هەر پێمان وایە کۆماری ئیسلامی هیوادارین دوای ئەو ڕووداوانە بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە بەرخورد بکا یا ئەگەر کەسانێکی دیکە لە نێو جمهوری ئیسلامیدا هەن خۆێندنەویەکی دیکەیان هەیە بۆ ئەو ڕووداوانە بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە بەرخورد بکەن، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شوێنێکدا دەژین مەسەلەی کورد لەو ناوچەیە بووە بە ئەمری واقع، تازە مەسەلەی کورد لە کوردستان ئێران بە کۆماری ئیسلامی نادیدە ناگیرێ ئیدامەی ئەو جووڵانەوانە دڵنیام شتی دیکەشی بە دوودا دێ.

هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ بەرخوردی دەسەڵاتدارانی ئێران لەگەڵ ئەو ڕووداوەی مەهاباد کاک خالید عەزیزی بەم شێوەیە بۆ کوردکاناڵ دوا:

جمهوری ئیسلامی لەماوەی سیوپێنج شەش ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە بەرخوردەکانی بە ئیعترازاتی خەڵک هەمیشە ئاوا بووە لە قانوونی ئەساسی ئێراندا لە بەندی بیستحەوتدا دەگوترێ خۆپێشاندانو تەزاهورات بە شەرتێک موسەلەحانە نەبێ بە شەرتێک دژی مەبانی ئیسلام نەبێ ئازادە. خۆپێشاندانەکەی مەهابادو خۆپێشاندانەکەی سەردەشتو دەیان خۆپێشاندانو تەزاهوراتی دیکە یا گردبوونەوەو لەدەوری یەک هالانی پێشووی خەڵک لە کوردستانی ئێران هیچی لەو خانەیەدا پێناسە ناکرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەوەشی تەحەمول نەکرد یانی بە گوێرەی قانوونەکەی خۆی کە بەندی بیستو حەوتی قانوونی ئەساسی ئێرانە حەق بە خەڵک دەدا کە بە شێوەیەکی ئازادو هێمنانە خڕ ببنەوە ئیعترازی خۆیان ڕابگەیەنن، تەنانەت ئەوەشی تەحەمول نەکرد، بۆیەش تائێستا تەعامولی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لە گەڵ قەزیەی کورد تەعامولێکی ئەمنیەتی، نیزامی، غەیرەمەدەنیە و غەیرە قانوونیە.



سەرچاوە
Serchawe

**لەپێوەندی لەگەڵ کاردانەوە جیهانییەکان بەو ڕووداوەی مەهاباد سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات گوتی:**

هەم لە ئاستی میدیا جیهانییەکاندا، هەم لە میدیاکانی کوردیدا، تاڕادەیەکی زۆر باسی کرا و مەوزوعەکەیان تەنیا مەحدوود نەدەکردەوە بە ڕووداوە کە لەو هوتێلە ڕوویداوە، بەڵکوو ئەهاتنە سەر ئەوباسە ئەو ئیعترازو نارەزایەتیانە کە ڕیشەی لە سیاسەتەکانی غەڵەتو نامەسئولانەو دژی کوردی کۆماری ئیسلامیدا هەیە وکۆمەڵانی خەڵکی لە کوردستانی ئێرانی وەزاڵە هێناوە. ..

**کوردکاناڵ**: کاک خالید بەم خوێندنەویە، لە ئاستی جیهانیدا بە جرەقەیەکی ئاوا مەسەلەی کورد لە ئێران دەکەوێتە بەر زومی میدیا جیهانییەکان، لە حاڵەتێکی وادا ئەرکی چالاکانی ناوخۆ لە چالاکانی سیاسیو مەدەنیەوە بگرە تەنانەت نوێنەرانی کورد لە مەجلسی شورای ئیسلامی و کەسایەتیە ئایینیەکان و دواتر ئەحزابی سیاسی کورد دەبێ چۆن بێت؟

**خالید عەزیزی**: لایەنانەی کە پێویستە ئێمە تەئکیدیان لە سەر بکەین، یەکەم ئەوەیە لە ڕاستیدا لە نێوەخۆی وڵات دەبێ تێبکۆشین پردێک لە نێو جیاوازیەکاندا دروست بکەین. ڕووداوێوا دێتە پێشێ نەیەیینە نێو ئەوباسانە ئەرێ حیزبەکان چیان کرد حیزبەکان دەبێ چی بکەن، حیزبوخەڵک یا ئەوەی لەو دوایەیدا دەڵێن حیزبو ڕووناکبیران، عدەیەک ڕخنە لە حیزبەکان بگرن حیزبەکان ڕخنە لە عدەیەک بگرن، چالاکانی سیاسی نێوخۆی وڵات بە تەبیعەتی خوێندنەوەی خۆیان قەزاوەتێک بکەنو لە دنیای مەجازیدا جاریوایە ڕخنەکان جۆرێک بگرن هێندێک خەڵک لە دەرەوە بە خۆێ بگرێ هێندێک خەڵک لە دەرەوە جۆرێک ڕخنە بگرێ کە ئەوە تەشەتوتێکو بەربڵاویو نارێکو پێکو لێکدابڕانێک لە نێو ئێمەدا دروست بکا، ئێمە وەزیفەمانە ئەوە بە جۆرێک مودیریەت بکەین کە لە داهاتوودا هەمووی ئێمە کە جەمعێکین لە نێو ئەو گۆڕەپانە سیاسیەدا هەینو لە داهاتوودا لە موقابیل ئەو سێناریو ناڕوونانەی کە دێنە پێشی ئامادەگی زۆرمان هەبێ مودیریەتی بکەین. دوو کاتێک ئێمە باسی خۆپێشاندان دەکەین لە نێوەخۆی وڵات بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی مەجالی ئەوەی نەمێنێ کە زۆر بە ڕاحەتی هەر نێوێک پێی خۆش بوو لە سەر ئەو خۆ پێشاندانەی دابنێ، من داوام ئەوەیە ئەوانەی ئەندامی مەجلسن خەڵک دەنگیان پێداون و ئێستا نوێنەرن لە مەجلسی ئێران، ئەوانەی کە فەعالی سیاسی ئێرانن، نوخبەگان ئەوانەی شت دەڵێنو شت دەنووسن و خەڵک قسەیان لێ وەردەگرێو تەوجویان پێ دەکەنو دەتوانن لە سەر ئەفکاری عمومی تەئسیریان هەبێ، مامۆستایانی ئایینی و هەموو ئەو چینوتووێژانەی کە بە جۆرێک لە کۆمەڵگادا دیارن، لەو تەزاهوراتانەدا بەشداری بکەن، لەو تەزاهوراتانەدا با لەگەڵدا بن، لەگەڵدا بوونی ئەوانە لەو تەزاهوراتانەدا سبەینێ کەسێک کە نمایندەی مەجلیسە کە تەزاهورات دەکرێ با ئەو بگیرێ نەخەیر با ئەو لەوێ بێ بڵێ ئەو تەزاهوراتەی ئێمە دەکەین لە سەر مافەکانی خۆمانە هەرەکی ئێوە دەڵێن کە ئینتزارتان هەیە نەخێر بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نیە کە

بەشی دووەم

ئێوە لێیدەترسێن، ئەوەیش دەبینین زۆر هێمنانەیە جا ئەگەر وایە دەبێ دیفاعی لێ بکەن ئەوان دەبێ دیفاعی لێبکەن ئەوان هەڵبژاردراون لە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە بۆیە دیفاع لە مافەکانی خەڵک بکەن، خۆپێشاندان یەکێک لە مافەکانی سەرەتایی خەڵکە قانوونی ئەساسی ئێرانیش ئاماژەی پێداوە جا ئەگەروایە ئەوانیش دەبێ لەو خۆ پێشاندانەدا بن. ئەگەر موقایسەیەکی نسبییش بەینی ئێرانو تورکیەش بکەین دەبینین ئەو مەجالە هەیە لە تورکیە ئەندامانی مەجلسی تورکیە، نوێنەرانی کورد لە پارلمانی تورکیە بۆ خۆیان دێن لە نێو خۆپێشاندانەکاندا دەبن جاریوایە لێشیان دەدەنو زیندانیشیان دەکەن با ئێمە لە کوردستانی ئێران ئەوە بکەین بە عادەت، با بیکەین بە عادت نوخبەگانو مامۆستایانی ئایینیو نوێنەرانی مەجلسو فەرماندارانو شارداریەکانو کەسایەتییەکان و شورای شارەکان بچنە نێو خۆپێشاندانەکان، باعەقڵیەتی دەسەڵاتو عەقڵیەتی ئەوانەی لە نێو دەسەڵات بە جۆرێک بە دوای حەلێکدا دەگەڕێن لە کاناڵیئەوانەوە باشتر لەو بابەتەوە مەعلوماتی پێ بدرێو متەوجەی قەزیەکە بن. دانیشتوەکانی کورد لە دەرەوەی کوردستان لە دانیشگاکان ئەوانەی ئەهلی قەڵەمنو شت دەنووسن تێبکۆشن ڕەوشەنگەری بکەن لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان.

**لە درێژی ئەو باسەدا کاک خالید گوتی: هەروەها پارێزەران کە بە لەحازی حقوقیو قانوونی، باش قانوونی ئێرانو وەزعیەتی ئەوێ دەزانن، بەڵام پارێزەر ئەرکیەتی دیفاع لە خەڵک بکا، دیفاع لە موەکلی خۆی بکا. بە باوەڕی من دەستیان بە تەواوی ئاواڵەی بۆ دیفاع لەوانە.**

بە باوەڕی من ئەرکێکی حقوقی قانوونی وەکیلەکانە، ئەرکێکی میللی نەتەوەیی و ئینسانی ئەوانە کە لە سەرتاسەری ئێرانو لە کوردستان دیفاع لەوانە بکەن کە گیراونو هەوڵ بدەن بە لەحازی قانوونی کۆمەکیان بکەن ئازاد بکرێنو لە هەمان کاتیشدا ئەو فشارە لە سەر کۆماری ئیسلامی دابندرێ کە ئەوە کۆماری ئیسلامیو مەئمورینی کۆماری ئیسلامیو دەزگاکانی ئەمنیەتییەکانیانن لە کوردستان تێدەکۆشن کوردستان ئەمنیەتی بکەن، پتر خەڵک موسەلەح بکەن، پتر بیکەنە بەهانە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک بەتایبەت کە ئێستا لە ناوچەکەدا نیگەرانی ئەوەن کە ئایا کۆماری ئیسلامی لەوهەموو کێبرکێو کێشانە کە دەیکا بەرەو کوێ دەڕوات.

ئەم دیمانەیە لە ژمارە ٦٥٦ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٥

## خالید عەزیزی: ئەوروپا و ئەمەریکا دۆسیەیەکیان بە ناوی کوردی ئێران نەکردووەتەوە



**وشە/ کاوە جەم**

**دوو دیموکراتەکان کۆتایان بە گفتوگۆ و دانوستانی نێوانیان بۆ یەکگرتنەوەیان هێناوە. خالید عەزیزی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان ، باسی لە وردەکاریی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ حکوومەتی ئێران دەکات و چەند پەیامێکیش بۆ ریفۆرمخوازانی ئێران و چالاکانی کوردی ناوخۆ دەنێرێت. عەزیزی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "وشە"، باس لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان دەکات و دەڵێ، "ئەوروپا و ئەمەریکا دۆسیەیەکیان بە ناوی کوردی ئێران نەکردووەتەوە".**

**وشە: دوا هەوڵەکان بۆ تێکەڵبوونەوەی دوو دیموکراتەکە چی لێ هاتەوە؟ دەتوانین بڵێین ئیتر تێکەڵ نابنەوە؟**

**خالید عەزیزی**: سەرەڕای چەندین دانیشتن، تا ئێستە بەئەنجامێک نەگەیشتووین. پاش ئەوەی دەفتەری سیاسیی هەردوولا راپۆرتیان بە کۆمیتەی ناوەندی خۆیان داوە، دەرکەوت کە هەردوو لای دیموکرات خوێندنەوەی جیا و دووریان لە پێناسەی یەکگرتنەوە و میکانیزمەکانی هەیە. هیوادارم هەردوولامان لە کۆنگرەی داهاتووی خۆماندا چارەیەک بدۆزینەوە.

**وشە: کێشەی یەک نەگرتنەوەی دیموکراتەکان، تەنیا هۆکاری ناوخۆییە یان حزبەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت یەکێتی و پارتی کاریگەرییان لەسەر هەیە؟**

**خالید عەزیزی**: کێشە و لەتبوونەکانی حزبی دیموکرات لە دەیان ساڵی رابردوودا، خەتای رێبەران و کادر و ئەندامانی حزب بووە. با ئێمە خەتاکان نەخەینە سەر لایەنەکانی تر. حزبەکانی هەرێم لەو چەند ساڵەدا بە پەرۆش بوونە بۆ

یەکگرتنەوەی ئێمە. دیسان هەر خەتای خۆمانە کە ناتوانین یەک بگرینەوە نەک ئەوان. بە داخەوە ئێمەی کورد فێرین ئۆباڵی شکست و سەرنەکەوتنەکانمان بخەینە سەر شانی خەڵکی تر.

وشە: دیموکرات بوو بە دوو حزب و کۆمەڵەکانیش بەسەر چەند حزبێکی تردا دابەش بوون، ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات بۆ بەو شێوەیان لێ بەسەر هاتووە؟ بۆ رۆژهەڵات لە نێو هاوکێشە ناوچەییەکاندا نییە؟

خالید عەزیزی: ئەوە گەورەترین پرسیارە کە رووبەڕووی هەموو حزبە کوردییەکانی رۆژهەڵات و رێبەرانی دەبێتەوە و گەورەترین تەنگژەیە، وەڵامی ئەو پرسیارەیە.

وشە: چەند کەسێک دووپاتیان کردووەتەوە کە شۆڕش لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە، ئایا ئەوە نیشانەکانی نین؟

خالید عەزیزی: ئەگەر بڕیار بێت شۆڕش تەنیا پێوەندی بە چالاکیی سەربازییەوە هەبێت، پێم وایە پێناسەیەکی باش نییە. بە بۆچوونی من خەبات فرەڕەهەند و هەمەچەشنە، ئەگەر بەو شێوەیە سەیری بکەین، لە نێوخۆی وڵاتدا ئێستەیش هەستی کارکردن بۆ شۆڕش و کوردایەتی بۆ مەسەلەکە سەرەڕای پاڵەپەستۆی زۆر و ئەشکەنجە و زیندان، بەردەوام کەم و زۆر دەچێتە پێشەوە. هەر کەسێک بڵێ خەبات و تێکۆشان لەوێ نەماوە، زۆر لە هەڵەدایە.

وشە: ئەی بۆ رۆژهەڵات لە نێو هاوکێشە ناوچەییەکاندا نییە؟

خالید عەزیزی: لە راستیدا دەبێ ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوە تووشی کێشە بێت و ئێمەش ببین بە فاکتۆرێک. ئەگەر لەگەڵ سێ پارچەکەی تری کوردستاندا بەراوردی بکەین، بێگومان کوردستانی ئێران ئەو بارودۆخەی نییە. سەرەڕای خەبات و تێکۆشان و بوونی بەرچاوی پێشمەرگەکانی دیموکرات و خەباتی مەدەنی خەڵک لە نێوەخۆی وڵات، دەبێ ئەو راستییە قبووڵ بکەین کە شەڕ و بەربەرەکانی لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئێران کارێکی زۆر ئاسان نییە. ئێمەی حزبەکانی رۆژهەڵات کە لە باشووری کوردستان نیشتەجێین، بێ گیروگرفت نین و تەنگژەی خۆمان هەیە، لە یەکگرتنەوەکان سەرکەوتوو نەبووینە، نەمانتوانیوە گوتارێکی یەکگرتوو دروست بکەین، نەمانتوانیوە بەیەکەوە ئەدرەسێکی باشتر بۆ مەسەلەی کوردی ئێران بە دنیا بناسێنین.

وشە: ئێوە باس لە بەردەوامی شۆڕش دەکەن، بەڵام بۆ نموونە چیتان بۆ کوردانی شیعە لە ئیلام و کرماشان کردووە بۆ ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

پێناسەی خۆیان هەبێت؟

**خالید عەزیزی**: لەبەرئەوەی حزبی ئێمە بە شێوەیەکی ئاشکرا و یاسایی لە نێوخۆی وڵاتدا نییە، کاریگەرییەکانمان سنووردارن، بەڵام بەو پێیەی میدیای کوردی باس لەو ناوچانە دەکەن و ئێمەیش کار بۆ ئەو ناوچانە دەکەین، بە بەراورد لەگەڵ رابردوو پارێزگەی ئیلام زۆر گۆڕاوە. لە کرماشانیش هەرچەند ئێران دەیەوێ سوود لە کێشەی شیعە و سونە وەربگرێ و ناسیۆنالیزمی کوردی تێدا بەهێز نەبێت، مەسەلەکە هەر بەردەوامە.

**وشە**: پەکەکە دووپات دەکاتەوە کە چالاکی و کاریگەرییان لە کرماشان و ئیلام هەیە، لەسەر ئەو مەسەلەیە گفتوگۆی هاوبەش یان هاوئاهەنگیتان هەیە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە لەسەر خەباتی هاوبەش بۆ کوردستانی ئێران لەگەڵ پەکەکە هەرگیز قسەمان نەکردووە، چونکە پەکەکە حزبێکی رۆژهەڵاتی نییە و حزبێکی باکووری کوردستانە و شوێنی حزبایەتیشیان دەبێ ئەوێ بێت.

**وشە**: ئێوە ئەو چاوەڕوانییەتان هەیە، بەڵام ئەوان بە واقیعی بوونیان هەیە، تا کەی ئێوە دەتانەوێ لەو لێدوانە کلێشەییانە بەردەوام بن؟

**خالید عەزیزی**: بوونی پەکەکە و جموجۆڵیان لە سنوورەکانی کوردستانی ئێران، بەو مانایە نییە کە کوردی ئێران، پەکەکە بە هی خۆیان و کوردستانی ئێران دەزانن. دەربڕینی هاوخەمی و هاونەتەوەیی کوردی ئێران لەگەڵ پارچەکانی تر بەو مانایە نییە کە کوردی رۆژهەڵات حزبی خۆیان واتە حزبی دیموکراتییان وەلا ناوە و بە دوای حزبی پارچەیەکی تردا کەوتوون.

**وشە**: زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکەی کە کار لە نێو ئێراندا بکرێت، خۆت پێوەندیت لەگەڵ پەرلەمانتارە کوردەکان و چالاکانی ناوخۆدا هەیە؟

**خالید عەزیزی**: هەوڵم داوە بە گوتار و پەیامەکانی خۆم، هەم بە ریفۆرمخوازانی ئێرانی و هەم بە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نێو خۆی وڵات بڵێم کە بازنەی پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا بەهێز بێت. هەروەها لە نێوخۆی کوردستاندا کێشە و ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن. کورد لە نێوخۆی وڵاتدا لە نێو بەرەی توندڕەودا (خامنەیی و سوپای پاسداران) ناتوانێ

دۆست پەیدا بکات، بەڵام دەتوانن لەگەڵ بەرەی میانڕەو و ریفۆرمخوازاندا پێوەندییان هەبێت. لەو رووەوە هەوڵم داوە پەیامەکە بە خەڵکی نێوخۆ بگات و حزبی ئێمەیش هەوڵی داوە بە جۆرێک ئەدرەسی ئەوە بێت و پاڵپشت و یارمەتیدەری ئەو دوو جۆرە چالاکییە بێت.

**وشە**: بەم زووانە هیچ کۆبوونەوەیەکتان لەگەڵ ئێراندا هەبووە؟

**خالید عەزیزی**: ئەگەر مەبەستت وتوێژ لەگەڵ ئێران بێت، زیاتر لە دوو ساڵە هیچ وتوێژێک و دانوستانێک لە نێوان ئێمەدا نییە.

**وشە**: بۆ؟

**خالید عەزیزی**: چۆنکە حکوومەتی ئێران داوای وتوێژی لە ئێمە نەکردووەتەوە.

**وشە**: لەو کۆبوونەوانەدا داوای ئێوە و حکوومەتی ئێران چ بووە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوان بە دوای لێکدانەوەی ئێمە لەسەر دۆخی ئێران و کورد و ناوچەکەدا دەگەڕان. دەیانویست بزانن ئەگەر رۆژێک خودی ئێران کێشەی کورد بە رەسمی بناسێ، چارەسەرییەکان چین. پێم وایە جێگە و پێگەی باشی هەرێمی کوردستان، خەباتی کورد و دانوستانەکانی تورکیا لەگەڵ کورد، دوخی حاشاهەڵنەگری کورد لە سورین، وای کردووە کە بۆ ئێران زۆر ئاسان نەبێت بەردەوام سیاسەتی رەتکردنەوە درێژە پێ بدات.

**وشە**: داوای ئێوە چ بوو؟

**خالید عەزیزی**: داوای ئێمە زۆر روون بوو. ئێمە بەدوای رێگەچارەدا دەگەڕاین و بۆ ئەمەیش دەبێ شتی دیاریکراو بگوترێت. داوای یەکەممان، دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بوو. دووەمیش ئەوەبوو کە نە ئێمە ئێوەمان پێ دەڕووخێ و نە ئێوەیش دەتوانن ناچارمان بکەن لە داواکانمان پاشگەز ببینەوە، کەوایە هەردوولامان دوو ئەمری واقیعی گۆڕەپانەکەداین و دەبێ بەدوای چارەدا بگەڕێین. سێیەم، چارەسەرکردنی کێشەیەکی یاسایی و مافخوازانە، لە ژوورەکانی سوپای پاسداران و ئیتلاعاتدا جێبەجێ نابێت، بۆیە بیدەنە ژوورە مەدەنییەکانی نێو حکوومەت. چوارەم، بە گشتی کورد متمانەی بە ئێوە نییە و بۆ ئەوەی ئەوە نەمێنێ، هەنگاو بنێن و خەڵک بەو رێژە زۆرە زیندانی مەکەن، ئیعدامەکان رابگرن، گوشارە تەناهییەکان



سەرچاوە
Serchawe

لە کوردستان کەم بکەنەوە و بە چاوی تەناهی، سەیری کوردستان مەکەن و لە پەنجەرەیەکی ترەوە سەیری بکەن کە رەنگە بە تێپەڕبوونی کات ئەو شتە دەروونییانە بڕەوێنەوە و زەمینە خۆش بکات.

**وشە**: کۆبوونەوەکان لەسەر داوای ئێوە بوون یان ئەوان؟

**خالید عەزیزی**: ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەسەر مەسەلەی کورد، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران قسەتان کردووە؟ پێت وا نییە کێشەی داهاتووی کورد لەگەڵ ئەو ئۆپۆزسیۆنەیە؟ بەتایبەت پانئێرانیستییەکان.

عەقڵییەتی پان ئێرانیستی لە نێو هەموو لایەنەکانی ئێراندا بەهێزە. ئەوان لەوە نیگەرانن کە بە هۆی مەسەلەی کوردەوە، داهاتووی ئێران بکەوێتە مەترسییەوە. پەیامی ئێمە ئەوەبوو کە حزبی دیموکراتی کوردستان بەداوی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە نێو ئێراندا. کێشە لە نێو ئەو دوو خوێندنەوەیە هەیە، خوێندنەوەیەکی پانئێرانیستی و خوێندنەوەی بەشداریکردن کە لەلایەن ئێمەوەیە.

**وشە**: ئەو ئۆپۆزسیۆنە توانیویەتی یەکگرتوو بێت و گوشار بۆ ئێران بێنێت؟

**خالید عەزیزی**: ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی زۆر پەرتەوازەیە و سەرکەوتوو نەبووە تا بەدیلێک لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا دروست بکات و نەبووە بە ئەدرەس بۆ خەڵک. ئێران توانیویەتی بەرەی دژی خۆی بە تەواوی پەرتەوازە بکات. بەڵام خەبات و تێکۆشانی مەدەنی ئێستەیش کەم و زۆر لە ئێران بەردەوامە.

**وشە**: ئەی ئێوە بیرتان لەوە کردووەتەوە بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پێک بێنن؟

**خالید عەزیزی**: کاتێک دوو لای دیموکرات پێک نایەن، چۆن دەکرێ بەرەیەک بۆ کوردی ئێران دروست بکەیت. کاتێک بەرەیەکی کوردی بە گوتار و پرۆژەی هاوبەش بوونی نەبێت، زۆر ئەستەمە بکرێ بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران دروست بکەین.

**وشە**: بۆچوونی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکایی لەسەر مەسەلەی کوردی رۆژهەڵات چۆنە؟

**خالید عەزیزی**: وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکا کە دێنە سەر مەسەلەی کورد لە ئێران، لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی خۆیان

لەگەڵ تاران، ئاوڕ لە مەسەلەی کورد دەدەنەوە. ئێستەیش کە ئێران و ئەمەریکا رێک کەوتوون و تەنانەت ئەگەر بە رووکەشیش بێت ئێران لە بەرەی دژ بە داعشدایە، وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی لە کێشەی کوردی ئێران ئاگادارن، بەڵام خۆیان لەو دۆخەدا نابینن کە لەسەر مەسەلەی کورد، کێشەیان لەگەڵ ئێراندا هەبێت یان گوشاری بۆ بێنن. داواکانی ئێمە دەخەنە ناو چوارچێوەی مافی مرۆڤ لە هەموو ئێراندا. ئەوان تا ئێستە دۆسیەیەکیان بە ناوی کوردی ئێران نەکردووەتەوە.

**وشە**: کەوایە هاتنی رووسیا بۆ نێو کێشەکانی ناوچەکە، قورسایی ئێرانی زیاتر و هاوکات پاشەکشەی بە مەسەلەی کوردی رۆژهەڵات کردووە؟

**خالید عەزیزی**: بێگومان هاتنی رووسیا لە بەرژەوەندی ئێرانە و کەس ناتوانێ رۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا لەبەرچاو نەگرێت. لانی کەم لەبەرئەوەی داهاتووی ئێران تا ئێستە نەبووەتە باس و کێشە، بۆیە زۆر ئاساییە کە مەسەلەی کوردی ئێرانی لە دەستووری کاردا نەبێت.

**وشە**: ئەوە بەو مانایەیە کە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان لە بەرژەوەندیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە؟

**خالید عەزیزی**: مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئێستە زۆرتر لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی عێراق و سووریا و شەڕ لە دژی داعش پێناسە دەکرێت. سەرکەوتنی کورد لەو بوارانەدا و لە درێژخایەندا زۆر بە قازانجی کوردی ئێرانیش دەبێت.

**وشە**: بەردەوام باس لە گوتاری نوێ دەکەی بۆ رۆژهەڵات، ئەو گوتارە چییە و دەتەوێ چ بکرێت؟

**خالید عەزیزی**: گرفتێکی ئێمە ئەوەیە کە ناتوانین واقعییەت بەو جۆرەی هەیە، قبووڵ بکەین. پێویستە پێداچوونەوە بە خوێندنەوەمان لە ئێران بکەین. جێگەی خۆیەتی دوای ٣٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان لە دژی ئێران، با بوێریمان هەبێت ئاوڕدانەوەیەک بە شێوەکار و دروشم و سیاسەتەکانی خۆماندا بدەینەوە و بزانین لە کوێ وەڵامی نەداوەتەوە و بۆ؟ وەڵامی ئەو پرسیارانەیش تەنیا لە نێو ئەندامانی حزبەکاندا نییە. دەبێ ئەو باس و پرسیارانە بخەینە ناو کۆمەڵگەی کوردیی کوردستانی ئێران و لە رەهەندێکی بەرفراوانتردا بەداوی وەڵامدا بگەڕێین. هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی خۆمان بکەین. دەبێ داهاتووی خۆمان بخەینە ناو بازنەی ئاڵوگۆڕەکان لە نێوخۆی ئێراندا، بۆ گوتارێکی ئارام و مەعقوول لە نێوخۆی کوردستانی ئێراندا. دەبێ ئەو قبووڵ بکەین کە مانەوەی زۆری حزبەکان لە باشوور و دوورکەوتنەوە لە ژیان و کۆمەڵگەی



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی دوویەم**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرباری ئەوانەیش شوێنەواری لەتبوونەکان، زۆری زیان بە ئێمە گەیاندووە.

**وشە**: دەبیتەوە سکرتێر یان نا؟

**خالید عەزیزی**: بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی حزب، هەر کەسێک بۆی هەیە دوو خول ببێتە سکرتێر، بۆیە جارێکی تر ناتوانم ببمەوە سکرتێر.

**وشە**: ئەی ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆ بگۆڕن؟

**خالید عەزیزی**: ئێستە لە سەروبەندی کۆنگرە باسێکی لەو بابەتە لە نێو ئەندامانی حزب لە ئارادایە، بەڵام ئەگەر تەنیا لەبەر من بێت، هەرگیز قبووڵی ناکەم.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## خالید عەزیزی: نابێت بە هەڕەشەی وڵاتان بۆ سەر ئێران دڵخۆش بین



**لەلایەن هیوا جەمال**

**خالید عەزیزی یەکێکە لە سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، رایەکی جیاوازی هەیە لەبارەی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و خەباتی چەکداری لە دژی رژێمی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە. بیروڕاکانی ئەو گفتوگۆیەکی گەرمی لەنێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و خودی حیزبەکەشیدا دروستکردووە. سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) لەم هەڤپەیڤینەدا کە شەوی هەینیی داهاتوو لە تەلەڤزیۆنی (رووداو) بڵاودەبێتەوە، روونی دەکاتەوە چۆن خەباتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت، بۆچی بڕوای بەوە نییە کە نابێت کورد هەوڵی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدات؟**

**رووداو: ئێوە دروشمی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیتان وەلاناوە، پێتانوایە کە دەبێت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاری سیاسی لەگەڵ ئەو حکومەتە بکرێ؟**

**خالید عەزیزی: پێموایە ئەو دروشمە دروشمی کورد نییە لە ئێران. لەبەر چەند هۆیەک، یەکەم: لایەنێک کە دەیەوێ دەوڵەتی ناوەندی بڕووخێنێ، دەبێت بۆ خۆی ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات بێت، بەڵام کورد ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات نین. دووەم: خەبات و تێکۆشان و جوڵانەوەی ئێمە بۆ مافەکانی خۆمانە، هەر لەو پەیوەندییەدا هەر کەسێک لە تاران جیاواز لە ماهیەت و نێوەڕۆک و سیاسەت و بە چ ئایدۆلۆژییەک و بە چ پرۆژەیەکی سیاسی پێناسە دەکرێ، ئامادەیی نیشان بدات بۆ چارەسەری کێشەکانی ئێمە، دەبێ ئەو وەک لایەنی بەرامبەر یان موخاتەبی خۆمان دابنێین. سێیەم: بیرۆکەی فیکری سیاسی رووخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی لە کەناڵی حیزبە ئێرانییەکانەوە هاتووەتە نێو جوڵانەوەی کوردی ئێران.**

**رووداو: بەڵام لەنێو حیزبەکەی خۆشتدا بیروڕای جیاواز هەیە، سەرکردەتان هەیە پێیوایە دەبێت ئەو دەسەڵاتە بڕووخێت.**

**ئەگینا ئەو حکومەتە ناتوانێ مافی کورد بدات؟**

**خالید عەزیزی**: ئەوە بابەتی کورد نییە بەدوای رووخاندنی حکومەتدا بڕوات. ئێمە باشترین سیناریۆ ئەوە دادەنێین کە کۆماری ئیسلامی ئێران یان نەمێنێ یان ئەوەندە لاواز بێت، یان ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێت، بوار بۆ سەرکەوتنی دۆزی کورد دروست ببێ، بەڵام ئەوە بە یەک سیناریۆ پێناسە ناکرێ. هەموو ئەو حاڵەتانە تەنیا ئەگەرن، بۆچی؟ چونکە سەرەڕای تێکۆشانمان ئەو وەزنە قورسەمان نییە کە نەخشەڕێی سیاسی داهاتووی ئێران دیاری بکەین. بەو دەلیلەیە کە من زۆرتر دووپات لەسەر دروستکردنی زەمینە بۆ تەرحکردنی داخوازییەکانمان دەکەمەوە.

**روووداو**: ئەو داخوازیانەی تۆ تا چەند وەڵامی هەبووە لەلایەن حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە؟

**خالید عەزیزی**: وەزیفەی ئێمە ئەوە نییە قەناعەت بە تاران بهێنین، وەزیفەی ئێمە ئەوەیە کە ناچاربن مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە بێ. ئێمە حکومەتێکی پاشایەتیمان تاقیکردووەتەوە، حکومەتێکی ئیسلامیمان تاقیکردووەتەوە، هیچ گرەنتییەک نییە حکومەتی دوای کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، سیاسەتەکانی بگۆڕێ.

**روووداو**: بەڵام هەر ئەو رژێمەی ئێران قاسملۆ و شەرەفکەندی لە کاتی گفتوگۆدا تیرۆر کردووە، چ باوەڕێکت بەو حکومەتە هەیە لەگەڵی بچیتە سەر مێزی گفتوگۆ؟

**خالید عەزیزی**: ئەم حکومەتە هیچ زەمینە و ئامادەسازییەکی نییە بۆ گفتوگۆ، بەڵام ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین ئەوەیە کە هەموو هێلەکەکانمان نەخەینە نێو سەبەتەیەک. وەزیفەی ئێمە ئەوەیە کە لەو شوێنانەی ئەو حکومەتە زۆرتر دەتوانێ زەرەر ببینێ یان خۆی ناچار ببینێ و گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی خۆیدا بکات، با ئێمە لەو شوێنانە زۆرتر کار بکەین. لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا هەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە مەیدانی شەڕی بۆ ئێمە دیاری کردووە.

میتۆدەکان و شێوازی بەربەرەکانێی ئەو لەگەڵ ئێمە، وای کردووە ئێمە هەر وەڵامی بدەینەوە. هەمیشە ویستوویەتی ئێمە لە ناوچەیەک کە کوردستانە و ئەو بە جوگرافیایەکی ئەمنیەتی پێناسەی کردووە، وەڵامی بدەینەوە. زۆرتر بەدوای دروشمدا بڕۆین لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. ستراتیژی ئەو ئەوە بووە کە ئێمە لە کۆمەڵانی خەڵک دووربخاتەوە و بڵێ کێشەی کوردی ئێران کێشەی حیزبە سیاسییەکانە دەنا خەڵک کێشەیەکی نییە. من دەڵێم با کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر مەیدانی شەڕمان بۆ هەڵنەبژێرێ، منیش بۆ خۆم بێمە ئەو گۆڕەپانە، لە ئەنجامدا ناچار بەوە ببێ کە چۆن هەڵسوکەوت بکات.

**ڕووداو: بەڵام هاوڕێکانی خۆشت بڕوایان بەو پێشنیازەی تۆ نییە، بۆچی؟**

**خالید عەزیزی**: لە رابردووشدا لە نێو حیزبی دیموکرات تەنەوعاتێک لەسەر ئەو بۆچوونە هەبووە. دەمەوێ ئاماژە بە دوو سێ شتی قاسملوو بکەم. لەشەڕی سنەدا دکتۆر قاسملوو دەیگوت ئەگەر رۆژێک شەڕ درەنگ بکەوێ، کورد دەیان رۆژی قازانج کردووە. دوای ئەوەی گەلاڵەی یەکەمی گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران سەری نەگرت و ئێمە وەک دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بە تایبەت شەخسی دکتۆر قاسملوو ڕێگەچارەی دیکەی دەدۆزییەوە، دروشمیان لە دژی دەگوتەوە و بە سازشکاریان مەحکوم دەکرد. بەدوای ئەوەدا هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر درا کە دیسان شەڕ دەستپێنەکاتەوە دکتۆر قاسملوو دەچێت لە ڤیەننا گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکات. زۆر لایەن تەنیا لایەنی ئەمنیەتی ئەو بابەتە دەبینن و دەڵێن دکتۆر قاسملوو کەمتەرخەم بووە، بەڵام لەوە ناپرسن بۆ دکتۆر قاسملوو گفتوگۆی لەگەڵ ئێران دەکرد. بەبڕوای من دکتۆر قاسملووش بە لێکدانەوەی خۆی گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا مەیدانی شەڕی بۆ ئێمە هێشتووەتەوە و هێزی ئێمەش لەبەرامبەر ئەوان نابەرامبەرە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا توانیوتە مەیدانێکی ئاشتی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران دروست بکەی؟**

**خالید عەزیزی**: ئێمە دەبێ مەیدان دروست بکەین، مەیدانەکەش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕووی ملیۆنەها کورد بکەینەوە، با ئێران تەنیا خۆی ڕووبەڕووی حیزبی دیموکرات و چەند سەت پێشمەرگەیەک نەکاتەوە. دەبێ گۆڕانکارییەک دروست بێ. یەکێک لە گۆڕانکارییەکان ئەوەیە واز لەو بۆچوونە بهێنین کە هەر کەسێک پێشمەرگە بێت، یان لە ڕیزی حیزبەکانی خۆماندا بێت، شۆڕشگێڕە، کوردێکی نیشتیمانپەروەرە و حەتمەن دەبێ دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بدات. با ئەوە قبووڵ بکەین، خەڵکێکی زۆر لە ئێران خەباتی مەدەنی دەکەن، چالاکی یاسایی دەکەن، لە نێو پەرلەمانی ئێراندا بەدوای دەرفەتەکاندا دەگەڕێن. سوود لە بۆنەکانی وەکو نەورۆز دەبینن. چالاکی ژینگەیی دەکەن. ئەم جۆرە چالاکیانە کە ئەگەر ناو و ناتۆرەیان بۆ دروست نەکرێ، ئێمە مەیدانەکەمان بە جۆرێک گۆڕیوە کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی خەڵکەکە بێتەوە. بەداخەوە ئەو جۆرە میتۆدانە لە نێو حیزبەکاندا بەهێز نەبوون.

**ڕووداو: تۆ هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) ئەم تەرحانەت کردووە و گەنگەشەی زۆری دروستکردووە، دوای ئەوەش چەند جارێک نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانت بینیوە، لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆتان کردووە؟**

**خالید عەزیزی**: ئێمە لەدوایین دانیشتنمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەدوای ئەوانەدا چووین. هۆیەکەشی ئەوەیە مادام

دەسەڵاتی ئێران کۆماری ئیسلامییە، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ئەگەر زەمینەیەک و ئامادەسازییەکی هەبێ، خەڵکانێک لە نێو ئەواندا بن دەبێت ئێمە بیانکەین بە موخاتەب، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجامی نەبووە.

**رووداو**: چۆن باسی ئەو بابەتەتان کرد؟

**خالید عەزیزی**: قسەکانمان ئەوە بوو کە ئێمە لە ماوەی ٣٧ ساڵی خەباتمان نەمانتوانیوە ئێوە بڕووخێنین، ئێوەش نەتانتوانیوە ئێمە لە مەیدانەکە دەربکەن. ئەگەر وایە کۆماری ئیسلامی و دۆزی کورد لە ئێران هەردووکیان ئەمری واقیعن. قبوڵی ئەمری واقیع هەردوولا دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێت بەدوای ڕێگەچارەیەکدا بڕۆین. ئێمە پێشنیازی ڕێگەچارەکەشمان کردووە.

**رووداو**: پێشنیازەکە چییە؟

**خالید عەزیزی**: گوتوومانە دۆزی کورد لە عێراق بەدوای چارەسەریدا دەڕوات، لە سووریا چارەنووسێکی لەو شێوەیەی هەیە، لە تورکیا پرۆسەی چارەسەری هەیە. لە حاڵێکدا ئێوەی ئێرانی دەڵێن کورد و ئێرانی زۆر لەیەک نزیکن، بۆ بەدوای چارەسەریدا ناڕۆن.

**رووداو**: واتا دانیشتنەکە زۆر دوور نییە؟

**خالید عەزیزی**: دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر بوو، هەر ئەو دانیشتەش بوو.

**رووداو**: لە هەولێر بوو؟

**خالید عەزیزی**: بەڵێ لە هەولێر بوو.

**رووداو**: ئەوانەی ئێوە لەگەڵیان دانیشتن هەر ئەوانەی هەولێر بوون، یان لە ئێرانەوە هاتبوون؟

**خالید عەزیزی**: لە ئێرانەوە هاتبوون. راستییەکەی دانیشتنەکە بۆ ئەوە بوو کە چۆن بە قەناعەتێک بگەن. مەسەلەی کورد لە ئێران ناکرێ نادیدە بگیرێ. تەنیا ڕێگا ڕێگەی چارەسەرییە، ڕێگەی چارەسەریش گفتوگۆیە.

**ڕووداو**: هیچ وەڵامیان هەبوو بۆ ئەو دانیشتنە؟

**خالید عەزیزی**: تا ئێستا وەڵامێکمان نەبیستووەتەوە.

**ڕووداو**: ئەگەر وەڵامێکی ئەرێنیتان بدەنەوە، ئامادەن بچن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کاری سیاسی بکەن؟

**خالید عەزیزی**: ئەگەر کۆماری ئیسلامی مۆڵەت بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات لە نێوخۆی ئێراندا چالاکی سیاسی بکەن، هیچ پاساوێک نابینم کە هیچ حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی ئێران بێت. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە لەوێ دەستمان بە ملیۆنان خەڵکی خۆمان ڕادەگات سیاسەتیان لەگەڵ بکەین.

**ڕووداو**: ئەگەر بە تەنیا ڕێگە بە حدک بدات و ئێوە وەکو نوێنەری کورد حیساب بکات و بڵێن وەرن کار بکەن و بتانکەن بە حیزبێکی فەرمی لەنێو ئێران، ئێوە ئامادەن بە تەنیا بچنەوە؟

**خالید عەزیزی**: دەبێت زەمینەیەک لە کوردستانی ئێران دروست ببێ کە چالاکیی سیاسی تێدا بکەین، دەنا ئەو چالاکییە کە چەندین حیزب هەیە، زۆر زوو ناو و ناتۆرەی بۆ هەڵدەبەستن. ئەو حیزبە دەکەوێتە بەر هێرشی لایەنەکانی دیکە، بەداخەوە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردیش بۆ ئەو شتانە ئامادەگی زۆرە کە لەنێوخۆیدا کێشەیەکی وا دروست ببێت و لەو مامەڵەیەدا هەم ئێمە و هەم لایەنەکانی دیکە زەرەر بکەین. تەسەور ناکەم شتێکی وا عەمەلی بێت.

**ڕووداو**: دوای ئەوەی لەگەڵ نوێنەرانی ئێران دانیشتن و وەڵامتان وەرنەگرتەوە، لەسەر بۆچوونی خۆتان بەردەوامن کە مەیدانی گفتوگۆی ئاشتیانە دروست بکەن؟

**خالید عەزیزی**: من پێموایە مەیدانی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەت هەمیشە لە جێگەی خۆیدا بێت. هۆیەکەی چییە؟ ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئێران ١٠ ملیۆن کەسە، ئێران وڵاتێکی ٧٠ ملیۆنییە. ئەو ١٠ ملیۆن کەسە خۆی لەنێو کۆمەڵگەیەکی ٨٠ ملیۆنی چۆن دەبینێ؟ جوگرافیای کوردستان لە نێو جوگرافیای ئێران خۆی چۆن دەبینێ؟ ئەگەر ئێمە بە تەنیا توانای ئەوەمان نییە کە ئێران پێویستە بەو جۆرە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئۆپۆزیسۆنی ئێرانیش تاوەکو ئێستا نەبووە بە ئەڵتەرناتیڤی ئەو دەسەڵاتە، هەتا بەرامبەر ئێمەش بۆچوونی باش نییە، ئەی ئێمە بۆچی شێوەکان و میتۆدەکانی دیکەش لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەت تاقی نەکەینەوە.

**ڕووداو**: ئێرانێک کە ئەوکات ئەمریکا و ئەورووپا دۆستی نەبوون، وەڵامی ئێوەی نەداوەتەوە، ئێستا کە ڕێکەوتن هەیە، کرانەوە هەیە، بڕوات وایە وەڵامتان بداتەوە؟

**خالید عەزیزی**: بەبڕوای من ئەگەر ئێران بچێتە نێو گەمەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆنترۆڵ و چاودێریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لەسەر بێت، لە نێوخۆی وڵات جموجۆڵ هەبێت، ئێران لەوێ پاشەکشە دەکات. هەتا ئێران تێکەڵاوی لەگەڵ دونیای دەرەوە پەیدا بکات و هاتوچۆ هەبێت، وردە وردە لە ڕوانگەی نێودەوڵەتی کرانەوەیەک بەرامبەر کورد پەیدا دەبێت و ڕەنگە بپرسن ئێوە چین؟ چ کۆمەڵگەیەکن؟ بەدوای چیدا دەگەڕێن؟ ئەندامتان لە پەرلەمان هەیە؟ بە زمانی خۆتان دەخوێنن؟ مەبەستی من ئەوەیە کە ئێمە دەبێ کێشەکە ببەینەوە نێوماڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**ڕووداو**: سەرەڕای ئەوەی حکومەت وەکو خۆتان دەڵێن هەوڵ دەدات سیاسەتەکانی خۆی دژی کورد دابڕێژێتەوە هێشتا باوەڕتان بەوە هەیە مەیدانی ئاشتی و دیالۆگ هەبێ؟

**خالید عەزیزی**: ٣٧ ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە شەڕ و شۆڕشداین. ئێمە دەبێ ئاوڕ لە خەباتی ٣٧ ساڵەمان بدەینەوە لە کوێ چاکمان کردووە، لە کوێ هەڵەمان کردووە، دەبێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ڕابردووی خۆت بکەی، بۆ ئەوەی بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو بکەی.

**ڕووداو**: ئەوەی بەڕێزت باسی دەکەی، هەستکردنە بە ماندووبوون؟

**خالید عەزیزی**: ئەمە ماندوو بوون نییە، بەدواداچوونە بۆ ئەوەی چ شتێکی تازە بێنی، تاوەکو ئەو خەڵکە لە مەیدانەکە ڕابگری. ماندوو بوون ئەوەیە کە بە تاک ڕەهەند سەیری کۆماری ئیسلامی بکەی و دروشم لە دژی بدەی.

**ڕووداو**: هیچ سەرکردەیەک بەدەر نییە لە هەست و سۆز، ئەوەی ئێوە بەشێک نییە لەوەی کە بیری زێدی خۆتان دەکەن؟

**خالید عەزیزی**: با. ئێمە مرۆڤین، ئەگەر سیاسەتیش دەکەین و ناچار بە بڕیاری توند دەبین، بەڵام دواجار مرۆڤین. من زۆرجار گوتوومە سەرەڕای ڕێزم بۆ باشووری کوردستان و ئەمەکناسیی خەڵکەکەی بەرامبەر بە حیزبی دیموکرات، بەڵام جێگەی ئێمە باشووری کوردستان نییە. ئەو پرۆژەی حیزبی دیموکرات هەیەتی دەبێ لە نێوخۆدا جێبەجێ بکرێ، لە کوردستانی عێراق جێبەجێ ناکرێ. ئێمە بەناچاری هاتووینەتە ئێرە.

**ڕووداو**: ئەگەر هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنە سەربۆچوونی تۆ، پێتوایە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڵامتان بداتەوە؟ یان دەبێ بە زمانی چەک ناچاری بکەی بیهێنیتە مەیدان؟

**خالید عەزیزی**: لە هەنگاوی یەکەمدا من ئارەزووم دەکرد حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموومان یەک دەنگ و یەک ڕەنگ و یەک گوتار بووینایە بۆ ئەوەی ئەدرەسێکی بەهێز بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دروست بکەین. لە هەنگاوی دووەمدا ڕەنگە بەدوای ئەوەدا نەگەڕابووینایە کە ئەو گوتارە تەنیا گوتاری ئێمە بێ. کێشە لەوەدایە کە ئەو بەربڵاوییە وایکردووە تۆ ئەدرەسێکی بەهێزت بەرامبەر کۆماری ئیسلامی نەبێ.

**ڕووداو**: لەو بەربڵاوییە تۆ بەتەنیای، ئەوانی دیکە بڕوایان بە خەباتی چەکداری هەیە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە ٣٧ ساڵە بە شێوازی جۆراوجۆر خەبات دەکەین، خۆ دەبێت لە شوێنێک ئەنجامێکی هەبێ. خۆ ئێمە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی چەکداریمان وەلانەناوە. کێشەکە لەوەدایە ئەرێ ئەو خەباتە ئێمە بەرەو کوێ دەبات؟ ئایا بەو خەباتە کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ؟ ئایا بە خەباتی چەکداری ئێمە ئەوەندە سەرئێشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست دەکەین کە ناچار بن وەڵاممان بدەنەوە؟ من دەڵێم ئەوە بە جێگەی خۆی، بەڵام خەباتی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات کە کۆماری ئیسلامی زۆر پێی عاجزە، ڕەنگە ئا لێرەدا وەڵاممان بداتەوە.

**ڕووداو**: ئەو بۆچوونەی بەڕێزت تا چەند بێ هیوابوونە لە ئەمریکا و خۆرئاوا؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە بەردەوام گوێمان لە هەڕەشەی ئەمریکایە بۆ سەر ئێران، هەڕەشەی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی بۆ سەر ئێران، من بەردەوام گوتوومە نابێت بە هەڕەشەی ئەوان بۆ سەر ئێران دڵخۆش بین. ئێستاش کە پەیوەندی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوە بەرەوپێش دەچێت و دەیانەوێ ڕەفتاری ئێران بگۆڕدرێ، ئێمە دەبێ بیرێکی باشتر لە حاڵی خۆمان بکەینەوە.

**ڕووداو**: ئەگەر کاربەدەستانی ئێران لەو شاشەیە گوێیان لە تۆ بێت دەتانەوێ چییان پێبڵێی؟

**خالید عەزیزی**: دەمەوێ پێیانبڵێم دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قۆناغێکدایە نکۆڵی لێناکرێ. کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگەچارەیەکی نییە جگە لە ئیعترافکردن بە مافەکانی کورد لە ئێران.

**بەشی دوویەم**

**ڕووداو: ئامادەن بە تەنیا گفتوگۆیان لەگەڵ بکەنەوە؟**

**خالید عەزیزی: تەماشا دەکەین بە چ مەبەستێک هاتوون، لە گفتوگۆ لەگەڵ خۆشیان پێمان گوتن چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستان لانیکەم هەردوولای دیموکراتی پێویستە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٦**



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: هەموو لایەک چاوەڕێی کاک مسعود بارزانی دەکات بۆ ئەوەی بڕیارێکی نەتەوەیی بدات




**گوڵان**

**بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکان وایانکردووە کە مەزنەدەکان بەو ئاراستەیە بچن، گۆڕانکاریی ریشەیی و کاریگەر لە ناوچەکە بێتەئاراوە، لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەشدا لەگەڵ ئەوەی کورد بەشێک نییە لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام یاریزانێکی سەرەکییە و ڕۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەگێڕێت، لەمەش زیاتر هەرێمی کوردستان بۆتە نموونەیەک بۆ پێکەوە ژیان و یەکترقبووڵکردنی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، لەکاتێکدا کێشەی سەرەکی لە ناوچەکە ئەوەیە کە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ناتوانن پێکەوە بژین. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و سوودوەرگرتن لەو دەرفەتەی بۆ کورد هاتۆتەپێشەوە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەروو.**

### سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

**پرسیار**: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا بریتییە لە کۆمەڵێک هاوکێشەی ئاڵۆز و تێکەڵ، هەروەها کۆمەڵێک کاراکتەری تازە گەمەی تێدا دەکەن، ئایا چۆن ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنیتەوە و کورد لە کوێی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە دایە؟

**وەڵام**: پێش هەموو شت، ئێمە قسە لەسەر ناوچەیەک دەکەین کە زۆر ئاڵۆز و تێکەڵە، کۆمەڵێک فاکتەری جیاوازی مەزهەبگەرایی و جیوگرافی تێدایە، لەوەش گرنگتر ئەم ناوچەیە شوێنی هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەشە و لێرەوە بە

جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر چەندی و چۆنی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا. هەتا سەردەمانی شەڕی سارد کە باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرا، ئەوا رێک بە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین پێناسە دەکرا، ئەمەش بەرهەمی شەڕی ساردی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن بوو، هەر ئەم دوو جەمسەرەش دوو هێزی کاریگەر بوون و دەیانتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، بەڵام پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و هاتنە گۆڕێی کۆمەڵێک فاکتەری دیکە و دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، وردە وردە فاکتەری دیکەی ناوچەیی هاتنە ناو گەمەی سیاسیی ناوچەکە، بۆیە ئێستا کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوە تەقلیدییەکەی کە بڵێن کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین پێناسە ناکرێت، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری بۆ زیاد بووە لە سەرووی ئەوانەوە کێشەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننەیە کە ئێران لە سەرووی هەموویانەوە رێبەرایەتی مەزهەبی شیعە دەکات و هەوڵدەدات ناسنامەیەک بۆ شیعە لە تەواوی ناوچەکە دروست بکات، لە بەرامبەر ئەمەشدا سوننە بوونی هەیە و کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبین، هەروەها توندڕۆیی سوننەش بوونی هەیە، ئەمە وایکردووە کێشەی ئایینی و مەزهەبگەرایی ببێتە بنەمای یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و حیسابی وردی لەسەر دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئایین و مەزهەب هاتۆتە ناو سیاسەتەوە و لایەنەکان سوودی تەواویان لێ وەرگرتووە، بەڵام لە تەنیشت هەموو ئەمانەش فاکتەرێکی دیکە لە چۆنیەتی پێناسەکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیادبووە، ئەو فاکتەرەش کوردە، بۆیە لە ئێستادا کە باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، ناتوانن فاکتەری کورد نادیدە بگرن، کاتێکیش باس لە فاکتەری کورد دەکەین، دیارە ئەم فاکتەرەش رەهەندی جۆراوجۆری هەیە. بە بەبۆچوونی من ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، نموونەیەکی جوانی بەرجەستە کردووە، ئەم نموونەیە لەناو عێراقێکی شێواو و لە ناوچەیەکدایە کە سەرانسەر کێشەی مەزهەبگەرایی شیعە و یەکتری قبووڵنەکردنە، بەڵام جیاوازی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە لەم هەرێمە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە دەژین و لێبووردەیی و یەکتری قبووڵکردن هەیە، هەروەها هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەم قەیرانە ئابورییەی توانیویەتی زیاتر لە ٥،١ ملیۆن ئاوارە لەخۆی بگرێت و توانیویەتی خۆی رابگرێت. خاڵێکی دیکە بۆ ئەم هەرێمە ئەوەیە کە زیاتر لە ٣٠ - ٤٠ نوێنەرایەتی وڵاتانی دەرەوە نووسینگە و کونسوڵخانەیان لەم هەرێمەدا هەیە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکی نێودەوڵەتییە، لە هەموو ئەم خاڵانەش گرنگتر شەڕی پێشمەرگەیە دژی تیرۆریستانی داعش، هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ داعش هەیە، قارەمانییەتی پێشمەرگە لەم شەڕەدا هەرێمی کوردستانی کردووە بە واقیعێک کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناتوانرێت ئینکاری بکرێت، ئەم فاکتەرانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا بەشێک نییە لە کێشەکە، بەڵکو ئێستا ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆتە بەشێک لە چارەسەر، ئیدی چۆن دەتوانێت لە نەخشەڕێگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد جێگە پەنجەی دیار بێت، ئەمەیان دەکەوێتە سەر هاوکێشەی گەمەکە و ئەوەی کە کورد چۆن لەو هاوکێشەیەدا گەمە دەکات.

**پرسیار**: **ئەگەر کورد یاریزانێکی ئەو گەمەیە بێت، دەبێت چۆن لەو هاوکێشەیە دا گەمە بکات؟**



سەرچاوە Serchawe

**وەڵام**: دوو جۆر گەمەکردن هەیە، گەمەیەک خۆت دەستی پێدەکەیت و خەڵکی دیکە پەلکێش دەکەیت بۆ ناو ئەو گەمەیە، جۆرێکی دیکەیان ئەوەیە تۆ خۆت بچیتە ناو گەمەکەوە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دیارە لایەنی کوردی بەشێک نەبووە لە کێشەی نێوان سوننە و شیعە، بەڵام کاتێک ئەم کێشەیە دروست بوو، شەڕی داعش بەرپا بوو، کورد فاکتەرێکی ئیجابی بوو لە کێشەکەدا، بۆیە کورد ئێستا لە گەمەکەدایە، یەکەم بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، دووەم کوردانی سووریاش کە لە تێروانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە بەرەی دژی داعشن، ئەمانە پێگەی کوردیان لەناو هاوکێشەی نێودەوڵەتی بەهێز کردووە، لە سەرێکی دیکەوە هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە کورد نەتەوەیەکە پەنا بۆ توندوتیژی نابات و لێبووردەیە و حەز لە پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوە و ئایینەکانی دیکە دەکات و خوازیارە کە ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز بێت، ئەمانە هەمووی پێماندەڵێت کورد لە گەمەکەدا بوونێکی بەرچاوی هەیە.

**پرسیار**: جەختت لەسەر ئەوە کردەوە کە کورد بەشێک نییە لە میحوەربەندی شیعە و سوننە، بەڵام وەک دەبینین بەشێک لە هێزە سیاسییەکان پێوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئێران هەیە و سیاسەتەکانی ئێران جێبەجێ دەکەن، بۆ نموونە رەفتارەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان، لەو بارەوە راتان چییە؟

**وەڵام**: کوردیش وەک هەموو لایەنەکانی ناو گەمەکە مافی خۆیەتی کارتی هەمەجۆرە بەکار بهێنێت، بەڵام من ئومێد دەخوازم بەکارهێنانی ئەو کارتانە لە بەرژەوەندی نەتەوەییدا بن، سەبارەت بە پارتە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێوەندییان لەگەڵ ئێران و تورکیا زۆر سروشتییە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم ئێران و تورکیا ببنە بەشێک لە گەمەی نێوماڵی کورد و لەمەدا لە یەکتری جیادەبنەوە. ئەوەشی پێوەندی بە پەکەکەوە هەیە، دیارە پەکەکە پارتێکی باکووری کوردستانە و هەر لەوێ دامەزراوە و شوێنی خەباتیشی هەر ئەوێیە و هەر لە باکووریش رۆڵی پەکەکە لە نێو خەڵکدا رەنگ دەداتەوە، بە بۆچوونی من پەکەکە بۆی نییە و لە قازانجی کوردیش نییە دەستێوەردان لە هیچ پارچەیەکی کوردستان بکات، تەنانەت ئەگەر لە پارچەیەکیش بوونی هەبێت، دەبێت ئەو بوونە بۆ بەهێزکردنی نێوماڵی کورد بێت و نابێت ببێتە بەشێک لە کێشە ناوخۆییەکانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان. بۆیە من ئومێدەوارم لە پێوەندی بە باشووری کوردستانەوە پەکەکە ئەو خوێندنەوەی هەبێت. دیارە لە باشووری کوردستان کێشەی ناوخۆیی هەیە و بەشێک لەو کێشانە ریشەی مێژوویی هەیە، بۆیە ناکرێ هیچ کام لە حزبەکانی پارچەکانی کوردستان ببنە بەشێک لەو کێشەیە، لەبەر ئەوەی بوون بە بەشێک لەو کێشانە، کێشەکان زیاتر قووڵ دەبنەوە.

**پرسیار**: بەڵام پەکەکە نەک هەر لە باشوور، بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەستێوەردان دەکات و خۆیشی دەکات

بە بەشێک لە کێشەکان، هەر بۆ نموونە ئێستا داوا دەکات شنگال نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بۆچوونە بکەین؟

**وەڵام**: تا ئەو جێگەی پێوەندی بە شنگالەوە هەیە، شنگال بەشێکە لە کوردستانی باشوور، ئەم بەشە پارتی سیاسی و پەرلەمانی خۆی هەیە. بۆیە لە روانگەی ئێمەوە نەک پەکەکە، بەڵکو هیچ حزبێکی پارچەکانی دیکە نابێت ببنە بەشێک لە کێشەکە، ئەگەر پەکەکە بیانووی ئەوەیە لە شنگال و شەڕی دژی داعش بوونی هەبووە، ئێستا داعش لەو ناوچەیە نەماوە و لەسەر دەستی پێشمەرگە تیکشکێندراوە و پاشەکشەی کردووە، بۆیە دەبێت ئێستا خۆی بێت و بڵێت: فەرموو قائیمقامی شنگال، یان پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئەو کات بۆ شەڕی داعش بوونمان هەبوو، ئەوا ئیتر لەمەودا ئێمە دەستێوەردان ناکەین و بە خۆتانی دەسپێرینەوە. کوردستان خۆی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە و زیاتر لە ٦٠ - ٧٠ حزبی سیاسی هەیە، هەر یەک لەو حزبانەش خوێندنەوەی جۆراوجۆریان هەیە، بۆیە ئەگەر سنوورێک دانەنێن هەموو کێشەکان زیاتر ئاڵۆز دەبن.

**پرسیار**: لە خوێندنەوەی فاکتەری کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرێمی کوردستانت وەک فاکتەرێکی ئیجابی هەڵسەنگاند، ئێستا لەم هەرێمە زەمینەیەک بۆ راگەیاندنی دەوڵەت هاتۆتە پێشەوە، ئایا تاچەند لە ئێستادا راگەیاندنی ئەم دەوڵەتە نابێتە موجازەفە؟

**وەڵام**: ئێستا کۆمەڵێک فاکتەر هەن و هەموویان شان بە شانی یەکتری زەمینەیەکی لەباری بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بۆیە باشووری کوردستان لە هەموو روویەکەوە نزیکە لە لوتکە و راگەیاندنی دەوڵەت، بەڵام فاکتەری هەرە سەرەکی کە دەبێتە بنەما بۆ ئەم پرۆسەیە، فاکتەری نێومالی کوردییە، واتە ئەگەر هەموو فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان شان بە شانی یەکتری بۆ بە خاوەن دەوڵەتبوونی کورد بوونیان هەبێت، ئەوا ئەگەر نێومالی کورد یەکگرتوو و یەکدەنگ و یەکگوتار نەبێت، یان ئەم پرۆسەیە موزایەدەی حزبی لەسەر بکرێت، ئەوا لەوانەیە ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتی پرسیاری بکەوێتەسەر، بۆیە پرسی بەدەوڵەتبوون لە باشووری کوردستان بەدەستی خودی کورد خۆیەتی، ئەگەر نێومالی کورد یەکگرتوو بێت، شانسی ئەوە هەیە ئەو دەرفەتەی بۆ باشوور هاتۆتە پێشەوە، بکرێتە ئەمری واقیع. ئەمەش واتە ئەگەر نێومالی کورد یەکگرتوو بێت دەتوانرێت ریفراندۆم بکرێت و سیگنالێکی باشیش بدرێتە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان (ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا) و پەیامێکی بەهێزیش بنێرێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کورد بە یەکدەنگی و یەکڕیزییەوە دەخرێتە سەر نەخشەی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەو مانایەی ئەگەر کوردستان سبەی ببێتە خاوەن دەوڵەت، هەر بەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی رابردوو هەیبووە، دەتوانێت ببێتە

بناخەیەکی باش بۆ دیموکراسی و یەکتری قبووڵکردن و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لەم ناوچەیەدا کە ئێستا زۆر پێویستی بەو بەهایانە هەیە.

**پرسیار**: بەڵام وەک ئاگادارن چەندین جارە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەریی کردووە بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکان کۆببنەوە و لەسەر ئەم پرسە کێشە لاوەکییەکان وەلابنێن و یەکگوتار و یەکهەڵوێست بن، ئایا ئەمە ئەو زەمینەیە دروست ناکات؟

**وەڵام**: لێرەدا دەبێت هەموو هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بێت بڕیارێکی نەتەوەیی بدەین. ئەو بڕیارە نەتەوەییەش بتوانێت هەموو لایەک پابەندبکات و لەناو پرۆسەی سەربەخۆیی یەکگوتاری دروست بکات. نزیکەی سێ ساڵ پێش ئێستا قسە لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی زەمینەی ئەو کۆنگرە نەتەوەییە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەبوو، سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان ئەو زەمینەیە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە، بۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە بڕیاردان، یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەیە، سەبارەت بە ڕۆڵی جەنابی کاک مسعود بارزانی دیارە هەموو لایەک ئومێدێکی زۆری لە بەڕێزیان هەیە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە،

**یەکەم**: کاک مسعود بارزانی هەموو ژیانی پێشمەرگە بووە و بە پێشمەرگایەتی پێگەیشتووە، بۆیە لە هەموو دەرد و کارەساتەکان باشتر تێدەگات و دەزانێت لێکترازانی نێوماڵی کورد چ کارەساتێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت،

**هۆکاری دووەم**: جەنابی کاک مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و خۆی ڕابەریی پرۆسەی سەربەخۆیی دەکات، بۆیە دەبێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە هەموو ڕێگەیەک بگرێتەبەر و تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەم پرسە نەرمییەکی تەواویش پیشان بدات، ئەوە گەورەیی ئەو پیشان دەدات، لەبەر ئەوەی قازانجی داهاتووی نەتەوەکەمان لەو بڕیارە دایە.

**پرسیار**: ئێستا ئێران تەنیا دەوڵەتە زۆر بە ئاشکرا دژایەتی دەوڵەتی کوردستان و پێداگیری لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکات، ئایا ئەگەر دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەندرێت کاردانەوەی ئێران چۆن دەبێت؟

**وەڵام**: بۆ ئەمە یەک دوو ڕوانگە هەیە قسەی لەسەر بکەین. دەکرێت بە حوکمی ئەوەی ئێران دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیە و لەناو ئەو نەتەوانەشدا نەتەوەی کورد پتر خەبات و تێکۆشانی کردووە بۆ مافەکانی، لەوانەیە لەم ڕوانگەیەوە ئێران ترسی ئەوەی هەبێت، دەوڵەتی باشووری کوردستان ببێتە ئەزموون و هاندەرێک بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، لەم ڕوانگەیەوە

لەوانەیە دژ بێت، بەڵام ئەگەر واقیعییانە سیاسەتی ئێران بخوێنینەوە، ئەگەر سبەی دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنێت، ئێران سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، ئەگەر سەیریان کرد ئەم دەوڵەتە لە بەرژەوەندی مانەوەی خۆیانە، ئەوا پێوەندی لەگەڵ گرێدەدەن. لەمبارەوە نموونە هەیە، کاتێک دەوڵەتی ئازەربایجان راگەیەندرا، دیارە نەتەوەی ئازەری دووەمین نەتەوەن لە ئێراندا لە رووی ژمارەوە و هەروەها شیعە مەزهەبن و حکومەتی ئازەربایجانیش شیعە مەزهەبن، ئازەرییەکان بە حوکمی ئەوەی شیعەن پۆست و پلەی باڵاشیان لە حکومەتی تاراندا هەبوو، بەڵام ئێران پێوەندی لەگەڵ حکومەتی ئازەری گرێدا، لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە نەبووە هۆکاری ئەوەی ئازەرییەکانی ئێرانیش هەوڵی دەوڵەتی خۆیان بدەن، هەروەها هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئازەربایجانیش مەزهەبی شیعە بوو، بۆیە لەوانەیە ئێران ئەوەی بە دەروازەیەکی دیکە دانابێت بۆ بڵاوکردنەوەی مەدی شیعە، راستە ئەو دوو فاکتەرە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بوونیان نییە، بەڵام لە بەرامبەردا فاکتەری دیکە هەن. ئەگەر ئێران هەوڵبدات لەشکرکێشی بۆ سەر ئەو دەوڵەتە بکات کە لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، ئەوا کوردی ئێران دەرژێتە سەر جادە و بەرهەڵستی دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان ئێستا ئەوەندە دۆستی نێودەوڵەتی بۆ دروست بووە کە لە ئێرانی قبووڵ ناکەن لەشکرکێشتی بکات، واتە ئەگەر دەوڵەت راگەیەندرا لە نێوان لەشکرکێشی و چاوەڕێکردندا، من پێموایە ئێران چاوەڕێکردن هەڵدەبژێرێت، تا بزانێت ئایا لەبەرژەوەندی خۆیدایە، یان نە.

**پرسیار**: ئەگەر باس لە رەوشی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دیارە لەم ماوەیەی رابردوو هێزەکانی رۆژهەڵات کۆمەڵێک چالاکی تەنانەت چەکدارییان لە رۆژهەڵات ئەنجامدا و حکومەتی کۆماری ئیسلامیش زۆر بە توندی وەدەنگ هات، ئایا بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ رۆژهەڵات و بازنەی خەباتی خۆتان فراوان بکەن؟

**وەڵام**: سەبارەت بە گەڕانەوە، یان چوونەوە ناوخۆی رۆژهەڵات، ئەوە چەندین ساڵە بەردەوام هەر لە گۆڕێدایە و پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان هاتوچۆی ناوخۆی وڵاتیان کردووە و شەڕ و پێکدادانیش هەبووە، پێشمەرگە شەهید و بریندار هەبووە و تەرفی حکومەتی ئێرانیش خەسارەتی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ روویدا، سروشتی شەڕەکان و بارودۆخی ناوچەکە وایکرد کۆماری ئیسلامی زۆر زوو بێتەدەنگ و هەرا و هۆریایەک دروست بکات و واپیشان بدات گوایە پیلانێکی ئیقلیمی دژی ئێران لەئارادایە، کە ئەمە ئەسڵی نەبووە و نییە. ئێمە لە رابردووش و لە ئێستاش و لە داهاتووش حزوورمان لە رۆژهەڵات دەبێت، بەڵام چەند و چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەکەین، ئەوە پرسێکی دیکەیە. واتە چۆن ئێران ناچار دەکەی گوێت لێبگرێت، یان بەدەنگ بێت، بۆ ئەمە شێوازی جۆراوجۆر هەیە. دیارە پێشمەرگە سیمبولی بەرخۆدانە و حزووری ئەوان گرنگە، بەڵام لە پاڵ حزوری پێشمەرگە گرنگە خەباتی مەدەنی و چالاکی یاسایی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بقۆزرێنەوە بۆ ئەوەی بناخەیەکی میللی بۆ ئەو پرسە دروست بکرێت، بۆیە پرسەکە



سەرچاوە
Serchawe

بەس حزووری پێشمەرگە نییە. ئەگەر پێشمەرگە حزووری هەبێت و ساڵانە چەندین چالاکیش ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر پشتیوانییەکی جەماوەری نەبوو، ئەوا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کێشەکە وەک کێشەیەکی چەکداری پێناسە بکات و بڵێت چەند چەکدارێکن و چەندین ساڵە لەو دیوی مەرزەکانەوەن و جارجار دزە دەکەن و دێن ئاژاوەیەک دروست دەکەن، ئەمەش زەمینەی ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی خۆش دەکات کە بتوانێت پرسەکە کپ بکاتەوە.

**پرسیار**: بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆشدا دەستی نەپاراستووە و بە پۆل خەڵک لە سێدارە دەدات، ئایا ئەمەش گورزێک نییە بۆ خەباتی مەدەنی؟

**وەڵام**: لە سێدارەدان وەک لە راپۆرتە نێودەوڵەتی و راپۆرتەکانی مافی مرۆڤ بە راشکاوانە ئاماژەی پێکراوە، بەشێکە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی و لە رابردوو هەبووە و لە ئێستاشدا هەیە و لە داهاتووشدا دەبێت. لەسێدارەدان شتێکی تازە نییە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەڵام بۆ ئەوەی لە سێدارەدان کەم ببێتەوە، دەبێت خەباتی مەدەنی لە ناوخۆ وڵات بەرفراوانتر بکرێت، بۆ ئەوەی گوشار بکەوێتە سەر حکومەت و ناچار بێت پاشەکشە بکات.

**پرسیار**: وەک سەرنج دەدرێت ئێستا ئێران زۆر غرووره، ئەمەش نەک هەر لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەموو ناوچەکەش بوونی هەیە، ئایا ئەم غرووریيەی ئێران لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

**– کۆمەڵێک فاکتەر بوونیان هەیە کە وایانکردووە ئێران مەغروور بێت:**

**یەکەمیان**: لەبەر ئەوەی ئێران وڵاتێکە زۆربەی دانیشتووانەکەی سەر بە مەزهەبی شیعەن و شۆڕشی ئیسلامیش فۆرمێکی شیعەی هەبووە، بۆیە ئێران لە تەواوی ئەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە شیعەی لێیە، هەژموونی خۆی سەپاندووە و بۆچوونێکی بڵاوکردۆتەوە بەو مانایەی ئەگەر ئێران نەبێت، ئەوا شیعە لەسەر دەستی سوننە قەڵاچۆ دەکرێت، بۆیە بەمجۆرە سۆزی شیعەکانی لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە و ئەفغانستان و پاکستانیشی بۆ خۆی راکێشاوە.

**دووەم**: ئێران وڵاتێکی گەورەیە و توانی لە ماوەی ١٠ - ١٢ ساڵی رابردوو لەسەر کێشەی ئەتۆمی و لە مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی وا پیشانبدات کە کارتی زۆری بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی گەمەی پێبکات، ئەمەش وایکرد کە رێککەوتنێک لەسەر پرسی ئەتۆمی بێتەئاراوە .



سەرچاوە
Serchawe

**خاڵی سێیەمیش**، لەبەر ئەوەی داعش پێناسەیەکی سوننەی هەیە، لە سووریا و عێراقیش ئەو دوو حکومەتەی داعش لە دژیان شەڕ دەکات، شیعەن، ئەمەش وایکردووە لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی وا پێناسە بکات کە لە بەرەی دژی داعشن، سیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دیارە مەسەلەکان خاڵبەندی دەکات و ئەولەوییەتەکان دیاری دەکات، خۆشتان دەزانن، ئێستا ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی نێودەوڵەتی شەڕکردنە لە دژی داعش، بۆیە ئەم فاکتەرانە کە لە بەرژەوەندی ئێران شکاونەتەوە وایکردووە ئەو مەغرووریە دروست بێت.

**پرسیار**: بەڵام کاتێک سەرنج لە شێواز و کارە بەربڵاوە تیرۆریستەکانی داعش دەدەین، دەبینین دەستی دەگاتە هەموو شوێنێک لەم جیهانە، کەچی کاری تیرۆریستی لەناو ئێران ئەنجام نادەن، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: من بە دووری نابینم پێوەندییەکی موخابەراتی و ناڕاستەوخۆ بۆ هەماهەنگی لە نێوانی کۆماری ئیسلامی و داعشدا هەبێت، بۆ ئەوەی بە جۆرێک یەکتری بپارێزن، هەر بۆ نموونە لە کاتی شەڕی ئێران - عێراقدا، کۆماری ئیسلامی هەموو دروشمەکانی بۆ نەمانی ئیسرائیل بوو، بەڵام هەموو بەڵگەکان بە ئاشکرا دەریانخست بە ڕێگەی ئەورووپا چەکی ئیسرائیلی دەگەیشتە دەستی حکومەتی ئێران، بۆیە دەڵێم ئەمەش بە دوور نازانرێت کە شتێکی لەو جۆرە بێت.

**پرسیار**: دیارە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەمریکا جۆرێک جیاوازی هەیە، ئایا تاچەند ئەم هەڵبژاردنە ڕەنگدانەوەی لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت؟

**وەڵام**: ئەوەی هەتا ئێستا لە گوتارەکانی هەر دوو کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا سەرنجی دەدەین و لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەراوردیان دەکەین، ئەوا وادەردەکەوێت کە هیچ کاتێک بەو ئاستە گوتاری کاندیدەکان بەوجۆرە جیاوازی نەبووە، سەبارەت بە دۆناڵد ترامپ کە کاندیدی کۆمارییەکانە، ئەو لێدوانەی دەیدا و ئەو قسانەی دژی نەتەوە و ئایینەکان دەیکات، ئەوە لایقی دامەزراوەی سەرۆکایەتی ئەمریکا نییە، کەسێک بەو ئەقڵییەتە ببێتە سەرۆکی ئەمریکا بە ئاسانی لەسەر ئەمریکا تەواو نابێت. ئەو زۆر جار باس لەوە دەکات گلۆبالیزەیشن کۆتایی هاتووە و دەڵێت: من بەدوای ئەمریکالیزم دەگەڕێم، ئەمەش بەو مانایە شکۆی ئەمریکا هاتۆتە خوارەوە و دەیەوێت شکۆی بۆ بگێڕێتەوە، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمریکا زۆر فراوانە، لەکاتێکدا باس لە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەکرێت، ترامپ بە کەسێکی هەڵەشە ناسراوە، ئایا دەکرێت ئەو هەموو دەسەڵاتانە بدرێتە کەسێکی وەک ترامپ، بە هەر حاڵ ئەمە لەلایەن نوخبەی ئەمریکییەوە زۆر بایەخی پێدەدرێت، بەڵام خەڵک ڕۆژانە سەیری شاشەکان دەکات و گوێ لە لێدوانەکان دەگرێت. لەوانەیە خەڵک بڵێت ترامپ بە ئاشکرا قسە دەکات و بە دیپلۆماتی قسە ناکات، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە

ترامپ بۆ ئەمریکا و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەبێتە مایەی نیگەرانی، بۆیە من پێموایە بۆ ئێمەی کورد دیموکراتەکان باشترن، لەبەر ئەوەی ماوەی هەشت ساڵە ئەوان دۆستایەتییەکی زۆریان لەگەڵ کورد پەیدا کردووە، کوردیش دۆستایەکی زۆری پەیدا کردووە. من بۆ خۆم چەند ساڵێک لە ئەمریکا بووم، سروشتی ئەو دوو حزبە بەو جۆرەیە کە چوونە کۆشکی سپی هەموو ستافی کۆشکی سپی دەگۆڕن، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەتا جارێکی دیکە لەگەڵ ئەوان دێنەوە سەرخەت، کاتێکی زۆری دەوێت.

**پرسیار**: ئەگەر دوایین پرسیار ئەوە بێت کە لەم کاتەدا ئێمە وەک کورد ئەگەر بڕیارێک بدەین، تاچەند بۆ بەرژەوەندی کورد دەشکێتەوە و ئایا پێتوانییە لەم ماوەیەدا ئیدارەی ئۆباما بۆ پشتگیریکردنی کاندیدی کۆمارییەکان کارێک بکات هاوسەنگیی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بگۆڕێت؟

**وەڵام**: لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکادا جاروبار ئەو جۆرە تاکتیکانە بەکار هاتووە، بۆیە سەیر نییە شتێک بێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی بۆچوونی خەڵک گۆڕانکاری بەسەردا بێت. سەبارەت بە بڕیاری کوردیش، دەمەوێت بە دڵنیاییەوە ئاماژە بەوە بکەم، هەتا کێشەی داعش لە گۆڕێدایە و کورد سنووری ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ داعش هەیە، ئەوە گرنگە کە تا چەندی دەتوانێت، پێگەی خۆی بەهێز بکات و ناوماڵی خۆی رێکبخاتەوە، هەروەها هەندێک مەسەلە هەیە دەبێت یەکلایی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر شەڕی داعش تەواو بوو، لەوانەیە بارودۆخەکە بۆ کوردستان بگۆڕێت، بەتایبەتی ئێستا کە ئەمریکا خۆی سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشە، یان لەوانەیە لە ناوچەیەکی دیکە کێشەیەک بێتەئاراوە و ئێرە وەک ئێستا بایەخی پێ نەدرێت، بۆیە من جەخت دەکەمەوە دەبێت لە ئێستا هەوڵبدرێت زۆر مەسەلە یەکلایی بکرێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: ئێمە لەڕوی مەجبووری و بێ دەرەتانی دەیان ساڵە لە باشووری کوردستانین




**ڕۆژنامەی ئاوێنە:**

**ئاوێنە: لەو دۆخە سیاسیەی ڕۆژهەلات کە خوی لە نەبوونی چالاکی هەمە چەشن دەبینیتەوە حزبەکانی ڕۆژهەڵات تا چەندە بەرپرسن؟**

**خالید عەزیزی**: پێشەکی، سەرەڕای زەخت و فشار و و دەسەڵاتی قورسی ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی، دیسان هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی مەدەنی کەم و زۆر لە نێوەخۆی وڵاتدا بەردەوامە، کۆمەڵانی خەڵک بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن بێ تەفاوەت نەبن و دەرفەتەکان بقۆزنەوە و بە پێی ئیمکان کەڵکیان لێوەرگرن. بێ گومان لێک دابڕانەکان و یەکتر قەبووڵ نەکردن و تەنانەت جوابەجەنگی و دمەتەقەی ناپێویستی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر بۆتە هۆی ئەوە زەرەر بە ئیعتبار و وەزنی سیاسی ئێمە بگەیەنێ . هیوادارم بە هەست کردن بە بەرپرساییەتی میللی بە یەکەوە ئەو قۆناخە تێپەڕ بکەین.

**ئاوێنە: سود و زیانەکانی نیشتەجی بونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشور بۆ خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات چ بووە؟**

**خالید عەزیزی**: ئێمە لەڕوی مەجبووری و بێ دەرەتانی دەیان ساڵە لە باشووری کوردستانین، بۆیە سوودی ئەو نیشتەجێ بوونە هەر ئەوە بووە کە خۆمان ڕابگرین و بە پێی توانا کاری خۆمان بکەین، ئەو شێوە ژیانە سیاسییەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێمەی بە گشتی لە چاوەڕوانیدا هێشتۆتەوە زەرەر و زیانی بۆ حیزبەکان زۆر زۆر بووە. دەوری عەمەلی ئێمە و لە نێو خەڵک دانەبوون بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات شوێنەواری زۆر خەراپی سیاسی، حیزبی و تەنانەت

کولتوری حیزبایەتی لێکەوتۆتەوە. لەسەریەک ئەو رەوشە خەراپەی ژیانی حیزبایەتی و بەربڵاوییە بۆتە هۆی ئەوە کە جوڵانەوی کوردی ئێران یەک دەست و قورس و قایم دەر نەکەوێ و بەوجۆرە کۆدەنگی و لێک حاڵی بوون بۆ پاڵ پشتی پێویست و هەمە لایەنە بۆ خەبات و چالاکی خەڵکی نێوخۆی وڵات لە گۆڕێ دانەبێ.

**ئاوێنە**: لە ساڵانی رابردوو زور قسەت لە سەر پێویستی کۆمەڵگای مەدەنی لە رۆژهەڵات کردوە، پێت وایە کۆمەڵگای مەدەنی رۆژهەت لە نەبوونی حزبەکان دەتوانن رۆڵێک بگێرن؟

**خالید عەزیزی**: هەمیشە رام گەیاندووە خەڵکی نێوخۆی وڵات نابێ چاوەڕوانی چارەسەری کێشە و ناکۆکی حیزبەکان بن. لەبەر ئەوەی هۆی سەرەکی لەت بوون و لێک ترازانەکان پێوەندی بە شێوازی خەبات و سیاسەت و شتی وا نەبووە. دەبێ خۆیان بەردەوام لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرن و تێبکۆشن خەبات و جم و جۆڵی مەدەنی لە نێو خۆیاندا بکەن بە عادەت و کولتور. بە خۆشێوە شعوری سیاسی و کولتوری خەڵک کوردستانی ئێران لە گەشە دایە و ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو دەری خستووە کە سەرەڕای کەند و کۆسپ و ئاستەنگ، هەوڵ و تێکۆشانی چالاکوانانی مەدەنی دیار و بەر چاوە. بۆیە ئەوان دەتوانن ڕۆڵ و دەوریان هەبێ و من لە بارەوە گەش بینم.

**ئاوێنە**: لە دیمانەکانت هەست بە جیاوازی روانینت بە نیسبەت حیزبەکانیترەوە بەرامبەر بە خەباتی کوردی لە رۆژهەڵات دەکرێ، بە جۆریک رەخنەگرانت بەوە تۆمەتبارت دەکەن کە ئومێد بە گۆڕانکاری لای ئێوە نەماوە بۆیە رەخنە لە دۆخی خەباتی سیاسی رۆژهەڵات دەگرن؟ ئایا ئۆمیدێک بە گۆڕانکای گەورە بێ بەشداری حیزبەکانی ئۆپۆزیسیون هەیە لە ئێران و کوردستان؟

**خالید عەزیزی**: ئومێد بە دروشم و تورەیی دروست نابێ، گرفتی سەرەکی حیزبەکانی رۆژهەڵات ئەوەیە بە گشتی و بە راشکاوی شەهامەتی ئەوەمان نییە خەسارناسی دەیان ساڵەی ڕابردووی خۆمان بکەین و پرسیار لە خۆمان بکەین بۆ توشی ئەو چارەنووسە نەخوازراوە هاتوین و بۆ دەرباز بوون لەو وەزعە چمان بۆ دەکرێ و چمان بۆ ناکرێ. لەسەریەک ئێمە بووینەتە بارمتەی کێشە و ناکۆکی نێوخۆیی حیزبەکان. بۆیە لە کەش و هەوایەکی ئەو جۆرەدا ئەو باسانەی کە من لە چەند مانگی رابردوودا باسم لێکردوون بە داخەوە وەک زەمینەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕیگا چارە سەیری ناکرێ، هەر لایەنەی بە پێی بەرژەوەندی حیزبی و کێبەرکێی حیزبی خویندنەوەی بۆ دەکات. ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە کورد و غەیرە کورد ئیستعداد و ئامادەگی ئەویان نییە پێدا چونەوە بە سیاسەت و خوێندنەوەی خۆیان لە مێژوی ٣٧ ساڵەی کێشە و خەبات و تێکۆشانی خۆیان بکەن. بە داخەوە ئۆپۆزسیۆنی ئێران و تا رادەیەک حیزبە کوردییەکانیش لە جیاتی کارکردن بۆ دروستکردنی

کۆدەنگی و بەدیلسازی لە دژی کۆماری ئیسلامی، زۆرتر سەرگەرمی دروشم دان و دەمە چەقە و یەکتر شکاندنن .

**ئاوێنە**: ئایا حیزبەکانی رۆژهەلات توانای ئەوەیان تێدایە پرسی کورد لە ئێران وەک پرسێکی زیندوو بهێڵنەوە نەهێڵن بکەوێتە پەراوێزی پرسی تر لە ناوچەکە؟

**خالید عەزیزی**: لە بەر ئەوەی کێشەی کورد سروشتی تایبەتی خۆی هەیە، بە مەرجێک جۆرێک لێک تێگەیشتن و هاوکاری و کۆدەنگی لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە گۆڕێدا بێ، ئێمە دەتوانین هەم لە ئاستی نێوخۆی وڵات و هەم لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی، پرسی کوردی ئێران زیندوو ڕابگرین و نەهێڵین کۆماری ئیسلامی زۆر بە ئاسانی لە پەراوێزمان بخات.

**ئاوێنە**: ئایا ئۆمیدێک هەیە بە یەکگرتنەوەی هەر دوو حزبی دیموکرات؟

**خالید عەزیزی**: پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دوو قۆناخی تێپەڕاند. قۆناخی یەکەم عادی بونەوەی هاتوچۆ و پێوەندییەکان وئاڵ و گۆڕی بیر و ڕا و تا ڕادەیەک پێس وەچونیشی بە خۆیەوە بینی، بەڵام لە گەرمەی ئەو پرۆسەیەدا لایەنی سکرتێری حدکا، بە بڵاو کردنەوەی کتێبێک و باس کردنەوەی دووبارەی کێشەکانی پێشوو، بە داخەوە ئەو پرۆسەیان لەبار برد. سەرەڕای ئەوە سەروبەندی کۆنگرەی ئێمە بە ئاڵ و گۆڕ کردنی پەیام بۆ یەکتر، ئۆمیدی ئەوە دەکرا کە پرۆسەکە دەست پێ بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە لە چەند مانگی ڕابردوودا دیسان لایەنی حدکا بە دانی بەیانیە و قسەکردن لە دژی ئێمە بۆ جاری دووهەم بە کردەوە ئەو پرۆسەیان بە شکست گەیاند. بەڵام من ئێستاش لەو باوەڕدام نابێ کۆڵ بدەین و دەبێ وتووێژەکان دەست پێ بکەینەوە.

**ئاوێنە**: باڵا دەستی ئێران لە هەرێمی کوردستان چ رۆڵێکی هەبوە لە سەر لاوازکردنی حزبەکانی رۆژهەلات؟

**خالید عەزیزی**: من پێموایە هەرێمی کوردستان خۆیان باڵادەستن و ئێران باڵا دەست نییە، بەڵام بێ گومان ئێران لە هەموی عێراق و کوردستانیش بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێ و کێشە و ناکۆکییەکانی بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە. هۆی سەرەکی لاواز بوونی حیزبەکانی رۆژهەلات خۆمانین، بە داخەوە ئێمە چەند ساڵە لە بازنەی کێشە و ناکۆکییەکاندا دەخولێینەوە و گیرمان کردووە و وزە و تواناکانمان زۆر سەرفی ئەوە دەکەین.

بەشی دوویەم

**ئاوێنە:** ئەو پاساوە تا چەندە بە مەنتەقی دەزانی کە هەندێ لە حیزبەکانی رۆژهەڵات دەڵێن ئێمە لە بەر پاراستنی هەرێمی کوردستان خەباتی چەکداریمان لە رۆژهەڵات راگرتووە؟

**خالید عەزیزی:** بێ گومان ئێمە ناتوانین بەرژەوندییەکانی هەرێم و پێوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ ئێران نادیدە بگرین. تاکو ئێستاش تا رادەیەکی زۆر ئەوەمان لەبەر چاو بووە. دەبێ لە چوارچێوەی ئێران و وەزعی رۆژهەڵاتی کوردستاندا لایەنی باش و خەراپی چالاکی چەکداری بخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن. هەرێمی کوردستان دەخالەتی لە شێوازی خەباتی ئێمەدا نەکردووە و نای کەن، بەڵام هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی بە ئێمە بڵێ لە خەبات و چالاکی چەکدارانەی خۆتاندا هەرێمی کوردستان مەکەن بە پشتی جبهە، بۆیە هەمو شێواز و مێتۆدەکانی خەباتی ئێمە دەبێ بە پێی هەڵسەنگاندن، زەمینە و پێداویستی ئەو جۆرە تێکۆشانانە لە نێوخۆی وڵات بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## خالید عەزیزی: ئەم ڕاپەرینە کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و ڕەفتارەکەی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوە




**و: هەمزە ئاگووشی**

**کەناڵی ئاسمانیی «کلمه» لەپێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران و کوردستان، چییەتی خۆپیشاندانەکان و نێوەرۆک و خەسڵەتی نارەزایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب پێک هێناوە.**

**«کوردستان» پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی ئامادە کردوە:**

**پرسیار: ئێران بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. ئێوە وەک سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی ئێستای کومیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە، بۆچوون و لێکدانەوەتان لەسەر ڕووداوەکانی ئەوڕۆژانەی ئێران چییە؟**

**وەڵام**: کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٨ ساڵی رابردوودا پێمان دەڵێ ئەو سیستەمە لە بەرنامەڕێژییەکانی کردەیی خۆی لە پەیوەندەیی لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئێران و هەستی بەرپرسایەتیی ئەو نیزامە لە بەرامبەر خەڵکی وڵات و ئەمنییەتی جیهانی و ناوچەیی بە پێچەوانەی خواستی خەڵک و، بە پێچەوانەی ئەو ئیدە و ویستانە بوون کە خەڵک ٣٨ ساڵ لەوەپێش شۆڕشی بۆ کرد. خەڵک بەدوای سیستەمێکدا بوو کە وەڵامدەر بێ، ئەو ڕێژیمە خزمەتگوزاری خەڵک بێ، بەڵام کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٨ ساڵی رابردوودا ئەوە بووە کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ویست و

داواکارییەکـانی خەڵـک کە مـافی سرووشـتی خۆیـان بـووە، بە ئێعـدام و ئەشـکەنجە و زینـدان و پێشـێلکردنی ئـازادییە دێموکراتیکەکان و لەنێوبردنی مافی خەڵک و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئاپارتایدی و هەڵاواردنی ڕەگەزی وەڵام دراوەتەوە. لە مـاوەی ٣٨ سـاڵی ڕابـروودا لـەگەڵ ئەوەی خەڵـک هەوڵـی داوە لە هەڵبژاردەنەکانـدا بە دیـاریکراوی لە دەرفەتەکـان کەڵـک وەربگرن و پەیامی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی بدەن. یا ئەوانەی بە جۆرێک ڕەخنەیـان لەڕێژیم هەبووە و خۆیـان ڕیفۆرمخـواز یـان بزووتنەی سەوز یـان لەو ئـاخیرییـانەدا خۆیـان بە میـانەڕۆ دادەنـا و دەیانویست بە خەڵـک نیشـان بـدەن و لە ڕێگەی ئەوانەوە دیسـانەوە خەڵـک هەوڵـی داوە کۆمـاری ئیسلامی ئـاگـادار بکەنەوە کە وەڵامـدەر بـێ. بـەڵام لـە هەمـوو ئەو مـاوەیە ئەوڕێژیمە داوا و خواستی لەبەرچاو نەگرتووە و هیچ ڕێزێکی ئینسانی و دێموکراتیکی بۆ ئەو خەڵکە نەبـووە و لە ئاکامـدا خەڵک بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەو ڕێژیمە لە ماوەی ٣٨ سـاڵی ڕابـردوودا دەگەڵ ئەوەی دەرفەت و شـانسـی زۆر پـێ دراوە، بەڵام ئەو شانسانەی لەبەر چاو نەگرتوە و لە ئیسـتادا نیزامی کۆمـاری ئیسلامی بە ڕێبەریـی وەلـی فەقیە و بەیت ڕێبەری ئیدی ناتوانێ ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا پێک بێنێ، بۆیە ئەو ڕێژیمە دەبێ بڕوا. ئیستا ئیـدی خەڵـک بەدوای ئەو دروشمانەوەن کە ڕچەشکێن و پێکهاتەشکێنن و بەدوای ئەو ڕێگەچارە و چارەسەرەن کە کۆماری ئیسلامی وەڵامدەریان نین. کۆمـاری ئیسلامی لە چەند ساڵی رابردوودا بە سیاسەتە چەوت و کردەوەکانی ئەو خەبات و ڕاپەڕینەی بەسـەر خەڵکدا سەپاندوە، دەنـا خەڵـک لە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا هەوڵیـان ئەوە بـووە کە بە شـێوەیەکی هێمنـانەوە و دوور لە تونـدوتیژی بە ویسـت و داخوازییەکانیان بگەن و ئێستاش بەدوای ئەوەن بە کەمترین زەرەر و زیان ئاوڕ لـە داواکانیـان بدرێتەوە، بـەڵام دەزانـن کە ڕێژیم نـاتوانێ وەڵامدەر بێ بۆیە نـاچارن کە لەو ڕێژیمە تێپەڕن.

**پرسیار**: ئایا ڕیفۆرمخوازەکان توانای ئەوەیان هەیە کە جارێکی دیکە بە دروشمەکانیان خەڵک فریو بدەن؟

**وەڵام**: وەک دەبینـین دروشـمی خەڵـک لـە ئێسـتادا ڕووی لە تەواوییەتـی کۆمـاری ئیسـلامییە و شەخسـی خـامنەییە. ئەو ڕاپەڕینەی ئەم ماوەیە بە پێچەوانەی بزووتنەوەکەی دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دەورانی ئـاغای موسەوی و کەڕووبـی کە لەوێ خەڵـک دەیـانگوت دەنگی ئێمە چی بەسـەرهات و دەنگی ئـێمە چوو بـۆ کـوێ؛ ئێسـتا ئیـدی خەڵـک لە دەنگەکـانی ناپرسێتەوە و لەوە تێپەڕیون. ئێستا قسە لەوە دەکرێ کە ئەو ڕێـژیمە تـا ئێستا وەڵامدەر نەبووە و پێویستە چی بکرێ؟ ڕێفورمخوازەکان یاخود بزووتنەوەی سەوز یاخود ئەوانەی کە میانەڕەوەکان کە ئەو دواییـانەش ئـاغـای ڕوحـانی ئەو دروشمەی هەڵگرتبوو و لە هەڵبژاردن و کێبرکێکانی هەڵبژاردندا وەک ئۆپۆزیسیۆن قسەی دەکرد و هەڵوێستی دەگرت، ئەمن پێم وایە کە ئیدی شانسـی خۆیـان لە دەست داوە. کێشە ئەوەیە لە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامیدا لـەگەڵ ئەوەی کە خەڵـک دەرفەت و شانسی پێ داون، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ کارێک بکەن و وەڵامدەر نەبوون؛ ئەوەیە کە نیزام بە گشتی ئەو دەرفەتە نـادا. دەسـەڵاتی ڕەهـای ئـاغـای خـامنەیی وەک وەلـی فەقیهـ، کە دەسـەڵاتێکی بـێ سنوورە و لە سـەرووی هەمـوو دامەزراوەکـانی

بەڕێوەبەرییە، ئیدی ئەو دەرفەتە نادا ئێران لە نێوخۆی خۆیدا هەروا بە ئاسانی ئاڵوگۆڕەکان دروست بن. بەڵام کێشە ئەوەیە کە بە داخەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەگەڵ ئەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە ڕوو لە گەشە و پێشکەوتن بوون، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون کە ئادرەسێک دروست بکەن و گوتارێکی هاوبەشیان هەبێ و بە ئاستێک لە یەکیەتی و بەرنامەڕێژی و نەخشەی سیاسیی ستراتیژی ئێران گەیشتبن کە هەم بە خەڵکی نێوخۆ لە ئێران و هەم لە ئاستی ناوچە و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتی بڵێن کە کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا و ئێمە بەو پلان و ستراتیژییە و ڕێکارەی کە هەمانە دەبێ جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بین. ئەمن پێم وایە ئەو چالاکییانەی ڕەوتەکان یاخود جیناحەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی دەیکەن بۆ ئەوەی ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکی ئێران دەستیان داوەتێ بە لاڕێیدا بەرن، وا بە ئاسانی بۆیان کردەیی نابێ.

**پرسیار: ئێوە وەک سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات ئەو ئامادەگییەتان هەیە دەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی دانیشن و بۆ ڕێککەوتن لەسەر ئەلترناتیڤێک بکەونە گفتوگۆ بۆ جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە؟**

**وەڵام:** حیزبی دێموکرات هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە و ئێمە لە چوارچێوەی ئێراندا بەدوای چارەسەری کێشەی کوردستانین. بەڵێ لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە ئەگەر بمانەوێ ئێران بە شێوەیەکی دروست و هەست بە بەرپرسایەتی بەڕێوە بچێ، پێویستە لەسەر بنەمای بەشداریی هەمەلایەنە لەسەر داهاتووی ئێران قسە بکەین. لەوێیە کە هەموو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەبێ بێنە نێو ئەو چوارچێوەیە. لە ڕابردووشدا دوای ئەوەی وتووێژی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی نەگەیشتە ئاکام، یانی نەیانهێشت بە ئاکام بگا، هەوڵ ئەوە بووە کە دژ بە کۆماری ئیسلامی دەگەڵ هێزە سیاسییەکان یەکگرتوویی و هەماهەنگیمان هەبێ. سەردەمانێک حیزبی ئێمە لە چوارچێوەی شوڕای میللی مقاومەتدا بەدوای ئەو ئامانجەوە بوو، بەڵام دەرفەتێکی ئاوا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانمان نەبوو بۆیە لێی چووینە دەرێ. دواتر هەوڵمان دا بە شێوازی جۆراوجۆر دەگەڵ حیزبی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، دەگەڵ حیزبە چەپەکانی ئێرانی، دەگەڵ حیزبە دێموکراتەکانی ئێران و دەگەڵ تەواوی ئەو ڕەوتانەی کە باوەڕیان بە بەڕێوەبردنی هاوبەش لە ئێراندا هەیە هاوکاریمان هەبێ. لەو دواییانەشدا کۆبوونەوەیەکمان لە ئاڵمان هەبوو کە دەگەڵ چەند هێزێکی ئێرانی بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی لە ئێران بوو. ئەمن دەمەوێ ئەوە بە هەموو خەڵکی ئێران بڵێم کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەهۆی ئەو بەرپرسایەتییەی کە هەیەتی، لە چۆنیەتی بەشداری لە ڕەوەند و مەسائیلی ئێران هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە پێویستە پلاتفۆرمێکمان هەبێ و هەموومان پێکەوە نەخشەیەکی سیاسیی هاوبەشمان بۆ داهاتووی ئێران هەبێ.

**پرسیار: دەوری نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خۆپێشاندانانە و چاوەڕوانیی حیزبی دێموکرات لە خەڵک و ئەو پیلانگێڕییانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی ئەو خۆپێشاندانە دەیکا، چیە؟**

**وەڵام**: لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناوچەکانی کوردنشین و پارێزگاکانی کوردستانی بە چاوی ئەمنیییەتی سەیر کردوە، کوردستان هەمیشە ناوەندێک بووە بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و هاوکات شەڕیشی بەسەردا سەپاندووین، دەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە قەت پێمان وانەبووە پرسی کورد لە ئێران بە شەڕ و خوێنڕشتن چارەسەر دەبێ و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئێمە ویستوومانە پرسی کوردستان لە ناوچە و ئاستی نێونەتەوەییدا بوروژێنین و بیهێنینە بەر باس. ئێمە هەمیشە پێداگریمان لەسەر ئەوە کردوە خەڵکی ئێران کە لە نەتەوەی جۆراوجۆری وەک فارس و تورک و کورد و عەرەب و بلوچ و تورکمەن یاخود ئاییینی جۆراوجۆر پێک هاتوە، یەک چارەنووسی هاوبەشمان هەیە و حیزبی ئێمەش زۆر بەرپرسانە کاری لەسەر ئەو سیاسەتە کردووە. لە ئێستادا ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەو دروشمانەی لە خۆپێشاندانەکانی شارەکانی ئێراندا دەدرێن، دروشمی گشتین و هی هەموو خەڵکی ئێرانن، چ لە سنە و مهاباد و ورمێ و کرماشان و ئیلامی کوردستان بێ؛ چ لە تاران و مەشهەد و ئیسفەهان و تەوریز و شیراز بێ، تەنانەت لە دێهات و ناوچە دوورەدەستی ئێران بێ. هەموو دەڵێن کە ئێمە دێموکراسیمان دەوێ. هەموو دەڵێن کە لە ئێراندا بێکاری هەیە. هەموو دەڵێن کۆماری ئیسلامی بۆچی فرمێسکی تیمساح بۆ خەڵکی عێراق و سووریە و لوبنان و یەمەن و ئێرە و ئەوێ دەڕێژێ و میلیارد میلیارد دۆلار سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران خەرجی بەرنامە و پرۆژە تیرۆریستیییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دەکرێ. بۆیە خەڵکی دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی بێننە ژێر پرسیارەوە، ئیدی لەوێیە کە ئێمە لە فارس و تورک و کورد و عەرەب و بلوچ و تورکەمەن و ئاییینی جۆراوجۆر قسە ناکەین. هەموومان بەشوێن ئامانجێکی هاوبەش و دیاریکراوین کە کۆماری ئیسلامی وەڵامدەر نەبووە. کەواتە بە پشبەستن بەو سیاسەت و باوەڕە قووڵەی حیزبی دێموکرات بەو مەسائیلە، ئێمە بەدوای ئەوەوە بووینە کە لەنێوان خەباتی خەڵکی کوردستان دەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران هەمیشە هەماهەنگی هەبێ. ئەگەر لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە خەباتی ئێمە لە کوردستان بە لارێدا بەرێ و خەڵکی ئێرانن پێ نەزانن، ئێستا کە لە دەرەوەی کوردستانی ئێرانیش خەڵک لە شەقامەکان دروشم دەدەن، هەر ئەو دروشمانەی خەڵکی کوردستان لە ڕابردوودا بووە. یانی سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە ئەوپەڕی هەماهەنگی هەبێ و ئەو دروشمەی کە لە سنە و مهاباد و ئیلام و کرماشان و ورمێ کوردستان دەدرێن، دەگەڵ دروشمی بەشەکانی دیکەی ئێران هەماهەنگییان هەبێ و کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆیدا خەڵکی ئێران بەرانبەر بە خۆی ببینێ. بەو سیاسەتە ئێمە دەتوانین ئاوا بە ئاسانی دەرفەت بە جیناحە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی نەدەین کە لە پەیوەندی دەگەڵ بەرنامەکانی خۆیاندا لەو جۆراوجۆرییە کەڵک وەربگرن.

**پرسیار**: ئەدی لەسەر ئەوەی کە دەڵێن ئەوە دەستێکی لەنێوخۆ لە پشتە، یان ئەو ئیدعایانەی کۆماری ئیسلامی کە دەڵێن ئەوەی دەگوزەرێ دەستی دەرەکی لە پشتە چی؟

**وەڵام**: ئەو تیوریی پیلانە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە خەباتی خەڵک بە لاڕێدا بەرن، هەمیشە بەشێک لە سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بووە. یانی ئەو جۆرە رژیمانە هەرکات ڕووبەڕووی خەڵک دەبنەوە، هەوڵ دەدەن دوژمن بۆ خۆیان داتاشن کە بڵێن ئێمە باشین، ئێمە بەیەکەوەین، بەڵام ئەوە ئەمریکا و فلانی و فیسارەیە کە ناهێڵن. ئێمە لە ماوەی ٣٨ ساڵی رابردوو کە لە کوردستان دەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە خەبات و بەربەرەکانێدا بووین، بەردەوام ئەوەمان دیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە خەباتی خەڵکی ئێران و خواستەکانی خەڵکی ئێران و ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەی کە لە نێوخۆی ئێران سەری هەڵداوە، ئیرادەی باڵەکانی نێو کۆماری ئیسلامی نەبووە. ئەگەر ئاغای روحانی، سەرۆکۆماری ئێران وەفای بۆ ئەو قەول و بەڵێنانە هەبا کە خەڵکیان دابوو و لانیکەمی ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ کردبا ڕەنگە خەڵک ئەوەی گوتبا کە باڵی بنئاژۆخواز و توندڕەو بۆ مەبەستەکانی خۆیان دەیکەن. بەڵام بەداخەوە ئاغای ڕوحانی لە ماوەی سەرۆککۆماری خۆیدا هیچ کام لەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەکرد. هەر بۆیە بۆ خەڵک بە تەواوی ڕوونە کە ئەوە کێشەی باڵەکان نیە کە ڕێگەی خەباتیان بۆ دیاری دەکا. ئیدی خەڵک نابنە بەشێک لە گەمەی نێو باڵەکانی رێژیم. ئەوەی کە بڵێن ئەوە بەشێک لە زلهێزە دەرەکییەکانن کە خەڵکی هان دەدەن ئەو قسەیەش کڕیاری نابێ! دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە لە باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا حکوومەتەکانیان دەڕووخا، هەمووی تاوانەکانیان دەخستە ملی ئەم و ئەو. بۆیە خەڵک باوەڕ بەو قسە و پڕوپاگەندانە ناکەن. دەمەوێ پێداگری لەسەر ئەوەش بکەم کە بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی سەرۆکۆماریی ٨ - ٩ ساڵی پێشوو، ئەو بزووتنەوەی ئەم دواییانە، دەنگدانەوەی نێونەتەوەیی یەکجار بەربڵاوی هەبووە. لە ئورووپا، لە ئەمریکا، لە ناوچەکە. ئێستا وڵاتانی جیهان تێدەگەن کە کۆماری ئیسلامی بەڕاستی شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە. کۆماری ئیسلامی بەرەبەرە ناتوانی لە ئاستی ڕێککەوتن و بڕیاراتە نێودەوڵەتییەکاندا بێ، چونکە لە نێوخۆی ئێران و لە شار و دێهاتە جۆراوجۆرەکان، هەموو چین و توێژەکان بە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕیون. ئەو پەیامانەی خەڵکی ئێران لە ڕاپەڕینی ئەو دواییەدا بە گوێی جیهانییانیان دادا، دەکرێ بڵێین لە دوا شۆڕشی گەلانی ئێران، یەکەمین هەنگاوی بەربڵاو و کردەیی خەڵکی بووە کە بە دنیا بڵێن کۆماری ئیسلامی شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە. کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لایەنێکی جێی متمانە بێ لە پەیوەندی و ڕێککەوتن و بڕیاراتە نێونەتەوەییەکان. ئەمن پێم وایە بەرە بەرە، خەڵک لە نێوخۆی ئێران و هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە قبووڵکردنی یەکتر و باشکردنی پەیوەندییەکانیان و بتوانن خاڵی هاوبەش دروست بکەن، ئەو خەباتە لە درێژەی خۆیدا دەتوانێ نەخشەیەکی سیاسی جیددیتر لە پەیوەندی دەگەڵ داهاتووی ئێراندا بێنێتە کایەوە. من لەو پەیوەندییەدا گەشبینم، چونکە لەو ڕاپەڕینەی ئەو دواییەدا هەموو دنیا پەیامەکەیان گوێ لێ بووە، ئەو باوەڕ بەخۆبوونە لەنێو خەڵکدا دروست بووە، لانیکەم لە کوردستانی ئێران دوای چەند ساڵ کە بەشێوەیەک لە شێوەکان کۆماری ئیسلامی ناوچەکەی ئەمنییەتی کردبوو و تا ڕادەیەک کە دەیگوت خەڵکی کوردستان لە خەباتدا بەتەنیان. ئێستا ئیدی ئێمە تێگەیشتوون کە نا، ئێمە خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران پێکەوە شۆڕشێکمان دەست پێ کردوە کە لە درێژەی خۆیدا دەتوانێ ڕێکارێکی باشی بۆ



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی داهاتووی ئێرانی تێدا بێ. دەمەوێ لێرەدا بڵێم کە خەباتی خەڵکی ئێران کۆمەڵە پەیامێکی زۆر ورد و جیددی بە کۆماری ئیسلامی و خودی خەڵک و بە ناوچەکە و بە دنیا دا.

**وەرگێڕان بۆ کوردی و پوختکردنەوەی: هەمزە ئاگووشی**

(لە ژمارەی ٧١٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانیۆیری ٢٠١٨

## خالید عەزیزی: لە نەزمی نوێی جیهانیدا کۆماری ئیسلامی ناتوانێ داهاتووی هەبێ



**کانالّی ئاسمانیی «نوور» لە وتوێژێکدا لەگەڵ خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، پرسی ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار، هۆکارەکانی ئەو ناڕەزایەتییانە، خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆپیشاندانەکان و جێگەی کوردستان لەو ناڕەزایەتییانەی لەگەڵ بەڕێزیان هێناوەتە بەرباس.**

**«کوردستان» پوختەیەک لەو وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە:**

**وەرگێڕان و پوختکردنەوە: هەمزە ئاگوشی**

**خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە جیاوازیی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە لەگەڵ ئەوەی ساڵی ٨٨ چیە، دەڵێ:** «ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ساڵی ٨٨ بە دیاریکراوی لە بەرانبەر ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان بوو. خەڵک زیاتر بەدوای ئەوەوە بوون کە بڵێن لە هەڵبژاردندا دەنگەکانی ئێمە بۆ کوێ چوو و چی بەسەر هات. لەسەر ئەو باوەڕە بوون نیزامی کۆماری ئیسلامی، دەستێوەردانی لە هەڵبژاردنەکاندا کردوە و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی بە قازانجی ڕێژیم پێشانی خەڵکی داوە. بەڵام ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانە لایەنی گشتیی هەبوو. هەژاری، بێکاری، گرانی و ئەو فشارەی کە کەوتووەتە سەر شانی خەڵک لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا. دەگەڵ ئەوەی کە خەڵک ویستوویانە دەنگ هەڵبڕن و کۆماری ئیسلامی ئەو دەرفەتەی پێ نەداون. لە ئاکامدا خەڵک ناڕەزایەتییان دربڕی و هاتنە سەر شەقامەکان و دژکردەوەی

دەوڵەت و هێزە ئینتیزامییەکان لە بەرانبەر خەڵکدا، خەڵکیان تووڕەتر کرد و لە درێژەی ناڕەزایەتییەکاندا کۆمەڵێک دروشمیان هێنایە گۆڕێ کە ئەو دروشمانە لایەنی ئابووریيان نەبوو و وردە وردە گەشەیان کرد و بواری سیاسییان پەیدا کرد و خودی کۆماری ئیسلامی بوو بە ئامانجی خەڵک.

جیاوازییەکی دیکەی ئەوەیە کە ئەوکات ئەو ناڕەزایەتییانە زیاتر لە شاری تاران واتە پایتەخت بوو، بەڵام ئەمجارە لە ئاستی جوغرافیایی، بە شێوەیەکی بەربڵاو شارەکانی دیکەی ئێرانی گرتەوە و گشتیتر بوو و جۆراوجۆری زیاتری بەخۆوە گرت. کەواتە دەتوانین بڵێین ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆر بوون و زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتەوە.»

**خالید عەزیزی پێی وایە** چ خەڵک بە شێوەیەکی خۆڕسک هاتبنە سەر شەقام و چ هێزە سیاسییەکان لە پشت خۆپێشاندانەکانەوە بووبن، فەرق ناکا، چونکە مەنتیقی کۆماری ئیسلامی لە بەرخورد لەگەڵ خەڵک و داخوازییەکانیان هەمیشە سەرکوت و جوڵەی هێزە ئەمنییەتییەکان بووە و دەرفەتێکیان بۆ خەڵک نەهێشتووەتەوە کە خەڵک بە ئازادی ڕێبەرانی خۆیان دیاری بکەن. یان ئەوەندە دەرفەتی دێموکراتیکیان پێ بدرێ کە خۆیان ڕێک بخەن. دامەزراوەی خەڵکی و مەدەنی لە ئێران بە ڕەسمی نەناسراوە.

**ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لەبارەی پێگەی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی تیشکی خستە سەر ئەوەی** کە هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیش لە نێوخۆی ئێران ئەو دەرفەتەیان نەبووە کە خەت و نیشانێکی دروست بەو خۆپێشاندانە بدەن کە لێرەدا گوتارێکی هاوبەش ببێتە دروشمێکی هاوبەشی سیاسی بۆ هەموو خەڵک. دوایە ئەگەر هێزە سیاسییە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی دروشمی جۆراوجۆریان هێناوەتە گۆڕێ، سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونیان بەڵام دروشمەکانی پەیوەندیدار بە بێکاری، ناڕەزایەتی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەبوونی ئازادی، بمرێ دیکتاتۆر، ئەو ڕێژیمە دەبێ وەڵامدەر بێ، ئەوانە ئیدی گشتین. بۆیە ئەمن دڵنیام کە زۆربەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و خەڵکێکی زۆر لەنێو ئێران لەسەر ئەو بابەتانە هاوڕان.

**خالید عزیزی لەبارەی چۆنیەتیی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان دەڵێ:** «هەتا کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرکوت، زیندان و ئێعدام، وەڵامی داخوازییەکانی خەڵک دەداتەوە و بێکاری درێژە پێ دەدا؛ هەتا کاتێک کە لەبەرانبەر خواستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی خەڵک هەست بە بەرپرسایەتی نەکا؛ تا کاتێک کە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران لە ڕێگەی دەستتێوەردان و سەرڕۆییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەولاوبەملادا بدا و خەڵکی ئێران لە

هەژاری و نەهامەتییدا بهێڵێتەوە، تا ئەو کاتەی وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی ئێران بەدەر لە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و پێگە جیاوازەکانی کە هەیانە، وەڵام نەداتەوە، ئەو نارەزایەتییانە کەم و زۆر لە داهاتووشدا دەمێنن و ئەگەر خەڵک بۆی هەڵکەوێ، بە دڵنیاییەوە درێژەی دەبێ.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات ئەوەش دەخاتە ڕوو کە چۆنیەتیی درێژەی خۆپیشاندانەکان لە داهاتوودا دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزە ئەمنیەتییەکان لە پەیوەندەی لەگەڵ ماف و داخوازییەکانی خەڵک و چۆنیەتی پلانی دیاریکراو و هاوبەش و ئەگەری بوونی یەکیەتی و گوتاری هاوبەشی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئێران، بە تایبەت چۆنیەتی هەڵوێستی بیروڕای گشتی. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا، یەکیەتیی ئورووپا، وڵاتانی ناوچەکە و بەگشتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گرینگە کە چۆن دوای ئەو نارەزایەتییانە مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەن و مافی مرۆڤ چەندە لەبەرچاو دەگیرێ.

**خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ پەیامی خۆپیشاندانەکان و داهاتووی کۆماری ئیسلامی دەڵێ:** ئەگەر سەیری مێژووی سیستەمە دیکتاتۆرییەکانی جیهان بکەین، لە نێو ٢٠٠ وڵاتی دنیادا، چەند وڵاتێک یاخود کەمینەیەک سیستمی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییان تێدا حاکمە، کەچی ٤٠ تا ٥٠ ساڵ پێش بارودۆخ بەو شێوە نەبوو. ئێستا زۆربەی وڵاتانی دنیا سیستەمی بەڕێوەبەریی دێموکراتیکیان هەیە. خەڵک مافی هەڵبژاردن و ئازادیی ئەحزاب و دامەزراوەی مەدەنییان هەیە. حکوومەت وەڵامدەرە. لەسەر ئەو بنەمایە و بە سەرەنجدان بەو ڕاستییە، بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ داهاتوویەکی هەبێ. نەزمی جیهانی بە ئاقارێکدا دەڕوا کە سیستەمە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیەکان درەنگ یان زوو خۆ ڕادەست دەکەن. درەنگ یان زوو دێموکراسی دابین دەبێ. تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگای ئێران ناتوانن بەدەر لەو یاسا و چوارچێوەیە بن، تەنیا ئەوەی ئەوە پەیوەندیی بە کاتەوە هەیە. ئیدی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی خەڵک و چۆنیەتی و کاری ڕێکخراوەیی و داواکارییەکانی خەڵک دژی ئەو ڕێژیمە کە چۆن زیاتر خۆیان ڕێک دەخەن. نارەزاییەتییەکانی خەڵک پەیامی جۆراوجۆریان تێدا بوو. پەیامیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئاوا بە ئاسانی ناتوانێ درێژە بە تەمەنی خۆی بدا. پەیامیان بۆ خودی خەڵک ئەوەیە کە ئەگەر خەڵک ڕێک بخرێن، دەتوانن لە مافی خۆیان بەرگری بکەن. پەیامیان بۆ هێزە سیاسییەکان ئەوەیە کە ئەگەر بەڕاستی هێزە سیاسییەکان پەیوەندییەکی باشیان دەگەڵ خەڵکدا هەیە گرینگی بە داواکارییەکان و دروشمەکانی خەڵک بدەن و بەدوای یەکیەتی و گوتاری هاوبەشەوە بن. پەیامیان بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەناچاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئێوە سەروکارتان لەگەڵی هەیە، وەڵامدەری خەڵکی ئێران نیە و پێویستە لە داواکارییەکانی خەڵکی ئێرانیش بکەنەوە.


سەرچاوە
Serchawe

**خالید عەزیزی بەراوردکردنی ئێران دەگەڵ سووریە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بە پلانی کۆماری ئیسلامیی دەزانێ و پێی وایە کە ئەوە تەنیا بۆ ترساندنی خەڵکی خۆپێشاندەر و ڕاگرتنی خۆپێشاندانەکانە. ناوبراو دەڵێ:** ئەوە سرووشت و سیاسەتی سیستەمە دیکتاتوری و دژە دێموکراسییە کە هەرکات دەگەڵ داخوازییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک ڕووبەڕوو دەبنەوە، هەوڵ دەدەن کە لە بارودۆخی وڵاتانی دیکە تابلۆیەک پێشان بدەن کە ئەگەر ئێوەش ئەو خۆپێشاندانانە درێژە پێ بدەن و ئاسایشی ئێران تێک بدەن، چارەنووسی ئێران وەک چارەنووسی عێراق و سووریە و ئەوانی دیکەی لێ دێ. بەڵام خەڵک دەتوانن ڕێک ئەو پرسیارە بکەن کە لە سووریە و یەمەن و عێراق و ئەو وڵاتانەی دیکە کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک لە شێوەکان لەوێ بوونی هەیە و هۆکاری تێکدانی ئارامی و سەقامگیرییە، ئەوانیش بەدوای ئازادی و مافی خۆیانەوەن. ئەوە ئەو ڕێژیمانەی وەک کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچەکەن کە ئاوا بە ئاسانی ڕێگایان نەداوە کە خەڵک دێموکراسییان هەبێ.

**لە پێوەندی لەگەڵ بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان و ئەگەری هەڵوەشنای ئیران ئەو جۆرەی کە کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکا، خالید عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدک دەڵێ:** بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە شێوەی گشتی و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، تا ئێستا لەو ڕاستایەدا بووە و سەلماندووشمانە کە ئەگەر لە ئێراندا دێموکراسی هەبێ، ئەگەر لە ئێراندا بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەمای بەشداری هەمەلایەنە بێ و هەڵاواردن و جیاکاری نەبێ، هیچ مەترسییەک لەسەر کۆمەڵگەی ئێران و جوغرافیای سیاسیی ئێران نابێ کە ئێران بەرەو لێکهەڵوەشان و پارچە پارچەبوون بەرێ . ئەوە سیاسەتی پەراوێزخستن و هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ئایینە جۆراوجۆرەکان و بەشدارنەکردنیان لە چۆنیەتی بەڕێوەبەریی وڵات دایە کە ئەگەر بیری جیاخوازیش هەبێ، دەیهێنێتە گۆڕێ. ئەو سیاسەتە ناسیونالیستییانە بەتایبەت ئەو سیاسەتانەی لە ناوەند واتە تاران دژ بە نەتەوەکان و ئایینە جیاوازەکان بەڕێوە دەچێ و نەتەوە جۆراوجۆرکان و حیزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکانیان دەخاتە پەراوێزەوە و هەست ناکەن لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا دەور و کاریگەرییان هەیە. ڕەنگە لەو پەیوەندییەدا هێندێک لەو نەتەوانە یان چەند حیزبێک لەنێو ئەو نەتەوانە بەو ئاکامە گەیشتبن کە لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یاخود لە سیستەمەکانی داهاتوودا ئەگەر گرینگی بە مافەکانیان نەدرێ، ئیدی هیچ ڕێگا چارەیەکیان نیە جگە لەوەی کە لە بیری جیابوونەوەدا بن. کەواتە بیرۆکەی جیابوونەوە، بیرۆکەیەک نییە کە بەدیاریکراوی لە لایان نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران یا حیزبی دێموکراتی کوردستان یان نەتەوەکانی دیکەی ئێرانەوە هاتبێتە گۆڕێ، ئەوە بیرۆکەیەکە کۆماری ئیسلامی پڕوپاگەندە بۆ دەکا، دەیهەوێ خەڵکی بەوە بترسێنی کە ئەگەر قەرار بێ خۆپێشاندان بکەن و نارەزایەتی دەرببڕن، ئێران بەرەو نائارامی هەنگاو دەنێ، کوردەکان بەدوای مافەکانی خۆیاندا دەچن و حکومەتی کوردستان پێک دێنن و لە ئێران جیا دەبنەوە، یان نەتەوەکانی دیکەش بەهەمان شێوە. ئەو جۆرە پڕوپاگەندانە، بەتەواوی دوورن لە ڕاستییەوە.

بەشی دوویەم

**لەبارەی دەور و کاریگەریی هێزە سیاسییە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەو خۆپێشاندانەدا و توانای پشتیوانییان لە خەڵک، عەزیزی وێڕای ئاماژەدان بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ لێک نزیکردنەوەی سەرجەم دژبەرانی کۆماری ئیسلامی پەنجە لەسەر کێشەکان دادەنێ و ئاشکرای دەکا:** یەکێک لە کێشەکانی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، یان ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەوە بووە کە دەگەڵ ئەوەدا کە دژایەتیی یەکجار زۆری ئەو ڕێژیمە یان کردووە و بەشێک لەو حیزبانە لەو پەیوەندییەدا قوربانییەکی زۆریشیان داوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەبوونەتە ئادرەس و جێگرەوەیەک. ئەوە یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئۆپۆزیسیۆن یان دژبەرانی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن لێرە دەتوانم بڵێم کە ئەم بابەتە بەداخەوە خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی بووە. ئەو ڕێژیمە تا ئێستا ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرێکی یەکگرتووی نەبووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێراندا و لە سەد ساڵی رابردوودا، ئەزموونی هاوکاری و یەکترقبووڵکردن و ئەوەی کە ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بتوانن یەکتر تەحەموول بکەن و خاڵی هاوبەشیان هەبێ و لە درێژەی ئەو خاڵە هاوبەشانەدا بگەنە پلاتفۆڕمێکی هاوبەش و یەکگرتوو، نەهاتووەتە ئاراوە. ئێمە لە چەند ساڵی رابردوودا هەوڵمان ئەوە بووە، لانیکەم کوردستانی ئێران و هێزە کوردییەکان میحوەرێک بن بۆ یەکیەتیی نێوان حیزبەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی وەک ئازەری، عەرەب، بلووچ، کورد و غەیرە کورد. بەداخەوە سەرەڕای هەموو هەوڵ و چالاکییەکانمان، تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووین و نەمانتوانیوە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بکەینە ئەلترناتیڤ یان ئادرەسێکی خاوەن پلان لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا. ئەوە یەکێک لە کێشەکانی ئێمە بووە. بەداخەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خەڵکی ئێران و بەدبەختانە کۆماری ئیسلامیش ئاگایان لەو کێشانەی ئۆپۆزیسیۆن هەیە.

(لە ژمارەی ٧١٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

## خالید عەزیزی: هیچ لایەنێک ناتوانێ فاکتۆری کورد لە داهاتووی ئێراندا نادیدە بگرێ



"ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەر پرێس کۆنفڕانسێک بە بەشداریی چەند کاناڵێکی میدیایی باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پەیامنێری «ڕادیۆ فەردا» بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەم پرێس کۆنفڕانسەدا کە بەبۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٧ی حیزبەوە پێک هات، سەرەتا کاک خالید عەزیزی باسێکی سیاسی لەسەر خوێندنەوە و دەرەنجامەکان بۆ کۆنگرە خستە ڕوو. لە برگەکانی دیکەی پرێس کۆنفڕانسەکەدا، پەیامنێری کاناڵەکانی ڕاگەیاندن پرسیار و سەرنجەکانی خۆیان بەرەوڕووی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە لەلایەن بەڕێزیانەوە وڵام درانەوە.

لەم پرێس کۆنفڕانسەدا کاناڵەکانی «کوردستان ٢٤»، «تۆڕی میدیایی ڕووداو»، «ڕادیۆ فەردا»، «ڕۆژنیووز»، «کوردسات»، «سپێدە»، «کوردسات نیووز»، «ئێن ئاڕ تی»، «کەرکووک»، «گەلی کوردستان» و «کوردکاناڵ» بەشدار بوون.

«کوردستان» بە باشی زانیوە پرسیار و وڵامەکانی ئەم پرێس کۆنفڕانسە بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە:"

دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەسپێکی پرێس کۆنفڕانسەکەدا

**بەیانیتان باش!**

## زۆر زۆر بەخێر بێن بۆ قەڵای دێموکرات!

هەر وەکوو ئاگادارن، نیزیک ساڵێک و دوو مانگ پێش لە ئێستا، ئەم قەڵایە کە ناوەندی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ئەو حیزبەی کە بە ڕابردوو و بە سیاسەتێکی واقعبینانە کە هەیەتی و، لە نێوخۆی وڵات خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؛ هێرشی مووشەکیی کرایە سەر.

لە دەستی ڕاستی مندا، وێنەی دوو هاوڕێی ژنی لێیە کە لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا شەهید بوون. ئەگەر ئەو کات ئەم قەڵایە لایەکی بە مووشەک وێران کرا، بەڵام هەر بە ئیرادەی ئەو خەڵکە توانیمان ئاوەدانی بکەینەوە. ئێرە شوێنی کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبە و ئێمە ئێستا لە بەردەم ئەو شوێنەدا دانیشتووین - بە یادی ئەوان کە ئێوە لەدوای پرێس کۆنفرانسەکە ژووری یادبوودەکەشیان دەبینن - ؛ بەردەوام لەسەر ئەرک و تێکۆشانی خۆی دەچێتە پێشەوە.

کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیسان بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی قەڵا (شەهیدانی ١٧ی خەرمانان)، بەو ناوە ناودێر کرا. ناوێک کە پڕبە پێستی بوو و، لەگەڵ سروشت و مەبەستی کۆنگرەش دەهاتەوە. ئەو ئیرادەیەی کە ئەو کات ئێمە هەمانبوو کە لە بەرامبەر مووشەکدا چۆک دانەدەین، هەر ئەو ئیرادەیە مێکانیزم و هاوکاری و بڕیارێکی لەنێو حیزبی ئێمەدا دروست کرد، کە ئێمە کۆنگرەی ١٧ بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو فشارە ڕەوانی و ئەمنیەتییانەی کە لەسەرمانە؛ دەیگرین و گرتیشمان. بڕیارمان دا بە لەبەرچاو گرتنی ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات - کە ئێمە پێبەندین بەوە- سەرەڕای هەموو ئەو زەرەر و زیانانەی پێمان دەگەیەنن، ڕێبەرانمان تێرۆر دەکەن، بە مووشەک هێرش دەکەنە سەر قەڵا، هێرشێکی بەرینی مێدیایی لەلایەن کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانیەوە لەسەر ئێمە هەیە، بەڵام دیسانەوەش ئێمە بڕیارەکانی ئەساسنامەی حیزب بەجێ دەگەیەنین و کۆنگرەکەمان دەگرین.

ئەندامانی حیزب، تەشکیلاتی حیزب، بەگشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەژێر فشارێکی قورسدا بوو، بە داڕشتنی بەرنامەیەکی زۆر دەقیق و ڕێکوپێک بەجۆرێک کۆنگرەی گرت، کە لە ڕۆژی دەسپێکەوە تا کۆتایی هاتنەکەی نهێنییەکەی بەتەواوی پارێزرا و، ئەرکی هەرە قورسی پاراستنی ئەو نهێنییە بۆ ئەوەی کە درز نەکاتە دەرەوە لە ڕاستیدا دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەندامان و تەشکیلات و بەشی ئەمنیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ کە زۆر زۆر ڕێکوپێک کاریان بۆ کرد.

بەخۆشییەوە ئێمە کۆنگرەی حەڤدەیەممان تەواو کرد و ئەوە بۆ ئێمە شانازییەکی گەورەیە. حیزبێک کە لە شەرایەتێکی ئاوادا هەموو ئەو فشار و زەختانەی لەسەرە، بتوانێ کۆنگرەی خۆی بە ڕێکوپێکی بگرێ، زۆر هونەرە و ئێمە ئەو هونەرەمان هەبوو و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئیرادەی ئەندامانی ئەو حیزبە؛ هەم لە دەرەوەی وڵات و هەم لێرە لە هەرێمی کوردستان و هەمیش لە نێوخۆی وڵات. ئیرادەی سێ شوێنی جیاوازی جوغرافیایی بوو کە حیزبی دێموکراتیان لەو بوارەدا بە سەرکەوتن گەیاند.

لەم کۆنگرەدا بە تەبیعەتی سوننەتی حیزبی دێموکرات کە لە ئەساسنامەی حیزبیدا جێگیر بووە، ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی پێشکەش کرا، دوایە ئەندامانی کۆنگرە لە فەزایەکی زۆر ئازاد و دێموکراتیکدا لەسەر هەموو بەندەکانی ڕاپۆرت قسەیان کرد - باسێکی سیاسیی تێر و تەسەل کە زۆرتر پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و بەگشتی پرسی کوردەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو -، هاتە گۆڕێ. ئێمە لەوێدا لەژێر ڕووناکایی ئەو واقعیەتە کە حیزبی دێموکرات، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداگرییەکی زۆرمان لەسەر چەند و چۆنیی پشتیوانی کردن و بە هاناوە چوون و هاوکاری کردن و ڕێنوێنی کردنی ئەو خەباتە بەربەرین و جەماوەری و مەدەنی و سیاسییە کە لە نێوخۆی وڵات هەیە کردوەتەوە، چونکوو ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ نێوخۆی وڵات چڕوپڕە و فیدبەکەکانیمان بۆ هاتبۆوە. ئینعکاسی ئەو جموجۆڵەش لە ساڵی ڕابردوودا بیندرا. کاتێ قەڵا کەوتە بەر هێرشی مووشەکەکانی ئێران، ئێمە مووشەکمان نەبوو شەڕی مووشەکییان لەگەڵ بکەین، بەڵام خەڵکمان هەبوو لە نێوخۆی وڵات. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر چوار ڕۆژ دواتر بە مانەوە لە ماڵەکانیان، بە ئیعتراز بە کۆماری ئیسلامی بە ئێمەیان گوت، ئێوە ڕێبەران و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات ئەگەر مووشەکتان نییە لێیان بدەن، ئێمە لێرە بە سەدان هەزار کەس لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕادەوەستین و پشتیوانیتان لێ دەکەین. بۆیە پەیامی ئێمە بۆ ئەوان و پەیامی ئەوانیش بۆ ئێمە لەم کۆنگرەیەدا، بەردی بناغەی پێوەندییەکی بەهێزتری دروست کردوە و ئێمە سەربەرزین بەوە.

ئێمە کاتێک مووشەکباران کراین، بێجگە لە دەوڵەتی ئامریکا کە لە شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو کردەوەی مەحکووم کرد و هەر ئەو کات سپاسمان کردن و، بێجگە لە هاودەردیی کۆمەڵانی خەڵک لە باشووری کوردستان کە بەڕاستی وەکوو هەمیشە بە هانامانەوە هاتن. لەوەش بگەڕێتەوە گرینگترین بەشی ئەم هاوخەمی و هاوسۆزییانە لە نێوخۆی وڵات بوو؛ کە لەدژی کۆماری ئیسلامی بە بەرنامە ڕاوەستان. جا هەر بۆیە قورسایی کاری ئێمە لە کۆنگرەدا ڕووی لە نێوخۆی وڵات بوو.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات، لەبەر ئەوەی کە حیزبێکی نەتەوەییە؛ قەت بە نیسبەت

ڕووداوی پارچەکانی دیکەی کوردستان کەمتەرخەم نەبووە. لە هەر هەڵکەوت و بۆنەیەکدا بووبێ، ئێمە ئەوەمان بە جۆرێک هەڵوێستە کردوە تەنانەت دەنگدانەوەی هەڵوێستی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتیش کاریگەریی هەبووە. لە ڕێفراندۆمەکەدا، کاتێ جەنابی مامجەلال وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا، کاتێ پرسی ڕۆژاوا هاتە گۆڕێ، بە هەر بۆنەیەکەوە بێ ئەوان لە مەیداندا بوون و پشتیوانیی خۆیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەربڕیوە. بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر کولتووری هاودەردیی نەتەوەیی کە لە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەدەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگیر بووە. بۆیە لەو مەیدانەشدا ئێمە توانیمان گرینگی بەو ڕۆحە نەتەوەییە لە کۆنگرەکەماندا بدەین. بوارێکی دیکە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات، سیاسەتێکی فرەڕەهەندی هەیە. بەردی بناغەی مقاومەت و مانەوەی ئێمە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا - کە ٤٠ ساڵ پێش لە ئێستا هێرشی کردینە سەر و هەتا ئێستاش بەردەوامە - بوونی پێشمەرگە بوو. پێشمەرگە هێمای حیزبی دێموکراتە، پێشمەرگە یادگاری کۆماری کوردستانە و، ئێمە لەسەر ئەوە پێداگریمان کردەوە کە خەبات و جووڵانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لەدژی داعش لە دنیادا نەقشی بەست و، ڕابردووی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە؛ وەک هێمایەک هەمیشە جێگای ڕێز بووە و هیواداریین لە داهاتووشدا پێشمەرگە بەگوێرەی پێویست و لەژێر ڕووناکایی لێکدانەوەکانی ئێمەدا دەور و ڕۆڵی خۆی ببینێ.

لە بۆچوونی فرەڕەهەندیدا، ڕەهەندێک نێوخۆی وڵات بوو کە بە چڕوپڕی ئاماژەم پێکرد. ڕەهەندێک بواری تەشکیلاتیی حیزبی دێموکرات بوو کە چۆن بەهێزی بکەین، هەم لە نێوخۆی وڵات هەم لە دنیای دەرەوە و هەمیش لێرە. ڕەهەندێکیش بواری دیپلۆماسی بوو. حیزبی دێموکرات سەرەڕای قۆناغی جۆراوجۆر، هەمیشە هەوڵی داوە لە بواری دیپلۆماسیدا باش کار بکا و بچێتە پێشەوە. ڕەهەندێکی دیکە ئەوە بوو کە هەموو ئەوانە کاتێک بەباشی دەچێتە پێش کە ئێمە یەکگرتووییمان هەبێ، لانیکەم ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بنەمایەکی باش بێ بۆ ئەوەی کە هەمووومان بەیەکەوە کۆ بکاتەوە و لە درێژەی خۆیدا ببێ بە ئالتێرناتیڤێک کە ئێمە بەیەکەوە بەهێزتری بکەین. وە ڕەهەندێکی دیکە ئەوە بوو ئێمە هەرێمی کوردستان بە دەسکەوتێکی بەرزی نەتەوەیی دادەنێین کە جێ کەوتووە و، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێستا و لە داهاتووشدا؛ سەرکەوتنەکانی ئێرە بە سەرکەوتنی خۆی دەبینێ. ئاڵقەی پێوەندی و تێکەڵاویی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان، لەمێژە نەهادینە بووە. بۆیە جیاواز لە لایەنی سیاسی، ئەو هاوسۆزی و خۆشەویستییانە لە جێگای خۆیدا هەر بەباشی دەمێنێتەوە.

**دیسان بەخێرهاتنتان دەکەم و ئامادەی وڵامدانەوە بە پرسیارەکانتانم.**

**گەلی کوردستان:** ئەمڕۆ گەلی کورد بەگشتی پێویستییەکی زۆری بە یەکگرتوویی هەیە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گرووپی

بەشی دوویەم

**کاریی هەبوو کە بەداخەوە لەم دواییانەدا وابزانم حیزبێکیان هەر بەتەواوی لێی کشاوە، لە کۆنگرەی تازەی ئێوە و لە باسکردنی نێوەرۆکی کۆنگرە و دواتریش چ هەنگاوێکتان هەیە بۆ لێک نیزیکتر کردنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات؟**

**خالید عەزیزی**: هەنگاوی یەکەممان ئەوەیە کە ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێبکۆشین و جارێکی دیکە جەخت لەسەر پێداویستی و هاوکاری بکەینەوە و، هۆکاری سەرەکیشمان ئەوەیە هەتا ئێمە لێک نیزیک دەبینەوە و هاوکاریی یەکتر دەکەین، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکێکی زۆرتر دڵخۆش دەبێ، پتر بە هانای داواکانی ئێمەوە دێن؛ بۆیە ئەوە بەردی بناغەیەتی. دووهەم، لە بواری نێودەوڵەتیدا حەول دەدەین کار بکەین کە ناونیشانێکی بەهێز و گونجاو بۆ کوردی ئێران دروست بکەین، لەو بەربڵاوییە بێینە دەرەوە. سێیەمیش ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە هەر بۆچوونێکی سیاسیی کە هەیانە و کار دەکەن، تێبکۆشین هەر حیزبێکی ئێمە تەنیا بە سەرنجدان بە عیلاقاتی خۆی، خەسار بە پرسی کورد نەگەیەنێ؛ بەڵکوو هەموومان بەیەکەوە. ئەوە دەکرێ بڵێین سێ تەوەری سەرەکییە کە لەمەو بەدوا کاری لەسەر دەکەین.

**کوردستان ٣٤**: **باست لە ڕەهەندە دیپلۆماسییەکان کرد کە حیزبی دێموکرات گرینگیی پێ دەدا، بەتایبەتی لە ئێستادا یەکێک لە ڕێگا کاریگەرەکانە چونکوو ئێران بەرەو گۆشەگیری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەچێ؛ ئایا حیزبی دێموکرات لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، لە ڕووی لابیگەری و پێوەندی دروستکردن چۆن ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە؟ پرسیارێکی دیکەم ئەوەیە، لە ئێستادا کە ئێران بەرەو سەپاندنی زیاتری سزاکان دەچێ، حیزبی دێموکرات پێی وایە ئەو سزایانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی تاران دادەنێن؟ ئایا سزاکان بە باش دەبینن، لە کاتێکدا بەشێکی گەورەی کوردانی ڕۆژهەڵات خەسارێکی زیاتر دەبینن لە سزا ئابوورییەکان؟**

**خالید عەزیزی**: سروشتی دیپلۆماسیی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە بوارێکی بەرینتردا وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە ڕاستیدا کاریگەریی پێوەندیی تاران لەگەڵ دنیای دەرەوەی بەسەرەوەیە. ئەگەر دنیای دەرەوە بەردەوام بێ لە فشارهێنان بۆ سەر ئێران بەتایبەت واشینگتۆن و، ئەگەر دنیای دەرەوە دیسان بەتایبەت واشینگتۆن لە دەستووری کاری خۆی لەدژی ئێراندا، بڕێک بەرینتر بیر بکاتەوە هەموو بابەتەکان بەرتەسک نەکاتەوە بە بەرجام؛ سروشتییە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە دنیای دەرەوە هاواهەنگییەکی زۆرتر هەبێ. حیزبی ئێمە حەولی داوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تێبکۆشێ بە دنیای دەرەوە بە تایبەت بە واشینگتۆن بڵێ، داواتان لێدەکەین بە یەک چاو، چاو لە ئێران مەکەن؛ واتە کێشەی ئێران تەنیا کێشەی ناوکی و بەرجام نییە. ئەگەر ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، دەبێ لە نێوخۆی وڵات دەست پێبکا. حکوومەتێک لە نێوخۆی وڵات وڵامدەر بێ بەرامبەر بە خەڵک و

شارۆمەندانی خۆی، بێگومان لە بواری نێودەوڵەتیشدا گونجاو و بە بەرپرسیارەتییەوە دەجووڵێتەوە. ئێمە تێدەکۆشین لەمەو بەدوا بەتایبەت وەک ناوەندی هاوکاری، سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ سەر ئەو پرسە گرینگانە ڕابکێشین، بەڵام هەمیشە وتوومانە، ئەزموونی کورد لە عێراق، تورکیە و سووریە دەرخەری یەک ڕاستییە، تاکوو لەو وڵاتانە کێشەی کورد چارەسەر نەبێ، لە یاسای بنەڕەتیدا نەیەنە بەر باس؛ ئەو وڵاتانە بە ئاسانی هێمنی و ئاسوودەیی بە خۆیانەوە نابینن. یەکێک لە بنەماکانی سەقامگیری و هێمنایەتی لە عێراقدا بەخۆشییەوە هەرێمی کوردستانە و، هەرێمی کوردستان دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ ئەوە. وتوومانە چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتانەدا، دەرفەتە بۆ سەقامگیر بوونی دێموکراسی و تەوافوق لە پێتەختەکانیان. جا مادام ئێمە ئەو پەیامەمان داوە بە دنیای دەرەوە، لە لای ئەوان کەم و زۆر ئەوە هەیە ئەگەر بیانهەوێ فشار بۆ سەر ئێران بێنن نابێ پرسی کورد لەبەرچاو نەگرن.

بە نیسبەت ئەو سزایانە، بە بڕوای ئێمە ئەو سزایانە لەم دواییانەدا بەتەواوی کاریگەریی خۆی لەسەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی داناوە، تا ڕادەیەکی زۆریش بووەتە هۆی ئەوە هەست بەوە بکرێ سیستمی سیاسیی ئەو دەسەڵاتە وەک جاران کارایی نییە. بەڵام بێگومان کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکیش داناوە و، ئەوەش تاوانەکەی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. ئێستاش ئەم ڕێژیمە بەتەواو مۆنۆپۆلی سیستمی ئەرز و دۆلار و بانک و سەروەت و سامانی ئێرانی کردوە. لەو شوێنەی کە پێویستە خەرجی خەڵکەکەی بکا، نایکا بەڵام لە ڕێگەی پرۆژە تێرۆریستییەکانی خۆی، شێواندنی ناوچەکە و چەوساندنەوەی خەڵک بەکاریان دێنێ. ئەمن پێم وایە لە درێژەی ڕەوتی خۆیدا ئەو سزایانە هەر بەردەوام دەچێتە پێشێ و، هیوادارم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکگرتوو بێ لەدژی ئێران.

**نێن ئار تی:** دوو پرسیارم هەیە، یەکەمیان لەسەر ئەوەی - کە ئێستا بەڕێزیشتان باستان کرد - ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئێران لە گۆڕێدایە، پێشتروڕێگرییەک هەبووە لەوەی کە لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکان وتووێژ بکەن؟ ئایا کۆنگرەکانی تر کە دەگیران لەوێدا وەکوو حیزبی دێموکرات ڕێککەوتنێک لەسەر ئەوە هەبوو کە هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی دانوستان لەگەڵ ئێران بکەن؟ لەم کۆنگرەیەدا هیچ باس لە خاڵێکی وا کراوە؟ پرسیاری دووهەم، هەمیشە لە باشووری کوردستان دەڵێن سکرتێری حیزبەکان خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بمێننەوە، ئەم قسەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕاستە؟ یا ڕۆژهەڵات تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستییەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی ئێوە بۆ جارێکی تریش خۆتان هەڵبژێرن؟

**خالید عەزیزی**: لە ڕاستیدا لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا هیچ کات وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و حیزبەکانی دیکەش وەلا نەندراوە. دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ تەورێزیشدا وتووێژی کرد بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەری، لەگەڵ تاران - قەوامو سەڵتەنە - ش وتووێژی کرد و، لە دوای

شۆڕشی ئێرانیش ئێمە دانیشتنی زۆرمان هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی ئێران، لە نێوان خومەینی و شەهید دوکتور قاسملوو، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیامگەلێک دەستاودەست کرا. دواتریش دیسان وتوویژ کراوە و، لەم دواییانەشدا هەندێک چاوپێکەوتن و دانیشتنمان هەبووە. کاتی خۆی هەر حیزبی ئێمە لە هەرێمی کوردستان شەش - حەوت ساڵ پێش لە ئێستا وتوویژی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بووە. ئێستاش بەخۆشحاڵییەوە بیرۆکەی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی وەک بیرۆکەیەکی ئەقڵانی و پەسەندکراو سەیر دەکرێ. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مەبەست ئەوانەی وا لە ناوەندی هاوکاریدا بەشدارن، هیچکات دژی وتوویژ نەبوون. هەردوو لای دێموکرات و کۆمەڵەش لە کاتی خۆیدا پێکەوە وتوویژیان کردوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، جا کەوایە وتوویژ شتێکی تابوو نییە؛ بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئەم چوار لایەمان پێکەوە ئەو دانیشتنانە دەبەینە پێشەوە، ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە. ئەوەش بڵێم کە ئێمە هێشتا نەچووینەتە قۆناغی جدیی وتوویژەوە، دانیشتن بووە و بەش بە حاڵی خۆم بە دەسکەوتێکی باشیشی دەزانم و لانیکەم ئێمە وەک چوار حیزب ئەو کارە دەکەین؛ لە کۆنگرەکانی پێشووتری حیزبیشدا ئەو باسە هەر هەبووە.

بەنیسبەت هەڵبژاردنەوەی خۆم و کولتووری ڕێبەری کردنی حیزب لە حیزبە کوردییەکاندا، پێم وایە هەر حیزبێک مێکانیزمی خۆی هەیە. چەندوچۆنیی چارەسەر کردنی کێشە دەروون حیزبییەکان پێڕەوی لە ڕێککەوتنی ئەندامانی ئەو حیزبە لە نێوان یەکتر دەکا. هەر لە ئورووپا و ئامریکاش کە خاوەنی دێموکراسین، ئەگەر حیزبەکان پێک بگرین هەر کام لەوان مێکانیزمی تایبەت بە خۆیان هەیە و، ئەو مێکانیزمەش کە مادام بۆخۆیان هێناویانە و بۆخۆیشیان دەنگیان داوەتێ؛ ئەوە پەسەندە. بەڵام کاتی خۆی، من وازم هێنا و ئەوەش نەبووە هۆی ڕاوەستانی کاری حیزبی و زۆر بە شێوەیەکی دێموکراتیک جێگۆڕکێی دەسەڵاتمان کرد. ئێستا لەم کۆنگرەیەدا بە هەر هۆکار و خوێندنەوەیەک بووبێ دیسان، جێگۆڕکێیەکی سیاسی کراوە و من بوومەتەوە سکرتێر، هەموو ئەوانە بە لێک تێگەیشتن بووە. جا بۆیە بە باوەڕی من ئەم شتە ئەو ئیستعدادەی لە حیزبی ئێمەدا دروست کردوە، کە ئەگەر لە ئێستا و داهاتووشدا سکرتێرەکان بگۆڕدرێن، هیچ قەیران نییە و ئەو خەبات و تێکۆشانە بەردەوام دەچێتە پێش و، هیوادارم ئێمە مێکانیزمێک بدۆزینەوە کە ئەندامانی حیزب پێی ڕازین. ئەو بەشە من ناوی «ڕێککەوتنی دەروونحیزبی»ی لێ دەنێم.

**ڕادیۆ فەردا**: دوو پرسیارم هەیە، یەکەم لە پێوەندی لەگەڵ بوونی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستانە؛ ئەگەر دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیانهەوێ ئێوە ئێرە بەجێ بێڵن، ڕوو لە کوێ دەکەن؟ پرسیاری دووەم؛ پێوەندیی ئێوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق هەروەها حیزبە کوردستانییەکان لە چ ئاستێکدایە؟

**خالید عەزیزی**: بوون و چالاکییە سیاسییەکانی ئێمە لە باشووری کوردستان هیچکات زیانێکی بە حکوومەتی هەرێمی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان نەگەیاندوە، ئێمە لە درێژەی ئەم ساڵانەدا کە لێرە بووین، ڕێزمان لە یاساکانی عێراق چ لە بواری نێوخۆیی و هەروەها ناوچەییشدا گرتوە. تا بە ئێستاش دەوڵەتی عێراق و یاخود هەرێمی کوردستان هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە لەسەر ئەوەی کە بوونی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، کێشەی بۆ ئەوان دروست کردبێ. ڕێبەرانی عێراق حیزبی دێموکرات و خەباتی ئەم حیزبە بەباشی دەناسن. ئەگەر ئێمە لەگەڵ بەغداد پێوەندییەکیشمان هەبێ زۆر ئاساییە، سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە هیچکات لە سیاسەتی نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێدا دەستێوەردان نەکا. کەواتە کاتێک کە ئێمە ڕێز لە یاساکانیان دەگرین، ئیدی لەو بڕوایەدا نیم کە لە داهاتوودا ببێتە هۆی کێشە لەگەڵ حکوومەتی عێراق. لە پێشدا لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە گرینگە، کە هەر ئەوەش بریتییە لە ڕێزگرتن لە یاسای دەوڵەتی عێراق. ئێمە لە دۆخێکدا نین کە بیر لەوە بکەینەوە عێراق بەجێ بێڵین.

**کوردسات**: جاری یەکەم کە بەڕێزتان بوون بە سکرتێر، هەندێک لە شەقامی ڕۆژهەڵات ناوی قاسملووی دووەمیان لێ نای، ئەو نازناوە زۆر گەورەیە. بەڕێزتان دیسان هاتنەوە، چۆن خۆتان وەک شەخسی سکرتێر لە ئاستی ئەو نازناوەدا دەبینن؟

**خالید عەزیزی**: یەکەم، حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە خاوەنی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرکۆماری کوردستانە. خاوەنی دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سیاسەتمەدارێکی بەتوانا، بیرمەندێکی گەورە، دیپلۆماتێکی دوورەندیش، کەسایەتییەکی گەورەی کورد و ئێرانییە. هەروەها خاوەنی دوکتور شەرەفکەندییە، کە سیاسەتمەدارێکی زیرەک و بەتوانا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بوو. ئەمن وەک ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شانازی دەکەم کە لە ڕیزی حیزبێکدام کە خاوەنی ئەو ڕێبەرە مەزنانە بووە. ئەگەر نەک بەتەنیا من - کە بۆخۆم لە ئاستی گەورەیی دوکتور قاسملوودا نابینم - بەڵکوو هەرکام لە ئەندامانی ڕێبەریی ئێمە، بەشێکی کەم لە تایبەتمەندییەکانی سێ ڕێبەری شەهیدیان تێدا بێ کە بەخۆشییەوە هەیە؛ ئێمە بەیەکەوە زۆر سەربەرزین. بەخۆشحاڵییەوە توانیومانە بەشێک لە تواناییە شۆڕشگێڕییەکانی ئەوان لە خۆماندا ببینینەوە. من بەش بە حاڵی خۆم هەوڵی کرداری بۆ ئەم ڕێبازە دەدەم و تێدەکۆشم جێگیر ببێ، کە دەڵێم جێگیر بێ مەبەستم لە پێڕەو، پرۆگرام، ستراتێژی و ئامانجەکانی حیزبەکەمانە کە بە پێشەواوە دەستی پێ کرد، بە دوکتور قاسملووەوە گەیشتە لووتکە و بەشی دوکتور سەعید بەداخەوە ماوەیەکی کورت بوو و، ئەو ڕێبەرە بە توانایەمان شەهید بوو. ئەگەر بتوانین بەشێک لەوانە جێبەجێ بکەین ئەوە بەو واتایە کە سەرمایە و تواناکانی دوکتور قاسملوو لەنێو ئێمەدا چەسپاوە و بە میرات بە ئێمە گەیشتووە. ئەوەی کە دەیڵێم بەو مانایە کە ئەگەر ئەمن و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیشمان نەمێنین، ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتور قاسملوو هەتا دێ زیاتر دەبن و ئەمن دڵنیام کەسانی زۆر بەتوانا دێنە گۆڕەپانی خەباتەوە؛ هەر ئەزموونی مووشەکباران و لەدەست دانی پۆلێک لە هاوڕێیانمان ئەوەی نیشان دا. بۆیە ئەو کولتووری مرۆڤسازییە لەنێو حیزبی ئێمەدا بۆ هەمیشە ماوەتەوە و هیوادارم لە داهاتووشدا بتوانین ئەم سەرمایەیە

مودیریەت بکەین. کاتێک کە باس لە حیزبی دێموکرات دەکرێ پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندییان وەبیر دێتەوە، کەواتە ئێمە هەوڵ دەدەین - هەرچەند کەمی دێنین - بەڵام بەتاڵاییەکان پڕ بکەینەوە.

**ڕووداو:** لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ململانێیەکی توند هەیە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئامریکادا و هەروەها کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش بەجۆرێک تێیدا بەشدارن، بەتایبەت لەم دواییانەدا کۆماری ئیسلامی بڕێک پاشەکشەی کرد؛ دەکرێ پێمان بڵێن ئێوە داهاتووی کۆماری ئیسلامی لەدوای ئەوەی کە ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی و لە ئاستێکی گەورەدا ڕوو دەدەن، چۆن دەبینن؟

**خالید عەزیزی:** بە هەموو لێکدانەوەیەکی ئێمە، ئەگەر فاکتۆرە جۆراوجۆرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگیرێ؛ کۆماری ئیسلامی توانای درێژە دان بەم دۆخەی ئێستای نییە. کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشارێکی قورسدایە، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا توانیویەتی خۆی ڕابگرێ، یەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتێکی ڕەهای نیزامیی هەیە، دووەم ئەوەی کە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران بەتەواوی لە ئیختیاری دەسەڵاتدارانە و ئەوە لە پێناو مانەوەی خۆیاندا بەکار دێنن. بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو فاکتۆرانەی وا باسم کرد بەشی گرینگ و بەرچاوی خەبات لەدژی ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی کار و چالاکی لە نێوخۆی وڵاتەوە دەکرێ و لەوێوە دەتواندرێ کۆتایی بە سەرەڕۆیی ئەم دەسەڵاتە بهێندرێ. ئەگەر دەرفەتێکیش بێتە گۆڕێ لە ئێراندا خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکانیەوە بەتایبەتی گەلی کوردیش کە قوربانییەکی زۆری لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەییدا داوە ئاوا بە ئاسانی لە کۆماری ئیسلامی خۆش نابن. کۆماری ئیسلامی جۆرێک خۆی پێناسە کردوە، مێکانیزمی مانەوەی خۆی بە شتگەلێکەوە بەستووەتەوە کە هیچکات لەکۆڵ ئەو کێشانە نابێتەوە. قەیرانە سیاسی، ئابووری، نێودەوڵەتییەکان ئیدی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەمێنێتەوە و لەگەڵی دەڕوا؛ بەجۆرێکە ئەگەر هەرکام لە قەیرانەکان تێپەڕ بکا قەیرانێکی دیکە بەدوایدا دێ. ئەمن دڵنیام لەوەی کە کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و جیهان بووەتە پێناسەی کۆماری ئیسلامی، واتە ئەم ڕێژیمە بە کێشەکانی دەناسنەوە. هەر بۆیە ئەم شێوە لە خۆ پێناسەکردنە لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە وەرناگیرێ. خاڵێکی گرینگیش کە لێرەدا دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە خەڵکی ئێران سەرەڕای توند و تیژییەک کە لەسەر سەریانە بەڵام لە ئاستێکی بەرز لە شعووری سیاسیدان، داوای زۆریان هەیە و بەدواداچوونیشی بۆ دەکەن. هەموو ئەم فاکتۆر و ڕاستییانەی کە هەن ئەو پەیامە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی زوو یا درەنگ دەبێ بڕوا. سەرەڕای ئەوانە کۆمەڵگەی ئێران تووشی دارمانێکی کۆمەڵایەتیی بووە و، ئەمەش ئاکامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە و، لێرەدا خەڵک دەبێ خۆیان یەکلا بکەنەوە لەگەڵ ئەم هەمووە کێشە و ئاریشانەی بەردەمیان؛ کە من پێم وایە ئەو کارە دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی دوویەم**

**گەلی کوردستان: یەکێک لە پرسیارەکان کە لەلایەن خەڵک و بژاردە سیاسییەکانی کوردستان بەرەوڕووی هەردوو لای دێموکرات دەبێتەوە، پرسی یەکنەگرتنەوەیە کە ماوەیەکە بێدەنگی لێ هێندراوە؛ ئێوە بەتایبەت لەدوای کۆنگرەی ١٧ چ بەرنامەیەکتان بۆ یەکگرتنەوەی ئەم دوو حیزبە هەیە؟**

**خالید عەزیزی**: هەر دوابەدوای لەتبوون یەکەمین پەیامی ئێمە ئەوە بوو کە لەتبوون بەسەرماندا سەپا، ناچمەوە نێو ئەو باسانە. هەر ئەوکات ڕامانگەیاند ئێمە ئامادەی وەسەریەک کەوتنەوەین، هەر دوو لای دێموکرات بە دانیشتن بێین خەسارناسی بکەین و یەک بگرینەوە و بەیەکەوە ئیدارەی بکەینەوە. لەژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتە دروستە کە ڕەچاومان کرد و داواکاریی کۆمەڵانی خەڵکیش لە نێوخۆی وڵات، لایەنی ئێمە دەسپێشخەر بوو لە وتوویژ کردن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئێمە باش چووینە پێشەوە و کۆمەڵێک دانیشتن و وتوویژ هاتنە گۆڕێ، هەیئەتێک داندرا کە بە چڕوپڕی لە کۆبوونەوە و دانیشتندا بوون لەگەڵ لایەنەکەی دیکە؛ کە بەداخەوە بە ڕێککەوتن نەگەیشتین. لایەنی ئێمە ئیمتیازی دا بەڵام لایەنەکەی دیکە بەجدی وەر نەگرت و وەلای نا. بۆ مێژووش بێ با ئەوە بڵێم من وەک خۆم ڕامگەیاند کە ئامادەم بۆ ئەوەی دێموکراتەکان یەک بگرنەوە، بۆ ئەوەی سیمایەکی بەهێز لە حیزبی دێموکرات بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدەین، من ئامادەم واز لە پۆستی سکرتێری بێنم. تەنانەت هەنگاوێکی دیکەش چوومە پێشێ و گوتم ئەگەر کێشەی ناو هەیە، ئێمە شەڕی ناو ناکەین بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات توانیبێتی یەک بگرێتەوە با ناوەکەش ناوی ئەوان بێ. بەداخەوە ئەوان هیچکام لەوانەیان وەر نەگرت. ئەوەی ئێمە کردمان هەست بە بەرپرسایەتییەکی نەتەوەیی بوو، تەنانەت لە حیزبەکەی خۆماندا گلەیی لە من و لەو دوو بەخششە هاتە گۆڕێ. لێرەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندی بە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە ڕادەگەیەنم کە ئێمە هەموو حەولێکمان دا لەم پێناوەدا؛ جا بۆیە ڕەنگە ئەمن داوای لێبوردنێک بە ئەندامانی حیزبەکەی خۆمان قەرزدار بم کە زۆر چوومە پێشێ و ڕەعایەتی حاڵی ئەوانم نەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش کۆنگرە دیسان باسی یەکگرتنەوەی کردوە و ئەوەی ئەسپاردوە بە کومیتەی ناوەندیی داهاتوو. با ئەوەش بڵێم کێشەی ئەم دوو لایەنە دەبێ پێخۆشبوونی هەر دوو لای تێدا بێ دەنا بە هیچ شێوەیەک چارەسەر نابێ. ئەم کەیسە لەلای ئێمە هەر ئاوەڵایە و ئەگەر دیسان دانیشتن و وتوویژ بێتەوە گۆڕێ کومیتەی ناوەندی دەتوانێ لەژێر تیشکی ئەوەی کە لە کۆنگرەدا هاتە بەر باس لەم پێوەندییەدا، حەولی چارەسەر کردنی کێشەکان بدەن. بەڵام ئەگەر سەرکەوتووش نەبووین لە یەکگرتنەوەدا، کۆتایی ژیان و سیاسەت نییە. ئێستا هەردوو لا، لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەیەکەوە هاوکاریمان هەیە، لەوێ لەژێر ناوی ئەو ناوەندەدا بەیەکەوە بەیاننامەش دەردەکەین. لە کۆتایی وڵامی ئەو پرسیارەدا بڵێم ئەگەر یەکگرتنەوەش جێبەجێ نەبێ ئەوە ئێمە بەخۆشحاڵییەوە هەندێک پێوەندیمان هەیە کە دەتوانێ هاوکاری و هاواهەنگیی هەردوو لامانی لە کارەکاندا لێ بکەوێتەوە.

**کوردسات نیووز**: وەک باستان کرد ئەو کات ئێوە لەپێناو کۆنگرەدا تەنازولێکی زۆرتان بۆ لایەنی بەرامبەرتان کردوە، ئایا ئێستاش لەسەر هەمان باوەڕن و بە هەمان ڕێچکەدا دەڕۆن؟

**خالید عەزیزی**: ئەوان کۆنگرەی خۆیان گرتوە و کۆمەڵێک گۆڕانکارییان لە قەوارە و مێکانیزمەکانی حیزبی خۆیاندا هێناوەتە گۆڕێ، ئێمەش کۆنگرەی خۆمان گرتووە بۆیە ئێستا دۆخەکە لەچاو دوو ساڵ و سێ ساڵ پێش لە ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر بڕیار بێ دەست پێ بکەینەوە، بە خوێندنەوەیەکی دوو لایەنە، دوو حیزب لەگەڵ یەکتر دادەنیشن، یەکیان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەوی دیکەیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەوە یەکەم هەنگاوە. کە ئەوە دیاری کرا، دوایە دەکرێ بچینە نێو وردەکارییەکانەوە و خەسارناسی بکرێ کە چۆنە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە یەک بگرینەوە. لەمەو بەدوا دەست پێبکەین کە چ بکەین باشە، بە حوکمی ئەوەی کە پێشتر بە ڕێککەوتنێک نەگەیشتوون. لەدوای کۆنگرەکەی ئەوان و کۆنگرەی ئێمە هەموو ئەو شتانە دەتوانین بڵێین نەماون.

**کەرکووک تیڤی**: ئەگەر ئێوە ئەو هەلەتان بۆ هەڵکەوێ لەگەڵ وڵاتانی زلهێز بۆ نموونە ئامریکا ڕێک بکەون، بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕازی بێ لەگەڵ ئێوەدا وتووێژ بکا و بهێڵێ بچنەوە بەتایبەت کە ئەزموونی دوکتور قاسملووش لەبەر دەستدا هەیە (لەمەڕ وتووێژەوە)؛ ئایا ئێوە ئامادەن بچنەوە یا هەر درێژە بە خەباتی شاخ دەدن؟

**خالید عەزیزی**: کێشەی دنیای دەرەوە لەگەڵ تاران لەسەر پرسی کورد نییە، بەڵکوو کێشەی ئەوان لەسەر بەرژەوەندیی خۆیانە. سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا هاتن و ڕۆیشتن و هەر یەکە و سیاسەتێکیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هێنا گۆڕێ و خستیانە نێو بازاڕی سیاسەت بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان؛ بەڵام خەبات و تێکۆشانی ئێمە لەدژی کۆماری ئیسلامی لەدوای ئینقلابەوە دەستی پێکرد، ڕەوایی ئەو خەباتەی ئێمە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە و، بەپێچەوانەی سیاسەتی سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا سیاسەتەکانی ئێمە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی نەگۆڕدراوە. بۆیە ئەوە دەڵێم سیاسەتی ئێمە لەدژی ئەم ڕێژیمە پێڕەوی لە سیاسەتی واشینگتۆن ناکا. ئەوان کاتێک کە بەرژەوەندییەکانیان کێشەی لەگەڵ یەکتر نەبوو دەتوانن پێک بێنەوە. بەڵام تێدەکۆشین لەو کێشانەی دێتە پێشێ، بە حوکمی گرینگیی پرسی کورد لە ئێران وەک نەتەوەیەک و هەلومەرجی حیزبی دێموکرات لە مەیداندا بین. بۆیە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان لەسەر بەرژەوەندییەکان بنیات دەنرێن و کەواتە ئێمەش چاوەڕوانیی ئەوەمان نییە کە وڵاتێکی زلهێز یاخود وڵاتێکی ناوچەیی بێت و لەسەر پرسی ئێمە پرۆژە دابنێ. بەڵام هەر وڵات و لایەنێک کە بەرنامەی لەسەر ئێران هەبێ ناتوانێ پرسی کورد لەوێ لەبەرچاو نەگرێ، ئەگەر وا نەکەن دیسان ئێران رووی سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێ. بۆیە دەوڵەتە ناوچەییەکان و دەوڵەتە جیهانییەکانیش بەتایبەت زلهێزەکان هەر خەونێکیان بۆ ئێران هەیە، چ بە شەڕ و چ لە ڕێگای ئاشتییانەوە، دەبێ

بەشی دوویەم

فرەنەتەوەیی بوونی ئێران لەبەرچاو بگرن و کورد فاکتۆرێکی بەهێزە لەم نێوەدا.

**ڕۆژ نیووز: بەحوکمی ئەوەی کە دەگوترێ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستی منە، ئێوە لەسەر ئەم بنەمایە وەکوو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا چ ڕادەیەک لە دوژمنانی کۆماری ئیسلامی لەسەرووی هەموویانەوە ئامریکا؛ نیزیک بوونەتەوە؟**

**خالید عەزیزی**: هەتا ئەو جێی پێوەندی بە لێک نیزیکی هەیە، دەبێ دەستووری کار و پلانێک هەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت واشینگتۆن، ئەوان هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کێشەکەی خۆیان لەگەڵ ئێران بە کێشەی ناوکی و ئەوەی کە ئەم وڵاتە هۆی ناسەقامگیریی ناوچەکەیە پێناسە کردوە. لەوەی دووەمدا ئێمەش هاوڕاین و پێمان وایە ئێران هۆی ناسەقامگیرییە. جیاواز لەوانە حیزبی دێموکرات پێوەندیی لەگەڵ واشینگتۆن هەر هەبووە، ئێمە نوێنەرمان لەوێ بووە، سەردانی ئەوێمان کردوە، کونسوولەکانیان هاتوون سەردانی ئەم قەڵایەیان کردوە، ئێمەش سەردانی کونسوولەکانیانمان کردوە و لە زۆر شوێن و بەبۆنەی جۆراوجۆرەوە یەکترمان بینیوە. ئەوانیش ئەو عیلاقاتانەیان بە نیسبەتی ئێمە ڕەد نەکردووەتەوە هەتا ئەو جێگەی لە ئاستی حیزبێکدا دەگونجێ؛ هەر وەکوو باسم کرد تەنیا وڵاتێک بوو کە مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مەحکووم کرد. هەر چەند مانگ پێش لە ئێستا بۆخۆم لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە لە ئامریکا بووم و ئامریکاییەکانمان بینی و لەگەڵیشیان دانیشتین و باسی ئێران و وتوویژ و سیاسەتەکانی ئەوان بەرامبەر بە ئێرانیش کراوە. جا ئێمە وەک حیزبی دێموکرات سیاسەتێکی وا ناگرینە بەر کە دژایەتی لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئامریکا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکەین. ئێمە لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوتوومانە، کورد فاکتۆرێکی بەهێزی ئاشتی و هێمنایەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە؛ پشتیوانیی لێ بکەن. جا هەر بە پێڕەوی لەم فاکتۆرە کورد لە ئێرانیش هەر وایە. ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش باسێکمان هەیە کە لەمەو بەدوا چۆن دیپلۆماسیی کوردی ئێران ڕێک بخەین، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئێمە بە چەند حیزبی لێکبڵاو چاو لێ نەکەن. یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و تۆکمە و بە بەرنامەی نییە. من زۆر جار گوتوومە ئۆپۆزیسیۆن بوون، هونەر نییە ئەوە هەموو کەس دەتوانێ بیکا، بەڵام هونەری ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە ببێ بە جێگرەوە. بۆیە کوردیش لەم بوارەدا پێویستە خۆی ڕێک بخا و، ئێمە لە پێشدا وەک کورد و دوایەش وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێویستە هاودەنگییەکمان هەبێ؛ پەیامێکمان پێ بێ بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیدا ئەوە ئێمە هەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

بەشی دوویەم

## خالید عەزیزی: سیاسەت و خەباتی ئێمە تابعێک نییە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا




**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کورد کاناڵ" سیاسەتی و بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ چەند بابەتێکی ڕۆژەڤی سیاسی شی کردەوە. لەم وتووێژەدا پرسی بەرژەوەندی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، ئێران لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ناوچە و جیهان، کاریگەریی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لەسەر ئێران و پێچەوانە، پرسی کورد و هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و، هەروەها دۆخی ئێستای جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران تاوتوێ کران.**

**"کوردستان" بە گرینگیدان بەو وتووێژە پوختەیەکی لێ بڵاو کردۆتەوە.**

**مەنسوور مروەتی: کاک خالید لە میدیاکان زۆر گوێمان لە دەستەواژەی هاوکێشەی نێودەوڵەتی و هەروەها بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی دەبێ، با لەپێشدا ئەوە لە بەڕێزتان بپرسم هاوکێشەی نێودەوڵەتی یانی چی، پێناسەی چییە؟**

**خالید عەزیزی:** هەروا لە ناوەکەیەوە دیارە پێوەندی نێودەوڵەتی یا هاوکێشەی نێودەوڵەتی تەنزیمی پێوەندی و بەرژەوەندی و حاوانەوەی دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە کە بۆخۆیان دایاناوە، لەسەر ئەساسی ئەوە دواتر دەبێتە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە باشتر وایە ئەو ناوی بگۆڕین بڵێین کۆمەڵەی دەوڵەتەکان. چونکە نەتەوەکان وەکوو ئیتنیک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی ناکرێن، بەڵکوو دیسان لەوێ دەوڵەتەکانن بڕیار دەدەن. لەو پێوەندییەدا، شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان داندرا، کە فەلسەفەکەی ئەوەیە، دەوڵەتان پابەند بکا بە

پاراستنی ئاشتی و ئەمنیەت و ئاسایش بۆ ئەوەی کە جیهان بتوانێ لەگەڵ یەکتر کار بکا. جیاواز لەو یاسایانە کە لە مەنشوورەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکان بۆ ڕاگرتنی نەزمی دونیا دانراوە، زەروورەتی دروست کردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکان ئەمنیەت و ئاشتی بوو. سروشتییە هەر دەوڵەتێک لەهەمان کاتدا کە ئیلزاماتێکی لەچوارچێوەی ئەوە یاسایانە هەیە، بەڵام وەدوای بەرژەوەندیی خۆیشی دەکەوێ.

جا ئەگەر وایە پێوەندی نێودەوڵەتی و هاوکێشەی نێودەوڵەتی بەو تەفسیرە لەسەر بەرژەوەندی دانراوە، سروشتییە جاروبار هەوڵ دەدرێ ئەو بەرژەوەندییانە بەجۆرێک بێ کە سەقامگیری لە ئاستی جیهانی بشێوێنێ. جا ئەگەر وایە ئەوە بەرژەوەندییە دیاریی دەکا دەوڵەتەکان لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و ئەم لایەن و ئەو لایەن پێوەندییەکانیان چۆن ڕێک دەخەن.

**مەنسوور مروەتی:** کاک خالید ئەم بەرژەوەندییە پێناسەی جۆراجۆری بۆ دەکرێ، بۆ وێنە ئەمریکاییەکان بەردەوام جەخت لەسەر بەرژەوەندیی خەڵکی ئەمریکا دەکەن، بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکا، بەڵام ڕەنگە لە وڵاتی دیکە وا نەبێ، ئەو بەرژەوەندییە چۆن دەگۆڕێ، چۆن پێناسە دەکرێ؟

**خالید عەزیزی:** کاتێک لە وڵاتێک سەرۆک کۆمارێک هەڵدەبژێردرێ، بەتایبەت کە قسە لە ئەمریکایە، ئەو سەرکۆمارە، کە چاو لە سیاسەت و چەندوچۆنیی هێنانەگۆڕیی دەستوور و بەرنامەی خۆیان دەکا، تەبیعەتەن ئەمریکای لەبەرچاوە. چوارچێوەی جوغرافیایی، سیاسی، ئابووری، نیزامی یاسایی و شارۆمەندانی ئەمریکایی. بۆیە هەر لەو دواییانەدا ترامپ دەڵێ یەکەم ئەمریکا و من بۆ ئەمریکا کار دەکەم، زۆر سروشتییە دەبێ وا بڵێ. ئەو لانیکەم دەڵێ من بۆ ئەمریکا کار دەکەم و، بۆ چوارچێوەی بەرژەوەندی خەڵکی ئەمریکا کار دەکەم. ئەوە سیاسەتێکی دروست بێ یان هەڵە من لێرە قەزاوەت ناکەم و ئەوە بە ئەمریکاییەکان دەسپێرم. بەڵام ئەو تەنانەت ئامادە بووە کێشە لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت بکا، بۆچی؟ بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا.

بەڵام ئەگەر بەراوەردی کەین لەگەڵ ئێران پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە لە ئێران ڕێبەرانی نیزامی سیاسیی وڵات لە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران وەکوو وڵاتێک کار ناکەن. لە ئێران، بەتایبەت ڕێبەری ئێران خامنەیی و دەوروبەرەکەی، بەدوای ئەوەدان بزانن چ شتێک وڵامدەری تمووحی فکری، ئیدئۆلۆژیکی یا بە قەولی خۆیان ئینقلابی ئەوانە، ئەوان لەوە بیر دەکەنەوە. دەنا ئەوەکە ئەوڕۆ ئێرانی تێکەوتەوە، لەبواری فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، بێکاری، هەژاری، بێگومان بەشێکی نەتیجەی ئەوەیە کە لە ئێراندا نیزامی سیاسی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن، یەکەم نیزامی

کۆماری ئیسلامی، دوایە ئێران بەگشتی. دەی مادام هەموو شتێک لە خزمەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دایە، هیچ شتێک بۆ ئێران نامێنێتەوە. لە ئێران پێناسەکە بەرژەوەندیی وڵات نییە، بەرژەوەندی نیزامە و هەموو شتێک تابیعی ئەوەیە. بۆیە ئێران تووشی ئەو ڕۆژە ناخۆشە بووە.

**مەنسوور مروەتی**: بەڵام سەرەڕای ئەوە ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناوچە هەیە، ئەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**خالید عەزیزی**: سیاسەتی ئێران لە ناوچە تابیعێکە لە سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتی کە لەودا تووشی کێشەیەکی جیدی لەگەڵ ئەمریکا هاتوە و، دەیەوێ لەو شوێنانەی کە بۆی دەکرێ و مەجالی هەیە ئەمریکا ئەزیەت بکا. ئەو شوێنانە کوێیە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەوە بەتەواوی دیارە خودی ئەمریکاش ئەوە باش دەزانێ. جا ئەگەر وایە ئەزیەت کردنی ئەمریکا و بە قەولی خۆی ئەوەی کە هەوڵ بدا ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەمێنێ، مەجالێک بۆ ئێران دروست دەکا کە پتر بتوانێ مەیدانی مانۆڕی هەبێ. دیارە ئەمریکاش بێ هەڵوێست نەبووە، کوژرانی قاسم سولیمانی زەربە لێدان لە غروری کۆماری ئیسلامی بوو. چون بەو پێناسەیەی کردمان، ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوە بەس بەرژەوەندی ئەو جەمعەیە کە خودین، کە خودی نیزامەکەیە. بەشێک لە خەڵکی دەوروبەری ئەو حکوومەتە بەوە گەیشتن کە قاسم سولیمانی بۆ ئەوان ئەسبابی کێشەیە و تا کەی دەتوانن ئاوا درێژەی بدەن چونکە ئەمریکا دەتوانێ زەربەی خۆی لێدا و لە داهاتووشدا عەمەلیاتی ئاوا بکا.

بەشێکی دیکەش ئەوەیە لە حاڵی ئێستادا کە بەرەو هەڵبژاردنی ئەمریکا دەچین، کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ لەژێر ڕووناکایی ئەو ڕاپرسییانەی لە ئەمریکا دەکرێن و هەتا ئێستاش بایدن لە پێشە؛ هەر ئاوا بڕوا. کۆماری ئیسلامی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ ترامپ بیدۆڕێنێ و دێموکراتەکان بیبەنەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە دێموکراتەکان پابەندن بە ڕێکەوتننامەی "بەرجام" کە لەگەڵ ئورووپاییەکان کراوە. ئەوە ترامپ بوو لەو ڕێکەوتننامەیە هاتە دەرێ و تەنانەت کۆمەڵێک بەربەستی دروست کرد، و ئەمریکا بۆ خۆی بەتەنیا گەمارۆی ئابووریی خستۆتە سەر ئێران.

جا ستراتیژیی ئێستای ئێران ئەوەیە یان بڵێم تاکتیکی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە تێبکۆشن تا هەڵبژاردنی ئەمریکا کێشەیەکی زۆر جیدی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست نەکەن، بۆ ئەوەی نەبێتە بەهانەیەک کە ترامپ کەڵکی لێ وەرەگرێ و لە نێوخۆی ئەم وڵاتە و لە هەڵبژاردنەکاندا بە قازانجی بشکێتەوە. ئێران لە ئێستادا وەکوو تاکتیکێک پێی خۆش ئارامییەک هەبێ و ئەو ئارامییە لە بەرژەوەندیی "بایدن" تەواو بێ.



سەرچاوە
Serchawe

**مەنسوور مروەتی: باشە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئەمریکا بەڕاستی چەندە کاریگەری لەسەر ناوچە هەیە؟**

**خالید عەزیزی**: لە دونیای ئەمڕۆدا و تەناتەت پێشتریش ئەمریکا کاریگەریی سەرەکی هەبووە و لە ئێستاشدا هەیەتی لە داهاتووشدا زۆرتر دەبێ. ئاماژە بە دوو سێ نموونە دەکەم. دوایی شەڕی یەکەمی جیهانی کە فەقیری و هەژاری پەرەی ئەستاند، دونیا برێک تووشی بێنەزمی بوو، خودی ئابووریی ئەمریکا کەوتە دۆخی خراپەوە و، ئەوە زەمینەیەکی دروست کرد لەو شێوانەدا، لە شێوانی ئابووری، سیاسی، ئەمنیەتی و هەر ئەوە زەمینەی بۆ شەڕی دووهەمی جیهانی دروست کرد، واتە خەڵکی وەک هیتلێر هاتنە گۆڕێ و وردە وردە دەسەڵاتیان پەیدا کرد. ئەمریکا غایب بوو لەوانەدا، ئەمریکا خەریکی کێشەی نێوخۆیی بوو، وەزعی ئابووریی خراپ بوو، لە ئورووپا دوور بوو. لە نەبوونی ئەمریکادا لە ڕاستیدا زەمینە دروست بوو بۆ شەڕی دووهەمی جیهانی.

وابوو کە هەر دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ئەمریکا بەوە گەیشت کە دەبێ لەو تەریککەوتنەوەیە بێتە دەرێ و لە نەزمی جیهاندا دەوری هەبێ لە پێناو سەقامگیریی ئاشتی و ئەمنیەت، هەڵبەت بەو خوێندنەوەی کە خۆیان هەیانە. بۆیە مارشاڵ، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا پرۆژەیەکی هێنا کە یارمەتیی دا بۆ نوێژەنبوونەوەی ئورووپا. تەنانەت پێشنیاری بە ستالین سەرۆکی سۆڤیەتی پێشوو کرد کە ئەوانیش بەهەرەیان هەبێ لەوە، پارەیان بدرێتی بۆ ئەوەی هەستنەوە.

لێکدانەوەی ئەمریکا بۆ ئەوە بوو وەزعی باشی ئەمریکا دەبێتە هۆی ئەوەی بۆچوونی شەڕخوازانە وردە وردە لە بین بچێ و، دونیا بەرەوە ئاشتی و سەقامگیری بڕوا. لە دوای ئەوەدا لە دەورانی شەڕی سارددا سۆڤیەت و ئەمریکا لە ڕاستیدا زەمینەسازی دروست کردنی ئاشتیی نەرم بوون. واتە شەڕ نەبێ لە دوو جەمسەر، دوایە ئەو دوو جەمسەرییە هەڵوەشایەوە. ئێستا جەمسەری دیکەش هاتوونەتە گۆڕێ. چین زلهێزێکی ئابوورییە، ڕووسیە بۆتە زلهێزێکی نیزامی و وڵاتانی ئورووپاییش بەشێوەیەکی دیکە و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا دەبینین تورکیە و ئێران وەکوو زلهێزی ناوچەیی دەور دەگێڕن.

جا لە حاڵەتێکی ئاوادا بە ئێعتیباری هێزی ئابووریی ئەمریکا و بە ئێعتیباری حزووری نیزامی ئەمریکا لە دونیادا و بە ئێعتیباری ئەوەی کە ئەمریکا یارمەتی بە زۆر شت دەکا، نەبوونی ئەمریکاش یارمەتیی ناکا بە سەقامگیر بوونی ئاشتی و ئەمینەت لە جیهاندا. جیهان بەجۆرێک فێری هاوئاهەنگی بووە و ئەو هاوئاهەنگییە بەبێ ئەمریکا ناکرێ. لە ڕوانگەی منەوە کێشەیەکی سیاسەتی ترامپ ئەوە بوو کاتێک گوشاری بۆ سەر ئێران هێنا و گەمارۆی ئابووریی خستە سەر ئێران، تەنانەت ئەو لایەنانەی لەگەڵ ئێران تێکەڵ بوون سزای دەدان، ئەوە بووە هۆی ئەوەی هاوئاهەنگی باشی سیاسی لەگەڵ چین و ڕووسیە و ئورووپا چەتی تێکەوێ. ئەوە بە قازانجی ئێران تەواو بوو، ئێران لەوە دەگرێ کە دەقیقەن ئەمریکا

دەوری لە دونیا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبێ. وردە وردە پاشەکشە بکا و جێگە بۆ ئەو لایەنانە بکرێتەوە کە چین و ڕووسیەی تێدایە. جا ئەگەر وایە نەزمی جیهانی جۆرێک شکڵی گرتوە لە چەند جەمسەری. بۆیە یا دەبێ هاوئاهەنگی لەنێو جەمسەرەکاندا هەبێ و، لە هەر حاڵدا ئەمریکا دەبێ بوونی هەبێ، یا ئەگەر ئەوەش نەبێ دەبێ بەجۆرێک چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە و هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەمریکا ڕەنگە وڵامی ئەوە بداتەوە.

**مەنسوور مروەتی**: باشە بە هەموو ئەوانەوە ئێران بەرەو کوێ دەچێ، ئایا لە بواری نێودەوڵەتییەوە بەرەو تەریک بوونەوەی زیاتر ناڕوا؟

**خالید عەزیزی**: ئێران بە کردەوە لە هێندێک بواردا تەریک کەوتۆتەوە. ئەمریکا ئەگەرچی هەندێ لە وڵاتانی ئورووپاییشی لەگەڵ نییە بەڵام بە حوکمی دەسەڵاتی زۆری ئەمریکا ئەم ویستەی لە دونیادا بە ئاسانی جێبەجێ بووە و ئێرانی بەچۆک داهێناوە. ئێران تووشی دارمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە و ئێستا ئێرانییەکان بە توندی چاوەڕوانی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکان و بەشێک ڕزگاریی خۆیان لەوەدا دەبینن کە چی لێ دێتەوە.

لێرە لەگەڵ دوو سێناریۆ ڕووبەڕووین. سێناریۆی یەکەم ئەوەیە ترامپ دەبیاتەوە، ئەگەر ترامپ بیباتەوە درێژە بە سیاسەتی خۆی دەدا. گوشاری زیاتر دەکەوێتە سەر ئێران و ئەوە بەو مانایەش نییە کە ڕێژیمی ئێران لە ئێستادا برووخێ. ئەویش لێکەوتە و زیانی خۆی هەیە. گوشارەکەی ئەوەیە ئێرانییەکان ناچار بکا بێنە سەر میزی وتوویژ و مەرجەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەفتاری ئیران لە ناوچەدا و لە پێوەندی لەگەڵ "بەرجام" دا بەسەر ئەم وڵاتەدا بسەپێنی. درێژەی ئەو سێناریۆیە بە زەرەری ئێران و کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێ، چوونکە ترامپ لە قۆناخی یەکەمدا زۆر باش چۆتە پێشێ و گوشاری ئابووریی زۆری خستووەتە سەر ڕێژیم. بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە خودبەخود دەبێتە شەڕێکی کلاسیک و شەڕێکی جەبهەیی.

سیناریۆی دووهەم، ئەوەیە کە دێموکراتەکان بیبەنەوە. دێموکراتەکان بەدرێژایی مێژوو لە دونیادا هەوڵیان داوە دەوڵەتان و لایەنەکان تێکەڵ بە ئیلزامات و تەعەهوداتی یاسای نێودەوڵەتی و مەنشوورەکانی نەتەوە یەکگرتەوەکان لە پێناو ئاشتی و سەقامگیریدا بکەن. دێموکراتەکان بە ڕاشکاوی گوتویانە ئەگەر بێنەوە سەر دەسەڵات ڕەنگە بچنەوە نێو بەڵێنەکانی خۆیان لە چوارچێوی "بەرجام" دا. ئەوەش بەو مانایەیە دێموکراتەکان بەشێک لەو گەمارۆ ئابوورییە لەسەر ئێران هەڵدەگرن و ئێران پشووی دێتەوە بەر خۆی و، هەوڵ دەدەن لە چوارچێوی نەزم و نیزامی نێودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی و لایەنەکانی دیکەدا گوشار لەسەر ئێران دروست بکەن. بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە ئیدی دێموکراتەکان واز

لە هەموو شت دێنن. لێرەدا هەم دێموکراتەکان و هەم کۆماریخوازەکان لەسەر یەک شت کۆکن ئەویش گۆڕینی ڕەفتاری ئێرانە، نەک گۆڕینی حکوومەتی ئێران؛ بەڵام هەم لەنێو دونیای ئێرانییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی یا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وا حاڵی بوون کە ئەگەر ترامپ جاروبار هەڕەشەیەک و جموجۆڵێک بە هێزە نیزامییەکانی دەکا، ئەوە بە مانایەیە کە شەڕ لەگەڵ ئێران دەکا و حکوومەتی ئێران دەگۆڕێ. نا ئەوان بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەڕۆن. بەرژەوەندیی ئەوان لەوەدایە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێ و ئاسایش و ئەمنیەت لە ناوچەدا سەقامگیر بێ، ئارامییەکی ئابووری هەبێ و ئێران دەست لەو ڕەفتار و کردەوانە هەڵبگرێ کە ئەوان ئەزیەت دەکا.

**مەنسوور مروەتی:** زۆر جار باس لە ڕۆڵی کورد و داهاتووی کورد بەگشتی دەکرێ ڕای بەڕێزتان چییە لەسەر ئەو دەستەواژەیە؟ کورد لەنێو هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا لە کوێ جێ دەگرێ؟

**خالید عەزیزی:** کورد بەگشتی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا نییە. هاوکێشەی نێودەوڵەتی بریتییە لە پێوەندی، بازرگانی و ئەمنیەت لەنێوان دەوڵەتاندا. بەڵام کاتێک دێینەوە سەر پرسە ئەمنیەتییەکان و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لێرەدایە کورد دەتوانێ دەوری هەبێ، دەنا کورد بەردەنگ نییە بەگشتی وەکوو نەتەوەیەک.

**مەنسوور مروەتی:** لەبەر ئەوەی کە دەوڵەت نیە؟

**خالید عەزیزی:** لەبەر ئەوەی کە دەوڵەت نییە، لەبەر ئەوەی کە کورد لەنێوان چوار دەوڵەتدایە و دەوڵەتانی دونیا هەرکامیان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان پێوەندییان لەگەڵ ئەو چوار دەوڵەتەدا هەیە و، ئەو پێوەندییانە لەسەر بەرژەوەندیی کورد یا کورد چە فاکتۆرێکە شکڵی نەگرتوە. بۆ نموونە تا پێش قەیرانی سووریە و دروست نەبوونی شەڕ و شۆڕ لەو وڵاتە کەس باسی کوردی نەدەکرد. نموونەیەکی دی تا کاتێک عێراق نەڕووخا و مەسەلەی عێراق دەرفەتێکی تازەی بۆ کورد دروست نەکرد، کەس باسی کوردی نەدەکرد. لە پێوەندی دەگەڵ ئێرانیشدا سەرەڕای ئەوەی مەسەلەی ئێمە (کورد) ڕەوایە و بەرحەقە، بەڵام نەکەوتۆتە نێو هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانەوە، بۆ؟ دیسان جەختی لەسەر دەکەمەوە، دەوڵەتان بەپێی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان لەگەڵ تاران و بەغدا و دمیشق و ئانکارا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕێک دەخەن.

بۆیە ئێمە کاتێک دەچینە نێو چەندی و چۆنی پێناسەی قەزییەی کورد لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، نابێ بەدوای عاتفە و بەدوای ئارەزووەکان و خەیاڵەکاندا بڕۆین. کاتی خۆی دوایی ئەوەی کە ئەمریکا پشتی لە جووڵانەوەی بارزانی کرد،

وابزانم کەیسینجێر بوو لێیان پرسی باشە ئێوە بۆ کوردەکانتان ئاوا بە ئاسانی بەجێ هێشت؟ گوتی: خۆ ئێمە ڕێکخراوی خێرخوازی نین، خۆ مانگی سوور نین! بەرژەوەندی ئەوان ئەوە هەڵدەگرێ دەورانێک پشتیوانی لە جووڵانەوەی بارزانی بکەن، دواتر خەیانەتیان پێ کەن و بەجێیان بێڵن.

ئێمە دەبێ پێوەندی نێودەوڵەتی ئاوا چاو لێ کەین، بەڵام جاری وا هەیە ئێمەی کورد بەپێی ئارەزوەکانی خۆمان پێمان خۆشە سیناریۆیەک لە عیلاقاتی نێو دەوڵەتیدا دروست کەین و بەو ئارەزووانەوە دەچینە پێشێ، بەڵام ئەوە وڵام ناداتەوە. هەر ئەوەش ئێمەی بڕێک تووشی کێشە کردوە و، وای کردوە ئێمە ڕاستییەکان نەبینین. کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، هۆی سەرنەکەوتنی کورد ئەوەیە لە دەرفەتەکان کەڵکی وەرنەگرتوە. هەمیشە فێربووین ئەمریکا، ئینگلیز، فەڕانسە و زلهێزەکانی دیکە بە تاوانبار بزانین، فێر بووین بڵێین کاتی خۆی ئەگەر سایکیس - پیکۆ نەبوایە نوێنەری ئینگلیز و فەڕانسە ئاوایان مامەڵە نەکردبا کورد دەبوو بە دەوڵەت. ئەوە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە، عاتیفیە بڵێین ئەگەر ئەوانە نەبوایەن کورد ئێستا دەبوو بە دەوڵەت. جا بۆیە ئێمە لەو ڕوانگەیەوە دەبێ چاو لەو هاوکێشە و پێوەندییانە کەین.

**مەنسوور مروەتی:** کەوایە ئەوەی ئێمە دەڵێین کوردستانی گەورەی و هەرچوار پارچەکە پێکەوە پێوەندی دەدەین لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا شتێکی وا لە ئارادا نییە؟

**خالید عەزیزی:** نەخێر، شتێکی وا لە ئارادا نییە. لەو ماوەیەی بە حوکمی کارەکەم و لەگەڵ هاوڕێیانم کە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانی دەرەوە چاوپێکەوتنمان هەبووە، ئێمە تەنیا باسی ئەوەمان کردوە کە پرسی کورد لە ئێراندا چۆنە و، بێدەنگ نەبن لەمەڕ مافەکانی ئێمە. باسمان ئەوە بووە کە ئێعدام دەکرێین، دەمانگرن، بێمافین، بەچاوی ئەمنیەتی سەیرمان دەکەن و کورد وەکوو هاووڵاتیی پلە دوو دەبیندرێ. لەو شوێنانە پێش هەموو شتێک لێت دەپرسن کوردی کوێی و لەسەر کوێ قسە دەکەی! یانی دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەوان لە پەیامی خۆیاندا ڕاشکاون و کاتێک لەسەر ئەو بابەتانەش بێنە سەر خەت، ئەوە هیچکات بە قیمەتی تێکدانی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێران نابێ. نموونەیەکی مێژووی دیکە دێنمەوە دوایی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، ئەوان پێش ڕووداوەکە لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئینترناسیونالی سۆسیالیست گەڕابوونەوە و بەدوای ئەوە تیرۆر کران. ئەوکات زۆرێک لەو وڵاتانەی کە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون و لەو ڕێکخراوەیەدا بوون، لە وڵاتی خۆیان لە حکوومەتدا بوون. بەڵام هەر ئەو دەوڵەتانە نەچوونە نێو ئەوە بازنەیەوە، نە بەپشتیوانیی دیپلۆماتیک و نە بە عاتیفی باسی ئەو تیرۆرەیان نەکرد و هیچیان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێران لەبەر ئێمە تێک نەدا.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

**مەنسوور مروەتی:** کوردی ئێران یان ڕۆژهەڵات کە خاوەنی بزووتنەوەیەکی بەرین و زیندووە، لەم نێوەدا چارەنووسی بەرەو کوێ دەڕوا؟

**خالید عەزیزی:** ئەوە پرسیارێکە دەکرێ لە ڕوانگەیەی دیکەوە بچینە نێوی. ئەوەی کە ئێران هەر لە پێشوودا ئاماژەم پێ کرد، تووشی وەزعێکی خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی لە زۆر بارەوە بووە، ئەوە حەقیقەتە. جا ئەگەر وایە جیاواز لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دۆخی ئێران وا بە ئاسانی باش نابێتەوە. تەنانەت دێموکراتەکانیش سیاست بگۆڕن و ڕەعایەتی ئێران بکەن ئەوە بە مانای ئەوە نییە ئەو کێشانە چارەسەر دەبێ. خەبات و تێکۆشانی ئێمەی کورد لە ئێرانیش لە پێناو مافەکانی خۆمان پێش کێشەی واشنتۆن لەگەڵ تاران بووە. لە واشتنۆن هەر سەرکۆمار هاتووە و گۆڕاوە و هێندێک دروشمیان داوە، هێندێک مانۆڕیان داوە بەڵام خەباتی ئێمە وەکوو کورد لە ئێران لە پێناو مافەکانی خۆماندا بەردەوام بووە و کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە بە ئاسانی حاشای لێ بکا. ئەو هەمووو قوربانییە کە ئێمە داومانە، سیاسەتەکانی ئەوان لە لایەکی دیکە و ڕاوەستانی ئێمە مەسەلەکەی وەکوو خۆی هێشتۆتەوە.

سیاست و خەباتی ئێمە لە پێناو مافەکانمان لە دژی کۆماری ئیسلامی تایبعێک نییە لە ڕەفتار و سیاسەتی کۆماریخوازەکان یان دێموکراتەکان لەگەڵ تاران. چونکە ئەوان بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندان. بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین لە هەموو پێوەندیەکی لەگەڵ لایەنەکانی ئەمریکایی کە جاروبار دەیانبینین، پێیان دەڵێین یەکەم، ئەگەر ئێوە بە تەمای ئەوەن ئێران بێتە وڵاتێکی دێموکراتیک و بۆ هەمیشە لەکۆڵ ئەو کێشەیە ببنەوە نابێ متمانە بە کۆماری ئیسلامی بکەن. ئەگەر دەتانەوێ ئێران دروست بێتەوە، نابێ ڕۆڵی کورد لە بەرچاو نەگیرێ. قەزییەی کورد لە تورکیە لە جێی خۆیەتی و لە سووریە هەروەتر. کورد فاکتۆرێکە و، لە عێراق ئەزموونتان کردەوە کە کورد فاکتۆرێکە، کەوایە داوتان لێ دەکەین مادام بیر لە داهاتووی ئێران دەکەنەوە ڕاستییەکەی کورد دەبێ لەو هاوکێشەیەدا هەبێ، ئەگەر ئێمەی تێدا نەبین تەجرووبەش دەری خستوە ئێران ئەمنیەت، ئارامی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ. دووهەم، ئەگەر ئێمەی تێدابین یارمەتی دەدین حکوومەتێکی بەرپرس بێت لەبەرانبەر یاساکانی نێودەوڵەتی. جا دەمەوێ ئەوە بڵێم خەبات و تێکۆشان و لەبواری سیاسی، تەشکیلاتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مێدیایی لە جێگای خۆی دەبێ و سیاسەری تایبعێک نییە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا. بەڵام لەسەر هێڵ دەبین، گۆرانکاری لە واشینتۆن هەڵبژاردن لە ئەمریکا چ ئەو دەسەڵاتە لەسەر کار بێ و چ دەسەڵاتێکی دیکە لە واشینتۆن بێتە سەر کار دەتوانین ئەو بەرچاوڕوونییەیان بدەینێ کە کەس ناتوانێ مەسەلەی کورد لە ئێراندا نادیدە بگرێ. پێم خۆشە ئەوەشی لێ زیاد کەم ئێمە ئەو جۆرە سیاسەت ناکەین دوایە وای لێ بێ دووکەڵی سیاسەتێکی هەڵە بچێتە چاوی خۆمانەوە

گوتم کێشەی ئێمە لەگەڵ تاران لەسەر ماف و داواکانی خۆمانە، لەسەر ئەوە نییە ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت چ کێشەیەکیان هەیە لەگەڵ تاران، ڕەنگە ئەوان کێشەکەیان چارەسەر بکرێ. هەر وەکوو گوتم ئەوە هاوسەنگیی بەرژەوەندییە و ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان سیاسەت دەکەن. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات جۆرێکمان سیاسەت کردوە و خەبات و تێکۆشانی خۆمان جۆرێک دەبەینە پێشێ کە دۆست بۆ خۆمان پەیدا بکەین، بەڵام خەڵکیش فێر نەکەین ئەوە بە هەڕەشەیەکی ئەمریکا ئێران دەرووخێ و کارەکان تەواوە.

**وەکوو دوایین پرسیار، باسی حیزبی دێموکراتمان کرد حیزبی دێموکرات حیزبێکە یارمەتی داوە بە یەکگرتووی خەڵک، ئەم حیزبی دێموکراتە دەبێ هەم لە ئێستا هەم لە داهاتوو چی بکا زیاتر یەکریزی ببەخشێ، زیاتر یارمەتیدەری کۆمەڵگەی خۆی بێ بەرەو ئازادی و سەرکەوتن؟**

**خالید عەزیزی:** مادام باسی پێوەندی نێودەوڵەتییە پیناسەیەک لەسەر پێوەندی نێودەوڵەتیی حیزبی دێموکرات پێویستە. ئێمە پێویستە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دۆست پەیدا بکەین. هونەری حیزبێکی سیاسی و میللەتێک ئەوەیە کە لە نەیارانی کەم کاتەوە، لەژێر ڕووناکیی ئەو سیاسەتەدا کاتی خۆی قازی محەممەد لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا زۆری هەوڵ دا. دوای شۆڕشی ئێران بەتایبەت دوکتور قاسملوو لە بواری دیپلۆماسی کە زۆری لێ دەزانی زۆری هەوڵ دا. دوایی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دیسان ڕێبەرانی زیندوو زۆرمان هەوڵ داوە، هەوڵدانەکە بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە بڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی ئاشتیخوازە، حیزبێکە باوەڕی بە دێموکراسی هەیە، حیزبێکە ڕێزی بۆ مافەکانی خۆی هەیە، حیزبێکە تێدەکۆشێ لە ئێرانی داهاتوودا، هەموو لایەک بەشداربن، حیزبێکە ڕێز بۆ یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتی دادەنێ، حیزبێکە دژی تێرۆریزمە و خۆی قوربانی تێرۆریزمە، حیزبێکە بەهەمووی ئەو خوێندنەوانە بە هەست بە بەرپرسارییەتی دەتوانێ بچێتە نێو هاوکێشەکانەوە.

پەیامی دووهەم ئەوەیە، لەبەر ئەوەی کە کێشەی کورد لە بەینی چوار دەوڵەتدا هەیە، ئێمەی کورد وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان مەحدوودەیەکی کاری سیاسیی خۆمان هەیە، ئەویش چوونە نیو ئێران و لە چوارچێوی کوردستانی ئێراندایە. بۆیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان دوژمنایەتی هیچ لایەنێک و هیچ میللەتێک ناکەین، دوژمنایەتیی هیچ حیزبێکی سیاسی ناکەین، ئێمە تەنیا کێشەمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، ئەوەش یارمەتی بەوە دەدا کە حیزبی دێموکرات بەپێی زەروورت و پێداویستی بەرژەوەندی کوردی کوردستان ئێران، خۆی تووشی کێشەیەکی زۆر نەکا و پەیامێکی ڕوونمان هەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

بەشێکی دیکە لە پەیامە سیاسییەکەی ئێمە ئەوەیە مادام گوتم، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتان لەچوارچێوی ئێراندا چاو لە مەسەلەی کورد دەکەن، ئێمە ناتوانین بەرامبەر بە ڕای گشتی ئێران بێ تەفاوت بین، دەبێ لە نێوخۆدا دۆست بۆخۆمان پەیدا کەین، وێنەیەکی جوان لە حیزبی دێموکرات نیشان بدەین. ئەوەی دیکە ئەوەیە، وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ئێمە ناتوانین بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کەمترخەم بین، ئێمەش دەبی حزووری خۆمان هەبێ، دیار بین و بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بڵێین ئێوە ناتوانن نیسبەت بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بێ تەفاوت بن. بۆیە لەوێدا گوتومانە لەگەڵ یەک ڕێک کەوین، دێموکراسییەکی توافوقیمان هەبێ. جا لەوێدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ دەوری خۆی بە باشی بگێڕێ. هیوادارین هەموو لایەک پێکەوە ئەو ئەرک و مەسئوولییەتە بەڕێوەبەرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: کێشەی گەورەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە هەتا ئێستا کێشەی ئێرانی لە "بەرجام" دا پێناسە کردوە




### رۆژنامەی کوردستان

**کوردستان: پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا بەرەو کوێ دەچن. دەوڵەتی نوێی ئەمریکا لە هەمبەر ئێراندا چ سیاسەتێک دەگرێتە بەر؟**

**خالید عەزیزی:** لەو ماوەیەدا چەند هێرشێکی سایبێری کراونەتە سەر بنکە ئەتومییەکانی ئێران و چەند تەقینەوەیەکی گوماناوی لەو بنکە سەربازییانەی رێژیم رووی داوە، هەروەها لە پێتەختی ئێران کەسی دووهەمی ئەلقاعیدە و کاربەدەستێکی گەورەی ئەتومی و پیشەسازیی مووشەکیی رێژیم دەکوژرێ، بۆشایی ئەمنیەتی لە ئێران دەرەنجامی چین؟ پرسی کورد لە ئێران و ناوچە لە کوێی هاوکێشەکاندایە. ئەمانە و چەند پرسیارێکی دی تەوەری سەرەکیی وتووێژی رۆژنامەی "کوردستان"ن لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**کوردستان: کاک خالید لە واشنگتۆن چی روو دەدا؟ میراتی ترامپ چیی بەسەر دێ و ئایا شتی نوێ بەرێوەیە یان هێلە گشتییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لەجێی خۆیان دەمێننەوە؟**

**خالید عەزیزی:** پێشێنەی تێکچوونی پێوەندییە ئاساییەکانی نیوان ئەمریکا و ئێران بۆ سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە و لەوساوە پێوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەوراز و نشێوی زۆری پێواوە. بەڵام بەگشتی لە ئەمریکا



سەرچاوە
Serchawe

متمانە بە کۆماری ئیسلامی ناکەن و کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی تێرۆریست، نامەسئوول و نادێموکراتیک چاو لێ دەکەن کە بەرامبەر بە بەڵێنەکان و ڕێککەوتنەکان و چارتێرەکانی مافی مرۆڤ لە دونیادا وەڵامدەر نییە. ئەوە بۆچوونێکە هەم دێموکراتەکان هەیانە و هەم کۆمارییەکان بوویانە و لەوەدا جیاوازییەک لە نێویاندا نییە. جیاوازییەک کە هەبێ لە خوێندنەوەیان بۆ ڕاگرتنی کۆماری ئیسلامی و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ڕێژیمی ئێرانە لەسەر ئەمریکا و سەقامگیری و ئارامییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا.

بە هاتنەسەرکاری بایدن تەبیعەتەن کۆمەڵێک شتی تازە دێتە گۆڕێ. بەڵام ئەمریکا وڵاتی دامەزراوەیە. لە تەنیشت کۆشکی سپی و دەسەڵاتی سەرکۆمار، سەنا هەیە، کۆنگرێس هەیە، ڕای گشتی هەیە و سەرکۆماری ئەمریکا ناتوانێ بێ سەرنجدان و گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانە سیاسەت بکا. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەگەر هەشتا میلیۆن کەس دەنگیان بە بایدن داوە، بەڵام لە نێوان حەفتا و دوو تا حەفتا و سێ میلیۆن دەنگ بە ترامپ دراوە. جا ئەگەر وایە، کۆمەڵگەی ئەمریکا دوو جەمسەرییەک بە دوو خوێندنەوەی جیاوازی تێدا هەیە. بۆیە بایدن هەوڵ دەدا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا هاوبەشییەک لەو جیاوازییانە دروست بکا.

ترامپ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا تەک ڕەهەندی بۆ مەسەلەکان چوو، و زۆرتر گرینگیی بەوە دا بە گوشاری ئابووری ئێران بەچۆکدا بێنێ و ناچار بە دانوستان لەگەڵ خۆی بکا و مەرجەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ بەرجام و پرۆژەی ئەتۆمی بەسەردا سەپێنێ. لەو بوارەدا لە ڕوانگەی منەوە ڕەخنەیەک کە لە سیاسەتەکانی ترامپ دەگیرێ ئەوەیە کە ناوبراو لە دروستکردنی کۆدەنگیی نێودەوڵەتی لە دژی ئێران سەرکەوتو نەبوو. هاوبەش و هاوپەیمانەکانی خۆی لە ئورووپا لەدەست دا و تا ڕادەیەکی زۆر دەستی بۆ ڕووسیە ئاواڵا کرد و چینیش دیارە کە لە گۆشەنیگای ئابوورییەوە چاو لە مەسەلەکە دەکا.

بۆیە لێرەدا لەوانەیە بایدن بەدوای ئەوەدا بڕوا کە دۆستان و هاوپەیمانانی پێشووی ئەمریکا کە لە پرۆژەکانی ترامپدا وەلا نرابوون، بیانهێنێتەوە نێو گەمەکە و لەو ڕێگەیەوە ئێران ناچار بە دانوستان و ڕێککەوتنێکی بەرپرسانە بکا. لێرەدا دەمهەوێ یەک شت بڵێیم ئەویش ئەوەیە، دەوڵەتان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان چاو لە هاوکێشەکان دەکەن. واشینگتۆن بەپێی بەرژەوەندیی خۆی و پاراستنی ئەمنیەتی هاوپەیمانانی چاو لە مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکا، بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێمەش دەبێ لەو گۆشەنیگایەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بابەتە بکەین.

**کوردستان: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە بە شێوەیەک باس لە گەڕانەوەی بایدەن بۆ "بەرجام" دەکەن. پێتانوایە سەقامگیرییەک لە بواری ئابووریدا بۆ ئێران بگەڕێتەوە؟**

**خالید عەزیزی**: ڕاستە ئەمریکای قۆناغی سەرۆکایەتیی بایدن ئەمریکای سەردەمی ترامپ نابێ، بەڵام قەتعەن ئێرانیش زۆر گۆڕاوە. لەڕاستیدا ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر ئێران، ئابووریی ئەم وڵاتەی تووشی ڕووخانی گەورە کردووە، دارمانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەورە لە گۆڕێدا هەیە کە کێشەی لەنێو دەسەڵاتیشدا دروست کردووە. جا ئەگەر وایە ئێران ئەمڕۆ ئێرانی سەردەمی ئۆباما نییە و لە کەوتنە سەودا لەگەڵ ئەمریکا زۆر زۆر لاوازترە. ئێران لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدایە، ناڕەزایەتییەکان لە ئێران پەرەیان سەندوە، لەنێو خودی ڕێژیمدا کێشە دروست بووە لە چەندی و چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا. تەنانەت وەزیری دەرەوەی ئێران زەریف دوێنێ بەجۆرێک دانی بەوە دانا کە لە تاران کێبڕکێ هەیە کە کێ لە پێشدا پێوەندیی بە ئەمریکاوە بگرێ. ئێرانێک کە لە پێتەختەکەی خۆی ناتوانێ ئەمنیەت بۆ کاربەدەستانی خۆی دابین بکا. ئێرانێک کە بایەخی تەمەن وەک دراوە نیشتمانییەکەی لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە. جا ئەگەر وایە با ئەوە بڵێین بە هاتنە سەر کاری بایدێن ئێرانییەکان بەتایبەت ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان پێیان وانییە دونیا بە مەیلی ئەوان دەچێتە پێشێ، نەخێر. لە واشینگتۆنیش خوێندنەوە بۆ ئێرانی ئێستا دەکرێ. بایدێن یان ئیدارەی نوێی ئەمریکا چاو لەوە دەکا بزانێ ئێران لە چهەڵومەرجێکدایە. بۆیە بە باوەڕەی من ئێران لە هیچ بوارێکدا لە بارودۆخێکی باشی دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا نییە، بە هیچ جۆر.

**کوردستان**: کاک خالید دەبینین ئەو کۆماری ئیسلامییە کە بۆ وێنە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی بە مووشەکی بالستیک لە وڵاتێکی دیکەدا کردە ئامانج، ڕۆژ نییە زەبرێکی لێ نەدرێ. ڕاستە زەبروزەنگی ڕێژیم لەسەر خەڵک زۆرە، بەڵام بەردەوام لە هێزەکانی لە سووریە، لە بنکە ئەتومییەکانی لە نێوخۆی وڵات و لە کاربەدەستەکانی دەدرێ. جەنابت چۆنی لێکدەدەیتەوە، ئایا بۆشایەکی سیاسی و ئەمنیەتیی گەورە لە ئێراندا پێک هاتووە؟

**خالید عەزیزی**: ئەگەر توانایی نیزامیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەراورد بکەین، ڕاستە کۆماری ئیسلامی توانای سەربازیی لە ئێمە پترە. بێگومان بۆ کۆماری ئیسلامی ئاسان بوو بە مووشەک هێرش بکاتە سەر سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام ئەو ڕێژیمە لە ڕەهەندی تیکنیکی، نیزامی و ئەمنیەتی لە کێشە لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئەو توانایی‌یەی نییە. لێدان لە قاسم سولیمانی و ئەوەی لەو دواییانە لە بنکە ئەتومییەکانی ئێران و کوژرانی فەخریزاد لە تاران ڕووی دا ئەوە دەگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی نەک لە دۆخی هێرشبەری، بەڵکوو لە هەلومەرجێکی باشی بەرگریشدا نییە و لەڕاستیدا ئەگەر تووشی کێشەیەک بێ لەگەڵ دونیای دەرەوە، لە ڕەهەندی سەربازی و لۆجستیکییەوە شکێنەرە. دەمەوێ بڵێم کوژرانی قاسم سولەیمانی و هەموو ڕووداوەکانی یەکساڵی ڕابردووی ئێران پرسیارێکی زۆر گەورە و جیدیی لەسەر ئەو سیستمە دروست کردووە و ئەوە هێز و وورەی داوەتە خەڵک.



سەرچاوە
Serchawe

ڕاستە ئەم ڕێژیمە لە سەرکوتی خەڵک، ئێعدام کردن، ئەشکەنجە، زیندانی کردن و بەئەمنیەتی کردنی کوردستان و لە زۆر بواری دیکەدا زاڵە بەسەر خەڵکدا، بەڵام لەو بوارانەدا زەربە پەزیرە و لە دۆخێکی زۆر نالەباردایە. ئەمن پێشبینی دەکەم ئەو دۆخە لەنێو خودی دەسەڵات و، سیستەمیشدا تووشی کێشە و ناکۆکییان بکا.

ئاکامگیریی من لەو باسە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێستا کۆماری ئیسلامیی سەردەمی ئۆباما نییە و لە دۆخێکی خراپدا لەگەڵ دونیای دەرەوە دەدوێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەمووی ئەوانە دەزانن.

**کوردستان**: کاک خالید زۆرێک لە ڕێبەرانی کورد بەجۆرێک عەتفێکیان بۆ جۆ بایدن هەیە، پێیان وایە دۆناڵد ترامپ سیاسەتەکانی لە ناوچەدا بە نیسبەت کورد باش نەبوو. جیاواز لە پرسی ئێران جەنابیشت هەروا بیر دەکەیەوە؟ ئەوەی کە ئایا لە سیاسەتی نوێی کۆشکی سپیدا کورد وەک فاکتۆرێک سەیری دەکرێ؟

**خالید عەزیزی**: **یەکەم؛** لە واشینگتۆن و لە چەقی هاوکێشەکانی دونیادا کورد وەک نەتەوەیەک یان وەک یەکەیەکی سیاسی بوونی نویە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانە کە لەنێو وڵاتاندا هەیە ڕێک دەخرێن و تەنزیمی ستراتیژیی خۆیان دەکەن. لە واشینگتۆن کە چاو لە عێراق دەکردرێ، پرسی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا دەبیندرێ. لە ئێراندا پرسی کورد لە چوارچێوی ئێران و، لە تورکیە و سووریەش هەروەتر. بۆیە من دەستووری کارێک، یان پلانێک بە گشتی نیسبەت بە پرسی کورد لە هیچ جێگایەکی دونیادا نابینم.

**دووهەم؛** بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە پرسی کورد لەئارادا نەبێ، کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەمنیەتی ناوچەدا وەک فاکتەرێک هەیە و نادیدەش ناگیردرێ. بەڵام کە دێیە نێو چارەسەری پرسەکە، چارەسەرەکە هەر لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا دەبیندرێ کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە. بۆیە واشینگتۆن لە تاران بەپێی بەرژەوەندی و پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاران چاو لە پرسی کورد لە ئێران دەکا. یان هەر بەپێی ئەو بەرژەوەندییە سەیری پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان یان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لایەنەکانی دیکە دەکا. ئەو چاوەڕوانییەش کە جەنابت باست کرد یان ئەوەی ڕێبەرانی کورد هێندێکیان لەگەڵ جۆ بایدن یان لایەنەکانی دیکە پێوەندییان هەیە و پێی دڵخۆش ئەوەش سروشتییە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە پرسی کورد لە وڵاتانی عێراق و سووریە لە هەشت نۆ دە ساڵی ڕابردوودا هێندێک کەوتە نێو مامەڵە نێودەوڵەتییەکان و ڕەنگە لەوێ بایدن و ئەمریکا بەدووی چارەسەری تایبەت بە خۆیان بگەڕێن. بەڵام کە باسەکە دێتە سەر ئێران ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی، بەرنامەمان بۆ داهاتووی ئێران بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و، دەرکی خەباتی مەدەنی لە

نێوخۆی وڵات بەتایبەت کوردستانی ئێران و لە ڕەهەندی کرداری و مەیدانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان بەجۆرێک هەماهەنگی بکەین و، پرسی خۆمان بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریکا و جۆ بایدن باس بکەین. هۆکارەکشی ئەوەیە دێموکراتەکان لە ئەمریکا بەرینتر چاو لە دونیا دەکەن و پێچەوانەی ترامپ تەک ڕەهەندی سەیری دیاردە سیاسییەکان ناکەن.

ئەمن لاموایە لەویٚ دەرفەتی زۆرترمان هەبێ بۆ قسەکردن و بڵێین ئێوە کە ئاوڕ لە کێشەی نێودەوڵەتی دەدەنەوە، کێشەی ئێران خۆ هەر کێشەی "بەرجام" نییە، هەر کێشەی ناوکی و مووشەکیی ئەم ڕێژیمە نییە و "بەرجام"یش لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی وەک کارتێک کەڵکی لێ وەردەگرێ. پێیان بڵێین باشترین ڕێگا ئەوەیە کە لە تەنیشت ئەم بابەتانە، سەرنج بە خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەتایبەت خەبات و جموجۆڵی مەدەنی و مافخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن.

**کوردستان**: بەڵام کاک خالید لەسەردەمی ئۆباماشدا نارەزایەتییەکان و جووڵانەوەکان لە ئێران هەر هەبوون. هەر لەجێدا، ئەم جموجۆڵە مەدەنییانە لە ئێران و لە کوردستان لە دنیای دەرەوەدا دەبیندرێ؟ کوا وەکوو فاکتەرێک حیسابی لەسەر دەکرێ؟

**خالید عەزیزی**: مادام واشینگتۆن بە تەبیعەتی بەرژەوەندیی خۆی چاو لە پێوەندییەکانی لەگەڵ تاران دەکا، ئۆباماش ڕێک ئەوەی کردووە کە بەخوێندنەوەی خۆیان بەرژەوەندیی بۆ ئەمریکا بووە. هەر سەرکۆمارێک کە لە واشینگتۆن دێتە سەر کار، ڕیزبەندیی پرسەکان دەکا، بۆیە مەسەلەی ئەمنیەتی لە ئێران هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە ناوچە لە ئەولەوییەتدا دەبێ. ئێمە دەبینین زۆر وڵاتی دیکەش لە دونیادا هەیە دیکتاتۆرین. لەو وڵاتانەدا مافی ژنان نییە، مافی خەڵک نییە، دێموکراسی نییە، هەڵبژاردنی ئازاد نییە، کەچی ئەمریکا پێوەندیی زۆر باشیشی لەگەڵیان هەیە، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەگەر وایە مادام ئەوان ئەولەوییەتەکەیان مامەڵە لەگەڵ ئێران و کۆنترۆڵی ڕەفتاری ئێرانە، کەم زەرەر کردنە، زۆر بەداخەوە پرسی مافی مرۆڤ دەخرێتە پەراوێزەوە. بەڵام ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە لەو بەشەدا چالاک بین.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پێمان گوتوون ئەگەر دەتانەوێ ئێران بەرپرس و ڕێژیمێکی وەڵامدەر بێ، کۆماری ئیسلامی جێگای متمانە نییە. یان دەبێ ئەو حکوومەتە بڕوا بۆ ئەوەی کە بۆ هەمیشە لە شەڕ و کێشەی تێرۆریزم و کێشەی ناوکی و نامەسئوول بوون لە حکوومەتێکی وا ڕزگاریتان بێ؛ یان دەبێ زەمینە خۆش بێ و یارمەتیدەر بن بۆوەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران بە ئاکام بگا و ڕێژیمێکی خەڵکی بێتە سەر کار. حکوومەتێک کە مەسئوول نەبێ

بەرامبەر بە خەڵکەکەی خۆی، ناشتوانێ بەرپرس بێ بەرامبەر بە دنیای دەرەوە. بۆیە ئێمە چ وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و چ وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەڕاستیدا ئەوە ئەرکمانە و هەر ئەوەشمان بە دەستەوەیە. ئێمە لە پرسی بەرجام و لە کێشەی ناوکیی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوەدا مەجالی قسەمان نادرێتێ، بەڵام دەبێ پەیتا پەیتا پێیان بڵێین کە چل ساڵە تاقیتان کردوونەوە و بۆشتان دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامی جێگای متمانە نییە. پێیان بڵێین باشترین ئەهرۆمی گوشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەیە خوێندنەوە بۆ خەبات و تێکۆشانی خەڵک و مەوقعییەتی ئەوان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامییدا بکەن و لەو پێوەندییەدا خەڵک هیوا و ئومێدی ئەوەی پێ بدرێ کە دنیای دەرەوە کۆماری ئیسلامی تەنیا بە کێشەی "بەرجام" پێناسە ناکا.

ئەوە ئیشکالێکی زۆر گەورە و بەهێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە تا ئێستا، بەتایبەت لە سەردەمی دۆناڵد ترامپدا.

**کوردستان:** سەرەڕای ئەو کەمتەرخەمییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام دەبینین کە خەڵک کۆڵیان نەداوە، نارەزایەتییەکان بەردەوامن، ڕۆژانە خەڵک دەگیرێ و سزای قورسی ئێعدام بەسەر چالاکانی سیاسیدا دەسەپێندرێ. حیزبەکان، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات هێشتا هەر ئامانجە و لێی دەدرێ، تێرۆری لێ دەکرێ، مووشەکباران دەکرێ بەڵام کۆڵی نەداوە، پێتان وایە ئەم دۆخە دەگاتە کوێ؟

**خالید عەزیزی:** یەکێک لەو پرسانەی کە لە ڕۆژنامەکان و سۆشیال مێدیای دەرەوەدا دەبیندرێ خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێرانە. ئەوان دەبینن لە ئێران کە حکوومەتی موتڵەقی نیزامی کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی لە دژی خەڵکەکەی کار دەکا و هیچ مەجالی پشوودانێکیان پێ نادا؛ بەڵام، ئەو خەبات و تێکۆشانە هەیە بۆ نموونە ئەوەی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو گۆڕانێکی زۆر گەورە بوو کە دنیا بینیی. هەروەها پرسی هەڵبژاردنەکان بوو کە خەڵک بەشدارییەکی ئەوتۆی نەکرد. بەڵام وەک پێشووتریش گوتومە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە پەتای کۆڕۆنا لە فریای کۆماری ئیسلامی هات. دەنا خەبات و تێکۆشان و نارەزایەتیی خەڵکی ئێران لەڕاستیدا دۆخ و هەڵومەرجێکی نوێی دروست کردبوو، کەشی سیاسیی زۆر تایبەت لە ئێران خوڵقابوو و کۆماری ئیسلامیی تەریک خستبۆوە، بەتایبەت دوای ڕیسوایی بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە. کەچی کۆڕۆنا گەیشتێ و هەموو شتێکی خستە ژێر سێبەری قورسی خۆیەوە و ئەم پرسەی بە جۆرێک وەپاش خست. لە ئێستادا خەڵک لە کەمتەرخەم و خەمساردیی ڕێژیمدا بەجۆرێک بیر لە ژیان و سەلامەتی خۆیان دەکەنەوە، بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەولەوییەتەکەی هەر ڕزگاریی ڕێژیمەکەیانە و ئەسڵەن خەڵکی بەلاوە گرینگ نییە. دوو وێنەی تەواو دیار و جیاواز و بەرچاو. جا ئەگەر وایە لە دونیای دەرەوە تێگەیشتن هەیە بۆ خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران. خەباتی ژنان و بەتایبەت ئەو خەبات و جموجۆڵە مەدەنییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە لە بواری ژینگەپارێزیدا، لە

بۆنە سیاسییەکاندا، لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا، لە بواری ئەدەبیدا و بە بۆنەی جۆراوجۆر کە خەڵک دێنە سەر شەقام، دنیا ئەوانە دەبینێ. دنیا دەبینێ لە دەورانی کۆڕۆنادا کە کۆماری ئیسلامی بەرپرسانە هەڵسوکەوتی نەدەکرد، خەڵک لە خۆیان مایەیان دادەنا، یارمەتییان بە خەستەخانەکان کرد، یارمەتیی یەکتریان دەدا. ئەو خەڵکە پێشتریش لە کاتی هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکرات لەسەر هێڵ بوون، لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کۆڵبەران لەسەر هێڵ بوون، یانی دنیایەک بواری ئاوا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموون کراوە. دنیای دەرەوە تێ دەگا کە شعوورێکی سیاسیی بەرز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و، لەسەر پێناسەی نەتەوایەتی و لەسەر شوناسخوازیی خۆیان کوڵ نادەن و هەر لە مەیداندان. ئەوانە لە بەردەوامیی خۆیاندا ئەرکی بەردەوامیش دروست دەکەن کە بە خۆشییەوە حیزبی ئێمە لەو بوارەدا ئەوەی لە توانایدا بێ کردوویەتی و هەمیشە پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بووە. بەڵام ئەوە دەبێ بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی گەورەتر و، لە ڕەهەندێکی گەورەتردا ئێمە ڕای گشتی باشمان لەسەری هەبێ.

**کوردستان**: کاک خالید هەموو ئەم خاڵە بەهێزانە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێموکرات و بەڕێزتان زۆر پێداگریی لەسەر دەکەن لەجێی خۆیدایە، بەڵام خاڵێکیش کە من ئێزن بە خۆم نادەم بڵێم خاڵی لاواز هەیە، ئەویش کێشەی یەکڕیزی لەنێو بزووتنەوەی کوردستان بەتایبەت لەنێو حیزبەکاندا وەک پێویستی و پێشمەرج بۆ گۆڕانکارییەکان. ئەم کێشانە چۆن چارەسەر دەبن؟ کەی چارەسەر دەبن؟

**خالید عەزیزی**: لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گیرا، ئێمە لێکدانەوەیەکی گشتی و بەربڵاومان کرد لە دۆخی نێودەوڵەتی، هەلومەرجی ئێران و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تەبیعەتەن نەفسی لێکدانەوە هەر بۆ باس و لێکۆڵینەوە نەبوو. بۆ ئەوە بوو کە بزانین ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانین چ ڕێکارێک و چارەسەرێکمان هەبێ. بۆیە لە قۆناغی یەکەمدا ئێمە تاوتوێی دۆخە گشتییەکە لە بواری هەلومەرجی ناوچە و ئێران، توانا و زەرفییەتی دیپلۆماسی و تواناکانمان لە بوارەکانی دیکە و دەرفەت و هەڕەشە و مەترسییەکانمان کرد. کاتێکیش سەر ڕێگا چارەکان، بەو ئاکامە گەیشتین - دیارە ئەوە هەمیشە باوەڕی حیزبی دێموکرات بووە - کە بۆ ئەوەی لە تەواوی ئەم بوارانەدا قسەمان بڕوا و لە هەمووی ئەم بوارانەدا بە دەنگێکی یەکگرتوو بێینە گۆڕێ و یەک دەنگێکمان هەبێ و کاتێک باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە خەڵک لەوێ هێندە فیداکاری دەکا و، هێندە تێکۆشانیان هەیە و، هێندە قوربانی دەدەن و هێندە لەسەر خەتن؛ تەبیعەتەن دەبێ هەموو حیزبەکانیش بە قەبارەی فیداکاری و، تێکۆشانی ئەوان لەسەر خەت بین و بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە بڕۆینە پێشێ. لێرە چارەسەرەکە دەبێتە یەکڕیزی و یەکگرتوویی.

تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هیچ بوارێکدا کۆتایی نەکردوە، بەڵام ئەوە

تەواو نییە، هۆی ئەوەیە کە حیزب و لایەنی سیاسیی جۆراوجۆر و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە. بۆیە کاتێک لە تەواوەتیی خۆیدا باس لەو بابەتە دەکەین، یەکێک لە چارەکان ئەوەیە حیزبی ئێمە چۆن بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە هەر وەکوو ڕابردوو کار بکا و، لەگەڵ حیزب و لایەن سیاسییەکانی دیکە هاوکاری و هەماهەنگیی هەبێ. بۆ نموونە لەنێو ناوەندی هاوکاریدا تێ بکۆشین پرۆژە و بەرنامەمان هەبێ و ئەو ناوەندە چالاکتر بێ و لە بواری جۆراوجۆردا هەموومان بەیەکەوە کۆدەنگییەکی کوردیمان هەبێ و ئەو کۆدەنگییە کوردییە لە زۆر بواردا بۆ ئێمە بە کار دێ.

**دووهەم**، هەروەها باس لەوە کرا چۆن حیزبی ئێمە تێبکۆشی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان یارمەتیدەر بێ بۆ دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش لەسەر پرسە گشتییەکانی ئێران و بە هاتنە سەرکاری بایدن و دێموکراتەکان دەبێ بزانین چ مەجالێکی دیکە بۆ ئێمە دروست دەبێ.

**سێهەم** دیسان هەر لەو بوارانەدا چ بکەین ئەو کۆدەنگییە و ئەو ئیجماعە پەیامێکی هاوبەشی تێدا بێ کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی دەردەبڕن و دێنە سەر خەت و لە شەقام دروشم دەدەن، ئەو دروشمانە بە سەر دەیان حیزبدا بڵاو نەبێتەوە. جا ئەگەر وایە لەو بوارەدا بەخۆشییەوە کۆمیتە ناوەندی پەیامی لە هەمووی ئەو بوارانەدا هەبوو و، دەفتەری سیاسیی ڕاسپاردوە بەدوای ئەوانەدا بچێ و تێبکۆشی جێبەجێیان بکا.

کاک خالید کە باس لە یەکڕیزی دەکرێ خەڵک نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، زوومەکان زوو دەچێتە سەر واقعی دوو لایەنیی حیزبی دێموکرات. ڕوونە ئەولەوییەتی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکڕیزی و یەکگرتوویی دوو لایەنی دێموکراتە و دەشزانم لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا زۆر بە جیدی باسی لەسەر ئەوە کراوە و، ئێستاش دانیشتنی هەیئەتەکانی دوو لایەنی دێموکرات دەکرێن. ئاخۆ لەو بارەوە شتێکی تازە و هیوا بەخش هەیە باسی بکەن؟

ئەو چاوەڕوانییانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەواو لە جێگای خۆیدایە. من بەشبەحاڵی خۆم لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرکی دەکەین و، بە ڕێزەوە لێی دەڕوانین. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەمیشە ئەو هەوڵانەمان داوە و پێمان وایە پەنجەرەی بەهێزکردنی یەکڕیزیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە کێشەی دێموکراتەکان چارەسەر بکرێ. لە ڕابردووشدا هەوڵمان داوە، ئەم پرۆسەیە هەوراز و نشێوی بووە و تەبیعەتەن دەبێ پشوودرێژ بین. بۆیە لە درێژەی گرینگیی ئەو بابەتە کە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکبوونەوەی ئەم دوو حیزبە پێویستی و زەروورەتێکی گەورەی نیشتمانی و سیاسییە و دەبێ

ئاوا چاوی لێ بکەین. ئێمە گوتمان کە هەموو چارەکان لەوەدا دەبینین یەکگرتوویی و دەنگێکی بەهێز هەبێ. بۆیە لەو دواییانەدا و لە درێژەی ئەوەدا ڕێبەریی هەر دوو لا پێکەوە دانیشتنمان هەبووە و ئێستا هەیئەتەکانمان پێکەوە کار دەکەن. خەسارناسیی ئەوەمان کردووە کە لە ڕابردوودا بۆچی نەمانتوانیوە ئەو یەکگرتنەوەیە جێبەجێ بکەین و ئەوانەشمان هێناوەتە بەر باس. لە ئێستادا ڕێبەریی هەر دوو لا لەسەر خەتین و هەیئەتەکانمان دادەنیشن و تاوتۆی لایەنی جۆراوجۆری پرسە دەکەن کە چۆن دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن بەسەر ئەم کۆسپانەدا سەر بکەون. لەهەرحاڵدا بەخۆشییەوە ئیرادەیەک دەبینم لە ڕێبەری هەردوو لادا و مادام ئەو ئیرادەیە هەیە، ئەرکی کۆمەڵانی خەڵکە کە چاوەڕوانییەکانیان بەهێز بکەن و، ئەرکی ئەندامانی هەر دوو لای دێموکراتە لەسەر خەت بن. ئەرکی ئەندامانی ڕێبەریی هەر دوو لای دێموکراتە ئیرادەیان زۆرتر بێ و لەهەرحاڵدا ئێمە بە هاوکاریی یەکتر ئەو بەرپرساییەتیە جێبەجێ دەکەین و مادام ئەوەشمان جێبەجێ کرد، دەبێ لە حیزبێکی یەکگرتووی دێموکراتدا ئیلزامات و بەڵێنمەندیی بەهێزیشمان دەبێ و ئەوە دەتوانێ پەیامێکی باشی هەبێ بۆ داهاتووی خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕاستە ئەو کارە گرفتی خۆی بووە و لە دانوستانیشدا هەوراز و نشێو هەیە، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە کە بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە ئەو هەوراز و نشێوانە تێپەڕ بکەین. بەڵام مادام ئەوە چاوەڕوانی و داوای خەڵکە و ئێمە دەبێ جێبەجێی بکەین، هاوکات منیش ئەو چاوەڕوانی و داوایەم هەیە کە خەڵک لە نیوخۆی وڵات لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامییدا یەکریزی و هەماهەنگیتان لەبیر نەچێ. ئەوە بەردی بناغەی سەرکەوتنمانە و سەرکەوتنیش هەر بۆ ئێمەیە.

**کوردستان**: کاک خالید سپاس بۆ کات تەرخانکردنت بۆ ئەم دیمانەیە.

**خالید عەزیزی**: سپاس بۆ ئێوەش. ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

بەشی دوویەم

## خالید عەزیزی: ڕووخانی نیزامیکی دەسەڵاتدار پڕۆژەیە سیاسییە و ئاڵتێرناتیڤی پێویستە




"کورد کاناڵ" لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وتووێژێکی لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب پێکهێنا. بەڕێز کاک خالید عەزیزی لەو وتووێژەدا وێڕای لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسیی کوردستان، ئێران و ناوچە بەوردی خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و خەبات دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەستنیشان کردووە. "کوردستان" پوختەی ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی ئامادە کردووە.

**کورد کاناڵ**: کاک خالید دەگوترێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شتی پێشبینینەکراو گەلێک زۆرە. لەم ڕۆژانەشدا گۆڕانکاریی زۆر جیدی لە ئاستی گۆڕانی نیزامی سیاسیی وڵاتان لەو ناوچەیە ڕووی داوە. ئێوەی دۆخی ئەو ناوچەیە چۆن دەبینن؟

**خالید عەزیزی**: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تایبەتمەندی و ئاڵۆزیی خۆی هەیە. ئەو ناوچەیە لە مێژووی هاوچەرخ، بەتایبەت لە ٥٠ تا ٦٠ ساڵی ڕابردوو چەقی کێشەکانی سیاسەتی کەلانی ئەمنییەتی نێودەوڵەتی بووە. هۆیەکشی ئەوە بووە، کۆمەڵێک کێشەی وەکوو کێشەی ئایینی، نەتەوەیی، خاک و... لەو ناوچەیەدا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. سەردەمانێک لە قۆناغی شەڕی سارددا، ئەو کێشەیە بە کێشەی ئیسراییل و فەلەستینییەکان پێناسە دەکرا. دیارە مودیریەتی ئەو کێشەیە ئەوکات ئاسان بوو، دوو جەمسەر هەبوو واشینگتۆن و مۆسکۆ. بەڵام ئێستا بەو شێوەیە نەماوە، ئەگەر لە جیهاندا هێندێک جەمسەری دیکەش هەن، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چەند دەسەڵاتی بەهێزی ناوچەییش هەن. جیاواز لەوانە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، مەسەلەی ئیسلام و کەڵکوەرگرتن لە ئایین لەپێناو سیاسەتدا پرسەکانی ئەو ناوچەیەی هێندەی دی ئاڵۆز کردووە. ئەوەش وایکردوە کە ئەو کێشەیە چارەسەرنەکراوانە بکەونە نێو بازنەی سیاسەتی کەلانی ئەمنییەتیی

ناوچە و نێودەوڵەتی و، لەوێدا کایەی جۆراوجۆری لەسەر بکرێ و لەو چوارچێوەیەشدا کۆماری ئیسلامی بەشێک لە کێشەکانە.

**کورد کاناڵ**: کاک خالید باسی نەخش و دەوری کۆماری ئیسلامیت کرد، ئەم وڵاتە بۆخۆی لە ئاستی نێودەوڵەتی لە ئاستی نێوخۆییشدا لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی ئەمنییەتی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستەویەخەیە. ئێران لەو بارودۆخەدا بەرەو کوێ دەڕوا؟

**خالید عەزیزی**: بۆ ئەوەی بێمە نێو وەڵامی پرسیارەکەت، دەبێ نەخشەیەک بکێشینەوە. لەو نەخشەیەدا ئێرانی تێدا، ئێرانێک کە دێتیە سەر لێکدانەوە، قسە لەسەر کۆماری ئیسلامییە، ڕێژیمێک بە هەموو جۆراوجۆری و بە هەموو کێشەکانی خۆی و بەپێی هەموو ئەو تایبەتمەندییەکی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. فاکتۆرێکی دیکە کۆمەڵانی خەڵکن کە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا جێ دەگرن. فاکتۆرێکی دیکەش ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییە و هەروەها فاکتۆرێکی دیکە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانە. هەر چوار فاکتۆرەکەش کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر چەندوچۆنیی ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی خەڵک دژی ئەو نیزامە و داهاتووی ئەم نیزامە هەیە.

لە فاکتۆری یەکەمدا کە خودی دەسەڵاتە، دەسەڵات بێسەرنجدان بە مافەکانی خەڵک، بێسەرنجدان بە کۆمەڵانی خەڵک هەموو ستراتیژییەکەی ئەوەیە کە خۆی ڕابگرێ. ئەو دەسەڵاتە لە سەرەتای شۆڕشدا خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو، هەڵبەت لە دەرەوەی کوردستان. بەڵام لە ئێستادا هەم بەردەوام لە شەرعییەتی کەم دەبێتەوە، هەم ڕۆژبەڕۆژ ئاڵقەی دەسەڵاتیش داخراوتر دەبێ. بۆیە لەنێو خودی دەسەڵاتیشدا، نەیاران و ڕەخنەگرانی ئەو دەسەڵاتە زۆرتر دەبن. بەمجۆرە ئەو کەسانەش دەورانێک لەگەڵ خۆی بوون. لەپێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکیشدا دەبێ لە چەند فاکتەر ورد بینەوە.

**کورد کاناڵ**: کاک خالید ببورە دێمە نێو قسەکانت. جارێ با هەر لەسەر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بوەستین. فەرمووت دەسەڵات پتر لە جاران داخراوتر بووە. ئەهایەتەن ئەم یەکدەستبوونی دەسەڵات و کەڵەکەبوونی کێشەکان ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەبا. ئەویش سەرکۆماری هەڵبژێردراو کە لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەوە دەبێ ببردرێتە دادگاە و موحاکەمە بکرێ.

**خالید عەزیزی**: ئەم یەکدەستبوونە ڕێژیم لەنێو خۆیاندا بۆ بڕیاردان لەسەر پرسەکانە. بەڵام قەیرانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و... هەموویان لە جێگای خۆیاندان و ئیدارەی وڵات تەنیا بە دروشم ناکرێ. لە ئێراندا بێکاری، هەژاری و بێمافیی خەڵک لەوپەڕی خۆیدایە. بۆیە ئەو دەسەڵاتە، ئەگەر پاشەکشە بکا لە بەرامبەر ویست و داخوازەکانی کۆمەڵانی

خەڵک لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگی دیکەش ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ناشتوانێ لە بەرژەوەندیی خەڵکدا پاشەکشە بکا، چونکە شەرعییەتی خۆی لەو خەڵکە وەرناگرێ و ئەم ڕەواییەتە بە بنەما ئایینی و ئیدۆلۆژیکییەکانی خۆیەوە گرێ دەدا. بۆیە یەکدەستبوونی نیزام بۆ ئەوەیە کە چۆن بە یەک دەنگ و بە یەک ڕوانگەوە بڕیار بۆ کێشەکانی ڕێژیم بدەن و چۆن بە یەکدەنگ بەرەوڕووی دنیای دەرەوە و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە نێوخۆ ببنەوە.

**کورد کاناڵ**: ئەم ڕەوتە هەتا کەی دەتوانێ درێژەی هەبێ؟

**خالید عەزیزی**: مانەوە و بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێوەندی بەو سێ فاکتۆرە هەیە کە ئاماژەم پێ کردن. هاوکێشەی نێودەوڵەتی، کۆمەڵانی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن.

**کورد کاناڵ**: دێینە سەر ئەو فاکتۆرانەی کە فەرمووت و بە خەڵک دەست پێ دەکەین. لە ئێستادا خەڵک دەتوانن چ ڕۆڵێک بگێڕن و چۆن دەتوانن ئاڵوگۆڕ لەو دەسەڵاتەدا پێک بێنن. لە بنەڕەتڕا هەر دەتوانن؟

**خالید عەزیزی**: ڕوون و ئاشکرایە کە زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران دژی نیزامی کۆماری ئیسلامین. لە تازەترین هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریدا ئەوە بەتەواوی دەرکەوت، کێشە نێوخۆییەکانیش لەو لاوە ڕاوەستێ. بەڵام لەنێو ئەو سیستەمەدا کۆمەڵێک خەڵکی لایەنگریش هەن کە من پێم‌وایە کەمینەیەکی کەمن چ بەهۆی باوەڕ و، چ بەهۆی ئەوەی کە ژیانی ڕۆژانەیان بە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراوە. بەڵام کۆمەڵە زۆرەکە یان زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک کە ناڕازین و ناڕەزایەتیی دەردەبڕن، لەو چەند ساڵەی دواییدا، بەتەواوی نیشانیان داوە لەسەر شەقامن و باجی خەبات و ناڕەزایەتیدەربڕینەکانیان دەدەن. ئەوە ڕاستییەکە کە بەتەواوی دەرکەوتووە. بە نەفسی ناڕەزایەتیی خەڵک، بە نەفسی خۆپیشاندانی خەڵک، ئەوەی کە جارێک لەم شارە جارێک لەو شارە، جارێک لەسەر ئاو، جارێک لەسەر بێنزین، جارێک لەسەر بێ نانی و... بەوانە نیزامێکی سیاسی ناڕووخێ، ڕووخانی نیزامی سیاسی پرۆژەیەکی سیاسییە. ڕووخانی نیزامێکی سیاسیی وەکوو کۆماری ئیسلامی، تەنیا بە بەدیل و جێگرەوە دەکرێ. کاتێک کە خەڵک بەو دەڵێن "نا"، دەبێ بە شتێکی دیکە بڵێن "بەڵێ". دەبێ شتێکی دیکە ببینن. یانی لێرە بەنیسبەت خەڵک، خەڵک درێخییان نەکردووە و، سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆرییانەی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەت هەن.

**کورد کاناڵ**: فەرمووت ئەوکارە بە پرۆژەی سیاسی دەکرێ کە گرێدراوی پرسی ئۆپۆزیسیۆنە. لەو نەخشەیەدا کە باست کرد ئۆپۆزیسیۆنی ئێستای کۆماری ئیسلامی لەکوێ جێ دەگرن؟

**خالید عەزیزی**: **یەکەم**، هەروەک ئاماژەم پێ کرد کۆماری ئیسلامی نەیاری زۆرن و، زۆربەی خەڵک ئێران موخالیفی ئەو نیزامەن کە ئەوە شتێکی باشە لە ڕووی سیاسییەوە.

**دوویەم**، ئەو ڕێژیمە ئۆپۆزیسۆنی هەیە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بوون لەدژی کۆماری ئیسلامی بەتەنیا بەس نییە. کێشەی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەوەدایە کە نەبووە بە بەدیل و، ئەوە دەردی سەرباری هەموو کێشەکانە لە ئێران. بۆیەشە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵک لەو مەیدانەدا هەر دێ و دەڕوا. لەگەڵ ئەوەدا کاتێک قسە لە ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ، ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە لایەنە سیاسی و بە تاک و گرووپ نابینم کە زۆرتر لە مێدیاکان دیارن و تەحلیلی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەکەن. بەشی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆی وڵاتە. کاتێکیش ئێمە دێینە خانەی ئاڵترناتیڤسازی دژی ئەو نیزامە، ئەگەر تەنیا چاومان لە دەرەوە بێ زۆر لە هەڵەداین، بۆیە بە سەرنجدان و گرینگیدان بە نێوخۆی ئێران، بە نێوخۆی کوردستان و بەتایبەت لە تاران دەبێ تێبکۆشین ئەو دەنگە نارەزاییانە لەدژی کۆماری ئیسلامی کۆ بکەینەوە. لێرە پێویستە کۆدەنگییەک دروست بێ و هەموو نەیارانی کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک دەبێ بکەونە نێو ئەو کۆدەنگییەوە. کێشەی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە زیاتر شەڕەدندووکە لەگەڵ یەکترییە و لە شەڕەدندووکەیەدا ناتوانن متمانەی هەراوی کۆمەڵانی خەڵک بەلای خۆیاندا ڕاکێشن یان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا سەرنجەکان لەسەر خۆیان کۆ بکەنەوە و بڵێن ئێمە ئاڵترناتیڤی نیزامی کۆماری ئیسلامیین.

**کورد کاناڵ**: لەو نێوەدا حیزبی دێموکرات لە کوێدا جێ دەگرێ؟

**خالید عەزیزی**: بە بڕوای من حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە بەباشی جووڵاوەتەوە. یەکەم لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و لەگەڵ بەشی هەرە زۆری نەیارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەت بووین. دوویەم، بەهەست بە بەرپرسایەتیی میللی و کوردانە، لەسەر خەت بووین بۆ بەهێزکردنی جووڵانەوەی مافخوازانەی و مەدەنیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. سێیەم ئێمە تێکۆشاوین و لەمەوبەدواش تێدەکۆشین کە لە تاران لەنێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامیدا دەنگمان دیار بێ. واتە هەمیشە حیزبی دێموکرات گرینگیی بەوە داوە کە لە تاران لەنێو خەڵکی جۆراوجۆری غەیرە کورددا مەسەلەی کورد بێتە پێشبەرۆژەڤ بکا. ئەوە ڕێکاری عەمەلییە کە حیزبی دێموکرات کاری بۆ کردووە لەمەوبەدواش لەسەری بەردەوام دەبێ.

**کورد کاناڵ**: کاک خالید لەگەڵ هەموو ئەو سەرنج و باسەی جەنابت بەڵام خەڵکانێک هەن کە چاویان لە دنیای دەرەوەیە. دنیایی دەرەوە دەتوانێ چ ڕۆڵێک بگێڕی لە دروستکردنی ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا؟

**خالید عەزیزی**: لێرەش لەو هاوکێشەیەدا یان لەو ساتوسەودایەدا لەگەڵ دوو سێناریۆ ڕووبەڕووین. سیناریۆی یەکەم ئێرانە.

بەدرێژایی مێژوو بە تەبیعەتی ئەوەی کە مەوقعییەتی سیاسی و جوغرافیایی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر گرینگە، ئێران هەمیشە مەوزووع بووە، جیاواز لەوی کە لە تاران کێ دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ. دوویەم فاکتۆری دیکە لەو سێناریۆیەدا دیسان کۆماری ئیسلامییە. تەبیعەتی دەسەڵات لە تاران بەجۆرێک دەتوانێ سیگناڵ بدا بە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا. سیگناڵی کۆماری ئیسلامی بە هاوکێشەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی سیگناڵێکە کە جێگای نیگەرانییە و لە نەتیجەدا دەبینین کە بەرهەڵستی کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە. کێشەیەک کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوو لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و، لە ڕاگەیاندنی فارسی و غەیرە فارسیدا بە دژی کۆماری ئیسلامی هەیە ئەوەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا بە هەڵە لە هاوکێشەی نێودەوڵەتی گەیشتوون.

**کورد کاناڵ**: چۆناوچۆن؟

**خالید عەزیزی**: هاوکێشەی نێودەوڵەتی لەسەر ماف دروست نەبووە، لەسەر وەلانانی حکوومەتەکان دروست نەبووە، لەسەر جێگیرکردنی دێموکراسی دروست نەبووە، هاوکێشەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەمنییەتی سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتی دروست بووە. پێوەندیی نێوان دەوڵەتان هەزار یاسا و ڕێسای هەیە و مەسەلەی دێموکراسی و باسەکانی دیکە دەبێتە لایەنی نەرمئامێر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەگەر ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچە و جیهان مەنتیقی و ئارام بجووڵێتەوە، دنیای دەرەوە هیچ هۆکارێک نابینێ بۆ ئەوەی لەگژی ئێران ڕۆ بچێ. بۆیە بە باوەڕی من ئەو چاوەڕوانییە کە لەنێو خەڵکی ئێراندا بە هەڵە دروست بووە، کە ئەگەر ڕۆژێک ئەمریکا، ئیسراییل و عەرەبستان قسەیەک بە ئێران بڵێن یان هەڕەشەیەک لە ئێران بکا، پێیان وایە ئەوە ئیدی کێشەی ئێران تەواو بووە. ئەو خوێندنەوەیە هەڵەیە. هاوکێشەی نێودەوڵەتی بەدوای ئەوەدا ناڕوا لە ئێران کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و دێموکراسی دروست بێ. ئەو بەرنامەی خۆی هەیە و بەدووی شتی خۆیدا دەڕوا. بۆیە لەو سێناریۆیەدا دیسانەکە کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانن کە دەبێ چارەنووسی کۆماری ئیسلامی یەکلا بکەنەوە و تێبکۆشن لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا یارگیری بکەن و کاتێک دەڵێن کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا و پێیان دەڵێن ئەدی کێ جێگای بگرێتەوە، بۆ ئەوە بەڕوونی وەڵام و ئاڵترناتیڤ هەبێ. لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە نابێ بەتاڵایی و بۆشایی دەسەڵات دروست ببێ، چونکی لە دنیای سیاسەتدا بۆشایی دەسەڵات نیگەرانی دروست دەکا. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک من و تۆ سەیری ئێران ناکەن و مەسەلەی مافی پێکهاتەکانی ئێران لەو هاوکێشانەدا زۆر دەور نابینێ و وڵاتان بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبەرچاوە. حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا لەسەر ئەوە ڕۆیشتووە کە بە کۆمەڵگەی جیهانی بڵێ کێشە ئێران کێشەی ئەتۆمی و بەرجام نییە و هەتا کۆماری ئیسلامی هەبێ ڕێژیم ئەو بابەتە بە بارمتە دەگرێ بۆوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی پێوە سەرقاڵ بکا و بۆ ئەوەی کە پرسی مافەکانی و دێموکراسیی پێ بخاتە پەراوێزەوە. کێشەی ئێران، کێشەی نێوخۆییە و هەمیشەش حیزبی کوردستان گوتوویەتی

هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا دروست بێ، بە شەڕ یان ئاشتی -کەهیوادارم هیچ کاتێک شەڕ نەبێ و شەڕ بە ڕێگا چارەی کێشەی میللەتەکان نابینین- ئەگەر مەسەلەی کورد و خەبات و تێکۆشانی کورد لە ئێراندا نەبیندرێ، ئەم وڵاتە ئەمنییەت و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ. هەروەک چۆن لە پارچەکانی دیکەدا مەسەلەی کورد بۆتە دەرفەت، لە داهاتووی ئێرانیشدا دەتوانێ دەرفەت بێ نەک هەڕەشە.

**کورد کاناڵ**: کاک خالید هەموومان دەزانین لەم ساڵانەی دواییدا خەڵک گۆڕاون و بەرەوپێشتر چوون، ئۆپۆزیسۆن گۆڕاون و قسەی نوێ دەکەن، هەروەها هاوپێوەندییەکی نیسبییش لەگەڵ شەقام هەیە. دیارە جیهان و هاوکێشە ناوچەیی و دەوڵەتییەکانیش گۆڕاون. بە کورتی خەڵک چۆن دەتوانن بەسەر کۆماری ئیسلامیدا سەر بکەن؟

**خالید عەزیزی**: دیارە هەر لەبنەڕەتڕا تەمەنی دیکتاتۆری و ئیستبدادەکان زۆر نییە و کەمتر کردنەوەی ئەو تەمەنەش گرێدراوی چەند فاکتەرێکە. ئەمن گەشبینم کە نیزامی کۆماری ئیسلامی نامێنی، بەڵام پێشبینی ئەوە ناکەم ئەم ڕووداوە چەند مانگ یان چەند ساڵی دیکە دەخایەنێ، چونکی فاکتەری سەرەکی خودی کۆمەڵانی خەڵکن. بۆ نموونە لە ئەفغانستان تاڵیبان دێتە سەر کار. تاڵیبان بەرهەمی هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتی نییە، بەشێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی تاڵیبان دەگەڕێتەوە سەر کولتوور و فەرهەنگ و ئایین لە ئەفغانستان. هەتا کەی لە ئێران ئایین و کولتوور و فەرهەنگ لە پێناو بەرژەوەندی تاقمێک لە دەسەڵاتدا کەڵکی لێ وەربگیردرێ، هەموو شتێک گرێدراوی ئەوەیە. ڕووخانی کۆماری ئیسلامی عەمەلییە. حکوومەتی ئیدئۆلۆژی و ئیستبدادیی جۆراوجۆر هەبوون کە ڕووخاون و تێکچوون. لە ئیدئۆلۆژی کۆمۆنیستییەوە بگرە هەتا دیکتاتۆریی نیزامی، لە هێندێک وڵات ئایینیش. سەردەمانێک مەسیحییەت دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو لە هەموو ئوورووپادا، بەڵام ڕێنێسانس گەیشتێ و ئاداری بەسەر پاداری نەهێشت و هەموو شتێکی گۆڕی. مەبەستم ئەوەیە ئەو ئاڵوگۆڕانە ڕوو دەدەن، بەڵام ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران کاتی بوێ.

**کورد کاناڵ**: چ شتێک خێڕایی دەدا بەو ئاڵوگۆڕانە؟

**خالید عەزیزی**: پێش هەموو شتێک ئەوە کە گوفتومانێکی مەعقووڵ و مونعەتیف دروست بێ و هەموو پێکهاتە و فرەییەکانی ئێران بە کورد، فارس و ئازەری و... لایەنە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بە شیعە و سوننیە و یارسان و، بە هەموو بۆچوونە سیاسییەکان، بە ئەحزابی کوردی و غەیرە کوردی، بەهەر بۆچوونێک کە هەیانە چ ئەوانەی میللی مەزهەبی و چ ئەوانەی سێکۆلار یان نەتەوەیی بیر دەکەنەوە بە چەپ و ڕاست خۆیانی تێدا ببیننەوە و ئەو کۆدەنگییە دروست بێ. ئەوەش شتێکی غەیرە عەمەلی نییە، گۆڕانکارییەکان لە ئێران لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا زۆر شتی بەخۆیەوە دیوە. جا من گەشبینم، بەڵام ئەو گەشبینییە بۆ حیزبێکی سیاسی نابێ لە حاڵەتی قسەدا بێ. دەبێ بە کردەوەش کاری بۆ بکا و

بەشی دوویەم

ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات کاری باشمان بۆ ئەو مەبەستە کردووە.

**کورد کاناڵ**: خوێندنەوە و لێکدانەوەتان بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

**خالید عەزیزی**: بەڕاشکاوییەوە دەتوانم بڵێم ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازە لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران وجیاوازییەکەشی دەگەڕێتەوە سەر چەندین هۆکار. یەکەم، ئێمە پرسێکی کوردایەتی و مافخوازانەمان هەیە. لە دوای شۆڕشی ئێرانیش ئارەزوومان دەکرد ئەو پرسە بە دانوستان چارەسەر کرابا کە چارەسەر نەکرا. بۆیە ئێمە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام بردۆتە پێش. کۆماری ئیسلامی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا هەموو دژبەرانی خۆی تەقریبەن بەشێوەی مەیدانی لەنێو بردووە، کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا کێشە بۆ دوڵەتانی دراوسێ دروست دەکا و لەهەر جێگایەک کێشەیەک هەبێ دەتوانی شوێن پێی کۆماری ئیسلامیی تێدا ببینییەوە؛ بەڵام لە کوردستانی ئێران تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو جووڵانەوەیە بەچۆکدا بێنێ. پرسی کورد لە شکڵی جەماوەری و مەدەنی، لە ئیلام و کرماشانەوە بگرە هەتا سنە و ورمی و کوردەکانی تاران و خوراسان ، ئیدی پرسی ئەو نەتەوەیە بۆتە ئەمری واقیع و حاشای لێ ناکرێ. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەجووڵێتەوە، مووشەکبارانمان دەکا، بە تەقینەوە کۆمەڵێک لە کادرەکانمان لەنێو دەبا، هەوڵی تێرۆریستیی دەدا، لێرە لە دەرەوە لە ئورووپا لە هەموو جێگایێک ڕێک هۆکارەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات توانای مودیرییەتکردنی ئەم جووڵانەوەیەی بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ خەڵکانی دیکە هەیە. ئێمەی کورد دەبێ یەکەم ئەو تایبەتمەندییەی کوردستان و پرسی کورد بپارێزین، دوویەم بۆ ئەوەی بەردەنگی زیاترمان هەبێ دەبێ پێوەندییەکی مەنتیقیی باش لەگەڵ خەڵکی غەیرەکورد لەم وڵاتەدا دروست بکەین.

**کورد کاناڵ**: بەپێی ئەوەی دەفەرمووی کوردستان جیاوازە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەدی ئەرکەکانی خەڵک چین و چییان لەسەرشانە؟

**خالید عەزیزی**: پێش هەموو شتێک با بڵێم کە فەلسەفەی حیزبی دێموکرات فەلسەفەیەکی مەدەنی و جەماوەرییە. ئەم حیزبە چەند مانگ بوو دامەزرابوو کە حکوومەتی دروست کرد، بە چیی دروست کرد، بە جەماوەر و ڕێکخستنی خەڵک، ئەوە نیزیک ٧٦ ساڵ پێش ئێستا کە بە بەراورد لەگەڵ ئێستا یەکجار جیاوازە. ڕادەی خوێندەواری، لە مەیداندا بوون، شعووری سیاسی و هەستی نەتەوایەتیی ئێستای کورد دەیان قات لەو سەردەم لەسەرترە و مەسەلەی کورد بۆتە بابەتێکی نێودەوڵەتی. بەڵام چ شتێک ئەوانەی وا لێ کردووە، هەر ئەو خەباتە جەماوەرییە بەربەرییینە کە لەن یوخۆی وڵاتدا هەیە. بەڵام چۆن دەکرێ ئەوە باشتر درێژە بدرێ؟ نیزامی کۆماری ئیسلامی پسپۆڕییەکی زۆری لە دروستکردنی کێشە و ناکۆکی و بەئەمنییەتی کردنی هەموو شتێک و گرژێنانەوەدا هەیە. لە نێوخۆی وڵات چالاکانی مەدەنی لە هەموو بوارەکاندا

لەسەر خەتن و ئینسافەن چاکیش کار دەکەن، باجیشیان داوە و ئێمە وەک حیزبی دێموکرات هەمیشە شانازییان پێوە دەکەین. یانی توانیوایانە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامدای بە شێوازی جۆراوجۆر خەباتی خۆیان بەرنە پێشێ. بابەتەکە ئەوەیە کە ئەوان تێبکۆشن لە ڕەوتی کار و چالاکیی خۆیاندا، بیانوو نەدەن بە کۆماری ئیسلامی کە ئەو خەبات و جموجۆڵە جەماوەرییەیان لێ بەئەمنییەتی بکا و لەو ڕێگەیەوە زیاتریان سەرکوت بکا. زۆر هونەرە لە کاری سیاسی و جەماوەریدا، زۆرتر بمێنیەوە لە مەیداندا.

پێشنیاری دیکەی ئێمە ئەوەیە کە کوردستانی ئێران فەریی زۆری هەیە، جۆراوجۆریی ئایینی و جۆراوجۆریی زاراوەیی لە شار و پارێزگاکانی کوردستان هەیە، بەڵام لە هەموو کاتێک و شوێنێکدا دەبێ ئەومان لەبەرچاو بێ کە ئێمە یەک باس و یەک مەسەلەمان هەیە ئەویش مەسەلەی کورد و کوردایەتی لە کوردستانی ئێرانە لەپێناو مافەکانی خۆماندا. ئێمە نەتەوەین و خەریکی دارشتنی قەوارەی نەتەوەیی خۆمانین و نابێ هیچ شتێک ڕێگە لەوە بگرێ و نابێ بهێڵین کۆماری ئیسلامی کەلێنمان تێبخا. سێیەم شت، بە حوکمی ئەوەی کە ئێران لەژێر چاوەدێری و، لەژێر فۆکووسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدایە، چالاکانی مەدەنی و جەماوەری تێبکۆشن هەموو ئەو چالاکییانە لە جیهاندا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیان هەبێ. بۆ نموونە، لە مەسەلەی مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا مانگرتنە پڕشکۆیەکەیان لە زەینی خەڵکی جیهاندا تۆمار کرا و وەک ناڕەزایەتی و بەڵگەیەک بەدژی کۆماری ئیسلامی خۆی دەرخست.

لە تەنیشت هەموو ئەوانەدا و لە سەرووی هەموو ئەوانەوە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوان چالاکانی مەدەنی و سیاسی دەبێ زۆرتر گرینگیی بدرێتێ.

**کورد کاناڵ**: باسی یەکڕیزیی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دەکەی، ئەدی یەکگرتوویی حیزبەکان چی؟ ئەرکی حیزبەکان چی؟

**خالید عەزیزی**: ئەرکی حیزبی دێموکرات، درێژەی ئەرکێکە کە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی ئەو حیزبە پێی سپێردراوە. ئەویش ئەوەیە تێدەکۆشی یارمەتیدەری جێکەوتنی عەقڵییەتی سیاسی و مەدەنی و نەتەوەسازی لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکان بێ. دوویەم تێدەکۆشی بۆ ئەوەی ئەو خەبات و تێکۆشانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەنگی هەبێ و لەگەڵ غەیرە کوردەکان پێوەندییەکی باش دروست ببێ. ئەرکی حیزبی دێموکراتە لەو شوێنانەی کە پێویستە دیار بێ و ببێ بە دەنگ و ڕەنگ و باڵوێزێکی باشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەموو ئەو بوارانەشدا درێغیمان نەکردووە. ئەرکی دیکەی ئەوەیە ئەو پەیامە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەنێ کە لە سەردەمێکدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نوقمی ڕادیکالیزم و



سەرچاوە
Serchawe

بونیادگەراییە، لە ئێران حیزبێک هەیە وەکوو حیزبی دێموکرات کە ڕێز بۆ پڕەنسیپ و یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان دادەنێ.

حیزبی دێموکرات هەروەها پڕەنسیپ و سیاسەتێکی ژیرانەی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کورستان هەیە و قەت نەیویستووە و نایهەوێ دەست لە کاروباری نێوخۆیی ئەوان وەربدا. بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا ئەوانی لەبیر نەکردووە و یارمەتیی داوە ڕۆژە خۆش و دەسکەوتەکان لەم بەشانەدا زیاتر ببن.

ئەرکێکی دیکە حیزبی دێموکرات هەوڵدان بۆ سەرخستنی پڕۆژەی وەسەریەککەوتنەوەی هەر دوو لای حیزبی دێموکراتە و سروشتییە کاتێک ئێمە دوای یەکرێزی کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات دەکەین دەبێ، ئەو حیزبە بۆخۆیشی لەو بوارەدا پێشقەدەم بێ. ئەرکێکی دیکەی حیزبی دێموکرات ئەوەیە ئێمە شەهیدێکی زۆرمان داوە، قوربانیەکی زۆرمان داوە، دەیان کادری ڕێبەریمان تێرۆرکراون، ئەویش ئەوەیە درێژەدەری ڕێگای خەباتی نەتەوایەتییان بین. بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێگایە بەباشی بچێتە پێش، دەبێ ڕێبواری زۆرتر بێ و ئەو ڕێبوارانە لە نێوخۆی وڵاتن و هەر ئەوان بوون لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکان لەگەڵمان بوون.

**کورد کاناڵ**: کاک خالید سپاس بۆ ئەم درفەتەی پێتداین.

**خالید عەزیزی**: ڕێزتان هەیە و ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

# خالید عەزیزی: ئەوە مافی گەلی کوردە کە پەنا بۆ ڕێفڕاندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆی خۆی ببات



دیمانە: عەلی لەیلاخ

## ئاماژە:

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین وتووێژی "کوردکاناڵ" لەگەڵ بەڕێزیاندا، سیاسەت و لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەهەمبەر پرسە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئێستای ئێران و کوردستان شی کردەوە. "کوردستان" پوختەی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.

**عەلی بداغی:** کاک خالید لەم ڕۆژانە دەیەمین کۆبوونەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. شرۆڤەی بارودۆخی ئێران یەک لە بەرنامەکانی کاری ئەم کۆبوونەوەیە بووە. کۆمیتەی ناوەندی ئەو بارودۆخەی چۆن هەڵسەنگاند؟

**خالید عەزیزی:** کۆمیتەی ناوەندی ڕای وابوو بۆوەی پێناسەیەکی ورد لە بارودۆخی ئێران بکرێ، دەبێ کۆمەڵێک فاکتۆر لە هاوکێشەکەدا بەشدار بکەی و بەپێی دەوری ئەو فاکتۆرانە بارودۆخی ئێستای وڵات هەڵسەنگێنی و بۆ داهاتوو پلان و

بەرنامەمان هەبێ. لە هەنگاوی یەکەمدا ئێمە تاوتوێی بارودۆخی دەسەڵاتمان کرد، دوای نیزیک لە ١١٥ ڕۆژ لە دەسبەکاربوونی ڕەییسی، دواتر نارەزایەتییەکانی خەڵک کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر دەبنەوە و لە مێتۆد و شێوازی جۆراوجۆردا دەردەکەون. بەتایبەتی‌تر تاوتوێی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمیشە گوتومانە، شعووری سیاسی و هەستی نەتەوایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرەدەستێنێ و ئێمە شانازیی بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان دەکەین. ئەوانە تەوەری سەرەکیی لێکدانەوەی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە ئەندامانی ڕێبەری ڕاوبۆچوونی خۆیانیان لەسەر دەربڕی و کۆبوونەوەکە کۆبەند و ئاکامگیریی لێ کرد و لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە ڕاسپاردەیەک بە دەفتەری سیاسی درا.

**عەلی بداغی**: کابینەی ڕەییسی بە یەکدەستکردن و نیزامی‌کردنی پتری دەسەڵات وڵات بەرەو کوێ دەبا؟ ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبە کوردییەکان لەو بارودۆخەدا چییە؟

**خالید عەزیزی**: بە گشتی ئەوە سروشت و خەسڵەتی شۆڕشەکانە. کاتێک کە شۆڕش دەکرێ ئەو لایەنەی کە شۆڕش دەکا خەڵک ڕووی تێ‌دەکا. لە ئێراندا بەرەی خومەینی و شیعە و ئیسلامی شیعە، بەربڵاو چوونە پێشێ و خەڵکێکی زۆریان ڕەگەڵ خۆیان خست. دوایە بەرەبەرە خەڵکیان لێ تەکییەوە و هەوڵەکان بەردەوام بۆ ئەوە بوون کە بەناوی ئەو خەڵکانە کە شۆڕشیان کردووە، دەسەڵات یەکدەستتر دەکەن. کە کات تێ‌دەپەڕێ شۆڕش و عاتفە هەمووی تابیعی کەش‌وهەوایکە لەوێدا لێپرسینەوە و بەدواداچوون کەمە، ئەو کەسە کە دروشم دەدا تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕەپانەکە دەگرێتە دەست. بەڵام دوایە کاتێک کە دێتە سەر ئیدارەی وڵات، دەبێ وڵاتێک بەپێی هەموو پێویستییەکان بەڕێوە ببا و لێرەدا کێشەکان دەست پێ دەکەن. لەو ڕۆژەوە دەکرێ بڵێم ئاڵقەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەدژی خەڵک هەر دێ و بەرتەسک دەبێتەوە. مووسەوی، ڕەفسنجانی، خاتەمی، ئەحمەدی‌نیژاد و ڕووحانی دێن و دەڕۆن و هەموو ئەوانە کە سەرۆک‌کۆماری ئەو ڕێژیمە بوون، پاش ماوەیەک لەلایەن دەسەڵاتەوە کە خامنەیی ئاراستەکەی دیاری دەکا پرسیاریان لەسەر دروست دەبێ. ئیدی ئەمجارە ڕێبەری ڕێژیم بەو قەناعەتە گەیشت کە ئەو کێشانە لە کۆڵ خۆی کاتەوە، بەمجۆرە بە دەستنیشان‌کردنی ڕەئیسی، دەوڵەت و مەجلیس و ڕێبەری و ئۆرگانیزمەکانی دیکەی حکوومەت لە یەک بازنەدا جێیان گرت و دەکرێ بڵێی دەسەڵات پتر لە هەر کاتێک یەکدەست بووە. ئێستا ئیدی بەشێکی زۆر لەوانەی پێشتر لە ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیمیش بوون ڕەخنەی توندی لێ دەگرن و ڕۆژ بە ڕۆژ لە خەڵکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کەم دەبنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ژمارەی دژبەرانی ئەم ڕێژیمە زیاتر دەبن.

بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی درێژەکێشانی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە سەر پەرش‌وبڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کوردیشەوە. بەڕێزت هەموو کات چ ڕەخنەگرانە و چ بە پێشنیار باستان لە پێویستیی کارابوونی ئۆپۆزیسیۆن و بوونی بەدیل و ئاڵترناتیڤ کردووە. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، باشترین ئاڵترناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی چییە؟

بەشی دوویەم

جارێ با ئەوە بڵێم ئەوەی لە سەردەمی ئێستادا پێی دەگوترێ سۆشیال مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەورێکی زۆریان هەیە لە تەبلیغات دژی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی دەیان ڕایەڵەی مێدیایی هەیە و پارەیەکی خەیاڵییشی لێ خەرج دەکا و ئەگەرچی هیچیشی بۆ خەڵکی ئێران نییە و هەموو بۆ مەرامە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم و هەناردەی شۆڕشە، کەچی دەرەقەتی ئەو سۆشیال میدیا بەهێزەی ئۆپۆزیسیۆن نایە. لەنێوخۆی وڵاتیش نارەزایەتییەکان بەربەرین و جۆراوجۆرە و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک پتر دێتە مەیدان و شێوازی جەماوەری دەگرێتە خۆی. دەمەوێ بڵێم لە ئێستادا زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لەدژی ئەو دەسەڵاتەن، خۆپیشاندان دەکەن و بەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم تێچووی قورسیش بۆ ئەو دژایەتییە دەدەن. ئەو دۆخە دەتوانێ چەندی زیاتریش بەو ڕەواڵە بڕواتە پێشێ، بەڵام نیزامێکی سیاسی هەر بە نەفسی نارەزایەتی و دژایەتی ناڕووخێ و ڕووخانی نیزامێکی سیاسی ئاڵترناتیڤی دەوێ. گرفتەکە لە ئێران ئەوە نییە کە خەڵک خەبات ناکەن بگرە خەڵک زۆرتر لە گۆڕەپانەکەدان و باجی زۆریش دەدەن، بەڵام کێشە لێرەدا ئۆپۆزیسیۆنە. سروشتی کۆماری ئیسلامی ڕوونە و خۆی لە سەرکوت و زەبروزەنگ و کوشتوبڕدا دەبینێتەوە و هەر ئەو سیاسەتەش بە دژی خەڵک، خەڵکێکی زۆر لێ دەکا بە ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام ئەو ئۆپۆزیسیۆنانە تا ئێستا نەیانتوانیوە ئاڵترناتیڤ و بەدیلێک بۆ جێگرەوەی ڕێژیم ساز بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕای وایە کە ئێستا پتر لە هەموو کاتێک لە ئێراندا پێویست بەو ئاڵترناتیڤە هەیە. کۆمەڵگەی جیهانی وەک ئێمە سەیری کۆماری ئیسلامی ناکا، ئەوان خەڵکی ئێران نین و بەو پێیەش دژی کۆماری ئیسلامی نین. ئەوان ئێران لە بازنەی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسەتی کەلانی ئەمنییەتیی خۆیاندا هەڵدەسەنگێنن و بەوپێیە سیاسەتی خۆیانی لەگەڵ دەکەن. بۆ ئەوەش کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جۆری ڕوانینی خۆی بۆ کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ، دەبێ جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی لەنێو بەرەی دژبەرانی ئەم ڕێژیمەدا دروست بووبێ. بەڵام ئەم کەمایەسییە بە چی جێبەجێ دەبێ؟ بە لێکنیزیکبوونەوەی ئۆپۆزیسۆنی کۆماری ئیسلامی. کە باس لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش دەکەین پێم‌خۆشە پێداگری لەسەر ئەوە بکەمەوە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە گەورەترین ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەنێو خۆی وڵات و لانیکەم دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتن. ئەو لانی کەمە، هەرچەند لە سۆشیاڵ مێدیای فارسیدا زۆر دەردەکەون، بەڵام بەداخەوە کەم و زۆر وەکوو ئۆپۆزیسیۆنێکی مێدیاییان لێ هاتووە. چار چییە، چار ئەوەیە لە قسە و گوفتار و کرداردا ڕوو بە خەڵکی ئێران، شتێک بڵێن و شتێک دیاری کەن کە هیوا و ئۆمید بۆ خەڵکی ئێران دروست بکا.

**عەلی بداغی: لەو بەشەدا کە پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، کێشەی کورد هەر نەمانی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو چەندوچۆنیی ئەو مافە دێموکراتیک و نەتەوەییە کە دەبێ ئەوانیتر دانی پێدا بنێن. کەچی بەشی زۆری ئۆپۆزیسیۆن ئێستا هەمان شێوە ڕوانینیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی. گرفت چییە؟ ئایا لایەنە کوردییەکان نەیانتوانیوە لە ئاستی**

**ئۆپۆزیسیۆندا مافەکانیان بچەسپێنن؟ تەنانەت جۆرێک شەرمێونی بە داواکاریی ئۆپۆزیسیۆنی کوردییەوە دیارە. بۆ وایە؟**

**خالید عەزیزی**: ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە دەرجەی یەکەم بە پانتایی پرسەکانی کوردستان و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا و، دوایەش ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکاندا ئەوە سیاسەتمان بووە کە یارمەتی بە ڕێککەوتن و کۆدەنگی و لێکتێگەیشتنەکان بدەین. ئینسافەن حیزبی دێموکرات لەو بوارەدا بەرپرسانە جووڵاوەتەوە، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، شەهید دوکتور قاسملوو، بەڕاستی ڕچەشکێن و کەسایەتیی دیاری ئەو مەیدانە بوو لە سیاسەتکردن و دیپلۆماسی و دانوستاندا. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بیرەوەرییەکی باشیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە، ئەو بیرەوەرییە باشە بەشێک بووە لە مێژوو و ئێمە دەتوانین وەبیریان بێنینەوە، بەڵام ناتوانین هەمیشە سیاسەتی پێ بکەین و سیاسەتی ئێمە دەبێ لەسەر بابەتەکانی ئەمڕۆ بێ. بەخۆشییەوە کوردستان لەدژی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەسەر خەتە. خەباتی سیاسی، جەماوەری، مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی، زمانی و دەرکەوتنی خەڵک بە بۆنەی سیاسی و مێژوویی ئامادەییەکی زۆری لە کوردستان لە هەموو چین‌وتوێژەکان و لە هەموو بەشەکاندا دروست کردووە. ئەوە گەورەترین ماتریالی ئێمە و ئۆپۆزیسیۆنی کوردە لەدژی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا کە ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و خەڵکی نێوخۆی ئەو وڵاتە بڵێین کوردستان ئەوەیە بەو حیزبانەی هەیەتی و بەو خەڵکانەی لە پشت حیزبەکانن و بەو داخواز و مافانەی بۆی تێدەکۆشن. کوردستان دەوروبەری ١٠ میلیۆن کەسە و ئەو خەڵکە مافخوازە ئەگەر بە مافەکانی نەگا، چ لەو حکوومەتەدا کە ئیحتمالی کەمە، و چ لە حکوومەتی داهاتوودا، خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دەبێ. بۆیە کوردستان فاکتەرێکە کە دەبێ لە ئێرانی ئێستا و هەروەها داڕشتنەوەی ئێراندا لەبەرچاو بگیردرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین کۆنگرەی خۆیدا ڕای وایە کە فێدرالیزم دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران بێ. ئێمە دەڵێین لەسەر ئەساسی بەشداری و هاوبەشی، لێکتێگەیشتن و یەکتر قەبووڵکردن هیچ لایەک نەخرێتە پەراوێزەوە و هەڵاواردن نەمێنێ و، ئێران بەیەکەوە ئیدارە بکەین. بە نەیارانی کۆماری ئیسلامیمان گوتووە ئەوە بە ڕێککەوتن و سازان دەکرێ. ئێمە ئەوە بە دێموکراسییەک ناسپێرین لە داهاتوودا کە ئێمە بکەوینە کەمینە و ئاوان زۆرینە بن. یەکەم لەسەر هێندێک ڕوکنی ئەساسی و قانوونی ڕێککەوتنێک دەکەین کە کەس هەڵینەوەشێنێتەوە. دوویەم، ئێمە با زۆر بە ڕاشکاوی بە هەموو لایەنەکان بڵێین لە کوردستان بە خۆشییەوە کە تا ڕادەیەک زۆر خەڵک سیاسەتەکانی حیزب دێموکراتیان قەبووڵە، خەڵک لە کوردستان وەزاڵە هاتووە و ڕەخنە لە من دەگرن، ڕەخنە لە حیزبی دێموکرات دەگرن و دەڵێن ئێوە هەوڵ دەدەن بۆ خودموختاری وەڵامتان نادەنەوە، باسی فیدڕالیزم دەکەن وەڵامتان نادەنەوە، لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زۆر بە حەوسەلە دەچنە پێشێ کەچی دیسان جوابتان نادەنەوە، بۆیە ئەگەر هەروا بڕواتە

پێشێ با بزانن کە بۆچوونێکی بەهێز لە کوردستانی ئێران هەیە کە داوی دەوڵەتێکی کوردیی خۆی دەکا. دەڵێ وا دیارە ئێرانییەکان نایانەوێ بە هیچ جۆر لەگەڵ ئێمە بحاوێنەوە. جا ئەگەر وایە ئێمە ئەو هەمووە تێکۆشان و خەباتە دەکەین و هیچ دەرەنجامێکی نابێ، حەقی ئێمەیە، حەقی ئەو میللەتەیە بیر لە داهاتووی سەربەخۆی خۆی بکاتەوە. دیارە ئەوە سیاسەتی ئێستای ئێمە نییە، بەڵام دەمەوێ بڵێم بۆچوونێکی ئاوا هەیە و بەهێزیشە. ئێمە لە دیدارەکانی خۆماندا گوتومانە کە تابیعی ڕاسپاردە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەکانی خۆمانین و ئەوەی لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی لەسەری دواوین و گوتومانە کە بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزب دەڕۆینە پێشێ. بەڵام لە کوردستانی ئێران ڕەنگبێ خەڵک لەو بۆچوونە ماندوو بووبێ، ماندووبوون نە بەو مانایە لە حیزبی دێموکرات ناڕازی بن، خەڵک حیزبی دێموکراتیان خۆش دەوێ، ئەو حیزبە حیزبێکە بەڕابردووە، ڕێبەرانێکی هەبووە لە پێناو ئەواندا خوێنیان داوە، بە هەزاران شەهیدیان بۆ مافەکانی گەل داوە، بەڵام خەڵک پێمان دەڵێن ئێوە لە تەعاموول لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا زیادە لە حەد بەحەوسەلە بوون. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەیە جموجۆڵێکی مافخوازانە و شوناس‌خوازیی نەتەوەییە کە هەمووی لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندایە. حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی خۆیدا باسی دیاریکردنی مافی چارەنووسی کردووە، بەڵام لەسەر چۆنیەتیی لێکدانەوەی ئەو مافە و بە خوێندنەوەی ڕەوشی دۆخ و مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە ئێستادا نیزامێکی فیدراڵ بەباش دەزانین. ئێمە لە کۆنگرەی ١٦دا ڕامانگەیاندبوو، ئەگەر وەڵاممان نەدەنەوە و بۆ داهاتووی ئێران ئامادەی ڕێککەوتن نەبن، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن حاشا لە ماف و داخوازە ڕەواکانمان بکەن، کورد مافی خۆیەتی پەنا بۆ ڕێفراندۆم ببا. ئەو نەتەوەیە دەیان ساڵە لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامە و هەموو مێتۆدێکی خەباتی تاقی کردۆتەوە و بەردەوام پێداگر بووە کە دەیەوێ بە ئاشتی و لە ڕێگەی دانوستانەوە مافەکانی دابین ببن، بەڵام کە هەر جواب نەبوو ئەو ناچارە ڕێگای دیکە بگرێتە بەر.

**عەلی بداغی**: کاک خالید حیزبی دێموکرات و پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە یان هەڕەشە؟

**خالید عەزیزی**: وەک گوتم کورد لە ئێران نیزیک بە هەشت دەیەیە بۆ دێموکراسی و ئازادی و مافەکانی خەبات دەکا. حیزبی دێموکراتیش حیزبێکی جەماوەرییە و هەموو چین و توێژەکانی تێدایە، هەموو زاراوە و ئایینەکانی تێدایە. ئێمە دەستمان ئاوەڵایە و جێگامان هەیە بۆ هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ. مادام دەستمان ئاوەڵایە خەبات و تێکۆشانەکەشمان جۆراوجۆر و فرە ڕەهەندە و، ڕەهەندی ئەساسی و سەرەکیی ئێمە جووڵانەوەی نێوخۆی وڵاتە. نێوخۆی وڵات دەنگی بەرزە بەدژی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانییەکی بەهێزە بۆ حیزبی دێموکرات، شوێنێکە پەیام دەدا بە جیهانی دەرەوەش کە ئەگەر بیر لە داهاتووی ئێران دەکەنەوە، بەبێ خوێندنەوەی کوردستان ئەم وڵاتە ئەمنییەت و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ. بەڵام وەک گوتت مەسەلەکە ئەوەیە کە کوردستان دەرفەتە یان هەڕەشە؟ کوردستان دەرفەتە و هەڕەشە نییە، بۆ؟ لە بەرنامەی حیزبی

دێموکراتی کوردستاندا، کە ڕێز لە مافی مرۆڤ و مەنشوورەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگرێ و باس لە پێویستیی پەرسەندنی دێموکراسی و، وەدیهاتنی بنەماکانی مافی ئینسان و کۆمەڵ دەکا؛ هەموو ویست و داخواز و مافەکانی ئێمە لەگەڵ پرەنسیپ و بایەخە جیهانداگرەکان تەبان و لە یەک چوارچێوەدا جێ دەگرن. ئێمە بینیمان کە لە عێراق کوردستانی عێراق دەرفەت بوو بۆ دروستکردنەوەی ئەو وڵاتە، عێراق کوردستانی لەگەڵدا نەبێ دروست نابێتەوە. لە سووریەش هەر وا دەبێ، تورکیەش لە داهاتوودا هەر دەبێ بەرەو ئەوە بڕوا. بۆیە کوردستانی ئێران بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە و ئەگەر ئێرانییەکان لەو دەرفەتە کەڵک وەرنەگرن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن.

**عەلی بداغی**: کاک خالید لەو ماوەیەدا دوو بابەتی گرینگ هەبوون. بەردەوامیی هەڕەشەکانی سپای پاسداران لە حیزبە کوردییەکان، هەروەها چەند ڕۆژ لەوە پێش سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسی چۆنیەتیی پرسی کوردی لەو وڵاتانەدا کرد کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. لێکدانەوەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**خالید عەزیزی**: نیزامی کۆماری ئیسلامی بەشێکی سیاسەتی ئەوەیە هەڕەشە بکا، لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوە خەڵک بتۆقێنێ. لەهەمبەر حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد، ئەم هەڕەشانەشی عەمەلی کردووە. لە تێرۆری ڕێبەرانی شەهید و تێرۆری کادر و پێشمەرگەکانی دیکەمان ڕا بگرە تا دەگەینە ڕووداوەکەی شەوی یەڵدا و دواجار مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات. بەڵام ئەمری واقع دەری خستووە کە بە هەڕەشە و تێرۆر و سەرکوت جووڵانەوەی میللیی کورد لە ئێران بەچۆکدا نەهاتووە و، حیزبی دێموکراتیش بە خۆشییەوە لە مەیدانەکەدا بە بەهێزی ماوەتەوە. جا ئەگەر وایە زمانی هەڕەشە و ئێعدام و ئەشکەنجە کار لە ئێمە و حیزبی دێموکرات ناکا. ڕەنگە زیانمان پێ بگەیەنێ، بەڵام ئەو جووڵانەوەیە هێندە بەربەرینە هێندە جەماوەرییە، هێندە بەرحەقە کە بەردەوام دەچێتە پێشێ. ئەوەش کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا باسی کرد بۆچوونێکی زۆر باش و بەجێ بوو. کاک نێچیرڤان پێشووتریش هەر لەسەر خەت بووە و ئینسافەن بەو پرسەوە ماندوو بووە، لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی قسەی کردووە و لەگەڵ ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکرات قسەی کردووە، تەنانەت چەند ساڵ پێش دانیشتنێکیش بە نێوبژیوانیی کاک نێچیرڤان لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا کرا. نیازی کاک نێچیروان ئەوەیە کە چارەسەری پرسی کورد هەر وتووێژ و دانوستانە. جا ئەمن دیسان دێمەوە سەر بابەتی دەرفەت و هەڕەشە و پرسی کورد کە باسم کرد و دەڵێم لە بەینی هەڕەشە و دەرفەتدا هەڕەشە نایباتەوە، ئەوە دەرفەتەکە دیباتەوە. ئەزموون و ڕابردووی ٤٠ ساڵی پێشوو دەری خستووە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێمەی پێ لەبەین ناچی. پەیامی ئێمە لە سەردەمی شەهید دوکتور قاسملووی نەمرەوە کە هەمیشە بۆ ئەو بابەتە لەسەر خەت بووە، ئەوە بووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی بە ڕێگا چارەی نیزامی نییە، بەڵام بەرگری لەخۆی دەکا. ئەگەر هاتە سەر بەرگری و مقاومەت، بێگومان لە خۆپاراستن و بەرگریکردن لە خۆی تەنەخی ناکا. بۆیە پەیامەکەی

بەشی دوویەم

سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان پێ پەیامێکی باش بوو.

**عەلی بداغی**: کاک خالید پرسێکی گرینگی نێوخۆی ڕۆژهەڵات پێوەندیی بە کورد و ئازەرییەکانەوە هەیە. هەر جارناجارێکیش کێشە و گرفتێک لەو ناوچانەی کورد و ئازەری بەیەکەوە دەژین دروست دەبێ. خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات و قسەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوە بابەتێکی گرینگە و بە ئێمە و هەموو لایەک دەڵێ کە دەبێ بەدوای چارەسەری گونجاودا بگەڕێین. ڕوونە کە کورد و ئازەری بەدرێژایی مێژووی بوونیان لەو ناوچانە لە دراوسێیەتیی یەکتردا ژیاون و پێکهاتەی هێندێک لە شار و ناوچەکانیش وابووە کە لە هەردوو نەتەوەکەی تێدا بووە، ئەمە فاکتەرێکی سەرەکییە. فاکتۆری دوویەم ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئەو هاوکێشەیەی لە بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیدا بەکاری هێناوە. فاکتەری دیکە سپای پاسدارانە کە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەو پرسە دەکا و لەو ناوچانەی کە کورد و ئازەری پێکەوە دەژین، دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە و دەبینی کە لە پارێزگای ورمێ و لەو ناوچە تایبەتانەدا ئەوە سپای پاسدارانە کە بە دەسەڵاتی میلیتارییەوە حکوومەت دەکەن بەسەر کورددا. بەڵام سیاسەتی ئێمە و چارەسەر. ئەمن بۆخۆم زۆر لە ناوچەی ورمێ و نەغەدە و شوێنەکانی دیکە بووم و هاوڕێی زۆرم لەنێو ئازەرییەکاندا هەیە. ڕێگاچارەکە ئەوەیە، ڕووناکبیران و ئێلیت و نوخبەکانی ئازەری و کورد بەوە بگەن لە گێژاوی ئەو هاوکێشەیەدا نەمێننەوە کە کۆماری ئیسلامی دروستی کردووە یان هێندێک لە پان تورکیزمەکان خوڵقاندوویانە. لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە سەرەتاکاندا کورد و ئازەری هەماهەنگی و هاوکاریی زۆریان هەبوو. ئەمن خۆم ئەوکات خوێندکاری زانکۆ بووم و دۆستی ئازەریی زۆرم هەبوو. پێوەندییەکانی ئەو دوو نەتەوەیە زۆر خۆش بوو. پێشتر و لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا، پێشەوا قازی محەممەد و پیشەوەری زۆر لەو کێشانەیان چارەسەر کرد. تەنانەت ڕێککەوتن و بەڵگەنامەی لەسەرە. جا ئەگەر وایە ڕێگاچارە هەیە بۆ چارەسەرکردنی، ڕێگاچارە لە نێوان تێکۆشەرانی ئازەری و کورد دایە. بۆیە هیوادارم بەتایبەت لە شاری ورمێ تێکۆشەرانی کورد و ئازەری، کە بەپەرۆشن بۆ داهاتووی ناوچەکە و هەردووک لا خۆی تێدا دەبیننەوە، پێوەندییەکانیان زۆر و باش و پتەو بن، بەیەکەوە کۆڕکۆمەڵی فەرهەنگی دروست بکەن و هەوڵەکان لەو پێناوەدا بێ کە لێکتێگەیشتنی باشتر و زیاتر لەنێوانیاندا هەبێ. هەم ئازەرییەکان ئەوە قبووڵ بکەن کە لە تەنیشت خۆیان بۆ ئیدارەی ئەو ناوچەیە کورد ببینن، هەم کوردەکان ئەوە قبووڵ بکەن کە لەگەڵ ئازەرییەکان ئەوێ ئیدارە بکەن.

ئەگەر ئازەرییەکان بەشوێن حەزف و سڕینەوەی کورددا بن، لە هەڵەدان. ئەگەر کوردەکانیش بە دوای حەزفی ئەواندا بن هەر هەڵە دەکەن بۆ؟ چونکی هەردوولا دەبێ قەبووڵی بکەن کە بوونیان لە تەنیشت یەکتری ئەمری واقعە. نابێ بهێڵن کە سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ کە بە دوای مەرامی سیاسیی خۆیانەوەن، کێشەکانیان لێ قووڵتر بکاتەوە و، لاشم وایە کە

بەشی دوویەم

چارەسەری یەکجاری کار و ئیرادە و بڕیاری هاوبەشی هەردوولا بەیەکەوەیە.

**عەلی بداغی**: کاک خالید وەک دواپرسیار، پرسیاری هەمیشەیی خەڵک دەکەمەوە کە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان گەیشتە کوێ؟

**خالید عەزیزی**: لەڕاستیدا ئەگەر قەبووڵی بکەین کە لێکدابڕان و لەتبوونی حیزبی دێموکرات ئاکامی تووڕەبوون و پێکەوە کارنەکردن لەگەڵ یەکتری بووە، بەڵام وەسەریەککەوتنەوە و بوون بە یەک حیزب ئاکامی بیرکردنەوە، عەقڵانییەت، زەرووڕەت و زاڵبوونی مەنتیقە. لەو هاوکێشەیەدا زۆر فاکتۆر هەن کە دەبێ قسەی لەسەر بکەین، لێک حاڵی بین، متمانە دروست بکەین، نیازپاکیی هەردوولا بۆ یەکتری دەرخرابێ؛ دوایە لە تەنیشت ئەوانە بۆ بە مەیدانی کردنی ئەو عەقڵییەتە، لەسەر ئەوانە قسە بکەی کە ئیدارەی هاوبەشی ئەو حیزبە لە داهاتوودا چۆن دەبێ. لە ئاکامی سەنگ و سووکیی هەمووی ئەوانەدا دەبێ بڵێین کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی جەماوەرییە، هەزاران کادر و پێشمەرگەی هەیە، دەیان هەزار ئەندامی هەیە، دەیان دامەزراوی جۆراوجۆری هەیە، تێکەڵکردنەوە و یەکخستنەوەی ئەوانە حەوسەلە و پشوودرێژی دەوێ. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، هەوڵمان داوە، لەژێر ڕووناکایی بە هەست بە بەرپرسیارێتیی حیزبی و، لە چوارچێوەی پانتاییەکی گەورە کە بۆ زەرووڕەت و پێویستیی خەباتی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە، ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکەین. بۆیە ئێمە لە ڕاستیدا هەم نەرمیی زۆرمان نیشان داوە و هەم هەوڵمان داوە لێکتێگەیشتنەکانمان ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر بن. بەڵام سروشتی دانوستان وایە، لە دانوستان لەسەر خاڵەکان قسە دەکەی، چ عەمەلی دەبێ، چ عەمەلی نابێ، ڕەنگە تۆ قۆناغێک ئاوا بڕۆیە پێشێ. دوایە لە جەریانی دانوستاندا، شتێک بێتە پێشێ و شتێک سەرنجی ڕانەکێشابێتی و وا بکا بڕێک بگەڕێیتەوە دوایە و دیسان بچیتە پێشەوە. مەبەستم ئەوەیە هەوراز و نشێوی دەبێ. من بە ئاکامی هەوڵەکانمان گەشبینم و خۆشبینیەکەم لەوە سەرچاوە دەگرێ کە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر یەکگرتوویی‌خوازن و زۆر داوای یەکگرتنەوە دەکەن کە داوایەکی پیرۆزە و ئێمەش لەو پێوەندییەدا هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین. لەو بارەیەوە چاوەڕوانیم لە خەڵک ئەوەیە کە یارمەتیمان بدەن، چاوەڕوانیم لە ئەندامانی دێموکرات لە هەر دوو لا ئەوەیە کە وەپێش ڕووداوەکان و وەپێش بڕیارەکان نەکەون. بەخۆشییەوە هەیئەتەکانمان ماندوویی‌نەناسانە لەسەر ئەو ئەرکە بەردەوامن.

**عەلی بداغی**: سپاس کە کاتتان بۆ ئەو وتووێژە دانا.

**خالید عەزیزی**: ئێوەش ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## خالید عەزیزی: ئەگەر پرسی سەربەخۆیی ڕۆژەڤی جووڵانەوەی کورد بێت، مێژوو پێمان دەڵێ ئەوە حیزبی دێموکراتە خاوەنداره‌تیی دەکا



**مەنسوور مروەتی**

**ئاماژە:**

**ماوەی چەند ساڵێکە چەندین قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرۆکی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئێرانی گرتووە، بەو تایبەتمەنییە کە کۆماری ئیسلامی توانای ئەوەی چارەسەرکردنیانی نییە. هەر بەو هۆیەشەوە زیاتر لە پێشوو لایەنە سیاسییەکانی ئێران بە گشتی وەخۆ کەوتوون بۆ پاڵپێوەنانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی داهاتووی ئێران. لەو بارەوە دوو حەوتوو لەوەپێش میتینگێکی بەربڵاو بە بەشداریی زیاتر لە یازدە هەزار کەس بە کورد و غەیرە کوردەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی کلاب هاوس بۆ کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات، لەم وتووێژەدا ئەنجامەکانی ئەو متینگە لەگەڵ بەرێزیان باس دەکەین.**

**مەنسوور مروەتی:** کاک خالید وەکوو دەگوترێ لەسۆنگەی باشییەکانی دنیای ئینترنێت و تێکنۆلۆژی ئەو دەرفەتە بۆ ڕێبەرێکی کورد - کە جەنابت بی - دەرەخسێ ڕاستەوخۆ ڕوو بە ئێرانییەکان لە کلاپ هاوس قسەیان بۆ بکەی و ڕوانگەی کوردیان بۆ باس بکەی. بە گشتی ڕوانگەی خۆت چییە لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە کە لە کلاپ هاوس بۆ جەنابت گیرا؟

**خالید عەزیزی:** پێشەکی هەروەکوو لە نێوەرۆکی پرسیارەکەی جەنابتڕا دیارە، دەقیقەن ڕێک لەو چوارچێوەیەدا بوو کە

ئێمە لەگەڵ ئێرانییەکان بەگشتی، درگای دیالۆگ بکەینەوە و باش لێک حاڵی بین. سروشتییە کە ئێمە کاتێک باسی بەرنامە و نەخشەڕێی خۆمان بۆ داهاتووی ئێران دەکەین، خەڵکانێک هەن ئەوانیش بەرنامە و نەخشەڕێی خۆیان هەیە، ئەوانیش ڕێگاچارەیان هەیە، ئەوانیش بە قەولی خۆیان باوەڕیان بە سازوکاری خۆیان هەیە، دەیجا سروشتییە لە حاڵەتێکی ئاوادا ئێمە دەڵێین ئێران سووڕەتی مەسەلەکەیە و بەو جۆرەیە: فرەچەشنە، جۆراوجۆرە لە بواری ئیتنیکی و ئایینیدا، و دەبێ وەکوو ڕاستییەک قبووڵی کەین. ڕێگاکەشی ئەوەیە لەگەڵ یەکتر لە دیالۆگ ووتووێژدا بین. دەبێ چاوەڕوانی ئەوەشمان هەبێ، کە ئەو کەسانە وەکوو ئێمە بیر ناکەنەوە، ڕێگاچارەی خۆیان هەیە و لە ئاکامدا ئەو باسانە دێنە پێشێ.

لە ڕوانگەی خۆمەوە کۆبوونەوەیەکی باش بوو. ئێمە زۆرجار گوتوومانە کە لە حیزبی دێموکراتدا لەسەر ئەوە جەخت دەکەینەوە کە مادام بەدوای چارەسەری کورد لە ئێراندا دەگەڕێین، ئەو مەسەلەیە تەنیا بە خۆمان چارەسەر نابێ. جا ئەگەر وایە خەڵکی زۆر لە ئێراندا هەیە، وەکوو ئێمە پێیان خۆشە لە ئێراندا دێموکراسی هەبێ، وەکوو ئێمە پێیان خۆشە لە ئێراندا ئازادی هەبێ، لەو چوارچێوەیەدا بەشێکی زۆر لەوانیش پێیان خۆشە ئەوانی دیکەش مافی خۆیان هەبێ. ئەوانە هەمووی شتی گشتین. کاتێک دەڵێین دێموکراسی پێموایە هەموو کەسێک دەڵێ دێموکراسی باشە. کاتێک باسی ماف دەکەی زۆربەی هەر زۆری کۆمەڵانی خەڵک دژی ماف نین. بەڵام ئەدی بۆ سیاستمەدارێک ڕێکارە عەمەلیەکان چین! لەو کۆبوونەوەیەدا کە دەهاتنە سەر بواری جۆراوجۆر، بەنیسبەت ڕێکاری عەمەلیی ئێمە پرسیاریان دەکرد، من بۆم باس دەکردن، لە زۆر شوێنی دیکە پرسیاریان دەکرد. دیسان ئەرکی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات ئەوە بوو ئەوانە باس بکەین. هۆیەکەشی ئەوەیە نابێ چاوەڕوانیمان هەبێ کە هەموو ئێرانییەکان بەگشتی وەکوو خۆمان لە مەسەلەکە تێبگەن. ئەگەر، ئەو بەرداشتەمان هەبێ هەڵە دەکەین. ئەگەر وایە دەبێ تێبکۆشین مەسەلەی خۆمانیان بۆ ڕوون بکەینەوە.

**مەنسوور مروەتی:** کاک خالید ڕوانگەیەک هەیە دەڵێ، لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا بەرانبەر بە مەسەلەی کورد، هەیانە گاردێکی زۆر توند دەگرن، هەیانە نازانێ، شارەزای سیاسەت و مێژوو نییە، بەڵام هەیانە زۆر بەباشی شارەزای سیاسەت و مێژووە لە ئێراندا و بەتایبەتی باش لە مێژووی سیاسەتی کوردیش ئاگادارە بەڵام ئەوانە گاردگیرییەکی زۆر توند دەکەن، ئامادە نین بە هیچ جۆرێک دان بە مەسەلەی کورد دابنێن، لەو کۆبوونەوەیەشدا شتی وا لە ئارادا هەبوو، لەو بارەیەوە ڕای جەنابت چییە؟

**خالید عەزیزی:** ئەو گاردگرتنە ڕاستە و هەست پێ دەکرێ، لەو کۆبوونەوەیە بەربەرینەشدا هەستم پێ کرد. من پێموایە دوو هۆی هەیە. هۆی یەکەم کۆماری ئیسلامییە کە ئاگاهانە و بە بەرنامە دەیهەوێ لە مەسەلەی کورد و جووڵانەوەی کورد،

وێنـایەک دروست بکـا کە کـورد و بەرنـامەکەی دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە ئێـران هەڵوەشـێتەوە و ئێـران تەجـزییە ببـێ. ئەوەی کۆماری ئیسلامی، ئاگاهانەیە، بە بەرنامەیە و هەمیشە تێدەکۆشی کە بڵێ حیزبی دێموکرات یـا جووڵانەوەی کـورد پێوەنـدی بەم یان ئەو دەوڵەتەوە هەیە، هی ئەوان ئاگاهانەیە.

هێندێکیشیان بەڕاستی نیگەرانن، من ئەوەی بەڕاستی بە ئاگاهانە دانانێم. هێندێکیان نیگەرانن کە ئێران چیی لێ دێتەوە. هێنـدێک لەوانە هەروەکـوو ئامـاژەم پـێ کـرد، وەکـوو ئـێمە باوەڕیـان بە دێموکراسـی هەیە، باوەڕیـان بەوە هەیە کە لایەنـی جۆراوجۆر چ وەکوو تـاک، چ وەکوو گرووپ و میللەتەکان مافیان هەبێ، بەڵام ڕەنگە بەرنـامەی ئێمەیـان زۆر لـێ ڕوون نەبـێ. بەشێک لەوانە کە نیگەرانن، حەقی خۆیـانە پرسیار بکەن بڵێن، ئەو فیدراڵیزمەی کە حیزبی دێموکرات بـاوەڕی پێـی هەیە و دەیەوێ لە داهاتوو ئێرانی پێ ئیدارە بکات، ئەوە چۆنە بۆمانی ڕوون بـکەنەوە بۆمـانی بـاس بکەن! من ئەو نیگەرانییە بە شتێکی سەیر دانانێم. ئەوە بـۆ ئـێمە ئەرک دروست دەکـا و ئەو کۆبـوونەوەیە ڕێـک لە چوارچێـوەی ئەو ئەرکەدا بـوو کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات و من لەوێدا، ئەوانە باس بکەم. یانی زۆرتر بەردەنگی من ئەو بەشە لەو خەڵکەیە کە وەکـوو ئێمە دێموکراسییان پـێ باشـە، بەدوای مافـدا دەگەڕێـن، بـۆ داهـاتووی ئێـران بە پەرۆشن، بەڵام ڕەنگە بەباشی لە بەرنامەکـانی ئێمە نەگەن.

**مەنسوور مروەتی:** کاک خالید باسی کۆماری ئیسلامییت کرد و ئەو تەیفە کە نیگەرانن و دەیـانەوێ بـزانن، بەڵام بەشێکی دیکە وەکوو عەرزم کردی زۆر باش ئاگاداری مێـژووی ئـێمە و زۆر بـاش ئاگـاداری جیهـانی سیاسـەتن، بەڵام گـاردگیرێکی زۆر تونـد دەکـات و ئۆپۆزیسیۆنی کۆمـاری ئیسلامییشـە. جـاری وا هەیە تەنـانەت دان بە زمـانی دایکـی ئـێمەدا نـانێن، ئەی لە بەرامبەر چی؟ ڕەنگە کێشەکە زیاتر لەو بەشەدا بێ؟

**خالید عەزیزی**: لە بەرانبەر ئەوانەشدا ئێمە هەمیشـە وڵامـان هەیە. وڵامەکەی ئـێمە ئەوەیە دەڵێین ئێوە کە وەکوو ئێمە بیرناکەنەوە، چ مەشرووتەخواز بن، سەڵتەنتتەڵەبن، موجاهدین بن، چ شوڕای گوزارن، چ هەمبەستەگین، چ شوڕای کار بـۆ دێموکراسـیخوازین، چ کـۆنگرەی میللیەتەکـانی جۆراوجـۆرن، چ ئەوانەی لە نێوخـۆی وڵات لەدژی کۆمـاری ئیسلامی خەبـات و تێکۆشان دەکەن، هەموومان دەبێ واقعییەتێک قبووڵ کەین. واقعییەتەکە ئەوەیە ئەو ئێرانەی کە هەموومان بەیەکەوە کـاری بۆ دەکەین، بە مەیل و ئیرادەی یەکێک یان لایەنێک دروست ناکرێتەوە و بەڕێوە نابرێ.

بۆیە ئەگەر ئێمە لێرە بە خوێندنەوەیەک گەیشتین لەسەر سووڕەتی مەسەلەکەی ئێران، ئەوەمان وێنا کرد، هێنامـانە گـۆڕێ، گوتمان سووڕەتی مەسەلەکە ئەوەیە، تەبیعەتەن چارەسەرەکانیشیان لە پێش دادەنێین. جـا بەشێک لەوانەش کە جـاری وایە ئاوا گارد دەگرن، هەڵوێست دەگرن، ئەرکی ئێمە ئەوەیە بێئەوەی کە سووکایەتی و بێڕێـزی بە هـیچ لایەک بکەیـن، (ئەوە

نە زمانی ئێمە وەکوو میللەتێک کە بە دوای مافەکانی خۆماندا دەگەڕێن، نە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و نە ئێمە بەدوای خسوومەت و دوژمنیدا هەین، لەدژی هیچکام لەو حیزب و هێزانەی کە لە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن.) لەوێشدا ئێمە وەزیفەمانە کە گەلاڵەی خۆمان بدەین. لەوێشدا کە ئێمە گەلاڵەی خۆمان دەدا، لەڕاستیدا ئێمە وەکوو کورد و لایەنە کوردییەکان، بەگشتی دەبێ ڕوونکردنەوەمان هەبێ لەسەر ئیدارەی داهاتووی ئێران.

ئێمە هەتا ئێستا گوتمانە باوەڕمان بە فیدراڵیزمە، هەموو لایەک بەشدار دەکەین تێیدا. ئێمە دەڵێین ئێران لە سەردەمی پەهلەوی و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی، بەشێوەی موتەمەرکز ئیدارەی بووە، لایەنەکانی دیکە حەزف کراون، هەر کەس دەسەڵاتی خۆی سەپاندوە، ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی، ئێرانییەکان بەشێکی زۆریان وەکوو تاک و بەشێکی دیکەیان وەکوو نەتەوەکان، لەگەڵ ناوەند نەبن، لەدژی ناوەند بن. ئەگەر قەرار بێ دان بە مافەکانی ئێمەدا نەنێن، تەبیعییە کە ئێران ئەمنییەت و ئارامش بەخۆیەوە نابینێ.

ئەڵبەتە ئەگەر بەراوردێکی ئەو باس لەگەڵ باسەکانی پێشووتر لەگەڵ ئێرانییەکان بکەم، من کەم و زۆر گۆڕانکاری لە بۆچوونی بەشێک لە ئێرانییەکاندا دەبینم. دۆخەکە وەکوو ٢٠ ساڵ لەوە پێش نییە، بەشێکی زۆر لەوان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە چارەسەری کێشەی ئێران و قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە دەبێ میللەتە جۆراوجۆرەکان لەنێو ئیدارەی ئێراندا هەبن. بەتایبەت بۆ کورد کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە خەبات و تێکۆشاندا هەیە، تازە ئەمری واقعە.

لە بەرانبەر ئەو گاردگیرییە توندەی غەیرە کوردەکەدا، لەنێو کوردیشدا دژکردەوە پەیدا دەبێ، دژکردەوەیەک هەیە پێی وایە، کورد مادام خودموختاریی لێ وەرناگیرێ، فیدراڵیزمی لێ وەرناگیرێ، وڵامی داخوازییەکانی نادرێتەوە، دەرفەتی ڕێفراندۆمی بۆ نارڕخسێ، ئەی باشە بەو هەمووە تێچووە کە دەیدین، بۆ داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان نەکەین ئەم ڕوانگەیە هەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا.

ئەگەر قسە لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردییە، تا ئەو جێگایە پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، بێگومان ئەگەر سیاسەتێکی وا بێتە پێشێ و ئەوە دروست بێ، من پێموایە زیاتر لە هەموو لایەک بە بەژن و باڵای حیزبی دێموکرات بڕاوە و ئەوە حیزبی دێموکراتە خاوەندارەتیی ئەو بابەتە دەکا. حیزبی دێموکرات یەکەم حیزب بوو کە مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێراندا هێنا گۆڕێ، حیزبی دێموکرات کاتی خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا دەوڵەتی کوردیشی دروست کردووە. سەرکۆماری هەبووە، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەبووە و کۆمەڵێک هێمای خۆی هێناوەتە گۆڕێ و ئەزموونی مەسەلەی کورد هەمووی بۆتە ئەوانە. بەڵام لە هەموو گۆنگرەکانی خۆیدا و ئاخرین کۆنگرە حیزبی دێموکرات بڕیاری داوە

کە لە حاڵی ئێستا چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوی ئێراندا دەبینێ. دەمەوێ ئەوە بڵێم تاکەکانی کورد لەنێو ئێراندا و لە هەر شوێنێک کە هەن، حەقی خۆیانە کاتێک کە بیر لە ئێستا و داهاتووی میللەتی کورد دەکەنەوە، بیروبۆچوونی جۆراوجۆریان بۆ مەترەح بێ. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات ڕێز لەوانە دەگرین.

**مەنسوور مروەتی**: باشە بە هەموو ئەمانەوە وەکوو بەڕێزیشت فەرمووت، ئەوە لە پرستیژی حیزبی دێموکراتدا هەیە، حیزبی دێموکرات ئەو ئیعتبار و پرستیژ و توانایی و کاریگەرییەی هەیە، بڵێ خەڵکینە من لەوە بەدوا دوای سەربەخۆیی دەکەم بۆ کوردستان و ئەمە بابەتەش هیچکام لە ڕێبەرانی کورد و حیزبی دێموکرات حاشایان لێ نەکرد[دوە، ئەگەرچی لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا بە ڕاشکاوی نەهاتوە. مادام حیزبی دێموکرات ئەو ئیعتبارەی هەیە ئەی بۆ داوای سەربەخۆیی ناکا؟

**خالید عەزیزی**: حیزب، پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ئەندام، حیزب تابیعی کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی خۆیەتی، حیزب تابیعی ئەو بڕیاراتەیە. ئەندامانی حیزب لە کۆنگرەی حیزبدا کۆ دەبنەوە، تەیفی جۆراوجۆریان تێدا هەیە، لە جۆغرافیای جۆراوجۆرەوە دێن، لە نێوخۆی وڵات کاریگەرییان هەیە، لە دەرەوەی وڵات کاریگەرییان هەیە، لە بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات کە بەشێوەی دایمی کار دەکەن، کاریگەرییان هەیە، ڕێبەریی ئەو حیزبە کە بەهۆی ئەو تەشکیلاتە بەربەرینە هەیەتی لەگەڵ جیهانی دەرەوە لەگەڵ کۆمەڵێک فاکتۆر سەروکاری هەیە، هەمووی ئەوانەمان لێکداوەتەوە، هەڵمانسەنگاندوە لە کۆنگرەکانی خۆمان، بەڵام تا ئێستا لەنێو حیزبی دێموکراتدا بۆچوونێک نەبووە کە بڵێ ئەوەی تا ئێستا هەبووە نادروستە و بەدوای ڕێگا چارەیەکی دیکەدا بڕۆین. دەمەوێ بلێم ئەوەی کە کەسایەتیەک وەکوو خۆی یان هێندێک گرووپ دروست دەبن، چەند کەسێک لێرە و لەوێ باسی دەوڵەتی کوردی دەکەن، دەڵێن ئێمە ماندووبووین لەگەڵ ئێرانییەکان با لەگەڵ ئێرانییەکان چی دیکە سەری خۆمان نەهێشێنین، جاروبار هێندێک لەوانە توندیش قسە دەکەن. ئەو شێوە قسەکردنە بۆ حیزبێکی سیاسیی بەرپرسیار و مەسئوول نابێ. حیزبێکی سیاسیی مەسئوول پانۆرامایەک دادەنێ، لەسەر مەسەلەکی خۆی، لەسەر ئیمکانەکان، لەسەر زەرفییەتەکان، تواناکان، نێوخۆی ئێران دەڵێ چی؟ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ چی، هاوکێشەی نێودەوڵەتی دەڵێ چی؟ بەگشتی مەسەلەی کورد چۆنە و لەژێر ئەو ڕوانگەیە بە دوای چارەسەردا دەچێ. بۆیە من بەشبەحاڵی خۆم چارەسەریی حیزبی دێموکرات و بەرنامەی ئەم حیزبە تا ئێستاش بە ڕێگا چارەیەکی دروست دەزانم، بەڵام لە داهاتوودا ئاڵوگۆڕەکان چیی لێ دێ، ئێران چیی لێ دێ، ناوچەکە چیی لێ بەسەر دێ، نەسڵی داهاتوو چۆن لەسەر داهاتووی خۆی، بە تەبیعەتی باوەڕی حیزبی دێموکرات بە دێموکراسی و بە بەشداری ئەندامان و ڕای جۆراوجۆر لە کۆنگرەدا، لە داهاتوودا دەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە. بەڵام لە حاڵی ئێستادا، سیاسەتی حیزبی دێموکرات هەر ئەوەیە کە لە چوارچێوی ئێراندا بەدوای ئەو چارەیەدا بگەڕێن، لە چوارچێوی ئێران بەردەنگ بۆخۆمان

ببینینەوە.

**مەنسوور مروەتی: کاک خالید ئەمە جادەیەکی یەک ساید نییە کە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات پێیدا دەڕوا؟ باوەڕی بە دێموکراسی هەیە، باوەڕی بە بایەخە ئەورۆپییەکان هەیە، باوەڕی بە مافی مرۆڤ هەیە، باوەڕی بە مافی چارەنووس بۆ گەلانی ئێران هەیە، بەڵام لایەنی بەرامبەرت چ بە دەسەڵاتەوە و چ بە ئۆپۆزیسیۆنەوە وڵامدەر نییە، لە دوایین دەرکەوتنی کوڕی شاشدا، بە نموونە و هەرچەند لایەنی دیکەش هەر زۆرن، ئەوە بوو کە نەتەوەکانی بە ئیلات و عەشایەر و شتی وای باس کردەوە و ئەوە دژکردەوی بەرێزتانیشی بە دواوە بوو. پرسیار ئەوەیە، ئەم جادەی یەک تەرەفە تا کەی، یانی ئەمە بەڕاستی وڵامدەرە؟**

**خالید عەزیزی:** جاروبار کە ئێمە قسە لەسەر موخالفینی کۆماری ئیسلامی دەکەین، زۆرتر سەرنجمان لەسەر ئەو کەسانە هەیە چ بە کوڕی شا، چ بە کەسایەتییە ئێرانییەکان کە لە ئورووپا و ئەمریکا دانیشتوون، یان ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کە لە دەرەوە دروست بوون. ئەگەر ئاوا بۆ مەسەلەکە بچین لە هەڵەداین. بەردەنگی ئەسڵیی ئێمە، هەموو ئێرانییەکان بەتایبەتی خەڵک لەنێوخۆی وڵاتن. بە باوەڕی من ئێمە وەکوو کورد پێویستیمان بەوە هەیە لەگەڵ هەموو ئێرانییەکاندا، لە هەلومەرجێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، ماوەیەک بەیەکەوە بژین، با ئێمە لەیەکتر حاڵی بین. با ئێمە تەجرووبەی دێموکراسی بکەین، خەڵکی مەشهەد و تەورێز و تاران و ئیسفەهان و ئەوانە لەگەڵ خەڵکی ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ و شوێنەکانی دیکە با تێکەڵ بین، با لەگەڵ یەکتر قسە بکەین. با ئەوانە لە نیزیکە ئێمە بناسن. ئەوان لەژێر کاریگەیی کۆماری ئیسلامی و هێندێک خەڵکی شۆونیستی ئێرانی قەزاوەت لەسەر ئێمە دەکەن، کە ئەوە هەڵەیە.

هەموو شەڕ و کێشەکان لەسەر مێدیاکان دێن و دەچن. هەر ئەو کۆبوونەوەیە کە بۆ من پێک هات لەگەڵ ئێرانییەکان، قسە کرا و باس کرا، بە بڕوای من زۆر دەرس بە ئێمە دەڵێ. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە. تا ئێستا ئێران دێموکراسیی تێدا نەبووە، هیچ شتێک لە مەیدانی عەمەلی ڕۆژانەدا تەجرووبە نەکراوە، مەسائیلی ئێران زۆرتر کەوتووەتە نێو بازنەی نوخبەگان. زۆرتر کەوتووتە نێو کەسانێک کە بڵاوبوونەتەوە و لە نێوخۆی ئێران نین. حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە نەکەوتە نێو ئەو بازنەیەوە، هەمیشە پێوەندی خۆی لەگەڵ خەڵک لەنێوخۆی وڵات ڕاگرتوە و بە ئێعتباری ئەوە هەمیشە هەوڵی داوە وێنایەکی جوان لە مەسەلەی کورد دروست بکات. جا من ڕێگا چارەکە لەوەدا دەبینم، کە خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان عیلاقات و پێوەندییان لە نێوخۆی ئێران لەگەڵ خەڵکی غەیرە کورد زۆرتر بێ و زۆرتر لە مەسەلەکەی خۆمانیان بگەیەنین، زەمینە و ئیستعدادێکی زۆرتر هەیە.

کەسی وا هەیە لە دژی ئێمە قسە دەکا بەڵام ناتوانێ ڕێز بۆ خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە ڕابردوودا بەگشتی و حیزبی دێمرکراتدا نەنێ. هەروەختێک باسی دوکتور قاسملوو دەکرێ، زۆرێک لە ئێرانییەکان، ڕەنگە ڕەخنەشیان لە حیزبی دێموکرات هەبێ، بەڵام زۆرێک لەوانە بە ئیحترام و شانازییەکی گەورە باسی دوکتور قاسملوو دەکەن. یانی من مەبەستم ئەوەیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات و کورد لە ئێران، سەرمایەیەکی بەهێزمان هەیە و پێویستە ئەو سەرمایەیە بکەین بە بنەمایەک بۆ گوفتگۆیەکی زۆرتر لەگەڵ ئێرانییەکان. تووڕە نەبین، پەلە نەکەین، حەوسەلەمان هەبێ، لە تووڕەبووندا چ ئێمە قسەی توند بکەین و تووڕە بین، لەوانەیە بڕیاری هەڵە بدەین. چ ئەوان تووڕە بن و قسەی توند بکەن بە هیچ جێگایەک ناگەین. جا بۆیە من ڕێگاکەی هەر لەوەدا دەبینم.

**مەنسوور مروەتی**: کاک خالید کاتێک جەنابت باسی دنیای سیاسەت دەکەی، بێگومان دەزانم چاوێکیشت لەسەر سیاسەت لە جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتییە، زۆرجار باست لەسەر ئەوە کردوە کە ئێمە دەبێ، دنیای نێودەوڵەتی تێبگەیەنین و دۆست بۆخۆمان پەیدا بکەین، کە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمەیە بۆ ئەمە چیتان کردوە بۆ ئەم بەرنامە چییە؟

**خالید عەزیزی**: بۆ ئەوەش دیسان تۆ دەبێ سووڕەتی مەسەلەکەت هەبێ، کاتێک لەگەڵ دنیای دەرەوە دادەنیشین لەگەڵ لایەنی جۆراوجۆر، حیزبی دێموکرات مەوقعیەتێکی باشی هەیە لەو بابەتەوە، لە زۆر کۆڕوکۆمەڵدا دەستمان پێیان دەگا. لانیکەم گوێمان دەدەنێ. سووڕەتی مەسەلەکە لای ئێمە و لای ئەوان بەتایبەت، دیسان چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندایە. جا کاتێک دێینە سەر ئەو باسە ئێمە دەبێ پێیان بڵێین بۆ داهاتووی ئێران بەرنامەمان چییە! ئەوان دەڵێن دی باشە بەردەنگی کورد بە لەحازی سیاسی، لەنێو لایەنەکان کێن. دەبێ بۆیان باس کەین هەموو ئەو لایەنانە کە باوەڕیان بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە، دەتوانن بەردەنگی ئێمە بین. لەچوارچێوەیەدا بۆ جارێکی دیکە دەمەوێ ئەوە بڵێم، ئەرک و وەزیفەی ئێمە ئەوە دەبێ جیاواز لەوەی کە خۆمان وەکوو کورد بەخۆشییەوە ڕابردوویەکمان هەیە، کە لەگەڵ توندوتیژی تێکەڵاو نییە، ڕابردوویەکمان هەیە تێکەڵاوی لەگەڵ زۆر دۆست و ئاشنا هەیە لە دەرەوە، ڕابردوویەکمان هەیە کە ئێحترام بۆ مافی مرۆڤ و چارتێرەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات دادەنێن، ڕابردوویەکمان هەیە تێرۆریان کردووین بە تێرۆر وڵامان نەداوەتەوە، ڕابردوویەکی مەدەنی و باش و ڕێکوپێکمان هەیە کە لە نێوخۆی وڵات ئێستا لەسەر خەتن، هەمووی ئەوانە سەرمایەی باشن.

کاتێک قسەیان لەگەڵ دەکەین بەو ڕابردووە و بەو سەرمایەیە، ئاماژەی پێ دەکەین دەڵێن ئەگەر ئێوە چارەسەرێکتان بۆ داهاتووی ئێران هەیە، ڕاستییەکەی نابێ جۆراوجۆریی ئێران نادیدە بگرن، نابێ مەسەلەی کورد نادیدە بگرن، بۆیە گلەییەکیشمان لێیان هەیە، گلەییەکەشمان ئەوەیە ئێوە هەموو شت لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێراندا و لەچوارچێوی چارەسەری کێشەی بەرجامدا دەبینین، ئێوە لەوەدا خەلکی ئێران بەگشتی و لایەنەکانتان غایب کردوە. جا لەوێدا ئەرکی

بەشی دوویەم

ئێمە ئەوەیە چ بە ئەندامانی حیزب و چ بە ئەوانەی کە لە بواری دیپلۆماسی کار دەکەن و چ بەوانەی کە پێوەندی و تێکەڵاویان لەگەڵ کەسایەتیی و حیزبەکان و کەسایەتییەکانی ئێرانی هەیە، ڕاستییەکی لەوچوارچێوەیەدا لەگەڵ ئەوان کار بکەن و بڕۆنە پێشێ.

**مەنسوور مروەتی:** کاک خالید بە هەموو ئەمانەوە کە باست کرد، لەم قۆناغە تازەیەدا ئەگەر بتوانین ناوی بنێین قۆناغی تازە، جموجۆڵی زۆر لە ئارادیە، لە نێوخۆ بەتایبەتی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئێران، لە دەرەوە بە هەموو ئەمانەوە تەنانەت لەنێو دەسەڵاتیشدا، بەهەموو ئەمانەوە وەزیفەی کورد، چالاکانی سیاسیی کورد، بزووتنەوەی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، چییە؟

**خالید عەزیزی:** دیسان وڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە دووڕەدیمەنمان و چارەسەرەکەی چۆن دەبینین. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە دژایەتیی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، دەتوانم بلێم زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک دژی ئەو نیزامەن. ئەو نیزامە لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردنی ئێراندا نیزامێکی ناسەرکەوتووە. نیزامێکی خۆشەویست نییە، ئەو نیزامە دەبێ بڕوا. هەم خەڵکی ئێران لێیماندوو و جاڕزن، هەم خەڵکی ناوچەکە لێی ماندوو و جاڕزە، هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەس خۆ نیزامێک تەنیا لەبەر ئەوەی کە خەڵک لێی ناڕازی بن، خۆپیشاندان بکەن و هەر جارێک بە بۆنەیەکی سینفی و هەر جارێک لە گۆشەیەکی ئێراندا نارەزایەتی دەرببڕن، نیزامێک ئاوا ناڕووخێ. نیزامی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی پرۆژەیەکی سیاسییە، ئەو پرۆژەیە هەتا ئێستا ماوە و دەبێ پرۆژەی سیاسی هەبێ لەدژی ئەو نیزامە هەتا بڕوا و نەمێنێ. پرۆژەی سیاسیش، بەو بەربڵاوییەی ئۆپۆزیسیۆن ناکرێ، من زۆرجار گوتوومە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک، موخالفی کۆماری ئیسلامین. ئەوە هونەر نییە، هونەر ئەوەیە ئەوە بکەی بە ئاڵترناتیڤ. لەوێدا گرفتێک هەیە، گرفتەکە ئەوەیە تا ئێستا لایەنەکان سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئێمە وەکوو کوردەکان، بە بەراورد لەگەڵ ئێرانییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر باشتر چووینەتە پێشێ، مەسەلەی یەکگرتوویی و یەکریزی لە نێوماندا کاری لەسەر دەکرێ، حیزبەکانی کوردی لەگەڵ یەکتر عیلاقاتیان باشترە، هەوڵمان داوە زۆرجار بە هەماهەنگی و بە وێژمانێکی نیسبی کە لەسەری بە ڕێککەوتن دەگەین، قسەی لەسەر بکەین. ئەوانە بەشێکی ئەسڵی کاری ئێمە و ئێمە لەو بوارەدا تەجروبە و ئەزموونمان زۆرترە.

**مەنسوور مروەتی:** کاک خالید زۆر سپاس کە کاتت بۆ ئێمە و ئەو دیمانەیە دانا

**خالید عەزیزی:** ئێوەش ماندوو نەبن لە ئەرک و کارەکانتاندا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## خالید عەزیزی: ئێرانی داهاتوو بەبێ داننان بە مافەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دروست نابێتەوە




**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**ئاماژە:**

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ کوردکاناڵ سیاسەت و خوێندنەوی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت پرسە گرینگ و ڕۆژەڤەکانی کوردستان و ئێرانی شی کردەوە. "کوردستان" کاکڵی باسەکانی کاک خالید عەزیزیی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

### شۆڕشێ ژینا لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا

پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەجێدا تەنیا لەسەر بنەڕەتی دێموکراسی و ماف دروست نەبوون و لەسەر بنەمای هێندێک یاسا و ڕێسا دادەمەزرێن و بەرژەوەندییش فاکتەرێکی سەرەکییە. بۆیە وڵاتانی دێموکراتیک کاتێک چاو لەو شۆڕشە دەکەن، بە

ئیعتباری کۆمەڵگەکەیان کە دێموکراسیی تێدا هەیە، پشتیوانیی لێ دەکەن. بەڵام نەفسی ئەو پشتیوانییە بە مانای ئەوە نییە وا بەئاسانی بگەنە قۆناغێک دژکردەوەی مەیدانیی لەدژی ئێران لێ بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، پشتیوانیی نێودەوڵەتیی لە شۆڕشی ژینا زۆر بوو. بەڵام ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی دەدات هەر خەڵکی ئێرانن.

لەبەر ئەوەی لە وڵاتانە کێبڕکێی سیاسی لەنێوان حیزبەکاندا هەیە، هەموو شتێک دەکەوێتە بازنەی کێبڕکێی سیاسی کە کێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و ئەوەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ ڕوانگەی بۆ ئێران چ دەبێت. بەڵام، بەگشتی هەموان بەو ئاکامە گەیشتوون دەرنگ یا زوو دەبێ دێموکراسی لە ئێراندا دابمەزرێ و ئەو جووڵانەوەیە دەبێ سەر بکەوێت. ڕاستە خۆپێشاندانەکان دژی کۆماری ئیسلامی کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتیی جیهان داناوە، بەڵام نیزامێکی سیاسی تەنیا بە خۆپێشاندان نارووخێ. ئەوەی ئەو نیزامە لەنێو دەبا، بەدیل و ئاڵترناتیڤە. کۆمەڵگەی دنیای دەرەوە لە ئێستادا، بەدووی رووخانی کۆماری ئیسلامیدا ناگەڕێ. دنیای دەرەوە نەک لە ڕوانگەی مافەوە، بەڵکوو لە سۆنگەی ئەمنییەتی جیهانییەوە چاو لە مەسەلەی ئێران دەکا و دەپرسن ئەو نیزامە بڕوا و نەمێنێ کێ جێگای دەگرێتەوە؟

## پرسی ئاڵترناتیڤ و هاوپەیمانیی سەراسەری دژی کۆماری ئیسلامی

بەردی بناغەی دروستبوونی حیزبی دێموکرات لەسەر پێناسەی نەتەوایەتی و مافی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بۆ ئەوەی ئەو مافانە بەدی بێن و بۆ ئەوەی ئێمە دەستمان ئاواڵا بێ چۆن لەسەر ئەو مافانە دانوستان بکەین، قەت بە نیسبەت داهاتووی ئێران بێتەفاوەت نەبووین. دارولەلەی ئەوەشمان ئاوا داناوە کە دەبێ ئێران دێموکراسیی تێدا هەبێ و ئەو دێموکراسییەش بە ئێمەی کورد بەتەنیا دانامەزرێ. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و چارەسەرکردنی مەسەلەکەش تابعێکە لەو ڕاستییە. ئێمە لە هەموو ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی هەتا ئێستا لەگەڵیان دانیشتووین، پێمان گوتوون وەکوو حیزبی دێموکرات بۆ دروستکردنەوەی ئێران لەگەڵ ئێوە شان وەبەر دەدین، بەڵام لەبیرتان نەچێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندنەوەیەی خۆی بۆ داهاتووی ئێران هەیە و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەو وڵاتە لە پێش هەموو شتێکەوەن. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە، یەکجار زۆر بڵاون ئێمەش نەمانویستووە لەگەڵ لایەک بچینە نێو جۆرێک هاوپەیمانی و بکەوینە نێو دژایەتیی لایەنەکانی دی. ئێمە بێ تەفاوەت نین و لەنێو دژبەرانی کۆماری ئیسلامییشدا کەس بە دوژمنی خۆمان دانەنێن، لەگەڵ هەموو لایەنەکان دانیشتنمان دەبێ، بەس کە دەگەڕێینەوە سەر چەندوچۆنی و ئیدارە و مودیرییەتی سیاسیی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتیی نیزامی سیاسیی، لێرەدا قسەی خۆمان هەیە و ئەو قسانەش تابعێکە لە بەرنامەی سیاسی و

بیروباوەڕەکانی حیزب دێموکرات.

## ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزب لەسەر داهاتووی ئێران

ئێمە لە ڕابردوودا لەوپەڕی خەباتی پێشمەرگانە و نیزامیی خۆماندا کە دژی کۆماری ئیسلامی بەرگریمان لە کوردستان دەکرد لە هاوپەیمانییەکدا بووین بە ناوی شوڕای میلیی بەرگری. تەنانەت لەو شوڕایەدا بەڵگەنامەی خودموختاریی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا ئیمزا کراوە. ئەگەر وایە ئەزموونمان لەوەدا هەیە یەکەم. دوویەم، ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەو نەتەوانەی باوەڕیان بە ئیدارەی ئێران بە شیوەیەکی فێدراتیو هەیە، کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدراڵی ئێرانمان وێک هێناوە و لەگەڵ ئەوانیش هاوپەیمانیمان هەیە. سێهەم، جیا لەوە لەگەڵ هێندێک لە لایەنەکانی دیکە کە بۆ دێموکراسی کار دەکەن و هەماهەنگی و هاوکارییەکیان لە دەرەوەی وڵات هەیە و بە جۆرێک بە هاوپەیمانی خۆمانیان دەزانین، لەگەڵ ئەوانیش چەند هاوپەیمانییەک هەیە. دواجار لە تەنیشت ئەوانەشدا لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە لە وتووێژداین لەسەر ئەوەی چۆن دەتوانین مەنشوورێک ڕابگەیەنین یا ڕێککەوتنێکمان هەبێت، بۆ ئەوەش دەبێ هەمووان ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران قبووڵ بکەین. ئێمە چەند سێلبریتییەک نین کە کە ڕابردووی حیزبیمان نەبێت و ڕەنگە زۆربەشیان عادتیان بە دارولەلەی چەندوچۆنیی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ نەبێت؛ ئێمە حیزبێکی سیاسیی بەڕابردووی زیاتر لە حەفتا ساڵەین و زۆر سرووشتییە حیزبی دێموکرات سەنگوسووکیی خۆی لەهەمبەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا هەبێت.

## حیزب و "مەنشوور"ەکانی تا ئێستا

بێگومان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئێران ڕێگاچارەی جۆراوجۆر و تەیفی جۆراوجۆر و مەنشووری جۆراوجۆر دەبن، بەڵام ئێمە بە ڕاشکاوی گوتوومانە لەگەڵ دوو سیستەمەم یان دوو نیزامی سیاسی نین، چونکە تەجرووبە کراون. یەکیان نیزامی پاشایەتیی ئەوی دیکەشیان نیزامی ئیستبدادی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی. جا ئەگەر وایە ئێمە ئەگەر ئەوەمان وەلا نا، دەبێ بێینە سەر شکڵی ئیدارەی حکوومەتی داهاتووی ئێران. ئێمە لەگەڵ سیستمی کۆماری هیچ دژایەتییەکمان نییە و بە شتێکی زۆر باشی دەزانین. بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە کە ئێران بە شێوەیەکی فیدڕاتیو ئیدارە بکرێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێرانیش لە بەرنامەی خۆیدا فیدڕاڵیزمی هێناوە. لە تەنیشت ئەوانەدا کۆمەڵێک حەللی دیکەش هەیە. ئێمە تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە دانیشتنەکانی خۆمان هەیە، لەڕاستیدا ئەو مەنشوورەی بەردی بناغەکەی لە جۆرج تاون داندرا و ئێستا لە هەشت کەسەکە شەش کەسیان ئیمزایان کردووە، ئێمە دوژمنایەتییان ناکەین بەڵام تێبینیمان هەیە و پێمان وایە ڕوحی ئەو مەنشوورە لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران نایەتەوە.

خوێندنەوەی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران ئەوەیە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و دەبێ ماف نەتەوەکان بە جۆرێک کە ئێمە ڕێککەوتنی لەسەر دەکەین، تێیدا دیار بێ. گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران لە دەرەوە ئەوەیە بەپێچەوانەی ڕوحی هاوکاریی و هەماهەنگی لە نێوخۆی ئێران کاتێک کە دێینە سەر چەندوچۆنی قسەکردن لەسەر ڕێگاچارەکان زۆر زوو باسی تەواویەتی ئەرزیی ئێران دەکەن و زۆر زووش پێیان وایە ئەوە لایەنێکە ئێران تەجزییە دەکا. بەشێک لەوانە بەدوای ئەوەدا نین کە لە داهاتووی ئێراندا چ لە تاران و چ لە ئیدارەی ناوچەیی نەتەوەکانی ئێراندا قسەی لەسەر بکەن و ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵیان. بەڵام با ئەوان بۆچوونی خۆیان بێنن و ئێمە بۆچوونی خۆمان دێنین قسەیان لەسەر دەکەین. لە کۆتاییدا ئێمە تێدەکۆشین پێوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان باش بێت، بەتایبەتی لەگەڵ زۆرێک لە لایەنەکان کە بەدوای ئاڵترناتیڤی کۆماریدا دەگەڕێن بۆ داهاتووی ئێران و نەتەوەکانی ئێرانی فدراڵ لە وتووێژەکانمان بەردەوام بین. ئێمە نابێ بەپەلە بچینە نێو هەر ئاڵترناتیڤێک. ئێمە حیزبین و بەپێی ئوسوولی حیزبی خۆمان کار دەکەین، ئەو حیزبەش پێی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانی ئێرانە و خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییان لەو حیزبە هەیە. بۆیە زۆر بەڕاشکاوی و بە ئیعتباری خەبات و تێکۆشانی ٧٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات و ئەو جووڵانەوەیەی لەنێوخۆی وڵاتدا هەیە، ئێرانی داهاتوو ئەگەر کوردی بە مافەکانیەوە لەگەڵ نەبێ هەرگیز ئەمنییەت و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ. ئێران بەبێ کورد و میللەتەکانی دیکە دروست نابێتەوە. ئەوانیدی دەبێ قبووڵی بکەن ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و هەرکات دانیان بەوە دانا، شۆڕ دەبینەوە بۆ بابەتەکانی دی و لەسەر چارەسەرەکان ساغ دەبینەوە.

## جۆراوجۆرییە نەتەوەییەکان لە ئێرانی داهاتوودا

ئێمە ئێمە شتێکمان نییە بە ناوی نەتەوەی ئێران. نەتەوە دەبێ ڕاستەوخۆ پێوەندی بە شۆناسێکی ئێتنیکی، میللی و زمانی هەبی، ئێمە کورد، بەلووچ، تورک، فارس، عەرەب و نەتەوەی دیکەمان لەو جوغرافیایەدا هەیە کە پێچەوانەی دەستەواژەی باو هیچیان کەمایەتی نین. ئەمن وەک خۆم لە ئێراندا باوەڕم بە کەمینە و زۆرینە نییە. کام نەتەوە لە بەرامبەر نەتەوەکەی دیکەدا کەمینەیە، هیچیان. وەک نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتیش بەنیسبەت داهاتووی ئێران لەسەر ئەو بنەمایە بێتەفاوت نەبووین و نین. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات پەلەمان نەکردووە و ئاوا لە بابەتەکە ناڕوانین کە چەند کەس و سێلێبریتی کۆ ببنەوە و وەکوو ئەوەی "جۆرج تاون"ی واشینگتۆن شتێک بدەنێ دەرێ و ئیدی تەواو. بە باوەڕی ئێمە هەر شتێکی گرینگ و شوێندانەر دەبێ لاقی لەسەر عەرز بێ. بۆ؟ چونکی هەروەک گوتم ئێمە بەرانبەر بە خەڵک خۆمان بە بەرپرس دەزانین و جووڵانەوەکەش کۆمەڵە ئەرکێکی بۆ ئێمە داناوە. ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە بەها و بایەخەکانی ئەم شۆڕشە بپارێزین، هەڵبەت ئەو بەو مانایەش نییە کە ئێمە دەرگای دیالۆگ و دانوستان لە خۆمان دابخەین. ئێمە بڵێی و نەڵێی پێویستیمان بە هاوپەیمان هەیە، چونکە نە بەتەنیا ئەو نیزامەمان بۆ دەڕووخێ و نە دەتوانین بە تەنیا ببین بە ئاڵترناتیڤ.



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات و موجاهیدن و داهاتووی ناوەندی هاوکاری

ناوەندی هاوکاری لەجێدا ناوەندی هاوکارییە. دوو لایەنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لەپێوەندی لەگەڵ ڕووداو و بابەتی ڕۆژانە، لەگەڵ یەکتر هاوکارییان هەیە. ناوەند هەڵناوەشێتەوە و دەبێ لە درێژەی کاری خۆیدا ببێ بە بەرە و ئێمە هەتا وەک حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە و هەتا ئێستاش بە هەست بە بەرپرسیاریتییەوە درێژەی بە کاری ئەو ناوەندە داوە.

بەڵام لەبارەی موجاهیدینەوە، سروشتییە کە حیزبی دێموکرات بە دوای دۆست و پارتنەردا دەگەڕێت و لەو چوارچێوەیەدا لەگەڵ موجاهیدینیش یەکتریمان بینیوە. حیزبی دێموکرات دوژمنایەتیی لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی نییە و دەیەوێ بەرەدەنگ بۆ کورد ببینێتەوە و ئەوە سیاسەتێکی بەرپرسانەیە. دانیشتن لەگەڵ موجاهیدین، دانیشتن لەگەڵ کۆماریخوازان، دانیشتن لەگەڵ ئەو سلێبریتیییانە، دانیشتن لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکان، دانیشتن لەگەڵ هەموو ئەو ئێرانیییانەی دژبەری ڕێژیم ئەرکی ئێمەیە و لە پێناو دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و ئاڵترناتیڤێکی کارا کە جێگای کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە؛ دەبێ لەسەری بەردەوام بین. دواجار وەکوو حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەداین کە یەکڕیزیی نێومالّی کوردی دەتوانێ پێگەیەکی تایبەت بە کورد ببەخشێت و ببێتە بەشێک لە ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## خالید عەزیزی: ئەگەر دنیا دەیهەوێ کێشەی ئەتۆمی ئێرانی لەکۆڵ بێتەوە، دەبێ هەوڵی بنبڕکردنی ئەو ڕێژیمە بدات




**وتووێژ: دی پرێسێ**

**ئاماژە:**

خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەم دواییانەدا میوان بوو لە کۆنفرانسێک کە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکێک لە سالۆنەکانی شارەداریی ڤییەن گیرا. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ مافی کوردەکان لە ئێران خەبات دەکات. دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، لە ڕێکەوتی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ لە ڤییەن لەلایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ئێرانەوە تێرۆر کرا، و ئوتریش ئەوکات تێرۆریستەکانی بەرەو ئێران بەڕێ کردەوە. لە کاتی کۆنفرانسەکەدا (٢٣ - ٦ - ٢٠٢٣) کە کاک خالیدی عەزیزی، یەکێک لە پانێلگێڕەکانی بوو، ڕۆژنامەنووس ڤیلاند شنایدەر لە ڕۆژنامەی "دی پرێسێ" لە وڵاتی ئوتریش ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کرد. بڵاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە، کەمێک وەدرەنگی کەوت.

بەشی دوویەم

**خالید عەزیزی**: داوا دەکات کە ئوورووپا هەڵسوکەوتی توندتر لەگەڵ سیاسەتی "بەبارمتەگرتنی" ئێراندا بکات و دامودەزگا قەزاییەکانی ئوتریشیش سەرلەنوێ بە پەروەندەی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانیدا بچێتەوە. هەروەها هەڕەشەی ئەتۆمییش تەنیا ئەوکاتە کۆتایی دێت، کە ڕێژیمی ئێران کۆتایی پێ هاتبێت.

**دی پرێسێ**: دوای ئەوەی ژینا مەهسا ئەمینی لەژێر دەستی گەشتی ئیرشادی ئیسلامیدا مرد، ئەوە نیزیکەی ساڵێکە کە لە ئێران دژی ڕێژیم نارەزایەتییەکان بەردەوامن، بەڵام ڕێژیم هەر لەسەر کارە؟

**خالید عەزیزی**: دوای مەرگی ژینا ئەمینی نارەزایەتییەکان بە گوڕوتینێکی زۆر دەستیان پێ کرد، ڕاپەڕینێکی زۆر بەربەرین بوو، حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و نەتەوەکانی جۆراوجۆر و گرووپ و دەستە و لایەنی مەزهەبی و ئێتنیکی جۆراوجۆر بەشدار بوون تێیدا. ئەوانە هەموویان یەکگرتوو بوون. خەڵک دروشمگەلێکیان دەگوتەوە کە بۆ یەکەمجار لە کوردستانەوە سەریان هەڵدا و لە ئێراندا دەگوترانەوە، بەڵام ئێستا ئەو ڕاپەڕینە لە کزیی داوە.

**دی پرێسێ**: بۆ؟

**خالید عەزیزی**: ڕێژیم لە هەموو جۆرە ئیمکاناتێک کە هەیەتی، دژی خۆپێشاندەران و نارازییان کەڵکی وەرگرت، لەو نێوشدا هێزە دژبەرەکانی ڕێژیم وەک ئۆپۆزیسیۆن، نەیانتوانی بەدیلێک دروست بکەن. دروشمی سەر زاری خەڵک ئەوەیە "بڕووخێ ڕێژیم"، بەڵام بەداخەوە هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم لەم نێوەدا، سەرکەوتوو نەبوون کە بەدیلێک بۆ دوای ڕووخانی ڕێژم بە خەڵک بناسێنن.

**دی پرێسێ**: وڵاتانی ئورووپایی پشتگیرییان لە نارەزایەتییەکان کرد لانیکەم لە ڕووی ئەخلاقیەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەیانهەوێت پەروەندەی ئەتۆمی ئێران دووبارە بیننەوە سەر مێزی وتووێژ؟

**خالید عەزیزی**: ئەم شێوە ڕاپەڕینانە کە تەنیا لە ڕووی ئەخلاقییەوە پشتگیری دەکرێن، لە گۆڕەپانی سیاسیدا بە پشتگیری لەقەڵەم نادرێن. ئێستا تەنیا لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران قسە دەکرێت، بەم شێوەیە ڕێژیم توانیویەتی هاوپەیمانیە نێونەتەوەییەکان بەبارمتە بگرێت. بەڵێ، ئەو ڕێژیمە بە هیچ شێوەیەک نابێ دەستی بە بۆمبی ئەتۆمی ڕابگات، بەڵام ئەوە هەر دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی ئەو ڕیژیمە لەسەر کار بێت. بۆیە ئەگەر دنیا دەیهەوێ مەترسیی بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە بنبڕ بکات، دەبێ هەوڵی بنبڕکردنی ئەو ڕێژیمە بدات.



سەرچاوە Serchawe

بەشی دوویەم

**دی پرێس: بەڵام لە داهاتوودا بۆ ئەوە شانسێک هەیە؟**

**خالید عەزیزی**: لە ئێران خەڵک ئەوە دەزانن، کە ئەو ڕێژیمە لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا توانای چارەسەری گیروگرفتەکانی نییە، من چاوەڕوانیی ئەوە دەکەم، کە شەپۆلێکی تازەی نارەزایەتییەکان لە کوردستانی ئێران و هەروەها لە تەواوی ئێراندا، بێتەوە گۆڕێ.

ڕێژیم هەوڵ دەدات ئەو کەسانە، کە هاووڵاتی دوولایەنەن بخاتە زیندانەوە، بۆ ئەوەی وەک چەکێکی فشار بۆ سەر وڵاتانی ئورووپایی بە کاریان بێنێ و کەسانی خۆی، کە لە ئورووپا دەگیرکەوتوون پێ ئازاد بکات. هەر دوور نەڕۆین، ئێران تازە دوو کەسی ئوتریشیی ئازاد کردووە بۆوەی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی کە لە بێلژیک وەک پلاندارێژی تێرۆرێک لەدژی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران حوکم دراوە، ئازاد بکرێت.

ئەگەر ئورووپا بەتوندی بەرهەڵستی ڕیژیم بێتەوە، ڕێژیم ناتوانێ ئوورووپا بکاتە گۆڕەپانی شەڕانخێوی خۆی و هێرش بکاتە سەر دژبەرانی و تێرۆریان بکات و، بەم شێوەیە کەڵکی خراپ لە ئورووپا وەردەگرێ. ئەمن هیوادارم ئورووپا ئەو مەترسییانەی کە لەلایەن ئێرانەوە لە سەری هەن، وەک مەترسییەکان ڕوسیا بیبینێ.

**دی پرێس: تێرۆریستەکان دوای تێرۆری ڤییەن توانیان بێ هیچ بەربەستێک، ئوتریش بەجێ بێڵن و بەرەو تاران بڕۆنەوە، پێتوایە کە ئوتریش، ئێستا دەبێ هەنگاوێکی دیکە باوێت لە مەسەلەی ئەو تێرۆرەدا؟**

**خالید عەزیزی**: ئەو تێرۆرە لە ڤییەن کراوە، لە پێتەختی وڵاتێکی سەربەخۆ کە دەزگای قەزایی سەربەخۆی هەیە ئەوە بە دەست دامودەزگاکانی قەزایی ئوتریشە کە ئەو پەروەندەیە بخەنەوە گەڕ، چوون هیچ شک و گومانێک لەوەدا نییە کە تاوانبار لەم پەروەندەیەدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بەداخەوە حکوومەتی ئوتریش لە ساڵی ١٩٨٩دا بە هۆی ساتوسەودای لە گەڵ ئێران، توانی بەر بە پرۆسەی قانونی بەدژی تێرۆریستەکان بگرێت. بۆیە ناکرێ ئەو پەروەندەیە وەک پەروەندەیەکی داخراو و وەلانراو سەیر بکرێت.

ئەگەر لە مانگی جولای ١٩٨٩دا لە ڤییەن قازییەک هەبایە و دوای تێرۆری ڕێبەری ئێمە دوکتۆر قاسملوو، دژی ئەو بکوژانە لێکۆلینەوەی کردبایە، لەوانەبوو تێرۆری میکۆنۆس لە ئاڵمان ڕووی نەدابا؛ کە لەو تێرۆرەشدا کۆماری ئیسلامی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دیکەی ئێمەیان تێرۆر کرد.



سەرچاوە
Serchawe

**دی پرێسێ**: لەنێو حیزبی ئێوەدا باسی ئەوە هەبوو پێشمەرگە دەنێردرێتەوە بۆ ئەوەی ناڕازییان لە توندوتیژی هێزەکانی ڕێژیم بپارێزێت و، بەم شێوەیە سەرهەڵدانەکە بگاتە ئاستێکی نیزامی؟

**خالید عەزیزی**: حیزبی ئێمە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی سیاسییە و گرووپێکی چەکدار نیی. ئێمە پێشمەرگەمان هەمیشە هێزی بەرگریکار بووە، بەڵام سیاسەتی ئێمە ئەوە نەبووە کە پێشمەرگە بنێرینەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای نیزامییەوە پشتیوانێک بین بۆ نارەزایەتییەکان، یان چالاکیی سەربازی بکەین. لە کوردستانی ئێران بزوتنەوەیەکی بەهێزی مەدەنی هەیە و، ئەوەمان لە دوای شەهیدبوونی ژینا باشتریش بۆ دەرکەوت.

**دی پرێسێ**: کەوابێ پێشمەرگە تەمای هێرشکردنە سەر سوپای پاسدارانی نییە؟

**خالید عەزیزی**: پێشمەرگەی ئێمە هێزێکە کە ئەرکەکەی بەرگریکردنە.

**دی پرێسێ**: بەڵام ناوەندی سەرەکیی ئێوە لە کوردستانی عێراق چەند جار لەلایەن ڕێژیمەوە هێرشی کراوەتە سەر، بۆ؟

**خالید عەزیزی**: لە هێرشە مووشەکییەکەی ساڵی ٢٠١٨دا من خۆم یەکێک لە برینداره‌کان بووم، دوای ئەوەش ڕێژیم ئێمەی چەندین جار داوەتەوە بەر موشەک و درۆن، بۆ ئەوەی ئەو سەرنجەی لەسەر نارەزایەتییەکان نێوخۆی ئێران هەبوو، بەلاڕێیدا بەرێت. ڕێژیم لەو نێوەدا دەیهەوێت بە خەڵکی ئێران بڵێ کە هێزە سیاسییە کوردەکان خەباتیان بۆ پارچەپارچە کردنی ئێرانە، و ئەوە هیچ ڕاستییەکی لە پشت نییە. ئێمە هەمو هەوڵمان ئەوەیە کە لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئێرانیی غەیری کورد بتوانین دیمۆکراسییەک بخەینە گەڕ کە لەودا هەموو وەک یەک بەشدار بن و خاوەندارەتی لێ بکەن. جا ئەوە فەرق ناکا کام نەتەوە و کەمینەیە و چ ئایین و پاشخانێکی کولتووریی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## **خالید عەزیزی**: نامانەوێ و نەمانویستووە هەرێمی کوردستان بکەینە مەیدانی شەڕ و پشتی جەبهەی خۆمان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران




**وتووێژ**: تۆڕی مێدیایی "ڕووداو"

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەوی دووشەممە ٢ی گەلاوێژ لە وتووێژێکدا لەگەڵ تۆڕی مێدیایی "ڕووداو" وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکی پێوەندیدار بە پرسی ئەمنییەتیی حیزبی دێموکراتی دایەوە و، سیاسەتەکانی حیزب بە نیسبەت هێرش و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و چەندیوچۆنیی ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی نێوان عێراق و ئێران و لێکەوتەکانی لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانی شی کردەوە. "کوردستان‌مێدیا" پوختەی وەڵامەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی لە چەند تەوەرێکی گشتیدا بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**ڕووداو**: وادەی دیاریکراوی سپای پاسداران بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان

**خالید عەزیزی**: تا ئەو جێگای پێوەندی بە ئێمەوە هەیە لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی و ئەندامان و بەشێک لە دامەزراوەکانی

حیزب لە خاکی کوردستان و لە خاکی عێراقدا زۆربەیان مەدەنین. ئێمە هەموو کاتێک هەوڵمان داوە دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا نەکەین و، ڕێز لە سەرووی خاکی عێراق و یاساکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بگرین. لەژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتە گشتییەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەکۆشی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگا چارەیەک ببینێتەوە. بەشێک لە بیانووکانی ئێران ئەوەیە ئێمە لێرەوە هێزی پێشمەرگە دەنێرینەوە و عەمەلیاتی نیزامی دەکەین، لە حاڵێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەردی بناغەوە وەک وەک حیزبێکی سیاسی دامەزراوە و پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سەرنەکەوتنی دانوستانەکانی ئێمە لەگەڵ تاران و پاش هێرشی سپا و ئەرتەشی ئێران ئیدی خەڵک بەناچار بەرگرییان لە خۆیان کردووە.

لە ئێستادا و لە حاڵێکدا لە نێوخۆی وڵات خەبات و تێکۆشانێکی بەربەرینی مەدەنی، قانوونی و جەماوەری هەیە، حیزبی دێموکرات هیچ حەوجێی بەوە نییە پێشمەرگە بنێرێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە پێمان وایە پرسی کورد لە ئێران ڕێکاری نیزامیی نییە. هەر لەم ڕووەوە ئێمە لەو دواییانەدا نە پێشمەرگەمان ناردۆتەوە، و دەشمانەوێ هەرێمی کوردستان و خاکی عێراق بکەینە پشتی جەبهە بۆ شەڕ و شۆڕشی خۆمان. بۆیە ئێمە هەموو پابەندییەکانی خۆمان بە یاسا نێونەتەوەییەکان و پرەنسیپە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان پاراستووە، و هەر لە درێژەی ئەوەشدا حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە پاسەوانانی سنوور لە سنوورەکان جێگیر بکات.

حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان مافی قانوونیی خۆیانە پاسەوانەکانی سنوور لە ناوچە سنوورییەکان جێگیر بکەن. ئێرە عێراقە و ئێمە لەوەدا دەستوەردان ناکەین و لەهەر جێگایەکی ئەو سنوورانە پاسەوانانی حکوومەتی عێراقی لێ بن، بە لای ئێمەوە ئاساییە و پێشمان باشە. چونکی ئەودەم حکوومەتی عێراقیش دڵنیا دەبێت لەوەی ئێمە باسی دەکەین. ئێمە مادام هێرش ناکەینە سەر هێزەکانی ئێران لە نێوخۆ و مادام هێزی پێشمەرگە نانێرینەوە، ئاشکرایە ئەوە هەمووی بیانووگریی کۆماری ئیسلامییە و ئێمە ئامادەین لەو پێوەندییەدا ڕێگاچارەیەک ببینیەوە کە لە چوارچێوەی سیاسەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەقیقەن "دفع‌الشر"ێک بێت بەو بیانووگرییەکانی ئێران بە بەغدا، هەرێمی کوردستان و ئێمەی گرتووە.

**ڕووداو**: پرسی چەککردنی حیزبی دێموکرات

**خالید عەزیزی**: بارودۆخی عێراق جۆرێکە هەموو کەس و هێز و لایەنەکان چەکدارن. لە عێراق گرووپی جۆراوجۆری چەکدار هەیە. ئەمریکا چەکدارە، لایەنە عێراقییەکان چەکدارن، هێزە کوردییەکان چەکدارن. چەکداربوونی ئێمە لە ڕاستیدا بۆ

بەرگری لە خۆمانە و پرسی چەکداربوونی ئێمە گرێدراوی پرسی ئەمنییەت و پاراستنی بنکە مەدەنییەکانی ئێمەیە. ئەو بنکە مەدەنییانە بێگومان پێویستییان بە پاراستن هەیە. ئێمە لە ڕابردووی ١٠ تا ١٢ ساڵ پێش ئێستادا لە پێوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا ئەو باسانەمان لەگەڵ کردوون. هەر بۆخۆم یەکێک لە سەرۆکوەزیرانی عێراقم لە بەغدا بینیوە و پێمان گوتوون ئێوە ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەناسن و دەزانن حیزبێکە بە هەست بە بەرپرسیارییەتییەوە لێرەیە. ئێمە هەرگیز بۆ کێشە دروستکردن لێرە نین و دەستێوەردان لێرەدا ناکەین و، تەنانەت ئەگەر قسە خێرتان بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران پێ دەکرێ، لەلایەن حیزب دێموکراتەوە فەرموون بەدوایدا بڕۆن. یانی حکوومەتی عێراق و بەشێکی زۆر لە لایەنە سیاسییەکان ئاشنان بە مێژووی جووڵانەوەی کوردی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بۆیە من پێموایە بەغدا تا ڕادەیەکی زۆر دەزانێ سیاسەتەکانی ئێمە چۆنە و، تێدەگا ئێمە حیزبێکی لاشەڕین و ڕێز لە سەروەری خاکی عێراق دەگرین و لە داهاتووشدا ئەسبابی کێشە بۆ حکوومەتی عێراق و هەرێمیش نابین.

**ڕووداو: ڕێگەچارەی کێشەکانی نێوان کورد و دەسەڵات لە تاران**

**خالید عەزیزی**: بناغەی دروستبوونی حیزبی دێموکرات لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و کوردایەتییە. حیزبی دێموکرات چارەسەری ئەو کێشەیە لەوەدا دەبینێ دێموکراسی لە ئێراندا جێگیر ببێ و جیاواز لەوی داهاتووی ئێران چی لێ دێتەوە، ئێمە دەمانەوێ تاران گوێ لە داواکانی ئێمە بگرێ و ڕێزی بۆ دابنێ و لانیکەمی ئەو داوایانە جێبەجێ بکرێ. ئێمە پێمانوایە لە تاران هەموو وەک یەک بیر ناکەنەوە و ڕەنگە لەنێو کۆماری ئیسلامییشدا خەڵکانێک هەبن وەکوو سپای پاسداران بیر نەکەوە و ئەوانیش پێیان وابێت ئەو نیزامە کێشەی بۆ خەڵکی ئێران دروست کردووە و کورد و بۆخۆشیانی تووشی کێشە کردووە. من پێموایە ئەو باسانە و ئەو عەقڵییەتە لە داهاتوودا دێتە گۆڕێ، بەڵام دیسان جەخت دەکەمەوە، شەڕ و مووشەکباران و دڕۆن ناردن بۆ دەرەوە و کوشتن و ئێعدام و بڕین لە نێوخۆ، ئەوانە هیچی ڕێگاچارە نییە. هۆیەکەی ڕوونە: کۆمار ڕووخا، بەڵام جووڵانەوەکە مایەوە. لە دوای کۆمار و پاشان هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کە دانوستان لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد سەری نەگرت و هێرش کرایە سەر کوردستان؛ جووڵانەوەکە هەر مایەوە. ڕێبەرانمان تێرۆر کران و ئەو جووڵانەوەیە و ئەو حیزبە هەر ماوە. ئەو بابەتە پرسی مەسەلەی یەک حیزب و دوو حیزب نییە، پرسی یەک میللەتە کە لە جووڵانەوەی ژینادا سەلماندی داواکاریی خۆی هەیە و بەدوایدا دەڕوا و کاری بۆ دەکات.

**ڕووداو: پێوەندیی حیزبی دێموکرات و هەرێمی کوردستان**

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراق و هێزە سیاسییەکانی پێوەندییەکی یەکجار خۆشی هەیە. زۆربەی خەڵکی هەرێم و هێزە سیاسییەکان بە مێژوو و پێوەندیی ئێمە ئاشنان و لە خۆشی و

ناخۆشییەکاندا لەگەڵمان بوون، بۆیە هەمیشە جێگای ڕێز و سپاسن. تا ئەو جێگایەش کە پێوەندی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، من پێمwایە هەم سەرۆکایەتیی هەرێم و هەم سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە هەست بە بەرپرسیارییەتیەوە بۆ ئەو مەسەلەیە چوون. لەو ماوەیەدا هەم بەغدا و هەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو لەسەر خەت بوون و ئێستاش هەر بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن کە لەو چارەسەردا خاڵی سازانێک دروست بکەن. واتە ڕێگاچارەیەک ببیندرێتەوە کە هیچ لا بەو جۆرە زەرەی تێدا نەکەن و ئارامییەک لەو ناوچەدا بێتە گۆڕێ. تا ئەو جێگایەش کە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، دیسان پێداگریمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ڕێز لە یاسا و ڕێساکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەروەریی عێراق دەگرین و لە چوارچێوی ئەو ڕەچاوکردن و ڕێزگرتنەدا، بە هەست بە بەرپرسیارێتییەوە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین.

خۆ هەر لە مووشەکباران و زیانەکاندا بەتەواوی دەرکەوت بنکەکانی ئێمە کە هێرشیان کرایە سەر، زۆربەی زۆریان خەڵکی مەدەنیی تێدا نیشتەجێیە و دامەزراوەی جۆراوجۆری مەدەنیی حیزبیان تێدا بووە. ئەگەر قەرار بێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرۆژەی سەربازیی هەبێت، خەڵکانێکی زۆر لە نێوخۆی وڵات هەن کە چەکیان هەیە و ئامادەییشیان هەیە و داواشیان لە ئێمە کردووە کە ئێمە پێمان گوتوون نا. یانی بە لای ئێمەوە ئەوە باوەڕە. بەتایبەتی کە نامانەوێ هەرێمی کوردستان، بکەینە مەیدانی شەڕ و پشتی جەبهەی خۆمان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران.

**ڕووداو: داخوازەکانی ئێران و ئاسۆی ڕێککەوتن لەسەر ناکۆکییەکان**

**خالید عەزیزی**: هەتا ئێستا ڕێککەوتنێک کە کۆتایی بەو ئاڵۆزی و بابەتە بێنێ نەکراوە. بەڵام هەم ئێمە و هەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەم بەغدا لەسەر خەتین. ڕێگا چارەی جۆراوجۆر باس دەکرێ. ئاشکرایە ئێران کۆمەڵێک داوای هێناوەتە گۆڕێ، وەک ئەوەی و لەگەڵ بەغدا باسی کردووە و، بەغداش لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم وتووێژانە هەتا ئێستاش بەردەوامن و هەروەک باسم کرد ئێمە بە هەست بە بەرپرسایەتییەوە چاو لە مەسەلەکە دەکەین و ئیدی ئەوە حکوومەتی بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستانن کە دەبێ بزانین، چ ڕێگا چارەیەک دەبیننەوە. مەسەلە بیانووگرییەکانی ئێرانن. بۆ نموونە و بۆ ئاگاداریی هەموو لایەک لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە هێرش کراوەتە سەر حیزبی دێموکرات، پێشمەرگەکانی ئێمە لە ناوچەی سەر سنوور بوون، بەڵام ئەو شوێنانە هێرشیان نەکراوەتە سەر و هێرشەکە بەداخەوە بۆ سەر بنکە و بارەگاکا مەدەنییەکانی ئێمە بوو کە خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵی تێدا دەژین. جا ئەگەر ئێمە گەیشتینە سەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئەوکات خوێندنەوەیەکی دیکە لە مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خاکی عێراق و لەنێو حکوومەتی هەرێمدا دەکرێت.

بە گشتی سیاستی گشتی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، ئەوەیە لە چوارچێوەی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستاندا جۆرێک هەڵسوکەوت بکەین بەشێک لە چارەسەری ئەو کێشەیە بین. لەبارەی هێنانەخوارێی هێزەکانمان لەسەر سنوور داوایەک لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە لە ئێمە کراوە کە ناتوانین نادیدەی بگرین. بەڵام کاتێک بڕیارە پاسەوانانی سنوور لەو ناوچانە جێگیر بن، بە مانای ئەوەیە ئەو داوایەی ئێران کە پاراستنی سنوورەکانیەتی وەدی هاتووە و بیانوویەکی بۆ هێرش و هەڕەشە نامێنێت. ئێمە لەمێژە بەڕاشکاوی گوتوومانە سەرەڕای ئەوەی لە نێوخۆی وڵاتەوە داواشمان لێ دەکەن، بەڵام ئێمە گوتوومانە نە پێویستیمان بەوە هەیە و نە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە. ئەوە ڕێژیمە کە لەو ڕێگەیەوە دەیەوێ شۆڕش و ڕاپەڕینی مەدەنیی خەڵک بە لاڕێدا ببا.

**ڕووداو**: پرسی دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی

**خالید عەزیزی**: ئێمە لەباری پرەنسیپ و ئوسوولییەوە هەرگیز دانوستانمان وەلا نەناوە. زۆر سروشتییە لەنێوان جووڵانەوەی کوردستانی ئێران، لە نێوان حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیدا دانوستان هەبێت. بۆیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی داوای وتووێژ بکات، وەک پرەنسیپ سیاسەتی ئێمە ڕوونە. بەڵام پرسیار ئەوەیە داواکە چییە؟ چۆنە؟ کێ دەیهێنێ؟ بابەتەکانی پێوەندیدر بە کاتی داواکە و زۆر دی و ئەو لایەنە تێکنیکییانە هەمیشە جێگای باسن. دەنا حیزبێکی سیاسی کە لە حاڵی خەبات و تێکۆشاندایە و، لایەنی بەرانبەری داوای وتووێژی لێ دەکا، بە هیچ جۆر ئەوە ڕەت ناکاتەوە. بەڵام دەبێ بزانین ئەو پەیامە چییە؟ چی دەنێرن و بە کێدا دەینێرن؟ هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە لە ڕابردووشدا ئەوەمان کردووە، بۆ نموونە لە دانوستانێک کە لە ڤییەندا کرا، نەمر دوکتور قاسملووی تێدا شەهید کرا.یان دانوستانێک کە سێ-چوار ساڵ لەوە پێش لە نۆرویژ کرا و هەیئەتێکی باڵای کۆماری ئیسلامی هاتن و چەندین دانیشتنیشمان پێکەوە هەبوو، بەڵام بە هیچ ڕێککەوتنێک نەگەیشتین.

**ڕووداو**: خەباتی دیپلۆماسیی حیزب لە دەرەوەی وڵات

**خالید عەزیزی**: ئێمە لە تەواوی ژیانی سیاسیی خۆماندا بایەخمان بە لۆبیگەری لە ئورووپا و ئەمریکا داوە. بەردی بناغەی لۆبیگەریی کورد و حیزبی دێموکرات نەمر دوکتور قاسملوو کاتی خۆی لە پاریس داینا. ئەو بۆچوون و عەقڵییەتە وردە وردە پەری سەند و، ئێستا دەبینین کە بەهرەی بۆ بەشێکی کوردستان بەتایبەتی باشووری کوردستان هەیە.

لە ئەمریکا تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە چارەسەرەکان هەیە و تا ئەو جێگایەی پێوەندی بەوەوە هەیە گوێ بدەن بە ئێمە، لایەنە ئەمریکییەکان حیزبی دێموکراتیان پێ حیزبێکی مەنتیقییە و حیزبی دێموکراتیان پێ حیزبێکە کە دژی

تێرۆریزم و لایەنگری دێموکراسییە. حیزبێک کە لایەنگری ئیدارەی هەمەلایەنەی ئێرانە، بۆیە لەو بابەتەدا زۆر دامەزراوە لە ئەمریکا گوێ دەدەن بە ئێمە و ئێمەش لەوێ هەوڵمان داوە خەڵکێکی زۆر پەیدا بکەین هەتا بە نیسبەت مەسەلەی ئێمە و مافەکانی ئێمە لە داهاتووی ئێراندا، بێتەفاوت نەبن. بەڵام ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەداخەوە زۆر سەرقاڵە بە مەسەلەی پڕۆژەی ئەتۆمیی ئێران و لەلایەکی دیکە بە ئۆکراینەوە، بۆیە مەسەلەی ئێمە جارێ ڕەنگە لە ڕۆژەڤی کاریاندا نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش، دانی بە دنیابینیی جیاوازیی کوردستان نەناوە




**وتووێژ: کوردکاناڵ**

**ئاماژە:**

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نوێترین وتووێژ دەگەڵ تەلەڤیزیۆنی فەرمیی حیزب (کوردکاناڵ) باسی لە پێویستیی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، دەوری پێشەوا قازی محەممەد و دکتۆر قاسملوو لە داڕشتنی سیاسەتە گشتگیر و ستراتێژیکییەکانی حیزب و ڕەوشی خەبات لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا کردووە. باس لە چۆنیەتی و هۆکاری هێرش بۆ سەر کوردستان هەر لە سەرەتای دەستپێکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەردەوامیی سیاسەتی سڕینەوەی کورد لەلایەن حکومەتی ناوەندی تەوەرێکی دیکەی ئەو دیمانەیە بوو. ڕۆژنامەی "کوردستان" پوختە و گرنگترین بەشەکانی وتوێژی بەڕێزیانی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**کوردکاناڵ**: گرنگی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات:

**خالید عەزیزی**: دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر، وەڵامێک بوو بۆ پێویستییەکی مێژوویی،

سیاسی و تەشکیلاتی لە کوردستانی ئێران. بەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتیش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران بە شێوەی بەربڵاو بەڵام ڕێکنەخراو و لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا دژایەتیی دەسەڵاتی ناوەندی بە ئاراستەی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بوونی دەکرا. بەڵام دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دەرکەوتنی بۆشاییەک لە ئاکامی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و ئینگلیس، نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات بە لێکدانەوەی ڕاستەقینەی لە دۆخی ئارایی، حیزبی دێموکراتی وەک حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک دامەزراند. دەکرێ بڵێین دوای ئەم ڕووداوە ژینگەی سیاسی کوردستانی ئێران و ڕێکخستنی خەڵکی کورد لە هەمبەر چۆنیەتیی چالاکیی سیاسی و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان شێوازیی حیزبی بەخۆوە گرت.

**کوردکاناڵ**: دەوری پێشەوا قازی محەممەد:

**خالید عەزیزی**: بە ڕوانینێکی ڕاستەقینە لە دۆخی ئێران و کوردستانی ٧٨ ساڵ لەمەوبەر، ڕەوشی ئاڵۆز و ناهەمواری ئێران، پاشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان بەبەراورد دەگەڵ ئەمڕۆ، نزمبوونی ئاستی خوێندەواری و زانست لەنێوان خەڵک و هەبوونی کۆمەڵگەیەکی عەشیرەیی و دەرەبەگایەتی؛ هەوڵی قازی محەممەد بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و ئامادەکردنی کوردستان بۆ ژینگەیەکی سیاسی نوێ، هەوڵێکی ناوازە و پێشکەوتوانە بوو. هەڵبەت لەو سەردەمەدا ئالنگاری و دەرفەتی زۆریش بوونیان هەبووە. دەرفەتەکان ئەوانە بوون چۆن بکرێ لەو دەرفەتە هەڵکەوتووە بۆ ڕۆنانی دێموکراسی و گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کورد، کەڵک وەربگیردرێ. کێشە و ئالنگارییەکانیش ئەوە بوو کە دەبوایە کۆماری کوردستان و ئازەربایجان پێکەوە بە دوای چارەسەری کێشە و قەیرانەکان هەنگاو بنێن و، بەخۆشییەوە بەڵگە مێژوویەکان نیشان دەدەن کە ئەو پرسانە بە ژیری و وریایی چارەسەر بوون و ئێمەش هیواداری‌ن کە ئەم ئەزموونە مێژووییە ئێستاش کاری پێ بکرێ و هەردووک لایەنی کورد و تورک پێکەوە بە هاوکاری و هاوتەریب دەگەڵ یەکتر پەرە بە پێوەندییەکانییان و هاوکاریی دوولایەنە بدەن. یەکێکی دیکە لە گرفتەکان حکومەتی پەهلەوی بوو کە نەیدەویست دان بەو حکوومەتانە دابنێت. قازی محەممەد هەوڵی ئەوەی دابوو بە چالاککردنی دیپلۆماسی و دیالۆگ دەگەڵ تاران بەپێی ڕاستییەکانی ئارایی باشترین بڕیار بدرێ، بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمەدا بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی ئێران ئاگاداری ئەوە نەبوون دۆخی کوردستان چۆنە و خەڵکی کورد چی دەوێ، وێڕای هەوڵی بێوچانی قازی محەممەد بۆ چارەسەری گرفتەکان، بەڵام لە تاران هیچ گوێچکەیەک بۆ بیستن بوونی نەبوو.

چۆنیەتیی ئیدارەی کوردستان یەکێکی دیکە لە داڵغە فکرییەکانی پێشەوا بوو. بە هەوڵ و خەباتی بەردەوامی قازی محەممەد و ڕێنوێنییەکانی لەو سەردەمەدا (کە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر یەکیەتیی لاوان و ژنانی کوردستان دامەزرا) بەڵگەیەکی

زۆر هەن پشتڕاستی دەکەنەوە، حکومەتی خودموختار بۆ ئیدارەکردنی کوردستان بەرنامەی داڕشتووە و زۆربەی ئەو بەرنامانە لە ئاوەزی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە. "ئارچیبالد روزوێلت" کە ئەوکات دیپلۆمات و بەرپرسی کاروباری نیزامیی ئەمریکا لە سەفارەتی ئێران بوو، سەفەرێک بۆ کوردستان دەکات و چاوی بە قازی محەممەد دەکەوێت و دگەڵی دەدوێ، ئەو دەڵێ: قازی محەممەد لە نێو خەڵکدا کەسایەتییەکی زۆر جێگای رێز و خۆشەویست بوو، ئەو بەسەر چەند زماندا زاڵ بوو و کتێبخانەیەکی هەبوو یەکجار زۆر گەورە و دەوڵەمەند، هەڵسوکەوتی ناوبراو دگەڵ سەرجەم چین و توێژێکی کۆمەڵگە بەوپەڕی رێزەوە بوو، کاتێک پرسیارم لێ کرد ئارمانج و جۆری حکوومەتی دوارۆژتان چییە؟ گوتی: دێموکراسی. ئەمە لەوسەردەمەدا و لە جیهانبینیی ئەو چاخە کە کلۆکۆی هزری چەپ و کۆمۆنیستی زاڵ بوو، زۆر جێگای بایەخە".

**کوردکاناڵ**: کۆمارە ناوچەیەکان لە وڵاتی پاشایەتیی ناوەندتەوەر:

**خالید عەزیزی**: ئێستا ئێمە باس لە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر و دواساڵەکانی کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی دەکەین. لەو سەردەمدا باکووری ئێران، بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن یەکیەتیی سوڤیەتی پێشوو داگیر کرابوو و هەوڵیان دەدا لەم ناوچانەی ژێر دەستەڵاتییان ئەزموون و بیرۆکەی سیاسیی خۆیان دابمەزرێنن. ئەم بابەتە لەلایەک ئەرێنی بوو، چونکە لە نێوخۆی یەکیەتیی سوڤیەتی پێشوو نزیک ١٥ نەتەوەی جۆراوجۆر دەژیان، ئەوان هەموویان کۆمار یان خودموختاری نێوخۆیی خۆیان هەبوو واتە دەستەڵات لەدەستی خۆیان دابووە، کۆماری کوردستان و ئازەربایجانیش لەوە وەرگیرابوو، هەربۆیە قازی محەممەد و حیزبی دێموکرات بەرنامەی ئەوەیان نەبوو لە ئێران جیا ببنەوە و هەوڵی ئەوان ئەوە بوو پرسی نەتەوەیی کورد و هەڵسووڕانی کاروباری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دابێ.

**کوردکاناڵ**: دۆخی خەباتی حیزبی دێموکرات دوای نەمانی کۆماری کوردستان:

**خالید عەزیزی**: دوای لەسێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێیەکانی حیزبی دێموکرات قۆناغی خەباتی نهێنیی دەست پێ کرد، زۆربەی کادر و ئەندامانی حیزب زیندانی و بەشێکیشیان شاربەدەر کرابوون، بەلام سەرەڕای ئەوە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب دگەڵ چالاکانی ئیداریی ئێرانی پێوەندی باشیان هەبوو، بۆ میناک لە سەردەمی موسەدیق ئەو پێوەندی و چالاکییانە هەروەها کەشی هەتا ڕادەیەک کراوەی سیاسی لە کوردستان بووە هۆی ئەوەیکە جارێکی دیکە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات وە جموجۆڵ بکەوێتەوە، بەڵام دوای کودتا و گەڕانەوەی دیکتاتۆریی پەهلەوی، هەمدیسان بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات گیران و تەنانەت بەشێکیان هەتا شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ لە بەندیخانەدا مانەوە و هەبووە ٢٥ ساڵ لە زینداندا بووە. لەم دەورانە ئاڵۆز و نهێنیکارییەدا بەشێکی زۆر لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بەناچار نیشتمانی بەجێ

هێشت و لە باشووری کوردستان درێژەیان بە خەباتی سیاسی خۆیان دا، بەڵام هەرچۆنێک بێ پردی پێوەندیی خەڵک و حیزب هەر بەردەوام بووە.

**کوردکاناڵ**: دۆخی حیزبی دێموکرات دوای شۆڕشی ١٣٥٧:

**خالید عەزیزی**: خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرکەوتنی شۆرش هەبوو، بەڵام بەداخەوە وردوردە ئێمە لە نێوخۆی ئێران وەک بێگانە و دژ سەیرمان کرا، هەتا وای لێ هات بەشێک لە خەڵکیی چەکداری تاران و شارەکانی دیکەی ئێران لە ڕێکخراوە تازە دامەزراوە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕێک خران. سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەردەوام پێداگری لەسەر ئەم خاڵە کردووە پرسی کورد دەگەڵ دەستەڵاتی ناوەند لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر دەبێ، هەموو هەوڵی حیزبی دێموکرات و د. قاسملوو وەک وتەبێژی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵقی کورد لەو کاتەدا و دواتریش لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان ئەوە بووە کۆتایی بەو قسە بێنیت کە باس لە وەهمی "جیاییخوازی" کوردەکان دەکات. بەڵام ئایەتوڵڵا خومەینیش وەک ڕێژیمی پاشایەتی دانی بە پرسی خودموختاری نەنا و دەیگوت ئەوە چەمکێکی ڕۆژئاواییە. ناوبراو هەر لەم پێوەندییەدا بە هاوکارێکی خۆی دەڵێت: ناکرێ ئێمە ئەوان بگۆڕین؟ دوای ئەوە باسی خودگەردانی هاتە کایەوە و، هەموو نەرمی و نەویکێشانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە بوو کۆماری ئیسلامی ئێران خێرا و بەهاسانی شەڕ بەسەرماندا نەسەپێنیت بۆوەی دەرفەتی زیاترمان بۆ وتووێژ و لەیەکتر حاڵیبوون هەبێ. تەنانەت ئەوکات زۆربەی چەپەکانی ئێران و کۆمۆنیستەکان تانەیان لەو سیاسەتەی حیزب دەدا و مۆرک و بوختانی ئەوەیان بۆ حیزب و د. قاسملوو هەڵدەبەست کە "سازشکارە". تەنانەت کاتێک باڵوێزخانەی ئەمریکا لەلایەن ڕێژیمەوە دەستی بەسەردا گیرا و کارمەندەکانی بەبارمتە گیران، حیزبی دێموکرات لە یەکەمین حیزبەکان بوو ئەو کردەوەیەی مەحکووم کرد و پێداگریی لەسەر پاراستنی یاسا و ڕێسا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە کرد. ئەم هەڵوێستەش هەر لەلایەن حیزبگەلی کۆمۆنیستی و چەپ کەوتە بەر ڕەخنە و گازندە، بەڵام ئێمە وەک بەشێک لە مێژوویەکی درەوشاوەی خۆمان سەیری دەکەین چوونکە ئێمە هەمووکات دژایەتیمان کردووە دەگەڵ تیرۆر و بەبارمتە گرتن و ئەمەش سیاسەتی بنچینەیی و نەگۆڕی حیزبەکەمانە. بەهەرحاڵ وێڕای هەوڵەکانی حیزبە سیاسییەکانی کورد بە دامەزراندنی شووڕای خەڵکیی و دێموکراتیک، ناوچەکانی کوردستان ئیدارە دەکران، بەڵام لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە هێرشمان کرایە سەر و شەڕێکی سەرتاسەری بە دژی خەڵکی کورد سەپێنرا.

**کوردکاناڵ**: دەوری دوکتور قاسملوو لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتە ستراتێژییەکانی حیزب:

بەشی دوویەم

**خالید عەزیزی**: سەرجەم رێبەریی حیزبی دێموکرات کە بەشێکی زۆریان لە مەیدانی خەبات دەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکام هێرش بۆسەر کوردستان شەهید بوون یان لە کوردستانی باشوور تیرۆر کران، یان نەمر دکتۆر شەرەفکەندی کە لە ریستۆرانی میکۆنوسی ئاڵمان تیرۆر کرا، دەورێکی بەرچاویان لە بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا هەبووە. بەڵام رۆڵ و کاریگەریی دوو کەس لە رێبەرانمان یەکجار زۆرتر دیارە. یەکەم قازی محەممەدە کە ٧٨ ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی دامەرزاند و دوای ئەو د. قاسملوو کە ئەندازیار و دارێژەری نوێکردنەوەی تەشکیلاتی، سیاسی و ستراتیژیی حیزب بووە. ئەگەر قازی محەممەد سوور بوو لەسەر دامەزراندنی حیزب، د.قاسملووش بەو رادەیە پێداگر بوو کە حیزب دەبێ یاسا و رێسا، تاکتیک، ستراتیژی، بەرنامە، کۆنگرە، کۆنفرانس و دووره دیمەنی سیاسی خۆی هەبێ، هەربۆیە بە هەوڵ و تێکۆشانی بنچینەیی و پێویست، رۆڵی د.قاسملوو لە حیزبی دێموکرات و بە شێوەی گشتی لە بزووتنەوەی کوردستان زۆر بەرچاو و دیارە. دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی کاریزماتیک و مەزنی هەبوو، بەرێزیان کە لەسەردەمی دامەزرانی حیزبدا تازەلاوێک بوو، بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە تاران و دواتر بۆ درێژەی قۆناغەکانی خوێندنی ئاکادیمیک وڵاتی بەجێ هێشت. مانەوە لە ئورووپا و گۆڕانکارییەکانی بەهاری پراگ دەرفەتێکی باش بوو بۆ د. قاسملوو هەتا بتوانێ ئەو ئەزموونانە بگوازێتەوە نێو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە یەک رستەدا دوکتور قاسملوو ئەندازیاری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بووە.

**کوردکاناڵ**: هۆکاری هێرشی هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان:

**خالید عەزیزی**: کوردستانی ئەو سەردەم بە بەراورد دەگەڵ باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران پێشەنگی دێموکراسیخوازی و رێکخستنی سیاسی و خەڵکی بوو. رێبەری و نوێنەرایەتی زۆربەی هێزەکانی ئێرانی دژبەری ئەو رێژیمە نوێیە کە نەیاندەتوانی لە تاران و ناوچەکانی دیکە بمێننەوە، لە کوردستان بوون و کۆماری ئیسلامی ئێران جیهانبینیی جیاوازیی کوردستانی بۆ نەدەسەلما و دانی پێ نەدەنا، هەربۆیە هێرشی کردە سەر کوردستان و بەشێک لە خەڵکی کوردستانیش کە وەک باقی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران چەکیان هەبوو، دەگەڵ دامەزراندنەوە و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە کەوتن و هەتا ئیستاش ئەو بەرگرییە هەر بەردەوامە. خاڵێکی جێ سەرنج لە گەرمەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق ئەوەیە، نەمر د. قاسملوو پەیامێکی بۆ تاران نارد بەو نێوەرۆکەی، ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران دان بە ویست و داخوازییە رەواکانی گەلی کورد دابنێ، ئێمە ئامادەین هێزەکانی خۆمان بۆ بەرەی شەڕ دەگەڵ عێراق بگوازینەوە. ئەمە پەیامێکی زۆر مێژوویی و گرنگ بوو، بەڵام هەتا ئیستاش لەو خەڵکانە بوونیان هەیە کە لە رێبەری رێژیم دان یان بەشێکن لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە ئاگادارییان لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد نییە و هەر زۆر بە هاسانی بەدوای تیۆری پیلان گێرِیدان هەوڵ دەدەن کوردستان و حیزبی دێموکرات بەوە تۆمەتبار بکەن کە ئێوە "جیاییخوازن"، د. قاسملوو بەردەوام



سەرچاوە Serchawe

باوەڕی بەوە هەبوو دامەزراندن و سەقامگیری دێموکراسی لە ئێران و هەبوونی مافی خودموختاری کە بۆ نەتەوەکانی نێو ئێران گرنگی هەبوو، هۆکاری سەرەکی بۆ پێشگرتن لە دابەشبوونی ئێرانە. کەواتە ئەگە بۆ هەمیشە کوردستان و باقی نەتەوەکان لە پەراوێز دابن و ناوەندیش هەر بە ناوەندی بمێنێتەوە، زۆر سرووشتییە هۆکاری هەڕەشەکە بۆ ئەو جۆرە تێڕوانینە بگەڕێتەوە.

**کوردکاناڵ**: بۆچی لە کاتێکدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەهۆڵی کوشتار و تیرۆر و خوێنڕشتن دەکوتێ بەڵام حیزبی دێموکرات واز لە خەباتی مەدەنی، سیاسەتی دیالۆگ و چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیانە ناهێنێت؟

**خالید عەزیزی**: پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، کاتێک کە ئارچیبالد ڕوزوێڵت لە قازی محەممەد دەپرسێ ئێوە چ جۆرە سیستەمێکی سیاسی پەسند دەکەن، وڵامی پێشەوا ئەوەیە کە؛ حکومەتێکی دێموکراتیک. د. قاسملوو لە درێژەی خەباتی سیاسی و حیزبی ئەو دێموکراسیخوازی و بایەخە جیهاندانگرەکانی بردووەتە نێو هەناو و ناخی حیزبەوە. لە سەردەمی شەڕی داسەپاوی دەستەڵاتی ناوەندی بەدژی خەڵکی کورد، حیزبی دێموکرات هیچکات دیلەکانی شەڕی ئەشکەنجە نەدا، بریندارەکانیان لە مەیدانی شەڕ وەک پێشمەرگەکان دەرمان دەکران و دوای ئەوەیکە لە بواری بیرکردنەوەی سیاسی ڕوون دەکرانەوە ئازاد دەکران، جا زۆربەی ئەوان لە ناوچەی خۆیان دەبوونە سەفیری پرسی کورد، ئێمە هیچکات باوەڕمان بە تیرۆر نەبووە، تەنانەت ئەو کاتەی ڕێبەرانمان سەرەتا د. قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ دەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ئێرانی و دواتریش لە میکۆنوس د. شەرەفکەندی کاتێک دەگەڵ بەشێکی لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن دانیشتبوو، و لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە تیرۆر کران، ئێمە بۆ وڵامدانەوەی ئەو تاوانە مەزنانە دەستمان بۆ تیرۆر نەبرد. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا ناوەندەکانی ڕێبەریی حیزبەکەمان چەندین جار بە درۆن و مووشەک پەلامار دران و خەسارەتی گیانی و ماڵیی زۆرمان وەبەر کەوت بەڵام ئێمە وتمان تیرۆر بە تیرۆر وڵام نادەینەوە دواتریش دیتمان خەڵک چۆن ئەو پەیامەی ئێمەی وەرگرت و بە خەباتی مەدەنی، سیاسی و یاسایی ئەوەندەی بۆیان لوا بە چالاکیی وەک مانگرتن، ناڕەزایەتیی سەرشەقام و بە بەشداریی ژنان و پیاوان و لاوانی کوردستان لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە تەنانەت مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییەکانی مەزهەبی کە هەمووکات دەوری کاریگەریان لە ژیانی سیاسی حیزب هەبووە، مەیدانی خەبات و تێکۆشانییان لە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران گرتووە.

**کوردکاناڵ**: بنەمای دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب:

**خالید عەزیزی**: فەلسەفەی بوونی حیزبی دێموکرات، فەلسەفەیەکی سیاسیە، ڕوانینی ئێمە سەرچاوە و ئاخێزگەیەکی

بەشی دوویەم

ئایدۆلۆژی تایبەتی یان حیزبێکی چینایەتی نییە، ئێمە حیزبێکی نەتەوەیین و کاتێک دەڵێین ئێمە حیزبێکی نەتەوەیین، ئەمە هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان دەگـرێتەوە بە سـەرجەم چـین و تـوێژ و باوەڕەکانیـان. چـوونکە کـۆمەڵگەی کوردسـتان کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەنگە، ئەو جۆراوجۆرییەش بە جوانی لەنێو ڕیزەکانی تەشکیلاتیی حیزبدا خۆیا دەبێ. هەروەک باس کرا ئێمە بەدوای چارەسەری پرسی کورد و مافەکانی نەتەوەیی خۆمانین و لە دانیشتنە سیاسییەکانیشدا زۆر سرووشتییە بـۆ ئەو مەبەستە بەدوای یارگیری و بەردەنگی خۆمانین. لەنـاوخۆی ئێران سەرجەم ڕێکخراو و حیزبەکـانی ئێرانی کە باوەڕیـان بە دێموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت، ئیدارەی هاوبەشی ئێران و نا ناوەندبوون و مسۆگەربوونی یەکسانیی مـافی نەتەوەکـانی ئێران هەبێ، ئێمە وەک هاوپەیمان چاویان لێدەکەین، لایەنگری دۆستایەتی و پێوەندی دەگەڵ هەموو ڕێکخراوە و ڕەوتێکین کە بەدژی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی خەبـات دەکەن. لە بـواری دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیشـەوە ئـێمە بەردەوام هەوڵمـان داوە لەسەر ئەو بنەمایە پێداگر بین کە وێنایەکی گشتی لە ئێران و کوردستان پێشانی کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتـی بـدەین. هەربـۆیە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بە پشتبەستن بە داهێنـان و نوێکـاری و جیهـان بینییەکـانی نەمـر د. قاسملوو کە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو تێکۆشاوە لە ئەمریکا و ئوروپـا دەگەڵ دامەزراوە و وڵاتـانی جۆراوجـۆر پێوەنـدی هەبێ، لە درێـژەی ئەو سیاسەتـانە و پێوەندی ئێمە وەک ئەنـدامی ئەنتەرناسیۆنـاڵ سوسیالیست و دەرفەتەکـانی دیکەش هەوڵ بـدەین پەیـام و ڕێکاری سیاسی حیزب و خەڵکی خۆمان بگەیەنینە گوێی جیهان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی بۆ بازدان بەسەر قەیرانە کەڵەکەبووەکانی دەیەوێ شەڕ بە حیزبی دێموکرات، عێڕاق و ئەمریکا بفرۆشێ




وتووێژ لەگەڵ تەلەڤزیۆنی "ایران انترناشنال" و "رادیو فردا"

**ئاماژە:**

دوای ئەوەی کەنعانی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە پرێس‌کۆنفڕانسێکدا باسی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتیی نێوان ئێران و عێڕاقی کرد و ڕایگەیاند کە دواکات بۆ جێبەجێ بوونی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە بەشێکی چەککردنی حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و داخستنی بنکە و بارەگاکانیانە؛ وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ تەلەڤزیۆنی "ایران انترناشنال" و "رادیو فردا"دا هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی شی کردەوە.

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە وەڵامی ئێوە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندیی بەغدا لەمەڕ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی چییە، گوتی: ئێمە لە کۆبوونەوەکانی خۆمان لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێمان گوتوون و هەمیشە لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆمان پێداگریمان کردووە کە حیزبی

دێموکرات دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدا ناکا و خاکی ئەو وڵاتەی بۆ هێرش بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەکار نەهێناوە. بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا هیچ هێزێکی پێشمەرگەی بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران نەناردۆتەوە، بۆیە ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی لە بیانووگرتن بەولاوەتر نین. بەرپرسانی حکوومەتی عێراقیش قەت باسی چەکداماڵینی ئێمەیان لەگەڵ نەهێناوینەتە گۆڕێ و ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم ئەوەی ئێران لەسەری دەڕوا بۆ ترسی خۆیان لە ٢٥ی خەرمانان، ساڵیادی کوشتنی ژینا ئەمینی و ئامادەیی کوردستان بۆ شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتی و کاردانەوەکان دەگەڕێتەوە. بۆیە ڕێژیم دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بەلاڕێدا ببا و بانگەشە بۆ ئەوە دەکا کە لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان نائەمنی و بۆشایی ئەمنیەتی هەیە و دەیەوێ دۆخی میلیتاری و شەڕی تێدا جێگیر بکات.

**وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کاردانەوەی بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئۆڵتیماتۆمەی کۆماری ئیسلامی چییە و ئاخۆ بابەتی گواستنەوەتان بۆ کەمپ و شوێنی نوێ لە ڕۆژئاوای هەرێم چیی لێ دێ، گوتی:** ئێمە لەو ماوەیەدا بەبەردەوامی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم لە پێوەندیدا بووین و بابەتی چەکداماڵینی حیزبی دێموکرات وەک ئەوەی کۆماری ئیسلامی باسی دەکا بە هیچ جۆرێک لە ئارادا نییە. لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی عێراق دەزانن لەو وڵاتەدا هەموو ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان دەبێ ئەمنیەتیان هەبێ و، دەشزانن ئێمە هیچ هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵات و ئەمنیەتی ئەو وڵاتە نین و خاکی عێراقمان بەدژی ئێران بەکار نەهێناوە. بنکەکانی ئێمە وەک شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەران و ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان لەم وڵاتە هەم بەرپرسانی عێراق و هەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەزانن کە سڤیل و مەدەنین و بۆ هیچ ئامانجێکی سەربازی بەکار نەهاتوون. لە دوا هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەو بنکانە ژن و منداڵ کوژران و قوتابخانە کرایە ئامانج و لێی درا. بۆیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیەوێ لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام بێت، بنکەکانی ئێمە لەهەر کوێیەکی کوردستانی عێراق و تەنانەت ١٠٠ کیلۆمیتر دوورتر لە شوێنی ئێستاش بێت، دیسان وەک بیانوو دەیهێنێتەوە و ئەو باسانە دەورووژێنێتەوە.

**کاک خالید لە وەڵامی پرسیاری کاردانەوەی حیزب بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی گوتی:** لەو دۆخەدا دەبینین کە بەداخەوە ئاسمانی وڵاتی عێراق بەرگرییەکی نییە و هەموو خاکی ئەو وڵاتە بۆتە بەشێک لە پیلانگێڕی و بەرنامە شەڕەنگێزی و قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیم بەئاشکرا دەستێوەردانی تێدا دەکا. بینیشمان کە لە دوا هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کەمپی پەنابەرانی سیاسیی کوردی ئێران لە خاکی عێراقدا ژمارەیەکی زۆر لەوان کوژران و بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون و نەمانتوانی هیچ بەرگرییەک لە خۆمان بکەین. ئێمە دەبینین کە بزووتنەوەیەکی بەرین و گشتگیری سیاسی - مەدەنیی بەهێز لە نێوخۆی کوردستانی ئێران ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی



سەرچاوە
Serchawe

خستووەتە تەنگانەوە و ڕێژیم بەدوای تۆڵە لە خەڵکی کوردستاندا دەگەڕێ. بۆیە لە ڕۆژانی ساڵیادی شۆڕشی ژینادا دەیەوێ بیکاتەوە بە بیانوویەک بۆ بەردەوامیی شەڕەنگێزییەکانی. بۆیە کاربەدەستان حکوومەتی عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان، حیزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرە بیانی و خۆولاتییەکان لە عێراق بەرپرسایەتیی ئەوەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە داکۆکی لە پەنابەران و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بکەن کە خاکی ولاتەکەیاندا تەنیا چالاکیی سیاسییان هەیە. ئێمە هەمیشە گوتومانە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویست ناکات پێشمەرگەکانی بۆ چالاکیی سیاسی و پێشمەرگانە بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران بنێرێتەوە، چونکی هەمووان دەبینین کە بزووتنەوەی نارەزایەتیی بەرین لە کوردستان لە ئارادایە و یەکیەتی و هاودڵی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران کۆماری ئیسلامییان بەرەورووی گەورەترین قەیران کردووەتەوە. بۆیە پێویست ناکات ئێمە ئەو ڕێگەیە بگرینە بەر، بەڵام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ دەربازبوون لە قەیرانە سیاسییە نێوخۆییەکانی هەر شەڕفرۆشتنە و دەیەوێ ئێمە، ئەمریکا و عێراق تووشی شەڕێکی داسەپاو بکات.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ نیگەران نین چارەنووسی موجاهیدینی خەلق بە سەر ئێوەش بێت؟ گوتی:** شتی وا لەگۆڕێدا نییە. یەکەم پێوەندیی نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان و خەڵک و گەلی کورد لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان یەکجار باش و لەمێژینەیە. هەروەها حیزب و ڕێکخراوە غەیرەکوردەکان لە بەغداش بەو ناسینەی لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکرات هەیانە، دەزانن حیزبی ئێمە نەک لە شەڕەنگێزی و قەیرانخولقێنی ناگەڕێ، بەڵکوو د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ دیپلۆماتتێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و لە کۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ڤییەن تێرۆر کراوە.

**کاک خالید عەزیزی لە وتووێژ لەگەڵ "ایران انترناشناڵ"دا ئەو ئاکامگیرییەی لە باسەکەی کرد:** ئێمە ڕێز لە پێوەندییە سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسییەکانی هەرێم و بەغدا لەگەڵ تاران دەگرین و ئەوە بە مافی سروشتیی ئەوان دەزانین؛ بەڵام ئەوە ئێمە نین بەشێک لە قەیرانەکە بین، بەڵکوو ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی و بازدان بە سەر قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران بەدوای خوڵقاندنی قەیرانی دیکەیە و بۆ ئەو مەبەستە ئێمەی کردووەتە بیانوو. بۆیە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم و بەغدا هەموو هەوڵمان ئەوەیە ڕێگەچارەیەک ببینینەوە کە بیانوو لە کۆماری ئیسلامی ببڕین.

**وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکیتردا بۆ "ڕادیۆ فەردا" وێڕای ڕوونکردنەوە و پێداگریی لەسەر سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند** ئەوە کە ئێران لە کاربەدەستانی عێراقی داوا بکات لە خاکی ئەم ولاتەوە هێرش و پەلاماری نەکرێتە سەر، دەتوانێ یاسایی بێت و ئێمەش لەمێژ ساڵە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە هیچ



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دوویەم

هەڕەشەیەکمان بۆ سەر ڕێژیم دروست نەکردووە و پێبەندی بەڵێن و دەروەستییەکانی خۆمان بە هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق بووین. بەڵام ئەوە کە ئێران داوا دەکات ئێمە لە خاکی عێراقدا چەک بکرێین نە ڕێگەپێدراوە و نە یاسایی و هیچ پرەنسیپێکی پێوەندیی نێوان وڵاتان و یاسای نێونەتەوەیی ئیزن بەوە نادا. چونکی ئەوە پێوندیی ڕاستەوخۆی بە عێراقەوە هەیە و ئەوە داوایەی ئێران هەم دەستێوەردانە و هەم پرکێشی و نایاسایی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی خەرمانانی ٢٧٢٣

بەشی دوویەم

## خالید عەزیزی: ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا عێراق بکاتە سووریە و لوبنانێکی دی




**وتووێژ: بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا**

**ئاماژە:**

بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا لە تازەترین وتووێژی خۆیدا لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لە دواگۆڕانکارییەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتیی نێوان عێراق و ئێران کردووە. کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی پرسیارەکانی دەنگی ئەمریکادا بەڕوونی سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی لە پێوەندی لەگەڵ جێگۆڕگێی نیزامیی هێزی پێشمەرگە و پرکێششییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ چەککردنی حیزبی دێموکرات شی کردۆتەوە.

**کوردستان‌میدیا دەقی کوردیی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە:**

**دەنگی ئەمریکا:** کۆماری ئیسلامی بۆچی لە بەرەبەری ساڵڕۆژی مەرگی ژینادا ئۆڵتیماتوم بە بەغدا دەدا بۆ چەکداماڵینی



سەرچاوە
Serchawe

حیزبە کوردییەکان؟

**خالید عەزیزی**: هەموو قەیرانەکان لە ناوچەدا کۆماری ئیسلامی دروستیان دەکا، ئەوەش کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانی وەک بیانوو بە ئامانج گرتووە، گرێدراوی دۆخی نێوخۆیی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی بەجیددی نیگەرانە لە ساڵرۆژی کوژرانی ژینا ئەمینیدا بزووتنەوەیەکی بەربەرینی ناڕەزایەتی لە کوردستان بە بەشداری و هاوکاریی نەتەوەکانی دیکە و حیزبە سیاسییەکانی هەموو ئێران لەدژی ڕێژیم وەڕێ بکەوێتەوە. بۆیە دەیەوێ بیروڕای گشتیی ئێران بەلاڕێدا ببا و وا دەنوێنێ کە لە کوردستان بۆشاییەکی ئەمنییەتی و لە دەرەوەی سنوورەکانیش هەڕەشەیەک لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە. بەڵام هەمووان دەزانن کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هیچ هەڕەشەیەک لەدژی ئێران لەئارادا نییە و ئەوانە هەموو بیانوو و پاساون.

**دەنگی ئەمریکا**: ئەدی پرۆسەی چەککردن و ڕاگواستنی هێزە کوردییەکان بۆ کەمپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چ قۆناغێکدایە؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە بە بەردەوامی لەگەڵ حکوومەتی بەغدا و بەتایبەت حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندیمان هەیە و لە دانوستانەکانمان بەردەوامین. سیاسەتی ئێمە ڕوونە و لەو کۆبوونەوانەشدا پێمان لەسەر داگرتۆتەوە کە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە هیچ هێرشێک ناکەینە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێمە نامانەوێ خاکی عێراق بکەینە پشتی جەبهە بۆ هێرشکردنە سەر کۆماری ئیسلامی، بۆیە ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ئیدعا دەکا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردییەکانی دیکە خاکی هەرێمی کوردستان بەدژی ڕێژیم بەکار دێنن بەتەواوی ناڕاستە. ئێمە ئەو بەڵێنەشمان بەجێ هێناوە کە پێشمەرگەکانمان کار و چالاکیی پێشمەرگانەیان لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە نەبێت.

**دەنگی ئەمریکا**: ئایا هیچ لایەنێکی کوردی هەیە نەیهەوێ چەک دابنێ؟ کاردانەوەی حیزبە کوردییەکان بەو بڕیارە چییە؟

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکە پێبەندی دەروەستی و بەرپرسایەتییەکانیەتی. ئێمە گوتوومانە هیچ دەستوەردانێک لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدا ناکەین، سیاسیی ئەو وڵاتەمان لەلا گرینگە و ڕێز بۆ یاسا و ڕێوشوێنەکانی هەرێمی کوردستان دادەنێین. لە ئێستاشدا کەس باسی چەکداماڵینی لەگەڵ ئێمە نەکردووە و لە بنەڕەتڕا ئەوە بەشێک لەو باسە نییە. ئێران هەمیشە گوتویەتی کە حیزبە کوردییەکان نابێ لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هێرشمان بکەنە سەر و ئێمەش گوتومانە ئەوە ناکەین و ڕێز سەروەریی عێراق و هەرێمی کوردستان دەگرین.

**دەنگی ئەمریکا**: ئەدی تا ئێستا ڕوونە کە چەند گرووپ و لایەنی کوردی پەنایان بۆ کەمپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوەندەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە، لە هەموو کەمپەکانیدا کەسانی مەدەنی و ناچەکدار نیشتەجێن. کەمپەکانی ئێمە مەدەنین و ئەوانەی لەو کەمپانەدا دەژین پێوەندییان بە لقە سەربازییەکانی حیزبی دێموکراتەوە نییە. ئەو کۆمەڵە خەڵکەی نێو کەمپەکان لە دامەزراوە و ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا کار دەکەن و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەوە دەزانێ و بەشێکی زۆری خەڵکانی نیشتەجێی ئەو کەمپانە پێشتر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناونووسییان کردووە. بۆیە ئەمە شتێکی نوێ نییە و un هەم بە کەمپەکان و هەم دۆخی خەڵکانی نیشتەجێ لەو کەمپانە شارەزایە و لە بنەڕەتڕا ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا ناڕاستن و ئەسڵ و ئەساسیان نییە. ئەو کەمپانە نیزامی نین، مەدەنین و هیچ پێویست ناکات شوێنیان بگۆڕدرێ و خەڵکەکەیان ڕاگواسترێ؛ لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆخۆی شارەزای دۆخی ئەو کەمپانەیە.

**دەنگی ئەمریکا**: کاک خالید چەکداماڵینی گرووپە کوردییەکان چارەنووسی کۆنترین حیزبی دژبەری کۆماری ئیسلامی تووشی چ گۆڕانکارییەک دەکا؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە لە بەرنامە و ستراتیژیی سیاسیی خۆماندا وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێداگریمان لەسەر چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا کردووە. ئێمە بۆ چارەسەری پرسی کورد هەموو کاتێک باوەڕمان چارەسەری ئاشتییانە، مەدەنی و ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان بووە. هەر لەجێدا، لە کاتێکدا لە کوردستان لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوو و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا سەدان هەزار کەس هاتنە سەر شەقامەکان و لە ئێستادا کە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان بە هاوپێوەندیی ناوچەکانی دیکەی ئێران درێژەیان هەیە؛ پێویست ناکا ئێمە بچینە نێو فازی نیزامی و پێشمەرگانەوە.

ئەمن پێم‌وایە پرسی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پرسی دێموکراسی و ماف و ئازادییەکان لە ئێران زۆر دیارە و بەرچاوە و لە ساڵی ڕابردووشدا خەڵک بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان ئەوەیان سەلماند. هەر ئەو خۆڕاگرییە مەدەنییە کاریگەرییەکانی لەسەر خەباتە قانوونی و مەدەنییەکان و پرسی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش داناوە.

فەلسەفەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەردی بناغەی دامەزرانی خۆیەوە ئەوە بووە بە خەباتی مەدەنی و لە

ڕێگەی ئاشتییانەوە و لێکتێگەیشتنەوە ماف و داواکانی دەستەبەر بکات. حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد ئامانجیئ ئەوەیە زۆرترین مافەکانی خۆی لە دڵی ڕەوتی خەباتی مەدەنیی سەرانسەرییدا وەدی بنێن. بۆیە سیاسەتی ئێمە هەروەک پێشوو ئەوەیە کە درێژە بە خەباتی سیاسی و مەدەنیی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەین. هەڕەشە و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامییش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی ئێمە نابێت، چونکی فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی خەڵکییە و لە هەناوی خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵیوە، فەلسەفەی خەباتێکی مەدەنی بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانە. خەڵکی کوردستانیش لە هەموو هەوراز و نشێو و قۆناغەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا لە پشتی بوون و پاڵپشتی حیزبەکەیان ماونەتەوە.

**دەنگی ئەمریکا**: هێزە چەکدارەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان کامانەن؟ بە سەرنجدان بەوەی پژاک لە شوێنێکی دی خەباتی خۆی دەکات؟

**خالید عەزیزی**: ئەمن بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسە دەکەم. لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش زۆر گرووپ و لایەن چەکدارن، یانی سروشتی عێراق جۆرێکە کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ بەرگری لە خۆشیان بێت چەکدارن. لە عێراق بۆشایی ئەمنیەتی هەیە و هۆکاری ئەو بۆشایی ئەمنیەتی و ناسەقامگیرییەش هەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بۆیە ئێمەش مادام لەوێین، بۆ پاراستنی خۆمان و کەمپەکانمان چەکمان پێیە و چەکەکانمان بۆ ئەو مەبەستەن. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی نایهەوێ لە عێراقدا دێموکراسی و ئەمنییەت جێگیر ببێ و پرۆسەی سەقامگیریی عێراق بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ عێراق بۆ هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان و بۆ هەموو لایەنەکان نائەمن و ناسەقامگیر بکات. ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە عێراق بکاتە سووریە و لوبنانێکی دی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا.

**دەنگی ئەمریکا**: کاک خالید وەزیری دەرەوەی عێراق لە تاران ڕایگەیاند حیزبە کوردییەکان لە سنوورەکانی ئێران دوور دەخرێنەوە و لە قووڵایی هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێ دەکرێن. ئەو شوێنە بەڕوونی کوێیە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەیەوە دروستکردنی ئەو کەمپانەی دەست پێ کردووە؟

بەشی سەربازی و پێشمەرگانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە سنووری و کوێستانییەکان بوون. بەدوای وتووێژەکانی ئێمە و هەرێمی کوردستان و پێوەندییە ناڕاستەوخۆیەکانمان لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە کە هێزەکانی پێشمەرگەمان لە ناوچە سنوورییەکان بکشێنەوە. ئەوە پێچەوانەی سیاسەتی حکوومەتی بەغدا و

هەرێمی کوردستانیش نییە، بەڵام کۆماری ئیسلامی پڕکێشی دەکا و دەیەوێ بەوەلاوەتر بڕوا و حکوومەتی ناوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەرەوڕووی کێشە و دژوارییەکی زیاتر بکا.

هەروەک پێشوو باسم کرد لە ئێستادا بەرنامەی هیچ عەمەلیات و چالاکییەکی نیزامی و پێشمەرگانە لە ڕۆژەڤی ئێمەدا نییە و هێزەکانی پێشمەرگەی ئێمە لە ناوچە سنوورییەکان نین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣

## خالید عەزیزی: خەباتی ئێمە بۆ ئەوەیە نەهێڵین کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی خۆیدا کە دوورخستنەوەی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی لە نیوخۆی ئێرانە سەرکەوتوو بێت



وتووێژ: کوردکاناڵ

### ئاماژە:

ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لە فرانکفۆرتی ئاڵمان دوو هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ" و "هاوپێوندەیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا" کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیکیان بەڕێوە برد. ئەو دوو هاوپەیمانییە ڕایانگەیاندبوو ئەمانج لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفرانسەی "لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" فەرمیکردنی گەڵاڵەیەک لەژێر ناوی ئەسلەکانی هاوبەش بۆ وتووێژ لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک بووە. ئەم کۆنفڕانسە لە سێ بەش پێکهاتبوو. لە بەشی یەکەمدا بنەماکانی گەڵاڵەکە خوێندرانەوە و لە بەشی دووهەمدا بەڕێزان مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتارێکی پێشکێش کرد و لە بەشی پرسیار و وەڵامی کۆنفڕانسدا خالید عەزیزی وەک نوێنەری دوو هاوپەیمانیی واژۆکەری ئەو گەڵاڵەیە لەسەر ئەسلە هاوبەشەکان وڵامی سەرنج و پرسیاری بەشدارانی دایەوە.

بەشی دوویەم

**لە بەشی سێهەمی کۆنفڕانسەکەدا خاتوو موونا سیلاوی، سکرتێری گشتیی حیزبی تەزامۆنی دێموکراتیکی ئەهواز؛ پەرویز نەویدی لە حیزبی چەپی ئێران؛ ئۆمای ڕادمێهر لە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان؛ دوکتور حەسەن لاجوەردی و مینا خانی چالاکی فێمێنیست باسی سیاسییان پێشکێش کرد. لە پانێلی کۆتایی کۆنفرانسەکەشدا کاک حەسەن شەرەفی و یوونس شاملی بە نوێنەرایەتی لە دوو هاوپێوەندییەکە وڵامی پرسیاری بەشدارانی کۆنفڕانسەکەیان دایەوە.**

**لە پەراوێزی کاری کۆنفڕانسەکەدا "کوردکاناڵ" وتووێژێکی لەسەر بۆچوونەکانی حیزب لەسەر ئەو گەڵاڵەیە لەگەڵ خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە کە "کوردستان" پوختەکەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**پرسیار**: کاک خالید ئەوە یەکەمین کۆنفڕانسە کە لەلایەن نەتەوەکانی ئێرانەوە بە بەشداریی بەشێک لە لایەنە فارسەکان بەڕێوە دەچێ. دەتوانرێ چاوەڕوان بکرێ بەم زووانە هاوپەیمانییەکی فراوان و گەورە دژبە ڕێژیمی ئێران پێک بهێنرێ؟

**خالید عەزیزی**: یەکەم، ئێمە لایەنە سیاسییە کورد و غەیرە کوردەکان دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە هیچ لایەکمان بەتەنیا ناتوانین ئەو نیزامە لەنێو بەرین. دووهەم، دەبێ ئەو ڕاستییەش بە پێداگرییەوە قبووڵ بکەین کە پێویستیمان بەوەیە بەیەکەوە، لە دەوری یەک کۆ بینەوە و ئاڵترناتیڤێک لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی دروست بکەین. سێیەم، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، خەڵک لەنێوخۆی وڵات بە هەموو چین و توێژەکانەوە، ئەوەی لە دەستیان هاتووە لەدژی ئەو نیزامە کردوویانە. بەڵام نیزامێکی سیاسیی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا بە خۆپیشاندان ناڕووخێ و، دەبێ ئاڵترناتیڤی هەبێ. کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بۆ ئەوە بوو ئێمە چۆن بتوانین و چۆن دەتوانین ئەو ئاڵترناتیڤە دروست بکەین؟ ئەو لایەنانە کە بەیەکەوە ئەو گەڵاڵەیەمان هێناوەتە گۆڕێ، ئەمڕۆ لە باسەکاندا ڕامانگەیاند کە ئەو گەڵاڵەیە هی ئێمەیە و کاتێک ئەو گەڵاڵەیە خەڵکێکی زۆرتر لە دەوری کۆ ببێتەوە، ئەوکات دەتوانین نەخشەڕێگای سیاسیی داهاتووی خۆمان بخەینە قۆناغێکی دیکەوە.

هەڵبەت بەخۆشیەوە ئەمڕۆ لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە ئەو باسە لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە هاتە گۆڕێ. ئێمە مەرجی قورسمان دانەناوە، گوتوومانە دەبێ لە لانیکەمەکان دەست پێ بکەین و لەوێ بەیەکەوە ڕێکەوتن بکەین؛ دوایە وردە وردە بچینە سەر ئەو شتانە کە خاڵی سەرەکین. گرینگ ئەوەیە، ئێمە لەو بابەتانەوە دەست پێ بکەین کە لەسەریان کۆکین، نەک ئەو بابەتانەی جیاوازیی زۆرمان لەسەریان هەیە.

**پرسیار**: خەڵک چاوەڕوانیی یەکگرتوویی زیاتری لە هێزە کوردییەکان هەیە. چاوەڕوان بوون ناوەندی هاوکارییش بەرفراوانتر ببێ. لە وەڵامی ئەو چاوەڕوانییەدا حیزبی دێموکرات ڕای چییە؟

**خالید عەزیزی**: ستراتیژیی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران لەڕاستیدا ئەوەیە کە تێبکۆشین هەموو لایەنەکان لەو پڕۆسەیەدا بەشدار بن. ناوەندی هاوکاری کە کاتی خۆی دامەزرا و بەرهەمی هاوکاریی چوار لایەن بوو، لەو دواییانەدا ئەو چوار لایەنە بوون بە دوو لایەن و لەو دواییانەدا لەپێوەندی لەگەڵ چەندوچۆنیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێران و چۆنیەتیی یارگیری لەنێو لایەنە غەیرەکوردەکاندا، ڕاستییەکەی کۆمەڵێک کێشە و ناکۆکیمان لەنێواندا دروست بوو. ئەمن پێموایە بە حوکمی ئەوەی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، باسگەل و ڕووداوی سیاسیی زۆر هاتووەتە گۆڕێ و ڕێگاچارەیان دەوێ و ئەو ڕێگاچارانەش پێویستییان بە بیرکردنەوە و بەدواداچوون و ئەوانەیە، سەیر نییە جاروبار لەگەڵ کێشە و ناکۆکییش ڕووبەڕوو بین. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ئەو بابەتانە تێدەکۆشین بە هەست بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵسوکەوت بکەین و پتر بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن بتوانین ئەو جیاوازییانە مودیریەت کەین، واتە پێکەوە دانیشین و قسەیان لەسەر بکەین و جیاوازییەکان نەبێتە هۆی لێکترازانێکی زۆرتر و دووریی زیاتر. بەڕوونی لەبارەی ناوەندی هاوکارییەوە، بەڵێ ئێمە لە هەوڵداین تا لە چوارچێوی ئەو ناوەندەدا باس و گفتوگۆی زیاتر بێنینە گۆڕێ بۆ ئەوەی کە ناوەند بتوانێ بگاتە شوێنێک و ببێتە ستاتویەک کە کۆدەنگیی پتری تێدا بێ و خەڵکێکی زیاتر خۆی تێدا ببینێتەوە. یان ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆ ببینەوە بۆ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شتێکی گشتگیرتر پێک بێنین. یەکساڵی ڕابردوو زۆر باسگەلی بەیەکەوە هێنایە گۆڕێ و ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد. بۆیە ئەمە تاقیکردنەوە و ئەزموونێک بوو بۆ ئێمە. هەمووی ئەوانە دەبێ بەدواداچوونیان بۆ بکەین بۆ ئەوەی لەژێر ئەزموونی یەکساڵی ڕابردوودا بەرچاوڕوونیمان هەبێ و مێتۆد و شێواز و ڕێگاچارەی دیکەش بێنینە گۆڕێ.

**پرسیار**: وەک دەزانین لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهاندا هاوکێشەکان دۆخی نوێیان خوڵقاندووە. بۆ نموونە کێشەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە ناگۆرنۆ یان ئارتساخ، شەڕی ئۆکراین کە ڕێژیمی ئێرانیش بە فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیە لەم شەڕەدا بەشدارە. دەشزانین کە ڕێژیمی ئێران لە یەمەنیش یارمەتیی حووسیەکان دەکات و دۆخی ئێستای ناوچەکەش کە دەبینین بەتەواوی شڵەژاوە. کورد چۆن دەتوانێ ئەم هاوکێشە نوێیانە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بقۆزێتەوە؟

**خالید عەزیزی**: ئەو پرسیارە دوو سێ لایەنی هەیە. لایەنێک ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بەراورد لەگەڵ جاران، کێشە و شەڕی ناوچەیی لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیی زۆر تێدا هەیە. دەکرێ بڵێین هێندێک لەوانە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر پێوەی سەرقاڵە، بەتایبەتی مەسەلەی ئۆکراین. لەنێوان شەڕی ئۆکراین و ڕووسیەدا ڕاستییەکەی ڕێژیمی ئێران بێلایەن نییە. لەو شەڕەدا بەکردەوە ڕێژیمی ئێران کەوتووەتە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوا و تا ئەو جێگایەی پێوەندی بەو شەڕەوە هەیە. کێشەکانی دیکە ناوچە لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمنستان و ئەو کێشانەی دیکە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گۆڕێدا هەیە. لە هەمووی ئەو کێشانەدا ڕێژیمی ئێران کەم و زۆر دەستی هەیە. ستراتیژیی ئێران ئەوەیە جیهان نائەمن

بەشی دوویەم

بێ، شەڕ و کێشە لە دەرەوی سنوورەکانی زۆرتر بن و جیهان بە کێشەکان و ئەو ناکۆکییانە سەرقاڵ بێ تا بەو جۆرە سەرنجیان نەکەوێتە سەر نێوخۆی ئێران و ئەوە کە لە نێوخۆی ئێراندا چ ڕوو دەدا. ئەوە بەشێکە لە فەلسەفەی "هەناردەکردنی شۆڕش" و سەرقاڵکردنی ناوچەکە. بەڵام ئەوە بۆ کورد چیی تێدا هەیە؟ لەڕاستیدا کێشەی کورد تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە لەو باوەڕداین کە ئەو کێشانە لەنێوخۆی وڵاتدا چارەسەر دەبن. پرسی کورد لە ئێران پرسی خەبات بۆ دێموکراسی و سەقامگیرکردنی ئێرانێکی دێموکراتیک و ئازاد و فیدراڵە، لەوەشدا ئێمە خەریکی یارگیری و کارکردنین. هەر لەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا هاتووین بڵێین ئێمە ئێرانییەکان بە هەموو نەتەوەکان، کێشەی خۆمان بەیەکەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی مودیرییەت بکەین و لەوێ چارەی بکەین. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ ئێران هەیە و بە عەقڵییەتی ئێمە و لە چاوی ئێمەمەوە، سەیری ئێران ناکەن. ئەوان لە سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا لە هاوکێشەکان دەڕوانن و تەبیعەتەن لەوێدا ئەولوییەتەکە ئەوەیە کێشەی دیکە نەیەتە پێشێ.

بەڵام ئەوە کە کورد بە گشتی لەوە چۆن کەڵک وەردەگرێ؟ پرسی کورد، پرسێکە لە چوار وڵاتی جیاوازدا و لە هەر وڵاتەش ڕێکار و تەبیعەت و سرووشتی خۆی هەیە. لە ئێران بەمجۆرەیە کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لە هەوڵداین لە پرۆسەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و دروستکردنی ئێرانی داهاتوو دەورمان هەبێ و کاریگەری دابنێین و لەو پرۆسەیەشدا مەسەلەی کورد و سیاسەتی خۆمان بێنینە گۆڕێ. سووریە تەبیعەتی خۆی هەیە و عێراق و تورکیەش هەروەتر و ئێمە دەستێوردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانەدا ناکەین و پێمان وایە ئەم بەشانەی کوردستان حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خۆیان هەیە. بۆیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە، چۆن زۆرترین دۆست و هاوپەیمانمان هەبێ، چۆن ئەزموون لە خەباتی ساڵی ڕابردوو وەرگرین و، چۆن نەهێڵین ستراتیژیی ئێران کە دەیەوێ مەسەلەی ئێران لەنێوخۆی وڵاتدا داپۆشرێ و پرسی کورد و خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کورد بە لاڕێدا بەرێ و لەژێر کاریگەریی سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا سەرنجەکان لەسەر ئەو باسە دوور بخاتەوە، ئێمە نەهێڵین ئەو شتانەی بۆ بچێتە سەر. بەهەرحاڵ ئێمە لەوانە غایب نین، بێتەفاوت نین و لەگەڵی دەڕۆین و لە هەموو بەشەکان مەبەستم پێوەندیدار بە ئێران کە لەوێدا حیزبی دێموکرات قسەی خۆی هەبێ و مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێرانی تێدا باس بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

## خالید عەزیزی: دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دەبێ بە پرسەکانی نێوخۆی وڵاتەوە گرێ بدرێتەوە



### وتووێژ

### ئاماژە:

ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لە فرانکفۆرتی ئاڵمان دوو هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ" و "هاوپێوندەیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا" کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیکیان بەڕێوە برد. لەم کۆنفڕانسەدا هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بەشدار بوون. لە بڕگەیەکی کاری کۆنفڕانسدا خاتو ئێراندوخت ئەنساری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکیەتیی فیداییان خەڵکی ئێران وتوووێژێکی کراوەی لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر چۆنیەتیی کارکردن بەمەبەستی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێکی گشتگیر هەبوو. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژە بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**پرسیار**: ئامانج لە کاری کۆنفڕانسی فڕانکفۆرت؟

**خالید عەزیزی**: سرووشتییە هەر پرۆژەیەک لەسەر بنەمای بەستێن و بوارێک دادەمەزرێ. ئێستا هەمووان دەزانن هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی بەتەنیایی ناتوانێ بڕیار لەسەر نەخشەی سیاسیی داهاتووی ئێران بدات، بەڵکوو ئەوە تەواوی هێز و

لایەنە سیاسییەکانن کە بڕیار دەدەن و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بەحەق دەرخەری ئەم ڕاستییە بوو. کەوایە ئەم پڕۆژەیە لە قۆناغێکدایە کە بتوانین لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێیانمان قسەی لەسەر بکەین و لە درێژەدا هەرکام لە هاوڕێیان و گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسینی کۆماری ئیسلامی دەتوانن هەڵسەنگاندنی خۆیانیان بۆی هەبێ. مەبەست ئەوەیە ئەم پڕۆژەیە کە لەسەر ئەساسی بەشداریی هەمووان پێک هاتووە، لە درێژەی کار و چالاکیی خۆیدا بتوانێ کۆدەنگییەکی ڕێژەیی دروست بکات و ببێ بە ئاڵترناتیڤ. هەمووان بینیمان ساڵی ڕابردوو سەرەڕای ئەوەی خەڵک هاتنە سەر شەقام و تێچووی قورسیشیان دا و کۆمەڵگەی جیهانی و ئۆپۆزیسینی ئێرانی دژبەرەی ڕێژیمش پشتیوانییان لێ کرد، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێ. کەوایە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێمە دەبێ ئۆپۆزیسیۆنێکی گشتگیر و یەکگرتوو، و ئاڵترناتیڤێکی کارامەمان هەبێ.

**پرسیار**: میکانیزم و پێویستییەکانی ئاڵترناتیڤ؟

**خالید عەزیزی**: خاڵی جەوهەری ئەوەیە لە ئێراندا هەتا ئێستا دێموکراسی بیچمی نەگرتووە و ئێمە فەرهەنگی دێموکراسیمان نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لە ڕەوتی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا کۆمەڵگەی ئێران تاڕادەیەکی زۆر پلۆرالیزە بووە و شتێکی کە تا ئێستا نەیهێشتووە ئێمە بە ئاکام بگەین پێکدژیی ئایدۆلۆژی و بیروبۆچوونی جۆراوجۆرە. لێرەدا ململانێ لەسەر پلاتفۆرم و مەنشووری جۆرواجۆر نییە، چونکە من پێشتریش ئاماژەم پێ کردوە کە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی بەتەنیا ناتوانێ بڕیار لەسەر داهاتووی ئێران بدات. کۆمەڵگەی ئێران لە نەتەوە و ئێتنیکی جۆراوجۆر پێک هاتوە و ئێران ئەو وڵاتە نییە ناوەندگەراکان وێنای دەکەن. هەروەک چۆن لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا بینیمان خەڵک لە شارەکانی مەشهەد، ئیسفەهان، شیراز، تاران و... بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ کوردستان و بەلووچستان هاتنەسەر شەقامەکان. بۆ یەکەمین جار بوارێک ڕەخسا و دەرفەتێک دروست بوو کە تێیدا جۆراوجۆری و فرەڕەنگی هەبوو. ئێمە لەسەر ئەو ئەزموون و بنەمایە دەتوانین ئێرانی داهاتوو ئیدارە بکەین. هەڵگیرسانی شۆڕش ڕەنگبێ ئاسان بنوێنێ، بەڵام بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو زۆر دژوارترە. هەروەک چۆن لە ڕەوتی شۆڕشی ١٣٥٧دا زۆرینە پشتیوانی شۆڕش بوون، بەڵام لە دوای شۆڕش ڕەوتێک بەشێوەیەکی ڕێکخراوتر و ڕێکوپێکتر لەچاو گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی دیکە توانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ و ئامانجەکانی شۆڕش وەدی نەهاتن. کەوایە ئێمە لە ئێستادا بۆ ئیدارەی ئێرانی داهاتوو دەبێ کار لەسەر جیایی ئایین لە سیاسەت، نهادینەکردنی دێموکراسی و بەشدارکردنی هەموو نەتەوەکان لە ئیداری سیاسیی وڵات بەبێ هەڵاواردن بکەین.

**پرسیار**: تایبەتمەندییەکانی یەکیەتییەکی گشتگیر و دێموکراتیک و بنەماکانی؟

**خالید عەزیزی**: تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆژەیە دەتوانێ لە چەند بەشی جۆراوجۆردا ورد بکرێتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا و لە بواری فەرهەنگیدا لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا دیتمان شێوەیەک لە ڕادیکالێزمی توندئاژۆ لە ناوەند و بە پێچەوانە شێویەک ڕادیکالیزمی توندئاژۆ لە پەراوێزدا هەبوون. بەو هۆیەوە کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەوە یەکەم جار بوو بزووتنەوەیەک بەشێوەیەکی گشتگیر سەری هەڵ بدا، ڕوانگەی جۆراوجۆر بەرەوڕووی یەکتر بوونەوە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین بۆ ئەوەی نەهێڵین ڕادیکالێزم و توندئاژۆیی پەرەبستێنێ، دەبێ بزووتنەوەیەکی میانەڕەو لەسەر بنەمای ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بیچم بگرێ. لە نێوەڕۆکی ئەو میانەڕەوییەدا دەبین گرووپگەلی جۆراوجۆر پێکهاتوو لە نەتەوەکانی ئێران هەن و لەسەر ئەو بنەمایەیە دەتوانین نەخشەی سیاسیی داهاتووی ئێران وێنا بکەین. مەسەلەیەکی دیکە لە یەک ساڵی ڕابردوودا پرسی "تەواوییەتی ئەرزی" و "جوداییخوازی" بوو کە گیروگرفتی زۆری بەداوی خۆیدا هێنا. هەر لەو پێوەندییە کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی بەلارێدابردنی ڕای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهان، هەوڵی دا وێنایەکی پێچەوانە لە بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران وەکوو کورد، تورک، عەرەب و... پێشان بدات کە بەڵێ ئەوان بەدووی لەتکردنی ئێرانەوەن. بەڵام بەخۆشییەوە لە ئێران لەسەر شەقام کە دروشمی یەکگرتوویی لەنێوان خەڵکدا دەدرا، هیچ باسێک لە تەواوییەتی ئەرزی و جودایی نەدەکرا. کەوایە ئێمە لێرەدا دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە فرەیی و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئێران دەرفەتن نەک هەڕەشە و ئەوە دیکتاتۆر و ئیستبدادە کە بوونی بزووتنەوەی نەتەوەکانی جۆراوجۆری ئێران بە هەڕەشە لەسەر خۆی دەبینێ. کاتێک لە ئیدارەی سیاسیی ئێراندا هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان بەشدار بن و لە بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیاندا بەپێی یاسا دەسەڵاتیان هەبێ، هەموو ئەوانە لە پڕوپاگەندە بەولاوەتر نین و نابن.

**پرسیار**: کێشە و بەربەستەکان لەسەر ڕێگای دروستکردنی ئاڵترناتیڤ و میکانیزمەکانی چارەسەر؟

**خالید عەزیزی**: ئەوەندەی پێوەندی بە کێشە و بەربەستەکانەوە هەیە ئێمە لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە پاشخان و ئەزموونێکی زۆرمان لە خەباتخوازی و مافویستی هەیە. لانیکەم لە کوردستان بزووتنەوەیەکی زیندوو هەبووە و ئەو بزووتنەوەیە ناوچەی ئازادکراوی لەژێر دەستدا هەبووە و زۆربەی ڕێکخراو و حیزبە غەیرە کوردەکان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەوتبوونە بەر هێرش، لە کوردستان گیرسابوونەوە و لەوێ چۆنیەتی کارکردن بەشێوەیەکی هاوبەشمان ئەزموون کردوە. پاشان ئێمە لە دەرەوی وڵات دەبینین گرووپگەلی جۆراوجۆر بەشوێن یەکگرتوویی و هاوکارییەوەن. بەڵام کۆمەڵە هۆکارێکی ڕەوانی لەمەڕ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو بەربەست بوون کە بەخۆشییەوە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و لێکەوتەکانی کە بینیمان خەڵک لە شارەکانی تاران، مەشهەد، شیراز و... هاوئاهەنگ لەگەڵ بەلووچستان و کوردستان دروشمیان دەدا؛ تا ڕادەیەک ئەو بەربەرستانەی لەنێو برد و بەڕای من ئەو سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە.



سەرچاوە
Serchawe

شتێکی دیکە کە لە شۆڕشی ژینادا و لە ڕەوتی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک هەبوو ئەوە بوو کە کەسایەتیی جۆراوجۆر چ ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر، کەسایەتیی سیاسی، ئاکادمیک و...هتد کە بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی بوون و هەڵوێستیان هەبوو. ئێمە ئەوپەڕی ڕێزمان بۆیان هەیە و چالاکیی سیاسی مافی سروشتیی خۆیانە. بەڵام دروستکردنی بەدیل و ئاڵترناتیڤێک دەبێ لەلایەن حیزب و ڕێکخراوی سیاسییەوە بێ. بۆچی؟ هۆکارەکەی ئەوەیە ڕێکخراو و حیزبی سیاسی لە ڕەوتی خەباتدا خاوەن ئەزموونن و لەم بارەیەوە لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو دەتوانن هاوکاری و هاوئاهەنگی زیاتریان پێکەوە هەبێ. ڕەوتێک کە ئێمە دەستمان پێ کردوە و لەلایەن حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆرەوە پێک هاتووە و بە هیچ کەسێک نەبەستراوەتەوە. بەڵام مکانیزم. دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دەبێ بە نێوخۆی وڵاتەوە گرێ بدرێتەوە. بۆچی بە نێوخۆی وڵات؟ لەنێوخۆدا پێشکەوتنی زۆرمان بووە و کۆدەکانمان دیتۆتەوە کە چۆن دروشم بدەین ئەو دروشمانە لەلایەن گرووپگەل وچینی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی ئێرانەوە پێشوازی لێ دەکرێ. ئایا ئێمە لەو پرۆسەیەدا چۆن دەتوانین سەرکەوتوو بین؟ بە هاندان و بەشداری چالاکانی سیاسی، دێموکراتیک، مەدەنی، ژنان، خوێندکاران و... لەنێوخۆ و پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەوان زیاتر دەتوانین بە ئامانج بگەین. گەڵاڵەیەک کە ئێمە بۆ داهاتووی ئێران دامانڕشتووە و هەروەها لە قسەکانیشم دا ئاماژەم پێ کرد، دەبێ تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە لە نەتەوەکانی ئێران تێیدا بەشدار بن و لەسەر داهاتووی ئێران بڕیار بدەن.

**پرسیار**: ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان؟

**خالید عەزیزی**: ئەوەندەی پێوەندی بە بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە، ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە لە لێواری نەماندایە و دەبێ بڕوا، هەروەها ئەو نیزامە لە چۆنیەتی ئیدارەی وڵاتدا ناسەرکەوتوو بووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەوڕووی دارمانی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە و ئەمە دەخوازێ ئێمە لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمەدا خۆمان و کۆمەڵگە پتر ڕێکبخەین. بەڵام گرفتێک لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر بەردەنگی ئێمە تەنیا کەسانێک بن کە لەنێوخۆی وڵات چالاکیی سیاسی دەکەن، یان پەیامێکی سیاسییان هەیە؛ ئەوە ئێمە تەنیا و تەنیا لەگەڵ کۆمەڵێک کەس پێوەندییمان هەیە. بەبڕوای من دەبێ تەواوی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەو پرۆسەیەدا بەشدار بن. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە ئەزموونی ئێمە لە کوردستان هەیە تەواوەتیی خەڵکی ئێران وەشوێن سیاسەت ناکەون. هەژاری، بێکاری و بەدبەختی هەروەک گوتم ئێرانی لەگەڵ دارمانی کۆمەڵایەتی بەرەوڕوو کردوە و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێران بەشوێن چارەسەری کێشە و گیروگرفتی ڕۆژانەی خۆیانن. ئێستا ئێمە چۆن دەتوانین پەیام و داخوازی و ستراتیژیی خۆمان بە گوێی چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی ئێران بگەیەنین؛ یەکێک لە ڕێکارەکان ئەوەیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بن و ئەم بزووتنەوانەش نابێ تەنیا بە ئێتنیک یان نەتەوەیەک ببەسترێتەوە کە ئەوە هەمان سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە. ئێمە

بەشی دوویەم

بەخۆشییەوە ئێستا لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەسەر ئەوە کار دەکەین کە تەواوی نەتەوەکان و ئیتنیکەکان بۆ ئێران داهاتوو هاوکار و هەماهەنگ بن و ئەو بزووتنەوەیە شکڵێکی گشتگیرتر بەخۆیەوە بگرێ.

**پرسیار**: دوورەدیمەنی پڕۆژەی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە لە پڕۆژەی خۆماندا و لە ئێستادا بە دوای لانیزۆرەکانەوە نین، بەڵکوو جەخت لەسەر لانیکەمە هاوبەشەکان دەکەین. هەروەها نابێ لە بابەتە گشتییەکانەوە بچینە نێو وردەکارییەکانەوە. لانیکەمەکان کە لەو کۆنفرانسەدا قسەمان لەسەر کرد و دەبێ لەگەڵ کەسانی دیکەش قسەیان لەسەر بکەین. چونکە لەو بزووتنەوەیەدا هێندێک جار لەلایەن هێندێک لە گرووپگەلی سیاسیەوە پشتیوانی لە ڕادیکاڵیزم و توندئاژۆیی دەکرێ. هەروەها قسەکردن لەسەر لانیزۆرەکان بە مانای یەکلاکردنەوەیە. بە بڕوای من ئەوە دەتوانێ ستراتیژییەکی شیاو بێ و بوار بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە خۆش بکات و ئەوکات ئێمە ئەو پرۆسەیە لە درێژەی کاری خۆیدا دەتوانێ ببێتە نەخشەڕێگای سیاسی ئێمە و چۆنیەتیی کارکردنی مەیدانی بۆ سەرخستنی بە بەشداریی هەمووان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: نایەکگرتوویی و گوتاری جیاوازی هێزە سیاسییەکان لە شۆڕشی ژینادا زەبری گەورەی لە بزووتنەوەکە دا




**وتووێژ: دەنگی کوردیی ئەمریکا**

**ئاماژە:**

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نوێترین وتووێژی لەگەڵ دەنگی کوردیی ئەمریکادا ڕاشکاوانە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری لەبارەی دواگۆڕانکارییەکانی کوردستان و ئێران، دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ستراتیژیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە بارودۆخی نوێی ناوچە، گرژی و ئاڵۆزیی نێوان حیزبە سیاسییەکان و دوورەدیمەنی خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران داوەتەوە.**

**کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی حیزبەکان هەرکام بەتەنیا کاری دیپلۆماسی دەکەن و شاندێکی نوێنەرایەتیی کوردی بۆ دیپلۆماسیی کوردی نییە، گوتی: لە بنەڕەتڕا دەبێ وابێت و هیوادارم بەرەو ئەوە بڕۆین. هەرچەند ئێستا بە جۆرێک کۆمەڵێک کێشە و گرفت و ناکۆکی لە نێوان حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەت لە**

پێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی ژینا و چۆنیەتی تەعامولکردن لەگەڵ پرس و لایەنەکانی ئێران هەیە. بەڵام هەمووی ئەوانە بۆ دەرسوەرگرتن دەبێت و ئێستا خەریکین بە جۆرێک ئەو قۆناغەش تێپەڕێنین.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتیی نێوان ئێران و عێراق لەسەر حیزبی دێموکرات چ بوون، گوتی:** ئێمە گوتوومانە کە نامانەوێ و ناشبینە هۆی کێشە و ئاستەنگ بۆ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم. تا ئەو جێگەی پێوەندی بە مەسەلەی چەکداربوونی ئێمەوە هەیە، لەڕاستیدا ئەوە زۆرتر پێوەندی بە نێوخۆی عێراقەوە هەیە و ئێمە بە حکوومەتی عێراق، حکوومەتی هەرێم و نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیشمان گوتووە کە لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هیچ چالاکییەکی نیزامی دژی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆیی ئێراندا ناکەین. شۆڕشی ژینا لە یەکساڵی ڕابردوودا جارێکی دیکەش بە هەمووانی سەلماندەوە کە جوغرافیا و مەیدانی خەباتی ئێمە نێوخۆی ئێران و کوردستانی ئێرانە و ئەوەیکە ئێمە لە کوردستانی عێراقین لە رووی ناچارییە. ئەوە کۆماری ئیسلامییە شەڕی نیزامیی بەسەردا سەپاندووین و ئێمە ناچار بووین بۆ بەرگری لە خۆمان دەست بۆ چەک ببەین و هێزی پێشمەرگەمان هەبێت. ئێستاش هەموو قورسایی کار و خەباتی ئێمە لەسەر ئەوەیە خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە کەمترین خەساری گیانی بتوانێ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی، نەتەوایەتی و دێموکراتیکی خۆیاندا بمێننەوە.

**خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا هەتا کەی لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا خەبات و بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێتە قوربانی،** تیشکی خستە سەر ئەوە کە قەت لەو باوەڕەدا نەبووین ڕۆژهەڵات بکەینە قوربانیی پارچەیەکی دی، بەڵام باوەڕمان ئەوەیە دەبێ ڕاستییەکان دانیان پێ دابنێین کە هەرێمی کوردستان بەرژەوەندیی خۆی و پێداویستیی خۆی هەیە و قەت ئارەزوو ناکەین ئەو بەشە لە نیشتمان لەسۆنگەی ئێمەوە ببێتە بەشێک لە کێشە لەگەڵ ئێران. وەک باسم کرد کوانووی خەباتی ئێمە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە و ئەگەر لێرە لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقدا گۆڕانکارییەک لە شوێنی کار و تێکۆشانی هێزەکانمان ڕوو بدا، ئەوە بەو مانایە نییە لایەک کراوەتە قوربانیی لایەکی دی. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە درێژەی باسەکاندا هەڵوێستی لە بەرانبەر ئەو پرسیارەدا گرت کە بۆچی لە شۆڕشی ژینادا لە خەڵکی نێوخۆ دابڕان و گوتی: حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە بەشداریی لەو ڕاپەڕینەدا کرد و بە سیاسەتی زۆر دروست و مەنتیقی خەڵک و ڕاپەڕینەکەی هیدایەت کرد و هەر ئەوە کە لە شنۆیە ڕا هەتا جوانڕۆ دروشمی "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" بەرز کرابۆوە پێشان دەدا هیچ دابڕانێک لەنێوان خەڵک و حیزبی دێموکراتدا نەبووە و نییە. هەر ئەوەش بوو تاقەتی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگرت و بە مووشک بنکە و بارەگا و شوێنی ژیانی خەڵکەکەی ئێمەی لە باشووری کوردستان کردە ئامانج. ئەوەش کە ڕاپەڕینەکە پاش ماوەیەک دامرکایەوە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە نابێ ئەو چاوەڕوانییە هەڵەیەمان هەبێت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کورد و خەباتی مەدەنی و جموجۆڵی پێشمەرگانەی

کوردستان دەڕووخێت. بەڵام گرینگ ئەوە بوو ئێمە قوورسایی خۆمان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و دوورەدیمەنی ئێرانی داهاتوو پێشان بدەین و ئەو ڕاپەڕینانە و خەسارناسیی دەسکەوت و لێکەوتەکانی بکەینە هەوێنی بەرەوپێشچوونی خەباتەکەمان.

**خالید عەزیزی لە شیکردنەوەی ئەو بابەتەدا کە نابێ ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێت کە ڕێژیم بە کورد و خەباتی پێشمەرگانە و مەدەنیی دەڕووخێت،** تیشکی خستە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو خەڵکی ئێران دەڕووخێ و یەکێک لە کەمایەسییەکانی جووڵانەوەی ژینا ئەوە بوو کە زۆربەی زۆری شارە گەورەکانی ڕەگەڵ نەکەوت، ئەگەرچی بەشداریی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو. بۆیە پێویست دەکا ڕێوشوێنێک بدۆزریتەوە و بەرەو ئەوە بڕۆین کە لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هەموو خەڵکی ئێران یەکگر و پێکەوە لە مەیدانەکەدا بن. چارەسەری پرسی ئێمەش وەک کوردی ئێران لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدایە و دوو ڕێگامان لە بەردەمە: ڕێگایەک ئەوەیە ئەو نیزامە نەمێنێ و بۆ نەمانی ئەو نیزامەش ئێمە دەبێ لایەنە غیرە کوردییەکانی ئێران لەگەڵ خۆمان بخەین. دووهەم لەنێو ئەو نیزامەدا ئەگەر پێیان وایە دەبێ ئاڵوگۆڕێک لە خۆیدا پێک بێنن گوێیان بدەینێ و دەرگای دیالۆگ و وتوویژ بکەینەوە، ئەگەر بەڕاستی کەسانێک لەو نیزامەدا باوەڕیان بەوە هەبێت. لە تەواوەتیی خۆیدا ئێمە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێران و ئەگەر بگونجێ لە داهاتوودا هەر لە تارانی دەبینین. کێشەی کوردی ئێران لە واشینگتۆن، پاریس و لەندەن چارەسەر ناکرێ و دواجار هەر لە نێوخۆی وڵاتدا چارەسەر دەکرێ.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەوەدا کە بۆچی حیزبی دێموکرات چالاکییەکی ئەوتۆی نییە و پێچەوانەی ڕابردوو خۆ لە پارتی دێموکرات نیزیک دەکاتەوە و بەو پێیەش لە یەکیەتیی نیشتمانی دوور دەکەوێتەوە، گوتی:** چالاکییەکانی ئێمە بەپێی توانای خۆمان لە نێوخۆی وڵاتە و دیار و بەرچاویشە و ئەگەر کەسێک چاو لە مێژووی ئەم حیزبە لە چوار دەیەی ڕابردوودا بکا و ئەوەی بەسەریی هاتوە لە گرتنی ئەندامان و تێرۆر و کوشتنی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی و مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی ئەدی ئەگەر ئەوە نیشانەی چالاکیی حیزب نەبێت، بۆچی ئاوا لەلایەن ڕێژیمەوە پەلامار دەدرێت؟ بەڵام لەبارەی بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان ئێمە یەکیەتیی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان وەک دۆست چاو لێ دەکەین. ئێمە لە خاکی کوردستانی عێراقین و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای کێشە و ئاریشەکانی نێوخۆیان کە ئارەزووم دەکرد ئەو قەیران و کێشانە نەبوایە، لە نەزەر ئێمەوە دەسەڵاتێکی قانوونیی ئێرەیە و حیزبی دێموکرات دەبێ ڕێزی بۆ دابنێ. ڕاستە ئەوە حەقیقەتێکی زۆر تاڵە و ناخۆشە حیزبێک تەمەنی ٨٠ ساڵ بێت بەڵام زۆربەی زۆری ژیان و ناوەندی بڕیارەکەی لە کوردستانی عێراق بووە. لە حاڵێکدا خاڵی بەهێز بۆ حیزبی دێموکرات ئەوە نییە هێزی پێشمەرگەی هەیە و بەرگریی چەکداریی کردوە، بەڵکوو خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لەنێو خەڵکیدا دروست بووە و ئەو خەڵکە لە نێوخۆی وڵات لە هەموو ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکان لەگەڵی بوون و دەشمێننەوە.

**خالید عەزیزی لەبارەی ڕاگرتنی خەباتی پێشمەرگانە لە هەلومەرجی ئێستادا گوتی:** ئێمە قەت لەوە باوەڕەدا نەبووین کە کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران بە شەڕ چارەسەر دەکرێ، مخابن کە ئێمە شەڕمان بەسەردا سەپاوە. ئێمە ئەوەمان وەک مێتۆد بۆ خەباتی مافخوازنەمان هەڵنەبژاردوە، بۆیە لە بەرانبەر ئەوەدا پتر مێتۆدی ڕێکخستنی جەماوەری، تێکۆشانی میدیایی، خەباتی دیپلۆماتیک لەدژی ڕێژیممان ڕەچاو کردوە. ئێمە نامانەوێ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەباتی جەماوەریی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی هەر بە هێزی ڕەقئامێری و هێزی چەکداری پێناسە بکرێ، نا وانییە. هێزی گەورەی ئەو جووڵانەوەیە کۆمەڵانی خەڵکە لە نێوخۆی وڵات و خەباتی پێشمەرگانەش جێگەوپێگەی خۆی هەیە و ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات بەپێی توانامان لە هەموو ئەو بوارانەدا تێکۆشانمان بووە. بەڵام سیاسەتی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بایەخدان بە خەباتی سیاسی و جەماوەری و مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتە. ئەمن پێموانییە وەختی سیاسەتی نەرم و جووڵانەوەی جەماوەری و مەدەنی بەسەرچووبێ و تاکەڕێگا هەر چالاکیی پێشمەرگانە بێت. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بزووتنەوەیەکی مافویست و شوناسخواز و دێموکراتیکە و کاتی خۆیشی هەموو هەوڵێکمان دا لەڕێگەی وتووێژەوە چارەسەری ئەو پرسە بکەین، بەڵام بەداخەوە شەڕیان بەسەردا سەپاندین و ئێمەش ناچار بە بەرگری لە خۆمان بووین.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە ئاستە لە لێکتێگەیشتن گەیشتوون مەترسیی شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیی لەنێوانیاندا ڕوو نەداتەوە، گوتی:** جووڵانەوەی ژینا دەری خست ئەگەر ئێمە حیزبەکانی کوردستانی ئێران و خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران یەکگرتوو نەبین، لە هەر ئاڵوگۆڕ و سیناریۆیەک بۆ داهاتووی ئێران چ بە ئاشتی و وتووێژ بێ و چ بە شەڕ، ئێمە دۆڕاوی گۆڕەپانەکە دەبین. با زۆر بەڕاشکاوی بڵێم بۆ؟ چونکی لەو حاڵەتەدا ئەوە دەسەڵاتە بڕیاری کۆتاییەکەی بە سەرتدا دەسەپێنێ و دەسەڵاتیش لە تارانە. ئێمەش ئەو فاکتۆرە بەهێزەی دەسەڵات نین لە تاران، جا بۆیە دەبێ ئەم واقعییەتە قەبووڵ کەین کە زەرفییەت و تواناکانی ئێمە وەک کورد لە ئێراندا سنووردارە و ئەگەر قەرار بێ ئەو زەرفییەت و توانا سنووردارەش بۆ کێشە و شەڕی نێوخۆیی و پاکانەحیساب تەرخان بکەین؛ ئەوە بەسەر دۆخێکی زۆر خراپمان دادەخا و هیوادارم قەت ئەو ڕۆژە نەبینین. بەتایبەت ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ژینا ئەو وانەیەی بۆ ئێمە تێدا بوو کە ئەگەر ئێمە وەک کورد بمانەوێ لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان بە چەپ و ڕاست و موجاهیدن و لیبرال و کۆماریخوازەکان بکەوینە دانوستان و مامەڵەوە؛ دەبێ لە نێوخۆماندا یەکڕیز و یەکگرتوو بین. ئێمە بینمان کە نایەکگرتوویی و بۆچوونی جیاوازی ئەو قۆناغەمان زیانی لە بزووتنەوەی کورد دا و ئەوە دەبێ بۆ ئێمە بووبێتە ئەزموون.

**خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژەدا و لەبارەی سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەهەمبەر ئێران کە زیاتر پشت بە گەمارۆ دەبەستێ،** ڕەخنەی لەو سیاسەتە گرت و گوتی: گەمارۆکان هەتا ئێستاش زیاتر کاریگەریی لەسەر خەڵک بووە،

بەشی دوویەم

چونکی کۆماری ئیسلامی هەم توانیویەتی لە دنیای چەند جەمسەریی ئێستادا گەمارۆکان دەور لێبداتەوە، هەم بە پێچەوانەی مەبەستی گەمارۆکان بەرنامەی ئەتومی و پرۆژەکانی درۆنسازی و مووشەکیی خۆی پەرە پێبدات تا ئەو ئاستە لەگەڵ تێکنۆلۆژیی نیزامیی ئەمریکا و ڕووسیە ڕکەبەری بکات. لەم ڕووەوە گەمارۆکان ناتوانن ڕێژیم بڕووخێنن و ئێران پێویستە لەباری سیاسی و دیپلۆماسییەوە بخرێتە ژێر گوشاری زیاتر، پەراوێز بخرێ و دەرفەتی هەناسەدانی نەمێنێ. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا بارگرانییەکی زۆر لەسەر ڕێژیم دروست نەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هاوخەباتیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و ئیرادەی گشتیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەی دەوێ




**وتووێژ:"کوردکاناڵ"**

### ئاماژە:

**کاک خالید عەزیزی لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" تازەترین هەڵوێست و خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەنیسبەت پرسە ڕۆژەڤەکانی نێوخۆیی و ناوچەیی دەربڕی. هەروەها وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری گرینگ و هەستیاری لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی دایەوە. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**کوردکاناڵ**: ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە مووشەکهاوێژییەکانی و ئاڵۆزترکردنی پتری ناوچە؟

**خالید عەزیزی**: ئامانجەکانی زۆر ڕوونە، کۆماری ئیسلامی لە ئیدارەی نێوخۆی وڵات لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەرەسی هێناوە و تێدەکۆشێ لەو ڕێگەیەوە هەم پێش بە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک بگرێ و

هەمیش بیروڕای گشتیی جیهان و نێوخۆی وڵاتیش بەلاڕێدا ببات. ڕێژیم دەیهەوێ لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دوژمنێکی خەیاڵی بۆ خەڵکی ئێران دروس بکات و بەوە ناکارامەیی خۆی و قەیرانە نێوخۆییەکانی وڵاتی پێ پەردەپۆش بکات. یانی لە ڕاستیدا ڕێژیم بە دوای شەڕدا دەگەڕێ و ئەو قەیران و ئاڵۆزی و ناسەقامگیرییەش کە لە عێراق و ناوچەلەدا دروستی کردوە، زۆرتر لەو پێوەندییەدایە. لەنێوخۆی وڵاتیش دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی زەبروزەنگ و کوشتن سیاسەتی هەمیشەیی ڕێژیم بووە، ڕێژیم لەو ماوەیەدا بە ڕەشبگیر و ئێعدامەکان توندتر بەرەوڕووی خەباتی مافخوازیی خەڵک بۆتەوە. لە بەرانبەریشدا خەڵکی ئێران زۆریان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دەبێ لەو خەباتە بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بن. بۆیە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەردەوام دەبێ و ئەو شەڕە نیابەتییەش کە کۆماری ئیسلامی لە ناوچە هەڵیگیرساندوە ناتوانێ هەتا سەر بێت و دروستبوونی قەیرانێکی زۆر گەورەتری لێ دەکەوێتەوە.

**کوردکاناڵ**: ناڕەزایەتییەکان بۆچی پتر لە ناوچە پەراوێزەکانن و ناوەند و شارەگەورەکانی کەمتر گرتووەتەوە؟

**خالید عەزیزی**: ئەوە ڕاستە کە لە شارە گەورەکان و بەتایبەت پێتەختی وڵاتە کە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی یەکلا دەبێتەوە، بەڵام هۆیەکەی ئەوەندەی بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە هەوڵی داوە جووڵانەوەی سیاسیی کوردستان بە جووڵانەوەیەکی تەجزییەتەڵەبی دابنێ و بەو بیانووە هەم هێرش بکاتە سەر حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی کوردی و هەم خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیان لێ دڕدۆنگ بکا. دوایەش بەردەوام بانگەشەی ئەوە بکا کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان دوژمنانی ئێران لە کەمین دان و دەیانهەوێ ئێران دابەش و لەتوپەت بکەن و ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیەی ڕابردوودا تا ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر خەڵک بە تایبەت لە شارە ناوەندی و گەورەکان دانابوو و ئەو خەڵکە نەیاندەزانی پرسی کوردستان چییە. ئەو ئەزموونە بە ئێمە دەڵێ دەبێ تێ بکۆشین لە دەروەی کوردستانی ئێران و لەنێو خەڵکی ئێراندا دۆست و لایەنگر و هاوپەیمانی زۆرتر پەیدا بکەین. بەخۆشییەوە دوای جووڵانەوەی ژینا ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و هیوادارم لە داهاتوودا ئەو جووڵانەوانە زۆرتر شارە گەورەکانیش بگرێتەوە. ڕێگای دیکەش بۆ چارەسەری ئەو کەمایسییە لە خەباتی خەڵکی ئێراندا ئەوەیە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانییش چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوە زۆر بەڕاشکاوی و بە سەراحەت لەسەر ئەوە بێنە دەنگ بۆ ئەوەی قورساییەکە بەتەنیا نەکەوێتە سەر کوردستان و بەلووچستان کە دواتر بە کەیفی خۆی و بە بیانووی تەجزیەتەڵەبی ئەو خەڵکە سەرکوت بکات. بەتایبەت کە ناڕەزایەتییەکان دەست پێ دەکەنەوە. هۆکارەکانیش بۆ ئەمە زۆرن. یەکەم کۆماری ئیسلامی چۆتە نێو گەمەیەکی نێودەوڵەتی و یارگیرییەک کە لەوێدا خراپی بەسەردا دەشکێتەوە. لەوێ یاریی سیستمە خراپەکانە بە ڕووسیە و کۆرەی باکوور و تا ڕادەیەکیش چین و بەو گرووپە نیابەتییانەی لە ناوچەکەدا دروستی کردوون و شەڕیان پێ دەکات. ئەوە یەک بە هۆکاری نێودەوڵەتی کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لەڕاستیدا ئیعتباری خۆی لەدەست داوە.

بە هۆکاری ئابوورییش، ئابووریی وڵاتی دەوڵەمەندی ئێران لەسۆنگەی سیاسەتی دەرەکیی ئەو ڕێژیمە و گەندەڵیی سیستماتیک لە نێوخۆی لە دارماندایە و لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵگەی ئێران تووشی جۆرێک هەرەسهێنان بووە. بۆیە کۆی ئەو حاڵەتانە لە کۆمەڵگەدا نارەزایەتیی بەرینی لێ دەکەوێتەوە.

**کوردکاناڵ**: ئایا نیزامی سیاسی یەکدەستە، یان لە چوارچێوەی نیزامیشدا دەنگی ناڕازی هەیە؟ ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمدا چییە؟

**خالید عەزیزی**: بەڵێ دەنگی ناڕازی بوونی هەیە و ئێمە دەبێ ئەو دەنگە ناڕازییانەش ببیستین. نیزامی کۆماری ئیسلامی سیستمێکی ئیدئۆلۆژیکە و سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکان دەبێ لەنێو خۆیاندا پرسیاریان لەسەر دروست بێت، هەروەک چۆن ئەوە لە یەکیەتیی سۆڤییەتدا ڕووی دا و دیمان کە گۆرباچۆڤ هات و گوتی ئەو سیستەمە چیدی ناتوانێ ئیدارەی وڵات بدا و بەدوای ئەوەدا یەکیەتیی سۆڤییەت هەڵوەری. بە باوەڕی من زۆر گرینگە لە نێوخۆی ئەو نیزامەدا کەسانێک کە باوەڕیان بەو ئینقلابە بووە و تێیدا بەشدار بوون و بەڵام ئێستا دەزانن دەرەنجامەکەی سیستمێکی زۆر خراپە بێن و پرسیاری لەسەر دروست بکەن. بۆیە پێموایە ئێمە دەبێ مەجالێکیش بۆ ئەوە بێڵینەوە کەسانێک کە پێشتر خۆیان بەشێک لەو ئینقلابە بوون بێن و باس لە ناکارامەیی و زەرووەتی گۆڕانی بکەن. مەسەلەکە ئەوەیە دنیا بەرەو دێموکراسیی پتر دەچێت و هەمووان دەزانن نیزامە سیاسییە دیکتاتۆڕەکان هیچ داهاتوویەکیان نییە. بەڵام لێرەدا مەسەلە ئاڵترناتیڤە کە زۆرمان قسە لەسەر کردوە. ڕاستە کە خەڵک لە مەیدانی خەباتەکەدان، دەگیرێن، حوکم دەدرێن و ئێعدام دەکرێن و بە مانگرتن و خۆپێشاندان بەتایبەت لە کوردستان بەردەوام تێچوو دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا هەتا ئاڵتێرناتیڤێک نەبێ و ئەو ئاڵتێرناتیڤە لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا مەترەح نەبێ، هاوکێشەکان لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی ناگۆڕدرێن. دەبێ ئەو ترس و تەوەهومەی هەڵوەشانی ئێران بڕەوێتەوە و دەبێ خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانی فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ و هەموو بەیەکەوە بببنە ئاڵترناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی.

**کوردکاناڵ**: پشکی کورد لە ئێرانی داهاتوودا؟

**خالید عەزیزی**: **یەکەم**. مادام ئێمە باوەڕمان بە فیدراڵیزم و دابەشین و هاوبەشی لە دەسەڵاتدا هەیە و پێمانوایە کە دەبێ خوێندنەوەیەکی دیکە لە نیزامی سیاسی و قانوونیی ئێران بکرێت، پرۆژەشمان ئەوەیە کە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەتوانین وەدی بێنین. هەڵبەت جاری وایە خوێندنەوەیەکی غەڵەت دەکرێ کە ئەمە سیاسەتی حیزبی دێموکرات نییە و لێرە و لەوێ کە باسی میللییەتەکانی ئێران دەکرێ، هیندێک لایەن فارسەکان

هەڵداوێرن کە ئێمە ئەوەمان پێ دروست نییە. هیچ ئیدارەیەکی داهاتووی ئێران لە هەر سیستمێکدا بە فیدراڵیزمیش سەرکەوتوو نابێت ئەگەر فارسەکانیش وەک میللەت لەگەڵدا نەبن. یان تەنانەت ئەگەر تورکەکان لەگەڵدا نەبن دیسان پرۆژەکە کەمی دێنێت. بۆیە سیاسەتی کورد ئەوەیە بە چاوی دۆست چاو لە هەموو ئەو میللەتانە بکا و ئێمە کێشەمان تەنیا لەگەڵ نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی هەیە و بە هیچ جۆرێک کێشەمان لەگەڵ نەتەوەی فارس، نەتەوەی تورک و لایەنەکانی دیکە نییە. ئەو پەیامە تێکۆشەرانی کورد لە کوردستانی ئێران لە بوارەکانی جۆراوجۆردا و بەو پێوەندییانەی لەگەڵ فارس و تورکەکان و لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی ئەوان بوویانە، گەیاندوویانە. ئەوە ڕێگا خۆش دەکا بۆ ئێوە دەبێ مەرکەز پایتەخت نشیینەکان لە ئێمە تێ بگەن بۆیە بە باوەڕی من تەوەجۆ بە نەقشی پایتەخت بە نەقشی فارس لەداهاتووی ئێران دا ئێمە دەبێ جیددی بگرین و زۆرتر ئەوان کەین بە مۆخاتەب.

**دووهەم**. شۆڕشی ژینا ئەزموون و وانەی زۆری تێدا بوو. لەلایەک بەخۆشییەوە مەسەلەی کورد لە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر مەترەح بوو و خەڵکێکی زۆر ئێستا باشتر لە پرسی کورد تێگەیشتوون. هەروەها پەرەی بە یەکگرتوویە و یەکڕیزی و کۆدەنگییەکان داوە و ئەوەش دەرەنجامی ئەو کێشانە بوو کە ئەوکات بەهۆی توندڕەویی هیندێک لایەنی ناوەندگەرا و دژکردەوەی ئیحساسی لە بەرانبەر ئەو باسانەدا دروست بوون و دەبێ لێی تێ پەڕین. حیزبی دێموکرات پێیوایە سیاسەتێکی هاوسەنگ و میانەڕەوانە دەتوانێ بەستێنێکی باش بێت بۆ ئەوەی هەمووان خۆی تێدا ببیننەوە. ئێمەش وەک کورد پێویستیمان بە یەکڕیزیی پتر هەیە، هەرچەند ڕووی قسەم لە حیزبە سیاسییەکانە، چونکی لە جەریانی شۆڕشی ژینادا خەڵک لە نێوخۆی وڵات یەکگرتوو بوون و لە هیچ شتێک درێخییان نەکرد کە جێگەی شانازی و پێزانینە، بەڵام حیزبەکان تا ڕادەیەکی زۆر تووشی پەرتەوازەیی ببوون. هۆکاری ئەوەش عەقڵییەتی تەسکبیریی حیزبییە کە بەداخەوە لەنێو جووڵانەوەی کورددا بووەتە کۆسپ و دەبێ هەمووان ئەو قۆناغە بەجێ بێڵین. ئێمە پێویستە بەسەر ئەو دابڕانەدا زاڵ بین و باوەڕمان بەوە هەبێت کە لە نێوخۆی ئێران دەتوانین بەسەر ئەو ڕێژیمەدا زاڵ بین، بۆیە دەبێ ناکۆکی و کێشەکانی خۆمان لە دەرەوەی سنوورەکان بەجێ بێڵین و بگەڕێینەوە نێو خەڵکی خۆمان و لە دەلاقەی دۆخی نێوخۆ و پێویستییەکانی ئەو دۆخەوە بۆ خەبات و پێوەندییەکانمان بڕوانین.

**کوردکاناڵ**: تێڕوانینتان بۆ شۆڕشی ژینا و ئەو دەرفەتانەی بۆ حیزب و بزووتنەوە درووست بوو؟

**خالید عەزیزی**: ئەمن پێموایە لە دەرفەتەکان باش کەلک وەرگیرا. یەکەم ئێعتبار و قورسایی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەباشی دەرکەوت کە ئەمە نیشانەی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزب و پێوەندیی هەمیشەیی لەگەڵ خەڵکی کوردستان بوو. دووهەم شت پێداگری لەسەر سیاسەتی دروستی حیزبی دێموکرات بوو کە سیناریۆ و بەرنامەی

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی مایەپووچ کردەوە. سێهەم شت ئەو پەیامە بوو کە بە لایەنە ئێرانییەکانی دا، ئەویش ئەوە کە داهاتووی ئێران بەبێ بەشداری کورد دروست نابێتەوە. هەروەها ئەو پەیامەش بە لایەنە نێودەوڵەتییەکان درا کە پرسی کورد لە ئێران فاکتەرێکی دیاریکەرە لە داڕشتنەوەی داهاتووی ئەو وڵاتەدا و ئەو دوو پەیامەش بەو تایبەتمەندییە کە کورد و پرسی کورد نەک هەڕەشە بەڵکوو بە دەرفەت ببیندرێ. لە شۆڕشی ژینادا هەستی نەتەوایەتی و کوردانەی ئێمە لە نێوخۆی وڵات بەهێزتر خۆی نواند، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەم بزووتنەوەیە پێویستیی بە بەردەوامی هەیە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاری سیاسی و کاری حیزبایەتی بێ ئیشکال نییە و ئێمە دەبێ خەسارناسیی ئەوە بکەین لە کوێدا هەڵەمان کرد و لە چیدا وەپاش کەوتین؟ ئەمن لاموایە ئیشکالێک کە هەموو لایەنێکیش دەگرێتەوە ئەوە بوو کە شۆڕشی ژینا هەموو هەموومانی خافڵگیر کرد، بەڵام بە حوکمی نیزیکیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵک تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان کرییەوە. لە شوێنێکی دیکەش لەڕاستیدا ئێمە کۆمەکمان بە عەقڵییەتێک کرد لەنێو ئێرانییەکان کە ئیدارەی داهاتووی ئێران دەبێ حیزبەکان و بەپێی ڕێککەوتنەکان بیکەن نەک سێلیبریتیەکان و هەروەها لایەنە ئێرانییەکان فێر بکەین بیر لە سازماندەهی و خۆڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەیی بکەنەوە.

**کوردکاناڵ**: ئێران بە کورد ناڕووخێ، ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەن؟

**خالید عەزیزی**: کورد لە ئێران هەموو ڕەهەندەکانی خەبات دژی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانی ئەزموون کردوە. خەباتی دیپلۆماسی و وتووێژ، خەباتی مەدەنی و جەماوەری و کاتێکیش شەڕمان بەسەردا سەپاوە بەرگریمان کردوە و دەستمان بەرنەداوەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرینەوە کە ئێمە میللەتێکی شەڕخواز نین، بەڵام مافخوازین و دەبینن کە سەرەڕای شەڕ و کوشتن و ئێعدام و تێرۆر و مووشەکباران لەبەین نەچووین و هەر ماوین. ئەوەی دەبێ نەمێنێ ئەو ڕێژیمەیە و کە گوتوومە بە ئێمە ناڕووخێ، مەبەستم ئەوەیە تەنیا بە ئێمەی کورد و حیزبی دێموکرات ناڕووخێت. ئەوە یانی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە هاوخەباتیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و ئیرادەی گشتیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە هەیە.

لایەنێکی دیکەی ئەو قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئامانج و ریسالەتی حیزبی دێموکرات و کورد لە ئێران کە تەنیا وەک لایەنێکی "بەرئەنداز" پێناسە نەکرێین. کورد نەتەوەیەکی خەباتکارە کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد ماف و ئازادییەکانی ئەو گەلەی دەوێ و هاوکات ئامادەین لە داڕشتنەوەی سیاسی و دێموکراتیکی ئێرانی داهاتووشدا بەشدار بین. کەواتە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئەرکێکی گشتیی هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی ئێرانە و نابێ و ناکرێ ئەمە تەنیا کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی بۆ ئەرکدار بکرێ و لەوەدا قەتیس بکرێت. بەراوەردێکی گرتن و کوشتنەکان، ئێعدامەکان،

تێرۆرەکان و سەرکوتی خەڵکی کوردستان بکەین، چ نەتەوەیەک ئەوەندەی بۆ دێموکراسیخوازی و ئازادی تێچوو داوە و بۆچی دەبێ ئەرکی قورسی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەر شانی کورد بێت؟

**کوردکاناڵ**: کێشەی کورد و لایەنەکانی دیکەش لە تاران چارەسەر دەبێ، بۆچوونێکی ئێوە کە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت. بۆچی پێتان وایە تاران شوێنی چارەسەری پرسی سیاسیی کوردە؟

**خالید عەزیزی**: لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران و زۆرێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان ئەوە بووە هەرکات ئەمریکا هەڕەشەیەکی لە ئێران کردوە یان کە ناوگانێکی نیزامیی ئەمریکا هاتۆتە کەنداوی فارس، یان هەر جارێک ئیسرائیل هەڕەشەیەکی لە ئێران کردوە یان لەهەر جێیەک لە ئێرانیان هەڵپێچاوە، ئیدی پێیان وا بووە شەڕە گەورەکە تووشی ئێران و کۆماری ئیسلامی دەرووخێ. بەشێکیش پێیان وا بووە کە پرسی ئێمە و پرسی دێموکراسی و داهاتووی ئێران لە دەرەوە چارەسەر دەکرێ. بە باوەڕی من ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ خۆمان سازمان بدەین، یەکریز و یەکگرتوو بین و دامەزراوەی جۆراوجۆرمان هەبێ و لە هەموو دەرفەتەکان کەڵک وەربگرین. دامەزراوە ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، مەدەنی، ژینگەیی و ڕێکخراوەکانی دیکەمان بەهێزتر بکەین. هاوکات لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێرانی پێوەندییەکانمان بەرینتر ببێت و پرسی کورد بکەین بە پرسێکی سەرەکی لە ئاستی ئێراندا. جا ئەگەر پرسی کورد بووە ئەو پرسە جدییە چ لە ڕێژیمدا ئاڵوگۆڕێک بێتە پێشێ کە بە دووری دەبینم، یان لە ئەگەری گۆڕانکاریی بنچینەیی ئەوا دیسان ئەو باسە نەک لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکوو لە تاران یەکلا دەبێتەوە.

**کوردکاناڵ**: کورد و ئازەرییەکان، دوورەدیمەنی ململانێ و ئەگەرەکان؟

**خالید عەزیزی**: هەروەک چۆن لە سەردەمی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجاندا پێوەندییەکی باش لەنێوان مەهاباد و تەورێزدا هەبوو و کێشەکانی نێوانیان بە دانوستان چارەسەر دەکرد و وەک دوو دەسەڵاتی دیفاکتۆ ببوون بە ئەمری واقیع و ئیعترافیان پێ کرا؛ ئێستاش ئێمە وەک دوو نەتەوەی دراوسێ دەبێ دان بە بوونی یەکتر دابنێین و کێشە و ناکۆکیی نێوانمان بێنینە سەر مێزی قسە و دیالۆگ.

لێرەدا مۆشەخەسەن پێشنیار دەکەم لەو ناوچەیەی ئەوان بە بە ئوستانی ئازەربایجانی غەربی و ئێمە بە پارێزگای ورمێی ناو دەبەین و بەحس و کێشەشی لەسەرە؛ تێبکۆشین لەگەڵ تورکەکان دۆستایەتیمان هەبێ و ئەنجوومەنی هاوبەش بۆ لێکتێگەیشتن و کاری پێکەوەیی پێک بێنین بۆ ئەوەی سبەینێ ئەگەر ئێران شێوا و ڕووخا کارەساتی دغەدە ڕوو نەداتەوە.

ئەو دوو نەتەوەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان پێویستییان بەوەیە لە تەرەفی یەکتردا پارتنەریان هەبێ و کەسێک هەبێ کە لەگەڵیان دابنیشین و پێش لە ڕووداوی ناخۆش بگرین.


**کوردکاناڵ**: داهاتووی حیزبی دێموکرات لە سایەی ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی ئێران و عێراق؟

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکرات حیزبی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانە و خەباتی ئێمە ئەو خەباتەیە خەڵک لەنێوخۆی ولات دەیکەن و ئەگەر دوای شۆڕشی ٥٧ شەڕمان بەسەردا نەسەپابایە، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ئێستا لە نێوخۆی ولات لەگەڵ ئەو خەڵکە و لە پرۆسەی سیاسیدا هەر ئەو خەباتە مەدەنی و جەماوەرییەی دەکرد. ئەوە سیاسەتی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و هیوادارم خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کاتێک بیر لە حیزبی دێموکرات دەکەنەوە حیزبی دێموکرات ئاوا پێناسە بکەن. هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیش وەک باڵی نیزامیی حیزب ئاکامی بەرگری و خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو لە دژی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی کردیە سەر کوردستان و هەموو ئەوانەش لە شانازییەکانی ئەو میللەتەیە. بەلام حیزبی دێموکرات هەر ئەو هێزە نیزامییە نییە و ئەمن هیوادارم ئێران زۆر زوو بەرەو ئەو بچێ و ئالوگۆڕی بەسەردا بێ و ئەو نیزامە سیاسییە نەمێنێ و ئەو وەختی نە ئێمە و نە تورک و نە فارس و نە هیچ میللەتێک بۆ چارەسەری کێشەکان و یا خوای نەخواسە پاکانەحیساب پەنا بۆ ڕێگە حەلی نیزامی نەبەین.

داهاتووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش زۆر ڕوونە و هیچ پرسیارێکی لە سەر نییە و هەر ئەوە خەباتەیە خەڵک لە نێوخۆی ولات بەخۆشییەوە دەیبەنە پێش. لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیشدا حیزبی دێموکرات تێدەکۆشێ لە حەدی خۆیدا زمانحاڵێکی باش و بەهێزی پرسی کورد لە ئێران بێت و لە ڕەهەندی پێوەندییەکان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ئێرانیشدا ئێمە پابەندین بەوەی ئێران پێکەوە ئیدارە بکەین و لەو جێگایەی پێوەندیی بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە ڕێزی ئێمە بۆ ئەوان لەجێی خۆیەتی و هەوڵ دەدەین وەک هەمیشە سیاسەتی بەرپرسیارانەمان درێژە پێ بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

## خالید عەزیزی: "ئێران" نەتەوە نییە، بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێک نەتەوە کە لەو جوغرافیایەدا پێکەوە دەژین



وتووێژ: بەشی فارسی "کوردکاناڵ"

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ساڵڕۆژی شۆرشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) وتووێژێکی دەگەڵ بەشی فارسی "کوردکاناڵ" کرد. لەو وتووێژەدا هەوڵ دراوە لە چەند ڕوانگەوە باسی چۆنیەتیی شۆڕشەکە و دەوری بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات بخرێتە بەرباس.**

**پرسیارێکی گشتی لەو وتووێژەدا ئەوە بوو کە بۆچی هەتا ئیستا دوای ئەو ٤٥ ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ئەوەیکە دژبەرانێکی زۆریشی هەبووە بەڵام توانیویەتی درێژە بە ژیانی سیاسیی خوی بدات؟**

کاک خالید عەزیزی بە ڕوانینێکی گشتی و لە بوارەکانی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی باسی لە کاریگەرییەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران کرد و پێی وابوو، ئێران لە ئاستی جیهانیدا وەک دیاردەیەکی تایبەت وابووە و کاتێک باسی دێموکراسی لە ئێران و ئەمنییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکرێ، بەبێ ئاماژەکردن بە ئێران ئەو پرسە ناتەواوە. لەو

ماوەیەشدا دژبەرانی ڕێژیم لەوانە گەلی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات کە بەشداریی چالاکانەیان لە بزووتنەوەکە هەبووە وەک هەموو خەڵکی دیکەی ئێران چاوەڕوانی ئەوە بوون سیستەمێکی دێموکرات لە ئێران دابمەزرێت و نەتەوەکانی ئەم جوغرافیایە بە ماف و ویستی خۆیان بگەن. هەروەها چونکە ئێران وڵاتێکی مەزن و دەوڵەمەندە دۆخی ئابووریی خەڵکیش بەرەو باشتربوون بچێ، بەڵام وەک دیتمان بەهیچ شێوەیەک ئەو چاوەڕوانییانە نەهاتوونە دی.

بەڵام بۆچی ئاوای لێ هات؟ لێرەدا کاک خالید ڕای وابوو؛ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕش ئاوایە، کاتێک حکوومەتێک دەڕووخێ و حکومەتێکی نوێ دادەمەزرێ، کەسایەتییەک کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی پێبووە جێگای دەگرێتەوە. لە ئێران ئایەتوڵلا خومەینی و دەوروپشتی خەڵکانی ئایینی بوون و کاتێک جڵەوی حکوومەتیان بە دەستەوە گرت ئاکامەکەی وەک دیتمان بەرەو دیکتاتۆری چوو، لەگەڵ ئەوەیکە خەڵک چاوەڕوانیی دیکەیان هەبوو. بۆیە ڕەنگبێ ڕووخاندنی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بە شێوەی شۆڕش هاسانتر بێ بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیکە دوای ڕووخان چۆن دەکرێ وڵات دابمەزرێنیەوە؟ کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکات کە دوای شۆرش جگە لە بازنەیەکی بەرتەسک ڕەوتەکانی دیکە خۆیان لەو ئاڵقەیەدا نەدیتەوە و نەیانتوانی بەشداری بەڕێوەبردنی وڵات بن، هەربۆیە ئەو ویستە نەهاتە دی و ڕەوتی ئیدارەکردنی وڵات بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشت.

**وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵامی ئەو پرسیارە کە؛ ئەو ٤٥ ساڵە چۆن تێپەڕیوە و دۆخی خەڵک بەو هەمووە قەیرانە ئابووری، سیاسی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتیە و زۆر کێشەی دیکە، بۆچی ئێران بەو ئاقارە گەییی؟**

لەسەر ئەو باوەڕە بوو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کەڵکاژۆی لە هەستی ئایینی و ناڕەزایەتیی خەڵک لەهەمبەر ڕێژیمی پاشایەتی وەرگرت و هەموو جومگەکانی لەدەست گرت و بەدوای ئەو خواستانە نەبوو کە زۆربەی خەڵک چاوەڕوان بوون وەدەستی بێنن، بۆ ئەوەیکە بەردەوام دەستەڵاتی لەدەست دابێ و تاکەهێز بێت جۆرێک سیاسەتی دەکرد و داخوازییەکانی ئازادیخوازان و دوارۆژی دێموکراتیکی ئێرانی وەبەرچاو نەدەگرت. شێوازی کاری ڕێژیمی ئێران ئەوە بووە کە گرنگی بە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە نەداوە و دەکرێ بڵێین خەڵکتەوەر نەبووە، بەڵکوو بەردەوام بەدوای ئەوە دەگەڕا چۆن هێزێکی زۆر وەدەست بێنێت و بەسەر خەڵکدا بیسەپێنێت.

**یەکێکی دیکە لە پرسیارەکان لەسەر ڕۆڵ و دەوری ئۆپۆزسیۆن و مانەوەی کۆماری ئیسلامی بوو، سەرەڕای ئەو هەمووە خەبات و بەرخودانە بەتایبەت لە کوردستان بەڵام ئەوە ڕێژیمە خۆی سەپاندوە و وازی نەهێناوە.**

کاک خالید لەم بارەیەوە پێی وابوو، بەشی هەرە زۆری خەڵک لە ئێران بەتایبەت نەتەوەکان دژی ئەو ڕێژیمەن، بەڵام

تەنیا بە دژایەتی و تووڕەبوون ئەو ڕێژیمە لەنێو ناچێت، بەڵکوو دەبێ خواستێک هەبێ کە بتوانین جێگرەوەی بۆ دابنێین، گرفتەکە ئەوەیە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە پێکەوە ئەو بەدیلە درووست بکەین. بەڵام کە دەڵێن ئەو نیزامە دەبێ بڕوا دەی باشە ئەدی کام نیزام جێگای بگرێتەوە؟ لەم بەشەدایە ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ڕێژیم نەیانتوانیوە بەداخەوە بەدیلێک دابنێن و جێگرەوەی ئەو ڕێژیمەی ئێستا بێ.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات، بە ڕوونی وەک ڕەخنەیەک لە ڕەوتە جۆراوجۆرەکان دان بەوە دادەنێت؛ خەڵک کاری خۆیان کردوە و دەیکەن بەڵام ئەوە حیزب و ڕەوت و ڕێکخراوەکانن کە خۆیان وەک ئۆپۆزیسیۆن پێناسە دەکەن، هەربۆیە پرسیارەکە جارێکی دیکە دووپاتە دەبێتەوە و هەوڵ دەدرێ باسی زیاتر لە پرسەکە بکرێ.** عەزیزی لەسەر ئەوە جەختی کردوە؛ بۆ ئەو بەشە کە سەدان ساڵە چالاکیی سیاسی لە ناوچەکە هەیە سەرچڵە پۆپەکەی شۆڕشیی ٥٧ بووە، لێرەدا دەبێ وێڕای هەموو جیاوازییەکان پێناسەیەکمان لە ئێران هەبێ، کە پێناسەیەکی درووست لەسەر ئەو جوغرافیایە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانی نەتەوەیی، ئایینی، کولتووری و سیاسی بکرێ. کاتێکیش ڕواڵەتی پرسەکە وێنا کرا دەبێ بەرەو چارەسەرەکان بڕۆین کە مۆدێلێکی ناوەندگەراییە، جۆرێکی دیکە بەشداریی گشتییە لە بەڕێوەبەری وڵات بەهەموو جۆراوجۆرییەکانیەوە. جگە لەوە کۆماری ئیسلامی لە پەراوێزدا هەوڵ دەدا لەنێو خەڵکدا ترس و تۆقاندن بڵاوە بکاتەوە کە ئەگە نیزام نەمێنێ ئاسایش و تەناهیش نامێنێ و کەس نازانێ چارەنووسیان چی بەسەر دێ و ئەوە لە بزووتنەوەی ژینا بە ڕوونی بینرا. چوونکە بەردەوام ڕێژیم هەوڵ دەدا دوژمنێکی خەیاڵی لە دەرەوەی سنوورەکانی وێنا بکات و ئەوەی پێوەندی بە کوردستانیشەوە هەیە هەوڵی داوە لە چەمکی وەک "تەجزیەتەلەبی" و "تەمامیەتی ئەرزی" کەڵک وەربگرێ و هەستی خەڵکی دیکە بوروژێنێت و داخوازییە ڕەواکان بە لاڕێدا ببات؛ یان باس لە شەڕی نێوخۆیی دەکات و ئەو نیگەرانییە دەخاتە نێو کۆمەڵگە هەتا لێ بپرینگێنەوە.

لێرەدا کاک خالید ئاماژەی بەوە کرد دەبێ لە هەنگاوی یەکەمدا ڕەوت و لایەنە جیاوازەکان لە داهاتوودا ئاسایش و ئەمنییەت بۆ خەڵک دابین بکەن، ئەو ئاسایشەش بەو شێوازە دێتە دی کە هەموو پێکهاتەکان بەشداری بەڕێوەبردنی حکومەت بن و ئەوکاتە ئیدی هەڵبەزین و پرینگانەوە لە ناوەند ڕوو نادات و بەم شێوەیە بەستێنێکی لەبار بۆ داوارۆژ وێنا دەکرێ.

**حیزبی دێموکرات چ کارێکی بۆ ئەوە کردوە لە داهاتوودا بتوانێ لە بەڕێوەبردنی دەستەڵات پشکدار بێ و چەندە توانیوەتی ئەو دەنگە بە گوێ لایەنەکان بگەیەنێت،**



سەرچاوە
Serchawe

پرسیارێکی دیکە بوو کە خالید عەزیزی پێیوابوو؛ بەبەراورد بە ڕابردوو پێشکەوتنی زۆر باش کراوە، بۆ میناک لە دە ساڵی ڕابردوو وا هاسان نەبوو باسی نەتەوە جیاوازەکان و فێدرالیزم بکەین وەک وڵاتێک کە بە فرەنەتەوەیی ناسراوە، بەڵام ئێستا گوێ بۆ بیستن هەیە و پێویستە لەسەر ئەو باسانە زیاتر قسە بکرێ و بە لێکتێگەیشتن دەبێ لەسەر واتا و چەمکی وەک تەواویەتی ئەرزی، دەستەڵات، نەتەوە و ئەو هەڕەشانەی لەسەر ئێران هەیە زیاتر بدوێین.

دەمێکە لەلایەن هێزەکانی ناوەندەگەرا و دەستەڵاتەوە قسەیەکی داتاشراو و هەڵبەستراو لە هەمبەر بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەی کورد و گەلانی دیکە بەردەوام پاتە دەبێتەوە و دەخوازێ بەو مەبەستە خۆڵ دەچاوی خەڵک بکات و بە چەواشەی تەناهی ئێران دەخاتە ژێر مەترسییەوە، چۆن دەکرێ ئەو پرسە ڕوون بێتەوە و ڕای گشتی ڕاستییەکان بزانن، پرسیارێکی دیکە بوو لە وتەبێژی حیزب کرا و بەرێزیشیان لە وڵامدا دەستی لەسەر ئەو خاڵە گرنگە دانا؛ ئەو گوتارە لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا و لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران بە زەقی بینرا، لەوێ دا خەڵک باسیان لە "تەجزیە" و "تەواویەتیی ئەرزی" نەدەکرد. لەوێدا کێشەیەک نەبوو کە نەتەوەکانی ئێران بەهۆکاری سیاسی لەبەر یەک هەڵوەشێنێتەوە، لە شەقامدا یەکیەتیی و یەکگرتوویەک لەسەر لانیکەمەکان هەبوو و بەدژی نەمانی ڕێژیم هاوتەریب بوون، ئەوەی جێگای کێشە و گرفتە تەنیا لەنێو ڕەوت و کەسایەتییە سیاسییەکاندا بوو. بەو واتایە کە، لەنێو خەڵکی ئێران بەو شێوە هەستیار و چڕە ئەو باسانە کە لە نێو ڕەوتە سیاسییەکان دا هەیە ناکرێ، گرفتەکە لەوەدایە بەشێک لە ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات ئەوەندە دوورن لە خەڵک و ڕاستییەکانی کۆمەڵگە ڕەنگبێ هێشتا بەباشی درووشمەکانیان بەر گوێ نەکەوتوە و لە خواستی خەڵک تێناگەن. کاک خالید پێی وایە؛ ڕاستییەکانیی وەک خۆی بۆ ئەو لایەن و کەسانەی دەمێکە دوور کەوتوونەتەوە وا بە هاسانی هەزم ناکرێ و ئەگە پێشی بزانن وێدەچێ گوتارێکی شیاویان بۆ سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەکە نییە. هەربۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە دەبێ هەمووومان زیاتر لەسەر نێوخۆی ئێران تەکز بکەین، ئەوە بزووتنەوەیەکی سۆشیاڵ میدیایی نییە ئەگەرچی دەکرێ کەڵک لە دەرفەتی تێکنۆلۆژی وەربگرین بەڵام دەبێ زیاتر بە کردەوە لە ڕاستای یەکیەتی و یەکگرتوویی گشتی چالاکی بکەین.

خالید عەزیزی لەسەر ئەو باوەڕەیە؛ ئەوەی خەڵک لە دواڕۆژی ئێراندا پێویستی پێیە، ئەمنیەت و ئاسایشە، ئەوەش کاتێک دێتە دی، بابەتی وەک پەراوێز و ناوەند لەنێو بچێ، ئەوەندەی پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە ئێمە وەک دەرفەتێکین نەک هەڕەشە و مەترسی. حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕەیە پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر بکرێ بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە پێویستیمان بە بەردەنگ هەیە و ئەوەمان لە سەردەمی بزووتنەوەی ژینادا بینی. عەزیزی پێیوابوو؛ هەموو ئەوانە دەتوانن ببنە دەرفەت و کەڵکی بەجێیان لێ وەربگرین هەتا بتوانین هەموو لایەکمان پێکەوە بۆ داهاتوومان کار بکەین. بەڵام لەمپەڕی دیکەش لەسەر ڕێگا هەن کە بە کورتی دەتوانین لە قسەکانی وتەبێژی حیزب ئاماژە

بەو خاڵانە بکەین؛ سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی هاوبەشمان لەسەر ئێران هەبێ، ئەگە بۆ دواوە بگەڕێینەوە لە سەردەمی ڕەزاشادا شتێک بەن اوی ئێران بوونی نەبووە و دواتر وەک یەکەیەکی جوغرافیایی ئەو ناوە سەپاوە .کەواتە ئێران ناوی نەتەوەیەک نییە بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێک نەتەوە کە لەو خاکەدا پێکەوە دەژین، جا ئەگە بیانهەوێ پێکەوە کاری سیاسی بکەن دەبێ واز لەو قسانە بهێنن بۆ ئەوەیکە بەستێنێکی لەبار بۆ دیالۆگ و لەیەک تێگەیشتن هەبێ و ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان بێ ئیتر مافەکانی نەتەوەیی فارس، تورک عەرەب، کورد، بەلووچ و ..بپارێزرێ، بەو تێگەیشتنە بە هاسانی دەکرێ کاری هاوبەش بکرێ. ناوبراو لە درێژەی ئەو پرسەدا گوتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ئێستا باوەڕمان بە فێدراڵیزمە ئەوەش بەو مانایە نییە ئەوە ڕێگەچارەیەکە بۆ هەموو نەتەوەکان، بەڵکوو ئێمە دەمانهەوێ بڵێین پاراستنی مافی نەتەوەکان و لامەرکەزی (غیرمتمرکز) کە بۆتە کۆسپێکی گەورە نابێ بمێنێ و هەموولایەک دەبێ بەشداریی دەستەڵات بن بەبێ هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێک.

لە درێژەدا کاک خالید ئاماژەی بەوەش کرد کە؛ خەباتی دێموکراتیکی خەڵکی کورد توانیویەتی ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕوانگەی ئێرانییەکاندا بێنێت چوونکە ئێمە مافی هاوبەش و دێموکراتیکمان بۆ هەمووان دەوێ، ئەوەش قازانجی گشتییە. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین شتێکی بە تەواوەتی سەرەتاییە. ئازادییە دێموکراتیکەکان، ئازادیی ئەحزاب، مافی نەتەوەکان، ئەو هەمووە سامانە مەزنەی وڵات بە مەبەستی خزمەت و ئاوەدانی بەسەر هەموولایەک دابەش بکرێت نەک ببێتە تێچووی شەڕەنگێزییەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی و چارەڕەشی بۆ هەموو لایەک. ئەو پرسانە ئەوەن ئێمە دەمانهەوێن بەڵام بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرا زۆر توند هەڵوێست دەگرن و ڕادیکاڵە دەڕوانن بەدوای پرسیاری ورووژێنەری وەک، پێناسەی ئێران چییە؟ ئەدی زمانی فارسی چی لێ بەسەر دێ؟ مەبەست لە نەتەوەکان و زمانی دایکی چییە؟ و ئەمەش کەشی سیاسی دەشێوێنێت و دۆخەکە دەشڵەژێنێت، بۆیە دەبێ میانەڕەو بین و لە سەرەخۆ و بە پشوودرێژی بدوێین هەتا خەڵکی ئێران بەمە عادەت بکەن و بەدوای سڕینەوەی یەکتردا نەبین.

**ئایا هەر بەتەنیا ئەرکی کوردە هەوڵ بدا و ئازادی بۆ هەموولایەک بێنێت بەشێک لەو پرسیارە بوو کە خالید عەزیزی لە وڵامدا گوتی:** ئەوە ئەرکی هەموولایەکمانە لەپێناو ئازادی و دێموکراسی تێبکۆشین و بەبێ جیاوازی و هەڵاواردن لە یاسای داهاتوودا مافەکان پارێزراو بن. با ئەوەش نەبێتە ئەوەیکە بۆ وێنە فارس بڵێت ئێمە زۆرترینین، دەبێ لە داهاتووی ئێراندا هەموولایەک وەک یەک مافیان هەبێ کەس بیر لەوە نەکاتەوە زمانی من لە سەرەوەی زمانەکانی دیکەیە یان ئایین و نەتەوەی من لە هەمووان لەسەرترە. سیاسەتی بەکەم زانین جێگای قبوڵ نییە. دەبێ هەموولایەک دان بەوە دابنێن پێکهاتەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئێرانە چۆنە و وەک خۆی بیبینن.

بەشی دوویەم

**دواجار وتەبێژی حیزب دوای ٤٥ ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی پێداگریی لەسەر پەیامی حیزبی دێموکرات بۆ خەڵکی ئێران و لایەنەکان کردەوە کە تێدا هاتبوو؛** ڕاستە ئەو ئاکامەی چاوەڕوان دەکرا ئەوە نەبوو هیچ یەک لە ئێمە دەمانویست و تێچووی زۆریشمان داوە لەم پێناوەدا و ئەمەش دەتوانێ چەند ڕەهەندی هەبێ. سەرەتا ڕێژیم لە بواری سیاسی و ئازادییە سیاسییەکان، ئیدارەی حکومەت، ڕێزگرتنی مافەکانی سەرەتایی خەڵک و هەموو ئەو چاوەڕوانیانەی خەڵک هەیانبوو بەتەواوەتی ناسەرکەوتوو بووە. لەلایەکی دیکەشەوە شەڕەنگێزییەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی و دامەزراندنی هێزە بەدیلەکانی لە ناوچە بۆتە هۆی ئەوەیکە کاتێک لە دەرەوە باسی ڕێژیم دەکرێ هەر دەبێ لە مووشەکباران کردن، ئەشکەنجە، سێدارە، گرتن و کوشتن و کێشە سازکردن بۆ خەڵکی نێوخۆ و دەرەوە قسە بکرێ، واتە ئەو ڕێژیمە وەک دیاردەیەکی نەرێنی لێهاتووە، جا کێ تێچووەکەی دەدا خەڵک نەک ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی! کەواتە پەیامی ئێمە دەتوانێ ئەوە بێ؛ یەکیەتی و یەکگرتوویی ڕەوت و لایەنەکان لە گوتارێکی هاوبەش، گەڕان بەدوای دۆست و بەردەنگ لە دەرەوەی کوردستان بەتایبەت لە شارەکانی ناوەند، ژیانی ئاشتیخوازانە و هاوبەشی تورک و کوردەکان لە پارێزگای ورمێ ڕێکارێکی ئەرێنییە و دانانی ئەنجوومەنی دۆستایەتی نێوان ئەو دوو گەلە کاریگەریی زۆری هەیە، هەروەک چۆن ئێمە لە کوردستان حیزب و ڕێکخراومان هەیە و لە چالاکییەکاندا سەرکەوتووین ئێوەش (دەرەوەی کوردستان) دەتوانن حیزبتان هەبێ و پەرە بە کاری ڕێکخراوەیی بدەن.

**لە کۆتاییدا کاک خالید عەزیزی باسی لەوە کرد؛** کاتێک دوای ٤٥ ساڵ باس لە کۆماری ئیسلامی دەکرێ، ناوی ئێران دەگەڵ یەمەن و غەززە و عێراق و سوریە دێ، ئەوە گرفتێکی جددیە، سیاسەتی ئێران ئەوەیە بیروڕاکان لە نێوخۆ لابەرێت و بەرەو دەرەوەی سنوورەکانی ڕایانکێشێت. ڕێگەچارەش ئەوە نییە ئەمریکا هێرش بکات و بڕوخێت بەڵکوو ڕێگەچارەی هەموو ئەو کێشانە و خەباتمان لە نێوخۆی ئێرانە و لەوێوە دەبێ کاروچالاکیی خۆمان بکەین. دەبێ لەسەرخۆ و پشوودرێژ بین و ڕێز بۆ یەکتر دابنێین و هەوڵ بدەین چاومان لە شەقامەکانی نێوخۆ بێ کە بەخۆشییە نارەزایەتییەکان بەردەوام هەن و ئێمەش دەبێ پشتیوان و یارمەتیدەریان بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، دەرەفەت و پرسیارەکان لەسەر ڕۆژەڤی کورد لەو ڕێکخراوەیەدا




**وتووێژ: "کوردکاناڵ"**

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حەوتووی یەکەمی مانگی ڕەشەمەدا سەرۆکایەتیی شاندی حیزبی دێموکراتی لە کۆبوونەوەی ساڵانەی "ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست"دا کرد. بەڕێزیان لە وتووێژێکدا دەگەڵ "کوردکاناڵ" هەوڵی دا لە چەند ڕوانگەوە باسی ئامانج و کاروچالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە بکات کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێیدا وەک ئەندامی سەرەکی بەشدارە.**

**کاک خالید عەزیزی لە باسکردنی ئامانجی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوەیەدا گوتی:**

ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست هەم کۆنگرەکانی خۆی دەگرێ هەم کۆبوونەوەی ساڵانەی. لەبەر ئەوەی نزیک ساڵ و نیوێک پێش ئێستا کۆنگرە گیرابوو و لە کۆنگرەدا کۆمەڵێک پرسی هەڵاوەسراو مابوو کە پێویست بوو باسی لێ بکرێتەوە. هۆکارێکی دیکە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بوو، لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا شۆڕای ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست هێندێک کێشەی



سەرچاوە Serchawe

نێوخۆیی هەبوو و هێندێک حیزبی ئورووپایی وازیان لێ هێنابوو کە دواتر هێندێکیان گەڕانەوە. تێڕوانینێک هەبوو کە چۆن ڕێکخراوەکە جارێکی دیکە چاو لە کاروباری خۆی بکاتەوە و ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەندامین بانگهێشت کراین و هەوڵمان دا تێبکۆشین لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرین و پرسی تایبەت بە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئێران و حیزبی دێموکراتیشی تێدا باس بکەین. ئەوەندەی پێوەندیی بە کێشەی نیوخۆی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستەوە هەیە ئێمە تێبینیمان هەبوو، لەبەر ئەوەیکە ئەحزابی جۆراوجۆر لە ئەمریکایی لاتین، ئاسیا، ئورووپا، ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ناڤین تێیدا هەن و کە پێویستە بە چاوێکی هەمەلایەنە چاو لە ڕێباز و بیروبۆچوونی خۆی بکا بۆ ئەوەیکە خەڵکێکی زۆر خۆی تێدا ببینێتەوە و تێکۆشان لەو بوارەدا تا ڕادەیەک تێبینییەکانی حیزب لەوێدا باس بکەین.

**لە بەشێکی دیکەی قسەکانی کاک خالید لەهەمبەر پرسیاری چۆنیەتیی چالاکییەکانی حیزب و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی زیاتر ئاشناکردنی ئەحزابی جیهانی بۆ دۆزی کورد و دەوری حیزب لەو ڕێکخراوەیە، گوتی:** دیارە ئەگەر بڕێک بێینەوە دواتر لە سەردەمی شۆڕشی ئێران پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر ناسرا بوو و ئێمە لە شەڕێکی داسەپاوی بەربەریندا بووین، دوکتور قاسملوو وەک کەسێک کە لە بواری جۆراوجۆری دیپلۆماسیدا ئەزموونێکی زۆری هەبوو هەوڵی دا مەسەلەی کوردستان زۆر قەتیس نەبێ لە ئێراندا و تێبکۆشێ دۆست پەیدا بکا. لەو سەردەمدا مەسەلەی سۆسیال دێموکراسی ئینیتکارێکی گەورە بوو و دەکرێ بڵێین شتێکی نوێ بوو لەنێو کورددا و بە هەوڵ و تێۆشانی دوکتور قاسملوو ئێمە لەو بەرەیە نزیک بووینەوە و دۆستێکی زۆریش بۆ ئێمە پەیدا بوون. ئێمەش ئێستا هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا لەو شوێنە کەڵک وەردەگرین دەنگی خۆمان بە دنیا دەگەیەنین. ئەو بەرەیە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەحزابی چەپ و سۆسیال دێموکرات پێ کهاتووە و ڕەنگە بەشێک لەو ڕەوتانە کە لە ئۆپۆزیسیۆندان هەڵوێست و بۆچوونیان لە زۆر بواردا ڕادیکاڵ بێ و کاتێک بە دەسەڵات دەگەن بە تەبیعەتی دەسەڵاتی خۆیان و مەوقعییەتی جۆراوجۆر وەک سەرۆکوەزیران، سەرۆککۆمار یا زۆرینەی پارلەمانی دەکەونە نێو بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆیان لەگەڵ ئێران. جا بۆیە ئێمە دەبێ ئاوای چاو لێ بکەین کاتێک چاوەڕوانیمان هەیە و کاتێک داوا دەکەین لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و مەسەلەی کوردستاندا هەڵوێست بگرن لەباری ئینسانییەوە بەگشتی هەڵوێستیان باشە بەڵام خۆ لە سیاسەتدا هەر هەڵوێستە ئینسانییەکە کافی نییە و دەبێ هێندێک کرداری مەیدانی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەوتیدا بکەن. ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرین و تێبکۆشین بەنیسبەت پرسی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستمان هەبێ. دوکتور سادق شەرەفکەندی کاتی خۆی کە کۆنگرەی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستی بەجێ هێشت لە میکۆنووس لەلایەن ئێرانەوە تێرۆر کرا، پێش دوکتور شەرەفکەندی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات کە چوونی ئێمەی بۆ ئەو شوێنانە بەدی هێنا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کرا. ئێمە کاریگەریی ئەخلاقیمان دەخستە سەر ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست کە لەو پێوەندییەدا وەفادار بوو بە هەڵوێست بوو و کاری بۆ کرد بە هەرحاڵ ئێمە هەوڵمان کردوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرین، بەڵام یاسا و

ڕێساکانی نێودەوڵەتی بەرەژەوەندی دەوڵەتەکان لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا زۆر جار بۆ ئێمە کێشەی خوڵقاندوە، بەڵام ئێمە کۆڵ نادەین و بەردەوام چالاکی خۆمان دەکەین.

**بەڕێز عەزیزی لە وڵامی ئەو ڕەخنەیەی کە دەڵێ؛** زۆرینەیەکی ڕەها لە ئەندامانی نێو ئەو ڕێکخراوەیە ئەحزابێکی چەپی سۆسیالیستی باوەڕمەند بە هێندێک ئیدئۆلۆژی تایبەتن لە حاڵێکداا حیزبی دێموکرات لە پێناسەی خۆیدا خۆی وەکوو حیزبێکی ئیدئۆلۆژیک ناناسێنێ و ئایا ئەمە دژوازی نییە حیزبێک کە ئیدئۆلۆژیک نییە، بەڵام لەنێو ڕێکخراوێکدا بێ کە زۆرینەیەکی ڕەها لە ئەندامەکانی لە بەرەی سۆسیالیستی و چەپن؟ ئاماژەی بەوە کرد کە ڕاستە حیزبی دێموکرات حیزبێکی ئیدئۆلۆژیک نییە، حیزبێکی سیاسییە و بۆچوونی جۆراوجۆری تێدا هەیە و هۆیەکەشی ئەوەیە حیزبی دێموکرات ئاوێنەیەکی جوانی کۆمەڵگەی کوردستانە. جا دەکرێ بڵێین لێرە وەک حیزبێکی سیاسی ئێمە لە ڕاستیدا هەوڵمان نەداوە خۆمان وەک حیزبێکی چەپ و سۆسیالیست بناسێنین هەر چەند ئەو بەرەیە بەرەیەکی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراسییە و، ئێمە زۆرتر کەڵک وەردەگرین لەو شوێنە دەنگی خۆمان بە دنیا بگەیەنین. مادام حیزبی دێموکرات حیزبێکی سیاسییە ئێمە تێدەکۆشین خۆمان لە جەمسەربەندییەکانی دنیا ڕزگار بکەین و بەرەیەک لەو قوتبانە نەبین بۆ ئێمە زۆر پێویستە لە دنیادا دۆستی زۆرتر پەیدا بکەین، ئێمە ناچینە نێو کێشەی سۆسیالیست و کۆنسێرواتیڤەکان، سۆسیالیست و لیبراڵەکان، سۆسیالیست و دێموکراتەکانی ئورووپا یا ئەمریکا و ئەوانە، پرسیی ئێمە میللی دێموکراتیک و ئینسانییە. زۆرێک لە ئەحزابی کۆنسرڤاتیڤ و ڕاست لە ئورووپا و ئەمریکا هەڵوێستان بەرانبەر بە ئێران توندتریشە هەتا ئەحزابی سۆسیال دێموکرات یا بەرەی سۆسیالیست ئینتێرنەشناڵ، بەڵام ئێمە لە خەبات و تێکۆشان داین. مادام ئەسڵ ئەوەیە لەنێو هەموو ئەو لایەنانەیەدا دۆستمان هەبێ هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتەدا حەزوورمان هەیە و ئەوە هیچ بەو مانایە نییە حیزبی دێموکرات حیزبێکی سۆسیالیست، چەپ یا حیزبێکی لیبراڵ و کۆنسێرواتیڤە. ڕەنگە لە هێندێک کاری ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا جیاوازیی بۆچوونمان هەبێ بەڵام ئەوەمان بە دروست زانیوە بوونمان هەبێ و تێبکۆشین لە سەر وەزعی خۆمان زانیاریان پێ بدەین و زۆرتر ڕەخنەیان لێ بگرین بۆچی بەرانبەر بە ئێران هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نییە لە حاڵێک حیزبێکی ئەندام لەو بەرەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانە و تەنانەت یەکێک لە ڕێبەرەکانی لەو پێناوەدا لەدەست داوە و ڕێبەرەکەی دیکە لەو کەسانە بوو کە باوەڕمەند بوو ئەو ئەدەبیاتە دێموکراتیکە تێبکۆشێ لە ئێراندا پەرە پێ بدا زۆر بێ هەڵوێستن.

**کاک خالید لە وڵامی ئەوەیکە، دوای پێشکەشکردنی دوو وتاری ئێوە وەک نوێنەری حیزب، کاردانەوەی بەشداربووان چ بوو ئایا ئاخۆ دەبێ ئەو پەیامەی ئێوە وەرگیرابێ، باسی لەوە کرد:** لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی پێشووشدا ئەوەندەی من لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بەشدار بووم هەمیشە باسم لەوە کردووە، ئێوە لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو

ناوچەیەی ئێستا بووەتە مەکۆی ئاژاوەنانەوە لەلایەن ئێرانەوە لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا زۆر بێ هەڵوێست و پاسیڤ بوون، ئەو ناوچەیە لە ئاڵوگۆڕدایە و بووەتە پرسێکی سەرەکی بۆ ئەمنییەتی ناوچەیی و ئەمنییەتی جیهانی و ڕاستییەکەی یەکێک لە هۆیەکانی ئەو نائەمنییە ئێرانە بە هۆی دارو دەستەکەی لە ناوچەکەدا. بۆیە بێهەڵوێستیی ئێوە دەتوانێ زەرەر بگەیەنێ و داوامان کردووە چی دیکە بێ تەفاوەت نەبن. بەشێک لەو حیزبانە بەشداری دەستەڵاتن بەشێکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنن و دەتوانن دەوریان هەبێ. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە ئەوەمان بینیوە ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست هەڵوێستێکی زۆر چالاکی نەبووە بە تایبەت سەبارەت بە پرسی کورد و ئێران. دەبێ ئەوەندەش بڵێم؛ ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست ئایدیایەکی ئورووپایی بوو کە زۆربەی ئەحزابی چەپی ئەمریکای لاتین و ئەحزابی چەپی ئەفریقا چوونە نێو ئەو بەرەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە خاوەرمیانەدا دەکرێ بڵێم حیزبی دێموکرات. هەروەها ئاماژەم بەوەش کردوە کە جووڵانەوەی یەک ساڵی ڕابردووی ئێران بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی بابەتگەلێکی جیددی هێنا گۆڕ و سەرنجی جیهانیشی بۆلای خۆی ڕاکێشا و چاوەڕوانیشمان هەیە بە نیسبەت ڕووداوەکانی ئێران و مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ئاژاوەگێڕییەی ئێران بێ هەڵوێست نەبن.

**وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەسەر پەراوێزی کۆبوونەوەکە و دیدار و چاوپێکەوتنەکانیش باسی لەوە کرد؛** سروشتییە لە پەراوێزی ئەو دانیشتنانەدا باسی جۆراوجۆر دەکرێ و ئێمەش وەک نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەرکمان ئەوەیە خەڵکێکی زۆر لە پرسی خۆمان تێبگەیەنین بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ ئەوان زۆرتر تێدەکۆشن لە ڕوانگەی سۆسیال دێموکراسی و چەپی خۆیەوە چاو لە دنیا بکەن. هەروەک ئاماژەم پێدا کاری زۆرتری دەوێ ئێمە بتوانین سەرنجی ئەوان زیاتر بۆ سەر ئێران ڕابکێشین، نایشارمەوە بە ڕاشکاوی بەرانبەر بە ئێران و ڕووداوەکانی ئێران زۆر چالاک نەبوون و بێهەڵوێستن، ئایا ئێمە و لایەنەکانی دیکەی دەتوانین وردە وردە وابکەین لە داهاتوودا بیر و بۆچوونیان زۆرتر ڕابکێشین؟ هەروەکی ئاماژەم پێدا کاری زیاتر و حەوسەلەی دەوێ. ئێمە پێویستیمان بە دۆستی زۆرە و دیسان دەڵێمەوە بۆ ئەو کارە ئێمە خۆمان مەحدوود ناکەینەوە بە ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست تەنانەت پێویستیمان بە بەرەی جۆراوجۆر وەک لیبراڵەکان و دێموکراتەکان و کۆنسێرواتیڤەکان یان بەرەی سەوزەکان لە ئورووپا.

**دوا پرسیار لەسەر ئەبوو کە، وەک باس کرا و پێداگریتان کردەوە ئەوان زۆر بێهەڵوێستن، هۆکاری ئەو ناچالاکییە بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا ڕێژیم کاری دیپلۆماسی بۆ کردوە؟ کاک خالید گوتی:** ئەوە بەهێزبوونی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی نیشان نادا چۆن ڕێژیم زۆر خۆشناو نییە بەڵام دەکرێ دوو هۆکاری هەبێ، یەکیان دەکرێ بەرژەوەندیی ئابووریی بێ و دەبێ دان بەوە دابنێین پێوەندی نێودەوڵەتی لە سەر بەرژەوەندی پێک هاتووە و تەواوی یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتیش دەگەڕێتەوە سەر ئابووری. دوو؛ خودی ئەمریکا کە لەگەڵ ئێران زۆر لە کێشەدایە، ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست تا

بەشی دوویەم

ئەندازەیەک هەڵوێستان هەیە بەرانبەر بە ئەمریکا و مادام هەڵوێستیان هەیە کاریگەری دوو قوتبیبوونی پێشووی دنیا بەرەی سۆسیالیستی و بەرەی ئەمریکا لەنێو هێندێک ئەو حیزبانەدا بە تەواوی دەبیندرێ ئەوان بە عەقڵییەتی خۆیان و وڵاتەکەی خۆیان و مێژووی ئەو سۆسیالیزم و چەپە بۆ پرسەکان دەچن، بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران عەمەلەن ڕۆژانە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان داین و خوێندەویەکی دیکەمان دەبێ. ئێمە هەموو جار پێیان دەڵێین ئێوە دەبێ بەرگری لە بەها دێموکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤ بکەن، ئێوە بەرانبەر بە ئاشتی جیهانی بەرپرسیارن، کۆماری ئیسلامی هەم دژی دێموکراسییە، هەم دژی مافی مرۆڤە و هەم دژی ئەمنییەتی جیهانییە، دەی ئێوە دۆستێکی باشتان هەیە وەک حیزبی دێموکرات و زۆر لایەنی دیکە پشتی بگرن و لەگەڵی دابن و بۆ ئەوەیکە ئەو دیاردانە لەئێراندا جێ بکەوێ بەهێز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## خالید عەزیزی: فەلسەفەی خەباتی چەکداریی ئێمە بۆ بەرگری لە خۆمان بووە




### وتووێژ، لەگەڵ دۆیچەوله

**کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ دۆیچەوله لە ١٨ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا سەبارەت بە گوشارەکانی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سەر حیزبی دێموکرات لە ماوەی ڕابردوودا باسی لەوە کرد کە لەم پرسە ئەمنییەتییەدا کە ڕێژیمی ئێران پێداگریی لەسەر دەکرد، داوای لە حکوومەتی عێراق کردووە کە هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە خاکی عێراق بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران کەڵک وەرنەگرن. ئێمە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەمەمان نەکردووە.**

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی وەکوو پاکێجێکی ئەمنییەتی لەگەڵ عێراق باسی کردووە دەگەڕێتەوە بۆ خودی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و کوردستان، هەر کاتێ لە نێوخۆی کوردستانی ئێران خەباتی خەڵک یان بزووتنەوەی مافخوازانە دەگاتە لووتکە، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بیری گشتیی خەڵکانی ئێران بەلاڕێدا ببات و بڵێت لە دەرەوەی سنوورەکان هەڕەشە لەسەر ئەمنییەتیی وڵات هەیە.

ئێمەش بە دەیان جار وتوومانە، هەم لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەم لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیدشا ئەمەمان باس کردووە کە ئێمە دەستێووەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدا ناکەین و دژی کۆماری ئیسلامیش چالاکیی نیزامی ناکەین.

کاتێ لە نێوخۆ خەڵکی کوردستان بە بۆنەگەلی جیاواز وەک نەورۆزی ئەمساڵ خەریکی خەباتکردنن و داوای مافەکانی خۆیان ئەکەن، پێویست نییە کە ئێمە چالاکیی چەکداریمان هەبێ. ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکوومەتی بەغداد، حکوومەتی هەرێی کوردستان خەریکی وتووێژ و دانوستانین و ستراتێژیی ئێمە ئەوەیە کە ڕێز بۆ کاروباری نێوخۆیی عێراق دادەنێین بەڵام پرسی هەبوون و نەبوون و چەندی و چۆنیی هەبوونی ئێمە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بابەتێکە کە پێوەندیی بە دەوڵەتی عێراق و کاروباری نێوخۆیی عێراقەوە هەیە، نەک ئێران!

لەو بابەتانەدا کە پێوەندییان بە ئێرانەوە هەیە هەوڵمان داوە ڕێککەوتن بکەین لەگەڵ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم و بە جۆرێک مودیرییەتی بکەین کە بە قازانجی هەموومان بێ.

**کاک خالید سەبارەت بە زۆربوونی گوشارەکان بۆ سەر حیزب بە مەبەستی چەککرانی حیزبی دێموکرات باسی لەوە کرد کە پرسەکە چەک کردن یا نەکردن نییە،** دۆخی عێراق بە جۆرێکە کە هەموو چەکیان پێیە، چەکداربوونی ئێمەش لەوێ هەڕەشەیەکی نیزامی یان ئەمنییەتی بۆ سەر ئێران بە ئەژمار نایەت، هەروا کە ئاماژەم پێ کرد ئەمە بابەتێکە کە دەبێ لە نێوان حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی عیراق و هەرێمی کوردستاندا ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆمەڵگەی نائەمنی عیراقدا دەبێ ئەمنییەتی هەبێ و ئەم ئەمنییەتیە چۆن دابین دەکرێ، ئەوە پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە بەشێک لەم ئەمنییەتەن.

**بەڕێز عەزیزی سەبارەت بە ڕوانگەی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش سەبارەت بە مەترسیداربوونی چەکداربوونی حیزبی دێموکرات لە ئێرانی داهاتوودا وتی:** هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بەشێک لە بەرگریی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی کوردستانە لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر کوردستان، کەوابوو فەلسەفەی بوونی ئەم بزووتنەوەیە هەمیشە بەرگری لە خۆی بووە، ئێمە هەرگیز لە شارەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران چالاکیی نیزامییمان نەبووە، فەلسەفەی خەباتی چەکداریی ئێمە بەسەرماندا سەپاوە و بۆ بەرگری لە خۆمان بووە و ئەم بیانوویە کە کۆماری ئیسلامی باسی دەکا کە گوایە ئێمە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتیی ئێران و سەرەوەریی خاکی ئێرانین بە هیچ شێوازێک دروست نییە.

سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە جەخت لەسەر مافی نەتەوەیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانە و خەباتی بۆ کردووە و بەم هۆیەشیوە دامەزراوە ئەوەیە کە ئێمە لە هاواهانەگی و هاوکاری لەگەڵ باقی ڕێکخراوەکان و حیزبەکانی ئێران بتوانین بەرەیەکمان هەبێ و گوتاری هاوبەشمان هەبێ و بزووتنەوەی ژیناش ئەمەی نیشان دا کە بەختەوەرانە ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، لە ئێراندا پرسی کورد لایەنێکی دیکەی بە خۆیەوە بینیوە و تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ ئەم بابەتە ئاشنا بوونەتەوە و دەتوانم بڵێم بەردەنگێکی زۆرمان هەیە، ستراتێژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە بیری گشتیی خەڵک بەلاڕێدا ببات کە لە کوردستانی ئێران دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران هەڕەشە هەیە و هۆکاری هێرش بۆ سەر کوردستان و هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات بە مووشەک و درۆن ڕێک ئەوە بووە کە بەگشتی نادرووستە و ستراتێژییەکەیان بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران سەبارەت بە پرسی کوردستانە.

**کاک خالید سەبارەت بە پرسی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتی:** لە سیاسەتدا، لە خەباتی نەتەوەیەکدا یان لە تاکتیک و ستراتێژیی هەر حیزبێکدا پرسی وتووێژ هەیە، لە ئێستادا هیچ وتووێژێک لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا بوونی نییە و لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیش پێشنیار بکات هۆکارێکی نییە کە لەگەڵیان دابنیشین.

**کاک خالید سەبارەت بە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی ژینا و ڕوانگەی حیزب سەبارەت بە وتویژ و دانیشتن لەگەڵ لایەنگرانی سیستەمی پاشایەتی، وتی:** ئێمە نیزامی پاشایەتی و سەڵتەنەتیمان ئەزموون کردووە، بۆیە حیزبی دێموکرات لەگەڵ نیزامێک کە ئەزموونی کردووە ناتوانێ بچێتە قۆناغی وتووێژەوە. هەروا کە کۆماری ئیسلامی و نیزامی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیمان ئەزمون کردووە.

ئەمە بە مانای دوژمنی لەگەڵ ئەو لایەنانە نییە، ئێمە هیچ وتوێژێکی ڕاستەوخۆمان لەگەڵیان نەبووە بۆ داهاتووی ئێران چونکە لە ڕوانگەی ئێمەوە، ئەم سیستمە ڕەت کراوەتەوە.

**سەبارەت بە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وتی:** لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا و دوای ئەوەش لە قۆناغی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دژی کۆماری ئیسلامیدا، ئەمە هەقیقەتە کە ئێمە جیاوازیی بۆچوونمان هەبوو، زیاتریش پێوەندیی بە ڕێککەوتنی جۆرج تاونەوە هەبوو، ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا دژی ئەم ڕێککەوتنە بەم شێوازە بووین، دژی مەنشوورەکە بووین بەو پێکهاتەوە، بۆیە ئەم ناوەندە کارایی وەکوو ڕابردوو نەما و ئێستا چالاک نییە، سەرەڕای ئەمەش دانیشتمان هەبووە پێکەوە تاکوو سەرلەنوێ ئەم ناوەندە چالاک بکەینەوە و بزانین چۆن پێناسەی بکەینەوە.

بەشی دوویەم

**کاک خالید سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی ڕایگەیاند:** بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی ڕەوتێکی سیاسی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەگشتی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕاستیدا دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ. پێویستە سەرنجی لایەنە جیاوازەکانی ئەم بزووتنەوەیە بدەین. ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێ تایبەتمەندیی دیاری بوو، ژنان لە ئێران لەڕاستیدا بەم ئاکامە گەیشتن کە زیاتر لە ڕابردوودا دەبێ نافەرمانیی مەدەنییان هەبێ و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە نێوخۆی ئێران، کوردستان و تەنانەت دەرەوەش پشتیوانییەکی بەربڵاوی لێ کرا. لایەنی دیکەی ئەوە بوو کە بە سەرنجدان بە دۆخی کوردستان ئەم بزووتنەوەیە بوو بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و لەڕاستیدا جۆرێک نافەرمانیی مەدەنیی کوردی دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی بوو کە دێموکراتیکیش بوو.

**لایەنی دیکەی ئەوە بوو کە ئەم بزووتنەوەیە توانیی کەڵکی باش لە سۆشیاڵ میدیا وەربگرێ و لە کۆتاییدا نەبوونی یەکگرتوویی بوو، کە لەم بزووتنەوەیەدا دیار بوو، خەڵک تێچوویان دا بەڵام ڕێکخراو سازمانە ئێرانییەکان نەیانتوانی بچنە فازێکی نوێوە و ئەم بزووتنەوەیە وەکوو ئاڵترناتیف بۆ دوای کۆماری ئیسلامی ببینن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

بەشی دوویەم

## خالید عەزیزی: بۆ هەموو شتێک دەمانەوێ بە شوناسی کوردی و کوردستانیبوونی خۆمان بەرەوڕووی پرسەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران ببینەوە



دیمانە: نوردەدین سۆفیزادە

**ئاماژە:**

**کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تازەترینی وتووێژیدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" تیشکی خستە سەر ڕوانگە و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەنیسبەت چەندین پرس و بابەتی تایبەت بە حیزبی دێموکرات و چالاکییەکانی ئەم حیزبە. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**نوردەدین سۆفیزادە:** لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک ڕەخنە لە سەر تێڕوانین و قسەکانی جەنابت هەبووە، بۆ وێنە: لە میدیایەکی فارسیدا قسە دەکەی و کەڵک لە ناوی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی "ژینا" وەرناگری، یان لە جێگەیەکی تر ئەو ڕەخنەیە هاتووەتە سەر جەنابت کە دەڵێی دین لە سیاسەت جودا نییە، وڵامی ئێوە بۆ ڕەخنانە چییە؟

**خالید عەزیزی:** پێشەکی زۆر خۆشحاڵم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک چ بە فارسی چ بە کوردی دەدوێم، بەوردی

سەرنج دەدەن و ئەگە ڕخنە و پێشنیاریشیان هەبێ بۆ حیزبی دێموکرات و وتەبێژەکەی پڕ بە دڵ وەری دەگرم. ئەوە بە مانای ئەوەیە بەینی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵک پێوەندییەکی خۆش هەیە و تێدەکۆشین ڕۆژانە شتەکان بۆ یەک ڕاست بکەینەوە. سەبارەت بە ناوی "ژینا" یان "مەهسا" ئەوە ڕاستە ئەمن لە وتووێژێکی فارسیدا ناوی ژینام نەهێناوە، تەنیا گوتوومە مەهسا و لەو وتووێژەدا بەڕاستی ئەوەم لە بیرچوو، دەنا ئێمە لە ڕێبەریی حیزبیشدا قسەمان لێ کردوە کە ئەوە جووڵانەوەی ژینایە. بەڵام چوونکە ئەو جووڵانەوەیە لە کوردستان و ئێراندا بووە و لە باری ناسنامە و یاساییەوە ناوی فەرمیی ژینا، مەهسایە، هەردووک ناو بەکار هاتوون، تەنانەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا هەر دووک ناوی ژینا و مەهسا بەکاردێ. چەند ڕۆژ لەمەوبەریش لە کۆنگریسی ئەمریکا گەڵاڵەیەک بەناوی "گەڵاڵەی یاسای مەهسا" بە مەبەستی گوشاری زیاتر بۆ سەر ڕێژیمی ئێران پەسند کرا، بۆیە بەکارهێنانی هەردووک ناوی ژینا و مەهسا لە جێی خۆیدایە و هیچیان لە هیچیان کەم ناکات. بەڵام بۆ ئێمەی کورد دەبێ ژینا لە پێشتر بێ، هەروەها ئێمە دەبێ ئاڵقەی پێوەندی خۆمان لەگەڵ خەڵکی غیرە کوردیش کە ڕەنگە ئەوان زۆرتر مەهسا بەکار بێنن لەسەر شتی ئاوا تێک نەدەین.

دووهەم بە نیسبەت ڕەخنەی جیایی "دین لە دەوڵەت" بەدرێژایی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێمە ئەسڵێکمان هەیە کە دەڵێ جیاوازیی دین لە دەوڵەت، بەس ئێمە ناڵێین جیاوازی "ئایین (دین) لە سیاسەت"، ڕەنگبێ لە داهاتووی ئێران هێندێک حیزبی مەزهەبی هەبن بەپێی یاسای بنەڕەتی بێنە نێو سیاسەت. لە یاساکەدا دەڵێت: دین لە دەوڵەت جیا بێ، واتا دەستتێوەردان لە کاروباری یاسا و ئیدارەی وڵات نەکات، ئەوە لە ڕۆژئاواش هەیە، ئێمە ئەرکدارین هەوڵ بدەین و بڵێین دین لە دەوڵەت جیاوازە نەک کەسێک بیرو باوەڕی مەزهەبی هەیە و حیزبێکی دینی دروست دەکا حەقی نییە سیاسەت بکا.

**نوردەدین سۆفیزادە:** خەڵک بە گشتی لە هەڵبژاردنەکانی ڕەشەمەدا بە بایکۆت و دەنگنەدانیان سەلماندیانەوە، ڕێژیمیان ناوێ، یان بۆنەکانی جێژنی نەورۆز لە کوردستان لە هەموو بوارێکەوە ئەوەندە یەکگرتوو و جوان بوو بە باشی پەیامی بێزاریی خۆیان جارێکی دیکەش گەیاند، جەنابت ئەو پێوەندییانەی خەڵک و ڕێژیم چۆن دەبینن؟

**خالید عەزیزی:** ئاماژەت بە دوو شتی باش کرد؛ هەڵبژاردنەکان و بۆنەکانی نەورۆز. ڕووداوی بەشداری‌نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندنەکاندا لە ڕاستیدا پەیامێکی سیاسیی بەربەرین بوو کە کۆماری ئیسلامی هیچکات بەمجۆرە ڕووبەڕووی نافەرمانییەکی مەدەنی لە پێوەندی لەگەڵ ئەمرێکی یاساییدا نەبووە. لەهەمبەر چالاکییەکانی نەورۆزیش، زۆر پەیامی بۆ هەموولایەک بەتایبەت بۆ حیزبەکەمان تێدا بوو چونکە بۆچوون و هێماکانی حیزبی دێموکرات لە بەشێکدا ڕەنگی داوەتەوە کە دەبێ ساڵ بۆ ساڵ زیاتر پەرە بستێنێت. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخۆشییەوە هێندێک قۆناغی تێپەڕاندوە و دەبێ ئەمجارە

بچێتە قۆناغی خۆ ڕێکخستنێکی تایبەت بەو دۆخە ئاراییە، تەنانەت ئەگەر باس لە ڕووداو و بۆنە جۆراوجۆرەکانی دیکەش بکەین ئەم ڕووداوانە و هەڵوێستی یەکگرتوانەی خەڵک چ بە ئێمە دەڵێ؟ ئەوە خەڵکە وردە وردە لە قۆناغی خۆڕێکخستنەوە داوا دژی ئەو ڕێژیمە دەکات، وردە وردە خەڵک بە دوایدا دەبێ بڕۆن. یەکێک لەوانە پرسی زمانی کوردییە، تەنانەت زمانی کوردی یەکێک لەو مژارانەیە کە لە هەموو دانیشتنەکانی حیزبی دێموکرات هەمیشە باسی لەسەرە، مەبەستم ئەوەیە ئەو ڕووداوانە دەبێ ئەرک و بەرپرسیارەتی بۆ هەموولایەکمان دروست بکات.

**نوردەدین سۆفیزادە**: نەبوونی بەرنامە و گەلاڵەیەکی هاوبەش و پێکەوە کار کردن بووەتە کێشە و کۆسپێکی مەزن لەبەردەم کاروچالاکی ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان. زۆرێک لەوانەی تەنانەت خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەریش دەزانن تووشی شپرزەیی بوون، بۆ وێنە لە باسی "مەنسووری جۆرجتاون" کە دواتر ڕەخنەیان لێدەگرت. بەو هەمووە ئاڵۆزی و کێشەیەی نێو ڕەوتە جۆربەجۆرەکان، داهاتوو چۆن دەبینن؟ لەم پێوەندییەدا، حیزبی دێموکرات بەرنامەی بۆ ئەوە چییە؟

**خالید عەزیزی**: پێشەکی بەنیسبەت دوارۆژ، من گەشبینم، بە هۆی قەیرانگەلی جۆراوجۆر کە ڕێژیم تووشی بووە وەک قەیران و گرفتی سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسەتی هەڵەی نێوخۆیی و دەرەکی و ئاڵۆز و کێشە سازکردن لە جیهان و ناوچەکە، بەڵام نەفسی ئەوە ناتوانێ بنەمای لەنێوچوونی نیزام بێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بە چوونە نێو خەبات و تێکۆشانێکی چڕوپڕتر و ئاڵتێرناتیڤ سازی بۆ دوای ئەو نیزامە، پێداگرین لەسەر جێگرەوەی ڕێژیم. لە مێژووی خۆمانیشدا و لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران حیزبی دێموکرات زۆر هەوڵی دا و یارمەتی بە دامەزراندنی "هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەلقی کورد"دا کە دوکتور قاسملوو وتەبێژی بوو و پاشان "شورای میللیی مقاومەت" دامەزرا و دوکتور قاسملووش وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات بەشداری تێدا کرد، هەموو ئەوانە لە بیری ئاڵتێرناتیڤ بۆ داهاتووی ئێران بوون بەدوای هاتنەدەر لە شورای مقاومەت دیسانەکانە حیزب هەوڵی دایەوە، ئێمە بە دوای چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندابین جا چوونکە لە ئاستی ئێران و کوردستاندا وەک حیزبێکی بەئەزموون و بەڕابردووین چاوەڕوانییەکان لە ئێمە زۆرترە، بەخۆشییەوە سەرنجەکان لە سەر ئێمە زۆرە، دوای "جۆرج تاون" کە ئێمە لەگەڵی نەکەوتین و زۆرێک لە شتەکانیمان پێ خەراپ بوو حیزبێکی ئاوا گەورە و بە ئەزموون کە داخوازییەکانی لە چوارچێوەی مەنشوورەکەدا نەدیتەوە، گەلاڵەیەکمان داهێنا و دەگەڵ زۆر لایەن باسمان کرد و پۆلێنمان کرد بۆ ئەوەیکە لە چوارچێوەی ئێراندا شتێکی گشتگیر لەگەڵیان دروست بکەین، ئێمە لە قۆناغی کۆبوونەوەی، گفتگۆ و شیکردنەوەی بابەتەکاندابین. کۆمەڵگەی ئێران تەجرووبەی ڕادیکالیزمی چەپ و ڕاست و مەزهەبی و شتی سەیروسەمەری جگە لە دێموکراسی هەبووە، بۆیە گۆفتمانێکی هاوسەنگ بەو شێوەیە حیزبی دێموکرات بە دوایدا هەیە ڕاستییەکەی ڕەنگبێ لەگەڵ کێشەش بەرەوڕوو بێ، بەڵام ئێمە کۆڵمان نەداوە و کاری لەسەر دەکەین.

**بەشی دوویەم**

**نوردەدین سۆفیزادە:** کاک خالید ئەگە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری بگەڕێین لە نێوخۆی کوردانیشدا بەداخەوە هێزی یەکگرتوو نییە، ئەو پەرش‌وبلاوییەی لەنێو کورددا هەیە دۆخێکی دلخواز نییە، ناوەندی هاوکارییەک هەبوو نەما یان کارایی نەما. حیزبی دێموکرات کە پێشەنگی خەباتە و یەکەمین حیزبی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، چۆن دەتوانن ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەر بکات؟

**خالید عەزیزی:** ئەوە دەردە کوردە، بەداخەوە نەرمی‌نواندن و تەحەممول لە بەرانبەر یەکتردا کەمە، بەلام ئێمە بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموولایەک ناوەندیی هاوکاریمان دروست کرد، ئەوەندەی پێوەندی بە سیاسەتی حیزبی دێموکراتەوە هەبوو هەوڵمان دا گەورە بێتەوە، لە سەرەتای جووڵانەوەی ژینا دەوری باشی گێڕا، بەلام دواتر کە لە ڕووکاریی پرسەکە تێ‌دەپەڕی و دەچێتە نێو ڕێکارەکان لەوێ لەسەر چۆنیەتیی کار لەگەڵ ئەحزابی ئێرانی بەتایبەت پرسی "جۆرج تاون" و ڕوانگە جیاوازەکان کێشە ساز بوو. هەڵبەت من ئەوە بە کارەسات نازانم، هۆیەکەی چییە؟ ئەو جووڵانەوەیەی سەری هەڵدا، دوای ئەوەیکە ئۆپۆزیسیۆن وەخۆ کەوتن بە تایبەت لە تێلیڤیزیۆنەکانی فارس زماندا، خەڵکێکی زۆر لە سیاسییەکان بە گشتی خافڵگیر ببوون و ڕەنگە ئەزموونی مەیدانی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت بۆ بەرەوڕووبوونەوەیان بەباشی نەبوو. لای حیزبی دێموکرات بنەمای سەرەکی ئەوە بوو بە شوناس و کەسایەتیی کوردیی و کوردستانی‌بوونی خۆمان بەرەوڕووی پرسەکە ببینەوە، ئێمە ویشک و دەمارگرژ نین و بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین. دواتر دیسانەکانە بە دەسپێشخەریی حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لایەنەکانی دیکە کرا بۆ ئەوەیکە ناوەندیی هاوکاری چ لێ بکەین؟ ناوەندیی هاوکاری پەرەی پێ دەدەین؟ ناوەکەی دەگۆڕین؟ شتێکی دیکە بە ویژمانێکی نوێیەوە دروست دەکەینەوە؟ ئەوە لای حیزبی دێموکرات ئێستاش لە گۆڕێدایە و ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین. ئەوەش بڵێم، بەرلە بزووتنەوەی ژیناش لەنێو ناوەندیی هاوکاری لەسەر چۆنییەتی تەعاموول لەگەڵ حیزبەکانی ئێرانی ڕای جیاواز هەبوو هەربۆیە نەگەیشتبووینە گوتارێکی هاوبەش بەلام من ئاوای دادەنێم تەجروبەیەک بوو، خەبات و تێکۆشانیش بەردەوامە.

**نوردەدین سۆفیزادە:** بەرنامەی حیزبی دێموکرات بۆ ئاڵتێرناتیڤ‌سازی گەیشتە کوێ؟ جەنابتان وەک وتەبێژی حیزبی دێموکرات یان بەرپرسی یەکەمی حیزبی دێموکرات کاک مستەفا هیجری بەردەوام دەڵێن ئێمە بەرنامەمان هەیە و بەرنامەی حیزبی دێموکرات تایبەتییە.

**خالید عەزیزی:** ئەوەیکە بەرنامەمان هەیە، بەڵێ وایە، ئەوەیکە کاری بۆ دەکەین ئەویش ڕاستە. لەو قۆناغەدا هەتا ئێستا هیچ لایەکمان بەباشی سەرکەوتوو نەبووین. بەرنامەی ئێمە جەوهەرەکەی ئەوەیە، بە دوای درووستکردنەوەی ئێرانێکدا ین یەک، کۆجێیی (تەمەرکوز)ی تێدا نەبێ. دوو، جیای دین لە دەوڵەت. سێ، مادام سیستەمی پاشایەتیمان ڕەد کردۆتەوە بەتایبەت لە قەزییەی جۆرج تاون، کەواتە سیستەمی کۆماری جۆرێک وڵامدەرە. چوار، بنەما لەسەر ئەوەبێ جیاکاری بکرێ

لە دەسەڵاتی ناوەند و دەسەڵاتی نەتەوەکان وەک ئەوەی ئێمە کە فیدراڵیزمە. هەر لە دوامین کۆبوونەوەی کۆماریخوازەکان کە خۆم لە ئاڵمان لەلایەن حیزبەوە بەشدار بووم لێنزیک هێڵە گشتییەکانش هەر ئەوە بوون. لەڕاستیدا بەنیسبەت جاران بەردەنگمان هەیە، چونکە ئێمە لەوێ لەسەر چەندوچۆنی دامەزراندنی بنەما و لێک حاڵی بوونێک قسە دەکەین بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران، خۆ ئیدارەی داهاتوویی ئێران هەتا ڕێژیم نەڕووخێ جێبەجێ نابێ. جا ئەگەر وایە ئێمە دارووڵەلەمان بۆ ئەوەیکە ئەو نیزامە نەمێنێ چییە؟ یانی هەر دووک ئەو خوێندنەوەیە و چەندوچۆنی ڕووخانی ئەو نیزامەوە و چۆنییەتی ئیدارەی داهاتووی ئێران یەکێک لەو پرسانەیە، بەهەرحاڵ تەتەڵە و کێشەی جۆراوجۆری هەیە بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین نەچینە نێو خانەی خۆای نەخواستە دوژمنی و دوژمنداتاشی، جووڵانەوەی ئێمە دژی عەقڵییەتی دەسەڵاتە لە تاران، دەیهەوێ بڵێ ناتوانی پەراوێزم بخەی.

**نوردەدین سۆفیزادە**: لە هێندێک مێدیای سێبەری کۆماری ئیسلامی باس لەوە کراوە جەنابتان یان کاک مستەفا هیجری لەو ماوەیەدا لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دانیشتوون، ئایا ئەوە ڕاستە؟

**خالید عەزیزی**: مەسەلەکە دوو لایەنی هەیە، لایەنێک بنەمایە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێمە تەنانەت لەسەردەمی پێشەوا و دواتر لە سەردەمی زێڕینی دوکتور قاسملووشدا هەبووە و گوتراوە کە چارەسەری کێشەی کورد لە هیچکام لە پارچەکان بەتایبەت لە ئێران لە ڕێگەی شەڕەوە چارەسەر نابێ. لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزەوە هەوڵی داوە ئێمە لەبەین بەرێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لە ئاکامدا وتووێژ لەلای حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی قەت ڕەد نەکراوەتەوە و ئێستاش ڕەدی ناکەینەوە. ئەگە بگەڕێینەوە سەر بەشی دووهەمەکەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر جار لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە داوای وتووێژ لە ئێمە کراوە، گرنگترینیان چەند ساڵ پێش بە نێوبژیوانی ڕێکخراوێکی نۆڕوێژی بوو لەوکاتەوە هەتا ئێستا هیچ وتووێژێک لە بەینی ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا نەبووە.

**نوردەدین سۆفیزادە**: وەک دوایین پرسیار، گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی گرێبەستە تەناهییەکەی نێوانیان بە مەبەستی جۆراوجۆر بۆ سەر حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات چی بەسەرهات و بە کوێ گەیشتووە؟

**خالید عەزیزی**: لەو پەڕی گوشارەکان بۆ سەر ئێمە بەتایبەت لە کاتی مووشەکبارانەکاندا خەڵکی خۆشەویستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە نیگەران و هاودەردمان بوون. پێم خۆشە لێرە شتێکیان پێبڵێم؛ حیزبی دێموکرات قۆناغی وای زۆر بینیوە، لە تیرۆری ڕێبەرانەوە بگرە هەتا مووشەکباران و کوشتن و برین و هەمووی ئەوانە، بەڵام ئێمە کۆڵمان نەداوە، کۆڵمان لە چیی نەداوە؟ لە خەبات و تێکۆشان لەدژی کۆماری ئیسلامی. بەشی دووهەم ئەوەیە ئێمە ئەو خەبات و

بەشی دوویەم

تێکۆشانەی لە یەک شێوازدا نابینین و شوێنی ئەو خەباتەش ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، شوێنی لەدایکبوونی ئەو حیزبە ئەوێیە و ئەو شوێنەیە هەمیشە ئەو حیزبەیان پاراستوە، بۆیە ئەگەر گۆڕانکارییەک لە چەند و چۆن و مانەوەی ئێمە لە باشووری کوردستان ڕوو بدا ڕاستییەکەی کاریگەری زۆری لەسەر ستێراتیژی ئێمە نییە. ئێمە وتوومانە بە مووشک لێمان دەدەن، بەڵام ئێمە مووشکمان نییە لێیان بدەینەوە، بەڵام ئێمە شتی گەورەترمان هەیە، ئێمە خەڵکمان هەیە. لە کوردستان هەمیشە حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیی ئەزموونێکی زۆری بووە کە ڕێژیمی ترساندوە هەر بۆیە بەدوای لێدانی جووڵانەوەی ژینا و ڕێبەرانی ئەو بزاڤە، بە مووشک و درۆن لێی داین هەروەها پاکەتێکی ئەمنییەتی دا بە حکوومەتی عێراق و ئەو خاڵانە لەلایەن عێراقەوە لەگەڵ ئێمە باس کراوە و لەلایەن حکوومەتی هەرێم و هەروەها یوئێنیش لە جەریان دایە، ئێمە گوتوومانە کێشەمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و هەرێم نییە و دەست لە کاروباری عێراق وەرنادەین، بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە ئێرانە، دەتوانێ بە عێراق بڵێ لە خاکی ئێوەڕا پێشمەرگە نەنێرنەوە، ئێمەش نەمانکردووە و بە هەموو لایەکیشمان ڕاگەیاندوە، کاتێک هەزاران خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا خەبات و تێکۆشان دەکات چ پێویستیمان بەوە هەیە بچینەوە نێو شەڕ و عەمەلیات، مانەوەی ئێمەش لێرە پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە، کوردستان و عێراقیش ئەوە دەزانن.

هەروەها ئێمە ئەو بابەتەمان لەگەڵ هێندێک لایەن و وڵاتیش باس کردوە ئەوان حیزبی دێموکرات باش دەناسن و دەزانن ئێمە لەسەر ئاشتی و وتوویژ قوربانیمان داوە و دەزانن جووڵانەوەیەکی مەدەنی نێوخۆ لە گۆڕێدا هەیە و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ڕای گشتی بەلاڕێدا بەرێ و بڵێ لە دەرەوەی سنوورەکان هەڕەشە لە دژی ئێمە هەیە. دەمهەوێ بە خەڵکی کوردستان بڵێم، بەڕاستی خۆشحاڵین ئێوە هەمیشە لە خەمی ئێمەدان، کارەساتی زۆر ناخۆشمان بەسەر هاتووە و ئێوەش مافی خۆتانە نیگەران بن بەڵام، هەتا ئیوە لەوێ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا بن، هەتا ئێوە بە نیسبەت مافەکانی نەتەوایەتی و سیاسی خۆتان تێبکۆشن ئەو حیزبە لە ڕابردووشدا خۆڕاگر بووە و لەمەو بەدواش ئەو حیزبە هەر دەمێنێتەوە. بۆ؟ چونکە ئێوە هەن و ئێوە ماونەتەوە و ئێوە بەردەوام دەچنە پێش و ئێوەش ئەو حیزبەتان دروست کردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتێکی چریکیی دە پازدە کەسی نییە، خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەک بۆ مافەکانیەتی




**وتووێژ: بەشی فارسیی "کوردکاناڵ"**

**ئاماژە:**

**کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەشی فارسیی "کوردکاناڵ" سەبارەت بە چەندین پرس و بابەتی تایبەت بە حیزبی دێموکرات و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی ئەم حیزبە قسەی کرد کە سەرنجتان بۆ پوختەیەک لە پرسیار و وەڵامەکانی ئەم دیمانەیە ڕادەکێشین:**

**کوردکاناڵ: بەڕێز عەزیزی، ئێستا لە دنیادا باسی شەڕی ئیسرائیل و حەماس، ڕوسیە و ئوکراین هەیە، دەور و کاریگەریی ئێران لەسەر ئەو کێشە و شەڕانە چۆنە؟**

**خالید عەزیزی**: لە جیهانی ئێستادا دوو شەڕی گەورە و ڕاستەوخۆ لە ئارادایە لە نێوان ئیسرائیل و حەماس و، ئوکراین و ڕووسیە. دەوری ئێران لەو دوو شەڕانەدا جیاوازییان هەیە، لە پێوەندی دەگەڵ فەلستین و ئیسرائیل، ڕێژیم هەوڵی داوە بە

ڕێگای هێزە نیابەتییەکانیەوە کاریگەریی هەبێ و جێگە و پێگەی ئیسرائیل لاواز بکات، بەڵام ئێران لەوەدا براوە نابێت. چوونکە کاتێک باس دێتە سەر دیالۆگ و دانیشتن بۆ چارسەری کێشەکە ئیدی ئێران ڕۆڵی نامێنیت و وەدەنرێت. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە ڕێژیم دەیهەوێ لە ناوچەکەدا دەوری ژلهێزێک بگێڕێ و هەر لەم پێوەندییەشدا ڕاستەوخۆ چووەتە بەرەی ڕووسیە دژ بە ئۆکراین، جا بەو حاڵە من پێم وانییە ئێران وێڕای هەموو ئاژاوەنانەوەکانی براوەی ئەو شەڕانە بێت.

**کوردکاناڵ**: ئێوە وەک وتەبێژی "حدکا" ڕێگا چارەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە لە چیدا دەبینن؟

**خالید عەزیزی**: لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کۆماری ئیسلامی ئێران کارتگەلێکی زۆری بۆ یاریکردن هەیە و بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی بە تایبەت لەناوخۆ دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت، یەکێک لەو کارتانەی ڕێژیم بەرنامەی ناوکییە. من لەسەر ئەو باوەڕەم خۆ ئەگەر بۆمبی ئەتۆمیشی هەبێ ناتوانێ وا بەهاسانی بە دژی ئیسرائیل کەڵکی لێ وەربگرێت، کەواتە لەم پرۆژەیە وەک کردەیەکی بەرگر و بەرگێڕەوە دەڕوانێت و لە یارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کەڵکی لێ وەردەگرێت. یان کەڵکوەرگرتن لە هێزە نیابەتییەکان بۆ کێشە و ئاژاوەنانەوە بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیاز و بڵاوکردنەوە هەژمۆنیی خۆی. من پێم وانییە هیچ شەڕێک لە نێوان ئێران و ئیسرائیل یان ئەمریکا و هەر وڵاتێکی دیکە ڕوو بدات و ئەوەی هەیە کاردانەوە لە بەرامبەر هەڵویستی یەکترە کە ئەمە تەنانەت لە بەستێنی دیپلۆماسیشدا لەو ٤٥ ساڵە بینیومانە. ئەوەی کە گرنگە و دەتوانێ شوێندانەر بێ خەباتی خەڵکی نێوخۆی ئێران و دانانی جێگرەوەیە بۆ ئەو ڕێژیمە.

**کوردکاناڵ**: ماتەوزەی ڕووخان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئۆپۆزسیۆن لە چ قۆناغێکدان؟

**خالید عەزیزی**: یەکێک لە فاکتۆرە هەرە گرینگەکان، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، بۆ؟ چوونکە کۆماری ئیسلامی لەوێدا کێشە خوڵقێنە، لەبەر شەڕی ئۆکراین و ڕەوشی تایبەتی جیهان، ئێستا چەند جەمسەری زاڵە و وا بەهاسانی ناتوانن بە دژی ئێران کۆک بن، کەواتە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕایە کە دەبێ خەڵکی نێوخۆ بیانهەوێ ئەو ڕێژیمە بگۆڕن، چاوەڕوانی ڕووخانی ڕێژیم بە شەڕ لەلایەن هێزی دەرەکییەوە کە زیاتر میدیا فارسەکان پرۆپاگەندەی بۆ دەکەن، خراپە. دەبێ هەموو هێزمان نەتەوەکانی ئێران بێ و هەوڵ بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی و لە هەمووی گرنگتر درووستکردنی ئاڵترناتیڤ بدەین.

**کوردکاناڵ**: ئایا دەکرێ ئەو ڕێژیمە بە هێزی نێوخۆ بگۆڕدرێ؟ ئێمە لە بزووتنەوەی ژینادا دیتمان کوردستان، بەلوچستان و گیلان و زۆر شوێنی دیکەش هاتنە سەر شەقام؛ یان لە ڕەوتی نەورۆز لە ئیلامەوە هەتا ماکۆ خەڵک بە یەکگرتوویی و یەکێتی خۆیان سەلماند بەڵام مەزنشارەکان هەڵوێستی ئەوتۆیان نەبوو و زۆر بە کەمی بەشداربوون.

بەشی دوویەم

**خالید عەزیزی**: دەکرێ بە چەند گۆشەنیگاوە بڕوانینە ئەو پرسیارە، گۆڕان و ڕووخانی ڕێژیم هەر تەنیا بە خۆپێشاندان و درووشم و تووڕەیی ڕوو نادات، دەبێ ڕێکخستن، هاوئاهەنگی و بەرنامە و پلانی سیاسیت بۆ دوارۆژ هەبێ، بزووتنەوەی ژینا بەتایبەت لە کوردستان جارێکی دیکە ئەوەی سەلماند هەتا مەزنشارەکان بەتایبەت تاران نەیەتە نێو گەمەکە ئەگەری لاوازە ئەو ڕێژیمە تێکبچێت. ئێمە وەک کورد هەتا ئێستاشی دەگەڵ دابێ بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەدەری ئەو ڕەوت و خەباتە بووین و وەک هێمایەکمان لێ هاتووە. بەخۆشییەوە بەبەراورد لەتەک جاران بەردەنگی زۆریشمان لە دەرەوەی کوردستان بۆ پەیدا بووە. بەهەرحاڵ گۆڕانی سیستەم زۆرتر بۆ عەقڵانیەتی ئەو ڕێژیمە ناگەڕێتەوە بەڵکوو پەیوەستە بەوهەمووە کێشە و قەیرانانەی چ ئیستا و چ لا داهاتوودا دەیبێ.

**کوردکاناڵ**: بۆچی بزووتنەوەکە پەلی نەهاویشتە مەزنشارەکان؟ ئایا هەڵسوکەوتی خۆشبینانەی میدیاکانی لەندەن و واشنتۆن بوو؟ ئایا ئەو فۆبیا و ترس لە کوردستانە کە دروستیان کردبوو دەیهەویس لەنێو بچێ؟ یان تاقمێک بە دیاریکراوی "پەهلەوی" ڕەوتی بزووتنەوەی ژینایان گۆڕی؟

**خالید عەزیزی**: کاتێک خەڵک دەڕژێنە شەقامەکان و درووشم دەدەن لەوە بەدواوە ئیدی دەبێ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بێنە مەیدان و کاری خۆیان بکەن بە کورد و غەیرە کوردەوە، پێموابێ هەموومان غافڵگیر بووین، یان ئەو بەشە ئۆپۆزسیۆنەی لە دەرەوەن ئێستاش لە پرسی کورد، خەبات و مافەکانیان تێناگەن، ئەوانەی دیکەش نەیاتوانی پردێکی پێوەندی لەنێوان ئەو دوو ڕەوتە لێ بدەن. ئاکاری توندئاژۆیانەی ڕەوتی سەڵتەنەت و تەواویەتخوازی و تاکڕەوی و خۆپەرستیان وایکرد ئەو یەکیەتی و یەکگرتووییە نەیەتە دی. لە درێژەی ئەمەشدا و هاوتەریب ڕێژیم سەرکردایەتیی بزووتنەی کوردی مووشەکباران کرد بەتایبەت حیزبی دێموکرات. ئەوان لە درێژەی ئەو هەڵوێستانەی پاشاخوازەکان خەریک بوون حیزبی دێموکراتیان بەو وڵات و لایەنانە دەبەستەوە کە پاساوێک بێ بۆ لێدان و لەنێوبردنیان بەتایبەت لەبەرچاوی خەڵکانی دیکە کە ڕەنگبێ کاریگەریشی هەبووبێ. کەواتە یەکیەتی نەک نەبوو بەڵکوو دژایەتیی ڕەوتێکی ڕادیکاڵیش بوونی هەبوو و بەداخەوە ئیستاش ئەو نزیکایەتییە ڕووی نەداوە، کەواتە بزووتنەوەیەک کە لە کوردستان چەخماخەی لێ دراوە خۆش خۆش ناگاتە شارە گەورەکان. ئێمە لە کوردستان بە زیادەشەوە کاری خۆمان کرد و سەلماندمان چوونکە ئێە ڕابردوویەکمان هەیە لە ڕێکخستن، سیستەمی حیزبی، کاروچالاکیی سیاسی، ئەوە لەحاڵێک دابوو لەنێو بەشێک لەو خەڵکانەی دەرەوە تەنانەت باسی نەمانی سیستەمی حیزبیان دەکرد! لە کاتێکدا لە دێموکراسی و وڵاتانی ئازاد ئەوە حیزبەکانن حکومەت پێکدێنن و کار دەکەن، واتە کۆمەڵگەی بەتایبەت ناوەند خەریکە پاشەکشە دەکاتەوە لە نۆڕم و بایەخە جیهانییەکان و بەرەو سلبریتی و تاکەکان دەچێ کە ئەمە لاوازی کولتووری لە نێو ڕەوتە سیاسییەکانی ئێران نیشان دەدات، هیوادرام لە داهاتوودا ئەو دیاردانە نەمێنن و ئەوانیش فێری کاری ڕێکخراوەیی و دێموکراسی بن.

**کوردکاناڵ**: ئایا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دۆستانی ئۆپۆزسیۆن زیاترن یان هی ڕێژیم؟ دەبینم ئێوە وەک "حدکا" لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپا بوونتان هەیە و چالاکی دەکەن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا بەشدران وەک کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست.

**خالید عەزیزی**: سەرەتا دەبێ ئێمە زانیارییەمان لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەبێ، هەموو ئەمانە پێویستییەک بوون بۆ پاراستنی تەناهی جیهان و هەموو وڵاتانیش لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەک ناوەندێکی جیهانی بەدوای بەرژەوەندییەکانیاندا دەگەڕێن. ئەگەر پێمان وابێ دەبێ وڵاتانی دیکەش وەک ئێمە چاو لە ئێران بکەن و بەرژەوەندییەکانیان لەبەر ئێمە و لەسەر خواستی ئێمە هەڵبچنن ئەوە هەڵەین، چوونە نێو ئەو بازنەیە کارێکی هاسان نییە و گۆڕینی ڕێژیم لەبەر دڵی ئێمە بەو تایبەتمەندییە سیاسی و جوگرافیاییەی کە ئێران هەیەتی چاوەڕوانییەکی بەجێ نییە. لەلایەکی دیکەشە کۆماری ئیسلامی خەڵک لە بەسووریەکردن دەترسێنێت و ئەو وێناکردنە خەڵکمان لێ دەپرینگێنێتەوە، جا بەو هۆکارانە دۆستی ڕێژیم وەک دەوڵەتێک لە ئێمە وەک ڕێکخراوەکان زۆرترە. یان لە ئاستی حیزب و ڕەوتە چەپەکانی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیدا ئەوەی ڕاستی بێ زۆرترینیان دەگەڵ ڕێژیمن چوونکە هەردووکیان بەرە دژی ئەمریکان. لە دوایەمین دانیشتنی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا کە منیش بەشدار بووم بە تەواوەتی بۆم دەرکەوت تەنانەت لەوێدا ئەو ڕەتە چەپانە زۆر مەیلیان بۆلای ڕێژیم هەیە ئەوە لە حاڵێکدابوو د. شەرەفکەندی کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە بوو کاتێک لەو کۆبوونەوەیە چووە دەر لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە تیرۆر کرا؛ بەڵام ئەوان هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبوو بەداخەوە. قسەکانی من لەو کۆڕەدا پێشوازی لێ نەدەکرا، ئەوە نییە وڵاتانی چەپی وەک کۆرۆی باکوور، چین، کوبا ڕووسیە کە بەرواڵەت چەپ و کۆمۆنیستین هاوڕێی ڕێژیمن جا چۆن دەگەڵ ئێمە دەبن کاتێک ئێمەش خۆمان پێ حیزبێکی ئایدۆلۆژیک و سەر بە ئیزمەکان نازانین و نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکی دەکەین بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیمان، بەڵام بەبەراورد لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە زیاتر گوێمان لێ ڕادەگیرێ.

**کوردکاناڵ**: جۆرج تاون چی بەسەر هات؟ جەنابت لەو دوایانەدا لە کۆڕی کۆماریخوازەکاندا بەشدار بووی و قسەشت کرد، باسێکمان لەسەر ئەوە بۆ بکە.

**خالید عەزیزی**: ئێمە دەزانین لە ئێراندا هیچکات دێموکراسی بوونی نەبووە و هەر بۆیە پێک هەڵکردن زۆر سەخت و دژوارە. ڕەوتی چەپ و ڕاست و ئیسلامی و ... لە نێو ئۆپۆزسیۆندا بوونیان هەبووە و هەیە بەڵام هیچکات لە کەشێکی دێمۆکراتیک دا پێکەوە تەنانەت کاریشیان نەکردوە و بەردەوام دژایەتیی یەکتریان کردوە. لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا بەکردەوە دیتمان لەلایەک مەنشووری جۆرج تاون کە زیاتر کەسایەتی و تاکەکان بوون و لەبەرامبەریشدا ڕەوت و ڕێکخراوەکانی دیکە

هەڵکەوتبوون، لە ڕاستیدا ئەو جاڕنامەیەدا تەنیا یەک براوەی هەبوو ئەویش ڕەزا پەهلەوی بوو، بۆ؟ چوونکە لەو دەرفەتە لە میدیا فارسەکان کەڵکی وەرگرت و خۆی زیاتر بەڕۆژ کردەوە و ناساند، کاتێک دەگەڵ میدیایەکی فارسی یان ئینگلیسی قسەی دەکرد خۆی وەک کەسێکی لیبڕاڵ و دێموکرات پێناسە دەکرد و باسی سیستەمی وەک پاشایەتیی بریتانیا و سۆئێدیشی دەکرد وەک وێنەیەکی باش بۆ دوارۆژی ئێران، بەڵام هەر خێرا دوای قسەکانی لایەنگر و داروودەستەکەی بە توندترین شێوە هێرشیان دەکردە سەر هەموو لایەنەکان جگە لە خۆیان. بەتایبەت هەوڵیان دەدا بزووتنەوەی کوردستان ناشیرن بکەن، و وایان دەرخواردی خەڵک دەدا کە ئەگە ئەوان نەبن ئێران لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و کوردستان جیا دەبێتەوە کە هەموو ئەمانە ناڕاست بوون و بووە هۆی نایەکگرتوویی و نەبوونی یەکیەتی و لێکترازان. تەنانەت کاتێک کار دەکرا بۆ ئەوەیکە لە ئاستی ئورووپادا سپای پاسداران بکەوێتە لیستی تێرۆرەوە پەهلەوی بە جۆرێک دژایەتیی کرد. ئێمە وەک "حدکا" هەوڵمان ئەوە بووە دژی هیچ لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم نەبین و هەوڵمان داوە دەگەڵ لایەنەکانی کۆماریخواز پێوەندیمان هەبێ و پێکەوە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا کار بکەین.

**کوردکاناڵ**: کاک خالید بۆچی بۆ ناوخۆی وڵاتی ئێران ناگەڕێنەوە و دەگەڵ ڕەوت و کۆمەڵگەی دەستەبژێری ئێرانی کار ناکەن؟

**خالید عەزیزی**: فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبەکەمان لەسەر کۆمەڵگەی نێوخۆ بووە، ئێمە هیچ کات پێوەندیمان دەگەڵ ناوخۆ نەپچڕاوە تەنانەت لە کاتە هەرە ناخۆش و دژوارەکانیش، پێوەندیی ئێمە و خەڵک کە لە دڵی ئەوان هەڵقوڵاوین زۆر باشە دروشمەکانی ئەم دواییانەش ئەوە دەردەخات و باشترین کاریش دیسان ئەوەیە ئێمە بتوانین دەگەڵ ناوخۆ زیاتر کار بکەین و پێوەندییەکانمان بەتایبەت لە مەزن شارەکان زیاتر بکەین و ئەو خەڵکە دەگەڵ مافە ڕەواکانی گەلی کورد ئاشناتر بکەین، خۆ قسەکردن لە میدیاکان زۆر هاسانە بەڵام دەبێ بە کردەوە بچینە ناخی کۆمەڵگەی ناوەند و پرسی خۆمان لەوێ جێ بخەین.

**کوردکاناڵ**: هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێران چۆن دەبین و ئەزموونتان لە سەردەمی ڕەئیسی چ بووە؟

**خالید عەزیزی**: لە سەردەمی ئەودا سێدارە، گرتن، ئەشکەنجە و هێ گرتنی زیاتری مافیای ئابووری سپای پاسداران خێرا بەرەو هەڵکشان دەچوو. بەڵام هەڵبژاردن هەمیشە لەلایەن ڕێبەری نیزامەوە بە شێوەی جۆراوجۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە و هەمووڵایەکیشمان ئەوە دەزانین سەرۆکومار لە ئێران هەموو شتی بەدەست نییە و لەو کەرەسەی هەڵبژاردن بۆ سەرپۆشدانان لەسەر ئەو هەمووە کێشە و قەیرانە کەڵەکە بووانە کەلک وەردەگرن. ڕەنگبێ بۆ گەرم کردنی بەشداری خەڵکیش بێ بیانهەوێ جۆراوجۆرییەک ساز بکەن بەڵام بەشێویەکی گشتی ناتوانێ کارێکی ئەوتۆیان بۆ بکات.



سەرچاوە Serchawe

بەشی دوویەم

**کوردکاناڵ**: کاک خالید هەمووڵایەک دەزانن "حدکا" یەکەمین و گەورەترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئامانجی مافەکانی گەلی کوردە و نەمر قازی محەممەدیش وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان بوونە هەموو ئەمانە باس لە نەتەوەیی بوونی ئەو حیزبە دەکات بەڵام ڕەخنەیەک لەلایەن جیلی نوێ لە حیزب و بەتایبەت لە جەنابت هەیە کە لە میدیا فارسەکاندا زۆر نەرمی دەنوێنن و ئەوە لە ئاست گەورەیی حیزبی دێموکراتدا نابینن، وڵامی جەنابت چییە؟

**خالید عەزیزی**: بەڵێ من ئاگاداری ئەو ڕەخنانە هەم و زۆر سپاسی ڕەخنەگرانیشم دەکەم، جا چوونکە من لەبەر کارەکەم زیاتر دەگەڵ میدیا و ڕاگەیاندنەکان و لایەنەکانی ئێرانی سەروکارم هەیە، هەوڵ دەدەم زیاتر گرنگی و بایەخ بە ڕەخنەکان بدەم. فەلسەفەی دامەزرانی "حدکا" لە ٨٠ساڵ لەمەوبەرەوە چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد بووە، خۆ ئەگە پرسی کورد نەبا حیزبی دێموکراتیش نەدەبوو. جا کەوایە ئێمە بۆیە دامەزراوین هەتا مافەکانی گەلی کورد وەدی بێنین و دەبێ لە پێناو وەدەستهێنانی ئەو مافانەشدا هەموو هەوڵێک بدەین، یەک لەو چالاکیانە ئەگە بە ناچاریش بێ پێوەندی دەگەڵ ڕەوت و لایەنی ناکوردییە بەتایبەت لە ناوەندە. لەسەردەمی پێشەوا و د.قاسملووشدا لەو ماتەوزەیە کەڵک وەرگیراوە و هەوڵیان داوە پێوەندیان دەگەڵ هەموو لایەک باش بکەن و دیالۆگ بکەنە پێوەر، ئێمە نە دژی فارسین نە دژی تورک. ئەو ڕەوتەی دژی گەلی کورد و خەباتەکەی درووشم دەدا و دەخوازێ بە تاکڕەوی و ڕادیکالیزم بە گژ ئێمەدا بێتەوە وایکردوە لەبەرامبەردا بەشێک لە لاوەکانی ئێمەش هەڵوێستی توندیان هەبێ و ئەمەش زۆر سرووشتییە جا ئەوە پەیامەکیشی تێدایە کە ئەگە ئێوە ڕێز بۆ ویست و داخوازییە ڕەواکانی ئێمە دانەنێن لە دواڕۆژی ئێران دا ئێوەن دەبنە بەرپرسی سازکردنی کێشەکان. زۆرجار دەڵێن کوردەکان تەجزیەتەڵەبن؛ ئێوە تەجزیەتەڵەبن، ئەگە قەرار بێ تاران بۆ هەموومان سەرنجڕاکێش نەبێ و هیچ مافێکمان نەبێ چۆن دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین؟ ئێمە دەبێ بە وتوویژ و پێکەوە کار کردن هەوڵ بدەین هەمووڵایەک تێبگەیەنین و لاوەکانیشمان لە خەبات بە دژی زوڵم و زورداری بەردەوام بن.

**کوردکاناڵ**: ئایا ڕێژیم توانیویەتی بەو هەموو ئەو گوشارانە بۆ سەر حیزبی دێموکرات، ئیرادەتان لاواز بکات؟ ئایا خەباتی پێشمەرگە بەردەوامە؟


**خالید عەزیزی**: دەزانن چۆنە، خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتێکی چریکیی دە پازدە کەسی نییە کە چەکیان دەست دابێتێ و شەڕ بکەن، خەبات و تێکۆشانی یەک نەتەوەیە و ئێمەش بەرگریکاری ئەو مافانەی گەلی کوردین کە لە چوارچێوەی ئێراندا داوایان دەکەین. ئەو خەباتەش وێڕای هەموو مووشەکباران، تێرۆر، سێدارە و گرتن و ئازار و ئەشکەنجە، بەردەوامە و لە دواڕۆژیشدا هەتا وەدەستهێنانی مافەکانمان هەر درێژەی دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## خالید عەزیزی: نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی ئیلهام و گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتی ئێمەیە



### ئاماژە:

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکی درێژ و تایبەت لەگەڵ کوردکاناڵدا تیشکی خستە سەر تازەترین هەڵوێست و خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر گۆڕانکارییەکانی ناوچە، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. "کوردستان" کاکڵ و پوختەی ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**کوردکاناڵ**: پێوەندیدار بە هاتنەوەی ترامپ و ئەگەری گۆڕانی هاوکێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت کۆمەڵگەی جیهانی

**خالید عەزیزی**: دەبێ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە دنیا لە ڕەهەندەکانی ئابووری و ئەمنییەتیدا بەبێ ئەمریکا تووشی بەتاڵایی دەبێت و دەوری ئەمریکا لە هەموو بوارەکاندا گرینگە و دەوری ڕەئیسجمهووری ئەمریکایش گرینگتر. نموونەیەکی کۆنی مێژوویی بێنمەوە. پێش شەڕی دووهەمی جیهانی ئەمریکا تەریک ببۆوە لە سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا و یەکێک

لەو شتانەی زەمینەی خۆش کرد دەسەڵاتێکی وەک هیتلێر پەیدا ببێت، بە بڕوای من غەیبەتی ئەمریکا بوو. دوای شەڕی دووهەمی جیهانییش کە ئیدی بەسەر هیتلێردا سەرکەوتن، ئەمریکا هاتە نێو هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و هێزی ئابووری و ئەمنییەتی و نیزامیی ئەو وڵاتە بوو بە فاکتەرێک لە سەقامگیریی جیهانیدا. هەتا ئەوکاتەی ترامپ لە کۆماریخوازەکان هاتەسەر کار، جیاوازییەکی یەکجار زۆر لەنێوان دێموکراتەکان و کۆماریخوازەکان لەهەمبەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا نەبوو. بەڵام دیاردەی ترامپ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو سیستەمە هەیە کە لە مێژووی ئەمریکادا بوو. شێوەی قسەکردنی، ڕوانینی، خوێندەوەی لە ئەمریکا و خوێندنەوەی لە دنیا زۆر تایبەت و دەگمەنە. دێموکراتەکان هەر لە سەر ئەو ئەساسە دەڕۆیشتن کە تێکەڵ بە مۆعادلاتی نێودەوڵەتی بن و لەگەڵ ئورووپاییەکان هەماهەنگی زۆرتریان هەبێت و شەریک بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەڵام ترامپ زۆرتر ئەمریکای کردۆتە مێحوەر و بە تەبیعەتی بەرژەوەندیی ئەمریکا چاو لە هەمووی ئەوانە دەکات. ئێستاش ترامپ ڕایگەیاندوە کە سەردەمێکی زێڕین لە ئەمریکا دەستی پێ کردووە و زۆرتر فوکوس دەخاتە سەر ئەوەی چۆن لە هەمووی ئەو مۆعادلاتەدا ئەمریکا بەهێزتر بکات. بۆیە تەعامولی ئەو لە داهاتوودا لەگەڵ هەموو زلهێزەکانی دیکەی دنیا و لە ئاستێکی خوارتر لەگەڵ ئێرانیش تابعێکە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا. گرینگ ئەوەیە ئێمە بزانین کە دێمۆکراتەکان و کۆماریخوازەکان هەتا ئێستاش تەنیا بە دوای ئەوەدا ڕۆیشتوون و دەڕۆن کە سیاسەت و ڕەفتاری ئێران بگۆڕن و نەیانگوتووە کە ئێمە بە تەمای گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانین؛ ترامپیش ئەوەی نەگوتوە. بۆیە ئەمن پێشبینی دەکەم ترامپ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا بکەوێتە نێو کۆمەڵێک تەعامول و گوشار و سەودا لەگەڵ ڕێژیم بۆ ئەو پرۆژەی بۆخۆی هەیەتی کە سنووردارکردنی توانا و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

**کوردکاناڵ**: دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە شێرزەیی دەمێنێتەوە یان نەزمێکی نوێ و سەقامگیرییەکی تایبەت ڕووی تێدەکا؟

**خالید عەزیزی**: بە باوەڕی من دۆخی ناوچە بە شێرزی دەمێنێتەوە. دیارە ئێمە دوو جۆر شێرزی و دوو جۆر قەیرانمان هەیە. قەیران و شێرزەییەک کە ڕەهایە و قەیران و شێرزەییەک کە کۆنترۆڵ دەکرێت. ڕەنگە بەرژەوەندیی ناوچەکە لە سیاسەتی ئەمنیی کەلانی نێودەوڵەتی و بە تایبەت بەرژەوەندیی ئیسرائیل وا هەڵگرێت کە لە مەرحەلەی یەکەمدا بە دووی کۆنترۆڵی قەیراندا بن. هۆیەکەشی ئەوەیە کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر ئاڵۆز و تێکەڵ پێکەڵە و بەشێکی زۆر لە سیاسەتی ئەمنییەتی کەلانی نێودەوڵەتی بەرهەمی کێشەی ئیسرائیلە لەگەڵ فەلەستینییەکان. لە شەڕی ساردیشدا ئەوە هەبوو کە سۆڤیەتی پێشوو پشتیوانیی لە فەلەستینییەکان دەکرد و ئەمریکا پشتیوانی ئیسرائیل بوو. دوایە سۆڤیەتی پێشوو نەما و وردە دەسەڵاتی ناوچەیی دروست بوون، وەک تورکیە و ئێران، لە تەنیشت ململانێی شیعە و سوونیی. بۆیە لە ئێستادا لەوانەیە کێشەی غەززە و لوبنان چارەسەر بکرێت و دەبینین لە سووریە دەسەڵاتێکی دیکە دێتە سەر کار. بە باوەڕی من

بەردەوام ئەو کێشانە درێژەیان دەبێ و بوونی ئەو قەیران و کێشانە بواری مەیدانیی بۆ کۆماری ئیسلامی دروست کردبوو بتوانی بە کۆپیکردن لە حیزبە کۆمۆنیستییەکان و بەئامرازکردنی ئاییزانی شیعە دەسەڵات و هێزی نیابەتی دروست بکات. لەلایەکی دیکەوە ڕاستە کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەکانی ناوچەدا تووشی شکستێکی زۆر زۆر گەورە بووە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کارتی بەدەستەوە نەمابێت. لێرەدا بە ئەگەری زۆر ترامپ بیهەوێ بە دوای ئەوەدا بڕوات ئەو کارتانەشی لێ بستێنێ کە یەکێک لەوان پڕۆژەی ناوکیی ئێران و قەزیەی بەرجامە. ئەمن زۆر جار گوتوومە پێشبینیی ئەوە ناکەم کۆماری ئیسلامی چەکی ئەتۆمی دروست بکات، چونکی بە یەکەم تەقینەوەی ئەو چەکە خۆی تێدا دەچێت و وڵاتەکەی وێران دەبێت، بەڵام ئەمە کارتی گەمە بۆ ساتوسەودایە و ئێستا وەختی ئەوە هاتووە بۆ مانەوەی خۆی کەڵک لەم کارتە وەربگرێ. ئەمن پێموایە لەوێدا هاوکێشەکان دەگۆڕدرێن.

**کوردکاناڵ**: بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕقەیران!

**خالید عەزیزی**: ڕووسیە تا ڕادەیەکی زۆر لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چووەتە دەرێ، یان دەنا دەتوانم بڵێم زۆر لاواز بووە، بەڵام ئەمریکا ئێستاش قسەی کۆتایی هەر ئەو دەیکات، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو نابێت. ستراتێژیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە کورتی و بە کوردی پاراستنی ئیسرائیلە. ئیسرائیل لۆبییەکی بەهێزی لە ئەمریکا هەیە و ئەو هەڕەشانەی لەلایەن ڕەوتی تۆندڕەو چ سووننی و چ شیعە لەسەر ئیسرائیل هەیە بەتایبەت دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتیی نیگەران کردوە. بۆیە من پێموایە ئەمریکا لە پێناو پاراستنی ئەمنییەتی ئیسرائیلە بیەوێ ئێران سنووردار بکات. ئێستا ئیدی ئێران وەکوو پێشوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناتوانێ تەڕاتێن بکات. کاتی خۆی شتێک هەبوو پێیان دەگوت دوکتورینی ئۆباما یا پڕۆژەی ئۆباما. لێکدانەوەی ئۆبامادا ئەوە بوو جەرەیانی توندڕەوی شیعە ڕاستەوخۆ لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نییە و ئەو جەرەیانە توندڕەوی شیعەیە ئەدرسێکی هەیە کە تارانە، ئەگەر وایە ئەوە قابلی مۆعامەلەیە؛ بەڵام جەریانی توندڕەوی سووننی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەندین هێزی وەک ئەلقاعیدە و داعش و هێزی جۆراوجۆری ئیسلامی لێ دروست بووە و لایەنی جۆراوجۆریش کۆمەکیان دەکەن. جەریانی توندڕەوی شیعە زۆرتر دژی ئیسرائیل بووە و جەریانی توندڕەوی سووننی زۆر جار ئەمریکای کردۆتە ئامانج. جا لەژێر ڕووناکیی ئەو تێئۆرییەدا ئۆباما لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا پووڵ و سامانێکی زۆری بۆ ئێران ئازاد کرد و بەتەما بوو ئێران وەک پارتنێرێک بیڵێتەوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەلایەن ئێرانەوە بە ئامانج نەگیرێت.

**کوردکاناڵ**: پێوەندیی ئەمنییەتی ئیسرائیل بە سەقامگیریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



سەرچاوە
Serchawe

بەردەوامیی کێشە و ململانێیەکان وەکوو پێشوو درێژەیان دەبێت، بەڵام ڕەنگە هەڕەشەی ئەمنییەتی لەسەر سەقامگیریی ناوچە بەشێوەی پێشوو نەبێت. چونکە لەو شەڕانەی ئیسرائیل لە دەورووبەر کردوونی هەتا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. ئەو ڕێکخراوانە سازماندەیی و هێز و توانای جارانیان نەماوە، بەڵام شتێک لێرەدا مەسەلەیە کە ئایا دەسەڵاتی نوێی سووریە بەپێی پێشینەی پێشووی ڕەفتار دەکات؟ کە من پێموایە ئەوە ناکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵ دەدەن تێکەڵ بە مۆعادەلات و مۆعامەلات و دەوڵەتداریی بکەن و بیکەن بە پارتنێری خۆیان و ڕەنگە ئەوە بەرەو ئەوە بڕوات و ئەمە بە جۆرێک یارمەتی بە سەقامگیری لەو ناوچەیە بکات. بەڵام کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەروەک گوتم بەردەوام دەچێتە پێش و یەکێک لە فاکتۆرەکانیش ئێرانە.

**کوردکاناڵ: کاریگەریی ڕاستەوخۆی هاتنەوەی ترامپ لەسەر چارەنووسی کۆماری ئیسلامی؟**

**خالید عەزیزی: یەکەم،** کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیکە خەڵکەکەی زۆرتر مەیلەو ڕۆژئاوا بیر دەکەنەوە. یانی ئێرانی هەموو ئارەزووەکەیان ئەوەیە ڕێگەیان لە ئەمریکا بکەوێ و لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپای ڕۆژئاوا تێکەڵاوییان هەبێت. زمانی ئینگلیزی ئێستا لە ئێران ڕەقابەتی لەسەرە کێ جوان فێری بێ، بەڵام کەس بە دوای زمانی ڕووسی و چینیدا ناڕوا. بۆیە بە باوەڕی من لە درێژخایەنیشدا کۆمەڵگەی ئێران دەکەوێتە بەرەی ڕۆژئاوا. بەڵام پێچەوانەی ویستی کۆمەڵگەی ئێران بیرۆکە و فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامی دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوایە، دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلە. من پێموایە ئەگەر ترامپ بکەوێتە نێو مۆعادلات و مۆعاملات کە واشی لێ دێت و لە بەرجام ڕا دەست پێ دەکات، کۆمەڵێک داروولەلە بۆ ئێران دادەنرێت. ئێران یا دەبێ بەپێی ئەو پرۆژەیەی ترامپ بچێتە پێش و سنوورداری بکەن، یان بە ئەگەری زۆر میکانیزمی ماشە دێتە گۆڕێ و ئورووپاییەکانیش لەگەڵ ئەوەن لەوێدا پاشەکشە بە ئێران بکەن. بێگومان ئەمە شکەستێکی گەورەیە بۆ کۆماری ئیسلامی و ترامپیش ئەوە عۆمدە دەکاتەوە.

**دووهەم،** لە پێوەندی لەگەڵ گرووپە نیابەتییەکان تەنانەت لە عێراقیشدا ڕەنگە ئەوە بەشێک لە مۆعادڵە و مۆعامەلەکان بێت و ئەوەش شکەستێکی دیکەیە بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام هیچی ئەوانە تا ئەو ساتە بە مانای ئەوە نییە شەڕ لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕوو دەدات. من لەو باوەڕە دام شتێک بە ناوی شەڕی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل یان ئەمریکا هەتا ئێستا نەبووە و ئەوەی ئێستاش بە کردەو و دژ کردەوە دەزانم و مووشەک تێگرتن لە دژی یەکتریش شەڕ نییە. هەمووی ئەوەیە ئێران بە ئیسرائیل بڵێ ئەمنیش دەسەڵاتم هەیە و وات لێ قەبووڵ ناکەم و ئیسرائیلیش هەر ئەوە بڵێ. لەبارەی ترامپیشەوە پێشبینی ناکەم بە شەڕ بەرەوپیلی کێشە لەگەڵ ئێران بچێت و مێتۆدێک هەڵدەبژێرێت کە ئەو مێتۆدە بە مرووری زەمان ئەو دەسەڵاتە لاواز دەکات و لە ئێعتباری دەخات و شەرعییەتی پێ ناهێڵێت و هەمووی ئەوانە ڕەنگدانەوەی

لە نێوخۆی وڵاتی ئێراندا دەبێت. ئەمریکاییەکان بە دێموکرات و کۆماریخواز زۆر جار گوتوویانە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێرانە و هەر ئەوەش بە قازانجی داهاتووی ئێرانە و دواجار دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی ئاڵتێرناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی.

**کوردکاناڵ**: پرس و چارەنووسی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی

**خالید عەزیزی**: بابەتی ئالترناتیڤ کێشەی ئێمەیە و کێشەی لایەنە ئێرانییەکانیش و کێشەی لایەنە نێودەوڵەتییەکانیشە. لە نموونەیەکی زۆر تازە و لە قەزیەی سووریەدا ئەو حوکمەتەی ئێستا لەسەر دەسەڵاتە نێزیک دوازدە ساڵ پێش ئێستا لە ئیدلێب بوو بە ئاڵتێرناتیڤ و حکوومەتی سێبەری دروست کرد. کاتێک وڵاتەکە وای لێ هات کە بەشار ئەسەد بڕوات، شەڕ و شۆڕشی تێ نەکەوت و خەڵکەکە ئیستعدادیان هەبوو کە بەشار ئەسەد دەڕوات وڵات بەتاڵایی دەسەڵات دروست نابێت و ئەمە بێ خوێنڕێژییەکی زۆر بوو بە ئەمری واقع و دەوڵەتی لەسەر دروست بوو. لە ئێراندا ئەو هەموو قوربانیدان و فیداکارییە بە تایبەت لە کوردستان دەکرێ، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئێستاش ئاڵتێرناتیڤ بۆ تاران و بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دروست نەبووە. بۆ دروست نەبووە؟ من تێدەکۆشم کورتی بکەمەوە کە حیزبی دێموکرات ئەوەی لە دەستی هاتوە کردوویەتی. حیزبی دێموکرات کاتی خۆی لە سەردەمێکی زۆر سەختی ژیانی سیاسیی لە ئێراندا دوای ئەوەیکە شواری میللیی مقاوەمەت دروست بوو، و بەنیسەدر و مەسعوودی ڕەجەویی تێدابوون و دوایە دوکتور قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات و دەوڵەتمەردی سیاسیی ئێران چووە نێو ئەو بەرەیە، بە بڕوای من ئاڵتێرناتیڤێکی باش بوو لەو سەردەمدا. بەڵام گۆڕانکارییەکانی پێوەندیدار بە ئێران لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتوە. ئەو وەختە حەی و حازر بەنی سەدر و موجاهێدین بوون، بەڵام ئێستا دەیان و سەدان بەنی سەدر دروست بووە وەیان و سەدان گرووپ دروست هەن و هەریەکی هەوایەک لێ دەدات. لە نەتیجەدا ئەو ئاڵتێرناتیڤسازییە سەرکەوتوو نەبووە. بۆیە ئەگەر چەند ساڵی دیکەش خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان لە ئێران لە گۆڕێدا بن کە هێشتا بەشێ زۆری خەڵکی ئێرانی لەگەڵدا نییە، لە ڕاستیدا هەتا ئاڵتێرناتیڤ نەبێت و هەتا کاتێک ئەو خەڵکە دەچێتە سەر شەقام و ئامادەیە خۆی فیدا بکات بێتوو بەدیلێک شک نەبات، کێشەکە هەر لەجێی خۆیەتی. بەڵام ئایا بە هاتنەسەرکاری ترامپ ئۆسوولەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێداچوونەوەیەک بە خۆیاندا دەکەن و ڕێکارێکی نوێ دێینە گۆڕێ، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بە هەر بۆچوونێک کە هەیانە بە دوژمنی خۆمانیان دانانێین، ئێمە دێینە سەر هاوکێشەکان و سیناریۆی دۆست پەیداکردن. دەبینین لەگەڵ یەکێکیان زۆر دۆستانە دەچینە پێشێ هەتا بە سازانێک بگەین و لەگەڵ هێندێکیشیان زۆرتریش دەچینە پێشێ هەتا مەبنایەک ئیمزا بکەین بۆ داهاتووی ئێران و لەگەڵ هێندێکیان ڕەنگە هەرگیز نەبین بە دۆست، بەڵام نایانکەین بە دوژمنی خۆمان. لە سیاسەتدا هونەر ئەوەیە لانیزۆری دۆست بۆ خۆت پەیدا بکەیت و



سەرچاوە
Serchawe

دوژمنان و نەیارەکانت بە لانیکەم بگەیەنی. ئێمە لەو چوارچێوەدا کارمان کردوە، هێندێک مەبنامان هەیە ئەویش ئەوەیە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا بەو پرۆژەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی لە دانیشتنەکان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا ئێعترافی پێ بکرێت. چاوەڕوانیشمان ئەوە نییە هەموو لایەک هەموو ئەوەمان لێ قەبووڵ بکات، بەڵام چاوەڕوانیی ئەوەمان هەیە بە خوێندوەیەک لە سوورەتی مەسەلەی واقعییەتی کۆمەڵگەی ئێران و جۆراوجۆریی پێکهاتەکان لەم وڵاتە بتوانین لە قۆناغی ئێستادا بە دەسکەوتێک بگەین.

**کوردکاناڵ**: هۆکاری ئاڵۆزییەکانی ئاڵترناتیڤسازی لە ئێران دژی کۆماری ئیسلامی

**خالید عەزیزی**: کۆمەڵگەی ئێران دێموکراسیی زۆر تێدا نەبووە، سەردەمی مۆسەدیق شتێک هەبوو کە زۆر کەم کێشا. دوای ئینقلابی ئێرانیش لە کوردستان بڕێک تەمەنی هەبوو کە ئەویش بەهۆی لەشکەرکێشیی ڕێژیمەوە سەرکوت کرا. ئێرانی بەگشتی فێری تەحەمولی یەکتر نەبوون. کورد باشترە، چونکە فەرهەنگی حیزبی دێموکرات و حیزبسازی ئێمەی پتر عادەت پێ دا کە لەگەڵ یەکتر کار بکەین و لە چوارچێوەی حیزبێکدا کۆ ببینەوە. خاڵی بەهێز و دەسکەوتی هەرە سەرەکیی جووڵانەوەی سیاسیی ئێمە بیرۆکەی حیزب دروستکردن بوو. حیزبی ئێمە سەرەرای هەموو هەوراز و نشیوەکان خۆی ڕاگرت و ئێستا دەتوانێ قسە بکات لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا. بەڵام لەم دواییانەدا بە جۆرێک بیرۆکەی لێدان لە حیزب پەرەی ئەستاند، بە تایبەت لە پرۆژەی جۆرج تاوندا پرۆژەی لێدان لە سازماندەیی و لە حیزبایەتی بوو لە ئێراندا. لە ئورووپا کاتێک ڕێنسانس دەستی پێ کرد، نەخبە و ئیلیتەکان دروست بوون و بە مروری زەمان هەمووی ئەوانە لە بۆعدی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا جێگای خۆیان گۆاستەوە و چوونە نێو مۆئەسسات و دواتر حیزبەکان جێگایان گرتەوە. ئێران نەچۆتە نێو ئەو قۆناغەوە و لە غەیبەتی حیزبێکی بە قووەت یان چەند حیزبی بە قووەتی ئێرانی لە ڕاستیدا ئەوەیکە ئەوان پێی دەڵێن: سلێبرتیی و ئەوەیکە ئەوان پێی دەڵێن:کەسایەتی، خوێندکارەکان یان ئەوانەی کە ژۆرنالیستن هەر هەمووی ئەوانە قسەی ڕۆژ دەکەن و یەکێک لەو شتانەی من بۆ خۆم پێمەوایە زەرەری بۆ داهاتووی ئێران هەیە. ئەگەر کۆماری ئیسلامییش بڕووخێ، نەبوونی چەند حیزبی بەقووەت کە بەیەکەوە تەوافوق بکەن، هەزاران کەس ناتوانی تەوافۆقیان لە نێویاندا دروست ببێ و کۆمەڵگەی ئێران بەرەو فەردگەراییەک دەچێت و بە تەبیعەتی جۆغرافیای سیاسیی ئێران لە ناوچەکەدا زۆر زەربەپەزیر دەبێت. لە پرۆژەی جۆرج تاونیشدا لەبیرمە ئەوکاتە لە تۆرێنتۆ من لە لایەن حیزبەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەم کرد و گوتم بیرۆکەی ئێمە ئەوەیە با کۆمەک بکەین بە سازماندەیی و و بۆ حیزبسازی لە ئێراندا تێبکۆشین، یان ئەو تاکانە خڕ ببنەوە بەیەکەوە لە حیزبێکدا کار بکەن، ئەو وەخت "حیزبزدایی" لە ئەوجی خۆیدا بوو و دەقیقەن پرۆژەی جۆرج تاون ئەوە بوو کە نەفشی ئەحزاب یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەمێنێ کە ڕابردوویەکی بەقووەت و ئێحترامێکی تایبەتی خۆی هەیە. یان کۆڕ و کۆمەڵی وا هەیە، بۆ نموونە کۆماریخوازەکان کە دادەنیشین هەزاران کەسن لە

نێوخۆیاندا ئەنواعی تەیفیان هەیە و هەمووشیان یەک شت دەڵێن، بەڵام بەیەکەوە و لەگەڵ یەکتر ناسازێن و ناتوانن حیزبێک دروست بکەن. بە هەرحاڵ ئێمە کۆڵ نادەین و لەگەڵ هەمووان کە دادەنیشین، تێدەکۆشین ئەو بیرۆکەیە بەقووەت بکەین.

**کوردکاناڵ**: ئەگەری گۆڕانکاری لە کۆماری ئیسلامیدا، لەدوای سەرکۆماریی پزشکیان!

**خالید عەزیزی**: لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا دەسەڵاتی مۆتڵەقەی وەلی فەقیهـ دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و دوایەش دەسەڵاتەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و سپای پاسداران ئەو خەتە سوورانەن کە ڕێگە بە هیچ ڕەئیسجەمهوورێک نادەن لێی تێپەڕێ. هەموو سەرکۆمارەکان دەسەڵاتەکەیان زۆر زۆر سنووردارە، بۆیە هێنانی پزشکیان لە ڕاستیدا ئەبتکارێک بوو. سیستەم پێشبینیی ئەوەیان دەکرد، یان ئەو ئەگەرەیان دانابوو کە ترامپ دەبێتەوە سەرکۆمار، بۆیە ئەو مەجالەیان بۆ پزشکیان دروست کرد بۆ ئەوەی ئەو گوفتمانەی دوایە لەگەڵ ترامپ دەیانبێ، لە نێو حاکمییەتدا زەمینەیەکی هەبێت و دوایە کە چوونە نێو دانوستانەکە کێشەی ڕەوانی و کێشەی مەشرووعیەتیان بۆ دروست نەکات. ئەمن لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە ئەمە بتوانێ نیزامی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ، بەڵام تێبینییەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە جووڵانەوەی سەرەکیی ئێمە و کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتە. شوێنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێوخۆی وڵاتە و ئەو نیزامە بگۆڕێ یا نەگۆڕێ، پزشکیان لە سەر کار بێت یا یەکێکی دی خەڵکی ئێمە لە نێوخۆی وڵات هەمیشە دەبێ داوای هەبێت، هەمیشە خواستی هەبێت، هەمیشە مێتۆدەکان و شێوازەکانی نوێ بۆ مافخوازیی خۆی بێنێتە گۆڕێ؛ بۆ ئەوەیکە جموجۆڵی سیاسی و مەدەنی ومافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکەوێ. جا ئایا لە تاران جێبەجێی دەکەن یان نایکەن، باسێکی دیکەیە و ئێمە دەبێ مەوزووعمان هەبێت بیهێنینە گۆڕێ. لەو پێوەندییەدا ئەگەر پزشکیانیش شتەهایەکی گوتبێ کە من پێموایە عەمەلی نابێت، بەڵام ئێمە هەر دەبێ بە دوایاندا بڕۆین و ئەو نیزامە لە نێوخۆی وڵاتدا بە چالش بکێشین. دەنا پێشبینیی ئەوە ناکەم لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی مۆتڵەقەی وەلیی فەقیهدا گۆڕانکارییەکی وا ڕوو بدات. لە خاتەمییەوە هەتا ئێستا ئێمە تاقیمان کردۆتەوە، بەڵام ئەوە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە دەست لە سەر دەست دانێین لە نێوخۆی وڵات و خەبات و تێکۆشانەکانی خۆمان کە بەخۆشییەوە لە ئەوجی خۆیدایە، ڕابگیرین.

**کوردکاناڵ**: کوردستان و ئێران دوای جووڵانەوەی ژینا

**خالید عەزیزی**: بزووتنەوەی ژینا پێوەندیی بە بابەتێکەوە هەبوو کە هاتە گۆڕێ. بە باوەڕی من ئێمە وەک جووڵانەوەی

کورد و حیزبی دێموکرات ویست و داخوازییەکانمان سنووردار بکەینەوە و پێویستی بەردەوام پرسی شوناسخوازیی خۆمان وەک نەتەوەیەک بەهێز بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا بە دوای ویست و داخوازییەکانی دەڕوا و ئەوە ئەرکی ئێمەیە ئەو داوخوازییە شۆڕ بکەینەوە و ئەو ویست و داخوازانە زەمانێک جێبەجێ دەبن کە ئێمە لە دەرەوەی کوردستان دۆستی زۆرمان هەبێت. نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەگەر دەڵێین بڕووخێ با بیبینە نیو داروولەلەی ڕووخانەکەی، کوردستان هەزینەیەکی زۆری داوە و هەمیشە لەسەر خەت بووە و قوربانییەکی زۆری داوە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکان و شارە گەورەکانی دەرەوی کوردستان. ڕادەی زیندانییانی سیاسی و ئێعدامەکان و سەرکوت و ئەو فەلاکەتەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە، لەگەڵ هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران بەراورد ناکرێ. بەڵام دیسان دەیڵێمەوە ئەو نیزامە بە کەلان شارەکان دەڕووخێ، ئەو نیزامە بە تاران دەڕووخێ و بۆ ڕووخانی ئەو نیزامە دەبێ تاران و مەشهەد و شیراز و ئیسفەهان لەگەڵ بکەون. ڕێگاکەی چییە؟ ڕێگاکەی ئەوەیە کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی سیاسی، ڕووناکبیرەکان، خوێندکارانی زانکۆ پێوەندییەکی بەربڵاو و باشتریان هەبێت لەگەڵ نەتەوەی فارس و لەگەڵ نەتەوەی تورک و لەگەڵ هەموو تێکۆشەرانی شوێنەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوان ئەو بابەتانە بێینە گۆڕێ. دەمەوێ بڵێم پرۆژەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پرۆژەیەکی ئێرانییە و هەر ئەرک و پرۆژەیەکی تایبەت بە ئێمەی کورد نییە. ڕاستە ئێمە خۆی لێ نادزینەوە، بەڵام دەبێ یارگیریی زۆری بۆ بکەین. بۆیە بە باوەڕی من خوێندنەوەکە هەر دەبێ ئەوە بێت کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو ئەو گەمەیەدا دەبێ ببین و تێشیدا هەین و لەگەڵیشی دەڕۆین. مادام بە دوای چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانیش داین، دەبێ زۆر بەسەراحەت بچینە نێو هاوکێشەکان و شەرمی لێ نەکەین و لەگەڵی بڕۆین و ڕێگاکەشی هەر ئەوەیە. جاروبار بەعزە بۆچوونێک هەیە کە ئەوە سیاسەتی حیزبی دێموکرات نییە یان بۆچوونێک هەیە لە سۆشیال مێدیادا کە تووڕەیە لە فارس و وەک نەتەوە تووڕەیە لە ئێرانی و ئەو تووڕەییانە لە مۆعادلاتی سیاسیی ئێمە و یارگیریدا مانای نییە. چونکی ئێمە ئێستاش هەر بە دوای چارەسەری کێشەی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا دەگەڕێن، بۆیە تەوسییەی من یا بڵێم ڕێکاری حیزبی دێموکرات ئەوەیە ئێمە لە کوردستانی ئێران حەوجێمان بە دۆستی زۆر هەیە لە دەرەوەی کوردستان.

پێوەندیدار بە جووڵانەوەی ژینا، جووڵانەوەکە بەو جۆرەی لە کوردستان هەبوو نەچووە نێو شارەکانی دەرەوەی کوردستان و شارە گەورەکان بەو جۆرە لەگەڵی نەکەوتن. ئەوە یەکێک لە کێشەکانی تەواوەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئەگەر حیزبی دێموکراتی لێ دەر بکەی کە پێی لەسەر عەرزە و لەنێو خەڵکە و خەڵکێکی زۆری لەگەڵدایە، ئەوی دیکەی بەشی زۆری نوخبەیە و نوخبەگەرایی و قسە بۆ نوخبەکان دەکەن. ئەوە کێشەی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە، نوخبەکان و ئەوانەی چالاکی سیاسین و بەدواداچوون بۆ سۆشیال مێدیا دەکەن، ئەوەی دیکە توێژی خوارەوەی جەماوەرن و کەم لەگەڵ ئەدەبیات و گوفتمان و قسە و تەحلیلی بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە تایبەت تاکەکان لە مێدیا و

تەلەفیزیۆنەکانی فارسیدا هەن. دیارە لە ئەمریکاش ئەوە ڕووی دا و ترامپ ڕووی لە خەڵک کرد، قسەی بۆ خەڵک دەکرد و بەربژێری دێموکراتەکان کامێلا هریس قسەی بۆ نۆخبەکان دەکرد و دەکرێ بڵێم قسەی بۆ ئەیالەتی نیۆیۆرک و لۆس ئانجلێس دەکرد و بینیمان بە جیاوازییەکی زۆر گەورە دۆڕاندی. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئێستاش قسە بۆ نۆخبەکان دەکات و پێی لەسەر عەرز نییە و دوورە لە کۆمەڵگەی ئێران. بۆ ئەوەی پێی لەسەر عەرز بێتەوە و نیزیک بێتەوە لە کۆمەڵگەی ئێران، دەبێ گوفتمانەکەی جۆرێک بێت خەڵک لەوێ وەریبگرن و هەر شوعار نەبێت. پێمخۆشە ئاماژە بە ئەوەش بکەم کۆمەڵگەی مەدەنیی چالاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیەکی باشی هەیە. ئەو کۆمەڵگەیە لە هەستان و دانیشتن و پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی فارس و تورک و ئەوانی دیکەش دەبی تێبکۆشی ئاوا فکر بکاتەوە و گوفتمانێک بێننە گۆڕێ کە بیرۆکەی ئاڵتێرناتیڤسازی لەنێوخۆی وڵاتدا شکڵ بگرێت. هەر لە تاران لە ماوەی چەند مانگی ڕابرووودا خەڵکانێکی زۆر کە بەشێک لەو سیستەمە بوون، ئێستا لە قسەکانیاندا بەشێکی زۆر ئەو سیستەمەیان بەجێ هێشتووە و باس و لێکدانەوەکان کە بڵاو دەبنەوە لەوێش هەن کە زۆر بە سەراحەت قسە دەکەن. ئەوانەش دەتوانن بەشێک لەو پرۆژەیە بن. ئێمە دەبێ بەشێک لەو خەڵکەی لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی بووە و ئەگەر دەرفەتی هێنا و وازی لێ هێنا یا ئەگەر مەجالێک ببینێتەوە لەگەڵی نامێنێ، ئەوانە نابێ لێیان بدەین. دەبێ بە جۆرێک نەقش و جێگەی خۆیان پێ بدەین بۆ ئەوەیکە ئەو نیزامە لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەوڕووی دژبەرانی بێتەوە.

**کوردکاناڵ**: کورد و شوناسخوازی لە ئێراندا

**خالید عەزیزی**: بیرۆکەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری کوردستان مەسەلەی میللی و نەتەوایەتییە، مەسەلەی شوناسە و جەوهەری ئەو جووڵانەوەی ئێمەش هەر ئەوەیە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەتەنیا لەوەدا کەمی نەهێناوە، بگرە ئێستاش بە سیمبولی ئەو جووڵانەوەیە دادەنرێ و لە بۆعدی شوناسدا دەچێتە پێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕبووونەوە بۆ جێبەجێکردنی مەیدانیی ئەو شوناسە حەوجێی بە دامەزراوەی زۆرتر هەیە. پرۆسەی میللەتسازی بە مانای سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لەژێر ڕووناکایی ئەوەدا بچێتە پێشێ. میللەتسازی بەو مانایە دەڵێم کە جۆراوجۆرییەکانی نێو کورد بە هەموو ناوچەکان و زاراوەکان و هەمووی ئەوانە دەبێ لە تەعاموول لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بەو قەناعەتە بگات کە ئەو کوردستانێکی لە مۆقابیلدا هەیە. نمونەیەک لە زۆر بۆچوونەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لەو وتووێژانەش کە جار و باریش دەبوو، ئەوان باسی زمانی دایکیان دەکرد و لەوە ئامانجی تایبەتییان هەبوو. سەردەمی شا دەگوترا تێبکۆشین بۆ ئۆستانە جۆراوجۆرەکان بە لەهجەی جۆراوجۆری کوردی ڕادیۆ دابندرێ و بە لەهجەی ئیلامی و کرماشانی و ئەوەیکە ئێمە پێی دەڵێین شکاکی، یا ناوچەکانی دیکە بۆ ئەوەی کە زمانی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێت. ئەوە بە ئێمە دەڵێ: بەشیک لەو شوناس و لەو جموجۆڵە لە نێوخۆی وڵاتدا دەبێ



سەرچاوە
Serchawe

تێبکۆشێ ئەو گوفتمانە واحیدە،

یا ئەو دامەزراوە یەکگر و یەکگرتووە لەوێ دروست بکات.

**کوردکاناڵ**: لاوازیی ئێستای ئێران و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد

**خالید عەزیزی**: شکان و پاشەکشەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بۆ ئێمە ئەوەی تێدا بخوێنینەوە کە خەبات و تێکۆشانی جووڵانەوە ی کورد و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و ڕابردووی پڕ شانازیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ئەو جمووجۆڵە مەدەنییە لە نێوخۆی وڵات لە ڕاستیدا خەریکە ئاکامەکانی خۆی وەربگرێت. تەنیا ئەوە کە لەسەر ئەو باوەڕەم گۆڕانکارییەکان و پرسی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی قەتیسی نەکەینەوە بە کوردستان. ئێمە بەتەنێ شان وەبەر ئەو هەموو کێشانە نەدەین بۆ ئەوەی وای لێ نەیەت کۆمەڵگەی ئێران هەر پێمان هەڵبڵێن ئەوە کوردەکان شۆڕشگێڕن و زیرەکن و کۆڵ نادەن و لە مانگرتن و خۆپێشاندان و هەمووی ئەوانەدا لە خەتی مۆقەدەمن. ئێمە دەبێ بچینە نێو مۆعادڵات و مۆعامڵاتێک کە ئەوان زۆرتر ئەرکدار بکەین، دەنا قەرار بێت هەر ئەوە ببێتە ئەمری واقع و لەگەڵی بڕۆین و شتەکە هەر لە کوردستان بێت و فشارەکە هەر لە کوردستان بێ و هەزینەکە هەر ئێمە بیدەین؛ لە ڕاستیدا ئەوە بۆ ئێمە گران تەواو دەبێت.

ڕاستە شعووری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیستیی کورد لە ئێران زۆر لەپێشە. یەکەم حیزبی کوردی مۆدێڕن و کۆماری کوردستان لەوێ دامەزرا و بەشێک لەوە بووە بە فەرهەنگ لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەدا. ئێمە واقعیەتێکمان قەبووڵ کردوە یا بەسەرماندا تەحمیل کراوە، ئەگەر کورد یەک میللەتە کە وایە و کوردستانیش یەک خاکە کە ئەویش وایە، بەڵام لە بۆعدی سیاسیدا یەک چارەنووسیان نیە. هۆیەکی ئەوەیە کوردستانی ئێران یا ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەسیری خۆی و شێوەی خۆی هەیە و چارەسەری قەزیەی کورد لە ئێران داروولەلەی خۆی هەیە. چارەسەری قەزییەی کورد لە عێراقیشدا - کە تا ڕادەیەک حەل بووە و ئێستاش بەردەوام دەچێتە پێشێ- شێوەی خۆی و کاری تایبەتیی خۆی هەیە. ئەوەی سووریە و تورکیەش هەر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە من لەو باوەڕدا نیم کۆپیبەرداری بکەین و بڵێین کۆپیی حەلی عێراق یان کۆپی حەلی سووریە یا تورکیە یان ئێران لە شوێنەکانی دیکەش کردەنی دەبێت. لە ڕووی ئۆسوول و پرەنسیپەوە حیزبی دێموکرات دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا ناکات و لەعینی حاڵێشدا پشتیوانی لە ڕێگاچارەی سۆڵح و چارەسەری پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کورد بە دانان بە مافی نەتەوایەتیی کورد لەو وڵاتانە دەکات. حیزبی دێموکرات هەمیشە هەوڵی داوە فاکتۆرێک بێت بۆ یەکریزی و

یەکگرتوویی و هەر بەو جۆرەش ئینتزارمان هەیە حیزبی پارچەکانی دیکە دەخالەت لە کاروباری قەزیەی کورد لە ئێراندا نەکەن، چونکی ئەوە کێشەکە زۆرتر دەکا، ئاڵۆزتری دەکات. لە ڕاستیدا ئەمن لە بۆعدی نێودەوڵەتییشدا ئێستا چارەسەرێکی واحد بۆ قەزیەی کورد نابینم، بۆیە لەسەر ئەو باوەڕەم کە لەپێناو چارەسەری پرسی خۆمان لە ئێران ئێنرژییەکان هەر لە نێوخۆی وڵاتدا و لە چوارچێوەی کوردستان ئێراندا بەکار بهێندرێ.

**کوردکاناڵ**: وانەکانی ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد

**خالید عەزیزی**: **دەرسی یەکەم**؛ ئەوەیە ڕێژیمی بەشار ئەسەد ئاڵتێرناتیڤی هەبوو، حکوومەتێکی سێبەری هەبوو، ئایا لە ئێران ئەوەمان بۆ دەکرێ؟ با هەوڵ بدەین هەرچی زووتر ئەوەی لە تواناماندا هەیە ئاڵتێرناتیڤێک دروست بکەین و ئەگەر کرا حکوومەتی سێبەریش دروست بکەین و خەڵکی ئێران بڵێن ئەوە ئاڵتێرناتیڤ هەیە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بزانێ ئەگەر نیزامی کۆماری ئیسلامی ڕووخا ئێمە نیگەران نابین و ئەوە ئاڵتێرناتیڤ هەیە.

**دەرسی دووهەم**؛ پێوەندیدار بە پرسی کوردە. ئەمن دەخالەت لە کاروباری کوردی سووریەدا ناکەم و ئەوان بۆخۆیان وەزعی خۆیان باشتر دەزانن و بۆخۆیان حکوومەتێکی دیفاکتۆیان هەبووە. بە باوەڕی من ئەوان دەتوانن هەر لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی بە داوی ئەوەدا بڕۆن و ڕادەی سەرکەوتنی ئەوان لەو مۆعامەلاتەدایە. سیاسەت بەشێکی مۆعاملەیە و لە مۆعامەلە لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی بۆ ئەوەی کە بمێننەوە یا زەرەرمەند نابن و تەجرووبەی ئەوان دەتوانێ بۆ ئێمەش لە داهاتووی ئێراندا کەڵکی لێ وەربگرین کە ئەگەر نیزامی کۆماری ئیسلامی نەما و ئێمەش ڕەنگە لەگەڵ دیفاکتۆیەک ڕووبەڕوو بین ،لە کوردستان دەسەڵات بین؛ وەک چۆن لە سەردەمی دوای ئینقلابی ئێراندا دەسەڵات بووین. بەڵام چۆن تەعاموول بکەین لەگەڵ ئەو نیزامەی لە تاران دێتەسەر کار، ئەویش حەتمەن شەرت و شروتی خۆی دەبێت و، ئێمەش شەرت و شرووتی خۆمان هەیە. بۆیە تەجرووبەی ئەوان لە سووریە بۆ بەشەکانی دیکەش گرینگە.

**کوردکاناڵ**: سەبارەت بە دانوستانەکانی حکوومەتی تورکیا لەگەڵ ئۆجەلان

**خالید عەزیزی**: سەرەتایەکی باشە. با ئێمە لە تیوریی پیلان و هاوکێشەکانی نێودەوڵەتی تێپەڕین. لە پارلەمانی تورکیە باسی پرسی کورد دەکرێ و دەوڵەت باخچەلی وەک توندڕەوێکی تورک بەو قەناعەتە گەیشتوە کە دەبێ چارەسەر بکرێت. دەکرێ ئێمەش ئەو عەقڵییەتە لە ئێراندا بەهێز بکەین و با غیرە کوردەکانی ئێرانی و کەسایەتییەکانیان لە تاران و لەنێو تورکەکانیش بێنە نێو ئەو بابەتانەوە. دەبێ شەقامەکە لەگەڵ ئەوە بێت و بیرۆکەی چارەسەری بچێتە نێو مێشکیان

کە ئەو مەسەلە بۆ  وای لێ هاتوە. بە باوەڕی من ئەوە شتێکی باشە کە ئەو عەقڵییەتە دروست بێت هەتا پرسی کورد لەو وڵاتانە چارەسەر نەبێت، ئارامی و سەقامگیری تێیدا جێگیر نابێت.

**کوردکاناڵ**: بۆ باخچەلییەکان لە ئێران دەرنەکەوتوون؟

**خالید عەزیزی**: فەزای سیاسیی ئێران لەگەڵ تورکیە جیاوازیی هەیە. فەزای سیاسیی ئێران  هیچ مەجالێک نادا و تا ئێستا نەیداوە و نەفەسێک نەهاتۆتە گۆڕێ. بەڵام ئێستا کە وەزعیان شپرێوە و لەنێو خۆیاندا کێشە دروست بووە و خەڵکانێک هەن هەر لە تاران و لەوێ باسی پرسی کورد دەکەن، ئێمە دەبێت ئەوانە و ئەو دەنگانە لە تاران بەهێز بکەین و زۆریان بکەین.  پێیان بڵێین ئێوە نیگەرانی داهاتووی ئێرانن و نیگەرانن ئەگەر نیزامی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ ئێران تەجزییە دەبێت،  ئەوا ئێمە چارەسەرمان هەیە. ئێوە دەسەڵات لە تاران یان تاران لەڕووی سیاسییەوە ئەوەندە سەرنجڕاکێش بکەن کە ئێمەی کورد بە دوای ئەوەدا نەڕۆین. جا بڵێین ماندووبووین و لێتان وەڕەز بووین  لێتان و بە دوای تەشکیلی دەوڵەتی میللیی خۆماندا دەڕۆین. بۆیە بە لای منەوە گرینگە ئەو باسانە لەنێوخۆی ئێراندا بێننە گۆڕێ و ئێمە دەبێ لەو ڕێکارانە ماندوو نەبین.

**کوردکاناڵ**: دیاردەی جۆرج تاون و دەرەنجامەکەی

**خالید عەزیزی**: پرۆژەی جۆرج تاون سەری نەگرت، نەدەباش سەری گرتبایە و سەریشی نەدەگرت. جۆرج تاون ئاڵتێرناتیڤی مۆناسبی نێودەوڵەتی نەبوو، و میدیای فارسی زمان زۆر هێنایانە گۆڕێ و لایەنێک بەڕێوەی دەبرد. من زۆر پێش جۆرج تاون لەو باوەڕەدا بووم کوڕی شای بە تەمای شایەتی نیە، بە تەمای ئەوە نیە بگەڕێتەوە و بە تەمای ئەوە نیە ئێران ئیدارە بکات. ئەو ئیرادەی شابوون و قەبووڵی بەرپرسایەتی و ئیدارەکردنی ئێرانی نییە و ئەگەر ئەو ئیرادەی هەبا واقعیەتی کۆمەڵگەی ئێرانی قەبووڵ دەکرد و ڕەهەندێکی بەربڵاوتری پێ دەدا. بە باوەڕی من براوەی جۆرج تاون فەقەت ئەو بوو، و ئەوانی دیکە هەموو دۆڕان. بۆ؟ چۆن خۆی هێنایە گۆڕێ و لە جووڵانەوەی ژینا دا لانی زۆری کەلکی وەرگرت و  میدیاکانی ئینگلیزی و فارسی ڕوویان تێ کرد و تەبلیغیان بۆ کرد. یانی هاتەوە نێو بازاڕی بورسی سیاسەت. پێمخۆشە ئەوەش بڵێم ئەو بۆچوونەی ئێمە لەسەر کوڕی شای بە مانای ئەوە نییە  ئێمە دوژمنایەتیی لایەنگرانی کوڕی شای دەکەین. حیزبی دێموکرات بە نەچوون بۆ نێو جۆرج تاون  بەو عەقڵییەتیەوە کە ئەوانی لە یەک کۆ کردبۆوە، سیاسەتێکی باشی هەبوو. جۆرج تاون هەر نەدەبوو بە شت و ئەوەیکە شکستی خوارد پەیامێکی تێدا بوو، ئەویش ئەوە کە ئەو عەقڵییەتە ناتوانێ ببێت بە ئاڵتێرناتیڤی داهاتووی ئێران و ئێمە لەگەڵ ئەو جۆرە عەقڵییەتە ناڕووینە پێش.

بەشی دوویەم

**کوردکاناڵ**: پرسی نێوخۆیی کورد و ئالترناتیڤ بۆ ناوەندی هاوکاری

**خالید عەزیزی**: هەر ئێستا حیزبی دێموکرات لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەورێکی دیکە لە دانیشتن و گفتوگۆی دەست پێ کردوە. لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا تەنانەت پرۆژەیەکیشمان ئامادە کردوە کە دەگەڵ لایەنەکان باسی بکەین و ئەو پرۆژەیە پێویستی بە خەسارناسییەکی پێوەندییەکانمان لە ڕابردوودا هەیە. ئێمەی کورد لە خەسارناسی و دانان بە هەڵەی خۆمان یان تەمبەڵین یان بوێریی ئەوەمان نییە. ئەو ئێعترافە دەبێ هەموو لایەک بیکەن بزانین کە چەندی وەبەر دەکەوێ و ڕەنگە ئەمە زەمینە خۆش بکا بۆ دروستکردنی ئاڵتێرناتیڤێکی کوردی بۆ مامەڵە لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی و تەنانەت لە بۆعدی نێودەوڵەتیشدا کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

**کوردکاناڵ**: نێوخۆی ڕۆژهەڵات وەک سەرچاوە و گۆڕەپانی سەرەکی

**خالید عەزیزی**: نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی ئیلهام و گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتی ئێمەیە و دەشمێنێ. حیزبی دێموکرات پێشەوا قازی محەممەدی لێ لە سێدارە درا، دوکتور عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو لەسەر میزی مۆزاکێرە لە دەست چوو، دوکتور شەرەفکەندیی تێرۆر کرا، هەروەها ئێمە مووشەکباران کراین و سەدان کادرمان تێرۆر و هەزاران پێشمەرگەمان شەهید کران، بەڵام ئەو حیزبە هەر لە جێگەی خۆیەتی و لەسەر پێ ماوەتەوە، کوێ هێشتوویەتەوە؟ نێوخۆی وڵات، ئەو جێگەی حیزبی دێموکراتی لێ لە دایک بوو. جا ئەگەر وایە ئەوێیە پاکانە حسێب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکات. کە مووشەکباران کراین، گوتمان ئێمە مووشەکمان نییە بۆیان بنێرینەوە، بەڵام بە سەدان هەزار خەڵکمان هەیە و دەقیقەن کۆماری ئیسلامییش دەگەڵ ئەوە بەرەوڕوو بۆوە. بۆیە بە باوەڕی من ئەوە دەبێت ئەسڵێکی ئێمە بێت و هەر ئەوێ مەیدانی تەغزییەی حیزبی دێموکرات و هێشتنەوەی حیزبی دێموکراتە، و هەر ئەوێیە دەتوانێ پەیامێکی باش بە نیزامی حکوومەتی و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات.

**کوردکاناڵ**: ئەرکەکانی بەردەم حیزبی دێموکرات؟

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکرات سەرەتا پێویستە لەگەڵ حیزبە کوردییەکان پێوەندییەکانی باش بێت و ئەگەر لە ڕابردوودا پێکەوە لەسەر پرۆژەی هاوبەش سەرکەوتوو نەبووین، زیاتر هەوڵی بۆ بدەین. حیزبی دێموکرات پێویستە لە پرۆژەی ئاڵتێرناتیڤسازی ئێرانیدا بێتەفاوەت نەبێت و هاوکات بە دوو ڕوخسار و بە دوو شێوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەولەتی تەعاموڵ بکات. ئێمە بەرانبەر بە چەندوچۆنیی ئاڵتێرناتیڤی دەسەڵات لە داهاتووی ئێران بێتەفاوەت نین،

**بەشی دوویەم**

**بەڵام لە هەمان کاتیشدا پرسێکمان هەیە بە ناوی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو هەوڵەکەمان بۆ دێموکراسی لە ئێران و مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانمە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

## خالید عەزیزی: لە نێوخۆی وڵات ئستعدادێکی بەهێز لە پرۆسەی میللەتسازیی سیاسیدا هەیە




**کاناڵی ئێن ئار تی**

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی ئێن ئار تی، باسی لە کۆمەڵێک پرس و بابەتی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات، دۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکە کرد.**

**کاک خالید سەبارەت بە ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی نێوان ئێران و ئەمریکا وتی:** من لەو باوەڕەدام ئێستاش واشنگتۆن بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە ڕەفتاری ئێران بگۆڕێ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە سێ فاکتۆری پەیوەندیدار بە ئێران هەیە کە دەبێ بیانگۆڕێ،

**فاکتۆری یەکەم** ڕاگرتنی پرۆژەی ناوکیی ئێرانە چون ئەو پرۆژەیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئیسرائیل و ئەمنییەتی ئەمریکا لە ناوچەکەیە،

**فاکتۆری دووهەم** ڕاگرتن یا سنوردارکردنی سامانەی مووشەکیی ئێرانە کە هەردووکی ئەوانە شتی نیزامین،

**فاکتۆری سێهەم** دەستکورتکردنەوەی گرووپە نیابەتییەکانی ئێرانە لە ناوچەکەدا کە دوای ئاڵوگۆڕ لە سووریە ئێران تووشی شکستێکی گەورە بووە و ئەو میحوەری موقاوەمەتە کە بە شێوەی پێشوو هەبوو مەجالی نەماوە، بەڵام فاکتۆرەکانی یەکەم و دووهەم کە لەسەر ئەمنییەتی ئیسرائیل هەڕەشەن، لە ڕوانگەی ئەمریکاوە لە جێگای خۆیانن.

**بەڕێز عەزیزی سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند:** لە حاڵی ئێستادا ئێمە هیچ گفتوگۆیەکمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران نییە،هیچ داوایەکیان لە ئێمە نەکردووە و ئێمەش داوامان لەوان نەکردووە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە ئەگەر بگونجێ و فرسەتێک بێتە پێش و عەقڵییەت لە تاران بەوە بگات کە کێشەی کورد لە ئێران لە ڕێگای گفتوگۆ و وتوویژەوە چارەسەر بکا ئێمە ئەوە بە ڕێگاچارەیەکی باش دەزانین. تا ئەو جێگەی پەیوەندی بە نێوەخۆی وڵاتەوە هەیە لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ پۆلێنبەندی بکەین کە سیناریۆکان چین، بەڵام لە هەموو سێناریۆکاندا یەک شت گەرەنتیی دۆخی ئێمە دەکات ئەویش یەکریزی ئێمە و ئامادەکارییەکە لە نێو خۆی وڵات هەیە. ئەگەر ئاماژە بە نەورۆزەکانی ئەو ساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی دیکە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی و شعووری سیاسیی تێدا بەدی دەکرا بۆیە ئەوە پەیامێکی داوە بە ئێمە کە لە نێوخۆی وڵات بە خۆشییەوە ئستعدادێکی بەهێز هەیە لە پرۆسەی میللەتسازیی سیاسی و ئامادەییەکی زۆر کە ئەو خەڵکە لەوێ بۆ خۆیان چۆن لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ئەگەر و سێناریۆی جۆراوجۆر ببنەوە.

**کاک خالید سەبارەت بە چالاکیی پیشمەرگانە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات ڕایگەیاند:** لە ڕاستیدا ئێمە بە شێوازی جۆراوجۆر بە بۆنەی جۆراوجۆر لە نێوخۆی وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکیمان هەبووە و بەردەوام دەچێتە پێشێ. ئەگەر چالاکی بەوە دابنێین کە دەبێ حزووری پێشمەرگە هەبێ و شەڕی نیزامی و شەڕی چەکداری بێت زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە ئێستا مادام جموجۆڵێکی بەربەرینی مەدەنی و جەماوەری بە شێوەی فەرهەنگی بە شێوەی نەورۆز لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانی ئێراندا هەیە نابێ بیانوو بە کۆماری ئیسلامی بدرێ کە دۆخەکە ئەمنییەتی بکاتەوە.

**وتەبێژی حیزب سەبارەت بە نایەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتی:** سەردەمێک ئێمە ناوەندێکمان هەبوو بە نێوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دوای بە دوای جووڵانەوەی ژن، ژیان، ئازادی خوێندنەوەی جۆراوجۆر هاتە نێو ئەو ناوەندە، ئەو ناوەندە بەداخەوە نەیتوانی کار بکا و بچێتە پێش، بۆیە من لەو باوەڕەدام هەم ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و هەم لایەنەکانی دیکە بە شەهامەت و ڕاشکاوییەکی کوردانە خەسارناسییەکی ئەوە بکەین بۆ ناتوانین یەکریز بین و بۆ ناتوانین یەکگرتوو بین. لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشی



سەرچاوە Serchawe

پەیوەندییەکانەوە لەو پەیوەندییەدا لە چەند حەوتووی ڕابردوو چەند دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە کە بەشێکیان نیشتەجێن لە باشووری کوردستان و تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین و شەهامەتی خەسارناسیمان هەبێ و گلەیی و گازندەکان وەربگرین و ڕێگاکە بۆ ئەوە خۆش بکەین.

**کاک خالید سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستانیش وتی:** لە ڕاستیدا ئێمە زووەوە سیاسەتێکمان هەبووە سەرەڕای ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی کوردەکانی باکووری کوردستان لە دژی دەوڵەتی تورکیە، لەگەڵ ئەو میتۆد و لۆژیکەی پەکەکە نەبووینە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبێک دروست بکا و بە عەقڵییەتی پەکەکە و بە فەلسەفەی ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجالان بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار بکات، پێمان وایە ئەوە لەگەڵ واقعیات نایەتەوە.

**سەبارەت بە ڕۆژاوای کوردستانیش بەڕیز عەزیزی ڕایگەیاند:** کورد ئەگەر ئەوەی قبووڵە کە لە چوارچێوەی سووریەدا دەبێ بە دوای چارەسەری کێشەی خۆیدا بڕوا دەبێ ئەو حەقیقەتە قبووڵ بکا تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسی بێ لە سووریە و لە دەمیشق . میکانیزمەکەشی چۆن بێت ئەوە بۆ خۆیان باشتر دەزانن بەڵام ئەوان ڕابردوویەکیان لە تەجرووبەی کاری ئیدارەیەکی خودموختار لەوێ هەیە و دەتوانن ئەوە بکەن بە ئەسڵێک کە لەگەڵ حکوومەتی ئێستای سووریە چۆن وتووێژ بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## خالید عەزیزی: حیزبی دێموکرات دەزانێ خەباتی خۆی لەکوێ بکات و لەکوێ بە دوای ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیدا بڕوات




دیمانە: "کوردکاناڵ"

**ئاماژە:**

له چەند ڕۆژی ڕابردوودا "کوردکاناڵ" لە دیمانەیەکی تایبەت و تەسەلدا لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب دوا گۆڕانکارییەکانی ناوچە و خوێندنەوە و سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی هێنایە بەر باس. "کوردستان" لەبەر گرینگیی ئەم وتووێژەیە پوختەیەکی باشی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**کوردکاناڵ:** "ترامپ سەردانێکی چەند ڕۆژەی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کرد. مەبەست لەو سەردانە چ بوو؟ دیزاینی نوێی ناوچەکە یان گۆڕینی هاوسەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین؟

**خالید عەزیزی:** تەبیعەتەن بۆ ترامپ وەک سەرۆککۆماری ئەمریکا بێگومان هەمووی ئەوانەی تێدا بەستەیە. هەڵبەت ترامپ

لە سەحنەی سیاسی ئەمریکادا تایبەتمەندیی خۆیی هەیە لە چۆنیەتیی تەعاموول لەگەڵ ڕووداوەکان، سیاسەتی کەلان، سیاسەتی گچکە و سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەڵام بێگومان ترامپ تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە بەرژەوەندیی ئەمریکاوە هەیە لەو ڕوانگەوە چاو لە مۆعادلاتی نێودەوڵەتی، لە تیجارەت، لە سیاسەت، لە چۆنیەتیی یارگیری و هەمووی ئەوانە دەکات. بۆیە لەو باوەڕەدام ترامپ بە دەستووری کارێکی ئاوا فرەڕەهەند هاتوە و تێدەکۆشێ لەو چوارچێوەدا هەم دەسکەوت بۆ خۆیی وەدەست بێنێ و هەم مەوقعییەتێکی لەبارتر بۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروست بکات.

**کوردکاناڵ**: ئەدی ئێران لەکوێی سیاسەتی دەرەکی و سەفەرەکەی ترامپدا جێ دەگرێ؟

**خالید عەزیزی**: ئەمریکایەکان چ دێموکراتەکان و چ کۆماریخوازەکان بە نسیبەت ئێرانەوە جیاوازییەکی زۆریان نەبووە و ئەویش پێداگریی ئەوانە لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری حکوومەتی ئێران، نەک نیزامی سیاسیی ئەو وڵاتە و بە باوەڕی من ترامپیش هەر بە دوای ئەوەدا دەڕوات. ترامپ کۆمەڵێک کارتی بە دەستەوەیە کە گوشار بخاتە سەر ئێران و ئەو گوشارانە ئێران بخاتە بارودۆخ و تەنگانەیەک لەگەڵ ئەمریکا و بە تایبەت لەگەڵ ترامپ ڕێکبکەوێ. هۆیەکی ئەوەیە کە ترامپ سەرۆککۆمارێکە بە دەنگێکی زۆر هاتۆتە سەر کار، سەرۆککۆمارێکە لە ماوەیەکی کەمدا زۆر بابەتی ورووژاندوە کە ئەگەر بۆشی جێبەجێ نەبن بە مانای ئەوەیە بەرانبەر بە ڕووداوەکان بێتەفاوت نیە. دوای هەموو ئەوانە ئابوورییەکی بەهێز و توانای سەربازیی زەبەلاحی هەیە و لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا هیچ پرسێکی ئەمنییەتی بەبێ دەوری ئەمریکا یەکلا نابێتەوە و ئێرانیش باش لەوە تێدەگا. ترامپ هەروەها هەندێک گەمەی ناوچەییشی کردوە و وادیارە ناچێتە ئیسرائیل و ماوەیەکە باس لەوە هەیە کە دەگەڵ نەتانیاهوو زۆر نێوانیان خۆش نیە. بەڕاستی خۆم پێشبینیم نەدەکرد لە سەردانەکەی بۆ عەرەبستان چاوی بە ئەحمەد شەرع، سەرۆکی تازەی سوورییە بکەوێ. یانی ترامپ کۆمەڵێک یاری دەکا کە ئەو جووڵە و یارییانە بەشێکن لە پەیام بۆ ئێران. بۆیە پێم وایە ئێران دەخاتە بارودۆخێکەوە کە ناچار بە ڕێککەوتن بێت، چونکی ئێران کارتی زۆری بەدەستەوە نیە و کارتە هەرە گرینگەکەی ئێستای بەرنامە ئەتۆمییەکەیەتی کە دونیای پێ بە بارمتە گرتوە.

**کوردکاناڵ**: باسی دیداری ترامپ لەگەڵ ئەحمەد شەرعت کرد و دوایە زاندرا کە گەمارۆکانیشی لەسەر سووریە لابردوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەمریکا جیاوازتر لە پێشوو و جۆرێکی دیکە لە سووریە دەردەکەوێ؟

**خالید عەزیزی**: بە تێگەیشتنی من دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ترامپ هەموو ئەو بەرنامە بەربڵاو و جۆربەجۆرە لە بواری ئەمنییەتی و ئابووری لە بواری ململانێ لەگەڵ چین و ڕوسیە و ئورووپایەکان چۆنیان پۆلێنبەندی دەکات و دەیانخاتە

دەستووری کارەوە. بەڵام لەو باوەڕەدام ترامپ زۆرتر تێدەکۆشێ سیاسەتێک بگرێتە بەر کە ئەمریکا لە بواری ئابوورییەوە دەستی باڵای هەبێت و زۆر تێناکۆشێ بە ئامرازی سەربازی حزوور و هێزی بەهێزی ئەمریکا بکاتە ئەمری واقع.

**کوردکاناڵ**: پێتان وایە بۆ سەردانی عێراقی نەکرد؟

**خالید عەزیزی**: یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە دەبێ لەگەڵ ئێران بە هەندێک لە ئاکامەکان بگات کە ئایا ڕێککەوتنە دەبێ یان جێبەجێ نابێ. ئەوکات کارناسانی ئەمنییەتیی ئەمریکا و ئەوانەی لە دەورووبەری ترامپن دادەنیشن خەسارناسییەکی وا دەکەن کە ئەگەر لەگەڵ ئێران بە تەوافۆق نەگەن چێ بکەن؟ لەو کاتەدا ئەگەری هەیە سەردانی عێراق و تورکیە و ئازەربایجان و ئەو شوێنانەش بکات، یانی ترامپ سەفەرەکانی تابعێک لە بەرنامەکانیەتی، و کەسێکیشە زۆر کارناس و خەڵکی شارەزای لەگەڵە و لەو بوارانەدا حەتمەن بەرچاوڕوونیی بۆ دروست دەکەن.

**کوردکاناڵ**: دانیشتنەکانی نێوان ڕێژیم و ئەمریکا تا ئێرە ئاکامیان نەبووە یان بوویەتی و یەکلا نەبوونەتەوە؟

**خالید عەزیزی**: ئاکامی بۆ هەردووک لا هەبووە. ئەزانی بۆ دەڵێم بۆ هەردووک لا، چونکە دانیشتن دانوستان و سەودایە. هەتا ئێستا ئەو ئاکامەی بووە کە ئێران ناچار بووە وتووێژی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەمریکا هەبێ و هەر ئەوە دەسکەوتێکە بۆ ئەمریکا و بۆ خودی ترامپ. بۆ ئێرانیش ئەو دەسکەوتانەی بووە کە ئەمریکا وەک زلهێزێک بۆ چەندوچۆنی ڕێکخستنی پێوەندی و جێخستنی سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا و داهاتووی خۆی پێویستیی بە ئێران هەیە. جا هەردووک لایان لە ڕوانگەی ئەو سەرکەوتنەی بۆ خۆیانی دایدەنێین دەڕۆنە پێشێ. ترامپ نەیشاردەوە کە وتووێژەکانیان باش دەچێتە پێشێ و ئێرانییەکان سەودایان لەگەڵ دەکرێت. بەڵام ئێستا بە باوەڕی من زووە کە بگەنە قۆناغێکی دی و جارێ لە قۆناغی متمانەپێکردن بە یەکتریدان و دروستکردنی ئەو متمانە دوولایەنە لەنێوان ئەمریکا و ئێران هیند بە ئاسانی جێبەجێ نابێت.

**کوردکاناڵ**: ئێران بۆ هەر حەزی لەوەیە دانوستانەکان بە نهێنی بێت؟

**خالید عەزیزی**: هۆیەکەی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی نیزیک بە پەنجا ساڵە دروشمی دژی ئەمریکا دەدات و خامنەیی هەمیشە بە ئەمریکای گوتوە دوژمن و ئەگەر نیو سەعات قسە بکات ڕەنگە هەشت نۆ دە جار وشەی دوژمنی هێنابێتە سەر زار. لەو خانەیەدا ئەگەر وتووێژەکان بە ئاشکرا بێ لە نێوخۆیی وڵاتدا باسی لێ دەکەوێتە کە چۆنە لەگەڵ شەیتانی گەورە

ڕاستەوخۆ دادەنیشن. خامنەیی پێشتر بەردەوام گوتوویەتی کە نابێ متمانە بە ئەمریکا بکرێ و بۆیە ئێرانییەکان لەمبارەوە نیگەرانن. بەڵام ئێستا دۆخەکە جۆرێکە کە لەنێو کۆماری ئیسلامیدا خەڵکێکی زۆر هەن کە ڕەخنە لەو نیزامە دەگرن و تەنانەت کەسانێک لەنێو خۆیاندا کە خودی بوون، ئێستا پێیان خۆشە پێوەندییەکانیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاسایی بێتەوە. ئەوان ئەوەیان پێ باشە. واتە ئەو عەقڵییەتە لەنێو خودی نیزام و لە تارانیش کێشەی لەنێو خۆیاندا دروست کردوە.

**کوردکاناڵ**: دانیشتنەکان سەر بگرن یان نەگرن ئێران چیی لێ دێت؟

**خالید عەزیزی**: لە هەرحاڵدا دەرئەنجامی ئەو دانیشتنانە بۆ ئێران ئاسان نیە. ئەگەر سەر بگرێت، بە مانای ئەوەیە کارتی بەرنامە ئەتۆمییەکە لە دەست ئێران دەردێنن، ئەوە یەک. دووهەم، ئەگەر سەر بگرێت بە مانای ئەوەیە ئێران کۆمەڵێک دەروەستی و ئیلتیزامی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بۆ دروست دەبێت کە هەتا ئەو جێگەی پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە ئیدی وەک جاران ناتوانێ سەربەخۆیی جارانی لە مووشەکتێگرتن و تەڕاتێن لە ناوچەکەدا هەبێت. سێهەم خاڵ ئەگەر سەر بگرێت، لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا ناچارە نەوی بکێشێ و هەموو ئەوانەش شوێنەواریان لەسەر دۆخی کۆماری ئیسلامی دەبێت.

**کوردکاناڵ**: ڕۆڵی ئیسرائیل لە دانیشتنەکانی ئەمریکا و ئێراندا چیە؟

**خالید عەزیزی**: بە باوەڕی من ڕەنگە سازانێک لەنێوان ترامپ و نەتانیاهوودا هەبێت، ئەوەی دیارە ئەمەیە کە ئەمریکا هەوڵی داوە بە ئیسڕائیل بڵێ خۆی زۆر لەو دانوستانە هەڵنەقورتێنێ بۆ ئەوەی دەستی ئەمریکا لە دانوستانە لەگەڵ ئێران ئاوەڵاتر بێت و ئێران پتر بێنێتە نێو کۆرسی ئیلزامات و دەروەستییەکان و بەو جۆرە ناڕاستەوخۆ ئەمنییەتی ئیسڕائیل تەزمین بکات. من باوەڕم وایە ئەمریکاییەکان پشتی ئیسڕائیل بەر نادەن و لە ئەگەری هەر ساتوسەودایەکدا بێتوو ئەمنییەتی سیاسیی ئیسرائیل بکەویتەوە مەترسییەوە ئەمریکا دیسان بەرگری لەو وڵاتە دەکەنەوە.

**کوردکاناڵ**: ئەگەر دانوستانەکان بە ئاکام بگەن ئیسڕائیل چیی بەسەر دێت و ئەگەر سەر نەگرێت چی ڕوو دەدات؟

**خالید عەزیزی**: ئەگەر ئیسڕائیل زۆرتر باس لەوە دەکات کە لەلایەن ئێرانەوە هەڕەشەی ئەمنییەتیی لەسەرە و گرووپە نیابەتییەکانی ئێران هێرشی دەکەنە سەر، ئەگەر ئەو هەڕەشانەی لەسەر نەمێنێت دیارە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەمنییەتی


سەرچاوە
Serchawe

ئیسڕائیل دەستەبەر بووە و ئەوە دەستکەوت و سەرکەوتنی گەورەیە بۆ ئیسرائیل. بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێت دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و ئەمن پێشبینیی ئەوە ناکەم و لام وایە ئەمریکا هەوڵ دەدات بە جۆرێک مێکانیزمێک بهێڵێتەوە و لەو میکانیزمەدا بە تایبەت شەخسی ترامپ وەک دەسکەوت بێ و بڵێ ئەوەتا من هاتمەوە مەیدان و ئەو کێشەیەشم جێبەجێ کرد. پێشبینیی من ئەوەیە کە ترامپ هەموو هەوڵی ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنە بەسەر ئێراندا بسەپێنێ و بێتوو لەوەدا سەرکەوتوو نەبێ، ڕەنگە کێشەکان بچنە فازێکی دیکەوە کە لە ئێستاوە نامەوێ بچمە نێو وردەکاریی ئەو بابەتە.

**کوردکاناڵ**: ڕێبەریی حیزب چۆن لەو دانوستانە و دەرەنجامەکانی دەڕوانێ و بەرنامەکانی چین؟

**خالید عەزیزی**: هیوادارم لەو دانوستانەدا بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران یەکلا بێتەوە و ببڕێتەوە. چونکی لەهەر شوێنێکی دونیای دەرەوە کە بۆ خۆم حزوورم هەبووە و قسەم کردوە و لاینەکەکانم بینیوە، کە باسی مافی مرۆڤ و مەسەلەی کورد لە ئێران و باسی جووڵانەوەی دێموکراسی و مافخوازانەی خۆمان و باسی سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران دەکەم، زۆر زوو دەچنەوە سەر بەرنامەی ئەتۆمییەکەی تاران. ئەوان تێدەکۆشن ئێران بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بناسن بۆیە بە قازانجی ئێمەیە لەسەر قەزیەی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی بە تەوافوق بگەن. ئەگەر ئەو کێشەیە لەکۆڵ بێتەوە، هەم ئێمە قسەمان دەبێ و هەم خەڵکی ئێرانیش لە نێوخۆی وڵات لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو نیزامەدا دەستیان ئاوەڵاتر دەبێت و کۆماری ئیسلامی ئەو چەکەی لە دەست دەر دێ کە بەو دنیا و ناوچەکە و خەڵکی ئێرانیشی بە بارمتە گرتوە.

بەرنامەیەکی دیکەی ئێمە ئەوەیە دەمێکە لەسەر بەدەیلێک بۆ ئەو نیزامە کار دەکەین، پشوودرێژی و حەوسەلەیەکی زۆرمان بە خەرج داوە و لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی لەگەڵ هەموو لایەک لەگەڵ زۆریان دانیشتووین، بەڵام تا ئێستا بە تەوافق نەگەیشتووین. لە ئەگەری خوڵقانی دۆخی نوێدا وردە وردە دەبێ ڕۆحێک و ڕەنگ و رووپەک و نەفەسێکی سیاسی بدەینەوە بەو هەوڵانە کە بە ئاکامیان بگەیەنین. نەتیجەکە ئەوەیە ئاخر باشە ئەو نیزامە بڕووخێ، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، و تووشی پاشەکشە بێت، کێ جێی دەگرێتەوە؟ خەڵک لە نێوخۆ، وڵاتانی ناوچە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ئەو نیگەرانییەیان هەیە. ئیدی ئەو بەشەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبە سیاسییەکان کە چۆن لە ئۆپۆزیسیۆن بوون دێنە دەرێ، چونکی ئۆپۆزیسیۆن هونەر نیە و لە ئێران نیزیک بە ٧٠ -٨٠ لەسەدی ئەو خەڵکە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیین. بەڵام بوون بە ئاڵتێرناتیف و بەرنامە بۆ جێگرتنەوە ئەسڵە و حیزبی ئێمە دەبێ لەمەو بەدوا زۆرتریش کار لەسەر ئەوە دەکا. دەبێ زیاتر لەسەر فەرهەنگی بە دامەزراوەکردنی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی کار بکەین و دەبێ پانتایی خەبات بۆ هەموو ڕەهەندەکانی وەرزش، ژینگەپارێزی، چالاکییەکانی زمانەوانی، ئەدەبی، فەرهەنگی بگوازینەوە و لە هەموو بوارێکدا بە هانای یەکترەوە بێین و نەهێڵین لە هیچ بوارێکدا پەکمان بکەوێ. کاری ڕێکخراوەیی زۆر زۆر گرینگە و یەکێک

لە هۆیەکانی ئەوەیکە جۆرج تاون نەبوو بە شت، هۆکارەکەی هەر ئەوە بوو کە کۆبوونەوەی چەند سێلێبریتی بوو و ڕێکخراوی لە پشت نەبوو.

**کوردکاناڵ**: بێینە سەر باسی کۆنگرەی ١٢ی پ ک ک و بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی لە پێناو پرۆسەی ئاشتیدا. ئایا ئاشتی عینوانێکی دروستە بۆ ئەو پرۆسەیە؟

**خالید عەزیزی**: پرۆسەی ئاشتی ڕەنگە لە سەرەتاوە هەر ئەوەندە دروست بێت کە شەڕ ڕادەوەستێ. بەڵام نابێ لەوێدا گیر بکات و لە ڕوانگەی منەوە پرۆسەی چارەسەری پرسی کوردە لە تورکیە، بۆ؟ چونکە لەوێدا ئەو باسە لە پارلەماندا هاتۆتە گۆڕێ و سەرۆکۆمار قسەی لەسەر دەکا و، باس لە قانوونی ئەساسییەکی نوێ دێتە گۆڕێ و لایەنەکان دەبێ بەپێی هەموو ئەوانە بە دوای ڕێکار و چارەسەردا بڕۆن. لەسەر یەک ئێمە زۆر ناچینە نێو وردەکاری ئەو باسە، بەڵام سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە پێشوازی لە وتووێژ و دانوستانەکان بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیە دەکەین و هیواداریین پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە بە بەشداریی هەموو لایەک بە ئاکام بگات. ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەو بۆچوونە لەلای کورد و تورکەوە لە تورکیە نەهادینە بێ و لە ئاستی پارلەمان و لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە ڕەنگ بداتەوە، دەتوانێ دەسکەوتی باشی لێ بکەوێتەوە.

**کوردکاناڵ**: ئێوە هاوسەنگییەک لەو پرۆسە و ڕێککەوتنەدا دەبینن؟

**خالید عەزیزی**: لە نێوان هێزێکی چەکدار و نەتەوەیەکی ژێردەست کە لەگەڵ دەوڵەتێکی بە دەسەڵات لە شەڕ و کێشەدایە، نابێ هەمیشە چاوەڕوانی باڵانس بی و ئۆسوولەن ئەگەر باڵانسەکە بەرابەر بێت بە ڕاحەتی ئەو کێشەیە چارەسەر نابێت. ئەمن پێم‌وایە دەبێ ئاوا چاو لێ بکەین کە لە بەردەوامیی خۆیدا لایەنە سیاسییە غیرە کوردەکان لە تورکیە چەندە بە دوای بەڵێن و دەروەستییەکانی خۆیاندا دەڕۆن. دەبێ سیاسەتی کورد بەگشتی لەوێ ئەوە بێت کە ئەو کۆسپانەی دێنە پێشیان نەبنە هۆکار کە بە ئاسانی پرۆسەکەی پێ ڕابگرن یان پەکی بخەن. هۆیەکەشی ئەوەیە ڕەنگە شەڕ و شۆڕش و خەباتی چەکداری ئاسان بێ، بەڵام موزاکرە و شەڕی قانوونی و شەڕی سیاسی و کێشەی پارلەمانی و وڵامدانەوە بە کۆمەڵێک چاوەڕوانیی خەڵک بە کورد و تورکەوە پشوودرێژی و بەردەوامیی دەوێ. لەوێدا دەردەکەوێ کە کورد لەو مەیدانەدا چەندە دەتوانێ بە باش بچێتە پێشێ.

**کوردکاناڵ**: پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە دەتوانێ چە پەیامێکی بۆ خۆرهەڵاتی نیشتمان هەبێت؟

**خالید عەزیزی**: چەندوچۆنی ڕەوتی چارەسەری پرسی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەتوانێ پەیامی بۆ پارچەکانی دیکەش تێدا بێت. یەکەم ئەوەی لە عێراق هاتەگۆڕێ و پرسی کورد لێرە لە چوارچێوەی فیدرالیزمدا چارەسەر کرا و لە یاسای بنەڕەتیی عێراقدا جێگیر بووە. یان لە سووریە بە دوای ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد، دیتمان کە بە جۆرێک مەسەلەی کورد هاتۆتە نێو هاوکێشەکان و بە خۆشییەوە کوردەکانی سووریە تێدەکۆشن لەو بوارەدا بێ تەفاوەت نەبن و لەگەڵی بڕۆن؛ جا ئەگەر وایە ئەوەش پەیامێکە کە دەکرێ پرسی کورد لە هەر کام لەو وڵاتانە بێتە گۆڕێ و چارەسەری خۆی هەبێ. دۆخی کورد ئێستا بە جۆرێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە هیچ کام لەو وڵاتانەی کوردی تێدا، چیدیکە کەس ناتوانێ حاشا لە پرسی کورد بکا. ئەگەر وایە کورد بەشێکە لە چارەسەری و دەرفەتێکیشە بۆ جێخستنی دێموکراسی لەو وڵاتانە. لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە لە هیچ کام لەو وڵاتانە ناکرێ تازە بە شێوەی پێشوو ئەو چەوسانەوەیە لەسەر کورد هەبێ و بیانەوێ هەموو شتێک لەسەر کورد تاقی بکەنەوە. فاکتۆرێکی دیکەش ئەوەیە کە ڕەوشی تورکیە دەتوانێ پەیامێک بە خەڵک لە ئێران بدا کە حیزبی دێموکرات لە ٨٠ ساڵ تەمەنی خۆیدا بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد زۆری خەبات کردوە و زۆری تێچوو داوە و کەسایەتیی گەورەی وەک د. قاسملوو گیانی خۆی لەسەر باوەڕ بەو مێتۆدە دانا. بۆیە دەبێ لە تاران غیرە کوردەکان بەو ئاکامە گەیشتبن کە هەتا کەی کێشەی کورد هەر ئاوا بمێنێتەوە و، بۆ لە وڵاتەکانی دیکە چارەسەر دەبێ و بۆ لە ئێران چارەسەر نابێت. ئێمە لێرەدا دەبێ ڕوومان لە خەڵکانێکی زۆر بەتایبەت لە شارە گەورەکان و پایتەخت کە لەو حکوومەتە نارازین و بە بۆنەی جۆراوجۆر هاوخەمی لەگەڵ کورد و پرسەکەی دەردەبڕن، هەموو ئەوانە هانیان بدەین کە پتر ئەو مەوزووعاتە بێننە گۆڕێ. ئەوە دەتوانێ پارامێترێکی باش بێ و هەم ئێمە کاری لەسەر بکەین و هەم بە تایبەت لە نێوخۆی وڵات کاری لەسەر بکەن و هەم لە تاران خەڵکی کورد کە دۆست و ئاشنایان هەیە بە دوایدا بچن.

**کوردکاناڵ**: لە دۆخی ئێستادا حیزبی دێموکرات چۆن سەیری ڕێککەوتنە ئەمنییەتییەکەی ئێران و عێراق دەکات؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە هەر لە زووەوە گوتوومانە ئەو ڕێککەوتنەی تاران و بەغدا دوو خاڵی سەرەکیی تێدایە.

**خاڵێکیان** تاران ڕەسمەن داوای لە حکوومەتی عێراق کردوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێوخۆی وڵات عەمەلیاتی نیزامی نەکات. لە دەرەوەی ئەو داوایەی ئێران ئێمە خۆمان دەمێکە ئەو شێوە لە خەباتەمان ڕاگرتووە و بەتایبەتیتر و گوتوومانە کە لە کوردستانی عێراق و خاکی عێراقەوە هێزی پێشمەرگە بۆ عەمەلیاتی نیزامی نانێرینەوە. **خاڵی دووهەم**، پێوەندیی بە چەندوچۆنیی حزووری حیزبی دێموکرات و سەرکردایەتی حیزبی و بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە زۆربەی زۆری خەڵک و بنەماڵە و ڕێکخراوەی مەدەنی و خوێندنگە و دەرمانگا و هەروەها پیر و

بەساڵاچووەکانی حیزب تێیدا حاواونەوە. لەو پێوەندییەشدا حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکرات لەسەر خەت بوون و بە خۆشییەوە لێکتێگەیشتنی تەواو لەنێوان ئێمەدا هەیە. مەسەلەکە ئەوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ لەو هاوکێشەیەدا نەبێتە هۆکاری گرژی و نائەمنی. بۆیە جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە مەیدان و شوێنی خەباتی حیزبی دێموکرات عیراق نیە و نێوخۆی کوردستانی ئێرانە و ئەوەش بە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ئێراندا دیارە. ئەوەی لە بزووتنەوەی ژیندا بە تۆخی ڕەنگی دایەوە و لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا پەیامەکانی دووپات کردەوە. بۆیە حیزبی دێموکرات دەزانێ خەباتی خۆی لەکوێ بکات و لەکوێ بە دوای ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیدا خۆیدا بڕوات.

**کوردکاناڵ**: ئایا ئەو گوشارانەی لەسەر لایەنەکانی دیکە بۆ گواستنەوەیان هەبوو، بۆ سەر حیزبی دێموکراتیش بووە؟

**خالید عەزیزی**: پێشووش ئاماژەم پێ داوە دۆخ و مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات پێوەندیی بە خودی حیزبی دێموکراتەوە هەیە و، لایەنەکانی دیکەش پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. ئێمە دەست لە کاروبار و چەندوچۆنی پێوەندییەکانی لایەنەکانی دیکە وەرنادەین، بەڵام بێگومان گوشار لەسەر حیزبی دێموکراتیش بووە. بەڵام ئێمە ئەو سیاسەتەمان هەڵبژارد کە خۆمان تووشی دوژمنایەتی لەگەڵ عێراق نەکەین و خۆمان نەخەینە نێو کێشە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش. بۆیە هەوڵمان دا بە دیالۆگ و گفتگۆ و لێکحاڵیبوون بەتایبەت کە لەو قۆناغەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە نێوانماندا بوون، وتووێژی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆمان لەگەڵ لایەنەکان لەسەر ناساندنی خۆمان و دۆخەکەمان هەبێ و بەوەش ئەم دۆخەی ئێستا دروست بووە کە هەتا ئێستا ئاکامی بووە.

**کوردکاناڵ**: لەو هەلومەرجەدا چۆن لە سیاسەتی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەڕوانن؟

**خالید عەزیزی**: ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ چارەسەری پرسی کورد ڕوونە. پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆی لەگەڵ حکوومەتی تاران نەبەست، بە دوای ئینقلابی ٥٧ هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لەگەڵ تاران کەوتە وتووێژ، بە تایبەت دوکتور قاسملوو کە وتەبێژی بوو هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەیکە بە ڕێککەوتن بگەین. د. قاسملوو قسەیەکی زۆر جوانی هەیە و هەر ئەوکات گوتی ئەگەر ڕۆژێک شەڕ و هێرش بۆ سەر کوردستان دوا بکەوێ، ئێمە دەبێ هەوڵ بۆ ئەوە بدەین. دوای ئەو قۆناغەش ئەو پرەنسیپە لەنێو حیزبی دێموکراتدا مایەوە و، لەو پێناوەدا بەداخەوەدوکتور قاسملووشمان لە دەست دا. ئێمە ئێستاش پێمان وایە باشترین چارەسەری پرسی کورد لە ئێران دانوستان و گفتوگۆیە. ئەوە کە ئەو نیزامە ماهییەتەکەی ئەوە هەڵناگرێ و کارنامەکەی لە کوردستان و لە

دژی ئێمە چۆن بووە و کوردستانی چۆن کردووەتە زۆنی ئەمنییەتی؛ ئەوانە نابێ ببنە هۆی ئەوەی ئێمە ئەو چەکە وا بە ئاسانی لە دەست خۆمانی دەربێنین کە حیزبی دێموکرات ئەگەر ڕۆژێک فەزایەکی بۆ هەڵکەوت و مەجالێک هاتە گۆڕێ و پێشنیارێکی پێ درا، بڵێ نا ئەمن وتووێژ ناکەم. وتووێژ بۆ دەکرێ؟ تۆ ئەگەر لەگەڵ لایەنێک لەکێشە دای وتووێژی بۆیە دەکەی کێشەکە چارەسەر بکەی. جا بۆیە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژەکان کۆماری ئیسلامی بە تەرح و بەرنامە پێشنیار بە حیزبی دێموکرات بکات، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەین گوێی بدەینە. بۆچی گوێی دەدەینێ؟ بۆچی سەری خۆمان دێشێنین؟ بۆچی وتووێژ دەکەین؟ بۆ ئەوەیکە دەرفەتێک دروست بکەین کە ئەگەر لەوێدا ڕێگاچارەیەک هەبوو بیقۆزینەوە. بۆ ئەوەیکە نەک هەر بە خەڵکی خۆمان کە باش کۆماری ئیسلامی دەناسن، بەڵکوو بە ئێرانییە غیرە کوردەکان بڵێین ئەوەتا حیزبی دێموکرات بە هەموو خەبات و تێکۆشانی کە لە کوردستانی ئێراندا ڕۆڵێکی زۆری هەیە، هەوڵ دەدا لە ڕێگای وتووێژەوە ئەو پرسە چارەسەر بکات. بۆیە وتووێژ و دانوستان ئەسڵێکە لە سیاسەتدا و ئێمە نابێ ترسمان هەبێ و نابێ بە شەرمەوە باسی بکەین و نابێ لەبەری هەڵێین. ئیدی ئەو نیزامە ماهییەتی چیە و ئایا دێتە پێشێ یان نا شتێکی دیکەیە. ئەو خەبەر لە ئێمە دەنێرێ، قسەکانی خۆیی دێنێ، ئێمە گوێی دەدەینێ و ئەگەر زانیمان مێتۆدەکانیان هەر شێوەی جارانە و هیچی تێدا نیە، تەبیعەتەن خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە جێی خۆیدایە و دەچێتە پێشێ. لەو چەند ساڵەشدا هەروا بووە و چەند جار دانیشتمان لەگەڵیان بووە و ئەو دانیشتنانە هیچی نەبووەتە هۆی ئەوە ئێمە خەبات و تێکۆشانی و چالاکی خۆمان ڕابگرین، بەپێچەوانەوە خەباتی ئێمە زۆرتر و بەردەوام تریش بووە.

**کوردکاناڵ**: ئەدی بەم نیزیکانە دانیشتنتان بووە، یا داوای دانیشتن کراوە؟

**خالید عەزیزی**: بەم نیزیکانە هیچ دانیشتنێکمان لەگەڵیان نەبووە و، هیچ داوایەکیشیان لێ نەکردووین. دیارە سەیر نیە ئەوان بە شێوازی جۆراوجۆر پەیام بنێرن و ئەو پەیامانە دێن؛ بەڵام ئەو پەیامانە لە ڕوانگەی ئێمەوە تا ئەو لەحزیە هیچیان جیددی و شایەنی بایەخپێدان نەبوون.

**کوردکاناڵ**: کاک خالید جەنابت زۆر باس لە پێویستیی بە جەماوەریکردنی خەبات دەکەی. بە ڕوونی مەبەستتان چیە؟

**خالید عەزیزی**: بڕوانە، ئێمە لەو چەند ساڵەدا چەندین جار مووشەکباران کراین. یان دوورتر باس بکەم کە سەدان کادریان لێ تێرۆر کردین، دوکتور قاسملوویان تێرۆر کرد، دوکتور شەڕەفکەندییان تێرۆر کرد؛ بەڵام چەکی ئێمە چی بوو؟ چەکی ئێمە هەر ئەو خەڵکە بوو لەنێوخۆی وڵات. مێژووی بەسەرهاتە ناخۆشەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تا ئێستا کەم حیزب ئەوەی بەسەر هاتوە کە دامەزرێنەری لە سێدارە دەدرێ، ڕێبەری هەڵکەوتووی

دوکتور قاسملوو تێرۆر دەکرێ، ڕێبەریی دووهەمی دوکتور سادقی شەرەفکەندی تێرۆر دەکرێ؛ بەڵام سەرباقی هەموو ئەو کارەساتانە، ئەو حیزبە هەر لە جێگەی خۆی ماوەتەوە و توانیویەتی بەردەوام بچێتە پێشێ. دەی دەبێ ئەوە حیکمەتێکی تێدا بێ و مەسەلەکەش زۆر ئاسانە، ئەویش پشتیوانییەکان لە نێوخۆیی وڵاتە. مەسەلە خەڵکە کە بە پشتیوانیی جەماوەریی خۆیان نەیانهێشتووە ئەو حیزبە لە خەبات و تێکۆشانی خۆیدا تەنیا بمێنێتەوە. بۆیە ئێمە خەباتی جەماوەری و بەرینکردنەوەی ئەو خەباتە لە ئاستی کۆمەڵگەدا بە باشترین چەک دژی نیزامی کۆماری ئیسلامیی دەزانین و ئەوەمان لە بزووتنەوەی ژینا و بزووتنەوەی نەورۆزی ئەمساڵیشدا بینی.

**کوردکاناڵ**: وەک دوا پرسیار. پرسی کورد لە ئێران لە ئەگەری سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی دانوستانەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی چی لێ دەێت؟

**خالید عەزیزی**: پرسی کورد پێش کێشەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران لەو وڵاتەدا هەبووە. ئەو پرسە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەیە و ئەوکاتەی کە حیزبی دێموکرات دامەزراوە و خەباتی بۆ مافەکانی کردوە هێشتا دەوڵەتی ئیسرائیل دروست نەبووە. هەروەها پرسی کورد پێش پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران لە گۆڕێدا بووە. بۆیە ئەو دانوستانە سەر بکەوێ و سەرنەکەوێ جووڵانەوەی ئێمە کە جووڵانەوەیەکی مافخوازانەیە، بەردەوام دەچێتە پێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تێدەکۆشین بە هەر لایەکدا بشکێتەوە خۆمان بۆ ئامادە کردبێ و پێویستە لە هاوکێشە ئاڵۆز و پڕ ئەگەرەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خۆمان و خەڵکەکەمان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکەین. ئەمن گەشبینم بە داهاتووی جووڵانەوەی خۆمان و بەو خەبات و تێکۆشانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە و هەروەها بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تا ئێستا بە بڕوای من واقعبینانە چووەتە پێشێ. ئەم حیزبە توانیویەتی بەو سیاسەتانە خۆی ڕابگرێ و ئێمە وەک حیزب ڕووخسارێکی باشمان لە خۆمان هەم لە ئاستی کوردستان و هەم لە ئاستی ئێران و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێشان داوە، بۆیە هەمووی ئەوانە سەرمایەی چاکن کە ئێمە بە خۆشبینی و گەشبینی و بە پشوودرێژییەوە لە خەبات و هەوڵەکانمان بەردەوام بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## خالید عەزیزی: خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات دەرەنجامی بێباوەڕیی کۆماری ئیسلامی بە چارەسەری سیاسیی پرسی کورد بوو




**ئاماژە:**

**ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی بانەمەڕ لە بەرنامەی "صفحه ٢"ی بی بی سیی فارسیدا خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دوکتور کامران مەتین و مێهرداد فەرەهمەند، پرسی کۆنگرەی ١٢ی پ ک ک و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوکێشەکانی ناوچەیان تاوتوێ کرد. ڕۆژنامەی "کوردستان" پوختەیەک لە وەڵام و بۆچوونەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە.**

**بی بی سیی: خۆهەڵوەشاندوەی pkk و ڕوانگەی حیزبی دێموکرات**

**خالید عەزیزی:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە لە ڕێگای وتووێژ و ئاشتییانە دەبێ بە ئاقارێکدا بشکێتەوە کە دوو نەتەوەی کورد و تورک لە تورکیە قۆناغەکانی شەڕ و توندوتیژی بەجێ بێڵن و حیزبی دێموکرات پێشوازی لە چارەسەری ئاشتییانە و دێموکراتیکی پرسی کورد لەو وڵاتە دەکات. ئەوەندەش

کە بۆ وردەکارییەکانی ئەم ڕەوتە و جێکەوتنی لە تورکیەدا دەگەڕێتەوە، ئەم دۆخە نوێیە دەبێ لەلایەن خودی پ ک ک، خەڵکی کورد لە تورکیەوە هەڵسەنگێندرێ.

**بی بی سیی**: هۆکاری پێشوازیی حیزبی دێموکرات

**خالید عەزیزی**: هۆکارەکەی ئەوەیە لە تورکیە کراوەیی سیاسیی ڕێژەیی، کێبرکێی نێوان حیزبەکان و نیمچە دێموکراسییەک هەیە و هەر لەجێدا ئێستا پرسی کورد لە پاڕلمانی ئەو وڵاتە لە ئارادایە و حیزبە سیاسییە غەیرەکوردەکانی ئەو وڵاتەش هۆگریی خۆیان بۆ چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد پێشان داوە. بۆیە ئێستا لە پێتەختی تورکیە و لە پاڕلمانی ئەم وڵاتە ئەم بابەتە ڕۆژەڤێکی سیاسییە، بەڵام لە ئێران و تاران شتی وا نابینین. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا وەها کەشێکی کراوە بۆ هاتنەگۆڕێی ئەو باسانە، واتە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران ئەویش لە ئاستی مەجلیس و کۆڕوکۆبوونەوە سیاسییەکانی پێتەخت لەلایەن ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانەوە لەئارادا نیە.

دەمەوێ بڵێم پێچەوانەی تورکیە، ئەو نەفەسە سیاسییە لە ئێران نابیندرێ کە لە سۆنگەی داننان بە پرسی نەتەوەیی و سیاسیی کورد و ڕاستەقینەکانی فرەپێکهاتەیی ئێراندا بیر لە چارەسەری ئەو پرسەش بکرێتەوە، دۆخێک کە ئێستا لە تورکیە لە ئارادایە.

**بی بی سیی**: ئەگەری هاتنەبەرباسی پرسی کورد لە ئێران

**خالید عەزیزی**: ئەو ئەگەرە بەشێکە لە دەرەنجامەکانی خەباتی گەلانی ئێران لەو وڵاتەدا. ڕاستییەکەی ئەوەیە گەلی کورد لە پێناو دێموکراسی و داننانی حکوومەتی ناوەندی بە ماف و داخوازییەکانی ئەم گەلە تێچووی ئێجگار زۆری داوە و گەلێک کارەساتی بەسەر هاتوە. ئێمە هیواداریین لە ئێران و لەنێو غەیرە کوردەکان و بە ڕوونی لە تارانی پێتەخت و لەنێو ڕەوت و لایەنە سیاسییە غەیرە کوردەکان لە پێتەخت ئەو باسانە لە ئاستێکی بەربڵاودا بێنە گۆڕێ.

ئێمە ئێستا دەبینین لە عێراق یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتە دانی بە مافەکانی کوردەکان داناوە و کوردەکان حاکمییەت و سەروەریی سیاسیی خۆیان لەسەر بنەمای ئەو یاسایە پێکهێناوە. لە سووریەش ڕەوتێک دەستی پێ کردوە کە هیوابەخشە و دەخوازین بەو ئاقارەدا بڕوا کە بە داننان بە پرسی کورد و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لە سوورییەیەکی دێموکراتیکدا کۆتایی بە دەیان ساڵ شەڕی نێوخۆیی و ناسەقامگیرییەکانی ئەو وڵاتە بێت. لە تورکیەش دەبینین کە

پێویستیی چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڤ سیاسییە هەرە گرینگەکانی ئەم وڵاتەیە و تەنیا ئێران و کۆماری ئیسلامییە کە بە حاشاکردن لە پرسی کورد و ماف و داخوازە سیاسی و دێموکراتیکەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەم وڵاتە لەسەر سیاسەتی هەڵاواردن و ناوەندگەرێتی پێداگرە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوە هەتا ئێستا کوردستانی کردوەتە زۆنێکی ئەمنییەتی، بەڵام مێژووی خەباتی کوردەکان سەلماندوویەتی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە سیاسەتەکانی لە کوردستان جێ بخا و ئیرادەی خۆی بە سەر خەڵکی کورد دا بسەپێنێ و لە داهاتووشدا ئەمەی هەر بۆ ناکرێ.

**بی بی سیی: ئەگەری سەرهەڵدانەوەی خەباتی چریکی و پێشمەرگانە**

**خالید عەزیزی**: هەموو کاتێک کوردەکان خوازیاری بەدیهاتنی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان بە ڕێگەی ناتوندوتیژ و چارەسەری ئاشتییانە و دێموکراتیک بوون. خۆ ئەگەر لە پێتەختی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە دابینبوون و دەستەبەری ئەو ماف و داخوازییانە لە ڕێگەی دێموکراسی و وتووێژ و یاسایەکی دێموکراتیکەوە بلوێ، کوردەکان هیچ هۆگرییەکیان بە خەباتی چەکداری نیە.

لە کوردستانی ئێرانیش خەبات و بەرگریی پێشمەرگانە دەرەنجامی هەرەسهێنانی دانوستانەکان و وتووێژی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامی و دواتر هێرش و پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بوو. بە واتایەکی دیکە کوردەکان تەنیا بەرگرییان لە خۆیان و خاکەکەیان کرد و تەنانەت دواتریش کوردەکان بەردەوام ڕێکاری ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژییان گرتەبەر، بەڵام ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە بایەخی بەو هەوڵانە نەدا. کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش سیاسەتەکانی خۆی لەسەر دوو تەوەری ئەمنییەتیکردنی کوردستان و دەستدرێژی بۆ سەر ماف و نیشتمانی کوردەکان بردووەتە پێشێ و هەر لەجێدا دەرفەتی بە گەشەکردن و خوڵقاندنی کەشی کراوەی سیاسی نەداوە. کەوابوو خەباتی چەکداری و پێشمەرگانە دیاردە و ڕوانگەیەک نیە کوردەکان بە حەزی خۆیان گرتبێتیانە بەر و ئەم دۆخە لە لایەن حکوومەتی تارانەوە بە سەریاندا سەپاوە و کوردەکانیش لەڕووی ناچاری و لەپێناو بەرگری لە ماف و ئازادییەکانیان خۆیان تێدا دیتۆتەوە.

ئێمە هیوادارین کە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لانیکەم لە ئێرانیشدا بەو ئاقارەدا بچێتە پێشێ کە دێموکراسی و پێویستیی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و دابینبوونی مافی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا

بنەمای هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی ئەو چوارچێوە جوگرافییە بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی زەرفییەت و ئیستعدادی کراوەیی سیاسی و چارەسەری پرسی کوردی تێدا نابیندرێ




**تەلەڤیزیۆنی "ایران انترناشناڵ**

**ئاماژە:**

**تەلەڤیزیۆنی "ایران انترناشناڵ" ڕۆژی سێشەممە، ٢٤ی پووشپەڕ وتووێژێکی لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێکهێنا. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو دیمانەیەدا تیشکی خستە سەر سیاسەت و خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات لە دوا گۆڕانکارییەکانی ئێران دوای شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، دۆخی سیاسی و ئەمنییەتیی کوردستان دوای ئاگربەس، پرسی چەکدانانی پ ک ک و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد لە ئێران؛ هەروەها دەوری کورد لە داڕشتنەوە و بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوودا.**

**"کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**ایران انترناشناڵ**: شوێنداناانی شەڕی ئێران و ئیسرائیل لەسەر خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات؟

**خالید عەزیزی**: شەڕی ئێران و ئیسرائیل کاریگەریی لەسەر دۆخی خەبات و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکرات داناوە، لەم ڕووەوە کە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی سیاسی لە ئێران ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شوێنداریی لەسەر پرسی کورد لە ئێران و خەبات و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دەبێ. ئەم شەڕە هەم پرسیار و هەم دۆخی نوێی لە ئێران و تەنانەت ناوچەشدا هێناوەتە ئاراوە. بەوپێیە هەم نیگەرانی و هەم دەرفەتی بۆ بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و بزووتنەوە نەتەوەیی و سیاسییەکان لەو وڵاتەدا دروست کردوە. لە شەڕی نێوان دوو حکوومەتی ئیسرائیل و ئێراندا کە ئێمە کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری خوڵقاندن و دەسپێکی ئەو شەڕە دەزانین، وەک حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ئێران گرینگە گۆڕانکارییەکان بە وردی هەڵسەنگێنین و لە خەمی داهاتووی دێموکراتیکی ئێراندا بین و کاریگەریی خۆمان وەک بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەبێ.

**ایران انترناشناڵ**: کاریگەریی شکستی دیپلۆماسی لەسەر سەرکوتی نێوخۆیی

**خالید عەزیزی**: لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم هەرکات شەڕی سیاسی و دیپلۆماسیی بە لایەنێک دۆڕاندبێ، ڕووی دزێوی شەڕ و تێرۆر و سەرکوتی خۆی پێشان داوەتەوە. کاتی خۆی دوای شکستی وتووێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد و کۆماری ئیسلامی کە هۆکارەکەی هەر حکوومەت بوو، هێرشی کردە سەر کوردستان و شەڕی بە سەر کورددا سەپاند. دواتریش لە کاردانەوە بە خەباتی حیزبی دێموکرات بە بەردەوامی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی دژ بە حیزب لەکاردا بووە و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیان تێرۆر کردوە کە هەر لەو ڕۆژانەدا ٣٦ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو بە دەستی بەناو دیپلۆمات بەڵام لەڕاستیدا تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. هەر بە دوای ئەوەدا سیاسەتی میلیتاریزەکردنی کوردستان و بەرفراوانترکردنی شەڕ و توندوتیژی و سیاسەتی سەرکوت لە کوردستان پەرەی پێ درا. هەموو بەرنامە و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی تۆڵەکردنەوەی توند لە کورد بووە، تەنانەت بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات چەندین جار مووشەکباران کرا، تەنیا لەسۆنگەی ئەوەی کورد لە ناسین و دژایەتیی کۆماری ئیسلامی هەمیشە لەپێشتر و جیددیتر لە مەیدانەکەدا بووە. بۆیە ئێستاش کە ڕێژیم لە دیپلۆماسی و شەڕی دەرەکیدا شکستی خواردوە، لە کوردستان بەتایبەت گوشار بۆ سەر خەڵک و گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی زیاتر بووە کە بەشێک لەوان بەهۆی پەروەندە دروستکردنەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەدژی ئەوان حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

**ایران انترناشناڵ**: وەرزی لاوازیی کوردەکان یان پاڕادایمی نوێ؟

**خالید عەزیزی**: ناکرێ بەرتەسککردنەوەی جووڵە و مانۆڕی حیزبە کوردییەکان لە هاوکێشەکانی ئێستای ناوچەکەدا تەنیا لە هەڵسووڕانی سەربازیدا سنووردار بکرێ. لە ئێستادا بزووتنەوەیەکی فکری، سیاسی، مەدەنی و جەماوەریی بەهێز لە کوردستان لەپێناو خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و چەسپانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەو وڵاتەدا لە ئارادایە. بۆ نموونە لە بزووتنەوەی ژینادا کە حیزبی دێموکرات هەوڵی دا ئەم بزووتنەوەیە لە هەموو کوردستاندا گشتگیر و بۆ ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان و ئێرانیش پەل باوێژێ، ئەمە بەهۆی جووڵە و مانۆڕی نیزامی و پێشمەرگانە نەبوو. هەر لەجێدا بزووتنەوە و بەرگریی چەکداری بەسەر ئێمەدا سەپاوە. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەوڵی داوە خەباتی کورد بۆ مافەکانی لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی و مەدەنیدا بچێتە پێشی. کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە ئەو بزووتنەوەیە تەنیا لە ڕەهەندی چەکداریدا پێناسە بکا بۆ ئەوەی بە ئاسانی بیەوێ سەرکوت و سنوورداری بکا؛ بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە و بزووتنەوەی کورد جووڵانەوەیەکی میللی و دێموکراتیکە و خەباتەکەمان لەپێناو چەسپاندن و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانماندایە.

**ایران انترناشناڵ**: چەکدانانی پ ک ک و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد لە ئێران

**خالید عەزیزی**: چەکدانانی پ ک ک کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە تورکیە و تەنانەت هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەکەس دەبێ. بەڵام لەبیرمان بێ دۆخی سیاسیی تورکیە و ئێران جیاوازە. لە تورکیە کرانەوەیەکی سیاسیی ڕێژەیی هەیە و دەکرێ لەو وڵاتەدا وتوویژ و دانان بە کۆمەڵێک پرسی سیاسی چاوەڕوانکراو بێت، بەڵام بەداخەوە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لانیکەمی ئەو کراوەییە نابینین و پێناچێ دۆخی لەو چەشنە لە ئێراندا وێنا ببێ. لەگەڵ ئەوەدا کە پرسی جەوهەریی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام هەمووان دەبێ پرسی کورد لە ئێران بە دەرفەت بۆ بنیاتنانەوەی ئەم وڵاتە دابنێن. کوردەکان نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەشدا هەڕەشە نین، بەڵکوو دەرفەتن بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو کراوەییەی تێدا نیە و خەبات و بزووتنەوەی چەکداری نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بەسەر کورددا سەپاوە. ئێستا لە ئاستی ناوچەکەدا نیزامێکی سیاسیی فێدراتیو لە عێراق لەسەر ڕێککەوتنی کوردەکان و لایەنەکانی دیکەی ئەم وڵاتە پێکهاتوە، لە سووریە هەوڵ دەدرێ کوردەکان لە داڕشتنەوە و بنیاتنانەوەی سووریەی نوێی دوای ڕووخانی بەشار ئەسەددا دەوری کاریگەر و بنیاتنەریان هەبێ و بەشداریی زیاتریان لە پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتەدا هەبێ. لە تورکیەش حیزب و لایەنە سیاسییەکان، پاڕلمان و دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە هاتوونەتە سەر بڕوایە کە دەبێ پرسی کورد چارەسەر لە تورکیەدا چارەسەر بێ. بەڵام کە چاو لە دۆخی ئێران دەکەین دەبینین کە کۆماری ئیسلامی قەت زەرفییەت و ئێستعدادی ئەو کراوەیی و بەرەوپێشچوونەی نەبوو و هەموو جارێکیش پەیامی ئاشتیخوازی و گوتاری چارەسەری دێموکراتیکی پرسی

بەشی دوویەم

کورد لە ئێرانی بە تێرۆری خەباتکاران، شەڕ و سەرکوت و ئاگر و ئاسن وەڵام داوەتەوە.

لە ئێستاشدا کە ڕوانگەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش بەنیسبەت پرسی کورد گۆڕانکاریی قووڵی بەسەردا هاتوە و ئەم هاوسۆزی و پشتیوانییەمان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا بەرچاو کەوت و ئەمە ڕۆچنەیەکی هیوای بەڕووی چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد و نەتەوەکان لە ئێرانی داهاتوودا کردۆتەوە، بەڵام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا وەک هەمیشە داخراو و نەگۆڕ بووە. بۆیە جارێکی پێ دادەگرینەوە کە داخوازی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێرانین و داوا لە هەموو پێکهاتەکانی ئێران دەکەین بە سەرنجدان بە بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە وڵاتانی عێراق، سووریە و تورکیە هەمووان پێکەوە هەوڵ بۆ بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای دانان و ڕێزگرتن لە مافە دێموکراتیکەکانی یەکتر بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## خالید عەزیزی: دەبێ ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای تەوافوقی نێوان حیزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکان دروست بێت




**وتووێژ: شەماڵ تەرغیبی (کوردکاناڵ)**

**کوردکاناڵ**: بینەرانی خۆشەویستی کوردکاناڵ ئەم کاتەتان باش. کوردستانیانی هێژا! لە دیدارێکی تایبەتدا لە خزمەت ئێوەی خۆشەویستداین. دەمانهەوێ کۆمەڵێک پرسیاری جیدی و ڕیشەیی بورووژێنین، لە پەیوەندی لەگەڵ قۆناغی ئێستای خەبات و تێکۆشان دژ بە کۆماری ئیسلامی، ڕاپەڕینی ئێستای سەر شەقامەکان، ئەرکەکانی حیزبی دێموکرات، چاوەڕوانییەکانی خەڵک، ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ئێران و کوردستان دژ بە ڕێژیم، بە میوانداریی هاوڕێی بەڕێز کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کاک خالید گیان زۆر بەخێر بێیت.

**خالید عەزیزی**: زۆر سپاس بۆ ئێوە و ماندوو نەبن. هەروەها سڵاوم بۆ بینەرانی کوردکاناڵ هەیە. جێگای خۆیەتی هەر بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هەموو بنەماڵەی قوربانیانی ئەو جووڵانەوەیە بکەم و هیوای ساغی و سڵامەتی بۆ بریندارەکان بخوازم.

**شەماڵ تەرغیبی**: کاک خالید! بۆ ئەم پرسیارە و دەسپێکی ئەم بەرنامەیە، من پێشتر چەند جارێکی دیکە کە لە خزمەت جەنابتاندا بووم یا پێکەوە بەرنامەمان کردووە یا لە شوێنێکی دیکە جەنابت لێدوانت داوە و گفتوگۆمان کردبوو، بەردەوام پێداگر بوون لەسەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئەگەر بڕیار بێ بە ڕاپەڕینی خەڵک و بە خۆپیشاندان بڕووخێ، ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانە بە دڵنیاییەوە دەبێ لە شارە گەورەکانەوە دەست پێ بکات و دواتر شۆڕ ببێتەوە بۆ نێو شارە بچووکترەکان. ئێستا ئەو پێشبینییە و ئەو قسەی جەنابت وەدی هاتووە. ڕاپەڕین لە تاران، لە پایتەختی ئێران لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکرد و وردە وردە شارەکانی دیکەی تەنیوە. لە ئێستادا دەبێ چی بکرێت و ئەرکی خەڵک چییە؟

**خالید عەزیزی**: لە ڕاستیدا لە درێژەی سیاسەتە دروستەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، سەرەڕای خەبات و تێکۆشانێکی یەکجار زۆری ئێمە و کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی ئەو نیزامە، هەمیشە گوتوومانە نیزامی کۆماری ئیسلامی کاتێک دەڕووخێ یا بەرەو ڕووخان دەچێ کە ئەو جووڵانەوەیە گشتگیر بێ و بەتایبەت لە پایتەخت و شارە گەورەکان دەست پێ بکا. بە خۆشییەوە ئێستا کەوتۆتە قۆناغێکەوە لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران ئەو جووڵانەوەیە لەگۆڕێدایە و بەتایبەت پایتەختیشی گرتۆتەوە، کێشەیەکی گەورەشی لەنێو دەسەڵاتدا دروست کردووە. جا ئەگەر وایە ئەو جووڵانەوەیە زوو یا درەنگ کۆتایی بەو نیزامە دێنێ. زوو بەو مانایە گەیشتۆتە قۆناغێک تازە نیزامی کۆماری ئیسلامی، سیستەم و ئیدارە و کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، ناگەڕێتەوە پێش ئەو جووڵانەوەیە، بەڵکوو بەرەو پێشەوە چووە. ئێستا تەنیا ماوەتەوە ئەوە کە ئەو جووڵانەوەیە چۆن لە مەیداندا لە سەرانسەری ئێراندا بە جۆرێک بەڕێوە ببردرێت کە ئەو بەڕێوەبردنە یەکڕیزیی کۆمەڵانی خەڵک ڕابگرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ بتوانێ بە بەرنامەیەکی باش بچێتە پێشەوە و لەسەر پێداگری و پشتگیریی ئێمە کە گوتوومانە جووڵانەوە دەبێ لە نێوخۆی وڵاتدا بێ و بەرەو ئەوە بچێ لە نێوخۆی وڵاتیشدا یەکگرتووتر و بە بەرنامەتر بڕواتە پێشەوە. جا بۆیە لەو پەیوەندییەدا ئەو جووڵانەوەیە لەو ئاستەدا دەبینین ئێستا.

**شەماڵ تەرغیبی**: باشە ئەو بەرنامەیەی کە جەنابت باسی دەکەی کاک خالید بڕیارە لەلایەن کێوە داڕێژرێ یا لە بنەڕەتدا خۆڕسکە و لەنێو خەڵکدا شێوەی گرت؟

**خالید عەزیزی**: جووڵانەوەکە خۆڕسک بوو، لەنێو خەڵکدا شکڵی گرت. دوو بنەمای سەرەکی کە هۆکاری ئەو جووڵانەوەیە بوون؛ یەکێکیان کە دەڵێن "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، ئەوە دەربڕین بوو، لە ئێراندا زۆر ئاساییە، لە شەقامەکانی ئێراندا ئەوە پەیامێکی سیاسییە .دووەمیش بەهۆی وەزعییەتی زۆر خراپی گوزەرانی ژیانێکی خەڵک و ئەوەی کە سەروەت و سامانی

وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێران، کۆماری ئیسلامی بردی و خستییە خزمەت مافیا و تیرۆریزمەوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە دروشمی یەکەمەوە هەیە، ئەوە پەیامێکی سیاسییە. ئەو پەیامە سیاسییە لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵات، نوخبە سیاسییەکانی نێوخۆی وڵات، ئەوانەی کە لە نێوخۆی وڵات بە تاک و بە کۆمەڵ کار دەکەن و ئەوانەی لە دەرەوەش کۆمەکیان پێ دەکرێ، لە نێوخۆیدا وردە وردە بەرەو ئەوە دەچێت. ئێمە گەشبینین بەوەی کە مادام جووڵانەوەکە ئاوا دەردەبڕدرێ و خەڵک لە مەیداندایە، بە تێپەڕبوونی کات بە مەبەستی دروستکردنی هەماهەنگییەکی زۆرتر، پەیامێکی هاوبەش و کارکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پەرە دەسێنێ و حیزبی دێموکرات لە ڕابردوودا؛ پێش ئەو جووڵانەوەی ئێستاش کارێکی زۆری بۆ ئەوە کردووە، لەمەوبەدوا دەبێ پتر و جیدیتر کاری بۆ بکەین.

**شەماڵ تەرغیبی**: هاتینە سەر بابەتی حیزبی دێموکرات، حیزبی دێموکرات لە ئێستادا لە پانتایی سیاسیی ئێران دەتوانین بڵێین دێرینترین حیزبی چالاک و زیندوو و داینامیکە و بە سروشتی هەر ئەم تایبەتمەندییە وای لێ دەکات کە چاوەڕوانییەکی زۆریشی لێ هەبێ. مەبەستم لەلایەن خەڵکی ئێران و بەتایبەتتر خەڵکی کوردستانە. پلان و بەرنامەی حیزبی دێموکرات بۆ بەڕێوەبردنی ئەو قۆناغە چۆنە، چییە و پلانەکان بە گشتی چین؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە ڕێک پێنج - شەش مانگ پێش ئێستا هەشتا ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان یاد کردەوە و دە ڕۆژی دیکە هەشتا ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان یاد دەکەینەوە، هەر ئەو کۆمارەی کە حیزبی دێموکرات دروستی کرد. ئەوە بەو مانایە؛ بیری ڕێکخستن و خۆڕێکخستن و حیزبایەتی لەنێو ئێمەی کورد بە گشتی و لە عەقڵییەتی حیزبی دێموکراتدا بەهێزە. ئەگەر ئێمە ئەوە شۆڕ کەینەوە بۆ هەموو ئێران لە نێوخۆی وڵات، بەتایبەت ئەرکی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵاتە کە بە پەیوەندیی ڕۆژانە لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی کە ئێستا هاتوونەتە سەر شەقام و بابەتی هاوبەشیان زۆرە، تێکۆشن ئەوە بەرینتر بکەنەوە. مادام خەڵک توانای ئەوەی هەیە خۆپێشاندان بکا و تەحەمولی کێشەی زۆر و تەنانەت قوربانی بکا، بە تێپەڕبوونی کات بیرۆکەی بابەتێک لە نێوخۆی وڵات و بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو تێکۆشەرانی ئێران جیاواز لەوەی فارسن، کوردن، تورکن، شیعەن، سوننەن، پارسانن دروست بکەن، ئەوە پەرە دەستێنێ. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ئەزموونێکی دیکە کە هەمانە هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بانگەوازی هاوبەشی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە گشتی کە لەلایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشوازی لێ کرا، ئەوە نیشان دەدا کە مادام یەکریزی و یەکگرتوویی هەبێ لە چوارچێوەی دامەزراوە و حیزبەکاندا، خەڵک بە متمانەیەکی زۆرتر دێنە سەر شەقام، چونکە دەزانن ئەگەر ئەو نیزامە بڕووخێ، چی جێی دەگرێتەوە. ئێمە دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین؛ ئێستاش ئەو دڵەڕاوکێیە هەیە، ئەگەر نیزام بڕووخێ، ئێران چی لێ دێ و بەرەو کوێ دەڕوا؟! ئێستا گرنگ ئەوەیە قورساییەکە لەسەر ئەوە بێ کە یەکریزی ڕابگرین و ئەو نیزامە بڕووخێ، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەوە نابێ لەبیر بکەین خۆڕێکخستن و

دروستکردنیش سەرانسەری ئێران بگرێتەوە. نابێ هەر چاوەڕوانی ئەو حیزب و لایەنانە بن کە لە دەرەوەی وڵات کار دەکەن.

**شەماڵ تەرغیبی**: کاک خالید! بە درێژایی چل و حەوت ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێین ئەمە زێڕینترین دەرفەتە کە هاتووەتە پێش بۆ هەموو گەلانی ئێران، بۆ ئەوەی ئەو نەگبەتییەی کە بە کۆماری ئیسلامی دەناسرێت، لە مل و کۆڵی خۆیان بکەنەوە. ئایا حیزبی دێموکرات لە ئێستادا ئەم دەرفەتە چۆن دەبینێت؟ و سروشتییە کە کۆمەڵێکیش ئاستەنگ لەبەردەم ڕێگەی تێکۆشەران و خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی بوونی هەبێ. ئاستەنگەکان چین، دەرفەتەکان چین و بە گشتی پلان و بەرنامەی ئێوە بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکان و لە هەمان کاتیشدا قۆستنەوەی دەرفەتەکان چییە؟

**خالید عەزیزی**: با لە دەرفەتەکانەوە دەست پێ بکەم، چونکە دەرفەتەکان پەیامی گەشبینی و خۆشبینی تێدایە. لە ڕابردووی ئەو نزیک بە چل و شەش ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵک، بەتایبەت خەڵکی کوردستان لەدژی ئەو نیزامە بێگومان دەرفەت زۆر هاتۆتە پێش. ئێرانێک کە ئەزموونی دێموکراسی نەبوو، ئەزموونی دامەزراوە و دێموکراسی تێدا نەبوو، کۆمەڵگەیەک کە زۆر تەیفی جۆراوجۆری هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر جەمسەرگیری تێدا بوو، دەرفەتەکانی لە ڕابردوودا زۆر کەم بوون و لەکیس دەچوون. بەڵام لە درێژەدا کەشوهەوای کۆمەڵگەیەکی هەمەڕەنگ لە ئێران کە فرەنەتەوەییە، فرەچەشنییە، فرەئایینییە، فرەیی و هەمەڕەنگی تێدا بەهێزە، ئەوا دەتوانێت دەرفەت بێت، بەو مانایە کە ئێستا هەموو لایەک بەدەر لەو جیاوازیانەی ئاماژەمان پێدان، لە مەیدان و خەباتدان و دژی ئەو نیزامە دەچێتە پێش. جا هەر دەرفەتەکان پەیاممان پێ دەدا کە ئەو نیزامە زوو یا درەنگ گەیشتۆتە دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی. چونکە گوتم تازە ناگەڕێتەوە ڕابردوو. دەرفەتەکان ئەوەن کە ئێستا خەڵک پێویستیان بە یەکڕیزی هەیە، چۆن ئێمە ئەو پەیامە وەربگرین بۆ هەموو لایەنەکان کە بڵێین بچینە قۆناغی دووهەمەوە، واتە یەکڕیزی یەکگرتوویی. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەداین دەبێت هەموو لایەکمان بەیەکەوە ئێران دروست بکەینەوە. لەم پێوەندییەدا ئەگەر پۆلێنبەندی بکەین ئێمە دەبێت لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بیر بکەینەوە نەک لەسەر جیاوازییەکان. جیاوازییەکان لە داهاتووشدا هەر دەبن؛ لە دروستکردنەوەی ئێران و نووسینی یاسای بنەڕەتی و چەند و چۆنی ئیدارەی سیاسی ئێران، بەڵام ئێستا خاڵە هاوبەشەکانن کە زۆرتر ئەسڵن و خاڵە هاوبەشەکانن کە بۆ ئێمە دەبنە بنەما. جیاواز لە دروشمی جۆراوجۆری سەر شەقامەکان، جیاواز لەوەی کە حیزب و لایەنە جیاوازەکان هێمای جیاوازی خۆیان بەرز دەکەنەوە و دروشمی جیاوازی خۆیان دەدەن. لەسەر ئەوە پێداگر بن کە ئێستا ئەسڵ لەسەر ئەوەیە کە ئەو نیزامە بڕوا و دەبێت ئێمە ئامادەیی سازشمان هەبێ لەگەڵ یەکتر، دەبێت لای ئێمە ئامادەیی باسی کولتووری ڕێککەوتنمان هەبێت بۆ داهاتووی ئێران. ئێرانی داهاتوو بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتر دروست دەبێ. ئەوە سروشت و ئەزموونی نیزامێک یا وڵاتێک یا چوارچێوەیەکی جوگرافیاییە.



سەرچاوە
Serchawe

فرەچەشنی تێدا هەیە. ئێمە لە ڕابردووشدا وەک حیزبی دێموکرات بۆ ئەو باسانە لەسەر خەت بووینە، لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ هەموو لایەنەکان لە پەیوەندیدا بووینە، ئەو بیرۆکەمان هێناوەتە گۆڕێ، تەنانەت گوتوومانە تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە خەبات و تێکۆشان دژی نیزامی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە ئێمە خەتی سوور دانانین بەڵام بۆچوون و داوا و ویست و داخوازیی خۆمان هەیە وەک کورد. لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینە و لەژێر ڕۆشنایی ئەزموونی ئەو دە ڕۆژە بەتایبەت دوو سێ ڕۆژی ڕابردوو، ئێمە دەچینە قۆناغێکی دیکە و هیوادارم حیزبی دێموکرات بە نۆرەی خۆی و "ناوەندی دیالۆگ"یش هەروەها بە نۆرەی خۆی دەرگای دیکە بکەینەوە و چەندوچۆنی هێنانە گۆڕی ڕێکخستنی خاڵە هاوبەشەکان بۆ داهاتووی ئێران. ئەمڕۆژانە ڕووداوەکان خێرا دەچنە پێشێ، مادام ڕووداوەکان خێران ئەوە پەیام دەدا بە لایەنە سیاسییەکان خێراتر بن و ئێمە لەسەر ئەو بابەتانە کار دەکەین، هەر ئێستا و لەو پەیوەندیدا لەگەڵ لایەنی جۆراوجۆر لەسەر خەتین.

**شەماڵ تەرغیبی**: زۆر جار هەر لەسەر زاری بەرپرسانی حیزبی دێموکراتەوە ئێمە گوێبیستی ئەوە بووین کە ئەوەی لە داهاتوودا دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ، لە ڕاستیدا هێزە و، هێزیش زۆر سروشتییە کە لە یەکگرتوویی‌دایە. ئەمەی کە ئاماژەتان پێکرد مەسەلەی ناوەندی دیالۆگ هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ خەڵکی کوردستان و ئەنجامەکەشیمان بینی لە دوای بانگەوازی داواکارییەکانی ناوەندی دیالۆگ ڕوو لە خەڵک بۆ پەیوەستبوون بە مانگرتن و نارەزایەتییەکان. بینیمان کە خەڵک یەکدەست حەماسەیان خوڵقاند و وڵامی ئەرێنییان بە ناوەندی دیالۆگ دایەوە. لەمەوبەدوا هەنگاوەکانی ناوەندی دیالۆگ لای ئێوە چی دەبێ و چۆن دەتوانن بە ئاستی ئەو چاوەڕوانییەی کە دروست بوو، بجووڵێنەوە؟

**خالید عەزیزی**: هەروەک ئاماژەم پێدا، خێرایی و بەربڵاوی و لە مەیداندا بوونی کۆمەڵانی خەڵک ئەرک بۆ لایەنە سیاسییەکان دروست دەکا. بە خۆشییەوە هەموو لایەکمان زۆرتر بەو قەناعەتە گەیشتووین کە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی، نێوخۆی وڵاتە. هەمیشە گوتوومانە؛ هەماهەنگی و هاوکاری و یەکڕیزی لە نێوخۆی وڵات، دەتوانێ بنەمایەکی باش بن بۆ داهاتوو. خەبات و تێکۆشان و خۆپێشاندان و مانگرتن و نارەزایەتی لە ڕابردووشدا هەبوو، ئێستا بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. پێویستە ئێمە زۆرتر سەرنجی بدەین، خاڵێکی زۆر زۆر گرنگ ئەوەیە لە حاڵەتێکی وادا ئەسڵ لەسەر بەردەوامییە. بۆ دەڵێم ئەسڵ لەسەر بەردەوامییە؟ بەشێک لەو خۆپێشاندانانە نەتیجەی تووڕەبوونە، نەتیجەی نارەزایەتییە، نەتیجەی وەزاڵەهاتنی خەڵکە و خۆڕسک کەوتوونەتە نێو مەیدان. چۆن ئێمە دەتوانین ئەوە بە شێوەیەک ڕابگرین و بەردەوام بێتە پێشەوە، چۆن دەتوانین بە سروشتی وەزعییەتەکە لە نێوخۆی ئێران و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەموو ڕۆژ و ڕۆژانێک دروشم و پەیاممان هەبێت و هەوڵێک بێ کە لە مەیداندا بێ؟ ئەوە پێویستی بە خوێندنەوە و خەسارناسی هەیە. هیوادارم ئێمە بە دەرەجەی یەکەم لەنێو حیزبی دێموکراتدا و بە دەرەجەی دووهەم لەنێو ناوەندی دیالۆگ و لایەنە سیاسییەکاندا خۆمان لەو قۆناغەدا ببینین کە لە ئاستی خۆماندا بەڕێوەبردن و ڕێبەریی

بەشی دوویەم

ئەو جووڵانەوە و نارەزایەتییە لە نێوخۆی کوردستان بکەین. بۆ دەڵێم دەبێ ئەوە بکەین؟ هەروەک گوتم ڕووداوەکانی ئەو دوازدە - سێزدە ڕۆژە بەتایبەت ڕۆژی پێنجشەممە و هەینی و تەنانەت ئەمڕۆ پەیامێکی جیدی داوە. ئەوە هەندێک خاڵ زەق دەبێتەوە و هەماهەنگی و هاوکاری و یەکریزی لە نێوخۆی وڵات، چەندوچۆنی هاندان و میکانیزمەکانی هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان خەڵکی کوردستان و لایەنەکانی دیکە. گرنگە خەڵکی ئێمە لەگەڵ خەڵکی دانیشتووی تاران و شارە گەورەکان، ئەوانەی کە لەو مەیدانانەدا کار دەکەن پەیوەندی باشیان هەبێ. گرنگە لەو هەلومەرجە و لەو وەزعییەتەدا کە هەین تورکی ئازەربایجان و کورد بەگشتی لەگەڵ یەک پەیوەندییان باشتر بێ، لەگەڵ یەک هاوکاری و هەماهەنگییان زۆرتر بێ. گرنگە هەر لەو حاڵەتەدا کە ئێمە تێیدا هەین جا وەک حیزبی دێموکرات جا وەک ناوەندی دیالۆگ یان خەڵکی کوردستانی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بتوانین پەیام و بۆچوونی خۆمانمان هەبێ. گرنگە لەو حاڵەتەی کە ئێستا تێیدا هەین بە حوزوور لە ماسمیدیای کوردی، فارسی، ئینگلیزی بتوانین نیشانەکانی ئەو وەزعییەتە بەرجەستە بکەینەوە. لە هەموو ئەوانەدا ئەو چاوەڕوانییەشمان هەبێ؛ ڕەنگە سبەینێ ئەرکێکی دیکەمان پێ بێت. ڕووداوەکان بە خێرایی دێنە پێشێ و مادام بە خێرایی دێنە پێشێ نیزام کاردانەوەی دەبێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوی لێ دەکا و دەبێ خۆمان لە مەیداندا بین. واتە ئامادەیی ئەوەمان هەبێ لە ڕۆژانی داهاتوودا تەنانەت دواتریش چۆن مامەڵە لەگەڵ وەزعییەتەکە بکەین. ئەوە بە چی جێبەجێ دەبێ؟ ڕۆژانە لەسەر خەت بین، ڕۆژانە باس بکەین ئامادەیی خەسارناسیمان هەبێ و شتی تازەمان هەبێت.

**شەماڵ تەرغیبی**: کاک خالید! یەکێک لەو بابەتانەی کە گرنگ و بەرچاوە لە ڕۆژانی ڕابردووشدا لەملاولا زۆر باسی لێوەکراوە، ئەو فاکتەرە دەرەکییانەن کە دەتوانن ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێران خێراتر بکەن و دەتوانن لە ڕووی دەروونی و بەتایبەتی کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبێ. یەکێک لەوانە کە ئاشکرایە بە جۆرێک پشتیوانی دەربڕینی دۆناڵد ترامپ، سەرکۆماری ئەمریکا لە خەڵکی ڕاپەڕیو لە ئێران و لە هەمان کاتیشدا هەڵوێستەکانی وڵاتی ئیسرائیل، وڵاتێکە لە شەڕێکی دوازدە ڕۆژەدا توانی کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک لە جۆرەکان بە چۆکدا بێنێ. هەڵوێستی پۆزەتیڤی وڵاتانی ئورووپا و بەگشتی ئەو فاکتەرە دەرەکییانە ئێوە چۆن لێک دەدەنەوە و چەندە دەتوانێ کاریگەری و شوێندانەریی هەبێ لەسەر بارودۆخی ئێستا و داهاتووی ئێران؟

**خالید عەزیزی**: ئەگەر پێناسەیەکی کورت بکەم لە عەقڵییەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی و خەون و خەیاڵاتی خامنەیی و جوگرافیای ئێران لە ناوچەیەکی هەستیاری دونیادا بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵێ فاکتۆری دەرەکی بێکاریگەر نییە. تا ئێستا ڕوانگەی فاکتۆری دەرەکی لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا سنووردار بووەتەوە بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، بەرنامەی مووشەکیی ئێران و هێزە نیابەتییەکان کە ئێران لە ناوچەکە کەڵکی لێ وەردەگرتن و لەو بوارەدا تا ڕادەیەکی زۆر ئێران فەلەج کراوە تا ڕادەیەکی زۆر ئەوە بە نەتیجە گەیشتووە. لێدانی بەشەکانی ئەتۆمیی ئێران، مووشەکیی ئێران،

لێدانی ڕەهبەرانی نیزامیی ئێران و کورتکردنەوەی دەست و پەیوەندییەکانی ئێران لە ناوچەکە. بەڵام کارەکە تەواو نەبووە، ئەسڵی کارەکە خەڵکی ئێران تەواوی دەکات. ئەوەی کە ئێستا ئێران لێی نیگەرانە و داهاتووی خۆی لە خەتەردا دەبینێت ڕێک ئەوەیە، پەیامی سەرۆکی کۆماری ئەمریکا بە بڕوای من شتێکی باش بوو. ئەویش ئەوەیە کە هەڕەشەیەک دەکا لە ئێران ئەگەر سەرکوت لە خەڵکی بکات، ئەوە بە جۆرێک پەیامێکە بۆ ئێران کە دونیای دەوروبەر بەتایبەت زلهێزەکانی وەک ئەمریکا بێتەفاوت نییە. بە سروشتی، من لەو باوەڕەدام لە هەموو ئەو قەیرانەدا کۆماری ئیسلامی کە خومەینی کاتی خۆی وتی "شەڕ نیعمەتێکی ئیلاهییە"، و خامنەیی لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا ئێستاش شەڕ دەکرێت. ئەگەر لێیان بپرسی ئێستا پێیان خۆشە، لەو حاڵەتەدا ئەمریکا هێرشیان بکاتە سەر، ئیسرائیل هێرشیان بکاتە سەر، بۆ؟ بۆ ئەوەی بڵێ کە ئەو جووڵانەوە بەربڵاو و جەماوەری و ناڕەزایەتییەی کە سەرتاپای ئێرانی گرتووەتەوە و خەڵک بۆ خۆی لە مەیداندایە، بە لارێدا ببات. یەکێک لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە ئەوەیە تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە ئەزموونی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئەوەیە کە لەگەڵ خەڵک ڕووبەڕوویە، تێدەکۆشێ سیناریۆی خەیاڵی دروست بکات و وای دەگەیەنێ کە ئێران لەژێر مەترسیدایە، ئێران پارچە دەکرێ!! بۆیە من پێم وایە پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پشتیوانیی سیاسی، پشتیوانیی دەروونی، پشتیوانی لە خەڵک بە شێوازی جۆراوجۆر، هەروەها شێوەی سەرۆک کۆماری ئەمریکا شتێکی بەرحەقە، دەڵێ خەڵک خۆپێشاندان دەکەن حەقی خۆیانە، ئێوە بۆ لێیان دەدەن بۆ دەیانکوژن. مادام ئاوا بێت، ئەوە چاوەڕوان دەکرێ لەوان و هیوادارین لەو پەیوەندییەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆرتر بێتە پێشەوە و لە نێوخۆی وڵات لە سەرانسەری ئێران بەتایبەت لە کوردستان نەهێڵین ئەو خەونەی کۆماری ئیسلامی جێبەجێ بێ کە ڕووداوەکان وای لێ بکا وای بە ئەمنییەتی بکا شەڕ بە خەڵک بفرۆشێ و شەڕ بکرێ، ئەوە گرنگە. شەڕ بە قازانجی کۆماری ئیسلامییە، خۆی لەوەدا دەبینێت. مەگەر شەڕێک بێتە گۆڕێ، هاوکێشە بێتە گۆڕێ کە یەکلایی بکاتەوە و ئەو شەڕەی دوازدە ڕۆژەی ئیسرائیلیش نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئیعتیبار خست. پەیامێکی باش بوو بۆ خەڵک کە ئەو نیزام و مووشەکانەی هیچ مانایەکی نییە. بۆیە ئێستا ئامادەیی خەڵک هەیە، بەخۆشییەوە ئەوەی لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە لە هەموو لایەک داوا دەکەن پشتیوانی لەو جووڵانەوەیە بکەن. هاوکاریکردنی خەڵکە ئێستا بەشێکی بە ئینتەرنێتە، کۆماری ئیسلامی ئینتەرنێت لە خەڵک دەپچڕێنێ. سیستمی تەکنەلۆژیای جیهانی ئەوەندە چووەتە پێشێ کە لە داهاتوودا داپۆشینێکی بۆ دانابێ بۆ ئێران بەتایبەت ئەمریکا و لایەنەکانی دیکە خەڵک دەستیان بە ئینتەرنێت بگات، ئەگەر ئەوە بکرێت شتێکی زۆر باشە.

**شەماڵ تەرغیبی**: وەک دوا پرسیار کە گرنگییەکی تایبەتیشی هەیە لای بینەرانی خۆشەویست، گرنگە کە لەسەر زاری وتەبێژی حیزبی دێموکراتەوە بیبیستن، ئایندەی ئێران و ئایندەی کورد لە کوردستانی ئێران بەرەو چ ئاقارێک دەچێت؟

**خالید عەزیزی**: لە هەموو ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانەدا لە ئاستی ئێران و لە ئاستی کوردستان بۆ حیزبێکی سیاسی،

بۆ جووڵانەوەیەکی سیاسی، دەبێ یەک فاکتۆری جیدی لەبەرچاو بێ. ئەویش ئەوەیە؛ ئەو نیزامە کە حەتمەن دەڕووخێ، ئێران چی بەسەر دێ؟ ئەو نیزامە دەڕووخێ، کێ جێی دەگرێتەوە؟ تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئەرکی خەڵک و بەربڵاوی و ئەبعادی زۆر بەربڵاوی ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی وڵات و لە کوردستان هەیە، بە ڕاستی خەڵک کاری خۆیان کردووە و دەشیکەن. گلەیی لەسەر خەڵک نییە. گلەییەکە دێتەوە سەر ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی وڵات، تێکۆشەرانی خەتی پێشەوەی ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی وڵات، ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە. ئەوەندە پێوەندی بە دەرەوە بێ، ئێمەی کورد، حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە بە هاوتەریبی ئەو جووڵانەوەیە دەبێ بیر لە ئایندەی ئێران بکەینەوە. دوو سیناریۆ پێشبینی دەکرێ. سیناریۆیەک وایە کە ئەو نیزامە بڕووخێ، نەمێنێ، ئێران بشێوێ، بەڵام مەعلووم نییە کێ و چی جێی دەگرێتەوە یا ئەو لایەنەی جێی دەگرێتەوە، ئەوەندە ئیعتیبار و پێگەی لە نێوخۆی خەڵکدا باش نەبێ و نەتوانێ باش ئیدارە بکا. ئەو سیناریۆیە هیوادارم ئەگەر ڕوو بدا ئاوا ڕوو بدا کە ئامادەیی جێگرەوە هەبێ، ئاڵتەرناتیڤێک هەبێ. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەزموونی ئینقلابی پێشوو و ئەزموونی ئەوەی کە ئێستا دەچێتە پێشەوە دەبێ ئەوەمان پێ بڵێت، ئێستا ئێمە دەبێ ئامادەییمان هەبێ، لانیکەم نیزام و سیستمی داهاتوو بە شێوەی تەوافوقی دەبێ ببێت. تەوافوقی بۆ ئێمە مانای خۆی هەیە، لە کاتی خۆیدا دەپەرژێینە سەر چەندوچۆنیی سیستمی ئیدارەی وڵات. بۆ ئێستا پێویستە هەموو خەبات و تێکۆشانمان لە پێناو ڕووخانی ئەو نیزامەدا بێت. بەڵام ئەوە بکەوێتە نێو بازاڕی سیاسەت لە ئێران، لە نێوخۆی وڵات، لە دەرەوە، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، ئێران فرەیی و هەمەڕەنگی زۆری تێدایە و تا ئەو لایەنانە بە تەوافوق لەگەڵ یەک پێک نەگەن، ئەو جوگرافیای سیاسییەی ئێران بە ئاسانی ئیدارە ناکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئێمەی کورد بە گشتی، هەروەک لە نێوخۆماندا یەکگرتووییمان هەیە، ئامادەییمان هەیە ئێستا لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دژی کۆماری ئیسلامی بکەوینە دیالۆگ و هاوکارییەوە. بۆیە دەڵێم هەموو لایەنەکانی دژی کۆماری ئیسلامی، ئێستا ناچینە نێو ئەو کێشە فیکریانە، کێشە ئایدۆلۆژیانە، ئەو کێشە قورس و ستراتیژیانە، ئێستا دەبێ یەکتر بەو جۆرەی کە هەیە قبووڵ بکەین. بەتایبەت میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەتی پێشەوەی ئەو جووڵانەوەیەدا، قوربانی زۆری داوە و چاوەڕوانیی هەیە. بۆ ئەوەش کار دەکا لە داهاتووی ئێرانی هاوبەشدا بە مافەکانی خۆی بگات. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئەسڵ و بنەما لەسەر تەوافوق دابنێین. تەوافوق بەڵگە دروست دەکا، یانی قبووڵی ئەو واقیعەتە دەکا. ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین و هیوادارین وردە وردە بەرچاوڕوونییەک دروست بکرێ. ئەگەر بەرچاوڕوونی دروست بکرێ، وردە وردە خەڵک بە دڵنیاییەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەو نیزامە دەڕوات، وردە وردە عەقڵییەتی تەوافوقیی هەموو لایەک بە یەکەوە بتوانێ بنەمای داهاتووی ئێران دابڕێژێ و ئەسڵی ئێمە لە ڕاستیدا لەسەر ئەو ئەساسە و هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکەن.

٢٣ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## خالید عەزیزی: داهاتووی ئێران لە گرەوی سیستمێکی ناناوەندی و بەشداریی گشت پێکهاتەکاندایە




حەوت حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی ئێران، لە نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، لەوانەش ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆماری ئیسلامییان بە ئەنجامدانی "تاوان دژی مرۆڤایەتی" لە کاتی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ تۆمەتبار کرد. ئەم حیزبانە داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە، کۆماری ئیسلامی "بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا و پابەندنەبوون بە هیچ یاسا و پرەنسیپێکی جیهانی" ڕابگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک)، کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، واژۆکەرانی ئەم بەیاننامە هاوبەشەن. ڕادیۆ فەردا سەبارەت بە نێوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی واژۆیان کردووە، لەگەڵ خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وتووێژی کردووە.

**ڕادیۆ فەردا:** بەڕێز عەزیزی، ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ئەم دواییەی ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ دەرکردنی ئەم بەیاننامە هاوبەشە لەلایەن حەوت حیزبی کوردستانییەوە چ گرنگییەکی هەیە و ئایا دەکرێت وەک نیشانەیەک بۆ پێکهاتنی یەکگرتوویی و هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا سەیر بکرێت؟

**خالید عەزیزی**: لە ڕاستیدا ئەو بزووتنەوەیەی ئێستا لە ئێران، کە سێ هەفتە لەمەوبەر دەستی پێ کرد، بەرفراوانییەکی زۆری هەبوو و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک تێیدا بەشدارییان کرد. کاردانەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم بزووتنەوەیە، بەتەواوی ئەمنیەتی بوو و بەکردەوە ئێرانی کردە مەیدانێکی نیزامی.

لە کوردستانی ئێرانیش، کاتێک لە ڕەوتی ئەم بزووتنەوەیەدا حیزبەکان داوایان لە خەڵک کرد بە شێوەیەکی کارا ڕۆڵ بگێڕن، خەڵک پێشوازییان لەم بانگەوازە کرد. ڕاستی ئەوەیە کە هەندێک جار ڕووداو و گۆڕانکارییەکان بە شێوەیەک دەچنە پێشەوە کە خێرایی و ڕەوتی ڕووداوەکان کاریگەری لەسەر حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکان دادەنێت و لە بنەڕەتدا دەبێت بەو شێوەیەش بێت. من ئەم دۆخە بە باش دەزانم و بە ئەرێنی هەڵیدەسەنگێنم؛ چونکە ئەم حیزبانە لەگەڵ خەڵکی خۆیان و لەگەڵ بارودۆخی نێوخۆی ئێران و بەتایبەتی کوردستانی ئێران، لە پەیوەندیدان و دەتوانن داخوازییەکانی خەڵک بە دروستی نوێنەرایەتی بکەن. بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جۆرێک لە یەکگرتوویی و هەماهەنگی لە نێوان حیزبە کوردستانییەکاندا لە حاڵی پێکهاتندایە.

**ڕادیۆ فەردا**: لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک سەیری لیستی ئەو حیزبانەی واژۆیان کردووە دەکەین، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئێوە پەیامێک بۆ جیهان دەنێرن کە تێیدا ناوی حیزبێک هەیە کە لە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە؛ مەبەستم پژاکە. بوونی ئێوە لە تەنیشت پژاک، لە ڕووی وێنا و سیاسییەوە، نیگەرانتان ناکات؟

**خالید عەزیزی**: لە قۆناغی یەکەمدا، نێوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە گرنگە. لە قۆناغی دووەمدا، ئەو حیزبانەی کە لەم ناوەندی گفتوگۆ بۆ هاوکاری یان ناوەندی دیالۆگی حیزبە کوردستانییەکاندا ئامادەن، مەرج نییە لە هەموو بوارەکاندا هاوڕا و هاوبیر بن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ ئەم حیزبانە هاوکاری و هەماهەنگی دەکات، هەمیشە تێڕوانین و سیاسەتی سەربەخۆی خۆی هەبووە.

بۆیە ئێمە بەرپرسیار نین لە سیاسەت و شێوازی کارکردنی حیزبەکانی دیکە. ئەوەی لە بارودۆخی ئێستادا بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە کە یارمەتیی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی خەڵکی کوردستان بدرێت کە پێویستیان بە پشتیوانی هەیە. ئەمەش لە ڕێگەی زیادکردنی هەماهەنگی، هاوکاری و یەکگرتوویی نێوان حیزبە کوردییەکانەوە دەکرێت. ئامانجی ئێمە ئەوە بووە کە هەموو حیزبە کوردییەکان ئەم پەیامە بە خەڵک بگەیەنن کە ڕێگای خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و کۆتاییهێنان بەم سیستمە، لە گرەوی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان ئەم حیزبانەدایە.

دیاره هەر یەک لەم حیزبانە باوەڕ، بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەمە بەو مانایە نییە کە لە هەموو وردەکارییەکاندا، لەوانە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، پرسە نێودەوڵەتییەکان یان میکانیزمەکانی داهاتووی سیاسیی وڵات، وەک یەک بیر بکەنەوە و یەکدەنگ بن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێستا هەوڵ دەدات هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەنەکان زیاتر بێت، نەک ئەوەی لە هەموو ئەو بابەتانەدا یەکدەنگیی تەواو هەبێت. جارێکی دیکە جەخت دەکەمەوە کە هەم خەڵکی ئێران بەگشتی و هەم خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، لە بارودۆخی ئێستادا پێویستیان بەم هاوکاری و هەماهەنگییە هەیە.

**ڕادیۆ فەردا**: ڕێگە بدەن جارێکی دیکە ئەم پرسیارە بکەمەوە؛ ئایا دانانی ناوی پژاک لە تەنیشت ئێوە، بە لەبەرچاوگرتنی بوونی لە لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی ئەمریکادا، نیگەرانتان ناکات؟

**خالید عەزیزی**: سیاسەتەکانی ئەو حیزبە پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە و خۆیان لێی بەرپرسیارن.

**ڕادیۆ فەردا**: بەڵام بەهەرحاڵ، کاتێک لە تەنیشت حیزبێک دەوەستن کە بە ناونیشانێکی وا دەناسرێت، ئەمە جۆرێک لە بەرپرسیارێتی و دەرەنجامی سیاسی بۆ ئێوەش دروست دەکات.

**خالید عەزیزی**: لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، حیزبەکانی بەشدار لە ناوەندی دیالۆگی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەیەکی هەماهەنگیدان لەگەڵ یەکتر. ئێمە هێشتا نەچووینەتە ناو باسە وردەکان سەبارەت بە نەخشەی سیاسیی ئێستای ئێران و داهاتووی سیاسیی وڵات؛ ئەم بابەتانە لە قۆناغەکانی داهاتوودا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بمەوێت ئاماژە بەم خاڵەش بکەم، ئەحمەد ئەلشەرع، ڕێبەر یان سەرۆک کۆماری ئێستای سووریە، کاتێک لە لیستی تیرۆریستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو و تەنانەت خەڵات بۆ دەستگیرکردنی دیاری کرابوو، بەڵام ئێستا وەک میوان لە کۆشکی سپی ئامادە دەبێت.

**ڕادیۆ فەردا**: واتە هیوادارن کە پژاکیش ڕۆژێک بگاتە پێگەیەکی وا؟

**خالید عەزیزی**: نە، نە، نە. من مەبەستم پاساوهێنانەوە نییە. ئەوەی لە ئێستادا بۆ ئێمە گرنگیی بنەڕەتیی هەیە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی نەتوانێت لە ڕیزەکانی خەڵکی کوردستاندا کەلێن و ناکۆکی دروست بکات. ئێمە پرۆسەیەکی لەو شێوەیەمان لەبەرچاو گرتووە و لەم قۆناغەدا جەخت لەسەر یەکگرتوویی و هاوکاریی نێوان حیزبە کوردستانییەکان



سەرچاوە
Serchawe

دەکەینەوە. لە هەمان کاتدا، تێڕوانینەکانی ئێمە سەبارەت بە ڕەوتی سیاسیی ئێران و داهاتووی ئەو وڵاتە، لە زۆر بابەتدا لەگەڵ یەکتر جیاوازە.

**ڕادیۆ فەردا:** لە بەیاننامە بڵاوکراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە کوردستان جارێکی دیکە "تە"یەکی گەورە بە کۆماری ئیسلامی دەڵێت و جەخت لەسەر مافەکانی خۆی، لەوانە ئازادی دەکاتەوە. مەبەست لەم ئازادییە چییە؟ ئایا مەبەست ئازادییە لە چوارچێوەی ئێراندا یان جیابوونەوە، فیدرالیزم یان شێوەیەکی دیکەی دەسەڵاتداری؟

**خالید عەزیزی:** سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتەواوی بەپێی بەرنامەی پەسەندکراوی دوایین کۆنگرەی حیزبە. ئێمە لە چوارچێوەی ئێراندا بەدوای چارەسەرکردنی پرسی کوردستانی ئێرانداین؛ هەروەک لە ناوی حیزبەکەشدا دیارە.

هەمیشە لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ نەیارانی کۆماری ئیسلامی، لە هەر لایەنێک بن، جەختمان کردووەتەوە کە ئەولەویەتی ئێستای ئێمە، لابردنی سیستمی کۆماری ئیسلامی، دەستەبەرکردنی ئازادی لە ئێران، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و جێگیرکردنی سیستمێکە کە لەسەر بنەمای ناناوەندی و بەشداریی هەموو لایەن و جیاوازییە سیاسی، ئایینی و نەتەوەییەکان بەڕێوە بچێت.

پەیامی ئێمە تەواو ڕوونە و بەردەنگەکانی، هەموو خەڵکی ئێران و ڕێکخراو و حیزبە سیاسییە نەیارەکانی ئەم ڕێژیمەن. بۆیە سیاسەتی ئێمە هەر ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئێراندا بەدواداچوون بۆ پرسی کوردستان بکەین. باسکردنی بەردەوامی پرسی دابەشبوون، ئامرازێکە کە کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی لە کاتی گوشار و کاتێک کە خەبات لە کوردستان پەرە دەستێنێت، بۆ گرێدانی بزووتنەوەی کوردستان بەم لا و ئەو لاوە بەکاری دەهێنێت.

**ڕادیۆ فەردا:** بە شێوەیەکی گشتی، پەیوەندیی خۆتان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی نەیاری کۆماری ئیسلامی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بۆ نموونە، لەگەڵ کەسایەتی و لایەنەکانی وەک ڕەزا پەهلەوی، ئایا ئەم بەیاننامەیە دەتوانێت ببێتە زەمینەخۆشکەر بۆ هاوکاری؟

**خالید عەزیزی:** تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە لایەنەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئێراندا هەیە، ئێمە لەگەڵ هیچ لایەنێک دوژمنایەتییمان نییە، هەرچەندە جیاوازیی بیروڕا لە نێوانماندا شتێکی سروشتییە. ئەوەی تا ئێستا ئاڵتەرناتیڤ یان سیستمێکی جێگرەوەی دیاریکراو لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا دروست نەبووە، جێگای داخە. ئێمە لە

**بەشی دوویەم**

**ڕابردوودا لەگەڵ ئەم لایەنانە لە پەیوەندیدا بووین، گفتوگۆمان هەبووە و لە داهاتووشدا ئەم ڕەوتە درێژە پێ دەدەین.**

**بزووتنەوەی بەرفراوانی خەڵک لە ئێران و کوردستان، پەیامێکی ڕوونی بە هەموو ڕێکخراو، حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکان داوە: خەڵک لەسەر شەقامەکانن، بەڵام ئەوە هێزە سیاسییەکان بوون کە تا ئێستا نەیانتوانیوە بەدیل یان سیستمێکی جێگرەوەی کاریگەر دروست بکەن. هەر بۆیە ئێمە لە داهاتووشدا گفتوگۆ و دانوستانەکان درێژە پێ دەدەین؛ چونکە کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگەیەکی جۆراوجۆر و فرەچەشنە و ئەم واقیعە دەخوازێت کە لەسەر بنەمای قبووڵکردنی ئەم جیاوازییانە، لەگەڵ لایەنە جیاوازەکاندا بچینە ناو گفتوگۆوە.**

**٢٨ی بەفرانباری ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: هیچ کەس و لایەن و ڕەوتێک ناتوانێ بەتەنیا تەعبیر لە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران بکات و نوێنگەی ویست و داخوازەکانیان بێت




### ئاماژە:

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "ایران اینترنشنال" ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی لەبارەی چەند پرسێکی گرینگ و ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستان خستەڕوو. "کوردستان" کاکڵ و پوختەی تەوەرە گرینگەکانی ئەم وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**"ایران اینترنشنال":** دۆخی ئێستا و سیناریۆکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی:

**خالید عەزیزی:** کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێوخۆییدا و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە ڕەشترین ڕۆژەکانی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدایە. گوشارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت ئەمریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی هەردەم زیادتر دەبن و لە نێوخۆی وڵاتیش خۆپێشاندانەکان و نارەزایەتیی گشتیی خەڵک هیچ شەرعییەتێکی بۆ کۆماری ئیسلامی نەهێشتۆتەوە. جگە لەوە کۆماری ئیسلامی زۆر قەیرانی زەبەلاحی دیکە بەرۆکی گرتووە کە ئەگەر ئەو دۆخەش نەبوایە هەر

دەربەستی چارەسەرکردنیان نەدەهات.

لەبارەی سیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا زۆر سیناریۆ دەکرێ لە گۆڕێدا بن، بەتایبەت کە ترامپ زوو هەڵوێستەکانی دەگۆڕێ؛ بەڵام سەرباقی هەموو ئەوانە بابەتی سەرەکی خەڵکی ئێران بۆخۆیانن. ئەوەندەش کە بۆ کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە، بەردەوامی لەسەر هەوڵەکانمان بۆ یەکیەتی و یەکخستنی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامییە بۆوەی پێکەوە ڕێک بکەوین و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنین. چونکی یەکێک لە نیگەرانی و کێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەبێ، ئەدی کێ جێی دەگرێتەوە. ئەمەش دەخوازێ ئێمە هەموومان لەوەدا پەلە بکەین و لە ڕەوتی ڕووداوەکان دوا نەکەوین.

"**ایران اینترنشنال**": کورد، حیزبی دێموکرات و ڕەزا پەهلەوی

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد لە ئێران دوژمنی هیچ کەس و لایەنێک نین کە دژبەری کۆماری ئیسلامی بن، بەڵام دەبێ هەمووان ئەو ڕاستییە ببینین و دانی پێدا بنێین کە کۆمەڵگەی ئێران فرەنەتەوە و فرەپێکهاتەیە. بۆیە هیچ کەس و لایەن و ڕەوتێک ناتوانێ بەتەنیا تەعبیر لە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران بکات و نوێنگەی ویست و داخوازەکانیان بێت. بەداخەوە هەتا ئێستا نەتەوەکانی ئێران بەختی ئەوەیان نەبووە و شانسی ئەوەیان نەدراوەتێ ئەزموونی دێموکراسی و دەسەڵاتێکی سیاسیی دێموکراتیکیان هەبێ و دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە کۆمەڵگە بە دامەزراوە بکەن. بەڵام ئێمە گەشبینین کە ڕەوتە سیاسی و کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەبێ پێکەوە دابنیشن و باس لە نەخشەڕێیەکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بکەن؛ ئەو خەڵکەش کە لە شەقامن هەر ئەوەیان دەوێ. بەتایبەت کە وڵاتانی بڕیاردەر و شوێندانەری جیهانیش بە پارێزەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەجووڵێنەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەتا ئێستا ئاسۆیەکی روون بۆ جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بەدی نەکراوە.

"**ایران اینترنشنال**": بەرنامەی حیزبی دیموکرات بۆ داهاتووی ئێران

**خالید عەزیزی**: ئێمە باوەڕمان بەوەیە ئێرانی داهاتوو دەبێ دێموکراتیک بێ و هەموو هەوڵە دیپلۆماسی و هاوخەباتیمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بۆ ئەو مەبەستەیە پێکەوە ئەو ئێرانە دروست بکەین. ئەوەش بە دانان و دەستەبەری مافی وەک یەکی هەموو جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەم وڵاتە بەدی دێت. کوردستان لەو پێوەندییەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە خۆڕێکخستن، فرەحیزبی و مامەڵەی سەردەمیانە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی وڵات هەیە. گرینگ ئەوەیە بزانین هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی ئێران تینووی دێموکراسی و ئازادی و دەسەڵاتێکی گەلی و

دێموکرات و کراوەن.

"ایران اینترنشنال": هێرشی نیزامیی ئەمریکا و کاریگەریی لەسەر داهاتووی ئێران

**خالید عەزیزی**: هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران ئەگەرێکە و دوور لە چاوەڕوانی نییە. مەسەلە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی، وڵاتان و بەتایبەت ئەمریکا هەموو بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان دەوێ، تەنانەت ئیسرائیلیش. گوشاری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە لە بواری هەوڵەکانیان بۆ دەستڕاگەیشتنی چەکی ئەتومی، پەرەدان بە تێکنۆلۆژیی مووشەکیی دوورپێک و دەستێوەردانەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگۆڕن، واتە کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەوانە پاشگەز بێتەوە و وازیان لێ بێنێ. ئەمە دەکرێ لە دەقەی ۱۹۹۰دا ڕوو بدا و کۆماری ئیسلامی بتوانێ بە وتوویژ و سازان لەگەڵ ئەمریکا ئەو مەترسییە لەسەر خۆی لابدا. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە نەتەوەکانی ئێران و بزووتنەوەی نارەزایەتیی گشتگیر لە نێوخۆی وڵات دژی ڕێژیمە کە ئێستا ئیدی گەیوەتە چلەپۆپە. بزووتنەوەیەک کە تەنانەت لە ئەگەری سازانی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامییش وەستانی بۆ نییە و دەیەوێ کۆتایی بە ڕێژیم بێنێ، بەتایبەت کە ئەم ڕێژیمە لەلای خەڵکی ئێران هیچ شەرعییەتێکی سیاسیی نییە. بۆیە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لەوانەیە بە سەرکوتی توندوتیژ و خوێناوی خاو ببنەوە، بەڵام ناوەستن و هەر ئەم بزووتنەوانەش تۆماری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچن.

١٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان میدیا

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

---



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو ئامادەکارانی دیمانەکان و وەڵامدانەوەی هاوڕێ خالید عەزیزی.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

